کاتژمێری رووداوەکان

هەڵوێست و هەڵسەنگاندن

مەلا بەختیار

٢٠٢٢

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کاتژمێری رووداوەکان

هەڵویست و هەڵسەنگاندن...

مەلا بەختیار

٢٠٢٢

- ناوی کتێب، کاتژمێری رووداوەکان... هەڵوێست و هەڵسەنگاندن...
- پرۆژەی کتێبی کۆتایی ساڵ
- کتێبی یەکەم.. ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢
- سەرپەرشتیاری پرۆژە، مازانی مەلا بەختیار
- ئامادەکردن و داڕشتنەوەی، مەریوان عەلی
- وەرگێڕانی تێکستە عەرەبییەکان، بابان حەمە
- دیزاین، دیاری محەمەد
- بەرگ، ئاری سەلاحەدین
- تیراژ، ١٠٠٠ دانە
- شوێنی چاپ : سلێمانی - چاپخانەی کارۆ
- لەبەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٠٠٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە
- ژمارەی (ISBN)

ISBN - 978-9922-9953-7-3

بابەتنما

پێشەکی ٩

- دەستپێکێکی سەخت و..شانازییەکی نەبڕاوەی کوڕ بۆ باوک..! ١١

وتار ١٥

- کاتژمێری سیاسی .. نەوتو دادگای ئیتیحادی ١٧
- نارەزاییەکانی دوای (١٣) ساڵڕۆژی ڕاپەڕین ١٩
- ئینتەرناسیۆنالیزمی دیموکراسیو میهرەبانی دایکان لە جەنگی ئۆکرایینادا ٢١
- هەڵەبجە..قوڵترین زامو خەمێکی نەبڕاوە ٢٣
- تەنها فرمێسك ڕشتنو یەك دەقیقە وەستان بەس نییە! ٢٥
- کەرکوك..دەرنەکردنی تەعریب و ناکامی شارەکە! ٢٧
- چەکی تەکتیکی ڕۆژئاوا، چەکی ستراتیژی ڕوسیای شکاند!! ٢٩
- نەناسینی ناسنامەی بەعس و ئەنفال! ٣٣
- تورکیا.. هێرش یان ئاشتی؟ ٣٥
- وەرگێڕانی کۆبەرهەمی لینینو پرسیارێکی مێژوویی ٣٩
- قەڵادزێ.. کارەساتی پێشبینی کراو، یان نەکراو؟ ٤١
- دۆخی جیهانو جەنگی ئۆکراینا و دانوستانی ئێران.. ٤٣
- دۆخی کوردستان، لەبەر ڕۆشنایی دۆخی ناوچەکە ٤٧
- یەکی ئایار و دادپەروەری ڕۆژئاوا و دیموکراسی ڕۆژهەڵات ٥١
- کوردستان.. لەبەردەم دوابڕیاردایە!! ٥٣
- دەستەی دامەزرێنەرو سەرکردایەتی وڵات، لەویژدانی مێژوونوساندا!!
- لە ساڵڕۆژی یەکێتیدا.. ئاورێکیش لە سەرکردایەتی فەرامۆشکراوی ناو وڵات ٥٥
- یادی کۆمەڵەو پاساوی بێ بنەمای هەڵوەشاندنەوەی..! ٥٩

- چوارچێوەی هاوئاهەنگی بێلایەنە یان لەگەڵ یەکێتیدایە؟ ٦١
- ساڵرۆژی شەهید عەلی عەسکەری و شەهیدانی هەکاری.. (پەندەکانی شەڕی ناوخۆ) ٦٣
- سەر و سمێڵ تاشین، رەفتاری چ تاقمێکن؟ ٦٥
- کۆبونەوەیەکی بە پەلە..لەنێوان یەکێتی و پارتی پێویستە (بەئامادەبوونی سەرۆکەکان) ٦٧
- نوتقێکی حەیدەر عەبادی و خۆپیشاندانەکانی ئەوەی نوێ! ٦٩
- هەڵدێری تێکەڵاوکردنی هێزی چەکدار و خۆپیشاندان (سەدرییەکان نمونەن) ٧٣
- شەهیدکردنی «ژینا ئەمینی» دوا رووداو نابێ! ٧٥
- «سودانی»یش مەکەنە سەرۆك وەزیرەکانی تر!! ٧٧

موحازەرەی سیاسی، رێکخراوەیی، خولی پەروەردەیی ٨١

- داگیرکردنی کومیت و چارەنوسی نادیاری بەرەی کوردستانی..! ٨٣
- هێزە سیاسییەکان لەئاست رووداوەکاندا نەبوون..! ٨٧
- ئەوێران، بوێری مرۆڤ وێران دەکات! ٨٩
- بازاڕ و بەرژەوەندیی، چەمسەرگیریی و دابەشبون..! ٩٩
- (٣٢) ساڵە حکومەتمان هەیە، کەچی کوردستان لەبەر گەندەڵی بۆگەنی کردووە! ١٠٧

کۆڕ ، پانێل ، فێستیڤاڵ ، بۆنەو یاد ١١٧

- کارگەرییەکانی شەهید ئارام، لە کورتترین ماوەدا.. ١١٩
- چارەنووسی کوردستان لە بەردەم مەترسیدایە! ١٢١
- سەرکردە هەیە، لەکۆڵانەکەی خۆیشیاندا کەس نایناسێت! ١٢٧
- رقی مەترسیدار و تەقینەوە! ١٢٩
- دڵنیابن.. خەڵك چارەسەرمان دەکات! ١٤١
- ناهەقیان نەبوو! بەڵام بەردەوام بووین ١٤٥
- کارلێکی ئاسۆیی و گوتارێك بۆ دەرەوەی دەستەبژێر ١٤٩
- رۆشنگەریی و هزری پەرگیری ١٥٥
- دۆخی ناوچەکەو بزوتنەوەی دیموکراسی... ١٦٣

دیداری سیاسی، دیپلۆماسی ١٦٩
- کەمتین ئەوانەی عەیبەی زۆریان هێناوەتە سەر یەکێتی ١٧١
- کێشەی هەڵبژاردن و نائومێدی لەچارەسەردا..! ١٧٧
- قورسە، دۆخەکە لەقازانجی یەکێتی و پارتی بگۆڕدرێ ١٧٩
- لەعیراقدا، نە مارتن لوسەرێك هەیەو نە زەمینەی ریفۆرمی ئایینی ١٨١
- سیاسەتی ناسروشتی روسیا، بەرامبەر بە گەلان و دەوڵەتانی ئازادیخواز ١٨٣
- دیداری دووەم لەگەڵ لوککاس گەسێر باڵیۆزی سویسرا لە ئوردن و عیراق.. ١٨٥
دیداری رووناکبیری، رێکخراوەیی، کۆمەڵایەتی ١٨٩
- خەڵك کردەوەی دەوێ.. نەك قسەی بریقەدار! ١٩١
- رەخنەکانمان لەکوردستان، سەرەنجامی دزیی و جەردەیی و هەڵسوکەوتی لێپرسراوەکانە! ١٩٣
باجی قورس و ئازاری دەروونی! ١٩٩
- رێکنەکەوتنی یەکێتی و پارتی، دەگەڕێتەوە بۆ قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان! ٢٠١
- (٧٠٠) هەزار هاووڵاتی، متمانەیان لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان وەرگرتۆتەوە! ٢٠٥
- دیموکراسی بەکۆمەڵی مەدەنی دادەمەزرێ نەك بە دەسەڵات! ٢٠٩
- دزیی و گەندەڵی و مانەوەی تەعریب..! ٢١١
- ناکرێ بەیەك ئاراستە بیر لەرێکخراوی دیموکراتی بکرێتەوە! ٢١٣
- گرنگ ئەوەیە (کێ) لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت، نەك خودی (کورسی)یەکە! ٢١٥
- شەڕو کوشتار، یان خۆپیشاندان، بەرۆکی عیراق دەگرن! ٢١٧
- خەمێکی گەورە و بەرگەی دژایەتیی... ٢٢٥
- ئەوەی ئێستا روودەدات، جەنگی جیهانییە! ٢٢٧
- مەفرەزە خاسەکان و خائینەکانی ئێستا..! ٢٢٩
گفتوگۆو دیداری تەلەفزیۆنی ٢٣٥
- کەناڵی الشرقیە نیوز.. ٢٣٧
- هەڤپەیڤینی رووداو-ی عەرەبی ٢٥٣

- هەڤپەیڤینی رووداو... ٢٦٩
- دیداری NRT ٢٨١

کتێب خوێندنەوە ٢٩٩

- کتێبی (من العالم الثالث الی الاول) دەخوێنمەوە ٣٠١
- بابەتی (١) ٣٠٣
- بابەتی (٢) ٣٠٥
- بابەتی (٣) ٣٠٧
- بابەتی (٤) ٣٠٩
- بابەتی (٥) ٣١١
- بابەتی (٦) ٣١٣
- بابەتی (٧) ٣١٥
- بابەتی (٨) ٣١٧
- بابەتی (٩) ٣١٩
- بابەتی (١٠) ٣٢١
- بابەتی (١١) ٣٢٣
- بابەتی (١٢) ٣٢٥
- بابەتی (١٣) ٣٢٧
- بابەتی (١٤) ٣٢٩
- بابەتی (١٥) تێکشکانی کۆمۆنیستەکانو سەرکەوتنی دیموکراتەکان ٣٣١
- بابەتی (١٦) دژایەتی گەندەڵیو.. سەرکەوتنی ڕێبازی ناڤین، نە راسترەو، نە توندڕەو ٣٣٣
- بابەتی (١٧) نەستۆپاکیو بێباکی لە دادگا و سکاڵا ٣٣٥
- بابەتی (١٨) ژنانی خوێنەوار.. ناکرێنە هاوسەر ٣٣٧
- بابەتی (١٩) دایکو باوکی خوێنەوار، باشترن بۆ پەروەردەی خوێندکار، ٣٣٩
- بابەتی (٢٠) هەڵگەڕانەوەی شۆڕشگێڕان بۆ گەندەڵی ٣٤١

- بابەتی (٢١) دژایەتی گەندەڵی، ژن و مناڵ و سەرکارەکانیشیان دەگرێتەوە ٣٤٣
- بابەتی (٢٢) ئەمەت لەکوێ بوو؟ پرسیاری سزادانی گەندەڵە ٣٤٥
- بابەتی (٢٣) گەندەڵەکانی کوردستان.. ویژدانیان بریندار نەبووە! ٣٤٧
- بابەتی (٢٤) روخسارە راستەقینەکان دزێو دزێو لەکوردستاندا دەرکەوتن ٣٤٩
- بابەتی (٢٥) شادڕەوان نەوشیروانو شەهید ئارامو دامەزراندنی کۆمەڵە ٣٥١
- بابەتی (٢٦) سەرۆك..لە رووبەڕووبونەوەی رەخنەگران نەترساوە! ٣٥٣
- بابەتی (٢٧) پەرلەمان دەکرێتە چەتری گەندەڵیو دژی دیموکراسی ٣٥٥
- بابەتی (٢٨) بەرژەوەندی تایبەتی، گەندەڵیو هەلپەرستی، مۆرانەی تێکدانی هاوڕێیەتین ٣٥٧
- بابەتی (٢٩) چارەسەرکردنی کێشەی پێکهاتەکان..بە خزمەت نەك بە چەوساندنەوە ٣٥٩
- بابەتی (٣٠) دیباجەی دەستوری عێراق، فڕی بەسەر دیموکراسیەوە نییە ٣٦١
- بابەتی (٣١) پەروەردەو زانکۆ و پەیمانگاکان هێشتا لەئاستی زانستی نین ٣٦٣
- بابەتی (٣٢) سەرکردەی رەمزی گەورە، مێژوو دروستدەکاتوبە رقو کینەش ناشکێندرێ ٣٦٥
- بابەتی (٣٣) کەسانی شیاو بۆ شوێنی شیاو دانەنرێنکارەساتی لێدەکەوێتەوە ٣٦٧
- بابەتی (٣٤) بێ توانا و بەدمەستو نەشیاوەکان، دەشکێن ٣٦٩
- بابەتی (٣٥) تەنها فەلسەفەی دانراوی یاسایی، کێشەکانی دادگا چارەسەر دەکەن ٣٧١
- بابەتی (٣٦) ئاسەوارە ناڵەبارەکانی دوای سەربەخۆیی (سیاسەتمەداری رق هەڵگرتوو، هەرگیز سەرناکەوێ) ٣٧٣
- بابەتی (٣٧) نوسینی بیرەوەریو ئاسەواری سەربەخۆیی ٣٧٥
- بابەتی (٣٨) سەرکەوتنی ئابوریو ئامادەکاری عەسکەری (نەتەوە باڵادەستەکان کارەسات بە کارەسات دەسپێرن) ٣٧٧
- بابەتی (٣٩) ئایدیۆلۆژیەتو سیاسەت، زۆرجار ناکۆکن ٣٧٩
- بابەتی (٤٠) ئابوری سەرکەوتوو، کێشە سیاسیەکان چارەسەر دەکات ٣٨١
- بابەتی (٤١) گەندەڵی سەرۆکو کوڕەکانیان، سەریان دەخوات ٣٨٣
- بابەتی (٤٢) گەندەڵیو تەزویری هەڵبژاردنو شکستی سەرۆکی فلیپین ٣٨٥
- بابەتی (٤٣) فڕاندنی فڕۆکەیەکی ڤێتنامیو تەسلیم نەکردنی رفێنەرەکان ٣٨٧
- بابەتی (٤٤) ڤێتنام.. بە غرورەوە داوای هاوکاری دەکات! ٣٨٩

- بابەتی (٤٥) سەرکردە ڤێتنامیەکان، قسە ناسکو ژاراویین! ٣٩١

- بابەتی (٤٦) ئابوری؛ سەرێکی زانستە و سەرێکی مافیایە! ٣٩٣

- بابەتی (٤٧) «کەمبۆدیا.. لە شۆڕشگێڕییەوە بۆ تاوان ٣٩٥

- بابەتی (٤٨) ئازادیخوازان هەڵدەگەڕێنەوە بۆ داگیرکەران ٣٩٧

- بابەتی (٤٩) ئایا.. بێ یارمەتیو راپەڕین، شۆڕش سەردەگرێ؟ ٣٩٩

- بابەتی (٥٠) شکستی هێز و دۆخی داڕوخاوی ئابوری ٤٠١

- بابەتی (٥١) سەرکەوتنی دوای پیلانگێڕی سیهانۆك ٤٠٣

- بابەتی (٥٢) مێژووی خەباتو شکستی ئابوری! ٤٠٥

- بابەتی (٥٣) گەندەڵی.. ترسناکترین دیاردەیە لەسەر دەسەڵات! ٤٠٧

پێشەکی

دەستپێکێکی سەخت و.. شانازییەکی نەبڕاوەی کوڕ بۆ باوک..!

لەوکاتەوەی پرسیارم بۆ دروستبووە، هەمیشە سەختییەک کە هەبووە، ئەوە بووە، ئایا چۆن بتوانم لە یەککاتدا، ڕووبەڕووی دوو مرۆڤی باڵا ببمەوە؟! یەکەمیان (حیکمەت محەمەد کەریم)ی باوک و دووەمیان (مەلا بەختیار)ی سەرکردە، سیاسەتمەدارو ڕۆشنگەر! ئەزموونکردنی ژیان لەگەڵ ئەم دوو نموونە باڵایەدا، بەدیوێکدا تەنها ئەزموونکردنی ژیانی باوک و فرزەندی نییە، کە لە کۆنتێکستی خێزاندا، (حیکمەت محەمەد کەریم) وەک باوک دیسیپلین و بەهای بە ژیانم بەخشیوە!

بەڵکو بەدیوەکەی تردا، ئەزموونکردنی هەموو ئەو ڕوانگەو بڕوا فەلسەفییانەو ئاراستەی خەباتەشە، کە (مەلا بەختیار)ی سیاسەتمەدارو ڕۆشنگەر، وەبەرهێنانی ئەقڵی تێدا کردووەو بەردەوامەو بەندەشی خستۆتە بەردەم تێڕامان و پرسیاری نەکراو و ڕاڤەی قوڵی ئەندێشەگەرایی..

سەرەڕای ئەوەی ئێمە نەوەی کۆمەڵێکین، کە بەمانا و ڕوانگە تیۆریی و فەلسەفییەکەی چەمکی (باوک)ی ڕاستەقینەی تیایدا ونە..! بەڵام بەوێنا ئادیالییکەی ئەگەر بۆ فرزەند، باوان هەمیشە نمونەی باڵابن، ئەوا بۆ من پێناسەکردنی ئەم نمونە باڵایانە لە کۆنتێکستێکدا، وەک (باوکێکی ڕاستەقینە) کە بەتەنها گرێدراوی ڕەچەڵەکناسی ئەو نابم.. گەلێک سەخت و گرانە!

هەربۆیە لەم نوسینەدا، وەک یەکەمین ڕووداوی فکریی و فەلسەفی لەنێوان من و نمونە باڵاکەی ژیانم، کاتێک بڕیاردەدەم کۆی مێژووی تۆمارکراوی ساڵانی تێکۆشان و خەباتی ئەم نمونە باڵایەم، لەنێو ئەرشیڤە زۆرو زەوەندو تۆمارکراوەکانیدا، دەربهاوێم و لەگەڵ خوێنەرانی ئازیز و هەرکەسێک، وشەو پرسیاری ئەقڵانیان بۆ گرنگەو ئەوانەشی ڕێز لە جیاوازبوون و ڕای جیاواز دەگرن، هاوبەشی پێبکەم.. نەمویستووە دەرگیری خوێندنەوەی قوڵ و بەرپرسیارێتی دوورو درێژو مێژووییانەی باوک و فرەزندی ڕۆژهەڵاتیانەبم، بەقەدەر ئەوەی دەرگیریی پرسسازیی ئەو لێپرسراوێتییەبم، کە بەشوێندا ڕۆیشتنی ئەم نموونە باڵایە، دەمخاتە بەردەم چ مەحەکێکی ئەقڵگەرایی و هۆشمەندانەی ئەوتۆ.. کە لەمێژوودا بەجێگەی شیاوی خۆی بگات..

کاتێکیش ئەم دێڕانە وەک پێشەکی دەنوسم، پرسیارگەلێک هۆش و ئەندێشەیان بەقوڵی داگیرکردووم، کە ئایا چەندە دەتوانم، وەڵامدەرەوەیەکی بچوکی ئەو پرسیارە گەورانەبم، کە ئەم مرۆڤە باڵایە لەژیان و بوونمدا دروستیکردووە! نایشارمەوە، تا ئەم ساتە، هیچ شتێک لەباری سایکۆلۆژیی و هزریشەوە، ئەوەندەی ئەم چەند دێڕە سادەیە، کە وەک پێشەکی ئەم کتێبە (کاتژمێری رووداوەکان)، کە شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی ئەگەرەکان و رووداوەکانی ئەم ساڵی (٢٢٠٢)یە، ماندوویان نەکردووم.

چاپکردنی ئەم کتێبە، بە لەبەرچاوگرتنی رەوتی مێژوو، وەک رووداوێک، بۆمن یەکەمین هەنگاوی کردارییانەیە بۆ تەرجەمەکردنی کۆی ئەو تیۆرو هۆشمەندییەی کە ساڵانێکە لەنزیکەوە، لەم مامۆستایەمەوە گوێبیستی دەبم.. هاوکات ئاگادارکردنەوەی خوێنەری هۆشیارو ئەقڵزەدەشە، کە (من) تەنها وەک فرزەندی ئەو باوکە نەبینێت، کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ شۆڕش، خەباتی مەدەنی و رێکخراوەیی بەخشی و بەبونی منیش، پێیبڵێن: (وەچاخت رۆشن)..! کە بێگومان ئەمەیان گەلێک شانازییە.. وەلێ شانازی گەورەتر، بەرێداچوونی ئەم مامۆستایەیەو دڵنیاشم لەگەڵ بەندەدا، هاوڕێیانی ئەقڵ و ئازادیی و ئەم کاروانەی خراوەتەڕوو، کەمنین و زۆرین، ئاسۆش ڕوونە!

قووڵ خوێندنەوەی ئەو مێژووە، ئەرکی لەپێشینەو ئێستاشمە. ئەگەرچی مێژووش شاهێدی ئەو راستییەی داوە، کە (مەلا بەختیار) هەم سەرکردە، هەم سیاستمەدارو رۆشنگەرە.. بەڵام بەهەمانچەشن پرسیارگەلێکیشە، کە ئایا (نمونە باڵاکەی من) هەم لەشاخ، هەم لە(٣٢) ساڵەی حوکمڕانی و خەباتی شار، بەپێچەوانەی زۆرێکەوە، لەبری هۆگربوون بە سەرچاوە ناڕەواکانی داهات و خۆ دەوڵەمەندکردن، چۆن توانیوێتی، خۆیی و مێژووەکەشی، لەدزیی و گەندەڵی بپارێزێت و کتێبخانەیەکی گەورە و دونیایەک ئەرشیڤی تۆمارکراوی فکریی و سیاسیم پێببەخشێت؟! کە باوەڕموایە، ئەمە ئەو جیاوازییە گەورەیەیە کە دەهێنێت، هەم وەک فرزەندو هەم وەک خوێندکار، شانازی بە بوونی ئەم باوکەوە بکەم..! ئەگەرچی شانازی زۆرتریش ئەوەیە، هەروەک چۆن ئەم نمونە باڵایەی ژیانم (مەلا بەختیار)، تا چ رادەیەک بەندەی خستۆتە بەردەم بەر پرسیارێتییەکی گەورەو گران، ئاوهاش بەشبەحاڵی خۆم، بۆ پاراستنی ئەو لێپرسراوێتییە، هێزێکی بێ رادەم دەوێ و ئەوەش بەڵێنی ژیانمە.. کە سەربەرزانە، بیگەیەنمە ئامانج!

لەو پێناوەشدا، بڕیاردان لەم دەستپێکە گەلێک گرنگ و سەختیش بوو، هەربۆیە دوای گفتوگۆ لەگەڵ برای رۆژنامەنوسم (مەریوان عەلی) بڕیارماندا، ئەم پرۆژەیە بەناوی (پرۆژەی کتێبی کۆتایی ساڵ) وەک یەکەمین کتێبی، دەستپێکی کۆی پرۆژە گەورەکە، کە بەچاپگەیشتنی کۆی ئەو ئەرشیڤە دەوڵەمەندەیە، کە سەرجەمی کۆڕ، کۆبوونەوە، وتار، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی، رۆژنامەوانی و دیپلۆماسی، موحازەرەی سیاسی، فکری و فەلسەفی لەخۆدەگرێت، دەستپێبکەین..

کە ماوەیەکی دوورو درێژە ئەم هاوڕێیەمان ئەرکی پێوەدەکێشت، تۆماریکردوون و پاراستونی و بەو لەخۆبوردووییەشی بۆ سەرپێخستنی پرۆژەکە دەینوێنێ، بڕیارمدا ئەم ئاڵنگارییە دەستپێبکەین، بۆ ئەوەی بتوانم لەژیانی مامۆستاکەمدا، نەخشێکم هەبێ.. نەخشێک مێژوو لەدەرەوەی بازنەی باوکی و فرزەندی، مانایەکی پێببەخشیت! هەر بۆیەشە بە پەرۆشییەوە تێدەکۆشم، بەشێکبم لەبەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی ئەم سیاسەتمدارو رۆشنگەرە، بێوچان لەپێناویاندا تێدەکۆشێ و خەبات دەکات.. خۆ گەر لەقۆناغی شاخدا تەمەن رێگەی نەدابم و نەمتوانیبێ تفەنگەکەی لەشان بکەم، ئەوا تێکۆشانم لەکایەی ئەکادیمی و بەشوێن ئەودا رۆشتن لەخەباتی رۆشنگەری، دیموکراسی، ئازادی تاک، مەدەنییەت، شەرەفمەندم دەکات و شانازییەکی گەورەش دەبێ، قەڵەمەکەی ئەوم هەبێ و هاوڕێی ئەم کاروانەبم، کە نموونە باڵاکەی ژیانم (مەلا بەختیار)، خستویەتییەرێگە..

هەر شادبن

مازانی مەلا بەختیار
سلێمانی- ٢٠٢٢

وتـــار

کاتژمێری سیاسی ..
نەوتو دادگای ئیتیحادی

دادگای ئیتیحادی عێراق، دوای زیاتر لە (١٠) ساڵ لە سکاڵای یاسایی لەمەڕ نەوتو گاز دژی هەرێمی کوردستان، لەمکاتەدا کە عێراق لە ڕۆخی دۆخی مەترسیدارە، کەیسی ژەنگرتوی گرێبەستەکانی نەوتو گازو مافی هەرێمی کوردستانی لەسەرچاوە سروشتییەکان، لە کاتژمێرێکی سیاسی سەیردا، هێنایەوە ئارای مەرامو بڕیارێکی چاوەڕواننەکراوی دژی هەرێمی کوردستاندا.

لەم نوسینەدا، ناچمە سەر وردەکاری یاسایی و ڕێسایی کەیسەکە. ئەمەیان ئەرکی پسپۆڕەکانە. ئەوەی لای من مایەی ڕاچڵەکینە، کاتژمێری بڕیارەکەیەو بڕیارەکەش، چەندین پرسیاری ڕەوا دەوروژێنێ. وەکو:

یەکەم: بۆچی دادگا؛ دوای زیاتر لە(١٠) ساڵ ئەم کەیسەی گەیاندە بڕیاری بێ کۆتایی؟

دووەم: بۆچی دادگا؛ پەیوەندی بەهەرێمی کوردستانیشەوە نەکردووە، هەتا زانیارییان بخەنە بەردەست؟ یان بۆچی زانیاریان لەسەر هەرێم لە حکومەتی عێراقیش وەرنەگرتووە؟

سێهەم: بۆچی دادگا؛ لە حکومەتەکانی عێراق ناپێچێتەوە، کە ئایا لە(١٠) ساڵی ڕابوردودا چۆن لە هەرێمی کوردستانیان قبوڵکردووە، گرێبەستەکانی نەوتو گاز تێپەڕێنن؟

چوارەم: لەهەمووی گرنگتر، ئەی بۆچی لەم دۆخەدا کە کێشەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارو پاشان سەرۆك وەزیران و کابینە هەیە، دادگای ئیتیحادی ڕێك لەم کاتژمێرەدا کەیسەکەی وروژاند؟

ئەوەندەی تێیگەیشتبین، ئەم کەیسە وەکو ئاگری بن کا وایە.. دەسیسەیەك لەم هەلومەرجەدا دژی کوردستان، ئاگرەکەی گەشاندۆتەوە.

ئەم بڕیارانەش، مەترسی ترم بیردەخاتەوە، کە هەرێم لەبەردەم پیلانێکی ئیقلیمی گەورەتردایە. (دوو ساڵە قسەی لەسەر دەکەم) لاموایە، دۆخەکە ئاوا بەردەوامبێ، پەلکێشمان دەکەن بۆ بەتاڵکردنەوەی مادەی (١٤٠)یش. بەڵکو بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی موچەخۆرو هێزی چەکداری کوردستانیش.. بە ڕادەیەك کەمیدەکەنەوە، لەشکرێك لە بێکار ڕووبەڕووی هەرێم دەکەنەوە.

لەم دۆخە سیاسییەی هەرێمدا، کە لایەنە سیاسییەکانی لێکترازاوون، بڕیارەکە بۆئەوەیە حکومەتی هەرێم نەتوانێ بەرهەڵستی بڕیارەکەی دادگا، بەهۆی ناکۆکی لایەنەکانو قەیرانی

دارایی‌و فشاری خەڵکەوە، بکات. بەمەش زوو دەرکەوت زلکردنی کێشەکان لەسەر سەرۆك کۆمار چ زیانێکی لێکەوتەوەو حاڵیش وا بڕوات، چ کارەساتێك چاوەڕوانی کوردستانە. واتا:

پرسی هەرێم دەکرێتە قوربانی پۆست. بێئاگا لەوەی لە دەوروبەردا چی دەگوزەرێ!.

لەکۆتاییشدا.. ئەم قسانەم پاساو نییە بۆ هیچ چەشنە گەندەڵییەك لە کەیسی نەوت‌و گازدا، کە لە رابوردودا کراوە. چ ئەو گەندەڵییەی بە سیستەم کراوەو چ ئەو گەندەڵییەی بە هەڕەمەکی.. نەوت و گاز بە قاچاخ ئاودیو کراوە. بەندە چوار ساڵ لەمەوبەر گوتومە:

بەرپرسەکان لە نەوتەوە بۆ جەوت دەدزن..! هەر ئەو رەفتارانەشە وایکردووە، بەشێکی جەماوەر ئەم بڕیارە نابەجێیەی دادگای فیدراڵیان لا ئاسایی بێ. بەڵکو هەفتە تێناپەڕێ، نارەزایی خوێندکاران، موچەخۆران، ژینگەپارێزان، عەلوەکان، مامۆستایانی گرێبەست رونەدات..!

هەروەها کێشەی کەمی کارەباو گرانی سوتەمەنی تەنگی بە کەمدەرامەتەکان هەڵچنیوە. پێموایە، دۆخێکی بابەتی خوڵقاوە، کە حکومەت کێشەکانی پێ چارەسەر ناکرێ‌و خەڵکیش بە چارەسەری حکومەت رازی نابێ.. ئەم هەلومەرجە پێماندەڵێ: دۆخێکی جەماوەری خرۆشاو.. لە جۆش خواردندایە!!

٢٠٢٢/٢/١٦

نارەزاییەکانی
دوای (٣١) ساڵرۆژی ڕاپەڕین

(٥)ی ئازار، ڕۆژی وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانە، لە خەباتی شاخەوە، بۆ ڕاپەڕینی شارەکان. شاری ڕانیەی سەربەرز، دەروازەکەی بە خوێنی شەهید عەلی نەبی و هاوڕێکانی نەخشاند.

دوو سەدە زیاتر بوو، خەباتی شاخ ستراتیژی ڕزگاری بوو، ئەویش وەکو دروشمی ئۆتۆنۆمی، سەرکەوتوو نەبوو. هەتا زەمینەی ڕاپەڕین ڕەخسا.

ڕاپەڕین کە سەرکەوت، خاوەنی زۆر بوو. بەڵام ژێربکەوتایە، سەرکردەو حیزبەکان، زۆربەیان خۆیان لێ بێبەری دەکرد.

پێش ڕاپەڕین، هەوڵێکی زۆردرا، دانوستاندن لەگەڵ سەدام بکرێ. سەدام مافی نەدەدا. نائومێدیی لە خەباتی چەکداری، تا ڕادەی بڵاوەپێکردنی شۆڕش لەلایەن هەندێك لاوە، لەئارادا بوو. خواوڕاسان، کوەیت داگیرکراو دەروازەی ڕاپەڕین کرایەوە. دوای داگیرکردنی کوەیت، ئینجا هۆشی سیاسی هاتەوە بەر سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، بۆ ڕاپەڕین. ئەویش بە ناکۆکیو بەرنامەی جیاوازەوە!.

یەکێتی، لە هێزەکانی تر زیاتر بڕیاری ڕاپەڕینی پەسەند کرد و بەکردەوەش، زۆرتر خەباتی بۆ کرد.

کاتێك ڕاپەڕین دووچاری کۆڕەوەکە کرا، کەم نەبوون ئەوانەی پاشگەزبونەوە لە ڕاپەڕین و هەڵگەڕانەوە! هەندێکیان ڕوخان و خۆیان گەیاندە هەندەران!

سەرەنجام، هاتنەوە سەر دانوستاندن لەگەڵ سەدام! دانوستاندن لەسەر دەستی بەرەی کوردستانی دەستپێکرد، بەڵام سەدام هیچی نەدا. هەتا ڕوخاندنی سەدام، ئەوانەی ئومێدیان بە دانوستاندن هەبوو.. بە تەشەرەوە دەیانگوت: سەدام دیوارە.. هەتا بڕوخێ!!

ئێستا (٣١) ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا تێدەپەڕێ. لەکاتێکدا ناخی خەڵك لێوانلێوە لەنارەزایی، دیسان تاجەگوڵینە بۆ سەر گۆڕی شەهیدانو دروشم بەرزکردنەوە، دەستپێدەکات. پرسیار ئەوەیە:

ئایا، گەلەکەمان بە دەروونو بیرکردنەوەی ئاسودەوە یادی ڕاپەڕین دەکاتەوە؟ ئەگەر:

- بە پاشەکەوتی موچەو موچەی کەمبێ؛
- کەمیی کارەباو ئاو و نەبونی داهاتی هاوڵاتی بۆ دانەوەی قەرزی ئەمپێری زیرەك بێ؛
- بە کەمیی دەرمانو تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکان بێ؛
- بە پاکنەکردنەوەی خۆڵ و خاشاك بێ؛
- بە نەبوونی دەرماڵەی خوێندکاران بێ؛
- بە دانەمەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست بێ؛
- بە لەشکری بێکاریی و بەرزی رێژەی هەژاری بێ؛
- بە راگیرانی پرۆژەکان و پێنەدانی پارەی کۆمپانیاکان بێ؛
- بە مایەپوچی سەدان کۆمپانیاو بەڵێندەر بێ؛
- بە ژنکوژی و هێشتنەوەی نەریتی باوکسالاری بێ؛
- بە تەشەنەسەندنی مادەی هۆشبەرو پەرەسەندنی خەیاڵی تێرگەلەکێشان بێ؛
- بە لوشینی داهاتی نەوت و دادۆشینی گومرگەکان بێ؛
- بە خراپیی رێگاوبانو روداوی دڵتەزێنی مەرگی هاووڵاتی بێ؛
- بە سەرانەسەندن لە سەرمایەداران و بێڕادە ورگ زلکردنی بەرپرسەکان بێ؛
- بە شەوانی سوری گەندەڵەکان لە سیتەکو مێرگەپان و سەیرانگاکانی تر بێ؛
- بە نەمانی خزمەتگوزاری دێهات و کۆچی جوتیاران بەرەو شارەکان بێ؛

هەروەها..

- بە لێکترازانی هێزە کوردستانییەکان بێ؛
- بە نەبوونی پرۆژەی گشتگیری دانوستاندن لەگەڵ حکومەت بێ، تایبەت لەسەر بودجەو موچەو نەوتو گازو مادەی (١٤٠)؛
- بە حیزبایەتی سەیرو پێداگیری لەسەر پۆستی باڵا، هەتا ڕادەی قوربانی پرسی کورد بێ.. تاد.

بەو دیاردەو دەرکەوتانەی دوای (٣١)ساڵڕۆژی راپەڕین بێ.. زۆر زۆر بەداخەوە، هێزە کوردستانییەکانو حکومەتی هەرێم، لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی راپەڕین شکستی هێناوە. کە پیرۆزترین ئامانجی دیموکراسی و دادپەروەری و ئازادیەکانی لە سەدەی بیستویەك و سەدەی پێشوش، کردە خەوی نەتەوەی کورد.

٢٠٢٢/٣/٥

ئینتەرناسیۆنالیزمی دیموکراسیو میهرەبانی دایکان لە جەنگی ئۆکراینادا

هێرشی روسیا بۆ سەر ئۆکراینا، بەپێی بۆچونی ئەمریکاو هەندێک چاودێر، دوو بۆ سێ رۆژ زیاتری نەدەخایاند. کەچی ئۆکراینییەکان دوو هەفتەیە، جیهانیان سەرسام کردووەو روسیایان لە لیتاوی ئۆکراینادا چەقاندووە.

ئۆکراینا بەوڵاتێکی خۆشگوزەران، سروشتو ژنی جوان دەناسێندرا. کەچی، کاتێک ویسترا کەرامەتی گەل و نیشتیمانەکەیان، بە زرێپۆشە کوشندە و فڕۆکە مەرگچێنەکان بپلیشێننەوە، ئەم گەلە ژیاندۆستە، لەناخیدا پڵنگی بەرەنگاری ژیایەوەو ئەرزو ئاسمانی ئۆکراینایان کردۆتە سەنگەری ئۆکراینخوازی.

ئەم جەنگە جەزرەبەیەکە لە بنەماکانی جیهانگیریی و روسیا دەخاتە بەر مەترسیدارترین بەرپرسیارێتی مێژوویی، دژی دیموکراسی و سەربەخۆیی وڵاتان. هەرگیزیش دەوڵەتی داگیرکەری وڵاتان، ناتوانێ لەناو خۆشیدا دیموکراسی بێ و لەگەڵ مرۆڤایەتیشدا راستگۆ نابێت. بەپێچەوانەی مەرامەکانی هەڵایسانی جەنگەکە، روسیا بەم شەڕەنگێزییەی، هەژمونگەری پەیمانی ناتۆی تۆکمەو کاریگەرتر کرد؛ جگە لە زیانە گشتییەکانی جەنگەکە بۆ ستراتیژی دیموکراسی سەردەم، ئەگەر روسیا سەربکەوێ، خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردیش، دەکەوێتە دۆخێکی نالەبار.

لێرەدا، نامەوێ زیاتر لەو باسانە بنوسم کە رۆژانە دەیان بیرمەند و سیاسەتمەداری گەورە، لەسەریان دەنوسن. تەنها دەمەوێ دوو دیاردەی سەرنجراکێش، شەن وکەو بکەم، ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەمیان: لە سەدەکانی رابوردودا، قسەی زۆر لەسەر ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری-کۆمۆنیستی، لە دوو جیهانبینییەوە، هی شورەوی و هی چین، دەکرا. زۆربەی چەپەکانی دونیاش، بەسەر هەردوو لادا دابەشبوون؛ بەڵام روداوەکانی مێژوو تێزی هەردوولای رەتکردەوە؛ چارەکە سەدەیەکە باسی ئینتەرناسیۆنالیزمیان کردۆتە پێخۆری کۆمپانیا نەهەنگەکانیان؛ شورەویی و رۆژهەڵاتی ئۆروپا، کرانە سەرمایەداری، ئەوەتا روسیا لە ئینتەرناسیۆنالیزمەوە دەبێتە کۆلۆنیالیزم و ئۆکرایناى داگیرکراوی روسیای قەیسەری و ژێردەستەی شورەوی بە خوێن و کاولکاری و موشەکی دوورهاوێژی کۆمەڵکوژ، داگیردەکاتەوە.

چینیش، دەیان هەزار کۆمپانیای سەرمایەداری خزاونە جەرگەی بازارەکەی و لەم جەنگەدا بێلایەنەو تەنها بەرژەوەندی ئابوری لا مەبەستەو بەس!!

ئینتەر ناسیۆنالیزم، لەدوای جەنگی ساردەوە خامۆشە؛ ئەوەی لەم جەنگەدا، پشتیوانی گەلی قارەمانی ئۆکراینا دەکات. (١٤١) وڵاتی سەرمایەداری- دیموکراسی ناو نەتەوە یەکگرتووەکانە. تەنها (٥) وڵات لە تەك روسیادا بوون. (٣٥) وڵاتیش بێلایەنییان هەڵبژارد. تەواوی چەك و تەقەمەنی و مەسرەفی جەنگەکەش دژی روسیا، (١٤) وڵاتی سەرمایەداری دابینیانکردون. واتا:

بەکردەوە خەباتی ناو کۆیی وڵاتانی سەرمایەداری- دیموکراسی بۆ ئۆکراینیەکان هاتۆتەدی. باقی وڵاتانی (ناتۆ)ش، رۆمانیا و پۆڵۆنیاو هی تریش دراوسێی ئۆکراینان، سنوریان بۆ زیاتر لە ملیۆنو نیوێك ئاوارەی جەنگەکە کردۆتەوە.

دووەمیان: دەیان هەزار دایکی ئۆکراینی لەسەر شاشەی تیڤی دەبینین، بەوپەڕی میهرەبانییەوە، مناڵەکانیان لە ئامێز گرتووە و لە ئاگربارانی روسیا لە مەرگیان رزگار دەکەن. (٦٦) هەزار پیاویش، دوای دەربازکردنی ماڵ و مناڵیان، بۆ بەرگری گەڕاونەتەوە ناو وڵاتەکەیان. بەشێکی ژنانیش جەنگاوەری گیانفیدانو دوای ژنانی رۆژئاوای کوردستان (هەسەدە) ژنانی ئۆکرایناش سەلماندیان (شێر لە بێشە بێتە دەر، چ نێر چ مێ).

ئەم خەباتە ناوکۆییەی وڵاتان بۆ ئۆکراینا، هەستێکی وا دەبزوێنێ کە دۆخی سۆسیۆ-سیاسی نوێ لە جیهاندا، هاتبێتەئاراوە. دوور نییە ئەم دیاردەیە، بزوتنەوەیەکی دیموکراسی- دادپەروەری لە رۆژئاوادا بێنێتە بەرهەم، کە لە ئاییندەدا بزوتنەوەیەکی ئاوها، دەبێتە پاڵپشتی خەباتی دیموکراسی گەلانی بێبەشکراو لە دیموکراسی. رەنگە روسیا بتوانێ رێکەوتنی نوێ بۆ بەرژەوەندییەکانی مۆر بکات، بەڵام لەبەرامبەر خەباتی پەرەسەندووی ئاییندەی دیموکراسیدا، لە جیهانو لەناو روسیاشدا، زیانی گەورەی بەردەکەوێ.

میهرەبانی دایك و خێزانی ئۆکراینیەکانیش دەیسەلمێنن، کە نە سەردەمی گلوبال و نە سۆسیال میدیاش، ناتوانن سۆزی کۆمەڵایەتی و دایکایەتی لە رۆژئاوادا لەناو ببەن. نەخوازەڵا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٢٠٢٢/٣/٧

هەڵەبجە..
قوڵترین زامو خەمێکی نەبڕاوە

وا یادی هەڵەبجەیە.. یادی کۆستکەوتنی (پێنج هەزار) گوڵە هەناری جەستەو خەمی قوڵترین زامی نەتەوەی ژێردەستەی کوردە.

بەداخەوە، کارەساتی هەڵەبجەو کیمیابارانکردنی شارۆچکە و دێهاتەکانی سۆرانو بادینان، هەتا کوەیت داگیرنەکرا، رای گشتی جیهانی نەهەژاند.

ئەمە لەکاتێکدا کوەیت تەنها (٦٠٠) قوربانیداوە.. راستە تالآنیش کرا.. بەڵام ژمارەی چاڵگە نەوتەکانی جیهانی دژی سەدام جوڵاند. نەك ئەرکی مرۆڤایەتی!

من دەمەوێ جەخت بکەمەوە کە:

یەکەم: هەتا دوای بۆردومانکردنی هەڵەبجە و کوردستان بە چەکی کیمیاوی.. هێشتا زۆربەی سەرکردەو لایەنە سیاسییەکان، ئومێدی مفاوەزاتیان لەگەڵ سەدامی فاشی هەبوو.. تەنانەت دوای راپەڕینیش. هۆی ئەمەش، لەلایەکەوە بۆ نەناسینی ناسنامەی ئایدیۆلۆژی بەعسی فاشی و لەلایەکی ترەوە، بۆ شوناسی وردە بۆرژوازییانەی سەرکردایەتی سازشخوازی کوردایەتی دەگەڕێتەوە. هەربۆیە پاشەکشەش بە راپەڕینی بەردەوامکرا.

دووەم: هەتا ئێستا، ئەوانەی لەکاتی تاوانی هەڵەبجە، تاوانی تالآنیان ئەنجامداوە.. ئەنگوستی ژنانیان بڕیوەو مالآنیان بە تراکتۆرە شڕەکان بۆ بازاڕی هەرزانی ئێران بارکردووە.. ئەمانە هێشتا وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و سەرشانیان ریزە ئەستێرەی ئەفسەری لەسەرەو پلەو پۆستی بالآشیان هەیە.

سێهەم: هەڵەبجە.. راستە کراوەتە پارێزگا، بەڵام لە بەغداد کاری پێویستی بۆ نەکراوە کارە یاساییەکان و بودجەی پارێزگاکانی تەواو بکرێ.. لە کوردستانیشدا، کەمتەرخەمیی زۆرە.

چوارەم: هەڵەبجە.. شاری ئەدەب و هونەرو چالاکی هەمەچەشن بووە.. بە هۆکاری جیاجیا، جارێ شارە کارەساتبارەکە، نیوەی بەهرەکانی نەك نەبوژاوەتەوە، بەڵکو بە تۆتالیتاریزمی رۆحی.. خونچەکانی بەهرەی شارەکە.. رێی پشکوتنیان لێدەگیرێ.

پێنجەم: هەڵەبجە.. شایستەیەتی زۆربەی داهاتی گومرگی پشتەو تەوێڵە، تەرخان بکرێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی، نەك رێ بدرێ بەرپرس و کوڕەکانیان سالآنە ملیارەها دیناری لێ بدزن.

وا ئەم یادەش، وەکو یادەکانی دیکە، بەبێ ڕەواندنەوەی خەمەکانی هەڵەبجە.. شارەکە و کوردستان بەڕێی دەکەن. گەیشتۆتە ڕادەیەك کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، جیا لە ڕێوڕەسمی حکومەت، یادی هەڵەبجە دەکەنەوە.

٢٠٢٢/٣/١٥

تەنها فرمێسك ڕشتن‌و
یەك دەقیقە وەستان بەس نییە!

کارەساتی هەڵەبجە، بۆ هەڵەبجە خۆی لەخۆیدا، قوڵترین زامی نەتەوەی کوردە..! ئەم زامەش بەئاسانی سارێژ نابێتەوە. هەروەکو چۆن هیرۆشیما و ناکازاکی لەژاپۆن، سەرەڕای ئەوەی ئێستا ژاپۆن یەکێك لەباشترین و پێشکەوتووترین وڵاتەکانی دونیایە، بەڵام زامی ئەتۆم بارانکردنی سارێژنەبووە! بۆیە زامی هەڵەبجەکەی ئێمەش، سارێژ نابێ!

ناتوانم بەتوندڕەوی قسە بکەم، وەکو ئەوانەی هیچ نابینین لەهەڵەبجە کە کرابێ! لەدوای ڕاپەڕین و لەیەکەمین یادی هەڵەبجە، بەئازادی چوومەتە هەڵەبجە، ئەوکاتە تاقەماڵێکی تێدا نەمابوو، بەڵکو لەژێر ماڵێك یان مزگەوتێکی داڕوخاودا بوو، نانی نیوەڕۆم خوارد. بەڵام ئێستا هەڵەبجە پارێزگارە، زانکۆی تێدایە، یاریگای ستانداردی تێدایە، ڕێگەو بانی هەیەو خزمەتی زۆر کراوە، بەڵام هاتۆتە سەر ئەوەی کە ئێستا وەکو شار، داوای شارستانییەتی زیاتر دەکات. ئەمەش مافی خۆیەتی!

چونکە، دەکرا لەوە زیاتر، خزمەت بەهەڵەبجە بکرێ. تەنانەت دەکرا ئێستا وابکرایە، هەڵەبجە ببوایەتە نموونەی شارێکی شارستانی، کە لەدوای فاشییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، شارێکی نموونەیی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستبکردایەو باس بکرایە.

لەلایەکی ترەوە، جێگەی داخە لەئەدەبیاتی ئەوکاتەو ئێستاشدا، دوو هەقیقەت، وەکو پێویست خەڵکی پێ پەروەردە ناکرێ و ئاراستە ناکرێ!

هەقیقەتی یەکەم ئەوەیە: هێزە سیاسییەکانی بەرەی کوردستانی و شۆڕش ئەوکاتە، شوناسی فاشییەتی بەعسییان نەدەناسی‌و شوناسی ئایدۆلۆجییەتی فاشییەتی بەعسیان دانپێدا نەدەنا. واتا، نەیاندەتوانی بڵێن ئەم ناسنامەی ڕژێمە چییە؟ نە لەپێش کارەساتی هەڵەبجە، نەلەکاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، نە لەکاتی ئەنفال و نە لەدوای ئەوەش. ئەمەش مەترسیدارە، مەترسیدار بۆ فەلسەفەی سیاسی نەتەوەیەکی ژێر دەستە، کە فاشییەت حوکمی دەکات! بۆیە مەترسیدارە کە شوناسە ئایدۆلۆجییەتە فاشییەکەی وەکو خۆی نەناسێت! ئەمە مەترسییە گەورەکەیە.

تا ڕاپەڕین و دواتریش هەتا بەعس ڕووخاوە، هێزەکانی کوردستان ئامادەی گفتوگۆ بوون لەگەڵ صەدام، وەکو ئەوەی کارەساتەکانی هەڵەبجە، کیمیاباران و روخانی پێنج هەزار گوند و ڕاگواستن لەکوردستان ڕوینەدابێت! بەڵکو ئامادەشبوون لەگەڵیدا ڕێکبکەون! بۆ؟ وەڵامەکەی لەهەقیقەتی دووەمدا باس دەکەم.

هەقیقەتی دووەم: لەبەرئەوەی هێزە کوردستانییەکان، هێزی وردە بۆرجوای وڵاتی دواکەوتووی ژێر دەستەن! هەمیشە هێزە بۆرجوازەکان لەوڵاتە پێشکەوتووەکان ڕاران! ئەی ئەگەر نەتەوەیەك دەوڵەتی سەربەخۆی نەبێ، بازاڕی سەربەخۆ و یەکگرتووی نەبێ، ئەبێ وردە بۆرجوازەکانی چەندە ڕاراتربن لە وردە بۆرجوازی ئەو وڵاتانەی کە سەر بەخۆن و بازاڕی ئازادو یەکگرتویان هەیە!

بۆیە، لەدوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، دەرگای دانوستاندن دانەخرا! لەڕاپەڕیندا دەرگای دانوستاندن هەر دانەخرا! هەتا صەدام نەڕوخا، ئەو دەرگایە هەر دانەخراو بوو.

سیناریۆکەش وایلێدەهات، ئەگەر یەکێتی و پارتی، یان هەر لایەکیان لەگەڵ صەدام ڕێکبکەوتنایە، لەپێش ڕاپەڕین یان لەدوای ڕاپەڕین، ئەوکاتە کارەساتێکی سیاسی گەورەمان بۆ دەقەوما! لەدوای ڕاپەڕین، کارەساتێکی سیاسی بۆ بزوتنەوەی سیاسی کوردستان دەقەوما!

واتا ئێمە، وەکو نەتەوەیەکی بێخاوەن، دەکەوتینە ناو ڕووداوی داگیرکردنی کوەیت و ناو ڕووداوی ڕووخاندنی ڕژێمی صەدامیش.

ئەم دوو خاڵەم لەلا گرنگبوو، وەکو فکر و جیهانبینی باسی بکەم، چونکە کارەسات، تەنها بەفرمێسك ڕشتن‌و بەیەك دەقیقە وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدەکان و قوربانییەکان، تەنانەت پێداگیری لەسەر قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و وەرگرتنیشی، هیچی لەبری ئەوەنابێ، کە تۆ دوژمنەکەت لەڕووی ئایدۆلۆجییەوە بناسیت و لەڕووی ئایدۆلۆژیشەوە ستراتیج بۆ ڕیشەکێشکردنی ئەو ئایدۆلۆجییەتە دابنێین. وەکو نازییەت و فاشییەت کە لەئۆرۆپا سەریهەڵدا، بەڵام وازیان لێنەهێنا، بەڵکو لەبنەوە ڕیبازەکەیان هەڵکێشاوەو تا ئێستاش قەدەغەکراوە.

*ئەم وتانەی بەڕێز مەلا بەختیار، سیاسەتمەدارو ڕۆشنگەر، ئێوارەی (٢٠٢٢/٣/١٦) هەمان ئێوارەی یادی کارەساتی هەڵەبجەی شەهید، لەدەستپێکی ئێوارە کۆڕێکی ئەدەبی لەسەر زمانی ستانداردو شیعر خوێندنەوە پێشکەشیکرد، کە تۆڕی ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر، بەهاوکاری لانەی ڕۆشنبیری، بۆ مامۆستا (سامان خانەقینی) بەناونیشانی (شیعرو ئەدەبم لەپێناو بەدیهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردیدایە). ڕێکیخستبوو.

*ئەم وتانەی بەڕێز مەلا بەختیار، بۆ یاد و کارەساتی هەڵەبجە، لەبەر هاوئامانجی و پەیوەستیان بۆ ئەو مەرگەساتەی نەتەوەکەمان، لەگەڵ وتارەکە تایبەتەکەی پێشتردا، لێرەدا جێگەی کراوەتەوە..

کەرکوک..
دەرنەکردنی تەعریب و ناکامی شارەکە!

(٣/٢١) یەکەم رۆژی نەورۆز، یادی (٣١) ساڵەی راپەڕینی کەرکوکە. لەدوای روخاندنیشەوە، هەتا (١٦)ی ئۆکتۆبەر، رزگارکراو بوو!

پێشەکی پیرۆزبایی ئەم جەژنە ویژدانییەی نەتەوەی کورد، لەهەموو کوردێکی ئازادیخواز دەکەم، لەهەر کوێیەکەی دونیابن. دڵنیام ئەم ساڵیش، دۆخەکە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی دڵخۆشکەرەی تیادا بەدینایەت!

بۆیە، تەنها دەڵێم: ئومێدەوارم هۆشیارترو خۆڕاگرتربین بەرامبەر نەهامەتییەکان، ئاسۆی خەباتیش روونە.

لەقۆناغی راپەڕیندا، رەخنەکان زیاتر لەسەر بەرنامەی شێواوی رزکارکردنی شارەکەو نەبوونی ستراتیژی عەسکەری پاراستنی بوو. بۆیە، عیراق توانی بەئاسانی داگیری بکاتەوە.

بەڵام لەدوای روخاندنەوە، یەکێتی بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ دەرکردنی تەعریب هەبوو، بەرنامەکەش وابوو، کە دەوروبەری شارەکان لەتەعریب پاك بکرێتەوە. هەتا تەعریبەکانی ناو شارەکان پشتوێنی بەرگریيان نەمێنێ و بەئاسانی لەشارەکان بۆ شوێنی باو و باپیرانیان دووربخرێنەوە.

بەندە.. تاقە ئەندامی سەرکردایەتی بووم، لەسەر ئەو بەرنامەیە بۆ دەرکردنی تەعریب، لەخانەقین و دەوروبەری، لەگەڵ هەڤاڵانی تر لەفەرماندە، پێشمەرگە، کادری سیاسی و ئیداری دانراین، بەهەمووومان (٦٠٠) پێشمەرگە دەبوین. (٨٠) چەکی زیادەمان پێدرا، لەگەڵ (هەزار دۆلار و بەس).

بڕیارەکەشمان وەکو خۆی، لەدێهاتەوە جێبەجێکرد. شارەکەشمان پاککردەوە، تێکڕا (٥٤) هەزار تەعریبمان (تەعریب ئاوای!!) خانەقین کرد.

پرسیاری مێژوویی من ئەمەی خوارەوەیە:

یەکەم: چەند ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و فەرماندە نێردرانە کەرکوك و دەوروبەری؟!

دووەم: بەپێی زانیاری کە لە سەرۆك (مام جەلال)م بیستووە، (٥٠٠) چەك و نیو ملیۆن دۆلار، بۆ سەرخستنی بەرنامەی کەرکوك دابینکراوە.

سێهەم: دەی بۆچی نەیانتوانی بەهەزاران پێشمەرگەو سەدان چەکی زیادەو سەدان هەزار دۆلارەوە، نیوەی ئەرکەکانیان لەکەرکوك جێبەجێبکەن؟ لەداقوق-ەوە هەتا دووز خورماتوو، بەشێکی دەوروبەری لەتەعریب پاککرایەوە.

کەرکوك و دەوروبەری، هەزار مەخابن.. لەبەر گەلێ هۆکاری تاڵانی و کاری نابەجێ و ناکۆکی نێوان یەکێتی و پارتی، هەفتەی یەکەمی دوای رزگارکردنی کەرکوك لەدەستدرا. شارەکەو گەڕەکە عەرەبنشینەکان، دەستیان لێنەدرا.. دوای ئەوە ئەمریکییەکان لەژێر فشاری عەرەب، هاتنە مەیدان و رێیان لەدەرپەڕاندنی تەعریب گرت.

زۆر بەداخەوە، ئیتر لەدوای ئەو دۆخەوە، ساڵ بەساڵ خۆزگەمان بەپار.. هەتا لە (١٦)ی ئۆکتۆبەر، پارێزگاکە لەدەستدرا. کە پێمانوایە، نە دۆخی دوای روخاندنی بەعس بەم نزیکانە دێتەدی، نە دۆخی پێش (١٦)ی ئۆکتۆبەریش، بەئاسانی هەڵدەکەوێتەوە..! تەنها مەگەر دۆخێکی وەکو دوای روخاندنی سەدام بڕەخسێتەوە. ئەویش ئەگەر بەهۆی ناکۆکی یەکێتی و پارتییەوە، لەدەست نەدرێتەوە..!!

٢٠٢٢/٣/٢١

چەکی تەکتیکی رۆژئاوا،
چەکی ستراتیژی روسیای شکاند!!

دامەزراوەی میدیایی (International Policy Digest) ئەمریکیش، ئەم وتارەی بڵاوکردەوە...

دوای بڵاوبونەوەی ئەم وتارە لە رۆژی (٢٠٢٢/٤/٩) و لەپەیجە تایبەتی بەڕێز مەلا بەختیار، دامەزراوەی میدیایی (International Policy Digest) کە دامەزراوەیەکی ئەمریکییە و خوێنەرێکی بێشوماری هەیە، ئەم وتارەی بەڕێز مەلا بەختیار، (چەکی تەکتیکی رۆژئاوا.. چەکی ستراتیژی روسیای شکاند!!) پاش وەرگێڕانی بۆسەر زمانی ئینگلیزیی، لەرۆژی (٢٠٢٢/٥/١٠) لەپێگەی سەرەکی خۆی، بڵاوکردەوە.

دامەزراوەی میدیایی (International Policy Digest) دامەزراوەیەکی ئەمریکییەو بارەگای سەرەکی لە ریچمۆندی ویلایەتی ڤێرجینیای ئەمریکایە، لە ساڵی (٢٠١١) دامەزراوەو لەسەرتاسەری جیهانیشدا خوێنەرێکی بێشوماری هەیە.

دامەزراوەکە رۆژانە وتاری تایبەت بە کیشوەری ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست و سیاسەتی ئەمریکا بڵاو دەکاتەوە. ئەمەش لینکی وتارەکە لە پێگەی (International Policy Digest)

https://intpolicydigest.org/the-platform/are-strategic-weapons-obsolete/?fbclid=IwAR15rdMwL5A1AmcGjoRptpLvVBGSzY4i_J3kWzg-vbbfIy1NNWok8rKBQo4

جەنگ، لەدوای جەنگی دووەمەوە، تەکتەلۆژیای جەنگین بەسەریدا زاڵبووە؛ لەپەنجاکانەوە چەکی ئەتۆمیش لەدوای ئەمریکا، روسیاش دەستیپێکرد. هەروەها وڵاتانی دیکەش، بەهۆی فرەیی چەکی ئەتۆمییەوە، لە جەنگی ساردەوە بیردۆزی هاوسەنگی ترسێنەر (توازن الرعب) باسدەکرێ.

لە جەنگی دووەمی جیهانەوە، ئەڵمانیای نازی، بەفراوانی تەکنەلۆژیای جەنگی خستە شەڕگەکانەوە؛ دوای بۆردومان و تۆپبارانی خەست، ئینجا سوپای نازی هێرشیان دەکرد. واتا:

دوای ئەوەی بە تەکنەلۆژیای جەنگ سوپا و توانای وڵاتانیان نابوت دەکرد، بە کەمترین زیان هێرشی زەمینیان دەبردو سەریشدەکەوتن.. دیارە هەتا ساڵی (١٩٤٠-١٩٤٢) دوای ئەوە، تێکدەشکان.

ئەو نەخشە ستراتیژییەی جەنگ، لەسەردەمی جەنگی ساردda، بێڕادە پەرەی پێدراو هەردوو پەیمانی

ناتۆ وارشۆ، زۆرترین بودجەیان بۆ تەرخانکرد. جەنگی سارد کۆتاییهات. بەڵام روسیا دوای ماوەیەك داتەپین، جارێکی دیکە بوژایەوە.

لەدوای جەنگی ساردو سیستەمی نوێ و پاشان جیهانگیرییەوە، سەنتەری سیاسەتی جیهان تێکچوو. شەڕی لابەلاو ململانێی خۆتەیارکردنو چاوچنۆکی ژیوپۆلیتیکی زلهێزەکان، وەکو ستراتیژی نوێی لێهات. بەتایبەتی وڵاتانی ناتۆ. ئەمەش، تەرازوی هێزو باڵانسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی تێکوپێکدا. دوای جەنگی سارد، تائێستا چارەکە سەدەیەك دۆخی نێودەوڵەتی، بەو باڵانس شێواوییە بەڕێدەبرا. گەیەندرایە ڕادەیەك.. لە چەندین جەمسەری جیهانییەوە وەکو (روسیا، ئەمریکا، چینو یەکێتی ئۆروپا) لەڕووی ئاسایشی جیهانو باڵادەستێتی زلهێزەکان، لەڕووی ئابوری، عەسکەریی و ژیوپۆلیتیکەوە، مەترسی راستەقینە دەهاتە ئاراوە. چەند ساڵێکە، مەترسی هەڵایسانی جەنگ لەنێوان چینو ئەمریکا هەبوو.. بەتایبەتی لەسەر دەریای باشوری چین.. ئەمساڵ لە ئۆکراینادا، روسیا تەقاندییەوە.

ئەم جەنگەی ئۆکراینا، دەتوانرا رونەدات، بەڵام جەنگی لەم چەشنە، لە وڵاتی دیکە، لەم دۆخەی نێودەوڵەتی و تێکچڕژانی بەرژەوەندی زلهێزەکاندا، هەر روویدەدا!

سەیریش نییە رووبدات.. چونکە هێشتا کولتوری لێبوردەیی و چارەسەری دیموکراسییانەی کێشەکان، نەبۆتە بەشێکی کاریگەری رای گشتی زلهێزو ئیقلیم هێزەکان! بەڵکو مۆنۆپۆلی سەرمایەداریی و نێودەوڵەتی هەر زاڵە!!

لە هەزارەی سێهەمدا، جگە لە تەکنەلۆژیای ستراتیژیی جەنگ، چەکی تەکتیکی و تەکنیکی بێڕادە پێشخراوە. چونکە زانستی فیزیاو تەکتیكو کۆمپیوتەر.. سەری مرۆڤ سوڕدەهێنن. بە موشەکی کۆنترۆڵکراو، ئامانجەکان لە دووری هەزاران کیلۆمەتر دەئەنگێون.

دەمێکە دەبۆکان پڕ دەکرێن لە چەکی نوێچەشن، بەڵام شەڕگە نەبوو بەکاربێن. ئۆکراینا تاقیگای چەکە نوێچەشنەکانە. روسیا نوێترین زرێپۆش و فڕۆکەی خستۆتە مەیدانەوە. تۆپی بالستی دوورهاوێژیشی بە هەزارن تاقیکردۆتەوە.

لەبەرامبەردا، ناتۆ، وادیارە دەمێکە لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر پیلان و توانای روسیا کردووە. بۆیە لەبەرامبەر چەکە ستراتیژییەکانی روسیادا، چەکی تاکتیکی گڕبڕ و تێکدەری داوەتە سوپای ئۆکراین. دژە تانك و دژە فڕۆکەی بڕندەیان بە دەیان هەزار بۆ دابینکردوون. لەسەر پارەو تەقەمەنیش پەکیان ناخەن. ئۆکراینیەکانیش بە قارەمانێتی و بەرگری، توانییان رۆژئاواو رای گشتی جیهان بکەنە پشتیوان.

ئەم چەکانە.. زیاتر بۆ شەڕی بزۆز (الحرب المتحركة) بەکاردێ. نەك بۆ هێرشی لەشکری چونیەك.. واتا لەشکر بەرامبەر لەشکر، کە جەنگی کلاسیکییە.

چەکە تەکنیکی و تەکتیکیەکان، بۆ هێزی بچوکی بۆسە دانەرە. بۆ پەلاماری کوتوپڕە. بۆ لێدەو هەڵێیە..! لەم پلانەدا، ناتۆ، تائێستا سەرکەوتووە. کرملین دوێنی شەو دانی پێدا ناوە کە زیانێکی تێجگار زۆریان لە جەنگەکە کردووە. لە زۆر شوێنیش، پاشەکشەیان پێکردوون. لەهەمووی گرنگتر، لە دەوروبەری

کییف و خارکییف و باکورو رۆژئاوای وڵاتەکەدا.

ئائێستا، هاوکێشە عەسکەرییەکە، وا دەگەیەنێ کە چەکە تاکتیکییەکانی رۆژئاوا، بەسەر چەکە ستراتیژییەکانی روسیادا باڵادەستن. رەوتی جەنگەکەش وا بەردەوام بێ و چەکی بایۆلۆژی بەکارنەیەت، ئۆکرایینییەکان لەدوائاکامدا، سەردەکەونو سەرکەوتنەکەشیان دەبێتە داستانی عەسکەری سەدەی بیستویەك!

دەرکەوت، گیانی بەرەنگاریی و خۆڕاگری، سەری سەرکردەکان بڵندو مێژوی گەلانیش پڕ لە شانازی دەکات.. نەك سەرشۆڕیی و خۆبەدەستەوەدان!!

٢٠٢٢/٤/٩

ئەناسینی

ناسنامەی بەعس و ئەنفال!

یادی مەرگەساتی ئەنفال هاتەوە. بەداخەوە لەم یادەشدا، هێشتا قوربانیانی ئەنفال قەرەبوو نەکراونەتەوە. هێشتا پاشماوەی کەسوکاریان، بە ناخێکی پڕ لە سوێوە، چاوەڕوانی چارەنووسی ئەنفالکراوە بێ چارەنوسەکان دەکەن.

چارەکە سەدەیەکە، ئەم تراژیدیایە، هەتا دێت، ویژدانی نەتەوەی کورد، ئەکولێنێتەوە. کولانەوەیەکی ئەوتۆ، هەرگیز ئارام نابێتەوە.

جیاواز لە شینی کارەساتەکە، بەندە شینی سەرچاوەی ئایدیۆلۆژی مەرگە ساتەکە دەکەم. لەو پرسیارەوە دەستپێدەکەم کە بەعس بۆچی ئەم تاوانەی ئەنجامدا؟

وەڵامی ئەم پرسیارە، جۆرەها بۆچونی بەرهەمهێناوە. بەڵام هێشتا کولتوری سیاسی کورد، خاڵییە لە لێکدانەوەی زانستی هۆکاری ئەنفال؛ هێشتا پێوەری بەعس ناسین، لەتێگەیشتنماندا، گومە؛ هێشتا وێنایەکی راستەقینەی بەعسمان ساغنەکردۆتوە.

لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیادا، فاشیەتو نازیەت ناسین، دەیان هەزار لێکۆڵینەوەیان لەسەرە. بۆیە نازیزت ناسین، بۆتە کولتورو رۆچۆتە ویژدانی رای گشتییان. مەخابن نە لە شاخو نە لە شاردا، بەعس ناسی، وەکو فاشیەتو وڵاتانی دواکەوتوو، لەلایەن تەواوی هێزە کوردستانییەکانەوە، ساغنەکراوەتەوە. بەئاسانی ئەم راستییەش لەوەدا دەردەکەوێ کە:

- لە شاخدا (١٩٧٦-١٩٨٨) هێزێکی کوردستانی نییە، پێش ئەنفالو کیمیاباران، ناسنامەی فاشیەتی بەعسی چەسپاندبێ. بۆیە، هەموو کاتێك لەگەڵ بەعسدا دانوستان دەکرا.

- لەدوای ئەنفالیش (١٩٨٨-١٩٩١)، هێشتا برینی ئەنفالو کیمیاباران سارێژ نەبوبوون، هەرکاتێك بەعس پەنجەرەی دانوستانی بکردایەتەوە، بەرەی کوردستانی لێوەی دەچونە ژوورەوە.

- لەدوای راپەڕینیشەوە، هەتا روخاندنی بەعس (١٩٩١-٢٠٠٣) دانوستان بەشێوەیەك لەشێوەکان، لەنێوان پارتیو حکومەت، یەکێتیو حکومەت، هەر هەبووە.

واتا: لە سێ قۆناغدا.. پێش ئەنفال. لەکاتی ئەنفالو لەدوای راپەڕینەوە، جۆرێك لە هیوا بۆ ئاشتەوایی لەگەڵ بەعسی فاشی، لەبەر دیارینەکردنی رەگەزی فاشیانەی بەعس، بەردەوام لە هزری سیاسی

سەرکردایەتی کوردایەتیدا هەبووە.

ئەم دیمەنە شێواوەی قوڵ ناسینی بەعس، هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. دەتوانم بڵێم: بەعس کە روخێندراوە، کەچی نە لە ئاستی عێراقو نە لە کوردستاندا، ناوەندێکی نوێژینەوەی بەعس ناسی وەکو رژێمێکی فاشیستی، پێکنەهێنراوە.

هەر ئەمەش وا دەکات، نەوەی دوای روخاندنی بەعسیش، لەناخیاندا، هەڵسەنگاندنی زانستییانەیان بۆ ئایدیۆلۆژیەتی بەعس نەبێ. بۆیە جاروبار، بەداخەوە، دەبیستینەوە، سەرەنجامی رەفتاری نابەجێی هێزە عێراقیو کوردستانییەکان، خەڵك لەداخانا ئاوات بە هاتنەوەی بەعس دەخوازێ..!

لەهەمووش سەیرتر ئەوەیە، حکومەتی هەرێم، دەیان کێشەی گەورەی لەگەڵ حکومەتی ئێستادا هەیە، کەچی نەمانبینی، کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفالکردنی کوردستان، وەکو پرۆژەیەکی جینۆساید، بکەنە ستراتیژی دادگایکردنی بەعسی عێراق، لە جیهانو عێراقدا.

خراپتریش لەوە، تەنانەت بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانیەکانیشیان، پرۆژەیەکی یاسایی، ئابوری، نەتەوەیيو کۆمەڵایەتی گشتگیر گەڵاڵە نەکراوە. لەکۆتاییدا دەڵێم:

بەعس ناسین، ئێجگار گرنگە، بۆ نەوەکانی ئایندەشمان.. هەروەها بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانییەکانمان! ئەوەتانێ نەوەکانی ئەنفال، لە مەراسیمی ئەنفالدا، پەلاماری بەرپرسەکان دەدەنو هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکیش دژی حکومەت، دەکەن!!

٢٠٢٢/٤/١٤

تورکیا..
هێرش یان ئاشتی؟

تورکیا، لەساڵی (٢٠١٩)وە، ئەمە چوارەمین هێرشی فراوانی ئاسمانیو زەمینییە، دەیکاتە سەر گەریلاکان. لە سێ هێرشەکەی رابوردوودا، سەرنەکەوت، تاقیکردنەوەکانی مێژوو پێماندەڵێ: لەم هێرشەشدا سەرناکەوێ.

میدیای (P.K.K) باسی هاوکاری پارتیش لەم هێرشەدا دەکەنو هەر خۆیشیان دەڵێن: بەدوای بەڵگەی وردەوەین هاوکارییەکە بسەلمێنێ. بەردەوامیش ئەم باسە هەیە.

بەندە، هیچ بەڵگەیەکم لەمبارەوە نییە. پارتیش تا ئێستا، بەڕەسمی نە هەواڵەکەیان رەتکردۆتەوە، نە سەلماندوشیانە. بەڵام وەکو کوردێك، ئومێدەوارم نە پارتی و نە هیچ لایەکی کوردستانی، لەمجۆرە نەخشەیەدا، ناڕاستەوخۆ و راستەوخۆ بەشداری نەکەن. چونکە بەشداریکردن، تاوانێکی نەتەوەیی گەورەیە.

وەکو تر.. ئەوەی بمناسێ، دەزانێ لەساڵی (١٩٨٩)وە، کتێبێکم بەناوی (شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی سەردەم)وە نوسیووەو گوتومە:

لەدوای تەواوبونی جەنگی ساردەوە، خەباتی چەکداری وەکو ستراتیژ (دەیڵێمەوە وەکو ستراتیژی رزگاری) کۆتایی هاتووە. دیارە لەگەڵ بڵاوەپێکردنی هێزی چەکداری گەلانیش، بەبێ ئامانج و ئەنجام، نیم؛ بەڵام لای من، ستراتیژ، خەباتی پەرلەمانی- مەدەنییە لەناو شارەکاندا. هەدەپە، لە گەریلا زیاتر لەسەر رای گشتی تورکیاو جیهان، لەناو پەرلەمان و تورکیاو دونیادا، سەبارەت بە کێشەی دیموکراسی نەتەوەی کورد، کاریگەرترە. پەرلەمانی تورکیایان کردۆتە سەکۆی بەرگری لەکوردستان.

مانگی رابوردوو، ئەندام پەرلەمانێکی مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەوپەڕی ئازایانە لە ئەنجومەنی شورای ئێراندا، بەرگری لە کوردەواریی و مێژووی خەبات و سەربەرزی کورد لە شەهید پێشەواوە هەتا ئەمرۆ کرد.

ئەمە دەیسەلمێنێ، لەئێرانیشدا، شێوازی تری خەباتی سیاسی دەرەتانی هەیە. نەك تەنها خەباتی چەکداری.

وەکو تر.. هێرشەکەی تورکیا، بێگومان خوێناوییە. رۆژی (٢٠٢٢/٢/١) دوو دۆستی باکوری کوردستان (ئێستا نامەوێ ناویان بەرم) هاتنە لام و رای منیان پرسی.. گوتم:

ئەگەر خەباتی دیموکراسی لە تورکیادا تا هاوین پەرەنەسەنێ، تورکیا ئەو شوێنانەی گەریلای لێیە، لەبەهارەوە بۆ هاوین دەکاتە گۆمی خوێن. پێشمگوت:

لەگەڵ پارتی تێکنەچن باشترە. رۆئاواش بیر لە چارەسەری سیاسی لەناو سوریادا بکات. ئەگینا مەترسیم لەسەر چارەنوسیان هەیە. گوتیشم:

لە کۆنگرەی ڤیەننا ئێران رێکەوتنی نوێ ئیمزا بکات، دەبێتە میحوەری ئاشتەوایی ناوچەکە. دۆخەکە لە سەرانسەری ناوچەکەدا دەگۆڕێ!

بەداخەوە، ئەو لێکدانەوەیەم هاتەدی و سێ رۆژە، لە سێ هێرشەکەی ساڵانی رابوردوو، تورکیا فراوانترو تۆکمەتر هێرش دەکات. بە دووری نازانم لە قۆناغی دوای هێرش بۆ سەر شاخی گاراو مەتین و ئەو دەڤەرو شاخانە، ئەگەر سەرکەوتوو بێ، هێرش بۆ سەر قەندیل بخاتە هاوین. چونکە قەندیل هاوسنوری ئێران و دووریشە لە سنوری تورکیا.

با بزانین رووداوەکان دەگەنە کوێ. بەڵام بگاتە هەرکوێیەك، نە تورکیا (P.K.K) وەکو هێزی چەکدار، یان سیاسیو دیپلۆماسی لەناودەبات. نە(P.K.K)ش دەتوانێ لەشاخەکانەوە بەهۆی خەباتی چەکدارییەوە ئەم حکومەتەو حکومەتی تری تورکیاش بڕوخێنێ!

هەردوولا، لە تورکیادا چەندین حکومەت لەدوای سەرهەڵدانی (P.K.K) وە لەساڵی (١٩٨٤)وە، لەڕێی هەڵبژاردنەوە گۆڕدران، (P.K.K) هیچ حکومەتێکی نەك نەگۆڕی، بەڵکو گوندێکیشی پێ رزگار نەکرا! ناچار بەشی زۆری گەریلاکانی خزاندونەتە شاخەکانی باشور. وەکو میوانیش هەڵسوکەوت ناکات، بەڵکو وەکو حاکمی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی، هەڵسوکەوت دەکات!

تورکیاش، بەدرێژیی (٣٦) ساڵ نەیتوانیوووە گەریلا لەناوبەرێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە، خەباتی مەدەنی لە تورکیاو باکوردا پەرەی سەندو هەدەپەش سەریهەڵداو جەژنی ملیۆنەها نەورۆزیش گەواهیدەرە. ئەمە جگە لە چالاکی جەماوەریو دیپلۆماسی لە دەرەوەو پشتیوانیی ئەمریکاش بۆ رۆژئاوا. کەوابێ:

بازنەی شەڕی سیاسی- عەسکەری لەنێوان تورکیاو (P.K.K) داخراوە. دەشبێ ئەم بازنە خوێناوییە بە دانوستان بکرێتەوە. چونکە بە شەڕ و سوپاکێشی هاوکێشەکان ناگۆڕدرێ.

لەساڵی (١٩٩٣)وە، کە سەرۆك مام جەلال لە (بیقاع)ی لوبنانەوە، بۆ یەکەمینجار، یەکلایەنە شەڕی بە (P.K.K) راگرت. ئەگەر ئەوکاتە چارەسەری سیاسی نیوەچڵیش دابین کرابا، خوێنی هەزاران قوربانی نەدەڕژاو ملیارەها دۆلاریش مەسرەفی شەڕەکە نەدەبوو.

ئەم هێرشەش، ئەنجامەکەی دەردەکەوێ. دۆخەکە ئەگەر لەناو بازنەی داخراودا بمێنێتەوە، بێگومان زیان و قوربانی زۆرتر دەبن. لە دواناکامیشدا، لە دۆخێکی سیاسی گونجاودا، هەر دەبێ چارەسەری سیاسی بۆ کێشەی کورد، لە هەر سێ بەشەکەی تری کوردستانیش بدۆزرێتەوە، تەنانەت ئەگەر یەك

گەریلاو یەك پێشمەرگەش، لەو بەشانەی کوردستان نەمێنن. چونکە کێشەی کورد لەپێشەوەدا سیاسییە، نەك عەسکەری. خەباتی عەسکەری سەرەنجامی نەبونی چارەسەری سیاسی سەریهەڵداوە!

ئومێدەوارین، دەرسی عەسکەری ئەم هێرشە عەسکەرییەی بەهاری ئەمساڵ، ئەوەبێ، هەموولایەك تێبگەن.. کە لەناو بازنە داخراوەکە بێنە دەرەوەو چارەسەری سیاسی گونجاوی کێشەی کورد بدۆزنەوە!

ناشبێ ئەوە لەبیر ببرێتەوە کە هەندێکجار، روداوەکان پێچەوانەی خواستی حکومەتەکان سەرهەڵدەدەن. عێراق و باشوری کوردستان، سوریاو رۆئاوای کوردستانیش، دوو نمونەی کۆتایی هەزارەی دووەمو سەرەتای هەزارەی سێهەمن!

٢٠٢٢/٤/٢٠

وەرگێڕانی کۆبەرهەمی لینین‌و پرسیارێکی مێژوویی

لەم هەفتەیەدا، دەزگای ئایدیا، (١٠) بەرگی کۆبەرهەمی لینینی لە زمانی عەرەبیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. کارێکی گەورەیان ئەنجامداوە، گەرچی لینینی سەردەمی جیهانگیری، لینینی سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەتا جەنگی دووەمی جیهان نەماوە. ڕەخنەیەکی زۆری لەسەر سێ پرسی چارەنوسساز لەسەرە:

یەکەمیان: بازی دا بەسەر پرۆسەی دیموکراسی‌و سۆسیالیزمی لە وڵاتێکدا سەپاند، کە نەك لاوازترین ئەڵقەی وڵاتانی سەرمایەداری بوو، بەڵکو زۆربەی خەڵکەکەی جوتیاری هەژارو بەشێکیشی پەیوەندی کۆیلایەتییان پاراستبوو!

دووەمیان: لینین، بە جەبری ئایدیۆلۆژی نەیارە ئایدیۆلۆژیەکانی، سەرکوت‌و نابوت دەکرد. بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە.

سێهەمیان: رابەرایەتی حیزبەکەی تەنها بۆ تێزە ئایدیۆلۆژیەکان جێهێشتبوو، لە کاروباری دیسپلین‌و پرنسیپە حیزبیەکاندا.. تایبەت لە کۆمیتەی ناوەدی‌و رابەرایەتیدا، لەبەرامبەر کیشەکانی تروتسکی‌و ستالیندا جڵەوی توند نەکرد. هەتا لەژیانیشدا بوو، وەسیەتنامەی لە پراڤدا بڵاونەکردەوە.. هەتا ئۆرگانەکانی حیزبەکەی بەئاسانی نەکەونە ژێر کۆنترۆڵی ستالین‌و سەرکردە کاڵفامەکان، هەتا زۆربەی رابەرایەتیەکەی سەردەمی لینین‌و دوای ئەویش تەفروتونا بکەن!!

ئەو لینینەی کە هەیە، دەزگای ئایدیا بۆ دەوڵەمەندکردنی مەعریفەی تیۆری-ئایدیۆلۆژی-سیاسی، کۆبەرهەمەکانی وەرگێڕاوەو بەجوانیش چاپی کردوون. پرسیار ئەوەیە، بۆ سەر زمانی کوردی، ئەم کۆبەرهەمانە:

١- کەی و لە چ سەردەمێکی سیاسی کوردستاندا چاپکراوە؟

٢- چەند دەهە بەسەر دامەزراندنی پارتە مارکسیستەکانی باشوری کوردستان تێدەپەڕێ.. ئینجا کۆبەرهەمی لینین چاپدەکرێ؟

٣- ئایا ئێستا هێزە مارکسیستەکان، بڕوایان بە لینین ماوە یان نەماوە؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەڵێین:

- حیزبی شیوعی عێراق (٨٨) ساڵە دامەزراوە. لایەنی کەم (٧٥) ساڵیشە لقو حیزبی کوردستانیان هەیە. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامە کوردەکانی حیزبی ناوبراو، تەنها زمانی کوردییان باش زانیووە.. کۆبەرهەمی بەکوردی چاپکراوی لینینان لەبەردەستدا نەبووە.. ئەی ئەمانە لەناو حیزبێکی لینینیدا، چۆن لە لینین قوڵبونەتەوە؟

- کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (١٠/٦/١٩٧٠) هەتا هەڵیانوەشاندەوە، زۆربەی ئەندامەکانی تەنها زمانی کوردییان دەزانی، ئەی ئەمانە چۆن لە لینین تێدەگەیشتن کە کەمترین بەرهەمی وەرگێردرابووە سەر زمانی کوردی؟

- رەوتو رێکخراوەکانی تری مارکسیست-لینینیست، لە (٣٠-٤٠) ساڵی رابوردوودا، چۆن لە لینین تێدەگەیشتن، لەکاتێکدا کەمترین بەرهەمی بۆ زمانی کوردی هەبووە؟

لەوەش زیاتر، نەك بەرهەمەکانی لینین بە زمانی کوردی وەرنەگێردراون، بەڵکو لەدوای پروستریکاو گلاسنۆستیش، لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ لەسەر هەڵە ستراتیژیەکانی لینین، لە زمانی کوردیدا نەنوسراوە. کەچی کەم نین ئەوانەی هۆگری ئەم رابەرەن! بەتایبەتی لەم سەردەمەی جیهانگیریدا. ئەم جۆرە هۆگرییە، بەبێ تێگەیشتنی قوڵ لە فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیەتی ئەو رابەرە، یان هەر رابەرێکی سیاسی تر، یەکێکە لە ترسناکترین دیاردە سیاسیەکانی وڵاتانی دواکەوتوو. کە هەر ئەم جۆرە رەدووکەوتنەی بێ وشیاری قوڵ بۆ رابەرەکان، یان خۆشاردنەوەی سەرکردەکان لەژێر دەمامکی چەپدا، لە سەدەی رابوردودا، کارەساتی حیزبیو سیاسیو حوکمڕانی خوڵقاندووە.

سەرگوزشتەیەك:

ساڵی (١٩٩٩) لە مەکتەبی رێکخراوەکان، لەگەڵ هەڵسوڕاوێکی کۆمۆنۆیستی کارگەری، لاوێکی شێخانی بەرزنجە بوو، گفتۆگۆم کرد. ئەو دۆستە بێڕادە پێی لەسەر مارکسیزم-لینینیزمی شۆڕشگێڕ دادەگرت. منیش وامدەزانی لایەنی کەم سێ-چوار زمان دەزانێ، ئاوها سورە لەسەر رێبازەکەی. لێمپرسی: ئەرێ براڵە! چەند زمان دەزانی؟ وتی: تەنها زمانی کوردی.

وتم: چەند بەرهەمی مارکسیزم-لینینزم وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی..؟ وتی: کەم. وتم: ئەی چۆن لەو دەریا ئایدیۆلۆژییەی مارکسیزم تێگەیشتووی؟ وەڵامی پێنەما! پێموت: من بە زمانی کوردیو عەرەبیو فارسی، ئەو ئەدەبیاتە دەخوێنمەوە، کەچی بەقەد جەنابت ناتوانم لافی تێگەیشتنم لە فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیەکەی بدەم، چ جای بۆ کۆمۆنیزمی کارگەری کە هێشتا تازە سەریهەڵداوە.

٢٠٢٢/٤/٢٣

قەڵادزێ.. کارەساتی پێشبینی کراو، یان نەکراو؟

ئەمڕۆ، یادی بۆردومانکردنی قەڵادزێیە، لە لایەن ڕژێمی فاشی بەعسەوە.

نامەوێ ئەو ڕستانە بنوسمەوە، کە وەکو ڕستەی ئامادەکراوی ساڵانە، بەرپرسەکان، شینی نوسین بۆ شارە ئازیزەکە دەکەن. دوای تەواوبونی یادەکەش، دەچینەوە سەر پیشەی لەبەر چاوخراویان، ئەوەی لام گرنگە، لایەنی دیکەی ڕوداوەکەیە، ئەوەش ئەمەی خوارەوەیە:

بەعس، کە شارەکەی خەڵتانی خوێن و دوای ئەوە هەڵەبجەشی دووچاری هەمان کارەسات کرد، ئایە بەعس چ پەیامێکی هەبوو.. کە ئەم تاوانانەی ئەنجام دەدا؟ لە وەڵامدا دەڵێین:

پەیامەکە، پەیامی ڕژێمێکی فاشیستی بوو.. کە مەخابن، نە شۆڕشی ئەیلول و نە شۆڕشی نوێش، ناسنامەی فاشیەتی بەعسیان وەکو خۆی بڕیار لێنەدابوو. تا ئێستاش!! وەکو تر..

ئایە لە چ دۆخێکی نێودەوڵەتیدا، بەعس وێرای بۆردوومانەکان بکات؟

لە دۆخی جەنگی سارددا.. کە عێراق و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، بە گشتی، لەناو بازنەی وڵاتانی بەناو سۆسیالیستی بوون. بەڵکو فڕۆکە مەرگ چێنەکانی عێراق، هی سۆڤیەت بوون. جگە لە چەکی کوشندەی دیکەش. واتا:

هاوکێشەی جەنگی ساردیش، لە عێراقدا، دژی ئیرادەی گەلی کوردستان بوو، لە بەرامبەردا، کامپی ئەمریکا و ڕۆژئاوای سەردەمی جەنگی سارد، شۆڕشی ئەیلول کەوتبووە پاڵیان. ئەمریکا، ئێرانی ڕاسپاردبوو پشتیوانی شۆڕشەکە بکات. ئێرانی ڕژێمی شای (١٩٧٤-١٩٧٥)یش، دژی دیموکراسی و مافی گەلان بوو، تەنها بۆ مەرامی ستراتیژی خۆی پشتیوانی شۆڕشی ئەیلولی دەکرد. شۆڕشی ئەیلولیش لەناو کێشمەکێشەکانی شەستەکانەوە، پەنای دیکەی نەبوو.

کاتێك سەدام لە شەڕدا (١٩٧٤- ١٩٧٥) توانای سەرکەوتنی بەسەر پێشمەرگەدا نەبوو، لە ڕێکەوتنی جەزائیردا، (٦/ی ئازاری ١٩٧٥) سەری بۆ شای ئێران شۆڕکرد. بە هەردوولایان شۆڕشی ئەیلولیان لەناو برد. واتا: وەکو ئەنجام، سیاسەتی پشتبەستن بە ئەمریکا و ئێران شکستی خوارد. پرسیاری گرنگ ئەوەیە ساڵی (١٩٧٤) سەرکردایەتی پارتی_شۆڕش، دۆخێکی وایان پێشبینی لە بەعسی فاشی دەکرد؟ ئەگەر پێشبینیان کردبێ، دەبوایە کێشەکان لەگەڵ بەعس لە دانوستانی (١٩٧٥)دا نەگەیەننە بنبەست و هانا

بۆ پەرباکردنەوەی شۆڕش نەبەن. خۆ ئەگەر پێشبینیشیان نەکردبێ، رێککەوتنی وەکو ئەوەی جەزائیر لە نێوان سەدام و شادا مۆر بکرێ، دیارە ئەنجامەکەی دەگاتە کارەساتی نەمانی شۆڕشی ئەیلول!

کارەساتەکانی وەکو قەڵادزێ و هەڵەبجەو شارو دێهاتەکانی تریش، هەروەکو یادگاریەکی دڵتەزێن، ویژدانمان ئازار دەدەن.

٢٠٢٢/٤/٢٤

دۆخی جیهان‌و
جەنگی ئۆکراینا و دانوستانی ئێران..

کاریگەریەکانی بەرەنگاری ئۆکراینا

جەنگی بەرەنگاری ئۆکراینا، خەریکە لە سێ مانگ نزیك دەکەوێتەوە. بەرەبەرە لەجەنگێکی نیشتمانی ئۆکرایناوە، ئاراستەکەی بۆ جەنگی رۆژئاوا دژی روسیا گۆڕدراوە. چینی زلهێزیش، وەکو سیاسەتی نیو سەدە لەمەوبەر، تەنها سود لە هەلەکە وەردەگرێ.

رۆژئاوا، هەر لەسەرەتاوە دەیانزانی، سەرکەوتنی روسیا، تەواوی رۆژهەڵاتی ئۆروپا لەبەرامبەر ناتۆدا، دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە، پێش هەڵایسانی جەنگەکە، مەشقیان بە سوپای ئۆکراینا دەکرد. دوای جەنگەکەش، هەر ئەوەیە سوپا دانابەزێنن، ئەگینا پشتیوانیان بۆ ئۆکراینا، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، بێوێنەیە.

روسیا، لەو باوەڕەدا بوو، بەئاسانی ئۆکرایناى دراوسێی، دەبەزێنێ. روسیا زلهێزەو زۆریش بەئەزمونە، کەچی لە سێ گرنگترین بنچینەی جەنگدا، بەهەڵە چوو:

یەکەمیان: زانیارییەکانی هەڵە دەرچوون، کە ئۆکراینا زیاتر لە هەفتەیەك ناتوانێ بەرەنگاری بکات. ئەمە نەناسینی هێزی بەرامبەر دەگەیەنێ.

دووەمیان: پێشبینی یەکگرتوویی رۆژئاوای لەم جەنگەدا دژی روسیا نەدەکرد. ئەمەش بێئاگایی لە پشتیوانی هێزی بەرامبەرە.

سێهەمیشیان: هەڵەیەکی کوشندەی عەسکەری کرد، کە حسابی چەکە بڕندەکانی رۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، بۆ رووبەڕووبونەوەی فڕۆکەو تانك‌و پاپۆڕە جەنگییەکانی نەدەکرد. لەمەیاندا، دەزگای هەواڵگریی و زانیاری روسیا، کوشندەترین هەڵەیان کردووە! کە نەیانزانیووە رۆژئاوا، چەکەکانی چەند کاریگەرن.

دەرکەوت، رۆژئاوا حساباتی ستراتیژییان دژی روسیا، ورد بووە. وردیش بڕیار دەدەن. روسیاش تەنها بە زلهێزی خۆیەوە نازیوە!!

دەریشکەوت، چەکە نوێچەشنەکانی تەکتیکی رۆژئاوا، گەلێ کاریگەرترن، لە چەکە ستراتیژیەکانی روسیا. هەتا ئەو ڕادەیە، کەتەترین پاپۆڕی جەنگی روسیایان سەرنگون کرد. باشترین فڕۆکەکانی روسیا، بە وریاییەوە مەرگ دەبارێنن. تانکە پێشکەوتوەکانیشی، دژە تانکە سوتێنەرەکانی رۆژئاوا، کڵپەیان

لێهەڵدەسێنن.

رەوتی جەنگەکە پێماندەڵێ: گریمان روسیا هەتا کۆتایی ساڵ بتوانێ، پەلاماری داگیرکاری بەردەوامبێ، مادام (٧) وڵاتە گەورەکانی پیشەسازی جیهان، رۆژانی (١٢-٢٠٢٢/٥/١٣) دوا بڕیاریاندا، هەتا سەرکەوتنی ئۆکراینا بەردەوام دەبن‌و روسیاش دەبێ پاشەکشە بکات. کەوابێ.. ئۆکراینایان دڵنیا کردووە، کە پشتیوانییە تەکنیکییەکان و لۆجستیەکانیان درێژەی دەبێ. جەنگیش، بە ورەی بەرزو پشتیوانی بەردەوام‌و چەکی کاریگەر، لەم سەردەمەشدا، سەرکەوتن بەدەستدێنێ.

ئێران و رۆژئاوا

حەوت(٧) زلهێزە پیشەسازییەکان، جگە لە جەنگی ئۆکراینا، بڕیاریان لەسەر دانوستانی ئەمریکاو ئێرانیش دا. جەختدەکەنەوە کەوا:

- مەحاڵە بهێڵن ئێران چەکی ئەتۆمی بەرهەمبهێنێ.
- ئێران دەبێ کۆمەکی دۆستەکانی ببڕێ.
- لە موشەکی بالیستی، دەست بەربدات.

دوای ئەم بڕیارانە، نوێنەری دانوستانی ئەتۆمی، لە تاران گەڕایەوەو ئاخاوت کەوا، گفتوگۆکانی ڤیەنا دەستپێدەکاتەوە. لەم دوو هەفتەیەدا تێبینی دەکرێ، ئەمریکا، نەرمییەکەی جارانی لە دانوستانەکەدا نەماوەو فشاری بۆ سەر ئێران زیادیکردووە. لەبەرامبەریشدا، ئێران هێشتا یەك بست لە ستراتیژی خۆی پاشەکشەی نەکردووە. لەوەدەچێ هەتا کۆتایی مانگی ئایندە، ئاکامی دانوستاندنی رۆژئاوا و ئێران بەلایەکدا بکەوێ. دوورنییە، ئێران لەجەنگی ئۆکراینا دەرسی وەرگرتبێ. چۆن؟

روسیا، زلهێزەو چەکی ستراتیژی کوشندەی جەنگینی هەیە. جگە لە چەکی ئەتۆمی، هەموو چەکێکی تری لە ئۆکراینا تاقیکردۆتەوە. باشە، ئەگەر روسیا بەم هەموو تەکنەلۆژیای جەنگین‌و بە زلهێزیی خۆیەوە، لەبەر پشتیوانی رۆژئاوا بەسەر ئۆکرایینادا سەرنەکەوێ، ئایا ئێران بەو توانا دیاریکراوەی، کە بەراورد ناکرێ بە روسیا، ئەگەر لەگەڵ رۆژئاوا رێکنەکەوێ، دەتوانێ پاشەکشە بە ئەمریکاو رۆژئاوا بکات؟

بەدڵنیاییەوە، تەنها پشتبەستن بە حزبوڵڵاو حوسیەکان‌و سوریا، لە ململانێی ستراتیژی ئیقلیمی-جیهانیدا، دەستەبەری سەرکەوتنی عەسکەری تیادا نییە. ئەوە نییە، ئیسرائیل دژی بنکەکانی ئێران لە سوریاو جارجارەش، دژی بنکەکانی حزبوڵڵا لە سوریا-لوبنان، گورز دەوەشێنێ. کەچی نە سوریا و نە حزبوڵڵا، وەڵامێکی توندیان بۆ ئیسرائیل نییە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئیسرائیلیش خاوەن هێزی تەکنەلۆژی جەنگینی کوشندەیە! کەوابێ:

تەکنەلۆژیای جەنگ‌و جەنگین، ئێستا، کاریگەرترین ئامرازی یەکلاکەرەوەی کێشەکانە. نەك ئایدیۆلۆژیاو عەقیدەو بە تاقی تەنها روحیەتی جەنگین‌و سوپای پیادە!

تەکنەلۆژیای نوێچەشن، تەواوی هاوکێشە عەسکەری‌و جەنگینەکانی گۆڕیووە. سەرجەم پێوەرە

عەسکەریەکانی رابوردووش گۆڕاون. لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەدا، پێمانوایە، ئەگەر روسیا لە ئۆکرایینادا پاشەکشە بکات، بەدڵنیاییەوە، ئێرانیش قوڵتر تێدەگات، دەبێ لە دانوستانی ئەتۆمیدا، بڕیاری رێکەوتن بدات. بە چارەسەرکردنی کێشەکانی یەمەنو لوبنانو سوریا، تەنانەت عێراقیشەوە!

لە هەلومەرجێکی واشدا.. روسیا بکشێتەوەو رێکبکەوێ، بێگومان ستراتیژی رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئۆروپای رۆژهەلاتیش سەردەکەوێ. هەر ئەم هەفتەیە، بڕیارە فینلەنداو سوید، بڕیاری ئەندامەتی لە ناتۆدا، پەسەند بکەن. ئەگەر واش بێ:

روسیا بە جەنگ ئۆکراینای لە ناتۆ دوورخستەوە، بەڵام دەچنە ناو یەکێتی ئۆروپا. لەبەرامبەریشدا، دوو وڵاتی گرنگ (سوید و فینلەندا)ی پاڵپێوەنا بۆ ناو ناتۆ. فینلەندا بەتەنها (١٣٠٠کم) سنوری لەگەڵ روسیادا هەیە، یەکەمین وڵاتیشە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، رێگەی دیموکراسی چارەی خۆنوسینی گرتەبەر. بینیمان فینلەندا لە دیموکڕاسیدا چۆن سەرکەوتو روسیاش لە سەپاندنی سۆسیالیستدا چۆن شکستی خواردا!!

دۆخێکی لەمجۆرەش، هاوکێشە سیاسیەکان تێکڕا دەگۆڕێ. ئێرانیش، لە دۆخی جەنگەوە، بۆ دۆخی ئاشتەوایی کەمەندکێش دەکات!

٢٠٢٢/٥/١٥

دۆخی کوردستان، لەبەر رۆشنایی دۆخی ناوچەکە

کارێکی گرنگ بوو، دوای هەوڵێکی دڵسۆزانەی نهێنی، بۆ ئارامکردنەوەی دۆخی سیاسی کوردستان، کۆبونەوە رەسمییەکان بە هاتنی بەڕێز سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، دەستیپێکرد. سەرۆکی هەرێم، چاکی کرد کە ئەم دەستپێشخەرییەی کرد؛ لایەنەکانیش چاکتریان کرد بەدەمیەوە چوون.

ئەم هەنگاوە رەسمییە، وەکو سەرەتای کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ، گرنگە، بەڵام گرنگتر ئەنجامەکەیەتی. چونکە زۆرجار کۆبونەوەکان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و پێکەنینی بەرپرسەکان دەبینرێ.. بەڵام ئەنجامی ئەوتۆ نادەنە دەستەوە.

نامەوێ، باسی بەرپرسو لایەنە سیاسییەکان بکەم، کە پێویستە لەمەودوا چی بکەن! چونکە دۆخی ناوخۆی کوردستان، لەهەموو بارێکەوە وا تێکدراوە، ئاسان نییە، بە سەردانێكو دیداری بەرپرسەکان، خەمەکان برەوێنەوە. بۆئەوەی بایەخی درێژەپێدانی ئەم کۆبونەوانە، هەتا دەیگەیەننە ئەنجام، بزانرێ، دۆخی سیاسی ناوچەکە شەنوکەو دەکەم، بۆئەوەی بزانرێ کوردستانو کوردایەتی، بە چ قۆناغێکی هەستیارو چارەنوسسازدا، تێدەپەڕێ!!

هەرێمی کوردستان، زیاتر لە وڵاتانی گەورەی جیهان، چارەنوسی پەیوەستی دۆخی ناوچەکەیە.

وڵاتانی گەورە، راستە لەسەر ئاستی جیهان گەلێ کاریگەرن. ئەمە راستە، بەڵام ئەم کاریگەرییە کەی دەردەکەوێ؟ رێك ئەوکاتە دەردەکەوێ، کە وڵاتانی گەورە، یان بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیان بکەوێتە مەترسیەوە، یاخود ئاسایشیان مەترسی بێتە سەر.

جگە لەو دوو بنچینەیە، زلهێزەکان، دیارە لەسەر ئەمو ئەو ناوچە، هەڵوێست دەردەبڕن، بەڵکو کۆمەکیش دەکەن. بەڵام هەڵوێستو کۆمەکەکانیان تەکتیکین، ستراتیژیی نین؛ وەلێ کاتێك بنچینەی بەرژەوەندیی‌و ئاسایشیان دەکەونە بەر مەترسی، هەنگینێ، بڕیاری ستراتیژی دەدەن. کوتوومت وەکو ئێستای ئۆکراینا دژی روسیا.

وڵاتانی ئیقلیمی (عێراق، ئێران، تورکیاو سوریا) تائێستا، سەبارەت بە کوردستان، بەرژەوەندییان لە پلەیەکی خوارەوەیە.. لەچاو بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە لەگەڵ یەکتر. یان لەگەڵ گەورە وڵاتاندا. بەڵکو وڵاتانی تریشدا. جگەلەوەی، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی (عەرەب، فارس، تورك) هەروەها (ئیسلامی-

مەزهەبی) لەناو دەوڵەتانی ئیقلیمدا، گەلێ لایان گرنگتر، بەڵکو تا ڕادەی پیرۆزی، پیرۆزترە، لەو پەیوەندیو بەرژەوەندییانەی وڵاتانی ئیقلیمی، لەتەك نەتەوەی کوردو هەرێمی کوردستاندا، هەیانە!

واتا: وڵاتانی ئیقلیمی، پێش هەموو مەسەلەیەك، بەرژەوەندی نەتەوەی باڵادەستی خۆیان لەناو وڵاتەکانیاندا لەبەرچاو دەگرن. ئینجا، بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ دەوروبەری ئیقلیمیان. هاوکات، بەرژەوەندیان لەگەڵ زلهێزەکانو بازاڕەکانو کۆمپانیا زەبەلاحەکان.

دوای ئەو بەرژەوەندیە ستراتیژیانە، بەڵکو لەروانگەی ئەو بەرژەوەندیانەوە، حساب بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن. بۆیە، هەقوایە هەرگیز، خۆمان لەخشتە نەبەینو لەخۆمانو چارەنوسمان، لەم ئیقلیمەدا، کە ئیقلیمی سەپاندنی سیاسەتی وڵاتانی ئیقلیمییە.. ئینجا بەرژەوەندی ئیقلیمییە، قەت دڵنیای ستراتیژی نەبین.

بەدرێژایی مێژوو، کوردستان، بەئەندازەی ئێستا پەیوەندی لەگەڵ زلهێزەکاندا نەبووە. ئەمە کەی؟

لەم دۆخەدا کە هێشتا کێشمەکێشی تیرۆریستانی داعشو ناکۆکی وڵاتانی ناوچەکەو دژایەتی زلهێزەکان لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمیەوە، تاڕادەیەك، ماوە. بەڵام دەبێ دڵنیابین کە دۆخی وڵاتانی ئیقلیمو پەیوەندییان بە زلهێزەکانەوە، تاهەتایە چەقنابەستێ. بەڵکو پەیوەندیەکانی ئیقلیمیو جیهانیش، لە ئاڵوگۆڕدان. ئاڵوگۆڕەکانیش، هێندەی چارەسەری کێشەی زلهێزەکانو هێزەکانی ئیقلیمی تیا ڕەچاودەکرێ، دوا نەتەوە بیری لێبکەنەوە کوردو کوردستانە، ئەگەر لێشمان هەڵنەگەڕێنەوە!!

کەواشبێ:

زلهێزەکان بەدوای چارەسەری ستراتیژی لەسەر ئاستی جیهاندا بن؛ هێزەکانی ئیقلیمیش ئامانجیانە لەو چارەسەرەدا، پشکی چەوریان هەبێ. تەواوی هەوڵەکانیش بۆ گۆڕینی حکومەتەکان (بەهاری عەرەبی، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورە) سەریان نەگرتبێ.. ئیتر زەمینە سازە بۆ ڕێکەوتنێکی جیهانی-ئیقلیمی نوێ.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، ئەرکێتی، لەناو ئەو پرۆسەیەی بەڕێوەیە، بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بپارێزێو شوێنێك لەناو هاوکێشەکاندا، بۆ کێشەی کوردستان دابین بکات. ئەمەش مەحاڵە، ئەگەر بێتو لەلایەکەوە:

- حکومەتی کوردستان، تەنگوچەڵەمەی خەڵكو داخوازی ئازادییەکانو هەڵبژاردنی شەفافو بێگەرد دابین نەکات.

لەلایەکی دیکەشەوە:

- حکومەتی هەرێم و بەغداد، لەسەر کێشەی نەوت و غاز، هەروەها بودجە و مووچە و دەروازە سنورییەکان، بە پێی برگەکانی دەستور و پرۆژەیەکی نوێ، ڕێک نەکەوێ!

- هێزە کوردستانییەکان، لەسەر بنەمای هاوسەنگیو ڕێکەوتنی نوێی ستراتیژی، لەناو خۆیاندا ڕێك نەکەون.

بێگومان، یەکێتیو پارتی هێزی یەکەمو دووەمن تائێستا.. بەڵام دۆخی ئێستاو زەمینەی سیاسی ێستا، جیاوازترە لە هی دوای راپەڕین. جگە لەوەی یەکێتیو پارتی رێژەی دەنگەکانیان لەناو کۆی گشتی دەنگدەران، گەلێ دابەزیووە. دووچاری قەیرانی ئابوریو بێمتمانەییو ناڕەزایی فراوانیش بونەتەوە. جگە ەو راستیانە، لەبەرامبەریشیاندا، هێزەکانی تریش هەنو کاریگەریشنو خۆیشیان بۆ سەرکەوتنی زیاتر سازدەدەن. واتا:

یەکێتیو پارتی تاقە دوا هێزی بڕیاردەر لەکوردستاندا نەماون. گەرچی بەحوکمی دەسەڵاتو هێزی چەکداریشەوە، لە لوتکەی دەسەڵاتدان. گەورە وڵاتانو ئیقلیمیەکانیش وەکو جاران سەیریان نەگەن.

ئەم قۆناغو دۆخە، قۆناغو دۆخی ژانگرتووە بۆ گۆڕانکاری هاوکێشەکان.. چ دەرەکیو چ ناوەکی چ حیزبیش!

٢٠٢٢/٥/٢٣

یەکی ئایار و دادپەروەری ڕۆژئاوا و دیموکراسی ڕۆژهەڵات

یەکی ئایار، جەژنی کرێکارانی جیهانە. جەژنێکە، سەرەڕای ئەوەی خەباتی چینایەتی کرێکاران و ئەزمونی بەناو وڵاتانی سۆسیالیستی دوچاری شکستی مێژوویی بوون. بەڵام جەژنەکە، وەکو یاد و یادەوەری، لە ویژدانی کرێکاران‌و چەپەکانی جیهان، بەزیندوویی ماوەتەوە.

دڵنیام ئەمساڵیش، یادەکە بەیاننامەباران دەکرێ. ئەم نوسینەی بەندە، ڕوویەکی دیکەی یادەکەو بۆچونی خۆمە لەسەر دونیای ئێستا و ئاییندەی ئەرکە هاوبەشەکانی خەبات.

سەرەتا، گومان لەوەدا نییە کە تەکنیك‌و تەکنەلۆژیا، سەراپا ژیانی کۆمەڵایەتی- چینایەتی گۆڕیوە. پێگەی چینایەتی کرێکاران، پێگە دێرینەکە نەماوە. بەڵام هەتا ناکۆکی بنچینەیی نێوان کارو سەرمایە بمێنێ، سەنگ‌و کاریگەری کرێکارانیش، لە زەمان‌و زەمینە گۆڕدراوەکاندا، هەر دەمێنێ، خەباتی چینایەتیش، بە گەوهەرو شێوازی نوێ، بەردەوام دەبێ.

بە خوێندنەوەی من، بلۆکبەندی چینایەتی سەردەمی مارکس‌و ئەنجلس.. هەتا دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دەوروبەری جەنگی دووەم، پێگەو ڕێگەی بۆ جۆرێکی دیکەی پێگەو ڕێگەی چینایەتی، گۆڕدراوە. تەنانەت پێگەی چینە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەش گۆڕدراون. هزریشیان چەشنی ڕابوردوی کلاسیکی نەماوە. کورتییەکەی:

مرۆڤایەتی، لەم سەردەمەدا، جیاواز لە سەردەمی خوێنمژینی سەدەی هەژدەهەم‌و نۆزدەهەمی چینایەتی دەژی. بەڵکو ئەرکی چارەنوسسازی مرۆڤایەتی دیکەش زەقبونەتەوە. وەکو ژینگەپارێزی‌و مەترسی نەخۆشییەکان.

بۆیە، لەدوای جەنگی ساردەوە کرێکاران، لە ڕۆژئاوادا زیاتر لە جاران، هەم خۆشگوزەرانیان هەیە، هەم، هاوپێناوی ئامانجی دادپەروەری چینایەتی نوێیان بۆ پەیدا بووە. بەشێوەیەکی دیکە، کرێکاران ناتوانن لەبەرامبەر مەترسییەکانی تێکچونی ژینگە، کە سەرمایەداری چاوچنۆك لێی بەرپرسیارە، هاوپەیمانی فراوان لەگەڵ چین‌و توێژی دیکەدا نەکەن بۆ ڕەواندنەوەی مەترسیەکانی پیسی ژینگە. جگە لە کێشەگەلی نەخۆشییە فیزیکی‌و دەرونییەکان، دیسان کرێکاران‌و ڕەنجدەران، تەنها بە خەباتی چینایەتی ناتوانن چارەسەر بدۆزنەوە.. ئەمەیان پێویستیان بە زانست، زانا، ئەزمونگا و پارەی بێشومار هەیە.

کورتییەکەی دەمەوێ بڵێم:

دۆخی رۆژئاوا، لە دوو- سێ دەهەی ئایندەدا، بەرەو خەباتی دادپەروەری فراوان دەچێ.. کە دەبێ چوارچێوە چینایەتییە دێرینەکە جێبهێڵێ. لەڕووی بابەتیەوە، خەباتی دادپەروەری، دەبێتە ستراتیژی کرێکارانو تەواوی ئەو چینو توێژانەی بەرژەوەندی جۆراوجۆریان (نەك هەر چینایەتی) لەدادپەروەریدا، دەبێ.

سەرهەڵدانی خەباتی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەرۆژئاوادا، کاریگەری بابەتیی لەسەر خەباتی دیموکراسی رۆژهەرڵات دەبێ. کە بەداخەوە سەرجەم خەباتی دیموکراسی رۆژهەڵات، لەسەر دەستی بۆرژوای لەرزۆكو سەرمایەداری دابەستەی رۆژهەڵات، تائێستا شکستیان خواردووە. لەناو ژانی ئەو شکستە مێژوییەدا خەباتی دیموکراسی نوێی سەردەمی گلوبال سەرهەڵدەدا، کە لەڕووی بابەتیەوە هاوپەیمان دەبێ لەتەك خەباتی دادپەروەری رۆژئاوادا.

پێشمان وایە، ئەو خەباتە ناکۆکییەی خەوتمان پێوە دەبینی، تەنها لە پەیوەندی ئۆرگانیکی خەباتی دادپەروەری رۆژئاواو دیموکراسی رۆژهەڵات (یاخود وڵاتانی دواخراو)دا، لە ئاییندەدا دێتەدی. هەنگینێ کرێکاران، بە گەوهەرو شێوازی دیکەی خەباتەوە، لەناو هاوکێشە ئابوریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئاییندەدا، کاریگەر دەبن. بێگومان بۆ ئەو ئامانجە هاوبەشانەی لەئاییندەدا، لەڕووی بابەتییەوە، فۆرمیلای خەباتی کۆمەڵایەتی- دادپەروەری- دیموکراسی دەکرێن.

ئەم بۆچونانەمان، تەنها بۆچونێکی تیۆری- سیاسییە.. کە پێمانخۆشە، دیالۆگی لەسەر بکرێ. بەهیوای گەڵاڵەی هەمەلایەنە بێتە بەرهەم.

٢٠٢٢/٦/١

کوردستان..

لەبەردەم دوابڕیاردایە!!

ساڵەهایە، بۆ بەرژەوەندی هاوبەش، یەکێتی و پارتی و گۆڕان، لە حکومەت و پەرلەماندان. بەڵام لەڕووی سیاسییەوە، لەدوای کشانەوەی یەکێتی لەهاوپەیمانی ستراتیژی و جیابونەوەی گۆران لە یەکێتی، هەرسێ لایەنەیان، نیوانیان لە گرێژنەی هاوپەیمانی دەرچووە!

ئەمە لە کاتێکدا، هەرسێ لایەن مەدەنین و دەیانتوانی لەژێر ساباتی سیستەمێکی دیموکرات و کۆمەڵێکی مەدەنیدا، ئەرکی هاوبەش ڕاپەڕێنن. بەڵام ئەو هەلەیان لەدەستدەدا!!

یەکێتی، ئامانجێتی هاوسەنگی سیاسی-حوکومڕانی بگێڕێتەوە، بەڵام دابەزینی ڕێژەی دەنگەکانی، وەکو هێزی دووەمی لێکردووە.

پارتی، لەدوای دواکۆنگرەیانەوە، ئامانجیانە بتوانن هێندە دەنگ بهێنن، بە تەنها حکومەت پێکبهێنن.. لە دواهەڵبژاردنی عێراقدا، پارتیش دەوروبەری دوو بەرامبەری یەکێتی، ڕێژەی دەنگی دابەزی.

بزوتنەوەی گۆڕانیش، دوای ئەوەی لە یەکەمین تەوژمی سەرهەڵدانیدا (٢٥) کورسی هێنا، بەرە بەرە دۆخی کوردستان پێچەوانەی ئامانجەکانیان، ڕێژەی دەنگی ئەمانیش داکشاندە خوارەوە!

سەرەنجام، نەتوانیان لەناو ئۆپۆزسێوندا بمێننەوە، نە توانیشیان لەناو حکومەتدا، ڕێژەی دەنگەکانیان بپارێزن.

لایەنەکانی ئۆپۆزسێون (نەوەی نوێ، یەکگرتوی ئیسلامی، کۆمەڵی دادگەری) تارادەیەك بەرچاویان ڕۆشنترە، چۆن چۆنی پێگەی بەرهەڵستیان بپارێزن.. گەرچی ئەمانیش کەوتونەتە ناو هەڵچون و داچونی ڕای گشتییەوە.

تەواوی لایەنەکان، بەچوار بەرنامەی جیاواز چونەتە بەغداد. لەوەش دژوارتر، پارتی بەڕەسمی و ڕێککەوتن لە بەرەی سێقۆڵیدا (کورد، سوننە، شیعە) یەکێتیش بەرەسمی و بەبێ ڕێکەوتن، لە بەرەی شیعەی چوارچێوەی هاوئاهەنگییە.

بەو دۆخە سیاسییەوە، هەم هێزە کوردستانییەکان لایەنیکەمی ڕێککەوتن لە ناویاندا نییە. هەم لە بەغدادیش، کەوتونەتە ناو گێژاوی لایەنەکانی شیعە و سوننە..

واتا: تابلۆی سیاسی کوردستان-عێراق، وەکو خۆڵبارینی وڵاتەکە، مەودای بینینی باش دیار نییە!!

شیعەکان، ناکۆکی تائیفی و بنەماڵەی و سیاسی و حوکومڕانیان لە نێواندایە.

کورد.. ناکۆکی سیاسی و بەرژەوەندی حوکومڕانیان لەنێواندایە، بەداخەوە ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییەکانی نێوان (یەکێتی و پارتی و گۆڕان) کاڵبونەتەوە. بەڵکو ئایدیۆلۆژیەت کەمترین باوی هەیە!

ساڵانی رابردوو، سەرەڕای هەموو ناکۆکی و کێشەکان، هێزە کوردستانییەکان، لە دەرفەتەکانی دۆخی ناوچەکەو عێراقدا، هەرچی چۆنێك هەبووە، کایە سیاسییەکانی دەکرد. بەڵام عێراق، ئەگەر ئەمجارە حکومەت پێکەوە بنێ، ئەگەر لەسەر سەرۆك کۆمار و هەڵبژاردنی کوردستانیش رێکبکەون (کە هیوادارم رێکبکەوون) زۆر ناخایەنێ، لەسەر کێشەی نەوت و گاز.. هەروەها بودجە و موچە.. جگە لە گرفتگەلی دیکە، هەرێم و بەغداد، دەگەنە بنبەستی سیاسی..! کە دوور نییە عێراق، لە دۆخێکی وادا، لەخۆی راببینێ، لە بەشێکی بەرچاوی بەڵێنەکانی بەرامبەر هەرێم هەڵگەڕێتەوە بە مادەی (١٤٠) یشەوە! بەتایبەتی دۆخی نێونەتەوەیی و ئیقلیمیش مایەی مەترسین بۆ کورد!!

کەواشبێ یەکێتی و پارتی، لەبەردەم دووڕیانێکی ئاڵۆزدان. هەردوو لایەن، ئەگەر نەرمی بنوێنن.. لە ناوەڕاستی رێگەدا رێکبکەون..

بێگومان، بەشێکی مەترسییەکانی هاوکێشە سیاسییەکانی ناو عێراق و ئیقلیم، دەرهەق بەرۆژگار دەرەوێننەوە. ئەگەرنا، هەردوو لایەن سووربن لەسەر بڕیارەکانی پێش هەڵبژاردنی عێراق، کە دەرکەوت، بۆیان ناچێتەسەر، لەحاڵەتی وادا، هەردوولایەن خۆیان دەخەنە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی گەورەی مێژووییەوە، لەبەرامبەریشدا، ئەگەر خەڵك لەهەڵێکدا، دژیان رانەپەڕێ، بێگومان، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستاندا، پتر لەهەڵبژاردنەکەی عێراق، (بەتایبەتی کێشەی موچە ئێستا گرێدراوەتە چارەسەری کێشەی نەوت و گازەوە) خەڵك لەیەکێتی و پارتی دەتەکێتەوە. ئەمەش هاوتا کردنی سندوقەکانی دەنگدانە، بە ڕاپەڕینی بێدەنگی جەماوەر!!

٢٠٢٢/٦/٥

دەستەی دامەزرێنەرو
سەرکردایەتی وڵات، لەویژدانی مێژوونوساندا!!

ئەمساڵ، یادی (٤٧) ساڵەی یەکێتی زۆرتر بەڕاگەیاندن کرا. ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر ەچاوپێکەوتندا لەگەڵ سایتی هاوڵاتی.. تەواوی مێژووی بەستەوە بەکۆبوونەوەکەی بەرلین.

نامەوێ وەڵامی کەس بدەمەوە.. نەشمدەویست لەگەرمەی یادەکەدا هەڤاڵانی یەکێتی بەڕەخنەکانمەوە سەرقاڵ بکەم. بەڵام ئێستا بەپێویستی دەزانم، وتارێکی (١١) ساڵ لەمەوبەرم کە ئاراستەی «سەرۆك مام جەلال»م کردووە.. نەکا بوترێ: ئەرێ هەتا مام جەلال زیندوو بوو، بۆ ئەم قسانەت نەدەکردا!

هەمان وتار ئێستا بڵاودەکەمەوە، هەتا جیاوازی رۆڵی دامەزرێنەرانی یەکێتی و سەرکردایەتی ناو وڵات و کۆمیتەی هەرێمەکان بزانرێ و مەبەستم تەنها راستییەکانی مێژووە..

دڵنیاشم ئەوانەی لە(٤٧) ساڵەی یەکێتیدا، بێویژدانیان بەرامبەر شەهید ئارام و شەهید شیهاب و شەهید عەلی عەسکەری و رەسوڵ مامەندو شەهید جەعفەرو رەئوف بەگو مامۆستا عەزیزو سەدان شەهیدی دیکە کرد.. کە بەئاستەمیش ئاماژەیان بۆ رۆڵی خۆیان و هاوڕێکانیان نەکرد.. یان بە مەبەست رۆڵی کۆمیتەی هەرێمەکان و سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالیستیان فەرامۆش کرد، دڵنیام قسەی ئەم بێویژدانانە، وەکو بڵقی سەر ئاو وایە.. بەنوکە قەڵەمی مێژوونوسێکی بەویژدان، هەڵدەتۆقێ!!

لە ساڵڕۆژی یەکێتیدا..
ئاوڕێکیش لە سەرکردایەتی فەرامۆشکراوی ناو وڵات

بێگومان دامەزراندنی یەکێتیو بەرپابونی شۆڕشی نوێ، دوو روداوی هەرە کاریگەری مێژووی نوێی گەلەکەمانن. ساڵانە زۆر باسیان دەکرێت، یادەکان و رێڕەوی (٣٦) ساڵ خەبات، هێشتا زۆریان بە بەرەوە ماوە بابەتیانە لەسەریان بنوسرێت. بێگومان جەنابی مام جەلال و هەندێك لەهەڤاڵانی دەستەی دامەزرێنەر، کاریگەریی بەرچاویان لەو مێژووەدا هەیە.

دیارە سەرگوزشتەی ئەندێشەی یەکێتیو چۆنێتی دامەزراندنی، هێندەی من دەیزانم، لەو زەمان و زەمینەیەدا، کە پێنج ساڵ بوو (کۆمەڵەی مارکسی لینینی ئەندێشەی ماوتسیتۆنگ) هەبوو، یەکێتیش لەسەر

رەگی کۆمەڵە روابوو، گفتوگۆی جۆراوجۆری لەسەر هەبووە. بەتایبەتی، کە راوێژ بە سەرکردایەتی کۆمەڵە کراوەو بۆ ئەو مەبەستەش، پێشئەوەی شەهیدان (شەهاب‌و جەعفەرو ئەنوەر) بگیرێن و لەسێدارە بدرێن. شەهید ئەنوەر زۆراب جارێك‌و كاك فەرەیدون عەبدولقادر جارێکی تریش، سەردانی شامیان کردووەو بەنوێنەرایەتی کۆمەڵەش گفتوگۆیان لەگەڵ جەنابی مام جەلال کردووە.

تەنانەت، جیاوازیی لەنێوان ئەو هەڤاڵانەی لە شامدا بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال، کۆبونەتەوەو (١٩٧٥/٥/٢٣) رەشنوسی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیان نوسیوە، لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەی لەبەرلیندا فراوانتر کۆبونەتەوەو دوا پاکنوسی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیان بڵاوکردۆتەوە (١٩٧٦/٦/١)، جیاوازی لەنێوانیاندا بۆ چۆنێتی دامەزراندنی یەکێتی‌و تەنانەت لەسەر هەندێ چەمکی ئەوکاتەی یەکێتی، هەبووە.

لەم جیاوازی بیرکردنەوەو دوو کۆبونەوە جیاوازەدا، هەشت رۆژ لە مێژووی یەکێتی، قرتێنراوە.

ئێستا کە کۆمەڵەی رەنجدەران، لەلایەن ئەوانەوە کە باوەڕیان بە ستراتیژی رزگارکردنی هەر چوار پارچەکەی کوردستان پێکەوە هەبوو، لەسەر سنوری دوو پارچەی کوردستان ساڵی (١٩٨٩) نێژراو پێنج ساڵ لەتەمەنی ئەم رێکخراوە، لە مێژووی یەکێتیدا سڕایەوە، بەڵام لە دامەزراندنی یەکێتیەوە، خۆ دەبێ مێژووی بەردەوامی رووداوەکان، وەکو رویانداوە، بنوسرێتەوە.

من لەو کەسانە نیم بتوانم لەڕۆژی دامەزراندنی یەکێتیەوە، بۆ ئەو بیروڕایانەی لەکاتی دامەزراندنی یەکێتیدا، مشتوماڵ کراون، بەوردی قسە بکەم. ئەمەیان ئەرکی ئەو کەسانەن کە لەناو پرۆسەکەدا بوون. بەڵام لەدامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە (پاییزی ١٩٧٥) شایەتی بەشێکی زۆری چۆنێتی دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان، پەیوەندیکردن بە دەستەی دامەزرێنەری دەرەوەی وڵات، خۆئامادەکردن بۆ جەنگی پارتیزانی، وەرگێڕانی نامیلکەی یەکێتیی نیشتمانی بۆچی؟ نوسینی پەیڕەوی ناوخۆی پارتیزانەکان، چۆنێتی کۆکردنەوەی فەرماندە عەسکەری و رابەری سیاسی و پێشمەرگەکانی دەستەکانی سەرەتایی، کڕینی چەکە ژەنگاوییەکان، پێکەوەبەستنی رایەڵەی رێکخستنەکان، دروستکردنی شانە سەرەتاییەکانی یەکێتی لەلایەن کۆمەڵەوە، کێ ئامادەبوو بێتە ریزەکانی رێکخستن‌و کێش ئامادەنەبوو، هەروەها کێ بوون ئەوانەی ئامادەییان دەربڕی ببنە پێشمەرگەو، کێ بوون ئەوانەی گاڵتەشیان بە بەرپابوونی شۆڕش دەهات. چۆنێتی پێکهێنانی مەفرەزەکانی سەرەتای شۆڕش لە: دەشتی هەولێر، دەشتی کۆیە، قەندیل، دۆڵی جافایەتی، خۆشناوەتی، شینکایەتی، بتوێن، مەرگە، قەرەداغ، گەرمیان، بازیان، شارەزور، هەڵەبجە، پێنجوێن، شلێر، شارباژێر، دەوروبەری چوارتا، چەمی رێزان، عەسکەر، سورقەڵەوشان، دروستکردنی یەکەمین دەستەی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی‌و بەسزاگەیاندنی چەندین تاوانبار...تاد.

هەروەها پەیوەندیتەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان‌و دەستەی دامەزرێنەرو گۆڕینەوەی نامە لەنێوان جەنابی مام جەلال، بەدەستنوسی شەهید ئارام‌و مام جەلال، ناوەرۆکی نامەکان، ئامۆژگارییەکانی مام جەلال، پێشنیازەکانی، بڕیارەکانی، چۆنێتی خۆئامادەکردنیان لە کامپی قامیشلو، چالاك‌و چالاکییەکانیان لە دەرەوەی وڵات، رێنوێنیەکانی بۆ پەیوەندی بزوتنەوەی سۆسیالیست‌و کۆمەڵە هەتا خۆی دێتەوە.

چۆنێتی سەرقاڵبونی ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان، جیاوازیی نێوانیان، ماندوبونی بێڕادەی شەهید ئارام بۆ ئامادەکردنی مەفرەزەکانی سەرەتای بەرپابونی شۆڕش، نوسینی بەیاننامەکان، کۆبونەوەکان، چۆنێتی ناردنەوەی دەستە دەستەی پێشمەرگەکان. پاشان پەیوەندی کۆمەڵەو بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان، فراوانبوونی مەفرەزەکان و دروستکردنی هێزی فراوانی پێچەوانەی بنچینەکانی پارتیزانی، ململانێکانی کۆمەڵەو بزوتنەوە، هەتا گەڕانەوەی شەهید شێخ حوسێنی بابەشێخی ئێزدی و کاك نەوشیروان و شەهید حەسەن خۆشناو، شەهید سەید کەریم (هاوینی ١٩٧٧) تا دەگاتە چرکەساتی گەڕانەوەی جەنابی مام جەلال (١٩٧٧/٧/٢٠) بۆ دێی (ماسی ڕۆ- بناری شاخی دالانپۆ) لەکۆتایی ناوچەی هەکاریدا بۆ دۆڵی (گۆستێ) کە ناوچەی برادۆستو هەکاری لەیەك جیادەکاتەوەو ناوچەیەکی ئێجگار سازگارو دڵڕفێنو پڕ لە ترێی کوێستانیو کرۆسکە هەرمێو هەنگوینی کلۆرەداری دەیان ساڵەیە، هەتا دەگەینە یەکەمین کۆبونەوەی سەرکردایەتیو تەنها بەڕێز مام جەلال و کاك نەوشیروان، وەکو دوو کەس لە دامەزرێنەرانی یەکێتی لەدەرەوەی وڵات هاتبونەوەو لەکۆبونەوەکەدا بون، (مانگی ٨ی ١٩٧٧)، تەنانەت بەشی زۆری مشتومڕو بڕیارەکانی ئەو کۆبونەوەیەشمان لەبیرە. جیاوازییەکانمان لەناو شۆڕشو یەکێتیدا زۆر بوون، بەڵام ئومێدمان بە چارەسەرکردنیان زۆرتر بوو. هەر لەم کۆبونەوەیەدا مام بەسکرتێری گشتیی یەکێتی هەڵبژێردرا.

ئەمانە بەشێکی کەمی تێکۆشانی هەڤاڵانی ناوەوەی وڵات بوون. کە سەرەتا کۆمیتەی هەرێمەکان و پاشانیش کۆمیتەی هەرێمەکانو سەرکردایەتی بزوتنەوەی سۆسیالست بە رابەرایەتیی شەهید عەلی عەسکەریو شەهید رەسول مامەند، ئینجا دامەزراندنی سەرکردایەتیی کاتیی ناو وڵات (هاوینی ١٩٧٦)، کە من لەو کۆبونەوەیەدا نەبووم (لە شاردا سەرپەرشتی رێکخستنەکانی سەرانسەری کوردستانو عێراقو پێشمەرگەکانی ناو شارم دەکردو لەگەڵ شەهید ئارام و مەفرەزەکانی قەراغ، گەرمیان، شارەزور، بازیان، شارباژێر، دەشتی هەولێر، ناوچەکانی کەرکوك، هاوئاهەنگیمان دەکرد)، لەگەڵ ئەوەشدا شەرەفی ئەندامێتیی سەرکردایەتی ناو وڵاتیان لەکۆبونەوەکەدا پێبەخشیبووم.

ئەمانە لایەنێکی سەرگوزشتەی تێکۆشانی ناو وڵات بوون، پێشئەوەی هیچ هەڤاڵێکی دەستەی دامەزرێنەر گەڕابێتەوە وڵات. هەڵبەتە دوای گەڕانەوەی جەنابی مام جەلال، بەشێکی بەرچاوی بەرنامەو ئۆرگانەکانی یەکێتی، دابەشکردنی پۆستەکان، چارەسەرکردنی بەشێکی کێشەکان، تەبایی هەتاڕادەیەکی باشتری نێوان باڵەکانی یەکێتی (کە لەدوای کۆبونەوەی دۆڵی گۆستێوە هێڵی گشتیی ناو یەکێتیش پێکهێنراو پاشان بوو بە یەکێتی شۆڕشگێڕان)، لەگەڵ گەیاندنی وەجبەیەك چەکی دەرەوەی وڵاتو دابەشکردنی بەسەر هێزەکاندا، کە زۆربەی چەکەکانیش درانە هەڤاڵانی بزوتنەوە. ئەمانە هەمووی بە رابەرایەتی و کاریگەریی مام جەلال ئەنجامدران.

ئێستا کە (٣٦) ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا تێدەپەڕێ و دیسان تەنهاو تەنها باسی دەستەی دامەزرێنەر لەم یادەدا گەشکرایەوە. پێموایە، کاتێتی، کۆی خەباتی هەڤاڵانی دەرەوەی

وڵات و ناوەوەی وڵات، لەم یادانەو لە یادەکانی تردا، بابەتیانەتر باس بکرێن. من تۆزقاڵێك لەخزمەتو لەدوربینیی مام جەلال و توانای ئەندامانی دامەزرێنەر، بە جیاوازیی کەسایەتیو توانایانەوە، هێندەی ماندوو بوون، دەربەدەر بوون، تێکۆشاون، مەڵۆیەکیان خستبێتە سەر خەرمانی یەکێتی، کەمناکەمەوە، رێزیشم بۆیان هەیە. هەریەکەیان چەندیان کردبێ، هەر بەو ئەندازەیە مێژوو بۆی نوسیون.

بەڵام کەمکردنەوە، یان فەرامۆشکردن، یان لەبیرکردنی توانای سەرکردەو سەرکردایەتی ناو وڵات و ئەو هەموو رابەرە شەهیدو پێشمەرگە قارەمانانە، هەرچەند دەکەم ویژدانم قبوڵی ناکات. بۆیە بەپێویستمزانی، لەم یادەدا بەشێکی بیربخەمەوە. شایەنی باسیشە کە بپرسم: مێژووی یەکێتی، ئەگەر لەسێدارەدانی خاڵە شەهابو هاوڕێکانیو کەم بژیو کەڵ بژی لێدەرکرێت، ئەگەر تێکۆشانی شەهید ئارامو خزمەتەکانی لێکەمکرێتەوە، ئەگەر قارەمانێتیو کاریگەریی شەهید عەلی عەسکەریو شەهیدان: (عومەر دەبابە، دکتۆر خالید، رەسول مامەند، رەئوف بەگ، تایەری عەلی والی، سەعدی گچکە، مامۆستا عەزیزو جەمال تایەر) هەروەها دەیان فەرماندەی شەهیدی تری سەرەتای شۆڕش، کە لە رێکخستنە نهێنییەکانو زیندانەکانو سەرەبزێوی پارتیزانی (١٩٧٦)وە دەستیانپێکردو بەگژ مەحاڵدا چونەوە، ئەگەر ئەمانە، لە یادی یەکێتیدا، هاوشانی دەستەی دامەزرێنەر، لە شوێنو کاتی خۆیدا، رۆڵ و کاریگەرییان گەش نەکرێتەوە، پێموایە، مێژووی یەکێتی و قۆناغەکانی پێشکەوتنی شۆڕش، زیانێکی زۆری بەردەکەوێت.

من دەزانم، لەناو دەستەی دامەزرێنەراندا، مام جەلال، چەند ئەو شەهیدانەی خۆشدەوێت، چەندیش پێش گەڕانەوەی بۆ گەڕانەوە پشتی پێدەبەستن، تەنانەت داواشی دەکرد مەفرەزەی پاراستنیشی، کۆمیتەی هەرێمەکان لە (٣٠-٥٠) ئەندامی کۆمەڵە، ئامادەیان بکات. دیومە چەند جارێك بۆ هەندێك لەو شەهیدانە هۆن هۆن فرمێسك لەچاوی مام هاتۆتە خوارەوە. بەڵام لە یادی یەکێتیشدا، وەکو چۆن باسی دەستەی دامەزرێنەری کردو هەقی خۆی دانێ، هەقیش بوو، ئاوڕێکیش لە سەرکردایەتیو دامەزرێنەرانی شۆڕش لە ناو وڵات، بداتەوە. تەنانەت ئەگەر بە دوو دێڕیش بوایە ئێمەومانانیش ئاسودەییەك دایدەگرتین.

من، ئەمە وەکو ئەمانەتێك دەیڵێم، کە بۆ یەکێتی و بۆ مام جەلال باشترە. ئەگینا بەشبەحاڵی خۆم، هەتا ئێستا قەڵەمم هەڵنەگرتووە باسی بیرەوەریی خۆم لەسەر ئەو مێژووە بکەم. ئەمە لەکاتێکدا، هەن، زۆر کەمیان کردووە، بەڵام کتێبی زل زلی پڕ لەچەواشەکردنی مێژوویان هۆنیوەتەوە. هەندێك لەوانە بەدرێژایی شۆڕش لولەی تفەنگەکەیان لە هیچ شەڕێکدا گەرم نەکردووە. بەڵکو لەشەڕی واش بووە، ئازیزترین پێشمەرگە بە بەرچاویانەوە شەهید بووە، دەستیان نەکردۆتەوە. هەتا شۆڕشیش تەواو بوو، لەبەرئەوەی کڵاوەکەیان بە سیکۆتینی خۆپەرستی بەسەریانەوە نوساندبوو، نەکا با بیبا، بۆیە ئێستاش کەروێشکێك دوژمنیان نییە.

لەکۆتاییشدا دەڵێم: ئایا کاتی نەهاتووە، لیژنەیەکی شارەزاو بەتوانا، بۆ نوسینەوەی وردو درشتی مێژووی یەکێتیو شۆڕش پێکبێت؟ هەتا بەئەمانەتەوە، ئەو مێژوە بدرێتە دەستی نەوەی ئێستاو نەوەکانی ئایندە. پێموایە کاتێتی.

٢٠٢٢/٦/٧

یادی کۆمەڵەو
پاساوی بێ بنەمای هەڵوەشاندنەوەی..!

(١٩٧٠/٦/١٠) یادی (٥٢) ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە. کە شیهابی شێخ نوری، دامەزرێنەرێتی و هەر خۆیشی بە پەندی (کەم بژی و کەڵ بژی) لەزینداندا سەلماندی، کۆمەڵە لەسەر چ بنەمایەکی مێژوویی دامەزراوەو لەناو چ پرۆسەیەکی مێژووییشدا، دەتوانێ ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ.

دوای جەزرەبە بەرکەوتنی سەرکردایەتی کۆمەڵەو گیرانی سەرکردایەتیەکەی.. (کە دەیانتوانی خۆیان لەو کارەساتە بپارێزن) شەهید ئارام، بەپشتیوانیی خاڵە شیهابو زۆربەی سەرکردایەتی زیندانیکراوی کۆمەڵە، خۆیی‌و کۆمیتەی هەرێمەکان، توانییان کۆمەڵە لە کارەساتی گیران‌و ڕاوەدوودان.. پاشان، ئامادەسازی بۆ شۆڕش‌و هەڵگیرساندنی شۆڕش، ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە بگێڕن.

ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥) تەنهاو تەنها، سەرکردایەتی کۆمەڵە بەخەباتی نهێنی، شانیاندایە بەر دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپ.

(١٩٧٥-١٩٧٧)یش، تەنها کۆمیتەی هەرێمەکانی کۆمەڵە، توانییان کۆمەڵە لەکارەسات بپارێزن و ڕێگاش خۆشبکەن، دەستەی دامەزرێنەر، دوای هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمیتەی هەرێمەکان ساڵی (١٩٧٦-١٩٧٧) پاشان لەتەك بزوتنەوەی سۆسیالیستی، لەخۆیان رابیینن بڕیاری شۆڕش بدەن. هەروەکو مام جەلال بەردەوام دەیفەرموو.. ئەگەر لەناو وڵات شۆڕش بەرپا نەکرایە، لەدەرەوەی وڵاتەوە شۆڕش بەرپا نەدەکرا..!

ئەو هێزە کەمەی لە قامیشلوش مەشقیان پێدەکرا، زۆربەیان کۆمەڵە بوون. سەرقافڵەی هاتنەوەی مەفرەزەکانی قامیشلۆش، بۆ کوردستان لە(١٩٧٦/٦/١)، کە (٣٨) هەڤاڵ بون، فەرماندەکەیان شەهید برایم عەزۆ بوو.. (نەك ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەر) ئامر مەفرەزەو ڕابەرە سیاسیەکانیشیان، هەر کۆمەڵە بوون.

لەم وتارەدا، جێگەی شەن و کەوی تەواوی ڕاستیەکان سەبارەت بە ڕۆڵی کۆمەڵە، نییە! کە چۆن هەتا هەڵیانوەشاندەوە، جۆشێنەری کوانوی شۆڕش‌و چالاکییەکان بوو.

لێرەدا.. تەنها باس لەوە دەکەم.. کە ڕێکخراوێکی وەکو کۆمەڵە، کە وەکو پێویستییەکی مێژوویی دامەزرا، لەشۆڕش هەڵگیرساندنیشدا.. لەزیندانەکاندا.. لەخەباتی ناو شارو خۆپیشاندانەکاندا.. لەکاتی کارەساتەکاندا.. سەرەڕای کۆمەڵێك هەڵەو لادان‌و بادان، سەلماندی چۆن شۆڕشگێڕترین ڕێکخراوی خەبات بووە.. دەتوانم

بڵێم:

- لە(٨٠٪)ی کادرو فەرماندەو پێشمەرگەی شۆڕش کۆمەڵە بوون.
- زۆربەی هەرە زۆۆری شەهیدەکان، کۆمەڵە بوون.
- زۆربەی هەرە زۆری زیندانییەکان، کۆمەڵە بوون.
- تەواوی چالاکییە عەسکەرییەکانی ناو شارەکان، کۆمەڵە بوون.
- ڕاپەڕینی ناو شارەکان، کۆمەڵە پێشڕەوی بوو.
- زۆربەی سەرکردە شەهیدەکان، کۆمەڵە بوون.
- زۆربەی فەرماندە شەهیدەکان، هەر کۆمەڵە بوون.. تاد.

کۆمەڵە، بەرگەی هەموو کارەساتەکانی گرتووە.. بەبێئەوەی جگە لەسەرکردەو ئۆرگانەکانی کۆمەڵە، لەهیچ وڵاتێكو لەهیچ سەرکردەیەكو لەهیچ لایەنێکەوە، هاوکاری کرابێ. بەڵکو دژایەتیش دەکرا. تەنانەت کەسوکاری شەهیدەکانیش، بە پیتاکی هاوڕێیانی کۆمەڵە، هاوکاری دەکران!

ئایا، لەئەنفالەکاندا، بۆچی پارتی، سۆسیالیست، حیزبی شیوعی.. زەحمەتکێشان، کە کۆمەڵە لەهەمویان بەهێزتر بوو.. بۆچی ئەوان توانییان لەئەنفالەکاندا خۆیان ڕابگرنو هەرەسیان نەهێنا؟ ئەی بۆچی سەرکردایەتی کۆمەڵە، لەڕووی دەرونی-سیاسیەوە روخانو کۆمەڵەیان لە پلینیۆمێکدا (نەك کۆنگرەش!) هەڵوەشاندەوە؟!

هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە، بەبێئەوەی پاساوی بابەتی لەپشت هەڵوەشاندنەوەکە بوبێ، دەریدەخات، ئەگەر مام جەلال و بەشێکی مەکتەبی سیاسی نەبوایە، کۆتاییان بە شۆڕشەکەش دەهێنا، یان بە کەمترین دەستکەوت لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، ڕێکدەکەوتن.

ماوەی نێوان هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە (١٩٨٩) و داگیرکردنی کوەیت ساڵێك و بەرپاکردنی ڕاپەڕین (١٩٩١)، تەنها دوو ساڵ بوو. لەو دوو ساڵەدا، کۆمەڵە دەیتوانی درێژە بە خەبات بدات. چونکە زۆربەی پارتیزانەکان کادری کۆمەڵە بوون. ڕێکخستنەکانیش، کە لەخزمەتی پارتیزانەکان بوون، زۆربەیان کۆمەڵە بوون. واتا:

ئەگەر کۆمەڵە خۆیان ڕاگرتبا، ئەگەر سەرکردایەتی کۆمەڵە، بەرگەی ڕووداوەکانی گرتبا.. لەڕاپەڕیندا کۆمەڵە دەیتوانی بەهێزترین ڕێکخراوی چەپ بێ. نەك تەنها دەیتوانی هەڵەو کەموکوڕییەکانی خۆی چارەسەر بکات، بەڵکو ڕێگەیشی دەگرت لەناو یەکێتیدا، بەرە بەرە هەڵە لەسەر هەڵە کەڵەکە بێو بشگەنە بنبەستیش!

لە یادی کۆمەڵەدا.. دەبێ دوور لە سۆزو رق، بە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە، بڕوانینە ئەو مێژووەو پاساوە بێ سەروبەرەکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە، بدرێتە بەر نەشتەری رەخنەی لۆژیکی.

ڕۆژگارەکەش سەلماندیان، نەبونی هێزێکی چەپی بەهێز، چەند زیانی بۆ خەباتی دیموکراسیو دادپەروەری هەیە!

٢٠٢٢/٦/١١

چوارچێوەی هاوئاهەنگی بێلایەنە یان لەگەڵ یەکێتیدایە؟

دوێنێ (٢٠٢٢/٧/٤) چوار چێوەی هاوئاهەنگی کۆبونەوە و ڕاگەیاندراوێکیان لەم دۆخەدا، کە سەدریەکان لەسەر چزوی سیاسین، بڵاوکردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا، پەیامێکیان ئاراستەی یەکێتی و پارتی کردووە، هەتا کاندیدی سەرۆک کۆمار یەکلابکەنەوە. ئەم پەیامە، بەشێوەیەکی گشتی، پەرۆشی چوار چێوەکە بۆ چارەسەری کێشەکان دەگەیەنێ، بەڵام ژێر دێری پەیامەکە، سەرسوڕهێنەرە. بۆ؟

چونکە هەتا سەماحەتی سەدر لە پرۆسەکە نەکشابوەوە، چوارچێوە، پشتیوانی کاندیدی یەکێتیان بۆ سەرۆک کۆمار دەکرد. ئێستا کە بەرە سێقۆڵیەکەی سەدریەکان و پارتی و سوننە، تێك چووە، چەند ڕۆژێك دیمەنە سیاسیەکە وادەبینرا گوایە، چوارچێوەی هاوئاهەنگی ئیتر سەرکەوت و لە کوردستانیشدا، یەکێتی دەیباتەوە، بەڵام بەرەبەرە، دیمەنەکە هەڵگێڕدرا؛ پارتی لەسەر کاندیدی خۆی سورە. یەکێتیش کاندید ناگۆڕێ؛ سەدریەکانیش لەسەر هێڵی سوری ناکۆکیەکان گوڕیان بەستووە. لە بەرامبەردا چوارچێوە تێگەیشتن، ئیسقانەکە لە چەندین لاوە دڕکی هەیە. بۆیە، بەرەبەرە زۆربەی چوارچێوە، ئاراستەی سیاسەتیان گۆڕی. لیستی نەسر و بیت للحکمة، لە دژواری دۆخەکە کشانەوە و ئامادە نین ببنە بەشێکی کابینەی چوارچێوە؛ هادی عامریش ناکۆکی لەتەك مالیکی هەیەو هێشتا کاندیدێکیان بۆ سەرۆك وەزیران بەتەنها نییە. هەموو لایەکیشیان نەیانتوانی، کاندیدی یەکێتی بکەنە سەرۆك. بۆیە، ناچاربوون، پەیامێك بڵاوبکەنەوە و کێشەی یەکلایی کردنەوەکە بخەنە گەروی کورد. ئەمە لە کاتێکدا، لە بنجینەدا، کێشەی قوڵ بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لە هەناوی شیعەکاندایە.

ئەم پەیامەی چوارچێوە بۆ کورد، کە کاندیدی سەرۆك کۆمار لەناو یەکێتی و پارتی ساغ بکەنەوە، لایەنی کەم والێکدەدرێتەوە:

یەکەم: تاکە کاندیدی پشتیوانی لێکراوی سەرۆك کۆمار، کاندیدی لای چوارچێوە یەکێتی نییە.

دووەم: بە هەموو ئاڵوگۆڕەکانەوە، لە ناو کورسیەکانی پەرلەمان، چوارچێوە هێشتا ناتوانێ (٢٢٠) کورسی بۆ سەرۆک کۆمار دەستەبەر بکات. بۆیە لەگەڵ پارتی نەرمی دەنوێنن، هەتا پارتی و سوننەکان ڕابکێشن!

سێیەمیش: هەموو لایەکیان نیگەرانن، کە لەدوای ٧/١٥ ڕەوتی سەدر، لە مەدینەی سەدر، نەیقەومێنێ.

ڕەحمەت لە گۆڕەکەت چەرچڵ کە فەرموبووت: لە سیاسەتدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی هەمیشەیی نییە.. بەڵکو بەرژەوەندی هەمیشەی هەیە!!

٢٠٢٢/٧/٥

ساڵڕۆژی شەهید عەلی عەسکەری و شەهیدانی هەکاری..

(پەندەکانی شەڕی ناوخۆ)

(٤٤) ساڵ لەمەوبەر، شەهید عەلی عەسکەری، کرایە قوربانی شەڕێك، کە تۆزقاڵێك باوەڕی پێی نەبوو، ئەویش شەڕی ناوخۆیە.

لە کتێبی (لەبری بیرەوەری) باسی هەڵمەتی هەکاریو ئەرکەکانیو هەڵەکانیم کردووە. لێرەدا نامەوێ باسیان بکەمەوە. ئەوەی دەمەوێ لەم ساڵڕۆژە خەمناکەدا بینوسم.. تەنها پەندە مێژووییەکانی شەڕی ناوخۆیە. کە قوربانیەکانی، جگە لە هەزاران پێشمەرگەی تێکۆشەر، کەڵەپیاوی وەکو عەلی عەسکەریو د.خالیدو شێخ حسێنو ڕەئوف بەگ..تاد.

دەپرسم: ئەنجامی شەڕی ناوخۆی (جەلالی-مەلایی) چی بوو؟

دوای (٦) ساڵ یەکترکوشتن، جەلالیەکان چونەوە ناو پارتی، ئیدی مێژوو دەرگای لەسەر تەوژمێکی سیاسی بەناوی جەلالی داخست. هەرچی ئەدەبیاتی جەلالیشە.. لە ئەرشیفێکی باسنەکراودا، هەڵگیراوە. ئەدەبیاتی مەلاییەکانیش لەوبارەوە، هەر داخراوە. کە هەردوولا بەناوی پارتی دیموکراتەوە شەڕی یەکتریان کرد. دەرکەوت، مەلایی خۆفرۆش نەبوون، بۆیە جەلالی چونەوە ناو پارتی. دەریشکەوت، سەرەڕای ئەوەی جەلالی لەپاڵ حکومەتەوە شەڕی مەلاییان دەکرد، جاش نەبوون، بۆیە، بارزانی لاپەڕەی برایەتی بۆ هەڵدانەوە. بەڵام برینەکانی ئەو ڕۆژگارە، هێشتا ماویەتی ماکەکە دەربهێنرێو سارێژیی دەرونی-سیاسی بکرێ.

ئایا، پەند، لەو شەڕە نەگریسەی ناوخۆی شەستەکان وەرگیراوە؟

هەرگیز نەخێر. شەڕی ناوخۆی ناو شۆڕشی نوێ، سەلمێنەری قسەکانمانە.

بە چ پێوەرێکی ئەقڵو سیاسەتو کوردایەتی، گەلێکی لە ڕێکەوتنی جەزائیردا خیانەتلێکراوی وەکو کورد، لەهەمان ڕۆژگاری جەنگی ساردوو پیلانەکانی ئیقلیمیدا، یەکێتیو پارتی دەست دەکەنەوە بە شۆڕش، کەچی یەکێتی بە هێرشی سیاسی بۆ سەر (پارتی-قیادەی موەقەتە) دەستپێدەکات، بەبێ دەرس وەرگرتن لە کێشەکانی جەلالی-مەلایی.

پارتیش بە پەلاماری عەسکەری وەڵامی یەکێتی دەداتەوەو برایم عەزۆو هەڤاڵەکانی شەهید دەکات. کەوابێ ئازارەکانی شەڕی جەلالی-مەلایی، خرانە کام خانەی سیاسەتەوە؟

ئیتر، باقی روداوەکانیش، ئەڵقە دوای ئەڵقە هەر خوێنیان لێدەچۆڕێ.

بەندە، سێ جار شەهید عەلی عەسکەریم دیووە. جاری یەکەم لە یاخسەمەر بەهاری ١٩٧٧. جاری دووەم لە قەندیل-کیفارینە، هاوینی هەمان ساڵ لای خوالێخۆشبوو بابیزی عەباس ئاغای ئاکۆیان. جاری سێهەمیش، لە کۆبونەوەکانی نۆکانی پێش هەڵمەتی هەکاری (نەورۆز-نیسان)ی ١٩٧٨.

لەم سێ جارەدا، بێ تەمومژ، ئەم رابەرە، تۆزقاڵێك باوەڕی بە شەڕی ناوخۆ نەبوو. هەر دەیگوت: پەلاماردانی پێشمەرگەکانی یەکێتی تاوانە.. بەڵام ئێوە زوخاوی شەڕی ناوخۆتان نەچەشتووە.. تکایە با شەڕەکە قوڵ نەکرێو درێژ نەخایەنێ.

کاتێك کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی لە نۆکان دەکرا. شەهید هەمان هەڵوێستی بەرامبەر مام جەلالو سەرکردایەتی دوپات دەکردەوە.. گەرچی سوپاسالاری کوردستانیش بوو.

لە کۆبونەوەکەدا دەیفەرموو.. دەسەڵاتم بدەنێ کاك ئیدریس ببینم، هەتا چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکە بدۆزینەوە. واتا:

بە نیازی چارەسەریش، جگە لە ئەرکەکانی چەكو تفاق هێنان، رابەرایەتی هەڵمەتی هەکاری دەکرد.

کاتێك، کایە سیاسیو عەسکەریو دەرونیەکانی مێژوو، ئاوێتەی بزوتنەوەی چەکداری دەکرێنو کێشە کۆنو نوێکان، دەبنە هەوێنی بڕیاردان، ئیتر خەباتی چەکداری، دوچاری هەڵبەزو دابەزی چاوەڕواننەکراو دەکرێ. لەبری ئەقڵانیەتی سیاسی، ئاگری لولەی تفەنگەکان بڕیار دەدەن!!

ئێستا، کە بەرپاکردنەوەی شۆڕشی نوێ، هەڵمەتی هەکاری، یەکترکوشتن، ژینگەی چۆنیەتی بڕیاری سیاسیو عەسکەری سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆ لێکدەدەمەوە، قێز لە دروشمبازیو ختوکەدانی رقەبەرایەتی نێوان یەکێتیو پارتی دەکەم.

لاسارەکانی ئێستای ناو کێشەکانی یەکێتیو پارتی، لە هەمان ئەو لاسارانەش ناچن، کە لە سەرەتای شۆڕش، هیچ نەبێ بۆ بەرگری لە بیروباوەڕو تۆڵەی شەهیدەکانیان، داوای دەستکردنەوەیان دەکرد. لە سەرەتای شۆڕشدا لاسارەکان ئەزمونیان کەم بوو. عەلی عەسکەری ئەزمونی زۆر بوو. ئێستا سەدان کەس ئەزمونی شەڕی ناوخۆی هەیەو هەوڵدەدەن قوڵکردنەوەی کیشەکان نەهێڵن..

کەچی لاسارەکانی ئێستا، نە کارەساتی هەکاری و نە شکستەکانی یەکێتی لەدوای ئەوەش هەتا ٣١/ی ئابو شەڕی یەکێتی لەگەڵ تورکیا-پارتی ١٩٩٧، هیچی ئەو کارەساتانە دەرسی کوردایەتی پێ نەداوون. ئەمانە نەك لەسەر لاساری بەردەوامن.. بەڵکو بوختانو درۆش بۆ پەرۆشەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی دۆخی ئێستاش هەڵدەبەستن. ئەمە لەکاتێکدا.. پەرۆشەکانی ئێستا بە تفەنگو شەڕی سەخت لە سەرەتای شۆڕشدا یەکێتییان پاراستووە، لاسارەکانی ئێستا تەنها قارەمانی فەیسبوكو خیتابی ئاگرینی بەر زومی کامێران!

٢٠٢٢/٧/٧

سەر و سمێڵ تاشین،
ڕەفتاری چ تاقمێکن؟

دوو ڕۆژە، میدیاکان سەرقاڵی سمێڵو سەرتاشینی پێشمەرگەیەکی کاکەین. ئەم ڕەفتارەش، لەلایەن سێ کەسی حەشدی شەعبیەوە، لە یادی (٧) ساڵەی دامەزراندنیان، ئەنجامدراوە. لەکوێ؟ لە ئامرلی لای کفری، کە ئەگەر بە هاوکاری هێزی پێشمەرگە نەبوایە، شیعەکانی ئەو ناوچەیە، تەفروتونا دەکران.

لێرەدا، ناچمە ناو هەڵدانەوەی قەتماغەی سیاسیو عەسکەری، ئەمەیان، بۆ مێژوو با بمێنێ. ئەوەی لام گرنگە.. ڕەفتارەکەی سێ کەسی حەشدی شەعبییە.

جارێ، با بپرسین، لەدوای سەرهەڵدانی داعشەوە، ئایا، تاقە کاکەییەکیش لەهەموو جیهاندا بوەتە داعش؟ بێگومان نەخێر. ئەی هەموو ئەوانەی بونەتە داعش، ئایا موسڵمان نەبوون؟ بەڵێ توندڕەوترین موسڵمان بوون!!

کەچی، ئەم سێ حەشدە، لەبری ئەوەی ڕێزی کاکەییەکان بگرن، کە تاقە کەسێکیشیان نەبونەتە داعشو دەستیان لە ڕشتنی خوێنی هیچ موسڵمانێکو مرۆڤێك نەژەنیووە، چاکەیان بە نەتك کردن دەدەنەوە.

ئەم ڕەفتارە، ڕەنگدانەوەی پەروەردەی ئەو کەسانەیە ئەنجامیان داوە. کە ئەم پەروەردەیە ڕەگوڕیشەی لەناو ئەقڵیەتی فاشیانەدا، ڕۆچووە. بە ڕای من، مشتێك نمونەی خەروارێکە، هەموو کوردێك لە ناوچە کێشە لەسەرەکان دەبێ بزانن، کورد لەمە زیاتر بێخاوەن بکەونە بەردەستی ئەم تاقمانە، جگە لە تەعریبی بەردەوام، ئەتکی بەردەوامیش دەکرێن.

ئەو کاربەدەستو بەرپرسانەی هەڵوێستی لێبڕاو دژی ئەم ڕەفتارە قێزەونانە دەرنابڕن، بێگومان بەرامبەر تاوانی گەورەتریش لەئاییندەدا، دەستی هەڵپەرستییان بەکڵاویانەوە دەگرن! سەرەنجامی بێدەنگی بەرامبەر ڕەفتاری سەروسمێڵ تاشین.. کارەساتی گەورەتری لێدەکەوێتەوە!

٢٠٢٢/٧/٢٤

کۆبونەوەیەکی بە پەلە.. لەنێوان یەکێتی و پارتی پێویستە (بەئامادەبوونی سەرۆکەکان)

هەروەکو چاوەڕوانمان دەکرد، لەبەغدادی پایتەختی عیراق، قڵیشایەوە. پێ ناچێ بەئاسانی ئەمشێوە راپەڕینە، دابمرکێتەوە. ئەگەرەکانی رووداوەکە، لەوپەڕی مەترسییەوە، هەتا زوو قبوڵکردنی داخوازییەکانی سەدرییەکان، لەئارادایە.

ئەم کێشەیە، زۆرتر لەناو هێزە شیعەکان و شەقامی ناڕازیی بەغداد و پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووودایە. بۆ ئەوەی ئەگەرە مەترسیدارەکان لەسەر کورد نەشکێتەوە، داوا و تکام وایە، کۆبونەوەیەکی باڵای یەکێتی و پارتی، بەئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی هەردوولا و د.بەرهەم ساڵح و سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بکرێ.. بۆ ئەوەی، کوردستان و هێزە سیاسییەکانی وەکو بەشێکی چارەسەری کێشەکان، تەرحیان هەبێ.

شەرەفێکی سیاسی گەورەیە، لەم دۆخەدا، کورد، بەهەموو هێزە سیاسییەکانییەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە پەرلەمانی عیراقدان، تواناو سیاسەت و بۆچونە هاوبەشەکانیان، یەکبخەن.

تکایە..

سەرۆک و سکرتێرەکان، گەورەیی بنوێنن و لەبەر رۆشنایی دۆخی ئێستا، هەنگاو هەڵبهێنن. هەتا ئەم خۆپیشاندانانە دەستیپێکرد، یەکێتی و پارتی قسەی خۆیان بردەسەر، ئێستا کاتی هاتووە، قسەکانتان یەکبخەن و بڕیاری هاوبەش و هاوچارەنوس بدەن.

ناشبێ وا بیربکرێتەوە، کە دۆخی بەغداد، کاریگەری لەسەر کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان نابێ.. نەخێر، بە دڵنیاییەوە، هەموو ئەگەرێک لەکوردستانیش، لەباش و خراپ، لەبەردەمماندایە.

٢٠٢٢/٧/٢٧

نوتقێکی حەیدەر عەبادی و خۆپیشاندانەکانی نەوەی نوێ!

نەوەی نوێ، دوای چەندین ڕۆژ بانگەوازی بۆ خۆپیشاندان، دوێنێ ئەنجامیاندا. کاریگەری بانگەوازەکەیان و ئامادەیی خەڵك.. با ڕاپرسی لەسەر بکرێ. لەسەر ئەم خۆپیشاندانە سێ کاردانەوە سەرنجی ڕاکێشام:

یەکەمیان: ئامادەیی زۆری ئاسایش و پۆلیس و گرتنی دەیان کەس.. لە ناویاندا، پەرلەمانتارانیش.

دووەمیان: کاردانەوەی کونسوڵگەریەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا و لۆمەی گرتنەکانیان کرد.

سێهەمیشیان: ڕەخنەی حەیدەر عەبادییە بۆ بەرگریکردن لە ئازادی خۆپیشاندەران!

بەکورتی.. دانە دانە، ئەم هەواڵ و ڕوداوە شەن و کەو دەکەین. پێشەکی دەڵێم:

بێگومان خۆپیشاندانی مەدەنی، مافی مەدەنیانەی هەموو حیزبێك و ڕێخراوێك و گروپێکە.. تەنانەت هی کەس و کەسایەتیەکانیشە. دیارە، خۆپیشاندان تا خۆپیشاندان هەیە؛ هی پیشەیی، مەدەنی، فیمینیستی حیزبی، چینایەتی و نیشتیمانیش، هەریەکە لەو خۆپیشاندانانە، شوێن و کات و ئامانجگەلی خۆیان هەیە، تێکەڵکردنی شێواز و شوێن و ئامانجەکانی ئەو خۆپیشاندانە، زیان بە خەباتی سیاسی- مەدەنی- کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ.

ئەگەر نەوەی نوێ ئامانجێتی، ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری و سیستەمسازی بکات، پێویستبوو لە بەیاننامەیەکدا ڕونی بکاتەوە و ڕەزامەندیشی لە حکومەت، لەسەر وەربگرێ. لەبەرامبەر خەباتی مەدەنی وادا، کە ئامانجەکەی پێش وەخت دیاری کرابێ، حکومەت پێویسەتە بە ئاسایی و مافی مەدەنی قبوڵی بکات.

خۆ ئەگەر، نەوەی نوێ دەیەوێ، گۆڕانکاری لە حکومەتدا بکرێ، دەبێ ئەمەشیان بە دیاریکراوی باسبکات و تەم و مژ لای خەڵك و حکومەت نەهێڵێ.

بەڵام.. ئەگەر مەبەستیانە، حکومەت لە ڕێی خۆپیشاندان و فشاری جەماوەریەوە سەراپا بگۆڕن.. یان بروخێنن، لەمەیاندا ئیتر دەبنە ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێڕ و لە ڕوانگەی حکومەتیشەوە، لە باشترین حاڵەتدا، وەکو نەیاری ڕوخێنەر سەیردەکرێن. نەك وەك ڕیفرۆمخواز، یان ڕەخنەگر.. یان چاکساز! دیارە لە بەرامبەر سیاسەت و بڕیاری وادا، حکومەت دەستەو ئەژنۆ دانانیشێت و چاوەڕوانی ڕوخانی خۆی لە سەردەستی دژەکانی ناکات. ڕێگای پاراستنی دەسەڵات تا ڕادەی توندوتیژیش، دەگرێتەبەر. دەپرسم: ئایە نەوەی نوێ،

ئەو جۆرە خەبات و مافە مەدەنییەکانی پۆلێن کردبوو؟

ئەوەی لام سەیرە، بەڕێز شاسوار عەبدول واحید، ئەمڕۆ فەرمویەتی: سلێمانی دەگۆڕین، پاشان هەولێر و شارەکانیتر. ئەگەر ئەمە ئاخاوتنی بەڕێزیانبێ.. هەم هەڵەی تەکنیکی و هەم هەڵەی ستراتیژییە. ئەم چەشنە کەرت کەرت کردنەی بەدی هێنانی ئامانجە جەماوەریەکان، کە گوایە دوای ڕزگارکردنی شارێك پاشان شارەکانی دیکە، ڕزگاردەکرێ.. ڕێك ئەم بۆچونە بە درێژایی مێژوو زەمینەی شکستی خۆپشاندان و سەرکەوتنی حکومەتەکانە .

جگە لەو ڕاستیانە، هاوکاتی خۆپشاندانەکان لەگەڵ خرۆشانی سەدریەکان، هەڵەیەکی کوشندەبوو.

هەمیشە.. لاسایی کردنەوە، چ هیٓ شۆڕشی چەکداریەکان و چ هی خۆپشاندان و ڕاپەڕینەکان، دوچاری شکست بوون و دەبن.

ئەوەی سەدریەکانی بزواندووە، چەند ڕاستیەکە..

١- باوەڕی مەزهەبی

٢- نەمانی متمانە بە حیزبەکانی دەسەڵات

٣- دژایەتی گەندەڵی.. جگە لە ڕاستیگەلی دیکەش.

کوردستان.. خەسڵەتی خۆی هەیە، کە لە عێراقی عەرەبی جیادەکاتەوە. لێرەدا، مەزهەبگەرایی نەبۆتە ستراتیژی سیاسی، واتا: مەزهەب داینەمۆی دەرونی جەماوەریی کوردستان نییە. بێگومان لە کوردستانیشدا گەندەڵی هەیە و متمانەی خەڵکیش بە حکومەت لە پاشەکشەیەکی دژواردایە. بەڵام داینەمۆکە مەزهەبی یان هەر داینەمۆیەکی سیاسی- کۆمەلایەتی دیکە لە کوردستان نەبێ.. لاسایکردنەوەی عێراقی عەرەبی لە کوردستاندا، کۆپی کردنێکی سیاسی- جەماوەری نەگونجاوە، ئەنجامەکەش دەر کەوت..!!

وەکوتر.. بەو شێوەیە دابەزاندنەی ئاسایش و هێزی پۆلیس، هەروەها گرتنی ئەندامانی پەرلەمان و نوسەر و خۆپشاندەران، دەیسەلمێنێ حکومەت چەند وریای ئەم ڕوداوانەیە.. چۆنیش لای مەبەستبوو، بۆیە زوو بە توندی دایمرکاندەوە، لە کۆتایدا دەڵێین:

نەوەی نوێ چاوەڕوانی خۆپشنادانی زۆر گەورەتری لە سەرانسەری کوردستاندا، بەتایبەتی لە سلێمانیدا دەکرد، وا دەرنەچوو.

حکومەتیش، وای چاوەڕوانکردووە، خۆپشاندانەکە گەورەتربێ لەوەی کرا، بۆیە هێزی زۆری بۆ دامرکاندنەوەی دابەزاند.. ئەمیش وادەرنەچوو.. واتا: هەردوو لا بەهەڵە چوون.

دەمێنێتەوە بۆچونی بەڕێز عەبادی بۆ پشتیوانی خۆپشاندانی کوردستان.

لە کاتێکدا پێمان خۆشە، عەبادی وای فەرموە. بەلام عەبادی کە بە درێژایی سەرۆکایەتیەکەی، مادەی (١٤٠)ی جێبەجێ نەکرد. چارەسەری کێشەی نەوت و گازی هەڵپەسارد. موچەو بودجەی خستە قورگی حوکمرانی مەزهەبگەراییەوە.. هەروەها لە ١٦/ی ئۆکتۆبەریش، لە بری چارەسەری سیاسی و دەستوری، هەنگاوی بۆ لەشکرکێشی بردوو دەیان پێشمەرگەی شەهید و بریندار کرد. دەیان هەزار کەسیشی ئاوارە

کرد. گەمارۆی لە ئەرز و ئاسمان خستە سەر خەلک..

تەنانەت ماوەیەک رێی نەدا بە یەک فرۆکەش لە کوردستان دابەزێت، هەروەها لە سەردەمی خۆی دا، لە عیراقی عەرەبیدا، یەک کێشەی بنچینەی ئابوری و سیاسی و خزمەتگوزاری.. چارەسەر نەکرد.. ئەوە پاشماوەکەیەتی لە سێکتەری: کارەبا، سیستەمی تەندروستی، سیستەمی پەوەردە.. ڕێژەی هەژاری و بێکاری ..تاد

سەرۆک وەزیرانێکی ئاوها .. چۆن دەتوانێ لەگەڵ مافی مەدەنی خەلکی کوردستاندا، دیموکراسی بێ؟!

هەتا زووشە.. گیراوەکان ئازاد بکرێن.. بۆ پێگەی حکومەت باشترە.. تا درەنگیش ئازادیان بکەن.. حکومەت زیاتر زەرەر دەکات! بەتایبەتی لەم هەلومەرجەدا، لەسەر ئازادی بیر و ڕا، حکومەتی کوردستان، لە رۆژئاوادا، لەژێر فشاری سیاسیدایە!

۲۰۲۲/۹/۷

هەڵدێری تێکەڵاوکردنی
هێزی چەکدار و خۆپیشاندان
(سەدرییەکان نمونەن)

خەبات، ستراتیژو تاکتیکە. شێوەکانی خەبات، ڕێگاکانی بەدیهێنانی ستراتیژە، تاکتیکیش، مانۆڕەو هونەری قۆستنەوەی هەلە.. یان پەکخستنی پیلانە.

شۆڕشی چەکداری، ڕاپەڕینی جەماوەری، خۆپیشاندانی فراوان، ڕێپێوان‌و مانگرتن.. ڕێبازی جۆراوجۆری گۆڕەپانی خەباتن. باش بەکاربێن ئامانج بەدیدێنن. خراپیش بەکاربێن، شکست دەخۆن!

لەدوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران‌و ڕاپەڕینی فەلەستین، ستراتیژی ڕاپەڕینی بەردەوام، بۆتە ئاڕاستەی سەرەکی سەرکەوتنی جەماوەر.

مەرجی سەرەکی ڕاپەڕینی بەردەوام، یان خۆپیشاندانی بەردەوام، تێکەڵاونەکردنێتی بە خەباتی چەکداری. کە تێکەڵاو کرا.. هەڵدەدێرێ!

ڕابەرانی ڕاپەڕینی بەردەوامی ئێران، کە لەناو دەیان ملیۆن هاوڵاتی دژی ڕژێمێکی بەهێزی نۆکەری ئیمپریالیزم بەرپاکرا، باش باش تێدەگەیشتن، ئەگەر خەباتی چەکداری تێکەڵاوی ڕاپەڕینی گەلان بکەن، ڕژێمی شا سەرکوتیان دەکات.. بۆیە سەرەڕای هەزاران شەهیدو بریندار، هەر نەیانکرد.

دوای ئەوە ڕاپەڕینی فەلەستینیەکان، کە ملیۆنەها فەلەستینی، بە دار و بەرد دەچون بەگژ بەهێزترین حکومەتی عەسکەری-ئەمنی-ئیسرائیل، بەرپاکرا. زۆر لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران درێژتری کێشا.. ئەمانیش وریا بون خەباتی چەکدارییان تێکەڵ بە ڕاپەڕین نەکرد.. هێزی چەکداری ئامادەشیان هەبوو.. بۆیە سەرکەوتن.

کوردستان.. بە خەباتی چەکداری شکستی خوارد. بەڵام بە ڕاپەڕین دوای شکستی عێراق لە داگیرکردنی کوەیت، هاتە مایە و سەرکەوت.

ڕاپەڕینی سوریاو لیبیاو یەمەن، تێکەڵاوی خەباتی چەکداری کران، لە بەدیهێنانی دیموکراسی‌و گۆڕینی سیستەمدا، شکستیان خوارد.

لە مانگی ڕابوردودا، سەدریەکان خۆپیشاندانی فراوانیان کرد. کاریگەریش بوون. هەڵەی دەستپێکی

یەکەمیان ئەوە بوو، پەرلەمانیان داگیر کرد. بەمە، جۆرێك لە شەرعیەتیان دایە چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ بەرگریکردن لە داوودەزگاو ئەنجومەنی یاسارێژی!!

هەڵەی دووەمیان پەلاماردانی دادگای باڵای عێراق بوو.. لەمیاندا، شەرمەزار بوون.

هەڵەی ستراتیژی سێهەمیشیان؛ تێکەڵاوکردنی هێزی چەکدار بوو بە خۆپیشاندان. ئەم هەڵەیە، جگە لە کوشتارەکەی.. خۆپیشاندانەکەشی لەبار بردو پاساوی سەدریەکانی لاواز لاواز کرد. سەرەنجام، بە شەوورۆژێك سەماحەتی موقتەدا لە مەترسیەکان تێگەیشتو بەتوندی هاتە سەر هێڵو بڕیاری کشانەوەی هێزی سەرایا سەلامی دا. خۆپیشاندانەکەشی راپێچا.

رابەری قاڵو قوڵبوو.. دەبێ بزانێ، ستراتیژ چۆن دیاریدەکاتو تاکتیکەکانی چەند زیرەکانە هەڵدەبژێرێ. چۆن چۆنیش بارودۆخیان بۆ دەرەخسێنێ.

ئێستا ئیتر عێراق، بۆ هەلومەرجێکی سیاسی نوێ وەردەچەرخێ.. تارادەیەك، کارتە تێکەڵاوەکانی لایەنەکانی یەکالا دەبنەوە. نە سەدریەکان چەشنی جاران دەتوانن بڕیار بدەن. نە چوارچێوەی هەماهەنگیش دەتوانێ.. بە رقی سیاسیو پەرچەکردار و خۆسەپاندن، بڕیار بدات.

هێزە کوردستانیەکانیش.. ئیتر کاتێتی فریای کوردستانو دەستور بکەوون.. هەلومەرجە نوێکە لەدەست مەدەن.. ئۆباڵ لە ئەستۆتان.

٢٠٢٢/٩/٣٠

شەهیدکردنی "ژینا ئەمینی" دوا ڕووداو نابێ!

(ژینا ئەمینی) نەونەمامە تازەهەڵچوەکەی سەقز و کوردەواری، بەشەهیدکردنی، بووە سومبلی هەمیشە درەوشاوەی کوردستان.

لەم کورتە وتارەدا تەنها بۆ شەهیدێك شین ناگێڕم. ناشمەوێ ئەو زوخاوە پەنگخواردووەی دەیان ساڵە هەڵڕێژم. تەنها دەمەوێ بڵێم:

ژینا، ڕوداوێکی کوتوپڕ سەرهەڵداوی کوردستانو ئێران نییە. بەڵکو تەواوی ڕوداوەکانی ئێران (هەروەها وڵاتانی تری دەوروبەر) بە ڕێکەوت ڕونادەن. هەر لە قەیرانی ئابوریەوە، بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی، تا دەگاتە سەرهەڵدانی کێشەگەلی سیاسی.. بەڵکو دردۆنگی باری دەرونیش.

لە گەرمەی جەنگی سارددا، گەلانی ئێران ڕژێمی شایان ڕوخاند. بەحوکمی زۆرینەی ئیسلامی-شیعە، چەپو دیموکراتو ئێرانچیەکان، لەهەڵبژاردنو لە مقاوەمەتی چەکداریدا پاشەکشەیان کرد. کۆماری ئیسلامیو، ویلایەتی فەقێو، ئیمام خومەینی سەرکەوتن. (٤٢) ساڵی ڕەبەقە، ئەم سیستەمە فەرمانڕەوایە. لەو چوار دەهەیەدا، جیهان بە سیستەمی نوێو پاشان جیهانگیری، گۆڕدرا. ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست جۆرەها گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینی. جەنگەکانی: عێراق-ئێران، عێراق-کوەیت، عێراق-کوردستان، کۆتاییان هات. بەهاری عەرەبی سەریهەڵداو بە توندڕەویو بێئەزمونیو هەڵەی ڕابەرانی، سەرکوت کرا؛ لەو ڕوداوە سیاسییە کاریگەرتر، ئابوریو تەکنەلۆژیاو شۆڕشی زانیاری، سەراپا چەمکەکانی جیهانبینیو حوکمڕانییان گۆڕیوە! لە ئانو کاتێکدا، بە کلیکێك جیهان دێنێتە ناوماڵو کام سەنگەری چەکداریو ماڵی نهێنی بەرهەڵستکارانیش قایم بێ، بە فڕۆکەی درۆنو موشەکی دوورهاوێژ، خاپور دەکرێ!!

ڕاستە ئێران، لەبەرامبەر فشارە دەرەکیەکانو کێشەو نارەزاییە ناوخۆییەکاندا، وێڕای قەیرانو تەنگوچەڵەمەکان، خۆی ڕاگرتووە. تەنانەت لە دانوستاندنی ئەتۆمییشدا، سورە لەسەر بڕیارەکانیو نەگەیشتۆتە ڕێکەوتن (کە پێموایە هەر دەگەنە ڕێکەوتن!) بەڵام..

ئێران لەو ڕاستییە دڵنیایە، کە سەراپای وڵاتەکە لەبەردەم شەپۆلەکانی گۆڕانکاری جیهانیو نارەزایی بەرینی ناوخۆییدا، ناتوانێ بێ تفاوت بمێنێتەوە. ناشتوانێ هەتا سەر تەنها بە زەبروزەنگ سیستەمەکەی ڕابگرێ.

کێشەی دیموکراسی.. فراوانتر لە دیموکراسی دینی-مەهەبی، لەئێراندا دامانگیری وڵاتەکەیە. قەیرانی ئابوری، زۆربەی خەڵك، لەپێشەوەدا هی کرێکاران، مامۆستایان، فەرمانبەرانو ژنان (بە ستەمکاریو باوکسالاری)یشەوە، تا دێت قوڵو قوڵتر دەبێ. ژنانو مامۆستایان بونەتە پێشەنگی داخوازی پیشەییو گۆڕانکاری.

دەستوری گەلپەسەندی ئێران دوای (٤١) ساڵ وەکو دەستوری هەموو وڵاتانی کە قۆناغی جیاوازو گۆڕانکاری فراوانیان بەسەردا دێو دەچنە سەردەمێکی ترەوە، پێویستی بە پیاداچونەوەو داڕشتنەوەیەتی بەپێی ئەرکو داخوازیەکانی سەردەم.

دەرکەوت، بە خەباتی چەکداری، یان تەنانەت بە گەمارۆی ئابوریش، ئێران ناڕوخێندرێ؛ بەڵام ئەم راستییە ئەوە ناگەیەنێ کە شەهیدکردنی هاوڵاتیەکی کوردی-ئێرانی، تەنها لەسەرئەوەی سەرپۆشەکەی چەند سانتیمەترێك خزاوە، هەروا بەئاسانی لەناو رای گشتی توڕەدا، دەچێتە سەر. هەربۆیە لە کۆشکی سپیەوە بۆ ماڵە هەژارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاودەنگ بوون! سەرەنجام، ڕۆژهەڵاتی کوردستان دڵیان نەهات ژینا بەتەنها لەناخیاندا بنێژن.. هاوکات (٥) کێلی دیکەیان لەتەنیشت کێلی ژیناوە، سەرکەش راگرتو دەیان کەسیش بە گوڵاڵەسورەی برینیانەوە، کەژاوەی ئەم جوانەمەرگەیان رازاندەوە.

ژینا، کچە نەشمیلێکی سەقزی-کوردستانی، نەناسراو بوو. کەچی روداوێك کردی بە ئەستێرەیەکی جیهانی. هۆکارەکەی تەنها گیانلەدەستدان نییە. بەڵکو زادەی ئەو دۆخە (سیاسی-ئابوری-کۆمەڵایەتیو دەرونی)یە کە ئێرانی پیادا تێدەپەڕێ. ئەگینا مەعقول نییە، ئێران لەکاتێکدا بەرگەی فشاری گەمارۆی ئەمریکا بگرێ، کەچی شەهیدکردنی کچە کوردێك وڵاتەکە دەهەژێنێ. بەتایبەتی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ورمێوە بۆ کرماشان.. بەوپەڕی ئازایەتیەوە دەخرۆشێن.

دەبێ رەگو ریشەی ئەم کێشانە کە بە شەهیدکردنی کچێکەوە وڵاتێك رادەچڵەکێ، بەقوڵیی هەڵبسەنگێندرێو دەرهەق بەم زەمانو زەمینە سیاسییە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سەرانسەری ئێران، مەجلیسی شوراو حکومەت، بیر لە گونجاوترین چارەسەری سەردەمیانە بکەنەوە. ئەگینا روداوگەلی تر رێیان لێناگیرێ!!

دڵنیام ئەم خۆپیشاندانانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو پشتیوانیەکەشیان لە تارانو شارەکانی دیکەی ئێران، دادەمرکێنن. بەڵام هەروەکو جارێك لە کۆبونەوەی رەسمی لە تاراندا گوتومانە: ئەگەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەك پێشمەرگەشی نەمێنێ، کێشە سیاسییە چارەسەرنەکراوەکەی هەر دەمێنێ. هەروەها کێشە جۆراوجۆرەکانی تریش.

من دڵنیا نیم بکوژی ژینا دادگایی بکرێو سزا بدرێ.. بەڵام دڵنیام رەگو ریشەی ئەم کێشانە نەك بەتەنها لەئێراندا، بەڵکو لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕۆچونەتە ناخی مێژوو، سەرەڕای هێزی چەکدارو تەکنەلۆژیای دوورکوژ و چاودێری، ئەگەر چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە، سەرهەڵدەدەنەوە!!

٢٠٢٢/١٠/٢٠

«سودانی»یش مەکەنە سەرۆك وەزیرەکانی ترا!!

تا دێت، زیاتر دەردەکەوێ سەقامگیرکردنی عێراق وەکو نیشتمانی پێکهاتە جیاوازەکان، کە ببێتە شوناسی ویژدانی هەموان، دژوارە.

وڵاتێك، دوای سەدەیەك‌و، لەدوای برینی چەندین قۆناغ‌و سەردەم‌و سەدان روداو، بەو هەموو دەوڵەمەندیەو بەو پێگە جوگرافی-سیاسییەی هەیەتی، نەیتوانیبێ لایەنی کەمی پێگەکانی نیشتمانی‌و ناسنامەی ویژدانی هاوبەش، لەناو چەندین نەوەدا، بچەسپێنێ، هەروەکو چۆن لەهەمان تەمەنداو بەبێ پێشینەیەکی شارستانیش، دەوڵەتانی کەنداو، توانییان بنەماکانی نیشتمانی هاوبەشیان پێکەوە بنێن. عێراق، بەقەد وڵاتانی کەنداویشی پێنەکراوە، عەرەبستانی سعودیە.. بۆ نموونە.

١٩٢١ عێراق داتاشراوە. سوپاکەی‌و سیستەمەکەی‌و فەلسەفە سیاسیەکەی، بەریتانیا سەپاندونی. پاشان بە رواڵەت کراوە بە کۆماری‌و لەسەردەمەکانی کۆماریدا، لەبری دەوڵەتی مەدەنی، سیستەمی فاشی لەسەردەمی بەعسدا، گەیشتە لوتکە.

لە (٢٠٠٣)وە، گوایە عێراق کراوە بە دیموکراسی. (١٩) ساڵی رەبەقە، نەك لایەنی کەمی دیموکراسی مەدەنی لەم وڵاتەدا نەهێنراوەتەدی، بەڵکو تازە تازە وەزارەتەکان لە مەیدانی هەراجی سیاسیدا، دەکڕن‌و دەفرۆشن. دوو حیزب نادۆزیتەوە، لەگەڵ یەکدیدا راستگۆ بن. کاریزمایەك لەناو عەرەبی عێراقدا، بەکردەوە سەریهەڵنەدا. ئەوەندەی دزەکان لە دزینی سامانی وڵاتەکەدا سەرکەوتوون، سیاسیەکان چارەکی ئەوان ئامانجی نیشتمانی هاوبەش‌و ئەرکی نیشتمانی هاوبەشیان نەهێناوەتەدی. چەند گەندەڵەکان لەسەر گەندەڵی یەکیانگرتووە، دوو بەرامبەر ئەوە سیاسیەکان لێکترازاوون.

دوای پشێویەکی زۆر، خاوەن بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، بۆ پێکهێنانی حکومەت، ژنبەژنیان کردۆتەوە. ئەمجارەیان (محەمەد شیاع سودانی) بازەکەی نیشتۆتە سەر. چۆن ئەو بازە هەڵدراوەو بە کۆنترۆڵی کام وڵاتی ئیقلیمی نیشتۆتە سەر تەپڵی سەری سودانی، ئەمەیان با بۆ مێژوو بمێنێ. ئەوەی گرنگە لە نەخشەی سیاسی عێراقدا، ئەمەیە کە:

- شیعە لێکترازاوون. سوننە سازاوون. کورد تێکچوون.

- حکومەت هێزی چەکداری هەیەو حەشدی شەعبیش هەیە.

واتا: دوو هەژمونگەری چەکداری.

- هەرێمی کوردستان شەرعیەتی هەیە، بەڵام هێزەکەی یەکگرتوو نییە. هێزە سیاسیەکانی ناکۆکن‌و پەیوەندییان لەگەڵ هێزە عێراقیەکاندا، جیاوازە.

- لەعێراقدا، لەلایەکەوە سوپای ئەمریکاو هاوپەیمانانی ئەرکی رەسمیان هەیە. لەبەرامبەریشدا، هەژمونی سیاسی-مەزهەبی ئێران لە وڵاتەکەدا تاڕادەیەك بەهێزترە، زۆربەی حەشدی شەعبی دڵسۆزی ئێرانن.

- عێراق، نە دەتوانێ سیاسەتی نێونەتەوەیی، نە هی عەرەبی‌و نە هی ئیقلیمیش، یەکلایی بکاتەوە. ئەمە لەکاتێکدا، تەواوی وڵاتانی ئیقلیمی، لە گرەوی ساغبونەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی-ئیقلیمیدایە.. تایبەت دوای جەنگی ئۆکراینا.

لەبەرامبەر دۆخێکی سیاسی-حوکمڕانی ئاودا، بەداخەوە، کورد بە چوار ئاڕاستەی جیاواز لە بەغدادن (پارتی، یەکێتی، ئیسلامی‌و نەوەی نوێ) تائێستا ستراتیژی هاوبەش بۆ دانوستان نییە. تەنانەت پرۆژەیەکی (سیاسی-ئابوری-یاسایی)یش بۆ دانوستاندن، لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراقدا، نییە.

وای دەخوێنمەوە کە: حکومەتی هەرێم، لەم دۆخەشدا بەم بێ‌بەرنامەییەو لە نەبوونی پرۆژەی هاوبەشی نەتەوایەتیدا، بۆ دانوستاندن.. هەمان هەڵە دووبارە بکاتەوە کە لەبەرامبەر حکومەتەکانی: جەعفەری، مالیکی، عەبادی، عادل عەبدولمەهدی‌و کازمی ئەنجامی دەدان.

لەبەرامبەر ئەو حکومەتانەدا، لە دانوستاندنەکاندا یەك کێشەی بنەڕەتی نێوان هەرێم‌و بەغداد، چ کێشە دەستورییەکان (بەتایبەتی مادەی ١٤٠) یان ئابورییەکان بودجەو موچە؛ یاخود سەرچاوە سروشتییەکان (وەکو نەوت‌و گاز) هەروەها چەکدارکردنی پێشمەرگە.. نەك هیچی ئەو کێشانە چارەسەر نەکراوون، بەڵکو زیاتر ئاڵۆزاوون. تەنانەت عیراق کورد هێندە بە لاوازو پەرتەوازە دەزانێ، لەخۆی رادەپەرموێ.. بودجە وەکو خێرپێکردن بداتە هەرێم. نەوت وەکو سواڵکردن ببەخشێ. نەك مادەی (١٤٠) جێبەجێ ناکات.. بەڵکو تەعریبی نوێش دەسەپێنێتەوە!!

ئێستا پرسیار ئەوەیە: ئایا حکومەتی هەرێم، دەرس‌و پەندی لە هەڵە بنچینەییەکانی رابوردوو وەرگرتووەو ئەمجارە، بە پرۆژەیەکی نوێی هەمەلایەنە، دەکەوێتە دانوستاندن، یاخود، هەروەکو رابوردوو، چۆن هەڵەی بەرامبەر حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی دوای روخاندنی سەدام کرد، هەمان هەڵە لە دانوستاندندا، چەندین پات دەکاتەوە؟!

ئەمجارە، پێویستە لە پاکێجێکی کوردستانی رون‌و رۆشن، تەواوی داخوازییەکانی کوردستان، لە پرۆژەیەکدا گەڵاڵە بکەن. خاڵێکیش فەرامۆش نەکەن. بە قەرەبوکردنەوەی ئەنفال‌و راگواستن‌و

کیمیابارانکراوانیشەوە.

هەڵەیەکی ترسناکە، دانوستاندنەکان، لە ژوورە داخراوەکانی عێراقدا، بهێڵنەوە. با رای گشتیو تەواوی دۆستانی کوردستان، لە وردەکاری دانوستاندنو داخوازییەکان، بە رەسمی ئاگادار بکرێنەوە. کورد لەسەر حەقە.. هەق نییە لەسەر هەق، لە بن لێفەوە دانوستاندن بکەین!

٢٠٢٢/١٠/٢٦

موحازەرەی سیاسی،
ڕێکخراوەیی، خولی پەروەردەیی

داگیرکردنی کوەیت و چارەنوسی نادیاری بەرەی کوردستانی..!

موحــازەرەی (فەلســەفەی سیاســی و رۆڵــی لەهۆشــیاری گشــتیدا)، لەخولــی پەروەردەیــی ڕۆشــنگەری، کــە تــۆڕی ناوەنــدی رۆشــنگەری چاودێــر (پلاتفۆرمــی دابــڕان و فێمێنزمــی رۆشــنگەری)، بــۆ ژمارەیــەك لەهاونیشــتمانانی رۆژئــاوای کوردســتانیان رێکخســتبوو..

رۆژی (٢٠٢٢/١/١٢) سلێمانی...

قەدەری نەوەی ئێمە، نەوەی ئێوەو پێشوتریش، ئەوەیە کە میراتی ئەو بارودۆخە سیاسییەمان لەسەرە، کە پارچەکردنی کوردستانو رووبەڕبونەوەمانە لەگەڵ باکور، باشور، رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستانە، بۆیە هێشتا دەبێ بەرگەی ئەو واقیعە بگرین..!

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، ناوەندی بزوتنەوەی سیاسی، باشوری کوردستانەو سلێمانیش داینەمۆیەکەیەتی. واتا سەد ساڵە باشوری کوردستان، ناوەندی بزوتنەوەی سیاسی، رووناکبیریی و گوتاری سیاسیەو سلێمانیش چەقەکەیەتیو مێژووش سەلماندویەتی یەکێکە لەپێشەوەی هەرە شارە زیندووەکان.

ئەگەرچی پێش جەنگ، ناوەندی بزوتنەوە سیاسییەکان لەباکور بووەو لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، ە سمکۆوە بۆ کۆماری مەهاباد بەردەوام بوو. بەڵام بەراورد بەرۆژهەڵات و بە باشور، رۆژئاوا کەمتر ئەو بزوتنەوە سیاسی و چەکدارییە، یان راپەڕینی تێدابووە، بەڵام لەدوای کێشەکانی سوریا، رۆژئاوای کوردستان، بووە بەژمارەیەکی گەورەو جوان، کە بزوتنەوەیەکی سیاسی و بەرگرییەکی جوانی ژنان و پیاوانی تێدایە.

لەدوای رێنیسانسیشەوە، سێ سەد ساڵە فەلسەفەی سیاسی تێکەڵ بەزانست بووە، بۆیە هەر حزبێك فەلسەفەی سیاسی نەبێ، ستراتیجی سیاسی فەلسەفی نەبێ، حزبێکی ئینتیقائی دەبێ! ئەمەش وا دەکات ئەو حزبە دواکەتووبێ. هەربۆیە حزبەکان لەدنیادا زۆر دروستبوون و زۆریشیان بەهۆی نەبوونی فەلسەفەی سیاسییەوە فەوتاون. چونکە فەلسەفەی سیاسی، روئیای ستراتیجی حزبە، لەڕوی فەلسەفەوە، ئایدۆلۆجیەتەوە، زانستەوە، سۆسیۆلۆجیەوە، سایکۆلۆجییەوە، کە هەموو ئەمانە پێکەوە کۆدەکاتەوەو هەموو ئەمانەش لەسەر مافی سروشتی دروستدەبێت.

پرسیارێکیش کە لەم نێوەندەدا هەیە، ئەوەیە بپرسین: ئێمە وەکو کورد، لەنێو ئەم هاوکێشەیەدا لەکوێداین؟ ئایا ئەم فەلسەفەی سیاسییە لەلای ئێمە چەند جێبەجێ دەبێ، یان قبوڵکراوە، یان دەوڵەتان ئەم مافانە دەسەلمێنن؟

ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، خۆیان نەئازادو تا ئێستاش دیموکراسی نین، نە حکومەتەکانیان، نە ئۆپۆزسیۆنەکانیان لەستراتیجی دیموکراسی، باوەڕیان بەدیموکراسی هەیە، کە خۆیان شتێکیان نەبێ، چۆن بتوانن بیدەن بەئێمە! بۆیە نە ئازادیمان دەدەنێ بڕیار بدەین، نە وەك نەتەوەیەکی هاوتاو یەکسانیش دان بەمافەکانماندا دەنێن! هەروەك دەبینین تا ئێستا لەسوریاو لەدوای چەندین ساڵ لەبەدبەختی، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی سوری، هێشتا مافی چارەنوسی کورد ناسەلمێنێو قبوڵی نییە! کەچی ئیدیعاش دەکەن کە حکومەتی بەشار، حکومەتێکی دیکتاتۆرو سەرکوتکارە! بەڵام خۆیان ئامادەنین تەنانەت لەبارودۆخێکی داهاتوودا کە دەستور بنوسرێتەوە، مافی کورد بسەلمێنن!

کەواتە مافی سیاسی و فەلسەفەی سیاسی، پێداگیرە لەسەر ئەوەی ئەو کەسو لایەنانەی حزب و حکومەت بەڕێوەدەبەن، چەند باوەڕیان بەخودی ئەم فەلسەفەیە هەیە، کە ئەویش دوو کۆڵەگەی هەیە، ئازادیی و یەکسانی!

بەهۆی باوەڕنەبوونیش بەم دوو کۆڵەگەیەو فەلسەفەکەش وایکردووە، بەشی هەرە زۆری ئاسیا لەو کێشانەدابن کە ئێستا هەن و دەبینرێن.

کورد لەمێژووەوە، توشی ئەم حکومەتانەو ئەم نەتەوانە بوین، کە هەم نەتەوەکانی تورکن عەرەب‌و فارس، هەم ئۆپۆزسیۆنەکانیان بە کەمتەرخەم و خەتابار لە پەیڕەو نەکردنی دەزانم! کە تائێستاو لەهەزارەی سێهەمداین، بەڵام هێشتا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی وڵاتانی دەوروبەر، نە لەگەڵ حکومەتەکانیش، کەمترین خاڵی هاوبەشمان بۆ قسەکردن و دیالۆگ، لەنێواندا نییە. تا ئامانجەکانی ستراتیجی دیموکراسی هاوبەشەکان بێنەدی.

هەموو ئەوانەش وایکردووە بەدرێژایی مێژوو، کورد هەمیشە لەبەرگریدا بێ، هەر لەسەردەمی میرنشینەکانەوە تا بەئێستا دەگات، چونکە هیچ جۆرە دانپێدانانێك بەکورد نەکراوەو بەهیچ شێوەیك مافەکانی باس نەکراوەو ناکرێ. ئەگەر توێژینەوەیەکیش لەسەر سەد ساڵی رابردوو بکرێ، بەڕوونی دەسەلمێنرێ ئەم حکومەتانەی ئێستا، نەدیموکراسین، نە باوەڕیان بەئازادی و نە باوەڕیشان بە یەکسانی هەیە!

هەروەک چۆن هەڵەیەکی گەورەش بووە، کە ستراتیجی بەردەوامی کورد، خەباتی چەکداری بووە! هەر لەسەردەمی میرنشینەکانەوە تا ئێستا کورد، هەر سەرقاڵی خەباتی چەکدارییەو خەباتەکانی تری مەعریفە، مەدەنی و فکری، پەراوێزخستووە. بەخەباتی چەکداریش سەرکەوتنمان بەدەستنەهێناوەو، کوردستانی باشوریش، بەهۆی سەرەنجامی هەلومەرجی بابەتی‌و شەڕی کوەیت، بەستراتیجی ڕاپەڕین

سەرکەوتینو گەیشتوینەتە ئەم قۆناغەو ئەگەر کوەیت داگیر نەکرایەو پێشتریش شەڕی عیراق ئێران نەبوایە، دڵنیاتان دەکەم ئەم بزوتنەوە چەکدارییەی باشورو بەرەی کوردستانیش نەدەمان! بەتایبەت لەدوای ئەنفال و کیمیاباران.

بۆیە پێویستە کورد، مێنتالیتییەتی خۆی، ئەقڵییەت و ڕۆشنبیری سیاسەتو فەلسەفەی سیاسی خۆی بگۆڕێ، لەفەلسەفەی سیاسی چەکدارەوە، بۆ فەلسەفەی شارستانییەتی مەدەنی. چونکە ستراتیجی خەباتی چەکداری لەمێژوودا کۆتاییپێهاتووە. دەڵێم ستراتیژی چەکداری. هەربۆیە فەلسەفەی سیاسیمان، لەفەلسەفەی مقاوەمەتەوە، دەبێ بۆ فەلسەفەی مەدەنییەت و ڕەخنەی مەدەنیانە بگۆڕین.

چونکە هێشتا کاریگەری سەدەکانی ناوەڕاست لەئەقڵی خەڵکیدا بوونی ماوەو ئەمەش واتا هەتا باوەڕو ئەقڵییەتی دینی و مەزهەبی سەدەکانی ناوەڕاست مابێ، هەر کاتێك کەسێك بەناوی دینەوە دروستببێ، دەتوانێت چەکداریان بکات، عیراق، سوریا، یەمەنو لیبیاش، باشترین نمونەکانن و هەتا پاشماوەی ئەقڵییەتو بیری سەدەکانی ناوەڕاست بمێنێتەوە، کۆمەڵی کوردستان، ناتوانن دیموکراسی بێت.

بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە خەبات لە پێناوی دیموکراسی و مەدەنیەت و ڕۆشنگەری بکەین، هزر و فەلسەفەی سیاسیمان بکەینە هزر و فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ!

هێزە سیاسییەکان لەئاست ڕووداوەکاندا نەبوون..!

موحازەرەی (بەراوردی سیاسەتی ئێستا و سیاسەتی رابردووی کوردستان) لەخولی پەروەردەی رۆشنگەری، تۆڕی ناوەندی رۆشنگەری چاودێر، پلاتفۆڕمی دابڕان و فێمێنیزمی رۆشنگەری، بۆ رێکخراوی گەنجانی راپەڕین، سنوری قەڵادزێ..

ڕۆژی (٢٠٢٢/٥/٥) سلێمانی

دەستکەوتە مەدەنییەکان، کە بزوتنەوە مەدەنییەکان بەدییانهێناوە، کاریگەریان کەمتر نییە، لەکاریگەری خودی شۆڕشی دیموکراسی.

ساڵ بە ساڵیش رێکخراوەکانی مەدەنی و ئێنجی ئۆکان، گوێ لێگیراوترن و داخوازییەکانیشیان زۆرتر فۆرمەلە دەکەن، هەروەک کارگەریشیان باشتر دەبێت. چونکە خەباتی مەدەنی، خەباتێکی ئەقلانییە، نەک کودەتا! هەربۆیە ئەرکی رێکخراوەکان و خەباتی مەدەنیش، روخاندنی دیوارەکانی نێوان خەباتی جەماوەریی و حکومەتە، نەک روخاندنی حکومەت خۆی!

بەدرێژایی مێژووش، کورد یان خۆی شکستیخواردووە، یان شکستیانپێخواردووە! لەم دووڕیانەشدا یا دوژمنان و داگیرکەران شکستیان بەکورد هێناوە، یان سەرکردەکانمان لە ئاست ڕووداوەکاندا نەبوون و شکستیانخواردووە! هەتا ساڵی (١٩٩١) کە دوو سەد ساڵ زیاتر دەکات، لەمێژووی خەباتی رزگاری کورددا، هەرچی میرنشین، راپەڕینی چەکداریی و شۆڕشی چەکداری هەیە روخێندراوەو لەناوبراون! بەڵام لەساڵی (١٩٩١)ەوە، بەهۆکاری داگیرکردنی کوەیت، راپەڕین بەرپا دەبێت و یەکێتی و پارتی دەتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن و هەتا ئێستا بەردەوامە..

هەتا مێژوو شارەزا نەبیت، ناتوانی سەر لەئێستا دەربکەیت و هەتا ئێستاش بەوردی لێکنەدەیتەوە، ناتوانی ئاینده باش ببینیت. بە درێژایی مێژوو کورد دۆستی نەبووە! بەوردی لەئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی و صەفەوی دواو پاشان داگیرکارانی جیهانی و پشتیوانییەکانیانی بۆ هەریەک لەو ئیمپراتۆرییەتانە خستەڕوو، کە بە بەردەوامی دژی سەرجەم ئازادیخوازانی ناوچەکە بوون بەکوردیشەوە.

پرسیاریش ئەوەیە ئایا کوردو سەرکردایەتییەکەی لەو قۆناغەدا، لەسەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا، لەئاستی رووداوەکانی کوردستاندا بوون؟ ئایا هەموو، یان بەشی زۆری نەتەوەکەمان لەگەڵ شۆڕش و راپەڕینەکاندا بوون؟ بەداخەوە هیچیان لەئاستی رووداوەکان بۆ سەرخستنی کێشەی کورد نەبوون!

سەرکردایەتی سیاسی لۆکاڵی بێ، پشتیوانی ناوچە جیاوازەکانی لەگەڵ نەبێت، دووربینی نەبێ، دۆستێکی بۆخۆی پەیدا نەکردبێ، ئەدەبیاتی نەبێ، کەواتە شۆڕش چۆن بەبێ ستراتیج و تەکتیک سەردەکەوێ؟!

ئێستاش سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئەو دوو هۆکارەی لەمێژوودا هۆکاری لەناوچون و شکستمان بووە، بە باشی رەچاو نەکەین، ئاگامان لە دوژمنەکان و دۆستەکانیان نەبێ چیدەکەن، ئێستاش هەمان مەترسیمان لەسەرە!

دڵنیاشتان دەکەم، لەدوا ئەنجامی رووداوەکانی ئاییندەدا، وڵاتانی زلهێز بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەون! ئەگەر رووداوەکان بەقازانجی نەتەوەکەمان نەشکێتەوەو لەسەر باکور، رۆژهەڵات و باشور رێکنەکەوین، ئایا کورد بەرەو کوێ دەڕۆین؟ کەواتە خەبات بۆئەوەی هێزەکانی کوردستان، چارەسەری کێشەکانیان بکەن، گرنگەو هەوڵبدەین بەیەک گوتار بچینە بەغداد، نەک وەکو ئێستا بەچوار گوتاری جیاواز لەبەغدادبین! پارتی گوتاری خۆی، یەکێتی گوتاری خۆی، ئیسلامییەکان گوتاری خۆیان و نەوەی نوێش گوتاری خۆی، کە ئەمەش گوناهێکی ئێجگار گەورەیە!

بەداخیشەوە کە زۆر لەیەکتر ترازاوین و ئەمەش دەیسەلمێنێ، کە وەک سەرکردەو سەردارانی رابردوو، هێزە سیاسییەکان لەئاست رووداوەکاندا نین و پەرش و بڵاوین، ئەوکات چۆن یەکگرتوو نەبوین، ئێستاش هەروا! ئەوکات چۆن سیاسەتێکی ناوەندی نەبووە، ئێستاش هەروا! ئەوکات چۆن یەک ستراتیجمان نەبوو، ئێستاش بەهەمانشێوە!

لەهەموو ئەوانەش خراپتر، بڕیارە مانگی یانزە هەڵبژاردن لەکوردستان بکرێت، بەڵام تازە بەتازە بیریان دەکەوێتەوە یەک بازنەیی بێت یان فرە بازنەیی بێت؟ لەکاتێکدا پرسیار ئەوەیە بۆ رازی دەبین بۆ هەڵبژاردنی بەغداد فرە بازنەیی بێت، بەڵام لەکوردستان نابێ فرە بازنەیی بێت؟ بانێکە و دوو هەوا؟ یان چی تێدایە گۆڕانکاری لە کۆمسیۆن و یاسای هەڵبژاردندا بکرێت؟ لەکاتێکدا دەبوو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، دیالۆگێکی دیموکراسی نیشتمانی رێکبخرێت و کێشەکانی تێدا یەکلایی بکرێتەوە و چارەسەر بکرێن، نەک کۆبوونەوە لەژووره داخراوەکاندا..!

حزب ئەگەر نەتوانێ کێشە نەتەوەییەکانی ناوخۆی چارەسەر بکات، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ شێخ و ئاغاکانی رابردوو؟! ئەوان شەخس سەرکردایەتی دەکردن و پەرشوبڵاوبوون، بەڵام ئێمە حزب سەرکردایەتیمان دەکات و پەرشوبڵاوین؟ ئەمەش دەیسەلمێنێ نەتەوەکەمان یەکگرتوو نییە و هەر ئەم هۆکارەشە مەترسییەکانمان زۆرتر دەکات، کە توشی شکستێکی گەورەببین.

نەوێران،
بوێری مرۆڤ وێران دەکات!

موحازەرەی (فیکری فەلسەفی و رۆڵی لەهۆشیاری تاک لە کۆمەڵدا) لە خولی رۆشنگەری پەروەردەیی، پلاتفۆرمی دابڕان و فێمێنیزمی رۆشنگەری، بۆ هاوبیرانی بازنەکانی حاجیاوا.

رۆژی (٢٠٢٢\٦\٢٩) هۆڵی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی...

خۆشحاڵم لە حاجیاوا و دەوروبەری، ئەم ژمارەیە لە گەنجی کچ و کوڕ، بەیەکەوە بۆ سلێمانی هاتوون، کە ئێستاش سلێمانی لەپێشەنگی بزوتنەوەی رۆشنگەری و رۆشنبیری کوردستانە.

ئێوەش کە هاتوون بۆ تۆڕی ناوەندی رۆشنگەری چاودێر، بۆ بەشداری لەم خولەدا، هیوادارم ئەم خولە دەرگا بکاتەوە تا بازنەکانی ئەوە دەڤەرە گەرم و گوڕتر بن و ئێوەش وەڵامی هەندک پرسیار وەربگرنەوە، کە لەسەرەنجامدا، خۆشتان هەندێک پرسیارتان لەلا دروست دەبێت و لێرەوە ئیتر عەوداڵی وەڵامی پرسیارە نوێیەکانیش دەبن، ژیان وایە وبەردەوام دەبین.

بێگومان هیچ خەمێکمان نییە، تەنها خەمی هۆشیارکردنەوەی تاک و کۆی کۆمەڵ نەبێت! چونکە نە داهاتمان هەیە و نە بودجە و نە دەوڵەتانیش لەملاو لەولا لە پشتمانن، بەڵکو تەنیا خۆمان تەرخانکردووە هەتا ئەمجۆرە خولانەو چالاکییەکانی تر، لە دابڕان، لە فێمێنیزمی رۆشنگەری، هەوڵبدەین بزافێکی تازە، بزوتنەوەیەکی تازە بۆ دانانی بناغە فکریی و فەلسەفییەکانی دیموکراسی دابنێین.

دەزانین ئەرکەکانمان قورسە! دەزانین رێگەکەمان دوور و درێژە و دەشزانین ململانێ تێدایە و پەرچە کرداری تێدایە! دژایەتی و دوژمنایەتیشی تێدایە!

هەموو ئەمانە دەزانین، بەڵام ئەوەی بیەو رێگەیەکی نوێ بۆ نۆژەنکردنەوەی ژیان بگرێتەبەر، دەبێت باجەکەشی بدات! ئەگەرنا هیچ میللەتێک لە دنیادا، هیچ حزبێک، رێکخراوێک و هیچ بزوتنەوەیەک نە لەئاسمانەوە، بیری نوێی بۆ باریوە! نە لەژێر زەویشەوە بۆی هەڵقوڵاوە! هەموو ئەمانە توانای بیرکردنەوەی ئەقڵی مرۆڤە. کە مرۆڤ وا لێدەکان لەبەرامبەر دیاردە ناپەسەندەکان، دزێو و خراپەکاندا، بیر

لەوە بکاتەوە بەرنامەیەکی تازەی هەبێت، بۆ ئەوەی دۆخ و بیرکردنەوەی دواکەوتوو، بڕیاری دواکەوتوو بگۆڕێت بۆ پێشکەوتوو. ئەقڵی تاریک بگۆڕێت بۆ ئەقڵی ڕووناک. پاشماوەکانی بیری ڕزیوی ڕابردوو لە هەموو بارێکەوە، کە ناگوجێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی ئێستا تیایدا دەژین، ئەوا دەب بەکۆسپ لەبەردەم پێشکەوتن. جا لەهەر بارێکەوە بێت، کۆمەڵایەتی، کەسییەوە، فەلسەفەی پەروەردەو خوێندنەوە، دینی و مەزهەبەوە، لە حزبایەتی و کاری ڕێکخراوەکانەوە، چونکە ئەگەر بتەوێت بەزۆری زۆرداری سەد بۆ (١٠٠ بۆ ١٥٠ ساڵ یان ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ ساڵ) لەمەوبەر ژیان ببەیت بەڕێوە و لە ڕابردوودا چەق ببەستیت، بێگومان بتەوێت یان نا، دەبیت بە بەشێک لەکۆنەپەرستی، دەبیت بەرێگر لەبەردەم پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان و دیموکراسیش!

دیموکراسیش هیچ نییە جگە لەوەی کە زادەی پێشکەوتنە. کاتێک پێشکەوتن دێتەدی، سیستەمی دەوێت، بێگومان سیستەمەکەش دەبێ هەموو تواناکان ببووژێنێتەوە. چونکە تواناکانی کۆمەڵ لەتاکەوە بۆ خێزان بۆ گروپ بەبێ دیموکراسی نابوژێتەوە. واتا بەبێ دابینکردنی ئازادییەکان.

چونکە نەوێریت ڕەخنە بگریت! نەوێریت کۆڕببەستی، نەوێری وتار بنوسیت! نارەزایەتی دەرببڕیت! نەوێریت مافە مەدەنییەکانت داوا بکەیت! یەکێک لە نەوێرانەکان بەهۆی دەسەڵاتەوە بێ! یەکێکی تریان بەهۆی باوک، بەهۆی برا، بەهۆی عەشیرەتەوەبێ، بەهۆی تەکیە و خانەقاوەبێ، نەوێرانێکی تر بەهۆی دەوروبەرەوەبێ، کەواتە ئیدی چیت بۆ دەمێنێتەوە؟!

کاتێک ئاوڕ دەدەیتەوە چواردەورت گیراوە بە نەوێران! هەتا گەماڕۆش درابیت بە نەوێران، بوێری مرۆڤ وێران دەبێت! بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر مرۆڤ بوێربێت، ئەوا وێرانییەکانی ڕابردووش ئاوەدان دەبێتەوە. دواکەوتن پێشدەخات و ئەقڵی داخراو دەکاتەوە! پرسیاری نەکراو دەکات.. ئەمەش مرۆڤە، چونکە مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە لەگەڵ بچوکترین دیاردەدا گەشە بکات و کارلێک بکات! ناکرێ لە ئێستادا کە ئینتەرنێت هەیە، سۆشیالمیدیا هەیە، ناکرێ بڵێ من چ پەیوەندییەکم پێوەی هەیە و لەپەیوەندی عەشایەری خۆم نایەمە دەرەوە! ناکرێ کە دونیاو پێشکەوتنەکانی هەیە، بڵێیت لە دۆڵی خۆمان بترازێ ئەملاو ئەولا ناکەم! لەکاتێکدا دۆڵی خۆت، دۆڵێکی بچوکەو یەکێکە لەملیۆنەها دۆڵی دونیا. هەروەک چۆن زانکۆی ڕاپەڕین زانکۆیەکی بچوکە لەناو هەزاران زانکۆی پێشکەوتووی ئەم دونیایە، بۆ هەموو بابەتەکانی تریش هەروا.

بەهەمانشێوەی چۆن ئیدارەی ڕاپەڕین، ئیدارەیەکی بچوکە لەناو ئەو هەموو سیستەم و ئیدارەیە و شار و شارستانیەتانەی لەدونیادا هەیە. بەڵام بوترێ لە قاوغی ئیدارەی ڕاپەڕین، زانکۆی ڕاپەڕین، خێزانەکەم، عەشیرەت و دۆڵەکەم ناچمە دەرەوە! ئەوکاتە هیچ فێرنابیت! وەکو قۆزاخە لە قاوغەکە نایەیتە دەرەوە. کە نایەیتە دەرەوەش، ئەوا هەر بەدواکەوتوویی دەمێنیتەوە و لەززەت لەژیان نابینیت و پرسیارت لەلا دروست نابێت! پەروەردە نابیت، زانیاریت لەلا کۆنابێتەوە، دونیا نابینیت، دۆستی تازە نادۆزیتەوەو بە

ئۆنلاینیش ناتوانی پەیوەندی بە خەڵکەوە بکەیت، کۆمێنت ناخوێنیتەوەو هەموو ئەمانەش پێکەوە زیانی گەورەت پێدەگەیەنن. ئەگەر نەوێریت ڕابردوو بگۆڕیت گەلێ زەرەرتە!

ئەم دانیشتن و خولانە، خولی بچوک بچوکن و لافی پێوەلێنادەین، ئێوەش تا ئێوارە کە دەڕۆنەوە چوار بابەتی جیاواز وەردەگرن، کە هەر چوار بابەتەکە قەترەیەکە لە دەریای فکرو فەلسەفەو زانیاری لەدنیادا، چەندی وەردەگرن یان وەریناگرن، ئەوە دەمێنێتەوە سەر پەرۆشی خۆتان!

بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە لەدوای ئەم خولە، دەبێ ئێوە ڕۆژانە کتێب و وتار بخوێننەوە و ئەوەش بکەن بەخوو، بۆ ئەوەی پەیگیری بکەن و خۆتان پەردەوردە بکەن. بۆ ئەوەی خۆدی خۆتانبن و کەسی تر نەبن!

هەریەک لەئێمە کە لێرە دانیشتووین سەربەخۆین، بەڵام بەشێوەیەک لەشێوەکان، جڵەومان بەدەستی خەڵکی ترەوەیە! یان حزب، یان ڕێکخراو یان عەشرەت و مەزهەب! یان شێخ و مەلا بەڕێوەمان دەبەن، یان باوکی باوکسالار بەڕێوەمان دەبات! هەموو ئەمانە پاشماوەی بیروباوەڕەکانی ڕابردووون. بەچی دەگۆڕدرێن؟

دیسانەوە دەیڵێم کە ئەم پرسیارە، پرسیارێکی بنەڕەتییە! گۆڕینەکەش بێگومان بە فەلسەفەو پەروەردە دەگۆڕێن. چونکە چەکی دەستی مرۆڤ، پەروەردەیە! ئەگەر لەفەلسەفە هیچ نەزانی، لەکاتێکدا ئەوەی دەیزانین هیچ نییە بەراورد بەوەی لەدونیادا هەیە! هەرچیش بزانیت، هیچ بەهایەکی نییە، ئەگەر لەفەلسەفە نەزانیت! بۆ؟ لەبەرئەوەی پێوەرەکەت پێ نییە! هەروەک با هەموو چواردەورمان گڵۆپ بێت بەڵام ئەگەر نەزانین سویچەکە لە کوێدایە و دایبگرسێنین، هیچ ڕووناداات و هەر بەتاریکی دەمێنیتەوە! فەلسەفەش وەکو ئەو سویچە وایە..

بۆیە هەرکات کۆدەکانی مێشکت دۆزییەوە و توانیت دەستی پێدابنێیت و دایبگرسێنیت، ئەوکاتە هەموو گڵۆپەکانی مێشکت هەڵدەبێت و مێشکت ڕووناک دەبێتەوە، بەرچاوی خۆت بە باشی دەبینیت.

لەم پێشەکییەوە، دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی فەلسەفە بۆ پەروەردەی مرۆڤ، لە سەد ساڵی ڕابردوو، قۆناغ بە قۆناغ، قسەی لەبارەوە دەکەم..

لە سەد ساڵی ڕابردوودا، کورد کەوتۆتەناو دونیای دەسەڵات، خەباتی سیاسی و حکومەت و دامەزراندن.. تد. ئەگەر ئەم سەد ساڵە لێکبدەینەوە، ئایا ئێمە وەکو پێویست تێگەیشتبوین لە ئەرکی سیاسی و فەلسەفەی سیاسی؟ ئایا دونیا چۆن بووەو ئێمەش چۆن بووین؟ ئەوان چۆن پێشکەوتوون و ئێمەش چەند پێشنەکەوتووین؟ ئایا بۆچی دونیا پێشدەکەوێ و ئێمەش بۆ پێشناکەوین؟

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، بەداخێکی زۆرەوە ڕاپەڕینی شێخ مەحمودەوە، وەکو پێویست لە هاوکێشە سیاسییەکان تێنەگەیشتبوو! کە وڵاتێکی زلهێز هاتۆتە پێشەوە ناوی بەریتانیایە، دوایئەویش فەرەنسایە و هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆنترۆڵ دەکات.

شێخ مەحمودیش نەهات وەکو میرنشینەکانی وڵاتانی کەنداو، لەگەڵ ئینگلیز خۆی بگونجێنێت هەتا ئەویش شتێکی بەربکەوێت! دیارە بەریتانیا و فەرەنساش ستراتیژیان بۆ کورد نەبووە! شەڕکردن ئەوکاتە لەگەڵ بەریتانیا هەڵەبوو!

بەڵکو یاری بەناکۆکییەکان کرد، تاوێک لەژێرەوە لەگەل تورکیا بوو، تاوێکیش لەگەل ئینگلیز و عەشایرەکان بوو! تاوێکیش لەگەڵ خوێنەوارەکان بوو! ئەم تاو تاوە لەسیاسەتدا، وردە وردە وایکرد، حومکڕانییەک بۆ شێخ دروست بکەن تا دواتر کوردستانیشمان لەدەستچوو! بەڵام وڵاتانی عەرەبی دەبینین، کە بناغەی وڵاتێکی دواکەوتوویان بۆ دانان، بەڵام ئێستا ئیمارات پێشکەوتووترین و دەوڵەمەندترین، وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. سعودییەش بوو بەو وڵاتەی ئێستا هەیە و ئەوە میر محەمەدیشە، کرانەوەیەکی دروستکردووەو نیمچە ئازادییەکی داوە بەژنان و کچان.

ئێمەش وڵاتێکی بەدبەختین و کەمێک نەوتمان هەیە و بەهەزار ناڵی عەلی دەیفرۆشین، کەچی هەموو دەوڵەتەکانی تر پیلانمان لێدەگێڕن! بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆنین. ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوینایە کێ ڕێگەی لێدەگرتین؟! نەوت بفرۆشین یان نەوت دەربهێنین؟!

لەو هەلومەرجەدا، کورد هەلومەرجی جیهانیمان لەکیس چوو! هەروەک چۆن هەلومەرجە پەروەردەشمان لەکیسچوو! خەفەتەکەشم تەنها بۆ لەکیسچوونی هەلومەرجە جیهانییەکەو دروستکردنی دەوڵەت نییە! بەڵکو هەلومەرجی پەروەردەشمان لەکیسچوو! بۆ؟

ئەگەر دەوڵەتمان هەبوایە وەکو کورد.. ئەگەر میرنشینمان هەبوایە و شێخ مەحموود، میرمان بوایە! ئێستا پەروەردەی کوردستانیش دەبوو. چونکە ئەگەر سەری ئەو مێژووەی ئەوکاتە بکەن، دوو داخوازی گەورە هەیە.

یەکەمیان داخوازییەکی سیاسییە لە ئینگلیز و لەعیراقی سەر بە بەریتانیا، داخوازییەکی تریش ئەوەیە کە مەعاریف- پەروەردە لەکوردستاندا دروست بکەن!

بەڵام هەروەکو چۆن دەسەڵاتە سیاسییەکەمان پێنەدرا، هەر بەوشێوەیەش مەعاریفەکەمان پێنەدرا. (واتا هەموو مەعریفەکان، پەروەردەیە و بۆ پەروەردەیە)، کە بەهەزارحاڵ کەمێک دەرفەتی زمانی کوردیان پێداین بیخوێنین، ئەویش کەم زۆر کەم و کۆتایشیان پێهێنا..!

بڕواموایە گەورەترین جەزرەبە بەر کورد کەوتبێ، ئەوەیە کە نەمانتوانی بەڕەسمی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، پەروەردە هەبێ لەکوردستاندا، کە ئەوکاتە پێشنیاز کرابوو کەرکوک ببێ بەناوەندی پەوروەردەی کوردستان. ئەو کەرکوکەی کە ئێستا دەڵێن کوردستان نییە!

تەنانەت لەسەرەتاوە بەریتانیا و حکومەتی مەلەکیش ڕەزامەند بوون، کەرکوک ببێ بە ناوەندی مەعاریفی کوردستان. دیسان بەداخەوە هەردووکیمان لەدەستچوو!

لەدەستچوونی مەعاریف یان پەروەردە، لەدەستدانی هەموو زانیارییەکانی دونیا بوو! لەدەستدانی

دەسەڵات شێخ مەحمود و حکومەت بوو! لەدەستدانی مەعاریف، لەدەستدانی پەروەردەی نەوەکانمان بوو، لەوێوە کورد کەوتە ژێر پەروەردەی داگیرکەر، واتا داگیرکاری عەرەبی..

(ساتع حوسەری) هات بەرنامەیەکی دانا بۆ عروبە، ئەم عروبەیە، واتا بزوتنەوەی رزگاریخوازی عەرەب و یەکێتی عەرەب و عەرەب، ئەوانیش ئەم پەروەردەیەیان بەسەر کورددا سەپاند و دوایش تێکەڵاوی ئیسلام و مەزهەبیان کرد، هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر، کە سوپای داگیرکەریش لەکوردستاندا نەمابوو، بەڵام پەروەردەی داگیرکەر لەکوردستاندا هەرمابوو، واتا: هەرگیز لەدەستدانی مەعاریفی سەردەمی مەلیک، دوایەوە هی کۆمارییەکەش، هەرگیز زیانەکەی کەمتر نەبووە، لە لەدەستدانی دەسەڵاتی سیاسی، کە لەکیسمان چووە! بەهۆی ئەوەوە، بیروباوەڕی فەلسەفە لەناو ئێمەدا هەر نەبووە!

بۆ یەکەمجار، بابەتێکی فەلسەفەی سەردەمی گۆڕان، بەناوی مادەی دیالێکتیک (١٩٤٨) کە یەکەمین نامیلکە دەکات لەسەر فەلسەفە لەوکاتەدا، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی. وردە وردەش حزبی شیوعی شتێکی لێرەو شتێکی لەوێ وەرگێڕاوە، ئەویش هی ئایدۆلۆجیەتی حزبەکەی خۆیان و یەکێتی سۆڤییەت بووە، ئەگەر کۆی بکەیتەوە لەساڵی (١٩٢١) کە دەوڵەتی عیراق دامەزراوە، هەتا بەیانی ئازار کە نیمچە ئازادییەک لەکوردستاندا هەبووە، دە کتێبی فەلسەفە لەکوردستاندا نییە! کتێب نەک نامیلکەیەک لێرەو یەکێکی تر لەوێ بڵاوبۆتەوە. بەڵام وەک مەنهەج دە کتێب لەکوردستاندا نییە، واتا لەساڵی (١٩٢١ تا ١٩٧٠) کە دەکاتە (٥٩) ساڵی رەبەق، لەو ماوەیەشدا بەهیچ شێوەیەک لەم وڵاتەی ئێمەدا فێربوونی فەلسەفە نەبووە، کتێبی فەلسەفە نەبووە و سەرچاوەی فەلسەفە نەبووە، مەگەر کەسێک چوبێتە ئۆرۆپا و لەوێ خوێندبێتی. زۆربەی ئەوانەشی رۆیشتوون نەگەڕاونەتەوە! کەوابێ بناغەی پەروەردەکردن لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، چ پەروەردەی خوێندنگە، چ پەروەردەی فەلسەفە، لەمێژوودا بۆ کورد، لەدەستمانچووە و لەکاروان بەجێماوین..!

بەڵام لەجەنگی دووەمی جیهان، ئەگەرچی شەڕ نەهاتە کوردستان، بەڵام پریشکی شەڕ و وێرانییەکانی شەڕ هاتە کوردستان و، راپەڕینی بارزانییەکان و هەرچی هەوڵێکی تر دراوە کە کورد بگات بە یەکێک لەمافەکان، هەر نەگەیشت و کۆماری مەهابادیش روخێنرا!

لەجەنگی دووەمیش بەدواوە، هەتا جەنگی سارد تەواو دەبێت یەک ئاراستەیە. ئەگەرچی هەریەکەیان ناوێکیان هەیە! بەڵام یەک رەوت و یەک ئاراستەی مێژوییە. لەو ماوەیەشدا تاکە کتێبت فەلسەفی لەلای ئێمە بڵاوبوبێتەوە، هەر ئەوکتێبانەن کە حزبی شیوعی عیراق ئیشی لەسەر کردوون. یان کتێبە فەلسەفییەکانی ئەقڵی خەڵکی سەقەت دەکرد، وەکوو کتێبی نامەعقول و رەشبینی و پوچگەرایی، کە هەموو ئەمانە کتێبی خراپی دونیای ئۆرۆپان و حکومەتەکان بەمەبەست رێگەیان دەدا کتێبی سارتەر، ئەلبێر کامۆ بڵاوببێتەوە، چونکە بەمەبەست حکومەتەکان دەهاتن ئەم کتێبانەیان دەهێناو کتێبخانەکانیان پڕ دەکرد، بۆ ئەوەی گەنج و لاوی کورد، مێشکی بە فەلسەفەیەکی لاوەکی سەرقاڵ بکات، لەبری ئەوەی

بیر لەئازادی و دیموکراتی و مەدەنییەت و پێشکەوتن بکاتەوە، بیری لەخودی خۆیی و ئارەزووەکانی خۆی دەکردەوە و وردە وردەش بەرەو رەشبینی و تێکشکاندنی مرۆڤیان دەبرد. بەوشێوەیەش بەرەو تێکشاندنی کەسایەتی مرۆڤیان دەبردو ئەو کەسە تێکدەشکا! ئەمەش مەبەستی حکومەتەکان بوو.

فەلسەفەی ئایدۆلۆجیەتی حزبی شیوعی هاوکات لەگەڵ فەلسەفەی ئازادی فەلسەفە خراپەکانی دونیا، کە لەدونیادا شکستی دەخوارد، بەڵام لای ئێمە رەواجیان پێدەدا. ئەمەش قۆناغێکی دوورودرێژە کە لەدەستمانچوو، بەبێئەوەی بتوانین سودێکی ئەوتۆ وەربگرین یان چەکی فەلسەفەو پەروردە لەدەستماندا بێت.

لەدوای جەنگی دووەمی جیهان هەتا بەیانی ئازار رادەگەیندرێت، پەروەردەمان نەبووە، چونکە پەرورده بەدەست حکومەتەوە بووەو یەک کتێبی کوردیش لەکردستاندا نەبووە.

هەتا لەسەردەمی جەلالییەکاندا لەساڵی (١٩٦٨) وتیان دەستدەکرێت بەخوێندنی زمانی کوردیی و نەورۆزیشیان بەیاسا قبوڵکرد، بەڵام ئەوەش هیچی نەگۆڕی لەکۆی بابەتەکە و نەبوو بەوەی پێی بڵێین پەروەردە بۆ کوردستان هاتە ئاراوە.

کەواتە لەقۆناغی دووەمیشدا کە (٥٠ بۆ ٦٠) ساڵە، لەکوردستاندا نە پەروەردەمان هەبووە بۆ کوردستان و بۆ کوردەواری، بۆ کەسایەتی کورد و پێگەیاندنی نەوەکانمان، نە لە فەلسەفە و مەعریفەکانی دونیاش کەم تێگەیشتبووین. تەنها ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان هەبوو.. سوکە ئاوڕیان لە فەلسەفەش دەدایەوە. ئەویش فەلسەفەی سیاسی!

بەمشێوەیەش لەجەنگی یەکەمەوە هەتا راپەڕین، کە (٧٠) ساڵی رەبەقە، کورد، لەناو بازنەیەکی داخراودابین و نەمانتوانیوە پێشکەوتنی گەورەو گۆڕانکاری بەدەستبهێنین و وەرچەرخان بکەین.

لە ڕاپەڕین بەدواوە، بوین بەخاوەنی خۆمان..! بەهەموو کەموکوڕییەکانەوە، راپەڕین گەورەترین شانازیی لەوەدایە، کە کوردی کرد بە خاوەنی کوردستان! بەرنامەی پەروەردەی بۆ خۆی دانا، قوتابخانەی دانا، زانکۆی بونیادنا، یەکێتی نوسەران، سەندیکای رۆژنامەنوسان، رووناکبیری و رێکخراوە دیموکراتییەکان و هەموو ئەمانش ئازادانە کەوتنە کارکردن.

پاشان وردە وردە پرۆگرامی پەروەردە گۆڕا، فەلسەفەی پەرورده گۆڕاو ئێستاش گۆڕانی باشی بەسەردا هاتووە. بۆیە ئێستا لەکوردستانی عیراقدا ناتوانی بڵێیت: ئێمە کەلتوری داگیرکەر دەخوێنین و ئەمەش گەورەترین سەرکەوتنە لەلام..!

تکایە بە باشی دیقەت لەم قسەیەم بدەن.. ئەویش ئەوەیە لەدوای راپەڕینەوە، ئەگەر لێمبپرسن: گەورەترین سەرکەوتن جگە لەسیاسەت، پێشمەرگایەتی و ئابوری چییە؟ دەڵێم: سەرکەوتن ئەوەیە ئێستا لەژێر هەژموونی کەلتوری داگیرگەردا نەماوین! داگیرگەری عیراقی عەرەب. ئەمە سەرکەوتنە..

جارێ فەلسەفەی پەروەردە خۆی ماوێتی گۆڕنکاری گەورە بەدەستبهێنێت و باشتر پێشبکەوێ، بەڵام

ھیچ نەبێ لەزیندانەکە ھاتوینەتە دەرەوە! لەزیندانی رۆشنبیری دەسەڵات و عەرەب ھاتینە دەرەوە. تەنانەت ئێستا ھەموو ئایینەکان دەخوێندرێت لە قوتابخانەکان و ھەموویان ئازادن.

ھەر لەم سەردەمەدا، دیاردەیەکی تر دەبینین و مایەی دڵخۆشییە، تەنانەت ئەگەر کەموکوڕیشی تێدابێت، ئەویش دیاردەی دەرچواندنی چەندین گۆڤار و کتێب و وەرگێڕانی فەلسەفەیە. بۆ نمونە: ئازادی، کەینونە، بوون، رەھەند... تد، کە ھەموو ئەمان لەسەر فەلسەفە قسەیان دەکرد. کە لەپێشتردا و لەمێژووی ئێمەدا ئەمە نەبووە..! رەنگە ھەریەکەمان رەخنەمان لەسەر رێبازی فەلسەفەی ئەم گۆڤارانە ھەبێ، ھەندێکیان چەند ژمارەیەکیان لێدەرچوو پاشان داخران، بەڵام وەکو ئەزموونی فەلسەفی گرنگ بوون، کە ئەم دەرگایانە بدەین و بچینە ژوورەو بزانین ئەم فەلسەفانە بۆ کورد دەبن یان نا..! دەبێ تاقیبکەینەوە، چونکە بەبێ تاقیکردنەوە، ناتوانین حوکم بدەین. باشترین حوکمیش، حوکمی دوای تاقیکردنەوەیە.

ئێستاش کە باشتر تێگەیشتووین و پێگەیشتوین، ھەندێک لە گۆڤارەکان خۆیان باشتر تێگەیشتوون و گۆڕانکاریان بەسەر رێبازی فەلسەفەی خۆیاندا ھێناوە و نوسەرەکانیشیان گۆڕانکاریان بەسەر خۆیاندا ھێناوە، کە ھەموو ئەمانەش ئەنجامی تاقیکردنەوەیە.

کەوابێ بەھۆی راپەڕینەوە دوو دەستکەوتمان ھەیە، دەستکەوتی یەکەم: وەکو کورد بوین بەخاوەنی خۆمان. دەستکەوتی دووەمیش: بووین بەخاوەنی پەروەردەی خۆمان. پەروەردەکەش بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی راکێشاین و ئەمەش بوو بە دەستکەوتی سێھەم لەکوردستاندا.

ئێستاش، ئەم خولانەی ئێوە دەیبینن و بۆی ھاتوون، دابڕان، رۆشنگەری، فیمێنزمی رۆشنگەری، ھەموو ئەمانە درێژەپێدانی ھەموو ئەو دۆخەیە کە لەدوای راپەڕین ھاتۆتە پێشەوە، کە رەوتێکی نوێیە لە تێگەیشتن لە سیاسەت و لە فەلسەفەی سیاسەت ھاتۆتە پێشەوە.

بەبێ ئەم رەوتە، بەبێئەوەی ئەم رەوتە دەوڵەمەندبێ و بەتەواوی بیچێنینە ناو ڕایگشتی و پەروەردەی تاک و کۆمان بکات، لەگەڵ دەستکەوتەکەی دوای راپەڕین، سەرکەتن بەدەستنەھێنن، واتا پەروەردەیەکی ھاوچەرخ لەگەڵ فەلسەفەیەکی ھاوچەرخ، بەیەکەوە کارلێک نەکەن، خوێندنەوەم وایە، کوردەواری تووشی کێشەیی گەورە گەورە دەبێت!

یەکەم: دیموکراسی ھەرگیز بەبێ فەلسەفەی پەروەردە و پەروردەی رۆشنگەری، دیموکراسی نایاتەدی.

دووەم: حزبەکانمان لەنێوان خۆیاندا توشی ئەم گێرمە و کێشانە دەبن، کە ئێستا لەنێوانیاندا ھەیەو دەبینین دوو حزب لەگەڵ یەک راستگۆنین! نە لەبەغداد و نە لەکوردستان رێکناکەون. نە لەسلێمانی و نە لەھەولێریش رێکناکەون! ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە ھێشتا، بەدواکەوتوویی بیرکردنەوەیە لەدنیای سیاسەت و فەلسەفەی سیاسەت! ھێشتا قووڵ نەبوینەتەوەو بەبێ ئەملاو ئەولا دەتوانم بڵێم چەکە کاریگەرەکانی دونیای سیاسەتمان نەگرتۆتە دەست، کە فەلسەفەی مۆدێرنە.

فەلسەفەش ھەر ئەوەنییە، بیرکردنەوەت رۆشن دەکات، بەڵکو پێوەریشت دەداتێ، پێوەری

هەڵسەنگاندن، بەراوردکاری، بڕیاردان.. لەڕێگەی فەلسەفەوە هەموو پێوەرەکانت دەستدەکەوێت و بەهەڵەشدا ناچیت.

لە هەڵبژاردن، لە بیرکردنەوە، لە سەر حوکمدان و هەڵوێستی ئەم حزب و ئەو حزب، لە وتار خوێندنەوە، لەسەر کۆی یاساکان و لەسە کۆی دیاردەکان کە رووبەڕوت دەبنەوە، بەهەڵەناچیت و ئەگەر شارەزای فەلسەفەبیت، پەروەردەی فەلسەفی کرابیت و پێوەری فەلسەفەت بەدەستەوەبێت، لەملاشەوە پەروردەو سیستەمی پەروەردە لەکوردستاندا پێشکەوتن بەدیبهێنێت، بە بڕوای من فەلسەفەی پەروەردە، بەپێشکەوتنی فەلسەفە بەگشتی و فەلسەفەی سیاسی، دەتوانین گەورەترین وەرچەرخان لە مێژوودا بەدیبهێنین.

بەبێئەوەش ئەم دۆخەی دەیبینین و ئێستا تیایدا دەژین، مەترسی گەورە لەهەموو کات زیاتر، ئەم دۆخەی ئێستا لە عیراقدا هەیە، ئەوەیە شەڕی ئەهلی دروست ببێت. ئەگەرچی (١٩) ساڵە سەدام رووخاوە، بەڵام تازە بەتازە گەڕاوینەوەتەوە بۆ کلکی مارەکە..! مەترسی هەیە لە بەغداد شەڕی ئەهلی دروست ببێت. لەشارەکانی تری باشور هەروا. ئینجا لە کەرکوک و خانەقین و ناوچە دابڕێندراوەکانیش بەمشێوەیە بەدەر نابن لەشەڕی ئەهلی پریشکیشی بەر هەولێر و دهۆک و سلێمانیش دەکەوێت، ئەگەر شەڕ دروست ببێت.

ئەم ئەنجامانە، هۆکارەکەی ئەوەیە (١٠١) ساڵە، دەوڵەتی عیراق دامەزراوەو پارتی لە ساڵی (١٩٤٦)ەوە دامەزراوە، یەکێتی (١٩٧٥)ەوە حزبی شیوعی لەساڵی (١٩٣٤)ەوە دامەزراوە و (١٩) ساڵیشە سەدام لەکۆڵمان بۆتەوە، کۆی بکەرەوە ئەم هەموو ساڵانە (١٠١) دەوڵەت، (٧٨) ساڵ حزبی شیوعی، (٧٠) ساڵ پارتی و (٤٧) ساڵە یەکێتی دامەزراوە، هۆکاری چییە ئێمە هێشتا لەناو ئەم گێژاوەدا ماوەتەوە. ئایا لەخۆمان پرسیوە، چ رەوایە لەدوای (١٠٠) ساڵ لەناو ئەم گێژاوەدا دەخولێینەوە؟ ئەی بۆچی وڵاتانی دیکە وانین! ئەی بۆ سەنگافورە لەدوای (٣٠) ساڵ بوو بە پێشکەوتووترین دەوڵەتی دونیا..! دەبینین سێ رۆژە، کۆنگرەی حەوت وڵاتە پیشەسازییەکەی دونیا لە ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت و سەرۆکی مالیزیا، وەکو لەوێ دادەنیشێت! بە ویژدانتان وڵاتانی دواکەوتووی وەک مالیزیا و سەنگافورە بە (٣٠ بۆ ٤٠) ساڵ بین بە پێشکەوتوتری وڵاتی دونیا، بەڵام کوردستان لەدوای (٣١) ساڵ لەڕاپەڕین، کەچی قەرزارین.. هێشتا پاشکەوتی مووچە لەلای حکومەت ماوە، خەڵکەکە هەمووی بێزارەو هێشتا نازانین نێوان یەکێتی و پارتی، هەرێم و بەغداد دەگاتە کوێ، پەیوەندی شیعەکان دەگات کوێ، نازانین ئەم دەسەڵاتە، دەسەڵێتی شیعە ئایا سەردەکەوێ یاننا..؟!

هەموو هاوکێشەکان گۆڕاون و هەموو کارتەکان، تێکەڵ و پێکەڵ بوون. ئێوە لەخۆتان دەپرسن باشە بۆچی ئومێدێک نییە و ئاسۆیەکی روون لەبەرچاوی خەڵک نییە؟ ئەگەر لەخۆمان بپرسین، دەشبێ بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین..!

وەڵامەکەشی ئەوەیە لەم وڵاتەی ئێمە، حزبەکان لەعیراق، حزبی دیموکراتی نین، سیستمەکەیی و پەروەردەکەی دیموکراسی نین.

ئێستاش کە ئێوە لێرەن و بەشدارن لەم خولەدا، بۆ ئەوەیە سەر لەم گێژاوە دەربکەن و تیایدا نەخنکێن.. ئەگەر هۆشیار نەبن دەخنکێن! خنکان چییە؟

حزبێکی سەلەفی و فێندەمێنتالیست دێت و دووان دەخەڵەتێنێت و ئەوی تر دێت دووانی تر دەخەڵەتێنێت! هەموو ئەمانەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، مرۆڤ ئەگەر پەروەردە نەکرێت و لە فەلسەفە تێنەگات، بەئاسانی بە بیری دواکەوتوو هەڵدەخەڵەتێندرێت..

دوو سەد ساڵ لەمەوبەر ئازادییەکی خۆڕسک هەبوو، ژنی کورد بەبێ پەچەو عەبا دەچووە ناو کێڵگەو شانبەشانی پیاو ئیشی دەکرد، کەچی لەلای هەندێک و لەهەندێ جێگە ئێستا بووە بە عەیبە بەبێ پەچە و بەبێ عەبا بچێتە دەرەوە. لەمێژووی پێشمەرگایەتی و شاخدا، کاتێک ڕێمان دەکەوتە گوندێک و دەمانویست نانێک بخۆین، کە لەدەرگاه ماڵێکمان دەداو دەمانوت: ماڵەکە پیاوتان لەماڵە؟ ژنەکە وەڵامی دەدایەوە: خۆ پیاوەکە ماڵی نەگرتووە بەکۆڵەوە، ماڵی خۆتانە فەرموون! سەیری ئەم وەڵامە جوانە بکەن..! کە مانای سەربەستی ژن دەگەیەنێت. دوایش نانی دەداینێ و خزمەتیشیان دەکردین و بەڕێزیشەوە بەڕێیان دەکردین!

بەڵام ئێستا هەموو شتێکیان لێکردووە بە عەیبە و شەرم..! لەکتێکدا عەیبە ئەوەیە ڕۆحی مرۆڤ بکوژیت! نەهێڵییت مرۆڤ بژی و دەستەمۆی بکەیت و نەهێڵیت هەناسەی ئازادی بدات. بۆیە دەبێ لێگەڕێین مرۆڤ ئازادبێ لە عەقیدەی خۆی، پاک بێ لە عەقیدەیدا و خۆیی و ویژدانی! هەڵسوکەتەکانیشی دەکەوێتەوە سەر پەروەردەی مرۆڤەکە. نەک تۆقاندنیان..!

هەموو ئەمانەشی باسی دەکەم، پەیوەندیان بەوەوە هەیە، مرۆڤ ئەگەر پەروەردە بکرێت، گۆش بکرێت، لە فەلسەفە تێبگات، ئەمە سەردەمێکە دەبێ تێی بگەین و دونیایەکە دەبێ لە ڕێگەی ئینەتەرنێت و کتێبخانەکانەوە بۆی بگەڕێین. بەپێی تێگەیشتن و ئەقڵی خۆتان، وردە وردە، کتێبەکان بگەڕێن و بخوێننەوەو ئەوەی دەیزانن لەبەری بکەن و ئەوەشی نایزانن، لەدەفتەرێکی بچوک بینوسن و پرسیاری لەبارەوە بکەن.. دونیای ئینتەرنێتیش باشترین ڕێگەیە بۆ گەڕان و دۆزینەوەی وەڵامەکان. خۆشتان غەدر لەخۆتان دەکەن ئەگەر نەتوانن سود لەم تەکنەلۆجیایە وەرنەگرن، دەتوانین بڵێین مامۆستاکانتان لەگیرفانتاندایە.

هیواشموایە، بەشداربونتان لەم خولانەدا، لایەنیکەم پەنجەرەیەک بکاتەوەو لەدوای ئەم پەنجەرەیەش دونیایەکی تر و ڕووناکییەکی تر ببینن.

بازاڕ و بەرژەوەندیی،
جەمسەرگیریی و دابەشبون..!

خولی پەروەردەی رۆشنگەریی، تۆڕی ناوەندنی رۆشنگەری چاودێر، بۆ بازنەکانی پلاتفۆڕمی دابڕان لە قەڵادزێ، رانیە، سەنگەسەرو دەوربەری..

رۆژی (٢٠٢٢/٧/٣١)، سلێمانی..

خۆشحاڵم پۆلێک لە خوێندەوارانی دەڤەری قەڵادزێ و دەوروبەری، لێرە بەشداری ئەم خولە دەکەن، خولێکی کورت و پڕمانا.. کە بەردەوامیشین لە رێکخستنی خولەکان، هەروەک چۆن هەفتە کۆڕەکانی رۆژی شەمموان بەردەوامە..

لەم موحازەرەیەدا، قسە لەسیاسەتی سەردەم دەکەم.. بایەخی ئەم خولانە خۆتان دەزانن، کە خول بۆ پەروەردەیە.. پەروەردەی سیاسی، فەلسەفی، ئەدەبیی و هەموجۆرەکانی تری پەروەردە لەخولی خۆیدایە.

لە رابردوودا، کۆبوونەوەی حزبی پەروەردەی تێدا بوو، بەڵام ئێستا کۆبونەوەکان گۆڕاوە بۆ دەنگ و باس، لەدەرەوەی کۆبوونەوەی حزبیش ئەکادیمیای کادران هەیە، بەردەوامن و چالاکیشن. بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەرکەکانی پەروەردە ئێجگار فراوان بووە، پەیمانگەی هیچ حزبێک ناتوانێ دەرەقەتی ئەرکە هاوچەرخەکانی پەروەدەی سەردەمی سۆسیال- میدیا بێت، چونکە فکر، فەلسەفە، سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئەدەب، رەخنەو کۆی ئەو کایانەی، کە کایەی پەروەردەی مرۆڤن بۆ ئەم سەردەمە، ئەوەندە پەلوپۆیان هاویشتوە، زۆر زەحمەتە بتوانرێت بەیەک ئاراستە یان بە یەک ناوەند لە ناوەندەکانی پەروەردە، ئەرکەکان ئەنجامبدرێت.

دەبینین دونیا چی بەسەر هاتووە، سەدان و هەزاران پەیج هەیە، چەندین پلاتفۆرمی جیاواز هەیە، کە بەملیۆنەها بەکارهێنەریان هەیە، ئینجا ئەم ملیاران بەکارهێنەرە، هێشتا دەنگو باسی رۆژانەیان هەیە بیگوازنەوە، وتار هەیە بینوسن و رەخنەی گیراویشیان هەیە بڵاوی بکەنەوەو بەردەوامیشن، هەروەک چۆن هەوا هەیە و بەردەوامە و لەبن نایەت! پەروەردە، هەواڵ، فەلسفە، پێگەیاندن و تێگەیاندنیش هەرگیز ناوەستێ..

پرسیارە سادەکەش ئەوەیە، بەم هەموو پلاتفۆرم و پەیجە جیاوازانە، دەرەقەتی ئەم دونیایە و گۆڕانکارییە خێراو زۆر و زەوەندەکانی نەیەن، ئیتر چۆن پەیمانگەیەک، کە مانگانە یان چەند مانگێک جارێک، یان ساڵی جارێک، خولێکی دوو ڕۆژو سێ ڕۆژە بکاتەوەو بە تەنها دەتوانێت دەرەقەتی ئەم هەموو جۆرە جیاوازانەی پەروەردە بێت؟! یان بوترێ: دەتوانرێ مرۆڤێکی تێکۆشەری هۆشیاری کامڵ پەروەردە دەکەم! نەخێر ناتوانرێ، ئەرکەکە قورسە.. هەر بۆیەشە، بەردەوام دژە سیاسەتی حزبەکان، لە پەروەردەی حزبەکان کاریگەرترن!

چەندە پێویست بووە لەخەباتی نهێنیدا، لە سەردەمی شۆڕش و شاخدا، حزبەکان لەڕووی ئایدۆلۆژیی و سیاسی و حزبیەوە ئەندامانی حزبەکان پەروەردە بکرێن، ئێستا لەسەردەمی ئازادیی و کرانەوەدا، لە سەردەمی سۆشیال میدیا و جیهانگیریدا، هەزارانجار زیاتر، کادر پەروەردەکردن پێویسترەو چارەنوسازتریشە!

لەڕابردوودا پێش ئینتەرنێت، زۆرترین پەروەردە و ئاراستەو کەمترین ڕەخنە هەبوو، بەڵام ئێستا کەمترین پەروەردە و زۆرترین ئاراستەو هەزاران ڕەخنە بەردەوام هەیە! کە وابێ مرۆڤی تێکۆشەر، ئێستا گرنگترە زۆرتر لەڕابردوو پەروەردە بکرێ، چونکە دژە پەروەردەکان، لەدەرەوەی حزبەکان، لەدەرەوەی ڕێکخراوەکان، زۆر زیاتر بوون! بەڵام بەداخەوە، بەرپەرچی دژە پەروەردەکانمان لاوازبووە و دژەکانمان باڵادەستن. هەربۆیە سازدانی ئەمجۆرە خولانەش بە ئەندازەی خۆیان گرنگن. چونکە ئەم خولانە دەرگاکانمان بۆ دەکەنەوە و ئیتر لێرەوە خولیای ئێوە بۆ پرسیارو گەڕان بەدوای وەڵامەکاندا دەستپێدەکات. کە دەبێ وەڵامی ڕەخنەکانتان هەبێت و عەوداڵی زانینبن و پەیگیری بکەن. چونکە پرسیارێکی تری سادە ئەوەیە: ئایا چی دەزانین بەراورد بەوەی لەدونیادا سەریهەڵداوە و بەرهەمهاتووە؟!

لە کاتێکدا فەیلەسوفەکانی دنیا دەڵێن ئێمە هیچ نازانین، بەراورد بەوەی بەرهەمهاتووە و بەدیهاتووە؟ کەواتە ئێوەو مانان بە خۆشمەوە، چۆن دەتوانین لەماڵەوە دابنیشین لەم دونیایە تێگەیشتبین و تەواو..! یان لێپسراوێکی حزبەکەمان، دوو قسەمان بۆ دەکات و ئیتر تەواو لەهەموو شتێک بەئاگاین، لەکاتێکدا، بەشێک لێپرسراوەکان بە تەکەتول دانراون، هەندێکی تر بەهۆی عەشرەت و خێڵەکەیەوە دانراوە! بۆیە دەبێ بیسەلمێنین، بەو پەروەردە کەمەی هەمانە، فریای سەردەم و گۆڕانکارییە خێراکان ناکەوین و دەشبێ سەرنج بدەین، کە ئێستا لەدنیایەکی تردا سیاسەت دەکەین. ئەوەشی بەناوی حزبایەتی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەیکەین، دەرەقەتی ئەم دنیایەی ئێستا نایەت، هەربۆیە دەبینین وردە وردە بێتاقەتی، ڕەخنە، نارەزایەتی و باوەڕ نەمان بە حزبایەتی زیاد دەکات! ئەمە لەکاتێکدا ڕابردوو وانەبوو! ئەوکات بەو پەروەردە کەمەی هەمانبوو، چونکە دژەکانمان لاواز بوون، بە پەروەردە کەمەکە دەمانتوانی درێژە بەخەبات بدەین و لە سەخترین قۆناغدا ململانێی داگیرکەران و ململانێی ئەو هێزانەش بکەین، کە دژی یەکێتی نیشتمانیش بوون. بەو پەروەردە کەمەی هەمانبوو، توانیمان شەڕ لەگەڵ هەموویان بکەیەن و ململانێی ئایدۆلۆجی سیاسیش لەگەڵ هەمووان بکەین.

بەڵام، ئێستا هیچی ئەو لایەنانە لەسەر ڕێبازی جیاوازی ئایدۆلۆجی ململانێمان لەگەڵ ناکەن، بەڵکو لەسەر سیاسەت و دەسەڵات ململانێمان لەگەڵ دەکەن، نەک فکرو فەلسەفە! سەرەڕای ئەوەی ململانێ لەلایەن نەیارەکانمانەوە لاواز بووە، کەچی بەهۆی لاوازی پەروەردەمانەوە، بەرگەی کێشەکان ناگرین! بۆ؟ چونکە تێگەیشتنمان بۆ سەردەمەکە و ئەرکەکانی گەلێ لاوازە. بۆیە ئەگەر دەتانەوێت سیاسەت بکەن، بێگومان پێویستتان بە خۆ پەروەردەکردنی سەردەمەکە هەیە.

ئەگەر دەتانەوێت سیاسەت بکەن، پێویستتان بە پەروەردەی زۆرە، ئەگەر ناشتانەوێت سیاسەت بکەن، بۆ خۆتان ڕۆژ بەرنەسەر..!

لێرەوە دێمەوە سەر سەردەمی سیاسەت.. سیاسەت لەم سەردەمەدا، وەکو سیاسەتکردن نییە لەسەردەمی جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی و جەنگی سارددا..

لە جەنگی یەکەمدا، سیاسەت لە دنیا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە حزبە سیاسییەکاندا ڕوون بوو- سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی، سیاسەت ڕونبوو، دەتزانی ئۆردوگایەک هەیە پێیدەوترێت ئیشتراکی و ئۆردوگایەکیش هەیە پێیدەوترێت سەرمایەداری! کە ئەمریکا سەرۆکایەتی ئۆردوگا سەرمایەدارییەکەی دەکردو یەکێتی سۆڤییەتیش سەرۆکایەتی ئۆردوگا ئیشتراکیەکەی دەکرد.. دنیا بەسەر ئەم دوو ئۆردوگایە دابەشببوو، ململانێکانیش هەر لەنێوان ئەم دوو ئۆردوگایەدا بوو..

لەدوای جەنگی دووەمیش، هەتا جەنگی ساردو (١٩٨٨ و ١٩٨٩) ئێمە لەجەنگی سارددا بوین. مرۆڤایەتی، دەوڵەت، حزبەکان و مرۆڤەکان هەموو لەناو مەنگەنەی جەنگی سارددا بووین. یەکێتی سۆڤییەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات و حزبە شیوعیەکانی سەر بە ئەوان، بەجۆرێک پەروەردەی خەڵکیان دەکرد، ئەمریکا، ڕۆژئاوا، سەرمایەدارەکان و حزبە لیبراڵ و موحافیزکارەکانی سەر بە ئەمریکا و ئەوروپاش، بەجۆرێکی تر پەروەردەو ئاراستەی خەڵکیان دەکرد! سەرەنجام یەکێتی سۆڤییەت شکستی خوارد و ئەوروپای ڕۆژهەڵات نەما! هەموویان بوون بە دیموکراسی، ئەمریکا و ڕۆژئاوا ماوەیەک زاڵبوون، هەندێک لە فەیلەسوف و بیرمەندەکانی دنیا دەیانوت، لەدوای نەمانی یەکێتی سۆڤییەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، تاک جەمسەری دروستبووەو تازە فرە جەمسەریی و ململانێ نەما! ئەوەی کە دەمێنێتەوە و ئەوەی کە زاڵدەبێت (لەسیاستەدا پێیدەوترێت: هەژموون)، ئەمریکا و ڕۆژئاوا بوون و کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دنیا هەبوو، تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی بیرمەندی واهەبوو لە دنیادا، وەکو (فۆکۆ یاما- بیرمەندێکی ژاپۆن)ی هاووڵاتیی ئەمریکییە، کتێبێکی بەناوی (کۆتایی مێژوو- ١٩٨٩) نوسی، لەو کتێبەدا دەڵێت: لەدوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤییەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، فرە جەمسەری نەما، ئێستا تاک جەمسەریی ئەمریکا و لیبراڵە!

لیبراڵیزم- یەکێک لە فەلسەفە گرنگەکانی دنیایە. وشەکە لە زاراوەی لیبر-ەوە هاتووە کە بەمانای ئازای تاک و سەربەخۆ دێت، ئازادی تاکیش پەیوەستە بە ئازادی ئابووری.. ئابوری ئازاد، فەلسەفەی ئازاد، ئازادی تاک ئازاد ئازاد دەبێت، کە ئەوروپای ڕۆژئاوا لەسەر بنەمای فەلسەفەی لیبراڵ و بازاڕی ئازاد دەچێت

بەڕێوە. بەڵام ئەم فەزای ئازادە، هەر یەک ئایدۆلۆجیایە، بەڵام یەک ڕێباز و فەلسەفەی سیاسی تێدا نییە، بەڵکو موحافیزکاریش تێدایە، دیموکرات مەسیحی، چەپ و سۆسیالیستیشی هەیە! بەڵام هەموویان لەسەر بازاڕی ئازاد ئیش دەکەن و باوەڕیان بەلیبراڵیەتی ئازادی بازاڕ هەیە...

بەڵام ئێستا دوای پەنجا ساڵ لەململانێ، لەسیاسەتی کۆندا، لەنێوان یەکێتی سۆڤییەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، لەگەڵ چین و دەوروبەرەکەی، لەگەڵ ڕۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئەمریکا، شەڕ و ململانێکەو بەرژەوەندخوازییەکە، ئەمریکا و ڕۆژئاوا بردیانەوە، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و وردە وردە گۆڕا.

ئێستا، لەسەردەمی جیهانگیریدا، بۆ پانزە ساڵ دەچێت، سەرلەنوێ جەمسەری دیکە لەدنیاو سیاسەتدا دروستبوون و تاکجەمسەری نەماوە، کە ئەمریکا لافی پێوەلێدەدا! بەڵکو سەرلەنوێ فرەجەمسەری لە سیاسەتدا دروستبووە، کە ئەویش جەمسەری چین و دەوروبەرەکەی، ڕوسیا و دەوروبەرەکەی، لەولاشەوە بەرازیل، کۆریای باشور، لەملاوە بەرەو هندستان و دەوروبەر، پاشان باشوری ئەفریقا و هەندێک لە وڵاتەکانی دەوروبەری، هەندێک لەدەوڵەتانی ئەمریکای لاتین، ئەمانە هەمووی دابەشبونەتە سەر دەوڵەتە گەورەکانی دنیا و ململانێ دەکەن لەسەر دەستبەسەرداگرتنی بازاڕ. لەملاشەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و وڵاتەکانی، کە گرینگترینیان وڵاتانی ئۆپیک-ی هەناردەی نەوتن، کە وڵاتانی کەنداو دەکەن، وەکو کوەیت، قەتەر، عەمان، سعودییە، بەحرەین، ئەم وڵاتانەش زۆر گرینگن و لەنێوان خۆشیاندا هاوکارییەکیان هەیە زۆر بەهێزن. وڵاتانی تری هەناردەی نەوتیش بە چەمکە فراوانەکەی ئێران، فەنزویلاو وڵاتانی تریشی تێدایە.

ئەم بەرچاو ڕونییەشم بۆ ئەوەبوو تا بزانن، ئێستا لە دنیایەکدا سیاسەت دەکەین، ئەمریکا، مەکسیک و کەنەدا هەن و جەمسەرێکن پێیاندەوترێت (تافتا). یەکێتی ئەوروپا هەیە کە (٣٢) وڵاتن، ئەمانیش بۆ خۆیان جەمسەرێکن و لەلاوە هەژمونی ئەمریکا قبوڵ ناکەن و لەملاشەوە هەژموونی چین و لەولاتریشەو هەژموونی ڕوسیا قبوڵ ناکەن. هەمووشیان پێکەوە ململانێیان لەسەر ئەوەیە زۆرترین ئابوری جیهان بکەوێتە ژێر ڕکێفیان.

ئەوەی ئابوری جیهانیش کۆنترۆڵ بکات، سیاسەتی جیهان کۆنترۆڵ دەکات! وڵات هەیە لاوازترین سوپای هەیە، بەڵام بەهێزترین ئابوری هەیە، کەچی یەکێکە لەگرنگترین وڵاتەکانی دنیا، وەکو ئەڵمانیا.

ئەڵمانیا کە جەنگی دووەم تەواو بوو (١٩٤٦) قەدەغە بوو سوپا دروستبکات، بەڵام لەدوای ئەو ماوەیە وردە وردە سوپایەکی دروست کردووە، کە ژمارەی سوپاس و پۆلیسی پێکەوە ناگات (٣٠٠) هەزار کەس! بەڵام ئەڵمانیا لە ئابووریدا بەهێزترین وڵاتی ئابوری ناوەڕاستی ئەوروپایە. سێ وڵات لەجەنگدا وێران بوون، بەڵام لەدوای جەنگەوە بوونەتە وڵاتی بەهێز و گەورە، یەکەم ئەڵمانیا، دووەم ژاپۆن و سێهەمیش کۆریای باشورە، ئەگەرچی جەنگیان دۆڕاند، بەڵام ئابوریان بردەوە. نیوەی کۆریا ڕاستە جەنگی بردەوە، بەڵام بوو بە دوو کۆریا. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئابوری بەهێز دەتوانێت هەژموون دروستبکات.

هەربۆیە ئێستا هیچ بڕیارێک لەدنیادا بەبێ ئەڵمانیا، ژاپۆن و کۆریا نادرێت! بۆ؟ لەبەر ئەوەی بانکەکانی دنیا و سیسەتمی ئابوری جیهان هەڵدەسوڕێنن. ئەگەرچی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشیش نین. ئەمەش هەژموونی ئابورییە!

واتا ئێستا ئێمە لەدنیایەکدا سیاسەت دەکەین، هەرلایەک ئابوری جیهان کۆنترۆڵ بکات، ئەوا سیاسەتی جیهانیش کۆنترۆڵ دەکات! بۆیە زۆرترین ململانێ و شەڕوشۆڕەکانی ئێستا، زۆرتر لەسەدەی رابردوو، لەپێناوی پاوانکردنی بازاڕەکانی جیهاندایە.

هەربۆیە ئێستا، سیاسەتی نێونەتەوەیی بەرەو دابەشبوونەوە دەڕوات و لەم سەردەمی جیهانگیرییەشدا، تەنها ئەمریکا ناتوانێ هەموو شتێک بێت بەتەنها، روسیا، چینیش هەروا، هندستانیش کە خەریکە دانیشتوانی لەچین زۆرتر دەبێت، یان لەگەڵ روسیا، یا ئەمریکا رێکبکەوێت، ئەگەرنا خۆی پێ بەڕێوەناچێت. چونکە بەو ئابورییەی هەیەتی ئەگەرچی بەهێزیشە، بەڵام هەردەبێ بچێتە ناو جەمسەرێکەوە، کە خەریکە دروست دەبێت.

لە رابردوودا، جەنگی یەکەم کە تەواو بوو، جەمسەری بەهێز، بەریتانیا و فەرەنسا بوون، جەنگی دووەمیش کە تەواو بوو بەریتانیا و فەرەنسا کشانەوە، پێشەنگی وڵاتانی سەرمایەداری ئەمریکا بوو، هەموو وڵاتانی رۆژئاوا کەوتە ژێر دەستی. جەنگی سارد دوو جەمسەر بوو، جەمسەری ئەوروپای رۆژهەڵات و یەکیتی سۆڤییەت، جەمسەری دووەم ئەوروپای رۆژئاوا بە پێشەنگی ئەمریکا.

بەڵام ئێستا، لە سەردەمی جیهانگیریدا، باوەڕموایە چوار بۆ شەش جەمسەر لەدونیادا دروستدەبێت و وڵاتانی تریش بەسەر جەمسەربەندییەکاندا دابەشدەبن و دەیانخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە بۆ جۆرێک لەهاوسەنگی ئابووری سیاسی لەجیهاندا. بەڵام هێشتا زووە بڕیار بدەین.

گرنگیش شەڕی ئۆکراینا و ئەنجامەکەیەتی، کە خاڵی وەرچەرخان دەبێت لە رێکخستنەوەی دونیادا! روسیا خەتایەکی گەورەی کردووە، داگیرکەرە، وەک وڵاتێکی ئیمپریالیستی جاران هەڵسوکەوت دەکات، بەڵام هەر دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانی دونیاش بوون، لەدوای جەنگی گەورە، دنیایان دابەشکردووە..

ئێستاش کە فرە جەمسەرییە، فەوزایەکی گەورە لە سیاسەتی جیهانیدا هەیە، کە دیسانەوە پێویستی بە سەنترالیزمە، بە ناوەندێتی سیاسیی نێودەوڵەتییە. ئەم سەنترالیزمەش بە گفتوگۆ، نەهاتەدی. روسیا هەستی بە مەترسییەکی گەورەکرد، پشتیوانی چینی دابینکردووە، ئۆکراینا داگیر دەکات و بۆ ئەوەی سەر سنورەکەی لەولاوە، لەباکوری روسیاوە، کە جاران لەو جێگەیەدا سۆڤییەت دەسەڵاتی هەبوو، نایەوێ هاوپەیمانی ناتۆ (ساڵی ١٩٤٦- ١٩٤٧ لەنێوان وڵاتە سەرمایەدارەکانی دنیا، لەناو ئۆقیانوسی ئەتڵەسی لەسەر کەشتییەک هاوپەیمانێتییەکە مۆر کراوە) بێتە ئەو جێگایانە.

تائێستا پەیمانی ناتۆ، کە لەسەر کەشتییەک و لەئۆقیانوسی ئەتڵەسی ئیمزاکراوە، بناغەی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی هاوپەیمانی ناتۆیە. هەموو وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمریکا و کەنداو..

تد دەگرێتەوە. کاتێکیش هاوپەیمانی ناتۆ دروستبوو، یەکێتی سۆڤییەت لەسەردەمی ستالیندا، ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی هەموو داگیرکرد، ستالین پەیمانی وارشۆی لە نێوان ڕوسیا، چیکۆسلۆڤاکیا، یوگسلاڤیا، ڕۆمانا، هەنگاریا دروستکرد. بەڵام کە یەکێتی سۆڤییەت ڕوخا، پەیمانی وارشۆش کۆتاییپێهات.

لە خەڵک و زۆرێک لەکەسانی سادە لە سیاسەتدا وایە، چەکت هەبێ، فڕۆکە، زرێپۆش و سوپاو کەرەستەو پێداویستی زۆری جەنگیت هەبێ، نەخێر چەکی ئەتۆمیت هەبێ، دنیا کۆنترۆڵ دەکەیت.

نمونەی زۆر هەیە، حزبی خاوەن چەکدار، دەوڵەتی خاوەن سوپا، جەمسەری خاوەن هاوپەیمانی، توانای عەسکەری گەورەشیان هەبووەو ڕوخاویشن. وەکو: هاوپەیمانێتی وارشۆ لەنێوان ڕوسیاو دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، دوای جەنگی دووەمی جیهان، کە ستالین سەپاندی، لەژمارەی تانک و فڕۆکە و کەرەستەی جەنگی، چەکی ئەتۆمی، لە ئەمریکا بەهێزتر بوو! بەڵام یەک بڕیاری سیاسی لەلایەن گۆرباتچۆڤ-ەوە کۆتایی پێهێنا. بۆچی یەکێتی سۆڤییەت لەسەردەمی گۆرباتچۆڤ بڕیاریاندا، پەیمانی وارشۆ نەمێنێ؟ لەبەر ئەوەی وڵاتەکە خەریکبوو لەبرساندا بمرێ! توشی قەیرانی ئابوری بوون، سۆڤییەت نەیدەتوانی کۆمەکیان بکات، ئازادیش لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات نەبوو، وردە وردە ئەو پەیمانی وارشۆ بەهێزە، هەرەسیهێنا.

شۆڕشی چواردە ساڵەی ئەیلول، بەیەک بڕیاری سیاسی و بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر کۆتاییپێهات.

بۆیە هێزی چەکدار، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بێت، هی دەوڵەتان یان هی حزبەکان بێت، کاتێک کە بناغەکەی لەدەستدەدات، کاتێک کە سەردەمەکەی دەگۆڕێت، فکر دەگۆڕێت و هاوکێشەکان دەگۆڕێت، هەر حزبێک، دەوڵەتێک نەزانێت چۆن خۆی لەگەڵ ڕووداوەکان بگونجێنێت، نەزانێت چۆن پێشدەکەوێت و نەزانێت چۆن دەگۆڕێت، ئەوا هەورەس دەهێنێت.

پەیمانی وارشۆ هەرەسیهێنا، ئەفغانستان هەرەسیهێنا، ئەمریکا، چەکە قورسەکان و کۆپتەرەکانی بەجێهێشت و خەڵکەکە وایاندەزانی ئەگەر خۆیان بەفڕۆکەکاندا هەڵبواسن لە ئاسمان خۆیان پێدەگیرێت، بەڵام دەکەوتنە خوارەوە.. ئەمەش هەرەسە هەرەس!

شۆڕشی ئەیلول هەرەسیهێنا (١٩٧٥)، لەشۆڕشەکەدا بووم و قەت ئەو ڕۆژگارە ڕەشە بەچاوی خۆم نەبینمەوە جارێکی تر.. هەرەسی میللەتان و گەلان، هەرەسی شۆڕش و حزبەکان، یەکێک لەخەمناکترین قۆناغەکانی مێژووی خەباتی گەلانە! ئێمەش کە لەشۆڕشی نوێ بەرگەی هەموو کارەسات و ئەنفال، ڕاگواستن و کیمیابارانمان گرت، چونکە بەچاوی خۆمان، بە هەستی خۆمان و بە ئەخلاقی خۆمان هەرەسی شۆڕشی ئەیلولمان بینی، چ کارەساتێک بوو! بۆیە نەمانویست هەمان کارەسات دووبارە بکەینەوە لەمێژووی خۆماندا.

بۆیە وا مەزانن سیاسەتی کورد، لە هەر بەشێکی کوردستان، سیاسەتی حزبەکانی کوردستانی دابڕاو لە سیاسەتی هەرێمایەتی و سیاسەتی هەرێمایەتیش دابڕاوە لەسیاسەتی جیهانی، نەخێر.. هەمووی

نەڵقەرێزی یەکترە. هیچ بەدوری مەزانن لە دنیای سیاسەتدا هەڵوێست و بڕیاری وا بێتە پێشەوە زۆر نەقازانجمان بێت، یان بەپێچەوانەوە. چونکە زۆر بەستراوین بەسیاسەتی جیهانییەوە، بەو رادەیەی ئەگەر ئێستا پاڵپشتی سیاسەتی جیهانی نەبێت، کوردستانی باشور بەدەوڵەتە هەرێمایەتییەکان لەناودەچین..! چونکە ئێران دیموکراسی نییە، تورکیا دیموکراسی نییە، وەکو ئێمەی دەمانەوێت و مافی چارەنوسمان بدات. سوریا، دواهەمین قەڵا و سەنگەری نەتەوەپەرستی عەرەب دژی دیموکراسی، سوریایە. عیراقیش ئەوە دەبینین کە دیموکراسییەتەکەی چۆنەو چییە! ئەوە دوو رۆژە پەرلەمانەکەی ئەتک دەکرێت!

چونکە هێشتا عیراق تێستی دیموکراسی دەکات، نەک دیموکراسی بێت.

دێمەوە سەر ئەو دێڕەی کە؛ پێویستە بیزانن، ئەوەی تائێستا زانیوتانە، ئەوە هەموو شتێک نەبووە! زۆرشت هەیە کە نایزانن و گرنگتریشە لەوەی دەیزانن.

وەکو وتیشم دنیا بەرەو فرە جەمسەری دەڕوات و چوار بۆ شەش جەمسەری تر لەدنیادا دروست دەبێت و سەقامگیر دەبێت، دەبێت کورد لەدوا ئەنجامدا لەناو ئەم جەمسەرانەدا، لایەنیکەم جەمسەرێک دابینبکات و ئەگەر زیاتریش بێت باشتر. ئەگەرنا ئەم جەمسەرانە کە دنیا دەبەن بەڕێوە، چۆن لەجەنگی یەکەم کورد تیاچوو، لە جەنگی دووەم هەر تیاچوو، ئەگەر ئەو جەمسەرانەش دروست بێت و کوردو کوردستان نەزانن چۆن سیاسەت لەگەڵ ئەم جەمسەرانە دەکەن، چۆن بەرژەوەندییەکانی خۆی دابیندەکات؟ چۆن دەچێتە ناو بازاڕی بەرژەوەندییەکانی دنیا، لەڕێگەی ئەم جەمسەرانەوە، بێگومان توشی کارەساتی گەورە دەبین!

ئەوەی دەمێنێتەوە ئاستی پەرۆشی و راستگۆیەتییە، کە ئایا بەراستیتانە دەتانەوێت لەم خولانە فێربن؟! ئەگەر بەراستیتانە گرنگتر لەم خولە ئەوەیە، لەدوای ئەم خولە چیدەکەن و چۆن بەردەوامدەبن؟!

(٣٢) ساڵە حکومەتمان هەیە، کەچی کوردستان لەبەر گەندەڵی بۆگەنی کردووە!

موحازەرەی خولی پەروەردەی رۆشنگەری، بۆ رێکخراوی گەنجانی راپەڕین..
ڕۆژی (٢٠٢٢/١٠/٨) سلێمانی..

بەخێربێن.. خۆشحاڵم ئەم خولانە لەگەڵ دەڤەری ئێوە بەردەوام دەبێت.

رێکخراوی گەنجانی راپەڕین، بەردەوام چالاکە. ئێمەش هەر لەسەرەتاوە گفتێکمانداو وتمان ئێوە چالاکبن، ئێمەش پشتیوانتانین. ئێستا زۆر بەڕێکوپێکی دەبینم، کۆمەڵێك لەکچان و کوڕان هاتوون و گەرم و گوڕتر لەجاری پێشوو، هاتوونەتە پێشەوە..

قسەکردن لەم خولانەدا، جیاوازە لەو قسانەی ئێوە لەقەڵادزێ بیستووتانە، پەروەردەکەی جیاوازەو ئاراستەکەی جیاوازە..

قسەکان تازەیە سەبارەت بە ئێوە، قسەیەك نییە لێپرسراوی ئۆرگانێک، یان بەرپرسی یەکێك لەحزبەکان لەقەڵادزێ کردبێتی و ئێوە گوێتان لێبووبێت، ئەمە بۆ پەروەردەکردنتانە. پەروەردەش، بە ئاستێکی دیاریکراوی فەلسەفەو کۆمەڵایەتی و..تد دەگرێتەوە.

هیوادارین پێشئەوەی بێنە ئێرە، لەڕابردوودا لەو ململانێیانەی لەکوردستاندا هەیە، هەرچیتان بیستووە، کە بەدڵنیاییەوە بیستووتانە، ئەمڕۆ تا ئێوارە، ئەوەی بیستووتانە لەدەرەوە بەجێیبهێڵن و دوای ئەوەی گوێتان لەقسەکانی ئێرە دەبێت، بچنە دەرەوە لەگەڵ ئەوەی بیستوتانە بەراوردی بکەن! بیستراو لەگەڵ ئەوەی خۆتان رووبەڕوو لێرە قسەکان دەبیستن، بەراوردی بکەن و ئەنجامەکەی ساغبکەنەوە! بزانن ئەم خولانە، لەسودی ئێوەیە یان نا؟! مامۆستاکانیش هەموویان دکتۆرایان هەیە، موحازەرەتان پێشکەش دەکەن و تەنها من مامۆستا نیم لەناویاندا..

قسەم لەسەر ئەوەیە، کە ئێستا سیاسەت، رۆشنگەریی و دنیای تەکنیك و ئینتەرنێت، یان فەزای سۆشیال میدیا، ئەمە بۆ یەکەوە دەبەسترێن؟ بۆ سیاسەت بەبێ رۆشنگەریی و سیاسەتیش بێ دنیای دیجیتاڵ، یان

بەبێ سۆشیال میدیا ناچێت بەڕێوە؟! ئایا کەسێك هەیە لەئێوە، یان کەسێك هەیە لەم دنیایەدا بتوانێت بەدەر لەسیاسەت، بیر لەسیاسەت بکاتەوە؟ بەدەر لەکاریگەرییەکانی سیاسەت، ژیانی کۆمەڵایەتی بەسەر بەرێت؟ یان کەس هەیە لەئێوە بیەوێت سیاسەت بکات و باوەڕی بە دیموکراسی نەبێت؟ بەڵام سیاسەت، بۆ میللەتانی ژێر دەستەی وەکو ئێمە، بەبێ ئامانجی دیموکراسی، چ نرخێکی هەیە؟ ئایا دیموکراسی دەسەڵات دەیسەپێنێت، یان پەروەردە بەدیدەهێنێت؟ ئایە دیموکراسی بە دەسەڵاتداری خۆی لەسەرەوە بۆ خوارە دەیسەپێنێت؟ یان نەخێر دیموکراسی پێشئەوەی سەپێنراوی دەسەڵات بێت، پەروەردەکراوی کۆمەڵایەتییە، تاکی کۆمەڵ دەبێت پەروەردە بکرێت، کۆی کۆمەڵ پەروەردە بکرێت. پەروەردەکردنی دیموکراسی و تێگەیاندن و تێگەیشتن لەدیموکراسی، لەدنیا چۆن بووەو لای ئێمە دەبێت چۆن بێت؟

ئەمە هەمووی پرسیارەو کاتێک قسەتان بۆ دەکەم، وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە. ئایا ئێستا لەچی سەردەمێکداین؟ ئەم سەردەمەی سیاسەتی تیادا دەکەین و باسی ڕۆشنگەری دەکەین، ئایا چ سەردەمێکە؟ سەردەمی جەنگی یەکەم، جەنگی دووەم، سەردەمی جەنگی سارد، ئایا شێخ مەحمود سەرداری کوردستانە؟ ئایا قازی محەمەد، سەرۆك کۆماری کوردستانە؟ ئایا مەلا مستەفا، ڕابەری بزووتنەوەی کوردە؟ یان سەردەمەکە سەردەمێکی ترە! سەردارو سەرکردەکانی کورد گۆڕاون؟ فەزای سیاسی گۆڕاوە؟ بیروباوەڕی سیاسی گۆڕاوە؟ فەلسەفەی سیاسی گۆڕاوەو ئایدلۆجیەتی سیاسی گۆڕاوە؟ تا ڕادەیەکی زۆریش ژینگەی حزبایەتی گۆڕاوە؟

ئەگەر پرسیارێك لەدایك و باوکتان بکەن، زۆرنا هی (١٥) ساڵ لەمەوبەر، کە تەمەنی هەمووتان (١٥) ساڵ و زیاتریشی تێدایە، کە ئایا ئەو کاتە لەماڵی ئێوەو لە گەڕەکەکەتان، چەند تەلەفزیۆن و چەند تەلەفونی نۆرماڵی تێدا بووە؟ نەخێر (٢٠) ساڵ لەمەوبەر، لەماڵێکدا تەلەفون هەبووایە، هەموو گەڕەکەکە دەهاتن فشاریان دەخستنە سەریان، تا لەڕێی ئەوانەوە تەلەفون بۆ دراوسێکانیان بکەن، بۆ شارێکی تر بکەن. تەلەفون کردن لەگەڵ دەرەوەی کوردستان ئەوەندە گران بووە، ماڵی وایە (٥٠) ساڵ یەك تەلەفونی لەگەڵ دەرەوەی وڵات نەکردووە! یان هەر نەیکردووە! بەڵام ئێستا، هەموو یەکێك لەئێوە بەکچ و کوڕتانەوە، هەریەکەتان ئەگەر دوو تەلەفونتان نەبێت، لایەنیکەم تەلەفونێکتان لەگیرفاندایەو من زۆر کەس دەبینم سێ تەلەفونی هەیە، واتە سێ هێڵی هەیە.

جاران یەك دەقیقە تەلەفون لەگەڵ دەرەوەی وڵات، بۆ ئەو ئامێرانەی هاتبوون (١٠) دۆلار بوو، بەڵام ئێستا بەلاشە! ئێستا بە واتس ئاپ و هەمووی ئەپەکانی تر دەتوانی تەلەفۆن بکەیت. جاران لەکوردستان ڕۆژنامەیەك و دووان هەبوو، چاوەڕێتدەکرد ئەم ڕۆژنامانە چی دەڵێن؟ ئەوەی تاقەتی هەبوو، هەواڵەکانی دەخوێندەوە. بەڵام ئێستا لەگیرفانی خۆتدا، تەنها کلیکێك بکە، هەموو دەنگوباسی دنیا لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەزانیت. سەیری ئەم دنیایە بکە چی لێهاتووە!

ئەگەر جاران یەك تەلەفون لەگەڕەکێکدا، ئەگەر هەزار ماڵ بووبێت هەبوبێت، ئەوا ئێستا دوو هەزار

تەلەفون لەو گەڕەکەدا هەیە! جاران لەدوای ڕاپەڕین، کە ئێمە هاتووینەتەوە هەموو کوردستان (١٠٠) هەزار تەلەفونی تێدا نەبووە.

بەڵام ئێستا کوردستان، لایەنیکەم دوو ملیۆن تەلەفونی تێدایە، جاران ڕۆژنامەیەك هەبوو دەنگوباس بڵاوبکاتەوە، ئێستا هەموو کەسێك ئەگەر فەیسبووك یان پەیجی هەبێت، ڕۆژنامەی خۆی هەیە، پەیجی خۆی هەیەو فەیسبووکی خۆی هەیەو هەواڵی خۆیشی هەیە. هەر خۆی هەواڵنێرەو هەواڵسازیشە؛ هەواڵ وەرگرەو ئەگەر بیەوێت و تاقەتی هەبێت بەئاسانی، یەکێك لەئێوە دەتوانن پەیجی خۆتان هەبێت و بەنیو سەعات هەمووشی ڕێکدەخرێت. پەیجت هەیەو هەواڵ دەنێریت و هەواڵیش وەردەگریت. هەڵمەت دەبەیت و هەڵمەتیشت بۆ دێ! ڕەخنە دەگریت و ڕەخنەشت لێدەگیرێت. هەموو ئەمانەش بەچرکەیەکە و ئێوەش لەم دنیایەدا دەژین..

حەز دەکەم ئێوە تێبگەن، ئەم دنیایە تێگەیشتنێکی قوڵتر و هەمە لایەنەی دەوێت، هۆشیار نەبیت، دەرنابەیت! جاران لەکانیەکدا دەتوانی ئاو بخۆیتەوە، بەڵام ئێستا گەر لای سەدەکەی دەربەندیخان مەلە بکەیت، مەلەوان نەبیت دەخنکێیت! لەلادێ کانیەك بەسبوو بۆ گوندەکە، بەڵام ئێستا لافاو هەڵدەستێت! ئاوی زۆر هەیەو بەنداو هەیە، ئەگەر مەلەوان نەبیت چیدەکەی؟ بۆ هاتوویتەیە سەر ئەم ئاوە؟ ئەی نابینی خەڵك چەند دەخنێکێت لەبەرئەوەی مەلەوان نییە! مەلەوان بۆ دەریاو بۆ بەنداو، بەراوردی بکە بۆ مرۆڤ و هەستی مرۆڤ بۆ دنیای ئینتەرنێت! ئیتر بزانە ئێستا دنیای ئینتەرنێت لەدەریایەك قوڵترە..! سەری لێدەرنەکەیت و بچیتە ناو دنیای ئینتەرنێت، سەرت لێتێکدەچێت! سەریشی لێدەرکەیت، ئەوا گەورەترین سودی لێدەبینیت. مەلەوانی ئینتەرنێت بیت، دەتوانی هەموو دەنگوباسەکان، لەهەموو کێشەکان و دەنگوباسی سیاسی هەرچیەك بێت بپەڕیتەوە. بەڵام مەلەوانی ئینتەرنێت نەبیت، واتە شارەزای ئینتەرنێت نەبێت، ئەوا بێگومان تووشی جۆرەها تەنگوچەڵەمە دەبیت!

لێرەدا دێمە سەر دنیای سیاسەت، دنیای ڕۆشنگەری و دەیبەستمەوە بەدنیای ئینتەرنێتەوە، بە تەکنیک و تەکنەلۆجیاوە.

سیاسەت چییە؟ هەموو ڕۆژێك دەیبستن، سیاسەت و سیاسەت، هیچ کەسێك نییە سیاسی نەبێت. هەموو ئەوەی کە لێرەوە دانیشتوون سیاسین، هەفتەیەکە لە خۆئامادەکردندان بۆ هاتنتان بۆ سلێمانی و بۆ ئەم خولە، بیرتان لێکردۆتەوە، لە خولەکە و بەرنامەکانی، لە گفتوگۆکانی، لە پرسیارو وەڵامەکانی، هەموو ئەمانە لە زهنی خۆتاندا هێناوتانە و بردووتانە، ئەمەش هەمووی سیاسەتە..!

سەودای ئاسایی لەسەر نانێك، شوتییەك و کاڵەکێك هەر سیاسەتە..! گەر سیاسەت نەکەیت، دەتخەڵەتێنن..! واتا هۆشیار نەبیت، نەزانیت نرخی نان لەبازاڕ چەندەو هەوڵنەدەیت بەنرخی ڕاستەقینەی خۆی نانەکە بکڕیت، ئەگەر مامەڵە نەزانیت، ئەوا دەتخەڵەتێنن..! بەپێچەوانەشەوە بیزانیت، بەنرخی خۆی نانەکەی لێدەکڕیت.

بۆیە تەنیا سیاسەتە دەتوانێ پەیوەندی دەوڵەتانی دنیا و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵی دنیا، پەیوەندی نێوان تاکەکان و دەسەڵاتەکانی دنیا، پەیوەندی نێو حزبەکان، پەیوەندی نێو ڕێکخراوەکان، پەیوەندی نێو خێزانەکانیش ڕێکبخات.

بەدرێژایی مێژوو، جۆرەها سیاسەت هەبووە، سیاسەتی ستەماکارانە هەبووە، سیاسەتی خوێنڕشتن هەبووە، سیاسەتی چەوساندنەوە هەبووە، سیاسەتی چینایەتی هەبووە، هەموو ئەمانە هەبووە! بەڵام باشترین سیاسەت لەدنیادا تائێستا توانیبێتی سەرکەوتن بەدەستبێنێت، ئەو سیاسەتەیە کە ڕەچاوی دادپەروەری دەکات. چەوساندنەوەی کەم تێدایە، مافی مرۆڤ دەدات، مافی هاووڵاتی دەدات، پێویستەکانی کۆمەڵ و مرۆڤ، تاکەکان و کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرێت و بەرنامەی بۆ دادەنێت، گۆڕانکاری بەدەستدێنێت.

گەورەترین هەڵە ئەوەیە بڵێن سیاسەت ئیشی ئێوە نییە! لەوەش خراپتر ئەوەیە، ئێوە وا تێبگەن سەرووی خۆتان هەر بڕیارێك بدات ئێوە بێ گفتوگۆ، بەبێئەوەی بیری لێبکەنەوە، بڕیارەکە دروستە یان دروست نییە، جێبەجێی بکەن! ئەمە گەورەترین هەڵەیە و کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتیتان دەبێت.

سیاسەت، بۆ ئەوە نییە ملکەچ بیت! سیاسەت بۆ ئەوەیە سەربەست بیت..! ملکەچی لەعەقڵدا، ملکەچی لەبیرکردنەوە، ملکەچی لەجەستەدا، ملکەچی لەپەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، مرۆڤ لەمرۆڤایەتی دەخات..! بەپێچەوانەوەی هۆشیاری تاك، هۆشیاری کۆمەڵایەتی، هۆشیاری حزبایەتی، هۆشیاری ڕەخنەگرتن، مرۆڤ دەکات بەمرۆڤێکی تەندروست و ڕاستەقینە و کاریگەر لەناو کۆمەڵدا. تۆ ئەگەر بتەوێت مرۆڤێکی هۆشیار بیت، مرۆڤێکی تەندروست بیت، مرۆڤێکی ڕەخنەگر بیت و مرۆڤێك بیت خەبات بۆ ئازادی بکەیت، خەبات بۆ دادپەروەری، بۆ دیموکراسی بکەیت، ئەگەر بتەوێت ئەمە ئامانجت هەبێت، ئەگەر لایەنیکەم باوەڕتان بەدیموکراسی بێت، لایەنیکەم باوەڕتان بەئازادی هەبێت، هەرکەسێك لەئێوە لایەنیکەم باوەڕی بەژیانێکی ئازاد و ژیانی پێشکەوتووی کۆمەڵایەتی هەبێت، لانیکەم باوەڕی بەوە بێت خۆشی هۆشیار بکات، تکایە بە ناهۆشیاری مەچنە دنیای سیاسەتەوە! هۆشیار نەبیت و سیاسەت بکەیت، دەبیت بەکۆیلە! هۆشیاربیت و بچیتە دنیای سیاسەت ئامانجەکانت بەدیدێنیت، ئازادی، کۆمەڵایەتی، دادپەروەری و وردە وردە دەبیت بە بەشێك لەئامانجە هاوبەشەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی.

سیاسەت مادام لەناوماندایەو لەپەیوەندیەکانماندایە، لەمناڵیەوە تا گەورە بوونمان سیاسەت لەناوماندایە، لەناو شارەکانمادایەو لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیماندایە، کەواتە چۆن ئاو و هەوا پێویستە بۆ مرۆڤ، هەر ئاوا سیاسەتیش هاتۆتە ناومانەوەو دەبێت سیاسیەکی هۆشیار بین و بەقەد ئەوەی پێویستە، سیاسەت بکەین بەئامرازێك، لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانمان.

ئێستا لەدنیایەکدا ئەژین پێیدەڵێن دنیای جیهانگیری، ئەم دنیایە سیاسەتی دنیای جیهانگیریە، جیهان هەمووی کەوتۆتە ژێر کاریگەری یەك سیاسەتی ئابووری، یەك سیاسەتی ڕاگەیاندن، یەك سیاسەتی ئاسایشی

جیهانی، هەموو دنیاوایە، دنیای جیهانگیری هیچ سنوورێکی نەهێشستووە! نە سنووری نیشتیمانی، نە سنووری ئابوری، نە سنووری ڕاگەیاندن و میدیای نەهێشتووە!

پێناسەیەك هەیە دەڵێت: دنیا وەکو گوندێکی لێهاتووە، چۆن لەگوندێکدا، دەنگوباس لەم سەری گوند هەبێت بەیەك دەقیقە تا ئەوسەری گوند دەڕوات! لەدنیای ئێستاشدا دەنگوباس لەئەمریکا هەبێت، بەیەك دەقیقە دەگاتە گیرفانت! ئەگەر تەلەفونەکەت بکەیتەوەو بچیتە سەر پەیجەکەت، دەبینیت دەنگوباسەکەت بۆ هاتووە..

سەرۆکی ئەمریکا دەپژمێت، ئێمە لێرە دەزانین پژمیوە! سەرۆکی ئەمریکا هەڵامەتێتی، لێرە دەزانین هەڵامەتێتی! جاران لەدوورەوە نەك سەرۆکەکانی دنیا کە نەماندەزانی چی دەکەن! نەماندەزانی ئاغاکانی خۆشمان چی دەکەن! ماڵی گەورەی ئاغاکانیش دیواری گەورەو درەخت بەدەوریانەوە هەڵچنرابوو، بەس خۆیان دەزانی لەناو ماڵەکانیاندا چی هەیە. کەس نەیدەزانی لەناو ماڵەکەدا چی هەیە. ئێستا دەنگوباسی هەرچی سەرۆکی دنیایە، لەناو دەستماندایە! کەواتە سیاسەت ئێستا لەبەردەستی هەمووتاندایە. سیاسەت لەعەقڵتاندایە، لەبیرکردنەوەتاندایە، لەپەیوەندی کۆمەڵایەتیاندایە. باشە، کەواتە ئێستا ئێوە دەتانەوێت چی بکەن؟! دەتانەوێت دانیشن و دایکتان و باوکتان خزمەتتان بکەن؟ مەکتەب تەوا بکەن و دامەزرێن، کچ شوبکات و کوڕ ژن بهێنێت! وردە وردە پیربن و دواتر بمرن و تەواو! هیچت پێشکەش بەژیان نەکردبێت؟! واتە ئەمە چی ژیانێکە تۆ وەکو باپیرت بژیت، وەکو داپیرت بژیت، داپیر و باپیر ڕێزیان هەیە، بەڵام باپیرو داپیری من لەم سەردەمەدا نەژیاون. هەر سەریشی لێدەرناکەن، باوکیشمان سەری لێدەرناکات، دایکیشمان سەری لێدەرناکات، ئەگەر بەپێی قسەی دایك و باوکمان بێت کە (٧٠) ساڵ (٨٠) ساڵ تەمەنیان هەیە، بێگومان خۆتان دەبینن کە زۆربەی دایك و باوکی ئێمە ئێستاش لەچوارچێوەی ماڵ نەهاتوونەتە دەرەوە، نازانێت ئینتەرنێت بەکاربهێنێت، نازانێت کلیکێك بکات، نازانێت پەیجی هەبێت، ڕەنگە تۆش کە بەکاری دەهێنیت، ئەو بەگوناهی بزانێت! بۆ تۆ کە هیچ گوناهێکی تێدا نییەو بەکاری بێنە. باوەڕت بەدینە، (١٠٠) جۆر تەفسیری قورعانی تێدایە، هیچ پێویست ناکات خۆت هیلاك بکەیت و بەدوای کتێبی تردا بگەڕێیت. باوەڕت بە تەکنیك و تەکنەلۆژیا هەیە، پیشەسازی هەیە، بەدوایدا بگەڕێ، هەرچی تەکنیکی دنیا هەیە دێتە بەردەستت. دەتەوێت زاراوە لەبەربکەیت، یەك ملیۆن زاراوە لەناو گوگڵدا هەیە، هەر وشەکەی لێبدە ڕاستەوخۆ ماناکەیت بۆ دەهێنێت. هەرچی تۆ دەتەوێت لەنێتدا، لە گوگڵ و یوتیوبدا هەیە، لەسەر تەندروستی، ژیان، ژن، مناڵ، کوڕ، پەروەردە، وەرزش، سینەما، مەزهەب، قورعان، تێکستە پیرۆزەکان، ئاینەکانی تر، لەسەر هەرچی دەتانەوێت لە ئینتەرنێتدا هەیە..

لەگەڵ ئەوەشدا. ئەوەی پێیدەڵێن پەروەردەی ڕەسەنایەتی دایك و باوك، کە لەجێی خۆیەتی و دەبێت ڕێزی لێبگرین، نابێت لێی دەربچین و پێشێلی بکەین، چونکە پێشێلکردن عەیبەیە! ئێمە کە نەتەوەیەکین زمان، کلتوور و دابونەریتمان هەیە، با شانازی بە هەموو لایەنە باشەکانی ئەم دابونەریتەوە بکەین، چۆن

زمانی خۆمان دەپارێزین و لایەنە باشەکانی دابونەریتیش دەپارێزین، بەڵام زمان و دابونەریت و هەموو ئەمانەش، نابێت بکرێن بە پەرژینێك لەبەردەمتاندا.. رابردووش بۆ دەرس وەرگرتنە، بۆ ئەوە نییە تیایدا بچەقین..! چونکە چەقبەستن ئەوەیە کە تۆ لەرابردوودابیت و نەتوانی بێیتە ئێستاوە! ئەگەر نەیەیتە ئێستاو ئەم سەردەمەش، ئەوا ئایندەش لەدەست دەدەیت!

تەنانەت ئەگەر بتانەوێت دابمەزرێن، ئەگەر بچن بۆ هەر فەرمانگەیەک، هەر کۆمپانیایەك، لێتدەپرسن چەند زمان دەزانیت؟ لەکۆمپیتەر دەزانیت؟ ئایا زمان و کۆمپیوتەر بەقەد ئەو بڕوانامەیەی لەگیرفانتادایە نازانی؟! لەکاتێکدا فێربوونی کۆمپیتەر و زمان بۆ دامەزراندنتان بووە بە مەرجی یەکەمی ئەم سەردەمە! کۆی هەموو ئەمانەش بنەمای بنەمای سیاسەتی ئەم سەردەمەیە.

کۆی ئەم قسانەی کە بۆتان دەکەم، سیاسەتی جەوهەری سەردەمەو دەبێت سیاسەتی ئەم سەردەمەو لەپێگەی کەسی خۆتان و لەئەرکی سەرشانی خۆتان لەم سەردەمەدا وردببنەوە، بۆ ئەوەی بەشدارییەکی کاریگەرو کارلێکی کاریگەر لەگەڵ سیاسەتی ئێستا و سیاسەتی کۆمەڵایەتی و لەگەڵ فەلسەفەی نوێشدا بکەن. نابێت ئێوە هاووڵاتییەکی دووبارەکەرەوەی ژیانی رۆتینی خۆتان بن! نابێت خەو و خواردن و جلوبەرگ لەبەرکردن، مانگی جارێك بۆ سەیران، مەکتەب تەواوکردن و دادەمەزراندن و تەواو! ئەمە دوا ئامانجی مرۆڤ نییە! دوا ئامانجی مرۆڤ ئەوە نییە مووچەیەکی هەیە یان نییە، ئەگەر ئەمە دوا ئامانجی مرۆڤ بوایە، حەز دەکەم بزانن مرۆڤایەتی ئێستاش لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەژیاو هیچ پێشکەوتنێکی نەدەهاتە دی..!

ئەم هەموو زانایە، ئەم هەموو دانایە، ئەم هەموو پێشکەوتنە، ئەم هەموو تەکنەلۆژیایە، کەشتی دەچێت بۆ سەرمانگ و ئەستێرەی نوێ دەدۆزێتەوە، تەندروستی ئێستا خەریکە شێرپەنجە چارەسەر دەکات، کار بۆدۆزینەوەی چارەسەری شەکرە دەکەن، باشترین نەخۆشخانەکانی دنیا، باشترین چارەسەرەکانی دنیا، جادەو بانی دنیا، جوانترین مۆدێلی ئۆتۆمۆبیل، جوانترین مۆدێلی جل، باشترین فلیم، هەموو ئەمانە ئەقڵ بەرهەمیهێناوە.

ئەگەر ئەقڵ پەروەردە نەکەیت، چۆن ئەم هەموو شتە دەبینی لەدنیادا، دەی کامەی خۆی بەموسڵمانێکی چاك دەزانێت، کە نەخۆش دەکەوێت دەچێتە بۆ لای مامۆستای ئایینی تا نوشتەتان بۆ بکەن، یان دەچن بۆلای دکتۆر!

دنیا وایلێهاتووە، بەدەستی تۆ نییە! جاران کە دکتۆر نەبوو خەڵك دەچوو بۆ لای مەلاو نووشتەی بۆ دەکردو لەروی روحیەوە ئاسوودە دەبوو، کەسیش بەنووشتە چاك نەبۆتەوە! بەڵام ئێستا کەس ناچێت بۆلای مەلا، مەگەر پیرەژنێك، کە ئاگای لەدنیا نەبێت! ئێوە کە نەخۆش دەکەون، ناچن بۆ لای هیچ مامۆستایەکی دینی، دڵنیام رێزیان زۆر دەگرن و حەقی خۆشیانە رێزیان لێبگرن، بەڵام ناچن بۆ لایان بۆ نوشتە، مەلاش وازی لەنوشتە کردن هێناوە. بەڵکو بۆ ئامۆژگاری رۆحی و بۆ پرسیارێکی رۆحی دەچنە

لایان، بەڵام بۆ نەخۆشی دەچنە لای پزیشك، هەروەكو چۆن ئۆتۆمۆبیل بۆ گواستنەوەیە، فڕۆكە بۆ فڕین و تەلەفزیۆن بۆ فلیم و دەنگوباس و..تد، هەموو ئەمانەش ئەقڵ بەرهەمیهێناوە. بۆیە ئەگەر ئەقڵ ەرابردوودا، بەدوای زانستی نوێ، فیزیا، فەلەكناسی، ماتماتیك و هەموو ئەمانەدا نەگەڕایەو نهێنیەكانی نەزانیایە، ئێستا نە ئۆتۆمبێلمان دەبوو، نە فڕۆكە، نە پزیشكمان هەبوو، نە زانستی پزیشكی و نەزانستی تەندروستیمان دەبوو، بۆ خۆمان وەكو سەردەمی دەرەبەگایەتی، دواكەوتوو دەژیاین.

پێشكەوتن ئێجگار گرنگە، ئەمەش بەئەقڵە، پێشئەوەی بەجەستە بێت، پێشكەوتن بە پەروەردەكردنی ئەقڵە. تۆ ناتوانیت بچیت بۆ مەكتەب بڵێیت مامۆستا جگە لەوانەی كۆمەڵایەتی، یان مێژوو، یان دینی، یان كیمیا، فیزیا، ماتماتیك و ئەندازیاری ناخوێنم! ناتوانیت، دەرناچیت و هیچ فێر نابیت! بڕۆ بۆخۆت بڵێ تەنها مێژوو دەخوێنم! لەمێژوو شارەزا دەبیت، بەڵام هیچ لەفیزیا نازانیت، هیچ لەماتماتیك نازانیت، هچ ەزانستی فەلەكناسی نازانیت، هیچ لەئەندازیاری نازانیت، هیچ لەزانستی سروشتی نازانیت، لەكاتێكدا كە ئێستا زانستەكانی دنیا مرۆڤ پەروەردە دەكەن.

دەبێت دەرفەت بڕەخێسێنین بۆ یەكتر، بۆ ئەقڵ، بۆ مەعریفە، بۆ پێشكەوتن، بۆ پەروەردە. دەبێت دەرفەت بڕەخسێنین خەڵك پێبگات، نابێت لەقاڵبێكدا هەروا بمێنینەوە. ئەگەر تۆ لەدەرگای زانست و زانیاری نەدەیت، لەدەرگای تێگەیشتن و پەروەردە نەدەیت، پرسیاری نوێ نەكەیت، وەڵامەكان وەرناگریت! ناكرێت لەم ژیانەدا بیت و ئەقڵیشت هی (١٠٠) ساڵ یان (٢٠٠) ساڵ لەمەوبەرێت! ئەم ژیانە ئەركی هەیە، دەبێت ئەركەكان وەكو خۆی جێبەجێبكەن، تكایە وەكو خۆی جێبەجێی بكەن. كێ دەڵێت لەناو ئێوەدا كەسانی زۆر گەورە هەڵناكەون، ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت و پەروەردە بكرێ. هەموو ئەمانە دەچێتە دنیای سیاسەتی سەردەمەوە.

ئەم سەردەمە، سیاسەت ورد بۆتەوە، ورد بۆتەوە بۆ كەسەكان، بۆ شانە بچووكەكان، ورد بۆتەوە بۆ سۆپەر ماركێتی بچووك، بۆ بازاڕی بچووك، بۆ خێزانی بچووك، سیاسەت تەنیا سەرۆكە گەورەكان نایكەن، دەوڵەتە گەورەكان نایكەن، سیاسەت لەئابووری بچووكدایە، سیاسەت لەپەروەردەی بچووكدایە، سیاسەت لەتەكنیكی بچووكدایەو لەئەندازیاری بچووكدایە! كۆی ئەمانە سیاسەتی تاكن، كە ئێستا بەرەو (٧) ملیار مرۆڤ دەڕۆین لەسەر زەوی.

سیاسەت، هەموو مرۆڤێك لەم مرۆڤانە دەگرێتەوە، ئامێری زیرەكی تەلەفون، كێ دەیكڕێت ئەگەر سەری لێدەرنەكەیت! هەموو ساڵێك ئایفۆنی تازە دەردەچێت و ئێستا ژمارە (١٤) دەرچووە، لەهەموو دنیادا ریزی بۆ دەبەستن و بەئۆنلاین پارە دەخەنە بانك، تا بەزوویی فریای ئایفۆنێكی (١٤) بكەون! باشە ئەگەر زانیاریی و مەعریفە و پێشكەوتن نەبێت، ئەگەر نەزانی بەكاری بهێنیت، ئەمە بەكێ دەفرۆشن؟! بۆیە دەبێت وامانلێبێت بزانین ئەم تەكنیك و تەكنەلۆجیایە چۆن بەكار بێنین. ئەمە سەبارەت بە سیاسەت لە ئەمڕۆدا .

لێرەوە دێمە سەر رۆشنگەری. ئایا رۆشنگەری چییە؟ رۆشنگەری بەتەواوی، لایتین واتا: ئینلایتین، روناکییەیە لە شوێنی تاریك دەدرێت!

بەکورتی ئەوە باس دەکەم، کە هیچ ئەزمونێکی دیموکراسی لە دنیادا بەبێ رۆشنگەری نەهاتۆتەدی. واتە هیچ سیستەمێکی دیموکراسی لە دنیادا ئەگەر مێشکی خەڵک بە رۆشنگەری پاک نەکرابێتەوە و لایەنە تاریکەکانی مێشک، بە رۆشنگەری، رووناک نەکرێتەوە؟ بەهیچ شێوەیەک ناتوانی دەوڵەت و سیستەمی دیموکراسی بەدیبهێنیت! هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە ئێوە لە دنیادا دەیبینن لە دنیادا بوون بە دەوڵەتی دیموکراسی، ئەو دەوڵەتانە هزری خەڵکەکەیان رۆشنکردۆتەوە.

تکایە، باوەڕ بەو قسە ناڕاستانە مەکەن، کە دەڵێن: ئەگەر رۆشنگەر یان عەلمانی بیت، کافر دەبیت! بە پێچەوانەوە، لە هەموو ئەو وڵاتانەی عەلمانین و سیستەمەکەیان عەلمانییە، دیین زۆر ئازادە! بەڵام لەهەموو ئەو سیستمانەی عەلمانی نین، دیین جگە لەیەک تاکە دین، دیینەکانی تر هیچیان ئازادنین!

بۆ نمونە، سعودیە کە گۆڕی پێغەمبەری ئیسلام و ئەسحابەکانی لێیە، جگە لە حوکمڕانی بنەماڵەی عالسعود، هیچ کەسێکی تر و هیچ حزبێک و هیچ دینێکی تریشیان قبوڵ نییە! نە مەزهەب و نە ئازادیشیان قبوڵە! ئەوەی قبوڵە، ئیسلام، مەزهەبی سوننە و بنەماڵەی عالسعود و تەواو. بەڵام برۆ بۆ فەرەنسا کە ئایینی مەسیحیان هەیە، زۆرترین مزگەوت لەلایەن موسڵمانەکانەوە کراوەتەوە، لە ئەڵمانیا، ئەمریکا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا، سوننە، شیعە، جولەکە، مەسیحی بتپەرست، بوزی، هندۆسی، هەموو ئەمانە پێکەوە لە ئەوروپا هەڵدەکەن و ئازادیشن و هیچ کەسێکیش رێگە لەکەسێکی تر ناگرێت..!

رێگە گرتن لە دین، لە عەقیدە و لە بڕوا، هیچ بنەمایەکەی نییەو هەر کەسێک لای ئێوە هەر درۆیەکی کردبێت، درۆیەکی شاخدارە و جێگەی بڕوا نییە.باشترین نمونەش ئەوەیە هەرکەس لێی دەقەومێت، لەسەر بیروباوەڕو ئایین، دەچنە ئەوروپا! خۆ تا ئێستا هیچ کەسێک لە ئەوروپا لێی نەقەوماوە بچێتە سعودیە و ببێت بە پەناهەندە! یان بۆ ئێران و ئەفغانستان. لە کاتێکدا (١٠٠) ملیۆن موسڵمان لە ئەوروپا هەن و ئازادیشن! مزگەوتیان هەیە، نوێژی جومعە دەکەن و چۆنیشیان دەوێت ئاوا جلوبەرگ لەبەر دەکەن و باڵاپۆشیشن، بەڵام چ کەسێک لە ئایینەکانی تر هەیە، لە سعودیەو ئێران مافی پەناهەندەیی پێدرابێت؟!

بۆیە ناکرێ دان بەڕاستییەکاندا بنێین. بەڵام لە ئەورپا، موسڵمانەکان و هەموو باوەڕدارە جیاوازەکانی تریش، ژیانیان دابینکراوە، پارەی بە خۆیان و ماڵی منداڵیان دەدرێت. ئەمە سیستەمە عەلمانییەکەیە، بەڵام لێرە حزبە ئیسلامییەکان کە دەم دەکەنەوە، شەو و رۆژ قسە بە سیستمی عەلمانی دەکەن! لەکاتێکدا هیچ کاتێک عەلمانییەت دژی دینن نییە و هیچ کەسێک بەڵگەیەکی دەستناکەوێت! بەڵام هەزار بەڵگە دەیسەلمێنێت کە دەسەڵاتی دینی و حزبی دینی هەیە، دژی ئازادییە..!

بۆ لە ئەورپا ئەمە هەیە و لەلای ئێمە وانییە؟! وەڵامەکەشی زۆر بەسادەیی ئەوەیە، کە لە ئەوروپا رۆشنگەری هەبووە. واتا ئەقڵەکان پەروەردە کران، پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی

مرۆڤەکان، ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات و تێگەیشتنی نوێ هاتە ناو ژیانیانەوە، ئیر وردە وردە ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و ئەو پێشکەوتنانەی هەیە، هەموویان هاتنەدی. بەڵام لەلای ئێمە بە سیاسەتێکی داخراو، بە ئەقڵێکی داخراو، بە ڕەگەزەکانی بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست بیردەکەینەوە، بۆیە هیچ پێشکەوتنێک نەهاتۆتەدی.

ڕەنگە هەبێ لەناوتاندا، ئەو پرسیارەی لەلا دروستببێ و بڵێت: خۆ حزبە ئیسلامییەکان، دەسەڵاتیان نییە تا پێشکەوتن بەدیبهێنن! بەڵام حزبە ئیسلامییەکان (١٠) ساڵ هەڵەبجەیان بە دەستەوە بوو، لە ساڵی (١٩٩٣- ٢٠٠٣) کە لەوکاتەدا وێرانترین شار هەڵەبجە بوو کە بەدەست ئیسلامییەکانەوە بوو! وێرانترین و دواکەوتووترین بوو. ئەمە لەکاتێکدا لە سلێمانییەوە موچەمان بۆ دەناردن، خزمەتگوزاری تەندروستیمان بۆ دەناردن، هەرچی کاروبارەکانیش هەیە ئێمە پشتیوانمان دەکرد، ئەوانیش چەندین گومرگیان بەدەستەوەبوو، بەڵام نەیانتوانی دەبەیەک ئاو بۆ هەڵبجە بکرن! لەکاتێکدا بە دەساڵ دەوڵەت و سیستەم دروستدەکرێت! خۆزگە بیانتوانیایە نمونەی باشتریان پێشکەش بکردایە.

مەسەلەکەش تەنها پەیوەندی بە ئەقڵەوە هەیە! ئەقڵ پەروەردە بکەیت بەرهەمی باشی دەبێت، بەڵام پەروردەی نەکەیت، هیچ بەرهەمێکی باشی نابێت و ئەم قسەیەش زۆر ڕۆشنە. هەر لە قورعاندا هاتووە (ئەوەی دەزانێ و ئەوەی نازانێ، ئایە وەکو یەکن؟!) نەخێر وەکو یەکنین.

بۆیە، تکایە جگە لەوەی کە هەقە شانازی بە دیین و مەزهەبی خۆمانەوە بکەین، هەقە تۆزێکیش مێشکمان بکەینەوە، زانیارییەکان، زانست و تێگەیشتنەکانی تریش وەربگرین و مێشکی خۆمان قوفڵ نەدەین! دەشبێ بزانین عیبرەت لەجنێودانداا نییە! چونکە بەرگریکردن لە دیین و مەزهەب، لە فکردا مانای ئەوە نییە هێرش بکەیتە سەر بەرامبەرەکانت! بەڵکو بەرگدیکردن لە دین بە دەوڵەمەندکردنی تێگەیشتنە دینییەکانە..! بەپێچەوانەشەوە، بەشەڕەجنێو و هێرشی ناڕەوا، ناتوانی بگەیتی هیچ.

کەواتە ڕۆشنگەری گرنگە بۆ مرۆڤ و هەموو بیرکردنەوەیەکی تاریک، ڕووناک دەکاتەوە!

لێرەوە دێمەوە سەر تەکنیک و تەکنەلۆجیاو ئینتەرنێت. ئەوەی لە ئێستادا هەیە لە تەکنیک و تەکنەلۆجیا، پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا، بەشۆڕشێکی گەورە دەزانم. ئەوەی تا بیست ساڵ لەمەوبەر بڤە بوو دەستکاری بکەین، ئێستا لە گیرفانی هەموماندایە! جاران تەنها مامۆستاکانمان شارەزای هەموو شتێک بوون، بەڵام ئێستا هەموو یەکێک لە ئێمە ئەگەر بیەوێ دەتوانێ شارەزای هەموو شتێک بێت!

جاران، زانست، پاوانکراوی ئەوانە بوو کە شارەزابوون، بەڵام ئێستا زانست هاتۆتە بەردەستی هەموومان و لەناوماندایە. جاران، سەرچاوەی زانست و زانیاری دەوڵەتاکان بوون، بەڵام ئێستا سەرچاوەی زانیاری تاکەکانیشن، هەموو کەسێک دەتوانێ لە ڕێگەی نێتەوە هەر زانیارییەکی بوێ، فێربێت و شارەزایی هەبێ، دەتوانێ بۆی بگەڕێت و بیزانێت. هەر شتێک دڵخوازتە دەتوانیت بیزانیت و بیبینیت و فێری بیت، ئەمەش

شۆڕشە. شۆڕشی تەکنیک و تەکنەلۆجیا. بۆیە، تکایە بە پرۆگرام و بە بەرنامە سود لەم شۆڕشە وەربگرن و ئەو پەیوەندیانەی کە جاران کۆسپ بوون لەبەردەم فێربوون، ئەو پەیوەندییە مایەی پێداچونەوەیە. لەگەڵ یاخیبوندانیم، یاخیبوون لە باوک، لە خێزان، لە شار و دابو نەریت، بەڵکو لەگەڵ پێشکەوتنم.. لەگەڵ ئەوەی تا زیاتر فێربیت باشتر پێشدەکەویت. تا زانیاری زیاترت هەبێ ئەوا باشتر سەر لە دنیا دەردەکەیت و بە پێچەوانەشەوە. ئینتەرنێت فراوانترین شێوەو ناوەڕۆکی پەیوەندی زانستی و رۆشنگەرییە.. ئەگەر بە ئاراستەی سودبەخشین و پەروەردەی هاوچەرخ بەکاربێت.

بۆیە ئەم سەردەم لەسیاسەتدا، لە رۆشنگەری، لە دیموکراسی و تەکنیک، لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی جیاوازە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەموو ئەم بوارانە، سوودی لێوەربگریت هەتا ژیان لەرابردووەوە بگۆڕیت بۆ ژانی ئێستا، ژیانی ئێستا وا بونیادبنێیت، تا ئاییندەیەکی باشتر بەدیبهێنیت.

ژیانی رابردوو بە باشی لێکبدەرەوە، یاخیبوون لە رابردوو هەڵەیەکی گەورەیە، هەڵگەڕانەوە لە رابردوو هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە رابردوو مایەی هەڵسەنگاندن و رەخنە لێگرتن نییە..! رابردووی هەمووومان، پێداچونەوەی دەوێ، چ وەک تاک، حزب، سیاسەت، کۆمەڵ. لایەنە گەش و چاکەکانی دەپارێزین و هەر هەڵەیەکیشمان هەیە، دەبێ بڵێین هەڵەبووەو ناکرێ بڵێین هەڵەمان نەبووە! ئەگەر هەڵەمان نەبوو ئەی بۆ نەبووین بە دەوڵەت؟ ئەگەر هەڵەمان نەبووە، ئەی بۆ شکستمان دەخوارد؟ بۆ توشی ئەم هەموو شەڕی ناوخۆ و کوشتارە بوین؟ لەکاتێکدا (٢٠٠) ساڵە لەشۆڕشداین و نەمانتوانیوە ببین بە دەوڵەت. (٣٢) ساڵە حکومەتمان هەیە، کەچی کوردستان لەبەر گەندەڵی بۆگەنی کردووە! ناکرێ لەبەر ئەوەی پێمان دەڵێن رەخنە دەگرن و نابێ رەخنە بگرین، چاو لەهەموو هەڵەکان بپۆشین. چونکە چاوپۆشین لە هەڵە وەکو چاوپۆشین وایە لە نەخۆشی..! چاوپۆشین لەنەخۆشیش دەمانکوژێت. چاوپۆشین لە هەڵەش، دووچاری کیشەی گەورەمان دەکات.

کۆڕ ، پانێل ، فێستیڤاڵ ، بۆنەو یاد

کارگەرییەکانی شەهید ئارام، لە کورتترین ماوەدا..!

ساڵڕۆژی کاک ئارام
ڕۆژی (٢٠٢٢/١/٣١) تەنگیسەر...

ئێمە ئێستا لەسەر ئارامگای شەهید (ئارام)ین..! ئارام؛ سیمبولێکە لەتەمەنی خۆیی و لەقۆناغی خۆیدا، کوردایەتی دەمێك بوو لەزەمانی (شێخ مەحمود)ەوە دەستپێکردبوو.. واتا؛ لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە، هەتا ئەوکاتەی کاك ئارام شەهید دەبێ، چەندین حزب دادەمەزرێو چەندین سەرکردە دروستدەبێ، چەندین ڕاپەڕینی چەکداری دەبێ، هیچ یەکێك لەسەرکردەو سەردارانی ئەو قۆناغە، لەماوەیەکی کەمدا، کە هەمووی دوو ساڵ دەخایەنێت، هیچ کەسێك نەیانتوانیوە بەقەد کاك ئارام، کاریگەری لەسەر هاوکێشە سیاسییەکان هەبێ، لەسەر مەسەلە تیۆرییەکان هەبێ و هیچ کەسێکیش نەیتوانیوە بەقەد کاك ئارام و لەدوو ساڵدا، ئومێدێکی گەورەی ستراتیجی بەبزوتنەوەی کورد، بە خەباتی چینایەتی و ڕەنجدەران ببەخشێت!

لەدنیای سیاسەتدا، دوو ساڵ زۆر کەمە بۆ سیاسەت، بۆ خەونە جوانەکانی مرۆڤایەتی، بۆ خەونە جوانەکانی چینایەتی..! بەڵام سەرکردەی هەڵکەوتوو وایە، دەتوانێ لەماوەیەکی کەمدا، فەزایەکی ئێجگار جوانی مرۆڤایەتی و چینایەتی، فکرو فەلسەفە چڕ بکاتەوەو سەرەنجام ببێ بەیەکێك لەرابەرە هەڵکەوتووەکانی مێژوو.

وەکو وتم: هەتا کاك ئارام شەهید دەبێ، لەمێژووی هاوچەرخی کورددا، هیچ سەرکردەیەك نەیتوانیوە لەماوەیەکی کەمدا، بەقەد کاك ئارام کاریگەری هەبێ، هاوکێشەکان بگۆڕێ، ڕەهەندێکی تریش ببەخشێ بەبزوتنەوەی چەپ و بەخەباتی چەپەکانی کوردستان..!

باوەڕموایە، کاك ئارام لەو ماوە کەمەی توانی ئەو سەرکەوتنە مەعنەوی، فکری، سیاسی گەورەیە بەدیبهێنێ، ئەگەر شەهید نەبوایە، ئێمەومانان هیچ نەدەبووین لەچاویدا، بۆ ئەوەی دنیابینینێکی تر، لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکان بتوانێ بەرنامەی نوێ، سیاسەتی نوێ، بڕیاری نوێ و ڕۆڵی ڕابەری ڕاستەقینە بگێڕێ لەگۆڕانکارییەکاندا! بەدڵنیاییەوە کاك ئارام و هەندێکی تر لەشەهیدەکان بمانایە،

نە یەکێتی دووچاری ئەم کێشانە دەبوو، نە کۆمەڵەی ڕەنجدەران هەڵدەوەشێنرایەوەو نە چارەنوسی حکومەتی کوردستان، هەرێمی کوردستان، مەسەلەی سیاسی، ئازادی، دادپەروەری دەگەیشتە ئەم قۆناغە سەختەی ئێستا، کە بەشی زۆری میللەتەکەمان نیگەرانە، ناڕەزایە و ڕەخنەی توندیان لەسەر ئەم دۆخە هەیە، کە هەموو حزبە سیاسییەکان، بە یەکێتی، پارتی و حزبەکانی تر، پیایدا تێدەپەڕن!

بۆیە هەرچی چۆنێك، لەهەر گۆشەیەکەوە بڕوانیتە کاك ئارام، ئەوا کاك ئارام، پیاوێکی ئێجگار گەورە بووە لەمێژووداو لەناویدا دەمێنێتەوە. مانەوەی کاك ئارام لەمێژووشدا، بەستراوە بەوەی کە بەپێی گۆڕانکارییەکانیش، فکری کاك ئارام، ڕۆحی کاك ئارام، هەوێنی ڕێبازی چەپی کاك ئارام، دەبێ لەقۆناغە جیاوازەکاندا، باشتر بیری لێبکرێتەوە، گەشەی پێبدرێت و ئەو بۆشاییە گەورەی لەئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە، ئەمڕۆ لەکوردستاندا دەیبینین، ئەو بۆشاییە گەورەیە چ زیانێکی گەورەی گەیاندو هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەش، چ هەڵەیەکی ستراتیجی گەورەبوو لەمێژوودا کراوەو تەنانەت ئێستاش چ لەئاستی عیراقو لەکوردستانیشدا، نەبوونی بزوتنەوەیەکی چەپ، نەبوونی هێزی چەپو نەبوونی چەندین ڕابەری چەپی هەڵکەوتوو، ئەم هەموو ناهەمواریی و کێشمەکێشانەیان دروستکردووە، کە ئێستا ڕووبەڕووی هەموومان بۆتەوەو بەدەستییەوە دەناڵێنین!

بۆیە، یادی کاك ئارام، دەبێ یادی هاندان بێ، چونکە ڕابەرو سەرکردەی ئێمەو ئەقڵی ئێمەش بوو! ئەگەر کاك ئارام نەبوایە، ئێمە لەکۆمیتەی هەرێمەکان، سەرەڕای ڕۆڵمان لەدروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان، لەگرتنەبەری ڕێبازی باشتری ئەوکاتەو کۆڵنەدانمان، کوردستانمان بەجێنەهێشت، ڕێکخستنەکانمان گرتەوەو بناغەی شۆڕش لەناو کوردستاندا ئێمەو مانان دامانمەزراندووە، بەڵام بەشی زۆری شانازییەکانی ئەو دەستکەوتانە، کە لەساڵی (١٩٧٥) هەتا شەهیدبوونی، بەڕابەرایەتی کاك ئارام کراوەو بەبێ ڕابەرایەتیکردنی (کاك ئارام)یش نەدەکران!

کاك ئارام زیندووە، لەناوماندایەو هەموو ئەو هاوڕێیانەی کاك ئارام-یش کە لێرەین، ئەوەی کە بینیویەتی، ئەوەی کە لەگەڵیدا بووە، ئەوەی کە ناسیویەتی، ئەوانەشی کە لەژێر کاریگەری ڕێبازەکەیدا بوون، خۆبەشبەختانە، بەشی زۆری بەوەفاداری ماونەتەوە بۆ کاك ئارامو بەوەفاداریش دەمێننەوە. چونکە تازە هەموو ڕۆژگارە سەختەکانیان بینیی و وازیان لەڕێبازی کاك ئارام و لەسیمبولیەتی کاك ئارام نەهێناوە، بۆیە هەر بەوەفاداریش دەمێننەوە. دڵنیاشم، ژانی ئێستای ڕووداوەکان ئایندەیەکی تر لەدایك دەکات..

زۆر سوپاس بۆ هەموولایەك و ئومێدەواریشم هەموومان بەردەوامبین، لەپێناو ئایندەیەکی دیموکراسی و دادپەروەری..

چارەنووسی کوردستان
لە بەردەم مەترسیدایە!

پانێلی (دیموکراسییەت و دەسەڵاتی دادوەری عیراق و چارەنوسی کوردستان)، لە کۆڕبەندی سەنتەری نالیا بۆ سیاسەتە گشتییەکان.. تایبەت بە لێکەوتەکانی بڕیاری دادگای فیدراڵی عیراق لەبارەی بە نادەستوری ناساندنی یاسای نەوت و غازی کوردستان..

رۆژی (٢٠٢٢/٢/٢١) هۆتێل های کریست- سلێمانی...

لە عیراق و کوردستاندا، سەرەتای دیموکراسییە! دەشتوانم بڵێم لەو سەرەتایەش زیاتر چوینەتە پێشەوە، وەکو کات! نەک وەک دەستکەوت، نەک وەک گۆڕانکاری و چەمک، نەک وەک پرەنسیپ! بەڵام وەکو کات چوینەتە پێشەوە.

عیراق، کە لە (٢٠٠٣)ەوە صەدام رووخاوە، تا ئێستا (١٩) ساڵی رەبەقە، کوردستانیش لە (١٩٩١)ەوە تا ئێستا (٣١) ساڵی رەبەقە، لە دنیاشدا ئەزموون هەیە بە (٣٠) ساڵ، باشترین سیستەمی دیموکراسی لە دنیادا دامەزراوە، سەنگافورە بە نمونە.

سەنگافورە، لەکوردستان دواکەوتووتر بوو، کێشەی زیاتر بوو، هەژارتر بوو، کێشەی تائیفی، ئایدۆلۆجی، ئیتنیکی، دەستتێوەردانی دەوروبەری زۆرتر بوو.. کەسێک هات، کە لە لەندەن دکتۆرای هێنابوو، حزبێکی دامەزراند. لەدوای پێنج ساڵێش هەڵبژاردنی بردەوە، بە (٣٠)ساڵیش سەنگافورەی لە دواکەوتوترین باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیاوە، کردە یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی دونیا.

ئێستاش دروای سەنگافورە کە دۆلارە، (٦٠٠) تریلیۆن دۆلار، پاشکەوتی هەیە. یەکێک لەباشترین پاسپۆرتەکانی دونیای هەیە. بەراوردی بکەن بە کوردستان، کە ئێستا زیاتر لە (٢٧- ٢٨) ملیار دۆلار قەرزارین! بەراوردیشی بکەین بە عیراق، کە وەزیری داراییەکەی خۆی دەڵێت: (٢٨٥) ملیار دۆلار لە عیراق دزراوە! ئەمەش دانپێدانانی وەزیری دارایی پێشووی عیراق خۆیەتی.

دیموکراسی، بێگومان لە عیراقدا، لەسەراتادایەو لەکوردستانیش سەرەتایەو لەقۆناغ گواستنەوەیەو کاتی باشترمان بڕیوە، بەڵام وەکو سیستەم، وەکو ئەرکەکان و جێبەجێکردنیان، نەخێر! چونکە زۆر لەئێستا

زیاتر دەکرا بکرێ، کە نەکراوە!

عیراقیش، لەراستیدا ناتوانم بڵێم عیراق وڵاتێکی دیموکراسییە! هەڵەیەکی گەورەشە، لێرە یان لە هەر شوێنێک، وا لێکدانەوەی بۆ بکرێ، کە لە وڵاتێکی دیموکراسین! ئەگەر وایە کوا دەستکەوتەکانمان؟! عیراق، وڵاتێکی دیموکراسی نییە! ئەگەر سەیری دەستورەکەی بکەین، دەبینین دەستورەکە هاوسەنگییەکە لەنێوان، پێکهاتەی تائیفی، پێکهاتەی ناسیونالیستی و هەندێکیش دیموکراسی.

لە فەلسەفەی دیالەکتیکدا، هاوسەنگی کاتی هەیە! واتا لە عیراقدا، هاوسەنگییەکی کاتی لەدەستورەکەیدا هەیە، لەنێوان سێ پێکهاتەدا. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کاتی روخانی بەعسیش، دەبینین بەهێزترین پێکهاتە ئەوکاتە کورد بوو. چونکە شیعە پەرش و بڵاوبوو، سوننە نێگەتیڤ بوو بەرامبەر بەدەسەڵات و تەنانەت یاخیش بوون لە حکومەتەکە، تا دواجار لەدوای جەند ساڵێک رەخنەیان لەخۆیان گرت و پاشان هاتنە ناو حکومەتەکە و بوون بەیەکێک لەگۆشەکانی، سێگۆشەی هاوسەنگی لەعیراقدا. چونکە بەهاوسەنگی هێز، ئەم وڵاتە پێکهاتووە، نەک بە باوەڕ، یان بە پرۆسەی دیموکراسی، یان بەهێزی دیموکراست مێژوویی!

هیچ هێزێکی مێژوویی دیموکراسی لەناو عیراقی عەرەبیدا نییە و هێزە زاڵەکانو هێزە باوەکانیش لەعیراقدا، شیعەو سوننەن. ئەوانەی ئێستاش کە زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمانیان هێناوە، ناکرێ لایەنیکەمی دیموکراسیان تێدابیبنیت. لە ساڵی (١٩٢٨) و لەرۆژانەمی ژین-دا نوسراوە: ئێمە سواڵ لە سواڵکەر دەکەین! جونکە عیراق، خۆی دیموکراسی نییە! بەڵام ئێمە داوای دیموکراسی لێدەکەین! تەنانەت ئێستاش سواڵ لە سواڵکەر دەکەین. خۆیان دیموکراسیان پێدەشێ! بەڵام ئێمەش هاتووین، دەمانەوێ فیدراڵ لەعیراقدا جێگە بکەینەوە، لەکاتێکدا (١٩) ساڵی رەبەقە فیدراڵیان بە یەک پارێزگا نەداوە! (١٧) ساڵە بەصرە داوای فیدراڵی دەکات. ئەنبار هەروەها داوای فیدراڵ دەکات! ئەمەش پێشێلکاری دەستورە. لەکاتێکدا سێ پارێزگا بۆیان هەیە دوای فیدراڵی بکەن.

کەوابێ، ناتوانین لەعیراقێکدا کە دەژین، ناوی بنێین دیموکراسی.. هەڵبژاردن هەیە! جا لەکوێ هەڵبژاردن نییە؟ وڵاتێک نییە هەڵبژاردنی تیدا نەبێت. بەڵام هەڵبژاردن پێوەری دیموکراسی نییە. دەستاودەستکردنی دەسەڵات، ئازادییەکانی ژن، ئازادی پیاو و سەربەستییەکان، مافەکان، هەموو رەهەندەکانی کە لەدەوری مافدا کۆدەبێتەوە، مافی تاک، مافی کۆ، مافی پێکهاتە، هەموو ئەم دەستکەوتانە دەتوانێت بە پاکێجی، دەتوانی تیایدا باس لەوە بکەیت کە دیموکراسی لە وڵاتێکدا هەیە، یاننا! لەم وڵاتەشدا کە پێیدەوترێت عیراق، دەزگاکانی عیراق و بەتایبەتی دەسەڵاتی دادوەری، لەم چوارچێوەیە پێکهاتووە. نوێنەرەکانی هەموو ئەم حزبانە، کە بەزۆرینەی دەنگدەری نادیموکراسی لەسەر حوکمن و لە ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنی عیراقن، ئەنجومەنی دادوەریشیان پێکهێناوە. چونکە بوون بە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە، بە هەڵبژاردنی دادوەری نەبووە.

لەراستیدا دەسەڵاتی دادوەری لە (١٩٢٢-١٩٢٣)و لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق، ناتوانی دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆی بزانیت! چونکە لە هەموو قۆناغێک لەقۆناغەکان سەر بە یەکێک دەسەڵاتەکان بووە. ئەم دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵییەشی لەدوای روخانی صەدام هاتۆتە پێشەوە، ێنەری یەکێتی، پارتی، شیعە و سوننەشی تێدایە. چ لایەکیش باڵا دەستە، ئاراستەی بڕیارەکان، بەولایەدا دەڕوات!

گفتوگۆکەی منیش ئەوەیە، ئایا ئەم دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵییە، دەسەڵاتێکی دادوەری یاسایی عەیار (٢٤)ە؟ هەتا بڕیارەکەی ڕەتنەکەینەوە! یان ڕەخنەگرتن لە بڕیارەکەی عەیبەبێت؟! لە هەرێمی کوردستانیش هەروایە و ئەم قسانەم پاساونین بۆ ئەوەی بڵێم دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی کوردستان، عەیار (٢٤)ە! نەخێر عەیار (١٢)ش نییە! ناڵێم هەمووی، بەڵام دادوەرەکانی کوردستانیش دادەمەزرێنرێن. تەنانەت بۆ خۆم (٨) ساڵە کەیسێکم لە هەولێرەو هێشتا لێیان نەپێچاوەتەوە!

کەوابێ، لە وڵاتێکدا دەژین، لەسەرەتای قۆناغی دیموکراسیداین و تائێستا، هێزە زاڵەکانی ناو ئەم قۆناغە دیموکراسییە، کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەیبەنەوە، چۆن هەڵبژاردنێکیش، کە یان دەستتێوەردانی تێدایە، یان ئەم دوو هەڵبژاردنەی پێشووتردا، لە سەدا (٦٥ بۆ ٧٠)ی خەڵک دەنگینەداوە! لەهەڵبژاردنی پێشوودا، لە سەدا (٢٣)ی خەڵک بەشداری دەنگدانی کردووە! واتە ئەم نوێنەرانەی پەرلەمان کە هەڵبژێردراون و ئەم دەسەڵاتەیش، نوێنەری کەمینەی خەڵکی عیراقن! لەکوردستانیش، دەسەڵات نوێنەری کەمینەی خەڵکی کوردستانن.

ئەمە عیراقە، کە ناتوانین بڵێین دیموکراسییە! ئەمەش دەسەڵاتی دادوەریی کە بڕیارەکانی داوە، کە لەسەر بڕیارەکانیش قسەیەک دەکەم، ئەویش ئەوەیە پسپۆرنیم لەیاسا، بەڵام پرسیارێک دەکەم، هەرچی نەوتی دەرهێنراوە، هەموو بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی دەیگرێتەوە، بەڵام بچن لەدەستور بگەڕێن، نەوتی دەرنەهێنراو، بدۆزنەوە؟ یان برگەیەک لە دەستور بدۆزنەوە کە باس لە سەرچاوە سروشتییە دەر نەهێنراوەکان بکات کە موڵکی کێیە؟!

ئەگەر لەدەستوردا نوسراوە، سەرچاوە سروشتییە دەرنەهێنراوەکانیش، هی بەغدادە، ئەوە حکومەتی کوردستان، یاسای پێشێل کردووە! بەڵام ئەگەر نەنوسرابێت، کەواتە حکومەتی کوردستان، مافێکی لەمافەکانی خۆی بەکارهێناوە بۆ سەرجاوە ئابورییەکان. ئەمە یەکەم.

دووەم، دە ساڵە ئەم کەیسە بۆ باسناکرێت؟! بۆ دادگای فیدراڵی ئەم باس و بابەتە ناکاتەوە؟ بۆ شیعەکان و سوننەکان، سەرۆک وەزیران و سەرۆکی دادگاکان باسی ناکەن؟ بۆ؟ لەکاتی لەدەستچوودا، لەکاتێکدا کێشەمان لەسەر سەرۆک کۆمار هەیە، لەسەر سەرۆک وەزیران هەیە، کێشەمان لەسەر باقی کێشەکان هەیە، لەناو کۆی ئەو کێشانەی کە هەیە، کێشەی نەوت و غاز زەق کرایەوە و دەسەپێندرێ؟ هۆکار چییە؟!

ئەرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند سەرۆک وەزیرانتان گۆڕی؟ چەند وەزیری سامانە سروشتییەکانتان گۆڕی؟ چەند پەرلەمانی عیراق گۆڕدرا؟ چەند هەڵبژاردن کرا؟ چەند وەزیرمان لەبەغداد دانا؟ لەو کاتەوە، لەو ساتەی شکات لەسەر نەوت و غازی کوردستان کراوە؟ چەندجار وەفد لە کوردستانەوە چۆتە بەغداد؟ چەند سەرۆکی وەفدتان گۆڕی؟ چەند سەرۆکمان چووە بەغداد؟ ئەن بۆ جارێک لەوجارانە باسی ئەم کێشانەتان نەکردووە؟ چوار ساڵ، نا دوو ساڵ لەمەوبەر کێشکانتان چارەسەرنەکرد! بۆ هێشتتانەوە بۆ ئێستا تا وەک لوغمێك بەژێرپێماندا تەقییەوە؟! بۆیە چەند پرسیار لەسەر دادگای فیدراڵی و حزبە باڵا دەستەکانی عیراق هەیە، لەوە کەمتر پرسیار ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم و حزبە کوردستانییەکان ناکرێتەوە لەکەمتەرخەمیان، لەبێباکیان! ئایا پێیانوابوو شەقام تەختەو هەتا ئەم کەیسانە دوا بخەن، عیراق دەبێ بەدیموکراسی و ئەوکاتەشی دەبێ بەدیموکراسی، ئیتر خەممان نابێ و کێشەی نەوت و غاز بەئاسانی چارەسەر دەبێت؟!

لەکاتێکدا، کێشەکانی نەوت و غاز، بودجە و چەکدارکردنی هێزی پێشمەرگە چارەسەر نەکراون، سنوری کوردستان دیاری نەکراوە، لە دیپلۆماسییەتدا پشکی کورد، دیاری نەکراوە! پرسی بودجە و مووچە چارەسەر نەکراوە. پەنجا کەیسی جۆراوجۆرمان هەیە. پرسی ئەنفال و کیمیاباران چارەسەر نەکراوە! ئایا شەرم دەکەین باسی بکەین و بڵێین حکومەتی عیراق، ئێوە بتانەوێ یاننا، نەک حکموەتی شیعەکان، نەک حکومەتی سوننەکان، بەڵکو حکومەتی عیراق لێپرسراوە لەکارەساتی ئەنفال و کیمیاباران. بۆچی ناچن لائیحەیەکی تەواو بنوسن و داوا بکەن، کەی قەرەبوومان دەکەنەوە؟ هەر قەرەبووکردنەوەی ئەنفال و کیمیاباران و تاڵانکردنی گوندەکانی لایەنیکەم (٥٠) ملیار دۆلاری دەوێت! بەڕاستی وەفدەکانی کوردستان، وەفدی مووچەن..

بەرێز سەرۆکی حکومەتم بینی و پێموت: واز لەم دانوستاندنە نەزۆکانە بهێنن! دەبێ پرۆژەکە گەورە بکەن، حکومەتی هەرێم نابێ بەرگری بکات، بەڵکو لە هێرشدابن. چونکە ئێمە کێشەمان هەیە، مافمان هەیە لەعیراقداو بەهۆی هەڵەکانی حکومەتەوە، مەکەونە ژێر باری لێپرسراوێتی بەرگری لەعیراق! چونکە عیراق دەبێ خۆی بەرگری لەخۆی بکات و ئێمەش کێشەی نەتەوەیەکی بەدبەختی غەدرلێکراومان هەیە!

ئێستاش دەڵێم: بۆچی کێشەی ئێمە لەبەغداد لەسەر ئەوەبێ بودجەکەمان دەدەنێ یان نا؟ ئەوە پرسی نەوتیشی چووە سەر، دیارە بەمەش ناوەستێ!

ئەمەش مانای وایە عیراقێکی نادیموکرات، هەتا دۆخەکەی وابێ، بۆ هەلێک دەگەڕێن، ئەو کەمە دەستکەوتەی لە دەستوریشدا هەیە بیپێچنەوە و وردە وردە هەرێم لەقاڵب بدەن! مادەی (١٤٠) نەهێڵن، هێزی پێشمەرگە کەم بکەنەوە، موچە خۆری کوردستان کەم بکەنەوە و وردە وردە لەقاڵبمان دەدەن و وەکو باڵندەکەی مەلای مەشهورەمان لێدەکەن!

ئەمەیان بۆ بچێتەسەر، زۆر شتی بەڕێوەیە، یەکێک لەوانە کۆنتڕۆڵکردنی گومرگەکانە، کە بەشبەحاڵی

حۆم، پێمخۆشە گومرگەکانمان لەلایەن بەغداوە بڕیاری بۆ بدرێ، بەڵام بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان. چونکە پێمخۆش نییە گومرگەکانمان ئاوا بەڕەڵایە! ئەو بەرەڵاییە ئەو گەندەڵییەی دروستکردووە. کە حزبەکان و سەرکردەکانیشیان شەرمەزار کردووە!

کۆتایی قسەکانیشم بەوە دەهێنم، کە کوردستان، لەبەردەم کۆمەڵێ ئەگەری مەترسیداردایە، سەرکردەو سەرۆکی حزبەکانم هەموو دیوەو پێموتوون:

قەیرانی ئاسایش بنیشێتەوە، قەیرانی دارایی کە تەنگی بەدەوڵەتەکان هەڵچنیوە، کۆرۆنا کۆتای پێبێت، دەوڵەتە گەورەکان پێویستییان بەسەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بازاڕەکانی دنیا و ڕێککەوتنی تازە هەیە لەنێوان زلهێزەکانی دنیا و ئیقلیمییەکان. لە پیشەوە ئێران، عیراق، سوریا و تورکیا.

ئەم دەوڵەتە گەورانە لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەی تر، ئەگەر ڕێکبکەون بێگومان لەسەر دیموکراسی نییە، بەڵکو لەناوەڕستی ڕێگە ڕێکدەکەون، کە دەبێت بەشێک لەمەرجەکانی دەوڵەت ئیقلیمییەکان قبوڵ بکەن و بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر ئەم تەوافوقە وەکو ڕێککەوتن بێتەدی، ئەوە لەسەر کەوڵی کورد دەبێت!

باکورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئومیدی چارەسەریان نامێنێ، ڕۆژئاوا ناچار دەکەن لەگەڵ حکومەتی سوریا ڕێکبکەوێت. باشوری کوردستانیش لەقاڵبدەدەن! کورد لەبەردەم ئەگەری مەترسیداردایە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەئاستی هەرێمایەتیش، ئاشکرایە کە بەهاری عەرەبی، پاییزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو! هیچ وڵاتێکی دەوروبەرمان بەرەو دیموکراسی نەڕۆیشت، بۆیە ئەگەر لەگەڵ زلهێزەکان ڕێکبکەون، بێگومان بەشێك لەڕێککەوتنە لەدژی کورد دەبێت، چونکە هەریەك لەعیراق، سوریا و ئێرانش مەبەستیانە بەشێکبن لەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیانەو ئەگەر ئێستا فریای خۆمان نەکەوین، دواتر ڕەنگە درەنگ بێت و لەقاڵبمان بدەن.

بۆیە ئەگەر بەزوویی حکومەتی کوردستان، بیر لەوەنەکەنەوە وەفدێکی دانوستاندنی شیاوی پسپۆر، بەئەزمون وەرگرتن لەهەڵەکانی رابردوو کە کردویانە، لەگەڵ بەغداد، لەگەڵ پەرلەمانی عیراق نەکەونە گفتوگۆیەکی جدی، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، ئاقیبەتێکی خراپی دەبێت.

میللەتیش ڕۆبۆت نییە، موچە نییە، نەوت و بەنزین نییە و کارەبا نییە، هەموو چین و توێژەکان داوای مافی خۆیان دەکەن، بۆیە بەشێك لە خەڵك بە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی خۆشحاڵن! واتا: لەداخی دڵیان بڕیارەکەیان پێخۆشە.. ئەگینا خەڵك هەر دڵسۆزی کوردستان و هەرێمن.

سەرکردە هەیە، لەکۆڵانەکەی خۆیشیاندا کەس نایناسێت!

مەراسیمی بڵاوکردنەوەی بیبلیۆگرافیای رۆژنامەی چاودێر و کتێبەکانی مەلا بەختیار و بڵاوکراوەکانی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان..

رۆژی (٢٠٢٢/٣/٣) سلێمانی...

هەست بەشانازییەکی گەورە دەکەم، کە ئاوڕێك لەو رابردووە دەدەمەوە، بەتایبەت کە لەساڵی (١٩٩٣)ەوە، بۆ ماوەی شانزە ساڵی لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان بووم. سەرەتا کاتێك مەکتەبی رێکخراوەکانم گرتە دەست، (١٨) رێکخراو و سەندیکا بوون، بەڵام ئەوکاتەی مەکتەبەکەم تەسلیمکردەوە، (٨٢) رێکخراو و سەندیکا بوون..! ئەمە جگە لەڕێکخراوە ئێنجی ئۆکان.

هەر ئەوکاتە مەکتەبی رێکخراوەکان، خاوەنی تەنها لاپەڕەیەکی ئەدەبیات نەبوو، بەڵام لەو رۆژەوەی مەکتەبەکەم تەسلیمکردەوە تا ئێستا، ئەو بیبلۆگرافیایەی لەبەردەستاندایە (١٠) بەرگی ئەدەبیاتی رێکخراوەکانە کە (٤٤٠٠) ناونیشانە، لەئەدەبی سیاسی، فکریی و رێکخراوەیی.

دەتوانم بڵێم، ئەوکاتە هاوشانی مەکتەبی راگەیاندن، مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان بەئاراستەیەکی تر، تەواوکەری ستراتیجی بیری مۆدێرنە، بیری هاوچەرخ، بیری دیموکراسی و مەدەنی یەکێتی بوو. ئەوکاتە دەرکمان بەوەکردبوو کە یەکێتی تەنها بەتەلەفزیۆنەکانو بەکوردستانی نوێ، ناتوانێ ئەم ئەرکانە رابپەڕێنێ، بەڵکو وەکو لێپرسراوێتییەکی مێژوویی، کەوتینە ژێر باری ئەم لێپرسراوێتییە و یەکێك لەجوانترین و لەشانازییەکانی مەکتەبی رێکخراوەکان و هەموو ئەوانەی لەو بوارەدا ماندووبوون، دەرچواندنی رۆژنامەی چاودێر بوو.

تا جەنابی مام جەلال نەخۆش نەکەوتبوو، لەهەموو چالاکییەکانماندا کە دەچوینە لای، نەخێری نەبوو! مام جەلال هەر ئەو حاتەمی تەیە نەبوو، بۆ یارمەتی لێقەوماوان، بۆ بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدو...تد، کە لەمێژووی کورددا و لەبەخشندەییدا هاوتای نەبوو، تەنانەت لەچالاییەکانی رێکخراوەکان، لەپشتیوانی

کتێب، بۆ هونەرو وەرزشیش، بەخشندەی وانەبووەو دروستیش نابێتەوە. بەڵام هەموو ئەوانەی ئێستا لەدوای مام جەلالەوە هاتوون، ئەم بوارەنەیان سستکردووە لەنەبوونی بەخشندەییدا. بەپێچەوانەشەوە مام جەلال، بە بەخشندەیی هەموو ئەم بوارانەی دەگەشاندەوە، ئەمەش جیاوازی سەرکردەی هەڵکەوتوو، سەرکردەی هەڵنەکەوتووە!

سەرکردەی هەڵکەوتوو، ئەو سەرکردەیەیە لەگەڵ وردو درشتی ئەرکەکان، ستراتیجی، ئایدۆلۆجیا، فەلسەفە، سیاسەت، کاری هزری، دیموکراسی و کۆمەڵایەتی حزبەکەی و هەموو ئەرکەکانی شارستانییەت کارلێك دەکات. لەبەرامبەریشدا سەرکردەی هەڵنەکەوتوو پێیوایە کە دەچێت بۆلای پێیدەڵێت یارمەتی ئەم فێستیڤاڵە، یان ئەو هونەرو چالاکییە بدە، وادەزانێ لەگیرفانی خۆی دەریدەکات! لەکاتێکدا کە هیچیان گیرفانی خۆیشیان هی خۆیان نییەو هی یەکێتییە، بەپلەو پێگەو پایەکەشیانەوە. بەتایبەت هەن لەوانەی کە لەکۆڵانەکانی خۆیشیاندا، کەس نایانناسێت، نەك لەسەر ئاستی نەتەوەیی یان سیاسی.

ئێستا کە لەتۆڕی ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێرین، لەهەمان فەزای ڕێکخراوە دیموکراتییەکان ئیشدەکەینو هەمان ستراتیجمان هەیە. بەڵام زۆرتر لایەنە فکری، فەلسەفەییو ڕەخنەگرانەکەیمان گرتووەو زۆرتر کار لەسەر ئەو بۆشاییە دەکەین، کە لەلایەن حزبەوە پڕ ناکرێتەوە.

رقی مەترسیدار و تەقینەوە!

کۆڕی (ڕاپەڕین، لەنێوان پاشەکشە و بەردەوامیدا)، یادی (٣١) ساڵەی ڕاپەڕینی باشوری کوردستان.. ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/٧)، هۆڵی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی...

ئەمڕۆ یادی ڕاپەڕینی سلێمانییە، پێموابی هەر ئەوەندەی بڵێی سلێمانی، بەسە لەمێژوودا، ئەوەندە جوانە! مێژوویەکی کورت، بەڵام پڕ لەداهێنان، لەقارەمانێتی، لەخۆڕاگری و دەتوانم بڵێم: داینەمۆی بزوتنەوەی سیاسی، کوردایەتی، ئەدەب و داهێنانە سلێمانی.

بۆیە ئەمڕۆ کە حەوتی ئازارە، دوای پێنجی ئازاری دەروازەی ڕاپەڕینی قارەمان، کە سلێمانی ڕاپەڕیی، لەناو ڕایگشتی کوردستان و هێزەکانی بەرەی کوردستانی ئەوکاتە، بە ڕاپەڕینی سلێمانی، دڵنیایی هاتەدی کە سەرکەوتن بۆ ڕاپەڕینە و ئیتر ڕاپەڕین سەردەکەوێ.

ئەم دڵنیاییە، کە ڕاپەڕین سەردەکەوێ مادام سلێمانی ڕاپەڕی، بەڵگەی ئەوەیە سلێمانی پێوەر بووە بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕین! چونکە ئەگەر سلێمانی ڕانەپەڕییایە، گومان هەبوو لەوەی ڕاپەڕین سەرکەوتن بەدەستبهێنێ. بۆیە پیرۆزبایی لەهەموو ئەوانە دەکەین لەڕاپەڕین بەشداریان کردووە، کە بەڕاستی نمونەی قارەمانێتی بوون، سڵاویش بۆ گیانی پاکی شەهیدەکان دەنێرین.

ئێستا کە لێرە دانیشتوین، سەرەڕای بۆچوونە جیاوازەکان، ڕوسیا پەلاماری ئۆکرایینای داوە، هەر ئەمڕۆش وتارێکم لەبارەی ئەو پەلاماردانە نوسیوەو پێمسەیرە هەندێ کەس، بەپاساوی بێتام و بەتێزی بێ پێزی سیاسی، پاساو بۆ داگیرکردنەکەی ڕوسیا دەهێننەوە، بەرامبەر بەگەلێك کە نایانەوێ پاشکۆی جەمسەرێکبن لەم دنیایەداو بەئارەزوی خۆی بڕیار دەدات، سەر بەچ لایەنێك بێ لەدنیادا.

ئەگەر هەڵەیەکیشی کردبێ و جۆرێك لەجۆرەکانیش، بەهۆی دراوسێیەتی لەگەڵ ڕوسیا و بیلاروسیا، ئۆکراین، ئەگەر مەترسییەك لەمەترسییەکانیشی پەیداکردبێ، لەهاوکێشەکانی کە پێدەڵێن ئاسایشی نەتەوەیی، کە بۆخۆم لەسەردەمی جیهانگیریدا باوەڕم بەئاسایشی نەتەوەیی نەماوە! ئەمە بەو مانایە نییە لێکدانەوەی دەوڵەتێك، کە ڕوسیایە بۆ مەترسی دەوڵەتێکی بچوك کە دراوسێیەتی، بگاتە ئەوەی کوشندەترین جۆری چەك بەکاربهێنێت و وڵاتەکەو شارەکانی وێران بکات و میللەتەکەی دووچاری

نەهامەتی و قوربانی بکاتەوە. لەسەر ئەوەی سەرۆکی وڵاتەکە بڕیارێکیداوە.

بۆ خۆم دڵنیام، سەرۆکی روسیا وەکو سەرۆکی هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو سەرۆکی هەموو حزبەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرسی بەهیچ کەسێك نەکردووە کاتێك ئەم بڕیارەی داوە! دوور نییە جیهانیش بخاتە لێواری جەنگی جیهانی و بەبڕیار و بەلێکدانەوەی خۆی، لەکاتێکدا پوتین ئەو فەیلەسوفە گەورەیە نییە لەدنیای سیاسەتدا، بەڵکە کابرایەك بووە لەدنیای هەواڵگرییەوە دروستبووەو سەرۆکایەتی بردۆتەوەو تائێستاش دووجار دەستوری روسیای لەپێناو بەردەوامبوونی خۆیدا گۆڕیوە، بەمشێوەیەش تا (١٠ بۆ ١٢) ساڵی تریش بەردەوامدەبێت.

بەهەرحاڵ، بەشبەحاڵی خۆم هەر کەسێك جیاواز بیردەکاتەوە ئازادە، بەڵام هەموو هەست و نەستم لەیادی راپەڕیندا، لەگەڵ سەنگەر بەسەنگەر و جەنگاوەر بەجەنگاوەر و قارەمان بەقارەمانی خەڵکی ئۆکراینایە، کە بەرگری لەنیشتمانەکەیان دەکەن. وتراش بە دوو بۆ سێ رۆژ رەنگە هەموو ئۆکراینا و کییڤ-یش بگیرێ، کەچی ئەوە دوو هەفتەیە قارەمانانە بەرگری دەکەن و هێشتا لێکۆڵەرێك نییە، پێشبینی بکات، روسیا بەچەندێکی تر سەردەکەوێت؟ کە هێشتا نەگەیشتۆتە ناو گەڕەکێکیش لەگەڕەکەکانی کییڤی پایتەخت! ئەمەش بەبڕوای من و تەنها ئەم دوو هەفتەیە، بەرەنگاری ئۆکراینا خۆی لەخۆیدا، ئەوپەڕی قارەمانێتییە و روسیا لەڕووی عەسکەریشەوە سەربکەوێ، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە گەورترەین شکست لەسەدەی (٢١) بۆخۆی بەدیدەهێنێت.

لەم بابەتەشمدا لەسەر راپەڕین، دەبێ لەسەر تیۆری راپەڕین قسە بکەم و بۆ ئەوەش ناکرێ ئاوڕ لەخەباتی دوو سەد ساڵەی چەکداری کوردستان نەدەینەوە. رەنگە هەندێك قسە بکەم، ئێستا ئاسان نەبێ، تا رادەیەکیش تازەبێ، بەڵام بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە راپەڕین ستراتیجێکی دروستە بۆ چارەنوسی گەلان، دەبێ هەندێك حەقیقەتی تاڵیش هەیە بیخەمەڕوو! نابێ باسی نەکەم..

ئەویش ئەوەیە کورد، دوو سەد ساڵ بەهەڵە خەباتی چەکداری کردووە! هەر بە بەڵگەی ئەوەی لەو دوو سەد ساڵەدا هیچ راپەڕینێك سەریهەڵنەداوە، هەتا شۆڕشی ئەیلول هەموویان کۆتاییان هاتووە. شۆڕشی نوێیەش، ئەگەر داگیرکردنی کوەیت نەبوایە، راپەڕین نەدەبوو! ئەگەر راپەڕینیش نەبوایە، شۆڕشی چەکداری لەکوردستاندا کۆتاییدەهات!

داگیرکردنی کوەیت، دەروازەیەکی گەورەی کردەوە و خەڵك لەخۆی رادیت بەرامبەر بەفاشییەکان رابپەڕێت، چ لەعیراق و چ لەکوردستاندا. ئەوەی ناوەڕاست و باشوری عیراق خامۆشکرا، ئەوەی کوردستان بەهۆی سەپاندنی هێڵی (٣٦) و پاراستنی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، بەبڕیاری (٦٨٨) درێژەی کێشاو گەیشتینە ئیدارەدانی کوردستان، هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەموو ئەوانەش بەردەوامبوون تا گەیشتوینەتە ئێستا. ئەمە یەك.

دووەم؛ بێ هۆنییە، زۆربەی هەرە زۆری سەردارو رابەرەکانی مێژووی کورد، یا گیراون یان تەسلیمبوون!

ئەمەش لەمێژوودا بێ هۆ نییە. بەڵکو ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئەو خەباتە چەکداریانەی کە کراوە لۆکاڵی بوون، نەتەوەیی، ڕزگاریخوازی دروستکردنی دەڵەتی سەربەخۆ نەبوون! یان ئاستی بزوتنەوەکە یەکسان نەبووە بەدروستکردنی دەوڵەت، یەکخستنی بازاڕ، یەکخستنی زمان و نەیتوانیوە لەخەباتی ڕزگاری نەتەوەکانی ئۆرۆپاو هەندێك وڵاتانی ئاسیاش بچێ، بۆیە هەموو ڕاپەڕینەکانی سەدەی هەژدەهەم‌و سەدەی نۆزدەهەم، هەتا دەگاتە ساڵی (١٩٧٥) کۆتایی بەشۆڕشەکان هاتووەو سەرکردەی شۆڕەکانیش، بەشی زۆریان یان لەشەڕدا گیراون، یان تەسلیمبوون یان مەلایەك، لەمەلاکانی کوردستان خەڵەتاندوونی و بردوونی بۆ ئەستانە (ئەستەمبوڵ)، ئەمەش لەمێژووماندا بووە بەدیاردە!

ئەمە حاڵەتێکی دەگمەن نییە، تەنها بڵێین لەفڵان جێگەو فڵانە شوێن، فڵانە کەس گیراوە یان نا! ئەمە لەخۆیەوە نییە کە سەرکردەیەکی وەکو عوبەیدوڵڵای نەهری، لەخۆیەوە تەسلیم نەبووە! کە لەناو ڕابەرانی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا، هەڵکەوتووترینیانە، بەڵام دووجار گیراوە. تا لەدواجاردا دوور خراوەتەوە بۆ حیجازو لەسعودیە مردووە. لەخۆڕاش نییە میری بەدرخان، کاتێك شەڕ لەموسڵ دەکات، یەزدان شێری ئامۆزای خیانەتی لێدەکات و داگیرکەران دەباتە سەر قەڵاکەیی و هەم یەزدان شێر دەگیرێ و هەم میری بەدرخانیش دەگیرێ! لەخۆڕاش نییە شەهید پێشەوا دەچێت بەرەوپیری داگیرکەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەڕیش لەبەر پێیاندا سەردەبڕێ. ئەگەرچی باوەڕموایە پێشەوا گەورەترین قوربانیداوە، چونکە دەیزانی ئاستی مقاوەمەتەکە لەو ئاستەدا نەبووە بتوانێ دەوڵەتەکەی، کۆماری کوردستان بپارێزێت. چونکە لەسەرەنجامدا قەتلوعامێکی گەورە دروستدەبوو، ڕەنگە ئەوکاتە بەتەنها قازیی و چەند سەرکردەیەك گیانی خۆیان ڕزگار بکردایە، ئەگەرنا میللەتەکە بەفەتارەت دەچوو. بەڵام قوربانیدا بەگیانی خۆیی و هەڤاڵەکانی، بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توشی قەتڵ و عام ئەو ئەنفالە نەبێ، کە لەسەدەی نۆزدەهەم بەرامبەر بەڕاپەڕینەکانی تر کراوە لەبەشەکانی تری کوردستان و تەنانەت هەر لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەرامبەر میللەتەکەمان کراوەو بەشی زۆری کوردەکانی ئێستای خوراسان و ناوچە فارسنشینەکانی ئێران، ئەوانەن کە سەرەنجامی ڕاپەڕین و مقاوەمەت لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەو ناوچانە ڕاگوزێراون. ئەم ستراتیجە کە ستراتیجی چەکداری بووە بۆ ڕزگاری، ستراتیجێکی نەزۆك بووە!

کەمترین خۆپیشاندان و کەمترین ڕاپەڕین لەمێژووماندا هەیە، یەکێك لەوانە ڕاپەڕینی ڕۆژی ڕەشی (٦)ی ئەیلول لەسلێمانی هەیە، کە وەکو خاڵی وەرچەرخان لەمێژووی سیاسی کوردستاندا سەیری بکەین، لەخەباتی چەکدارییەوە بۆ خەباتی شارەکان، بۆ ڕاپەڕینی ناو شارەکان، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕاپەڕینە هەر لەناو سلێمانی مایەوەو ئەگەر شاری بگرتایەتەوەو هەولێریشی لەگەڵدا بوایە، ڕەنگە هەر ئەوکاتە هاوکێشەی سیاسی و حوکمڕانی لەباشوری کوردستاندا بگۆڕایە. بەتایبەت ئەوکاتە نە ئینگلیز و نەحکومەتی پاشایەتی لەعیراقدا بەهێز نەبوون.

شۆڕشی ئەیلول، پارتی، بچن سەیری مێژووەکەیی و ئەو کتێبانە بکەن کە لەساڵی (١٩٥٩ هەتا ١٩٦١)

ئەو وتارانە بخوێننەوە، دەبینن موناقەشەیەکی گەورە لەناو سەرکردایەتی پارتی، بەمەرحوم بارزانیشەوە هەیە، کە ئایا شۆڕشی چەکداری بکەن، یاخود نا! کتێبەکەی (دانا ادمز شمدت- رحله إلى رجال شجعان في كردستان) بخوێننەوە، لەوێ چاوپێکەوتنی لەگەڵ بارزانی کردووەو لەوێدا دەڵێت: لەگەڵ خەباتی چەکداریدا نیم!

چونکە هەلومەرجی بابەتی بۆ شۆڕشی چەکداری نەبوو لەعیراقدا، بزوتنەوەی سیاسی دیموکراسی لەعیراقدا نەبوو، بزوتنەوەی نیشتمانی لەگەڵ عەبدولکەرسم قاسم هێشتا بەهێز نەبوو، حزبە سیاسییەکانی عیراق هێشتا تەبەنی کێشەی کوردیان نەکردبوو، قەیرانەکانی عیراق نەگەیشتبووە بنبەست، هەربۆیە کاتێك بزوتنەوەکە لەباشوری کوردستان دەستپێدەکات، زۆرترین ئاغاکانی کوردستان پاڵ بەشۆڕشەکەوە دەدەن! تێکدەشکێ، بەڵام پارتی شەهامەتێکی گەورە لە(١٩٦١) دەنوێنێ و درێژەی دەداتێ، وردە وردە جۆرێك لەجۆرەکان، ناوەڕۆکی شۆڕشەکە لەمقاوەمەتی ئاغاکانەوە دەگۆڕێ بۆ مقاوەمەتی نەتەوایەتی. ئەنجامەکەشی ئاشکرا بوو لەساڵی (١٩٧٥) بە خیانەتننامەی جەزائیر، دوای چواردە ساڵ لەقوربانی کۆتایی پێهات.

ئەم شۆڕشەش باسمکرد، کە ئەگەر داگیرکردنی کوەیت نەبوایە، هیچ تروسکاییەك بۆ سەرکەوتنی ستراتیجی نەبوو! ڕەنگە قارەمان هەبوایە تا ئێستاش بەپارتیزانی، درێژەی بدایەتێ، وەکو چۆن لەفلیپین، لەئەفریقا، لەوڵاتانی ئەمریکای لاتین هەبوو، کە سی بۆ چل ساڵ لەناو دارستانەکاندا مانەوە، ئەگەرچی هیچیان نەکرد، یان هەندێکیان بەناچاری و بەکەمترین داخوازی لەگەڵ حکومەتەکان ڕێککەوتن.

ئێمەش ڕەنگە بەکەمترین داخوازی لەگەڵ حکومەتی عیراق ڕێکبکەوین، هەروەکو چۆن لەساڵی (١٩٨٨،١٩٨٩،١٩٩٠) دانوستانێکی گەرمی ژێربەژێر لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی و حکومەتی عیراق هەبوو، کە بۆ مێژوو، یەکەمجارە ئەمە دەڵێم، هەموو ئەو نامانەم دیوە کە لەلایەن بەڕێزان مەرحوم (نەوشیروان مستەفاو فەرەیدون عەبدولقادر)ەوە نوسراون بۆ حکومەتی عیراقو وەڵامەکانی حکومەتی عیراقیشم هەمووی دیوەو ئێستا لەئەرشیفی یەکێتیدایە! کە دانوستاندنێکی گەرم هەبووە بۆ ئەوەی ئەوکاتەی پێش ڕاپەڕین، جۆرێك لەچارەسەر بۆ کێشەی کورد بدۆزرێتەوە! پێش داگیرکردنی کوەیت، کوردستان لەو میحنەتە ڕزگاری بکرێت، ئەمەش لەدوای ئەنفال و لەدوای هەموو ئەو بەدبەختیانەی کە بەسەرماندا هاتووە.

کەوابێ مێژووی ئێمە، مێژوویەکی پڕ لەشکستە بەخەباتی چەکداری، هیچ نەتەوەیەکیش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەقەد نەتەوەی کورد شکستی نەخواردووە!

بۆ؟ لەبەر ئەوەی هیچ نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەقەدەر کورد، خەباتی بۆ ڕزگاری نەکردووەو لەبەر ئەوەشی هیچ نەتەوەیەك بەهێندەی کورد لەلایەن داگیرکەرانەوە، نەچەوساوەتەوە! گەورەترین چەوساندنەوە لەسەر نەتەوەکەمان بووە لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان، بەدرێژایی (٢٠٠

بۆ ٢٥٠) ساڵی رابردوو، تاکە رێگەش لەبەردەم سەردارانی کورد کە بیریان لێکردۆتەوە، پێیانوابووە بۆ زگاربوون خەباتی چەکدارییە. بەبێئەوەی ئەم خەباتە چەکدارییە ستراتیجێك بووبێ هێزەکانی هەموو بەشەکان، ئاغاکان، ناوچەو دەڤەرەکان، کۆکرابێتنەوە.

بۆ راپەڕینی (١٩٩١)ش کە دوو رۆژ لەمەوبەر بوو، بابەتێکم لەبارەیەوە نوسیوەو کورتەیەکی باسدەکەم..

ئامادەبووان...

هەڵەیەکی گەورەیە، هەندێ کەس لەکوردستان پێیانوایە، راپەڕین دەمێکە بیری لێکراوەتەوە! باسمکرد کە پێش راپەڕین دانوستاندن سیاسەتی سەرەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە لەگەڵ حکومەتی عیراق، ئەوکاتە جەنابی مام جەلال لەدەرەوەی وڵات بوو، مەکتەبی سیاسی یەکێتی مولازم عومەر، بەڕەسمی دەنێرن بۆ لای مام جەلال لەدیمەشق، پێیدەڵێن: ئیتر ئێمە تەحەمولمان نەماوە، لەگەڵ حکومەتی عیراق رێککدەکەوین، دێیتەوە یان نایەیتەوە؟! بەنامەی بەڕەسمی ئەم پرسیارەی لێدەکەن.

مام جەلال-یش بەنامەی رەسمی وەڵامیان دەداتەوە، لەگەڵ مولازم عومەریش بەدوورو درێژی گفتوگۆ دەکاتو بڕوای پێدەهێنێ، کە دانوستاندن جارێ خراپە و رووداو بەڕێوەیە. لەنامەکەشدا بۆ مەکتەبی سیاسی دەڵێت: شەش مانگم بەقەرز بدەنێ، ئەگەر رووداوێکی چارەنوسسازی گەورە روونەدا، ئێوە بڕیاری رێککەوتن لەگەڵ عیراق بدەن، ئەوکاتە من لەگەڵتاندا دەبم یان نا! بۆ خۆم نامەکەم دیوە، چونکە کاتێك مولازم عومەر لەتارانەوە گەڕایەوە، ئەوکاتە ماڵم لەئورمێ بوو، کەهات شەوەکەی نامەکەی نیشاندام! مام جەلال لەنامەکەدا داوای شەش مانگ قەرز دەکات، کە بەرگە بگرن هەتا بزانن رووداوەکان بۆ کوێ دەڕوات!

ئەم بەڵگەیەشم بۆیە هێنایەوە، بۆ ئەوەی بەئێوە بڵێم پێش داگیرکردنی کوەیت، هەرگیز بیر لەڕاپەڕین نەکراوەتەوە و بەرنامەی راپەڕین بوونی نەبووە! هەرگیزیش هیچ سەرکردەیەکی کورد، بیری لەوە نەکردۆتەوە ستراتیج و پرۆژەی راپەڕین دابنێت و ببێتە ئەندازیاری راپەڕین! ئەمەی کە وتراوەو باسم کرد، لەدوای داگیرکردنی کوەیت دەروازەکان دەکرێنەوەو نەك یەکێتی بەتەنها بەڵکو بەرەی کوردستانی تەبەنی راپەڕین دەکات. بەڵام بۆ مێژوو ئەوە دەڵێم: یەکێتی داینەمۆی راپەڕین بوو، هەروەها هەر وەك چۆن لەسەر دانوستاندنەکە بەراشکاوی وتم و لێرەشدا بۆ مێژووش بەڕاشکاوی دەیڵێم: کە یەکێتی بەتەواوی تەبەنی راپەڕینی کرد لەدوای داگیرکردنی کوەیت، ئەوەی کە نەخشەی راپەڕینی دانا، مەرحوم نەوشیروان مستەفا بوو. ئەمەش هەقیقەتی مێژووییەو دەبێ هەردوو دیوەکەی وەکو خۆی باسبکەین، بەبێ فەرامۆشکردنی هیچ دیوێکی.

بینیشمان راپەڕین چ وەرچەرخانێکی دروستکرد، گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەی خوڵقاند، نەك لەکوردستاندا، بەڵکو لەسەر ئاستی دونیا هاوکێشەکانی گۆڕیی و دونیای بۆ پشتیوانی کورد هێنایە

سەرخەت. کۆڕەویش سەرەنجامی ڕاپەڕین بوو.

لەئێوە دەپرسم: ئەگەر خەباتی چەکداری بەتەواوەتی شکستیشی بهێنایە، یەك پارتیزانیش لەکوردستاندا نەمایە، کۆڕەو لەکوردستاندا دەبوو، نەخێر! بەپێچەوانەوە ترسێکی سایکۆلۆجی گەورەتر لەناخی خەڵکدا دەمایەوە. بەڵام چونکە ڕاپەڕین هەموو خەڵکەکەی لەگەڵ بوو، بۆیە کە ڕاپەڕین شکستدەهێنێت، هەموو کورد لەگەڵ کۆڕەو بوو، بەمشێوەیەش کۆڕەو دەبێ بە بەشێکی تەواو کراوی ڕاپەڕین و رای جیهانی و دونیاش، بەرامبەر بەکوردستان دەگۆڕێت. دەبینین کە خەباتی شار چ کاریگەرییەکی هەیە. بەفراوانی خەباتی جەماوەر چ کاریگەرییەکی هەیە، چۆن هەستەکان و هەڵوێستەکان، چۆن سیاسەتەکان و هاوکێشەکان دەگۆڕێت.

باوەڕموایە، هەموو بەشەکانی کوردستان و هەموو گەلانی ژێر دەستە، بەستراتیجی خەباتی چەکداری ناتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنێن. ئەم قسەیەش، قسەیەکی تازەم نییە، بەڵکو تکایە بەشەکانی کوردستان، ئەوانەی پیشمەرگەن، ئەوانەی گەریلان و ئەوانەی هەرچییەکن جێگەی شانازین بۆ نەتەوەی کورد، وای لێکمەدەنەوە کە دڵی هیچ تێکۆشەرێك سارد دەکەمەوە، چون لەگەڵ ئەوەنیم هیچ تێکۆشەرێك چەکەکەی فڕێبدات! بەڵام ساڵی (١٩٨٩) ئەو قسەیەم کردووەو ئەمەش کتێبەکەمە بەناوی (شۆڕی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم... شۆڕشی چەکداری یان ڕاپەڕینی شارەکان) و لێرەدا دەڵێم: دوای تەواوبوونی جەنگی سارد و رووخانی شورەوی، دوای روخانی بلۆکی رۆژهەلاتی، لەدوای ئەوەی چین بەهیچ شێوەیەك یارمەتی گەلان نادات، ستراتیجی چەکداری بۆ رزگاری گەلان کۆتاییپێهاتووەو ئیتر لەمەودا، خەباتی مەدەنی و خەباتی ڕاپەڕین و شارەکان دەبن بەچەقی خەباتی رزگاریی و دەشبێ ئەمە دەستپێبکات.

تەنانەت یەکەمین دیدارم، لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان، لەماڵی مام جەلال، لەدیمەشق کە بینیومە و پێنج سەعات، بەیەکەوە دانیستووین ئەمەم بۆ رونکردۆتەوە کە خەباتی چەکداری تەواو بووەو تکایە، خەباتەکە بخەرە خزمەتی مەدەنییەت، خزمەتی هەڵبژاردن، خۆپیشاندانو وانەیەك لەئێمە وەربگرن، شارەکانی باکوری کوردستانتان پێ رزگار ناکرێ. تەنانەت لەکتێبی لەبری بیرەوەریش، باسمکردووە کاتێك رۆژهەلاتی کوردستان، لەگفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران گەیشتنە بنبەست، لەگەڵ کۆمەڵێك لەسەرکردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، بڕوام وابوو پەلە نەکەن لەخەباتی چەکداریی و هەلومەرجی بابەتی بۆ خەباتی چەکداری لەرۆژهەلاتی کوردستان لەبار نییە، بەڵکو تکایە تەرکیز بکەنە سەر خەباتی شارەکان پێکەوە لەگەڵ هێزەکانی ئێران، چەپەکان و هێزە دیموکراتەکان.. بەڵام کە لێیان قەوماو بوو بەشەڕو هاتن، وەکو یەکێتی بەهەموو هێزی خۆمان ئەوسا، پشتیوانیان بووین و خۆشم بەشداربوومو ئێستاش دەیڵێمەوە:

چەقی شارەکان، سەنگەری رزگاری گەلانە و چەقی شارەکان تاقە ئومێدە بۆ رزگاریی. چەقی شارەکان، داخوازییەکانی کورد لەناو پەرلەمانەکان، لەناو خەباتی سیاسی، جەماوەریی بەقۆناغ دێتەدی.

خەباتی چەکداریش تەنها لەحاڵەتێکدا دەتوانێ سەرکەوتن بەدەستبهێنیت، ئەوکاتەی حکومەتە مەرکەزییەکان، یان ئینقلابیان بکرێتە سەر، یان وڵاتێکی تر داگیریان بکاتو لەم حاڵەتەدا رەنگە هاوکێشەیەك بێتە پێشەوەو لەشاخەوە بتوانی گۆڕانکاری گەورە بێتەدی و بچیتە ناو شارەکان، ئەگەرنا، وەکو شۆڕشی چین، ڤێتنام، لاو، کەمبۆدیا بتوانین دێهاتەکان رزگار بکەین، پاشان شار و شارۆچکەکەکان، پاشان پایتەختەکان رزگار بکەین، کە ئەمەش تیۆری خەباتی پارتیزانییە کە ماوتسی تۆنگ دایڕشتووە، شۆڕشی کوبا و شۆڕشەکان تریش پەیڕەویان لێکرد، ئێستا دەرەتانی ئەم سەرکەوتنە ستراتیجییە نییە. تەنانەت لەو خەباتانە و لەوانەش کوبا، ئایا ئەگەر (پاتیستا) نەڕوخایە لەماوەیەکی کەمدا لەساڵی (١٩٥٩) سەرکەوتن بەدەستدەهات، کاسترۆ و گیڤارا دەبوون بەچی بەو چەکانەی کە لەدەستیاندابوو...؟ کاسترۆ یەکەمینجار کە دەستپێدەکات لەپرخەی خەودا دەگیرێت! عەریفەکەی دەچێتەسەری، دەیناسێتو بەگوێیدا دەچرپێنێ: ناوی خۆت نەڵێیت کە تۆ کاسترۆیت، هەتا دەگەیتە پایتەخت، چونکە لێرە ناوی خۆت بڵێیت دەکوژرێیت!

بەبێدەنگی دەیبەن بۆ پایتەخت و پێشنەوەی بیخەنە سجنەوە، لەوێ هاوار دەکات و دەڵێت: من کاسترۆم..! سەرۆکی شۆڕش. بەوشێوەیە دەبێت بەپشێوی و پارێزەرەکان دێن و پاشماوەیەك ئازاد دەبێت. ئەریتریا، ئەگەر حکومەتی حەبەشە شکستی نەهێنایەو ئینقیلاب نەبوایە، سەرکەوتنی بەدەستنەدەهێنا، گۆڕانکاری سەرانسەری لەو وڵاتدا، سەرکەوتنی بۆ بەدیهێنان. ئەم خاڵە گرنگە.

خاڵی دیکە سەبارەت بەڕاپەڕین و ئەوەی لەلای من گرنگە، ئایا راپەڕین، تەنها بۆ رزگاری نیشتمان بوو، ئایا راپەڕین تەنها بۆ ئەوەبوو تەنها داگیرکەر دەربکەین و خۆمان لەکوردستاندا حوکمڕان بین؟ ئەگەر بۆ ئەمە بوو کە تەنها داگیرکەر بگۆڕین بۆ دەسەڵاتی خۆمان و دەسەڵاتەکەی خۆشمان هەرچییەك بێ، بابێ؟ ئەوا ئەمە راپەڕین نییە بەهیچ شێوەیەك! چونکە ئەمە لەکودەتادا دەسەڵاتێك لادەبەین و دەسەڵاتێکی تر دەهێنینە سەرحوکم، مەرجیش نییە ئەو دەسەڵاتەی دێتە سەر حوکم، باشتربێ لەدەسەڵاتەکەی پێشووتر! بەڵام راپەڕین ستراتیجە، پرەنسیپە، فەلسەفەی سیاسییە، گۆڕانکارییە لەناخ و ویژدانی خەڵك، لەهەست و هەڵوێستی خەڵك، لەهاوکێشەی سیاسی، لەگۆڕانکارییەکی گەورەی مێژوویی، سیاسی و ریشەیی، بۆ ئامانجەکانەو بۆ گۆڕینی دەموچاوەکان نییە! بۆ ئەوەنییە تەنها سیستەم بگۆڕیت، بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەیە سەراپا، کۆمەڵ، سیستەم بگۆڕیتو ئامانجە سیاسییەکان بگۆڕیت و خەوە جوانەکانی گەلان بەدیبهێنیت..! راپەڕین بۆ ئەمەیە.

چونکە هیچ مانایەك بۆ راپەڕین نامێنێ، ئەگەر تەنها بۆ ئەوەبێ حکومەتێك لابەریتو حکومەتێك بهێنیتە سەر حوکم و ئەو حکومەتەش بکاتە ئەوەی ئێستای ئێمە کە هەیەو نارەزایەتییەکی ئێجگار بەرفراوان لەناو خەڵکدا بەرامبەر بەحکومەتی کوردستان هەیە.

هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن، خۆتان لێکیبدەنەوەو بزانن رێژەی کەمکردنەوەی دەنگی هەموو

هێزەکان گەیشتۆتە چ رادەیەك، کە ترسناکە!. نەك هەر لەکوردستان، بەڵکە لەعیراقیش. ئێستاش بۆ هەڵبژاردنی کوردستان، دۆخەکە وابێ و پاشکەوتی مووچە بمێنێ، خەڵك برسی بێ، گرانی هەبێ، بێکاری هەبێ، ئەو کێشانەی خەڵك پێوەی دەناڵێنێ، مەسەلەی نەوت، سوتەمەنی، نەخۆشخانەکان، دامەزراندن و گرێبەستەکان، مەکتەبەکان، زانکۆ و خوێندکارەکان، پاککردنەوەی شارەکان، کۆمەڵێك دیاردەو رووداوی سەیر سەیر کە سەریهەڵداوە و هیچ کەسێك مەزندەی نەکردووە لەمێژوودا، پاکنەکردنەوەی شارەکان ببێت بەرووداو، وەکو ئەوەی لەسلێمانی بوو بەرووداو! کە لەفاشلترین حکومەتی عیراقدا، شارەکان پیس نەبوونو پاککراونەتەوە، بەڵام ئێستا پاککردنەوەی شارەکانیشیان کردووە بەلیبرالیزمی نوێو داویانە بەکەرتی تایبەت. کەرتی تایبەتیش وەك تەلەفۆنی پارە وایە، تا پارەی تێنەکەیت ناتوانی قسە بکەیت. مووچە دابەشکردن بووە بەرووداو و موژدە دەدەن، فلانەو فلان رۆژ مووچەیە! ئەمە ئەرکێکی سروشتیی حکومەتەکانە. کارەبا بدات، نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییەکان هەبێ، شارەوانی ئیشی خۆی بکاتو پاکوخاوێنی هەبێ. ئەوەی حکومەتیش دەتوانێ شانازی پێوە بکات، ئەوەیە کە ئایا دەتوانێ لەڕووی ستراتیجییەوە، لەڕەهەندی رووداوەکانەوە، گۆڕانکاری گەورە بەدەستبهێنێت، یاننا؟ دەتوانێ وابکات کە رایگشتییەکی نوێ، پەروەردە کراو، گۆڕاو لەهەموو بوارێکەوە لەکوردستان دروستبکات و بیخاتە ناو پرۆسەی سیاسی نوێ یان نا؟ دەتوانێ حکومەت گرنتی بدات کە پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستان لەخەم رەخسیوەو خەریکە وردە وردە هەنگاو بۆ دادپەروەری دەنێین؟! ئەمەیە وەرچەرخانی گەورە کە دەبێ حکومەت شانازی پێوە بکات. ئایا توانیومانە بۆ بەردەوامی راپەڕین، دیموکراسی، ئازادی، یەکسانی ژن و پیاو لەخەم برەخسێنینو ژنکوشتن کۆتایی پێبهێنین؟!

ئەمڕۆ ژنێك کوژراوە! دوێنێ لەدهۆك یەکێك کوژراوە! هەفتەی رابردووش لەسەیدسادق یەکێکی تر کوژراوە! دوێنێو ئەمڕۆ دووان کوژراون! ئەمە چ پەروەردەیەکە کەسێك دووژنی هەیە لەدهۆك، بەژنی یەکەمی وتووە، پارەم بدەرێ. وتویەتی نیمە، کەچی دەمانچەکەی دەرهێناوەو دوو فیشەکی پێوەناوە و کوشتویەتی! نۆ منداڵیشی هەیە!

ئەم ئەقڵییەتە، هی کەیە لەدوای (٣١) ساڵ لەراپەڕینو لەحکومەتی کوردستان ماوەتەوە؟ چ ئەقڵییەتێکە لەخۆی رادەبینێ، دەمانچەکەی رابکێشێ و ژنێکی خاوەن نۆ منداڵ بکوژێ؟! ئەم کەلتورو نەریتە بۆ نەگۆڕا؟! ئەم پرۆسەیە بۆ نەگۆڕا؟ ئەم ئومێدە بۆ نەهاتەدی؟ هۆکاری چییە؟ بەهەڕەشە و بەزیندانی ئەمە کۆتایی نایات! بەڵکە بەگۆڕینی کۆی کەلتوری باوکسالاری، دژە دیموکراسی، ئەقڵیەتی زاڵی مەزهەبگەرایی و عەشیرەتگەرایی لەکوردستاندا دەگۆڕێ. ئەمەش ئەرکەکانی راپەڕینە..

کوا کوردستان نزیك کەوتۆتەوە لەڕۆشنگەری، کوا کوردستان نزیك کەوتۆتەوە لەکۆمەڵی مەدەنی، کوا هاووڵاتیانی کوردستان دڵنیان و ژیانیان دابینکراوە؟ نەخێر.. هیچ بارێك لەبارەکانی ژیانی هیچ خێزانێك دڵنیانییە لەژیانی خۆی! کە ئەوەش لەئۆروپا وەکو ئەرکێکی زۆر ئاسایی سەیر دەکرێت. هیچ

ووڵاتییەك و خێزانێك، هیچ شارو شارۆچکەیەك لەئۆرۆپا نییە، دڵنیا نەبێ لەژیانی خۆیی و ماڵ و اڵی چارەنوسیشی.. بەپێچەوانەوە هیچ خێزانێك لەکوردستان نییە دڵنیابێ لەژیانی خۆی، لەهەفتەیەکی ێدا کە چی روودەدات..! تەنها ملیاردێرو ملیۆنەرەکان نەبێ! ئەوانەی بەهۆی سیستەمی نیولبیرالیزمەوە ۆمپانیای گەورەیان هەیە و های لایف دەژین و زۆربەی خەڵکەکەی تریش چۆن دەژین کەیفی خۆیانە!

لایەنیکەمی دادپەروەری لەکوردستاندا نییە! لەنێوان هەژارو دەوڵەمەند، لەنێوان چەوساوەو چەوسێنەر، لەنێوان کرێکارو سەرمایەدار، ئەمە لەکاتێکدا بازاڕ چاودێری لەسەر نییەو تازە بەتازە حکومەت یری کەوتۆتەوە هەندێك کۆمپانیا زیاد لەسنور کارەبایان بە بەلاش بردووە! لەدوای (٣٠) ساڵ بیری کەوتۆتەوە کۆمپانیا هەیە بەهێندەی شارۆچکەیەك کارەبای بەکارهێناوەو هەندێکیش لەگرێبەستەکانیاندا ە بەلاش کارەبایان بردووە!

دواهەمین بەشی قسەکانیشم، راپەڕین لەم سەردەمە چۆن بەردەوام دەبێ؟

راپەڕین پاشەکشەی کردووە لەکوردستاندا، چونکە بروسکەی هەموو حزبەکان و لێپرسراوەکانیشم خوێندەوە، چاودێری هەموو چالاکییەکانیشم کردووە، کە ئەمساڵ بەراورد بەساڵی پار، چالاکییەکان کز کز دەسوتێ، خەڵك بێتاقەت و خامۆش، بەبێگاری نەبێ نەچوون بۆ چالاکییەکان و زۆربەی ئەوانەشی چوون یان کادری موچە خۆری حزبەکانن، یان فەرمانبەرەکانی حکومەتن..!

ساڵانی پێشتریش بەپێچەوانەوە (٢٠، ٣٠، ٤٠) هەزار کەس لەدەروازەی راپەڕین، یادی راپەڕینیان بەفێستیڤاڵ و چالاکی جۆراوجۆر دەکردەوە. بەڵام ئێستا بەجۆرێکی تر یادی راپەڕین لەشارەکان دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی ناخی خەڵکەکە دەزانین چی لێهاتووە، بۆیە شتێك نییە لەکوردستان بەناوی بەردەوامی راپەڕین! یان راپەڕینی بەردەوام..

شتێك نەماوە خەڵك باوەڕی بەم راپەڕینە بەردەوامەبێ! کە دەتوانێ باقی ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، ئەم هەستە لەکوردستان لای هیچ کەسێك نەماوەو هیچ حزبێکیش ناتوانێ ئەم بەڵێنە بدات، لەبەرئەوەی هەلومەرجێکی بابەتی لەکوردستاندا خوڵقاوە.

هەلومەرجی بابەتی سیاسی واتای چییە؟ واتای دوو خاڵە..

یەکەم: حکومەت، کێشەکانی پێ چارەسەر ناکرێ! دوو: خەڵکیش بەچارەسەری حکومەت رازی نەبێ. ئەمەش هەلومەرجە بابەتییەکەیە.

هەلومەرجی بابەتی نەشاخ و نەگوێی هەیەو نە فەلسەفەیەکی ئەوەندە قورسە تا تێیی نەگەین. یەکەم: ئەوەیە حکومەت نەتوانێ کێشەکان چارەسەر بکات، وەکو ناتوانێ! دوو: سەد ملیارەکەی بەغداد نەیات، زۆر ئەستەمە مووچە دابەشبکرێت! بەو باجانەو بەو سیستمانەی دایاناوە کە بە بەردەوام دەیدەنو ئەمڕۆش کۆنگرەیەك بۆ پیشەسازی لەهەولێر هەبوو، کە ئومێدەوارم سەرکەوتووبن و زۆر لەکۆمپانیاکان بێنە پێشەوەو بتوانن باجی زۆر بدەن و هەر قازانج نەکەن، تەنها خوێنمژینی خەڵك لەبەر

چاو نەگرن، بەڵکو هاوسەنگی ئابوریی و پێویستییەکانی خەڵك لەبەر چاو بگرن. بەڵام ئێستا ئێمە، لەقۆناغی هەلومەرجێکی بابەتیدا دەژین، حکومەتیش تەنگوچەڵەمەکانی پێ چارەسەر ناکرێتو ڕایگشتییەکیش دروستبووە، هەر چارەسەرێکی حکومەت بێتەپێشەوە، ڕازی نییە پێی. چونکە حکومەت هەر بڕیارێك دەدات، هاووڵاتی سەیری گیرفانی دەکاتو دەڵێت: قەرزی دوانزە مانگم لای حکومەتەو دەبێ پارەکەم بداتەوە. ئەمەش بووە بەتایتڵی ویژدانی هەموو هاووڵاتییەكو مووچە خۆرێك. جگە لەوەش نیو موچە وەردەگرێت! خەڵك وای لێهاتووەو لەسلێمانیش زیاتر لە (٨٠٠) بەڵێندەر ئیفلاسی کردووە!

با وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ڕاببگەیەنن چەند کۆمپانیا پەکیانکەوتووە لەکوردستاندا! سەرمایە ئێستا بۆ لەکوردستان کەڵەکە نابێ، بەڵکو دەبرێتە دەرەوەی وڵات؟ جاران حکومەتەکانی ناوچەکە دەهاتن و دەیانوت: بەپارەی خۆمان ئیشتان بۆ دەکەین، چونکە دڵنیابوون حکومەت دەتوانێ پارەکەیان بداتەوە. حکومەتی گەورەوکۆمپانیای تورکی و ئێرانی و بێگانە هاتوون و وتویان لەخانەقینەوە تازاخۆ، هێڵی خێرای دوو ئاراستە دروستدەکەن، بەمەرجی ئەوەی کرێی (١٠ بۆ ١٥) ساڵ وەربگرن، ئەوکاتە حکومەتی هەرێم توانای هەبوو، جێگەی متمانەی سەرمایەداران و کۆمپانیاکان بوو، بەڵام ئێستا نەخێر، بەشێکی زۆری کۆمپانیاکان ڕۆیشتوونەتەوە، قەرزێکی زۆریشیان لای حکومەتە کە ناتوانێ بیانداتەوە..!

لەم ڕۆژانەدا بەڵێندەرێك هات بۆ لام، دەیوت: (٢٥) ملیۆن دۆلارم لای حکومەتە، فڵان شەقامیشیان داومەتێ، پێشمدەڵێن دەبێ تەواوی بکەیت، ئایا ئەمە لەکوێی دونیادا هەیە؟ پارە نەدەیت و شەقامی پێبسپێریتو زەختیشی لێبکەیت زوو تەواوی بکات! کە پارەیشی هیچ نەماوەو ئیفلاسی کردووە.

کەواتە ئەی چی بکەین؟ ئەمە دۆخی حکومەتەو ئەمەش دۆخی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە، ڕاپەڕینی بەردەوام چۆن دەبێ؟!

بڕواموایە نەوەیەکی تازە لەکوردستاندا پەیدا بووە، ئەم نەوەیە، نەوەی دوای ڕاپەڕینەو وەکو ئێمەو مانان شانازییەکانی وەکو مێژووی ئێمەیان نییە! ئەم نەوەیە، ڕەگ و ڕیشەیان ناگەڕێتەوە بۆ سەنگەرەکانی ئاربیجی! بۆ سەنگەرەکانی پارتیزانی، بەڵکو نەوەی سۆشیالمێدیایە، لەدنیای جیهانگیریدا دروستبووەو خەریکە نەوەی تریش دروستدەبێ.

نەوەی دوای ڕاپەڕین لەساڵی (١٩٩١)ەوە تا ئێستا ئەگەر کۆی بکەیتەوە، لایەنیکەمی نیو ملیۆن تا (٦٠٠) هەزار و بگرە ملیۆنێك مرۆڤیش، نەوەی دوای ڕاپەڕینن، لەموالیدی (١٩٩١)ەوە تا (٢٠٢٠) ئەو دوو نەوەیەن کە گەورە بوونو ئێستا لەسەر شەقامن، لەفەیسبوك و سۆشیال مێدیان، هەڵوێستیان هەیە، داخوازیان هەیە، هەستی جیاوازیان هەیەو دەرچووی خوێندنن، لەتەکنیك شارەزان، چەندین زمان دەزانن و وەکو ئێمەو مانان نیین، نەوەی دووەمی دوای ڕاپەڕینیش بەتایبەت لەنەوەی یەکەم وردترو وریاتر دێتە پێشەوە، نەك هەر زمانی ئینگلیزی بەڵکە خەریکە زمانی سێهەمیش فێردەبێ.

ئەمە ڕایگشتییەکی ڕەخنەگری فراوانەو بەڕێوەیە، بۆیە ناتوانێ بەم دۆخە ڕازیبێت، کە ئێمەو مانان

ازین و بەرگەی ئەم دۆخەمان گرتووە، لەبەر ئەوە ڕاپەڕینی بەردەوام، لەسەردەمی تەکنەلۆجیاو ردەمی جیهانگیریی و سۆشیال میدیا، جیاوازە لەگەڵ ڕاپەڕینی سەردەمی (١٩٩١)دا، کە ئەوکاتە هیچ ەمانە نەبوو، تەنها خۆمانو ئیرادەمان بووین، خۆمانو مێژوومان، خۆمانیو وەفامان بۆ شەهیدەکان، عانو رقمان لەفاشییەت و داگیرکەران بوو. بەڵام ئێستا رق لەفاشییەت نییە، بەڵکو رق لەگەندەڵییە، ەناعەدالەتییە، رق لەدزەکانە، لەجەردەکانە، لەوانەیە کە مافی خەڵك دەخۆن، لەوانەیە کە سفرە تەکاندا ناهێڵن، گومرگەکانیان کۆنترۆڵ کردووە، رق لەوانەیە بەچایچی و بەسفرەچی چێشتخانەکانی کوردستان و ئۆروپا و بەلات و لەواری هاتوونەتەوەو ئێستا ملیاردێرن! ئەم رقە مەترسیدارەو رقێکی یکۆلۆجی ڕەواشە! بەردەوامیدانی ڕاپەڕینیش بەهۆشیارییەکی تر، کە هێشتا نەتەقیوەتەوە! بەڵام ۆخ وابەردەوامبێ، دەتەقێتەوە! دۆخ وا بەردەوامبێ وەرچەرخان ڕوودەدات! دۆخ وا بەردەوامبێ، ڕینەی خەڵکەکە، ڕایگشتییەکی نوێ دروستدەکەن و ڕاپەڕین بەردەوامدەبێ لەزەمان و زەمینەیەکی ردا! بەئاراستەیەکی ترو ئایدۆلۆجیەتێکی تر، لەناو ئەم ژانەشەوە، لەناو ژانی نەوەی یەکەم و دووەمی وای ڕاپەڕین، بزوتنەوەی نوێ، ئەلتەرناتیڤی نوێ سەرهەڵدەدات، ڕابەری نوێ سەرهەڵدەدات، بێگومان وگۆڕی نوێش سەرهەڵدەدات.

ئەمەشە ڕاپەڕینی بەردەوام، ئەمەیە ڕاپەڕین ناوەستێ، بەهیچ هێزێك ناوەستێ، لەهەموو ڕۆژهەڵاتی وەڕاستدا ڕاناوەستێ..!

ئەمڕۆش نوسیومەو ئێستاش دەیڵێمەوە، کۆتایی قسەکەشم بەوە دەهێنم: باوەڕموایە ئەو شەڕەی ۆکراینا، ڕەنگە جۆرێك لەڕێککەوتن لەنێوان ڕوسەکان و زلهێزەکان بەدیبهێنێت، بۆ ئەوەی جۆرێك ەهاوسەنگی جیهانی و هەرێمایەتی دروست بکەن، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك ڕێگە لەوە ناگرێ، کە ئێستا لەئۆروپا گیانێکی عەدالەتخوازی و دادپەروەری خەریکە سەرهەڵدەدات، جۆرێك لەخەباتی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات و ئەم خەباتەش بەردەوام دەبێت.

خوێندنەوەشموایەو لەوتاریشدا نوسیومە: لە (٥ تا ١٠) ساڵی ئایندە، بزوتنەوەیەکی دادپەروەری لەئۆروپا سەرهەڵدەدات، لەهەمانکاتدا ماوەی زیاتر یا کەمتر، بزوتنەوەیەکی دیموکراسی راستەقینە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرهەڵدەدات! واتا بەمە، بەدروستبوونی بزوتنەوەیەکی دادپەروەری کە دیسان ئەمە، بەدیهێنانی پەیامە مێژووییەکی دیموکراسی و سۆشیالیزم دەبێ لەئۆروپا و لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، بەشکستی بەهاری عەرەبی، بزوتنەوەیەکی دیموکراسی راستەقینە، لەژانگرتندایەو لەسەرهەڵداندایە.

ئەگەر ئەمەش سەرهەڵبدات، دادپەروەرییەکی ئۆروپا، لەگەڵ دیموکراسییەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەواوکەری یەکتر دەبن و یەك ئامانجی ستراتیجی هاوبەش، هەم دادپەروەری، هەم دیموکراسی، ڕەنگە لە(١٠ بۆ ١٥) ساڵی ئایندە، ئەم دۆخەی ئێستا، دۆخی چینایەتی، ئابوری، لیبرالیزمی نوێ، ئەم دۆخەی ئێستا لەدنیادا هەیە، ڕەنگە بەشی زۆری ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت و مرۆڤایەتی پێبنێتە قۆناغێکی نوێی دنیای

سیاسی، دنیای دادپەرورەی و ئاسودەیی..

باوەڕیشموایە، هەموو ئەمانە ڕاپەڕین دەبن، لەوێ سیمایەکی تر و شوناسێکی تری هەیە، لەلای ئێمەش ڕاپەڕین سیماو شوناسێکی تری هەیە و مرۆڤایەتی، لەپێناو بەدیهێنانی مافی دادپەروەری، مرۆڤایەتی ڕاستەقینە، بەدیهێنانی کەرامەتی مرۆڤ، مرۆڤایەتی واز لەخەباتی خۆی ناهێنێت، کە کەرامەتی سیاسی مرۆڤ، یەکێکە لەدروشمەکانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، چونکە لەسەردەمی دەرەبەگایەتیدا، لەسەردەمی هەژموونی دەسەڵاتەکانی تردا، جگە لە دەسەڵاتەکانی دیموکراسی، کەرامەتی مرۆڤ پێشێل دەکرێ ئەوە دیموکراتەکانن کە کەرامەت دەگێڕنەوە بۆ مرۆڤ، ئەوە مەدەنییەکانن، ئەوە ئازادیخوازەکانن، کە کەرامەت بۆ مرۆڤ دەگێڕنەوە، بەڵام لەڕێڕەوی دیموکراسی و مەدەنیەتیشدا، هەڵگەڕانەوە لەدیموکراسی لەڕاپەڕینو ڕاگرتنی بەردەوامی ڕاپەڕین لەدنیادا هەبووەو ئێستاش لەکوردستاندا ڕویداوە.

ئومێدەوارم لەیادی ڕاپەڕیندا، لەسلێمانی و ڕۆژەکانی تریش لەیادی ڕاپەڕینی شارەکانی تردا، هەڵ دەگاتە هەولێرو (٢١)ی مانگیش یادی ڕاپەڕینی کەرکوکە، ئینجا بۆ خانەقین و دهۆك و شوێنەکانی تر. تەنها بەسەرکردنەوەو تێپەڕاندنی یادێك نەبێ، بەڵکو یادی بیکردنەوەی یادەکانبێ. یادی قوڵبوونەوەی بێ لەیادەکان، یادی خەوە جوانەکانی دوای ڕاپەڕین بێ، کە بۆنەهاتنەدی! چ هێزو دەسەڵاتێك و چ سیستەمێك ئەو خەون و ئامانجە جوانانە ناهێنێتەدی؟! چۆن دەرس وەربگرین بۆ ئەوەی بەردەوامبین، بەسیاسەتێکی ئەقلانی، بەسیاسەتێکی شۆڕشگێڕانەوە بتوانین خەونە جوانەکانمان بەدیبهێنین.

دڵنیابن..
خەڵک چارەسەرمان دەکات!

ڕێورەسمی پەردە لادان لەسەر وێنەی سەرجەم شەهیدانی گوندی ئیلنجاغی گەورە، لەدەشتی کۆیە.. ڕۆژی (٢٠٢٢/٤/١) گوندی ئیلنجاغی گەورە...

ئەم سەکۆیە کە هی (٤٢) شەهیدە، گەنج و پیر، ژن و منداڵی تێدایە! ئەمە لەڕووی مێژووییەوە دەیسەلمێنێ دوژمنەکانی ئێمە، کورد قڕانیان بەکارهێناوە. نەک هاتبێتن شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە بکەن. بەڵکو هاتبوون کورد قڕان بکەن، بۆیە لەساوایەکەوە تا دەگاتە پیرەکان دەستیان نەپاراستووە!

بەردەوام نەتەوەی کورد، لە دوو سەد ساڵی رابردوو، لەهەموو راپەڕین، شۆڕشەکان، خۆپیشاندانەکان، سەرداران و سەرۆکەکانی ئێمە، لەهەموو شۆڕشەکان هەتا دەگاتە شۆڕشی نوێ، بەردەوام دروشمی سەرەکیان کوردستان یان نەمان بووە! ئەم دروشمەش لەخۆیەوە نەهاتووە، لەبەرئەوە نییە سێ وشەی جوانن و لەویژدانی نەتەوەکەماندا جێگیر بوون، نەخێر! لەبەرئەوەیە کە دوژمنان ئاوا سەیری نەتەوەکەی ئێمەیان کردووە، کە دەبێ کورد نەمێنێ و ئەم نیشتمانەش بەداگیرکراوی بچێتە ژێر دەستیان، بۆیە دروشمی هەرە خۆشەویستی سەرزار، دروشمی (کوردستان یان نەمان بووە!) کە هەم لەشۆڕشی ئەیلول ئەو دروشمە بەرز کراوەتەوە، هەم لەشۆڕشی نوێ، ئێمەش دووپاتمانکردەوە.

ئامادەبوان، بەندە وەکو پێشمەرگەیەک، کە شەرەفی پێشمەرگایەتی (١٩٧٦، ١٩٧٧) و تا ڕاپەڕینم هەیە، جێگەی شانازیمە لەم دەڤەرە، لە ئیلنجاغ و دەوروبەری، لەپاییزی (١٩٧٧) یەکەمنجار هاتومەتە ئیلنجاغ و هەتا زستانی (١٩٧٨) لەم ناوچەیە گەشتم کردووەو دووچاری جۆرەها کێشە هاتوین.

یەکێک لەکێشە گەورەکانیش، لەکونە گورگ توشمان بووە، کە دراوسێتانە. لەوێ گەورەترین پیلانمان لێکرا بۆ لەناوبردنمان، بەڵام خۆشبەختانە، رزگارمان بوو. ئێستاش کە یادەوەرییەکان، لاپەرە بەلاپەڕە و دێڕ بە دێڕ هەڵدەدەمەوە، (٤٥) ساڵ بەئێستا بەراورد دەکەم، کە ئەوکات یەکێتی بە نینۆک، بەدار و بە بەرد، تەنها بەکلاشینکۆف، ئەویش بە کەمترین فیشەک، کە بەقاچاغ دەکڕدرا، یەکێتیی شەرەفی بەرپاکردنەوەی شۆڕشی بەرکەوت.

مێژووی شۆڕشەکانم بەباشی کۆڵیوەتەوە، هیچ شۆڕشێک لەمێژووی کورددا، ئەگەر بەراوردی بکەیت بەشۆڕشی نوێ، هیچ شۆڕشێک لەسەخترین رۆژگاری سیاسی، لە سەخترین قۆناغی چارەنوسسازی کوردایەتی، هیچ شۆڕشێک، بەقەد شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی یەکێتی دووچاری سەخترین قۆناغ و ئەرک نەبۆتەوە!

هیچ شۆڕشێکیش بێ جیاوازی، نەیتوانیوە وەکو یەکێتی و شۆڕشی نوێ، بەرگەی کارەساتەکان، پیلانەکان، ئەنفالەکان، کیمیابارانەکان و پاشان هەڵگیرساندنی جەنگی ئێران عیراق و خراپتر لەوەش راگیرانی جەنگی نێوانیانە، کە بەهەموو مەزندەیەکیش، مەزندە دەکرا یەکێتی لەدوو قۆناغدا کۆتایی بەشۆڕشەکە بهێنێت!

لەقۆناغی یەکەم، راگواستنی دێهاتەکان بوو، کە گوند نەماو پێشمەرگە تیایدا بحەوێتەوە!

قۆناغی دووەمیش، قۆناغی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان بوو، کە دیسانەوە مەرگەساتێک بوو، یەکێتی و لایەنەکانی تریش لەناو مەرگەساتدا مانەوە، بەرگری، شەڕکردن دژی دڕندەترین و یەکێک لەبەهێزترین داگیرکارانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بەعسی عیراق بوو، ئاسان نەبوو..! بەڵام یەکێتی زۆر زیاتر لەهەموو شۆڕشەکانی رابوردوو، پیلانی لێ گێڕدراو کارەساتی بەسەرهێنرا، خۆشبەختانە چ خۆی وەکو یەکێتی و چ هێزە کوردستانییەکانی تریش، هەریەک بەپێی پێگەو جوگرافیاو سەنگەرەکانی خۆی و بەپێی قوربانییەکانیان، مقاوەمەت کرا تا گەیشتە راپەڕین.

قوربانییەکانی یەکێتی بێ شومارە، ناوچەکانی یەکێتی لە ئەنفال و کیمیاباراندا زۆرترین رووبەری بەردەکەوێت، زۆرترین قوربانی ئەنفال لەناوچەکانی یەکێتییە، زۆرترین زیندانییە لەسێدارە دراوەکان ئەندامانی یەکێتین، زۆرترن پێشمەرگەکانی پێشەوەی سەنگەرەکان، کە شەهید کراون، یەکێتی بوون، بۆ؟ لەبەرئەوەی یەکێتی هێزی کاریگەری مەیدانەکە بوو!

ئێستاش کە ئەو (٤٥)ساڵە بیر دەخەمەوەو بەراوردی دەکەم بەئێستا، یەکەم خۆشحاڵین کە ئازادین، ئەمەش هیچ گفتوگۆیەک هەڵناگرێت! کوردستان ئازادەو داگیرکەریش نەک هەر لەعیراق، بەڵکو لەناوچەکەش ناتوانێ وەکو جاری جاران، کەی ویستی بەدوو کۆبوونەوە شۆڕشەکان لەناوبەرێت، نا. کۆتایی ئێمە لەمێژوودا کۆتاییهات!

بەڵام پیلانگێڕیمان لەسەرە، بەشەکانی کوردستان پیلانگێڕی لەسەرە، دۆخی عیراقیش ببینن، کە بەداخێکی زۆرەوە، لەدوای (٢٠٠٣) تائێستا کە (١٩) ساڵە سەدام روخاوە، بەداخەوە حزبە سیاسییەکانی عیراق و کوردستان یەک پەندیان لەسەردەمی بەعس وەرنەگرتووە! چونکە هەندێکیان هاتونەتە سەر حازری و حازرییەکەش نازانن چۆن عافیەت نەکەن!

یاری بەچارەنوسی خەڵکەکەوە دەکەن، یاری بەبڕیاری سیاسییەوە دەکەن، خراپتر لەهەمووی، بەداخێکی زۆرەوە، ئەو یەکێتییەی بەچەکی ژەنگاوی، گەورەترین متمانەی خەڵکی وەرگرت، لەناو ئەو متمانەیەشدا شۆڕشێکی پانزە ساڵەی درێژەپێدا، کەچی ئێستا لەدوای (٤٥) ساڵ، بەداخەوە کەدوا

هەڵبژاردن (١٧٠) هەزار دەنگ دادەبەزین و متمانەی خەڵک وردە وردە بەئێمە، نامێنێ!

بەداخەوە، وردە وردە لە ویژدانی خەڵکدا بەرەو دواوە دەڕۆین، لە هەستی خەڵکدا، لەهەڵوێستی حەنکدا..! ئەو خەڵکەی لە گوندێکدا (٤٢) شەهیدمان بۆ دەبەخشێ، هەر ئەو خەڵکەیە ئێستا ئەگەر بڕسییەکیان لەناودا بکەیت، ڕەنگە نەک (٤٢) بەڵکە (٤٢٠) ڕەخنەیان لەم حکومەتە، لەم گەندەڵییە و بەدبەختییە هەبێ، کە بەسەرماندا تێدەپەڕێت!

لێرە، لەم سەکۆ پیرۆزەوە، سەکۆی سەروەری، زۆر بەڕونی قسە دەکەم و دەڵێم:

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەگەر بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانەی نەبێ بۆ گۆڕانکاری، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، بۆ دادپەروەری، بۆ درێژەپێدانی ئازادی و دیموکراسی، بۆ خزمەتکردنی شەهیدەکان، ئەنفالەکان، کیمیبارانەکان، زیندانییە سیاسییەکان، شار و دێهاتەکان، ڕەخنە لەخۆی نەگرێ، هەڵەکانی چارەسەر نەکات و بەخۆیدا نەچێتەوە، لەهەڵبژاردنی کوردستان، متمانەی دەنگی لەهەڵبژاردنی عیراق، کەمتر دەبێت!

خەڵک، ئەوکاتەی هیچمان نەبوو، ویژدانی خۆی پێشکەش دەکردین! بەڵام ئێستا دەزانن هەموو شتێکمان هەیە و خزمەتیان بەکەمی دەکەین، بۆیە بەویژدانەوە ڕەخنەمان لێدەگرێت..

هەر ویژدانە! ئەوکاتە ویژدان (٤٢) کەسی دەکرد بەقوربانی لەدێیەکدا! بەڵام ئێستا ویژدان کراوەیە، چاو کراوەیە و بیرکردنەوە کراوەیە، بۆیە ئێستا ڕەخنەیان لەسەرمان هەیە. لەسەر مەسئولەکان هەیە، لەسەر وەزیر و گزیرەکانیشمان هەیە. ئەمەش دەبێ زەنگێک بێت رامان بچەڵێکێنێ..!

ڕاگەیاندنەکانیش دایمەپۆشن..! ماستاومەکەن ڕاگەیاندنەکان، خەڵک چەواشە مەکەن ڕاگەیاندنەکان، تێبگەن (١٧٠) هەزار دەنگ دادەبەزین، ئەمە نەفرەتە، بێزارییە، ناڕەزاییە و ڕەخنەیە! کەمبونەوەی متمانەیە بەیەکێتی نیشتمانی! یەکێتی و پارتی و گۆڕان، کە هەرسێ لایان لەسەر حوکمن، لەدوا هەڵبژاردندا (٧٠٠) هەزار دەنگ دابەزیوین! لەکاتێکدا چوار موالید زیادمان کردوە، ئەمەش پەیامە و پەیامی ویژدانی ڕایگشتییە، پەیامی ویژدانی نەتەوەکەمانە! تێیدەگەین دەبێ چارەسەری بکەین، تێیناگەین، دڵنیابن خەڵک چارەسەرمان دەکات!!

بۆ ئەوەی دۆخەکە لەمە زیاتر تێکنەچێ و ڕۆنەچێ، ئەم قسانەم وەک پەیامێک وەربگرن، ساڵێکی تر ئەم وەختە (٢٠٢٣/٤/١) ئەگەر یەکێتی گۆڕانکاری ریشەیی لەخۆیدا بەدینەهێنێت، ئەوا قسەکانی منتان لەبیربێت.

ناهەقیان نەبوو!
بەڵام بەردەوام بووین

وتاری(٢٥)هەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی گەلاوێژ فێستیڤاڵی زیوین...
ڕۆژی (٢٠٢٢\٥\٢٥) تەلاری هونەر، سلێمانی...

فێستیڤاڵی زیوینی گەلاوێژ، فێستیڤاڵی زیوینی کوردستان، فێستیڤاڵی زیوینی سلێمانییە حەیاتەکەتان باش..

خۆشحاڵین بەهیممەتی هەموولایەک، بە پەرۆشی یەکە بەیەکەتان، کە تەشریفتان هێناوە بۆ ئێرە، ئەساڵانی رابردووەوە پشتیوانی گەلاوێژ بوون، ئێستاش بە شەوقەوە هاتوون، فێستیڤاڵی زیوین بەڕێدەکەن، خۆشحاڵین، لەناو ئەم شەوق و شوورە، بەسەر هەوراز و نشێوەکاندا سەرکەوتین، توانیمان بیگەیەنینە ئەمڕۆ، کە مایەی شانازی یەک بەیەکەتان بێت و مایەی شانازی سلێمانیش بێت.

ئەو ساڵانەی کە بیست و چوار فێستیڤاڵمان بەڕێکرد، ساڵانی جۆراوجۆر بوون و دۆخی سیاسی جیاواز بوو، لەناو دۆخی خوێناوی شەڕی ناوخۆ، نوسەرانی کوردستان، ئەم خەوە جوانەیان بەدیهێنا، کە ناویانناا بنکەی ڕووناکبیریی و ئەدەبی گەلاوێژ.

ئەوکاتە کە یەکەمین فێستیڤاڵمان سازدا لە بیرمە، ئاسان نەبوو نوسەرەکان، بەتایبەتی نوسەرەکانی دەرەوەی سلێمانی، یان ئەوانەی لەناو سلێمانی جیاواز لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بیریان دەکردەوە، بێن بۆ ناو فێستیڤاڵ! زۆر هەوڵماندا، هەوڵێکی ئێجگار زۆرماندا، کە هەرچی چۆنێک بێت (١٠٠ بۆ ١٢٠) نوسەرێک لە یەکەمین فێستیڤاڵ ئامادەبن، بۆ ئەوەی بناغەکەی دابنێین.

ژمارەیەک نوسەرانی هەولێر هاتن، بەڵام بەو مەرجەی نابێ وێنەیان بگرین، لەبەر ئەوەی لەشەڕی ناوخۆ بوین و فشارەکانی سیاسی، ئەمنی، دەروونی بەڕاستی ترسناک بوو، ناهەقیشیان نەبوو! بەڵام بەردەوام بووین.. ئەگەر لێم بپرسن؛ گەورەترین شانازی (٢٤) ساڵی رابردووت چییە؟ دەڵێم دوو خاڵە..

یەکەم: یەک وشە لەهەموو فێستیڤاڵەکان، لە گۆڤاری گەلاوێژ، سانسۆر نەکراوە! ئەمەش جێگەی شانازییەکی گەورەیە. بێگومان کە دەڵێم تەنها وشەیەک سانسۆر نەکراوە، لە (٢٤) فێستیڤاڵدا بە سەدان

بابەت هاتووەو پێشکەشکراون. زیاتر لە (٢٥٠ هەتا ٢٦٠) نوسەری نوێمان خستۆتە ناو ڕووناکبیریی کوردییەوە.

هەموو ژمارەکانی گەلاوێژی نوێ دەرچوون، زیاتر لە (٧٥٠) ژمارەی ڕۆژنامەی چاودێر دەرچووە، گۆڤاری مەدەنییەت، گۆڤاری روانگە و رەخنە، زیاتر لە (١٢٠) کتێب چاپکراوە، یەک وشە سانسۆر نەکراوە. نوسەرەکان، هەر بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجییەتێکیان هەبووبێ، بابەتەکانیان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دووەم: جێگەی شانازییە، بۆ ئەو سەردەمە، تا ئێستا بە دوو ڕەوتی جیاواز نەمانهێشتووە سیاسەت تەداخول لە بنکەی گەلاوێژ بکات. بۆ مێژوو دەیڵێم و وەکو خۆی قسەکەم لێوەربگرن، هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ڕۆژێک لە ڕۆژان، نەهاتون دەستبخەنە ناو کاروباری گەلاوێژ. هیچ کەسێک و هیچ کاتێکیش بەتایبەت کە جەنابی مام جەلال لە ژیاندا بوو، هەتا (١٠) فێستیڤاڵی گەلاوێژ، لەسەر بودجەی بەڕێزیان بەڕێوەچووەو باقییەکەشی، بەشی زۆری ئیدارەی گشتی یەکێتی ئەنجامیداوە و سێ جاریش سەرۆکی هەرێمی ئێستا، ئەوکات کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بودجەی فێستیڤاڵی گەلاوێژی دابینکردووە.

ئەم دوو خاڵە بۆ باسدەکەم و بۆ بە مایەی شانازیمی دەزانم! یەکەم، بەبێ ئازادی داهێنان نییە! دووهەم، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر دیموکراسی، لەسەر مەدەنییەت و لەسەر تەواوی ئازادییەکان، حزب، هەر حزب و هەر دەسەڵاتێک بێ، دەست وەربداتە هەست و نەست و ئازادییەکانی خەڵک. مەترسیدارە.

ئەوەی زیانیش دەکات لەدەست تێوەردان لە ئازادی خەڵک، خودی حزبەکەیە، نەک نوسەرەکە! ئەوەی زەرەر دەکات لە دەست تێوەردان لە ئازادی ڕێکخراوەکان، چ ئەدەبی، چ پیشەیی و چ دیموکراسیش، خودی حزبە نەک ڕێکخراوەکە. بە پێچەوانەشەوە ئازادی بکە، ئازادی بدەرێ و حزب دەستنەخاتە ناو کاروباری ڕێکخراوەکان، وەکو بنکەی گەلاوێژی لێدێت!

دەبینن، هەموو ئەوەی ئەمساڵ تەشریفی هێناوە و هەموو ئەوانەشی لە (٢٤) ساڵی رابردوو تەشریفیان هێناوە، هەرهەموویان بە دڵخواز هاتوون، کەسیان لەبەرامبەر هیچ شتێکدا نەهاتوون. بە دڵخوازی خۆیان و بە عەشقی خۆیان بۆ وشەی کوردی هاتوون، لەبەرئەوەی دەزانن، لە دانیشتنەکانی فێستیڤاڵدا ئازادی هەیە و هیچ کەسێک دەستوەرناداتە کاروبارەکان و هیچ کەسێکیش سانسۆری وشە ناکات و هیچ کەسێکیش ناتوانێ دەست وەربداتە کاروباری لیژنەکانی هەڵسەنگاندنەوە.

ڕوونکردنەوەیەکیشم هەیە و بەگرنگی دەزانم، ئەویش: زۆرجار لێمدەپرسن، مەلا بەختیار بۆچی ناوی گەلاوێژت هەڵبژارد؟ ئەمەت بە چ مەبەستێک کرد؟ دەزانم مەبەست لەم پرسیارانە چییەو ژێر بەرەی ئەو پرسیارانە دەخوێنمەوە! مەبەست ئەوەیە، ئایا ئێمە، لەبەر خاتری بنەماڵەی ڕەوانشاد برایم ئەحمەد ئەمەمان کردووە؟ یان خوانەخواستە لە ترساندا ئەمەمان کردووە؟

جارێ ئەوە لەدایک نەبووە لێی بترسین! ئەمەش ڕێ لە ئێمە ناگرێ ڕێز لە مێژووی خۆمان بگرین. ئێستاش رونیدەکەمەوە بۆچی ئێمە ناوی گەلاوێژمان هەڵبژارد.. لەبەر هیچ هۆکارێک نییە، تەنها هۆکار ئەمەیە:

مێژووی هاوچەرخی کورد، لەڕووی سیاسییەوە هیچ سەرکردەیەک نییە هەڵەی ستراتیجی نەکردبێ، هیچ سەرکردەیەک، لە شۆڕشی ئەیلولەوە هەتا ئێستا، واز لەڕابردوو دەهێنم. هیچ سەرکردەیەکی تێدانییە، کەسیان نابوێرم، هەڵەی ستراتیجی نەکردبێ، مانای قسەکانیشم ڕۆشنن، بەڵام پێمبڵێن، بە ویژدانتان، بە ویژدانی ئەدەبیتان پێمبڵێن:

کامیان بەهێندەی برایم ئەحمەد، داهێنانی هەبووە لەمێژووی ئێمەدا؟ کامیان توانیویانە گۆڤاری گەلاوێژ دەربچێنن؟ تەنانەت حزبەکان بەهەموو توانایانەوە هەیانبووە، نەیانتوانیوە گۆڤارێک، وەکو گۆڤاری گەلاوێژ، دەربکەن. بۆیە ئێمە، بۆ ئەو مێژووەی ئەدەب و بۆ داهێنانی گەلاوێژ و دوای گەلاوێژ، بۆ ژانی گەل، بۆ خازێ، بۆ شیرین بەهارەو ئەو خەیاڵە فراوانەی دنیای ئەدەبی برایم ئەحمەد، ناوی گەلاوێژی نوێمان بەستەوە بەمێژووی گەلاوێژ، بۆ ئەوەی ئەو کەلتوری مودێرنەتە، ڕۆشنگەریی و مەدەنییەتە بەردەوام بێت. ئەگەرنا خۆتان دەزانن، بنکەی گەلاوێژ، شەتەک دراوی هیچ حزبێک نییە، بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیشەوە. بەڵام یەکێتی بە سوپاسەوە تا ئەم چرکەساتە، هاوکاری بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ دەکات.

بەخێرهاتنی یەکە بەیەکەتان دەکەم و ئومێدەوارم، (٢٥)هەمین فێستیڤاڵ، بناغەیەکی نوێ، بۆ ساڵانی ئاییندەی فێستیڤاڵ دابنێت، وەرچەرخانێک بێت، ئیتر ناتوانین لە دوای (٢٥)هەمین فێستیڤاڵ، بگەڕێینەوە بۆ فێستیڤاڵەکانی رابردوو، بەڵکو دەبێ باشتر لە ئێستا، ئەم فێستیڤاڵە سازبدەین.

بەخێرهاتنی میوانانی عەرەب دەکەم، لە بەسرەوە هەتا دیالە، خانەقین بەشێکە لەکوردستان. بەخێرهاتنی میوانەکانی ئێران دەکەم، لە تارانەوە هەتا مەریوان، کە بەشداری کاریگەرن لەم فێستیڤاڵەدا.. بەخێرهاتنی هەموو ئەو میوانانە دەکەم کە لە مەغریب، تونس، جەزائیر، سوریا، لوبنان، ئوردن، میسرو شارەکانی وڵاتانی تری عەرەبییەوە هاتوون، هەروا میوانانی تر کە لە فەرەنسا، ئەمریکای لاتین و وڵاتانی ترەوە هاتوون. بەخێرهاتنی یەکە بەیەکەیان دەکەم و ئومێدەوارم فێستیڤاڵ بەهی خۆیان بزانن و بەردەوامیش دۆستی دنیای ئەدەب و کاروانی ڕووناکبیری بین لە پێناو ئاییندەیەکی مرۆڤایەتی، ئاییندەیەکی دیموکراسی، ئاییندەیەکی ڕۆشنگەری، کە هەموومان تیایدا شانازی بکەین و هەموو بیروباوەڕەکانی نامۆ بە دیموکراسی، نامۆ بە ڕۆشنگەری، نامۆ بە مەدەنییەت، وردە وردە قۆناغ بەقۆناغ بەجێبهێڵین.

خۆشحاڵین ئەمساڵ جگە لەڕێزلێنان لە پێنج کەڵەپیاوی کورد، مەزهەری خالقی، ئەحمەد سالار، ئەنوەر قەرەداغی، فوئادی مەجید میسری، شەهرامی نازری، خاتمی ماندوو نەرخەوان، ئەمساڵ و بۆ یەکەمینجار، بۆ ئەوەی هەر تەنها یادی دڵتەزێنی کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان نەکەینەوە، نوێنەری هەڵەبجە،

نوێنەری رزگاریی و گەرمیان، گۆپتەپە، سێوسێنان، شێخ وەسانان و بالیسان، باوزێ لە بادینان، تەشریفیان لەگەڵ ئێوەدا هەیەو میوانداری کراون بۆ فێستیڤاڵ.

هەروەها سوپاسی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری دەکەم، کە هیممەتێکی زۆری کرد، لە ڕێگەی بەڕێز وەزیری داراییەوە نیوەی بودجەی فێستیڤاڵیان دابینکردوەو گرنگ ئەوەیە بەشدارییان کردووە، سوپاسی هەردووکیان دەکەم و سوپاسی هەموو ئە بەڕێزانەش دەکەم، کە سپۆنسەری فیستیڤاڵی گەلاوێژیان کردووە، سوپاسی هاوسەنگەرەکانم لە برایانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی دەکەم، کە هاتوون و خۆشحاڵم بەهاتنی هەمووتان خوشکان و برایان، بەخێربێن بەسەرچاو.. سەربەرزین پێتان و ئێمەش بەردوامین.

کارلێکی ئاسۆیی و
گوتارێک بۆ دەرەوەی دەستەبژێر

وتاری کۆتایی (٢٥)هەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی گەلاوێژ فێستیڤاڵی زیوین...
رۆژی (٢٨\٥\٢٠٢٢) هۆتێل رامادا، سلێمانی...

خۆشحاڵین چوار رۆژی تێر و تەسەل، لە شیعر، چیرۆک، لێکۆڵینەوەو مشتو ماڵێکی هەمەلایەنە و زانستیانە، بۆ کۆمەڵێک بابەتی فەلسەفی، هونەری، سینەما، شێوەکاری، زمان و پەروەردە، لەم رۆژانەی فێستیڤاڵ، لەلایەن هەموتانەوە، قسەوباسی لەسەر کراوە.

دەزانین کۆکردنەوەی خەڵک لێپرسراوێتییە، بۆ هەر بۆنەیەک خەڵک کۆبکەیتەوە، لێپرسراوێتییە! دەبێ پرۆگرام، پرۆژە، گوتارت هەبێت و لەدوای هەموو کۆبونەوەیەکی فراوان، چ ئەدەبی، سیاسی و حزبی، کە ئامادەبوانی ناو کۆبوونەوەکە دەچنە دەرەوە، یەکەم دەبێ وەڵامی پرسیارەکانیان درابێتەوە، دووەم بۆ قۆناغێکی تر لە خەبات، پرسیاریان لادروست بکەیت.

لەفەلسەفەی فێستیڤاڵی گەلاوێژدا، ئەمە ئەرکمان بووە! باوەڕناکەم کەسێک هاتبێتە فێستیڤاڵ، پرسیاری کردبێت و بەبێ وەڵام چووبێتە دەرەوە. باوەڕیشناکەم لەدوای وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێکیش، پرسیارێکی نوێ لەلای میوانانی ئازیزی فێستیڤاڵ دروست نەبوبێت!

ئەمەش ئەرکی فەلسەفەیە، فەلسەفەش هەمیشە وەڵامدانەوەی پرسیارەو کۆتایی نەهاتنە بە وەڵامی پرسیار!

ئەمە یەک، دووەم با لە رەخنەیەک لە خۆمانەوە دەستپێبکەم لەم فێستیڤاڵە! ئێمە زۆر دانیشتین بۆ ئەوەی ئەم فێستیڤاڵە کەموکوڕی تێدا نەبێت. بۆ خۆم لایەنیکەم پانزەجار لەگەڵ لیژنەی فێستیڤاڵ دانیشتوم، لەگەڵ بنکەی گەلاوێژ و لەگەڵ لیژنە هونەرییەکان دانیشتووم و پێموتوون کە نابێ بچوکترین کەلێن دروستببێت! کەچی لە رۆژی کردنەوەی فێستیڤاڵدا، سێ کەلێنمان هەبوو!

یەکەم، کەلێن دەنگ بوو، ستافەکەی لێرەن، کە کۆمپانیامان هێناوەو و ئەوەی پێویست بوو بەڵێنی جێبەجێکردنمان پێداون، کەچی بەداخەوە سیستەمی دەنگمان باش نەبوو. هەتا رۆژی دووەم و پانێلەکانیش

هێشتا دەنگ باشنەبوو. ئەم تەکنیکە بووە بە تەکنیکێکی موزمین لە بۆنەکانی کورددا. لە رابردوودا حزب دەیکرد لێی نەدەزانی، رێکخراو دەیکرد لێی نەدەزانی! رەوایە ئیستا کۆمپانیاش لێی نەزانێت؟! ئەم هەڵەیەش پێویستە بەڕاستی، راستبکرێتەوە.

هەڵەی دووەممان ئەوەیە، کە دەبوو بمانزانیایە کە لەکردنەوەی (٥٢)هەمین فێستیڤاڵدا، بڕگەی شیعر دانەنێین! کە کاتمان بۆ پێنج شاعیر تەرخانکرد، لەکاتێکدا هۆڵەکە جمەی دەهات لە خەڵک و سیستمی دەنگیشمان باشنەبوو، بەداخیشەوە ئەمە بووە هۆی ئەوەی خودی ئەو شاعیرە بەڕێزانەی بەشدارییانکرد، نەیانتوانی تێکستەکانیان بە باشی بە ئامادەبووان بگەیەنن.

سێهەمین هەڵەشمان، دانانی کورسییەکانی تیپە موزیکییەکان بوو، هەردوو تیپەکەی جەنابی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و جەنابی مامۆستا عەبدوڵا جەمال، کە بەو هۆیەشەوە (٥٢) دەقیقەی لە کردنەوەی فێستیڤاڵ برد! هەڵەکە لە ئێمەوەیە و دەبوو رێوشوێنێکمان بۆ ئەمە دابنایە، چونکە (٥٢) دەقیقەی دیکەش مەراسیمی کردنەوەی فێستیڤاڵ دواکەوت. بەشبەحاڵی خۆم، کە سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵم، نازانم بۆ ئەو ماوەیە مەراسیمەکە دواکەت. بۆیە لێرە رەخنە لە خۆم و لە هەموانیش دەگرم، بۆ ئەوەی ئەم هەڵانە دووبارەنەبنەوە، بەڵام باقی پرۆگرامەکانی فێستیڤاڵ راستە پێرفێکت نەبوو، بەڵام سەرکەوتوو بوو. دیدار و چاوپێکەوتنەکانی میوانانی فێستیڤاڵ دەخوێنمەوە، سەیرم کردوون و گوێم لە قسەکانیان گرتووە و باوەڕیان وایە فێستیڤاڵەکە سەرکەوتووە. زۆر هەڵی نادەین، هەر ئەوەندە کە سەرکەوتووە.

خاڵێکی تر، لە هەلومەرجێکدا ئەم فێستیڤاڵە دەبەستین، سیاسەتی لێ دەبەمە دەرەوە، کە دونیای رەخنە، ئەدەب و هونەر، لە قۆناغێکی تردایە! لە قۆناغی دووبارە بونەوەدا نییە، کە نە رەخنە، نە ئەدەب و هونەر، خۆی دووبارە ناکاتەوە! رۆژانە لە فەیسبووک، لە واتسئاپەکانمان، لەپەیجەکان و سایتەکانمان، رۆژانە، بەهەزاران هەزار کۆمێنت، بۆ چوون و رەخنەی جیاواز دەخوێنیمەوە، کە لەڕێسا باوەکانی دونیای ئەدەب، هونەر و سیاسەتیشدا نییە! مانای چییە، واتا کارلێکێکی ئاسۆیی لەنێوان تاک بەتاکی کۆمەڵ و بەتایبەت خوێنەواری کۆمەڵ لەگەڵ دەقەکاندا دروستبووە.

ئەم کارلێکەش دیاردەیەکی تازەیە لە دونیای داهێنان، لە دونیای ئەدەب و هونەر و دەبێ زۆر بەقوڵی لەسەری بوەستین. تازە گوتاری ئەدەبی، هونەری، سیاسیش گوتار نییە تەنها بۆ دەستەبژێر، حزب، رێکخراو، بۆ تیپە هونەرییەکان یەکێتییەکانی نوسەران و ئەدیبان، بەڵکو گوتارە بۆ تاک بەتاکی کۆمەڵ و لەکاتی خۆیدا لێتوەردەگرن و لەئان و کاتی خۆیشیدا وەڵامت دەدەنەوە، قسەی لەسەر دەکەن. کەوابێ جاران چەند دەقنوسێک، چەند رۆژێک، هەفتە و مانگێک لەسەر دەقەکەی دەوەستا تا دەینوسی، بەڵکو ئێستا دەبێ زۆر قوڵتر و فراوانتر بیری لێبکاتەوە، چونکە لەباتی یەک و دووان و پێنج، بە هەزاران رەخنەگر هەیە! بێگومان رەخنە هەر ئەوەنییە دایبکوتیت، بەڵکو رەخنە هەڵسەنگاندنیشە. هەموو جۆرە هەڵسەنگاندنێک لای من رەخنەیە، رەخنەی هەڵسەنگاندنە.

بۆیە بنکەی گەلاوێژ و هەموو ئەوانەی لەم بوارەی ئەدەب و داهێنان ئیشدەکەین، ئومێدەوارین تێبگەین ئێستا لە قۆناغێکی سەراپا نوێداین. هەنگاو بەهەنگاو لەم قۆناغەدا بنێین و زۆریش چۆنێتی چاودێری کاریگەری بابەتاکان لەسەر خوێنەر بکەین لە دونیای دیجیتاڵدا و لێکۆڵینەوەشی لەسەر بکەین.

ئەوەی وتارێکمان لەسەر دەنوسێ، دەقێک یان دوو دەق دەنوسێ، ئەمە هەموو بابەتەکان نییە ئێستا، بەڵکو هەموو وردە کارییەکان لەلای ئەو بینەر و خوێنەرەیە کە رەنگە وتار هەر نەنوسن، بەڵام کۆمێنت دەنوسن. تەنانەت ئەگەر کۆمێنتەکە پڕبێ لە هەڵەی رێزمانیش، بەڵام دواجار ئەوەش رایە، رایەکی ئازادیشە کە دەردەبڕدرێت.

بۆیە دەبێ پوختە و کاکڵەی رایەکە وەربگرین و نابێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێین، ئایا ئەم رایە هی نوسەرە، یاننا! هەڵەی رێزمانی کردووە یاننا! بەدوای ئەوەدا بگەڕێ بۆچونەکانی چەند دروستە و چەند پێکاوێتی لەسەر ئەو دەقەی نوسیوتە. ئەمە گرنگە و کارلێکێکی تەواوە لەگەڵ دونیای نوێ، دونیای دیجیتاڵ، ئەو دونیایەی کە بەقەد گەردوون، ئێستا دونیای ئەدەب، هونەر، سیاسەت و هەتا باقی بوارەکانی تر، چۆتە ناو وردەکاریی و ئەندێشەی تاکەکانەوە.

ئێمەی کورد، بەداخەوە تائێستا لەناو بازنەی قسەکردن لەسەر دەسەڵات و لەڕێگەی دەسەڵاتەوە و بەئاواتی ئەوەی دەسەڵات بتوانێ هەموو کەموکوڕییەکان چارەسەر بکات، لەو بازنەیە نەچوینەتە دەرەوە، کە بەداخەوە وانەماوە. رەخنەتان هەیە لەسەر دەسەڵات هەقی خۆتانە، دەسەڵاتتان بەدڵ نییە بەهەموو حزبەکانەوە هەقی خۆتانە، بەڵام تۆ خۆشت قەڵەم بە دەست، داهێنەر، بەهرەمەند، نوسەر، هونەرمەند تۆ خۆت دەسەڵاتیت! هەموو ئەوکەسەی کە دەتوانێ لە ڕێگەی قەڵەمەکەیەوە، لەڕێگەی هونەرەکەیەوە، لەڕێگەی بەهرەکەیی و دەقە ئەدەبییەکەیەوە، لەڕێگەی رەخنە فەلسەفی و سیاسی و سۆسیۆلۆجییەکەیەوە، دەتوانێ کاریگەربێ لەسەر ناوەندێک لەسەر ناوەندەکانی کۆمەڵایەتی، ئەمە دەسەڵاتە! بەڵام دەسەڵاتیکی مەعریفییە.

بەڵام بە ویژدانتان، لە خۆتان دەپرسم: لەمێژوودا دەسەڵاتی مەعریفی نەمرە، یان دەسەڵاتی سیاسی؟ کامیان، بێگومان دەسەڵاتی مەعریفی. ئێستا زۆرێکتان کە لێرە دانیشتوون رەنگە زۆر لەناوی نوسەران، ئەدیبان، رۆماننوس و فەیلەسوفەکانی دونیا بزانن، بەڵام باوەڕ ناکەم، ناوی دە ستەمکاری دونیا، دە ئیمپراتۆریەتی دونیا و دە سەرۆک کۆماری دونیای کۆنتان لەبیربێ. هی ئێستاش رەنگە هەر ناوی چەند کەسێکتان لەبیربێ، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەسەر تەلەفزیۆن دەردەکەون. بەڵام هەر ئەم جەمعەی کە تەشریفتان بۆ ئێرە هێناوە، کە کتێب دەخوێننەوە، لەناو وردەکاری دونیای داهێنانی ئەدەب و هونەردا رەنگە بەسەدان ناوتان لەبەربێ و شانازی پێوە بکەن. ئاماژەش بۆ تێکستەکان و رستەکانیان بکەن.

هەر لەبەر ئەمەیە، دەسەڵاتی مەعریفە دەسەڵاتەو دەسەڵاتێکی زۆر گرنگیشە. باوەڕیش بکەن، چارەنوسی دەسەڵاتی سیاسی بەدەست دەسەڵاتی مەعریفەوەیە. هەربۆیە رۆماننوسێک لە ئەوروپا

یان ئاکتەرێکی گەورە، لە سەرۆک کۆمارەکان بەناوبانگترە، کتێب و یاداشتەکانیشی. لە یاداشتی زۆرێک لە سیاسەتمەدارەکان گرانترەو بە تیراژێکی ئێجگار زۆریش، هەندێکجار بە دوو ملیۆن تیراژ، چاپ و بڵاودەکرێتەوە و نامێنێتەوە! بەڵام لەکاتێکدا سیاستمەدار هەیە، یاداشتەکانی دووسەد دانەی لێ نافرۆشرێت! مەگەر خۆی دابەشی بکات.ئەمەیە دابەشبوونی دەسەڵاتەکان، لەدەسەڵاتی ستونییەوە بۆ دەسەڵاتی ئاسۆیی، ئەمەیە گۆڕانکارییەکانی ژیان، بیرکردنەوە لە ژیان، هەر ئەمەشە وا لەمن دەکات ئێستا بە ئێوە بڵێم: تازە ئێوە، هەموو ئەو بەڕێزانەی لێرە لەو بوارەدا داهێنانتان هەیە، توانات هەیە و قەڵەمتان هەیە و ئێستا لێرە دانیشتوون، ئیتر دەبێ ئێوە بیر لەقۆناغێکی نوێ لەتواناکانی خۆتان و لە بیرکردنەوەتان بکەینەوە. وەکو دەسەڵاتێکی مەعریفی گەورە، بڕیار بدەن، بیربکەنەوەو بن بە ئەلتەرناتیڤی ئەو دەسەڵاتانەی ناتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن.

ئێوەن ئیتر رەخنەی بابەتی، لۆژیکی، زانستیتان چارەسەرە.. با درەنگ گوێتان لێبگیرێت، بەڵام ئەوە چارەسەرە. دەتوانن بە من بڵێن دەسەڵاتیک لە دونیادا بەبێ رەخنە چاکبوبێتەوە؟! بوارێک لە بوارەکانی کۆمەڵ، ئەدەبی، هونەری، سیاسی، سایکۆلۆجی، زانستی و دەروونی بێ، بەبێ رەخنە گەشەبکات؟ نییە شتی وا، هەروەک رەخنە لە تاکەوە دەستپێدەکات، رەخنەی کۆمەڵی نییە! کۆمەڵێک پێکەوە دابنیشن و بڵێن رەخنەیەک دەنوسین! لەسەدا (٩٩)ی رەخنەکانی دونیا تاک بووەو بەتاکیش دەمێنێتەوە و بەردەوامیش دەبێت.

بۆیر ئەمە قۆناغێکی نوێیەو تکایە دەبێ هەموو ئەوانەی لەم بوارده ماندوون و خۆیان بە یەکێک لەباشترین دەسەڵاتەکانی مەعریفە و رەخنە بزانن و لێپرسراوێتیشیانە، خەبات بکەن، بۆ ئەوەی لە هەر بوارێک لەبوارەکان رەخنەیان هەیە، کەموکوڕی و عەیب و عارێک دەبینن و بەدڵیان نییە، چاوەڕوان نەکات دەسەڵات چاکیان بکات، بەڵکو تۆ دەبێ بە رەخنەکانت چاکی بکەیت، بە دەستنیشانکردنەکانی.

ئەگەرچی دەزانم دەستبەجێ گوێتان لێناگیریت، رەنگە دوو ساڵ و سێ ساڵ بخایەنێ تا گوێتان لێدەگیرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەموو رەخنەیەکی مەعریفی، زانستی، نەک دەستبەجێ، بەڵام لەهەموو سندوقێکی دەنگداندا کاریگەری خۆی دەبێت. هەموو سندوقێکی دەنگدانی هەڵبژاردن، هەموو ئەو رەخنانەی کە لۆژیکین، بابەتین، لەوپەڕی پەرۆشییەوە دەگیرێن، هەموو ئەو رەخنانە ئەگەر دەستبەجێش گوێتان لێنەگیرێت، بەڵام بەهێندەی خۆی کاریگەری لەناو رای گشتی بەشێوەیەک دادەنێ کە لەناو سندوقەکانی دەنگداندا رەنگدەداتەوە.

ئێمەی فێستیڤاڵی گەلاوێژ، هیچ خەمێکمان نییە، هیچ دەستکەوت و قازانجێکمان نییە و ئەگەر قەرزدار نەبین لەسەر ئەم ماندووبوونە، پاداشتمان لە هیچ کەسێک چاوەڕوان نەکردووە، هەموو ئەوانەشی کە لەمن ماندووترن، بەڵکو باشترین پاداشت ئەوەیە، کە ئێوە چوونە دەرەوە بڵێن شتێک، رێگایەکی نوێ و بیرکردنەوەیەک لەم فێستیڤاڵە فێربووین! ئەمەش باشترین پاداشتێکە بۆ ئێمە کە پێی بگەین.

دوای (٥٢) ساڵیش، ئەگەر توانیبێتمان لەهەموو فێستیڤاڵێک، مەڵۆیەک لە مەعریفە، لە فکر، لە فەلسەفە، لە ئەدەب، شیعر، داهێنان، باوەڕ وایە ئێستا ئەگەر ئێستا خەرمانێکیشمان پێکنەهێنابێ، تارایەکمان لەناوتاندا پێکهێناوە.

پڕ بەدڵیش ئومێدەوارین، بنکەی گەلاوێژ بەهی خۆتان بزانن، فێستیڤاڵەکان و خزمەتەکان بەهی خۆتان بزانن و ئەگەر توانیبێتمان لەفێستیڤاڵی زیوین، باشتر لە فێستیڤاڵەکانی تر کارێک بکەین، ستایشمان مەکەن، هەر لەویژدانی خۆتاندا بونی هەبێ، سوپاستان دەکەین. ئەگەر کەموکوڕیشمان هەبووبێ، جگە ئەو ڕەخنانەی خۆم گرتمن، بەدواداچون بۆ هەموو نوسین و بۆچونێک دەکەم کە لەسەر فێستیڤاڵەکە هەبێت و کۆبوونەوەش لەسەر کەموکووڕییەکان دەکەین و ئەگەر ڕەخنەشتان هەیە، سوپاستان دەکەین.

پڕ بە دڵیش بەخێرهاتنی یەکە بەیەکتان دەکەین، هەموو ئامادەبوانی بەڕێز، هەموو ئەوانەی دانیشتوون و هەموو ئەوانەی بەپێوە ڕاوەستاون، هەموو ئەوانەی ماندووبوون، هەموو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن کە ڕۆژانە دانیشتن و پانێلەکانیان ڕوماڵ دەکرد. ئەمساڵیش سپۆنسۆری ڕاگەیاندنی فێستیڤاڵەکەمان نەدا بەهیچ کەناڵێک، بەڵکو هەموو کەناڵەکانمان ئازاد کرد، بۆ ئەوەی لەئاستی (٥٢)هەمین فیستیڤاڵ چالاکییەکان بگوازنەوە.

سوپاسی هەموولایەک دەکەم، یەکە بەیەکە، لەو گروپە خنجیلانەیەی لەناو هۆڵەکە خزمەتیان دەکرد و ئەرکەکانیان ڕادەپەڕاند، تا دەگاتە سەرپەرشتیاری بنکەی گەلاوێژ و هەموو ئەو کادرانەی لەباری هونەری، تەکنیکی، داڕشتنی بەرنامە و هەموو کارەکانی تری کەوتبووە سەرشانیان، هیچ درێغییەکان نەکرد.

ئومێدەواریشم ئەگەر گللەییەکیشتان هەیە، بە ڕەخنەوە گللەیکانتان بکەن و ناشتوانم هەموو ئەوەی کراوە، بڵێم هیچ کەموکوڕییەکی نەبووە، ئەگەر توانامان هەبوایە زۆر لەوە زیاتر خزمەتمان دەکرد، تەنانەت بڕوا بفەرموون تا ئەم ساتە، بەڕێز وەزیری دارایی بڕیاری تێچووی نیوەی فێستیڤاڵی داوە، بەڵام هێشتا وەرمان نەگرتووە، بەڵام دڵنیاین دەدرێ، باقییەکەشی بەقەرز کردوومانە، بەڵام ناهێڵین هیچ میوانێک بە گللەییەوە بڕوات و ئەوەشی بڕیاردراوە جێبەجێ دەکرێت.

سوپاستان دەکەم و زۆر بەخێرهاتنتان دەکەم. دەستی یەکە بەیەکەتان دەگوشم و خۆشحاڵتان کردین..

رۆشنگەریی و هزری پەڕگیری

پانێلی (هەوڵە رۆشنگەرییەکان و دەربازبوون لەهزری پەڕگیری)، لە خولی پەروەردەی رۆشنگەریی بۆ بازنەکانی پلاتفۆڕمی دابڕان لە قەڵادزێ و دەوربەری..

رۆژی (٢٠٢٢/٧/٢١) هۆڵی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی..

خۆشحاڵم، کە دەبینم قەڵادزێ خەریکە جموجۆڵی زۆرتر تێدەکەوێت، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە. بەشبەحاڵی خۆم ئەوەندەی دڵم بەوەخۆشە لە شارە گەورەکان، جموجۆڵ هەبێ، زیاتر لەوە دڵخۆشترم لەدەرەوەی ئەو شارانە جموجۆڵ زیاتربێ. چونکە ناوەندەی شارە گەورەکان هەمیشە چالاکی تێدایە، بەڵآم ئەوەی بێبەشە دەوروبەری شارە گەورەکانن، بۆیە کە لەقەڵآدزێ، رانییە، سنگەسەر و حاجیاوەدێن، مایەی دڵخۆشییە و ئەوە دەگەیەنێ، کە بزوتنەوەی رووناکبیریی و خۆ پەروەردەکردن و رۆشنگەری، لە بزوتنەوەیەکی ستونییەوە، بەرەو بزوتنەوەیەکی ئاسۆیی دەڕوات، بەپێچەوانەی رابردووەوە. ئەمە زۆر گرنگە و سەرەتای گۆڕانکاری گەورەیە لە هەموو لەدنیادا.

ئەگەر سەیری رۆژئاوا بکەن، ناچیتە جێگەیەک هەست بەشارستانی و پێشکەوتن نەکەیت! هەر لەدێیەکەوە بۆ شار و شارۆچکەیەک تا بە شارە گەورەکان دەگەیت. واتاهەموویان پێکەوە هاوتای یەکتر گەشەیەکی ئێجگار زۆر هەیەو تەنها جیاوازیان ئەوەیەم لەشارە گەورەکاندا جموجۆڵ و بازرگانی زۆرترە و دەسەڵات زیاتر ئیش دەکات، بەڵام شارەکانی تریش لە خزمەت پەراوێز نەخراون ، لە پێشکەوتن، ئەگەرنا وەکم پێشکەوتن، پەروەوردەکردن، خوێندن و خزمەتکردن هاوتای یەکترن و هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نابینین. هەر ئەمەشە وادەکات رایگشتی دروستببێت و تێگەیشتن و بزووتنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و هزری نوێ دروستببێت. نەک شارێک بۆ شارێکی تر پەراوێزبخرێت.

ئێستا پارێزگاری سلێمانی، دانیشتوانەکەی دوو ملیۆن کەس زیاترە، ملیۆنێکی لە سلێمانی و ملیۆنێکیش لەدەروەی شارەکەن، بێگومان ئەگەر زیاتریش نەبێت! بۆیە ناکرێ لەناو شارەکەدا بەشێکی خزمەت بکرێت و بەشەکەکانی دەروەی شارەکەی فەرامۆش بکرێت! لەمکاتەدا سێ بەشی کۆمەڵ فەرامۆش دەکرێت! کە ئەوەش زیانیکی ئێجگار گەورە دەگەیەنێت. هەربۆیە دەبێ ئەم خولانە بەگرنگ وەربگیرێن.

چونکە بزانن و نەزانن لە هزری ئێوەدا، لە تێگەیاندن و تێگەیشتنی ئێوەدا، ئەم خولانە، گەرا دەخات و وردە وردە نەشوغما دەکات و سەرەنجام هەڵدێت و بیرکردنەوەی تازەتان بۆ دەهێنێت.

بەمەرجێک ئەگەر هەریەک لە ئێوە لەدوای ئەم خولانە، بەردەوامبن و پەیگیری بکەن. هەر پرسیارێک لێرە وەڵامەکەتان وەرگرتبێت، لەبەری بکەن وهەر پریسیارێکیش وەڵامەکتان وەرنەگرتبێت، دەبێ بەدوای وەڵامەکاندا بگەڕێن و ئەوپەڕی ساڵ و نیوێک بۆ دوو ساڵ هەرگیز ئەم کەسانەی ئێستا نابن کە هاتوون بۆ ئێرە..! بێگومان تێگەیشتنێکی نوێترتان دەبێت.

لێرەوە دێمە سەر بابەتەکەم...

ئێستا دەبینن لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، دوو بیروباوەڕ زۆر بەگەرمی لە ململانێدان. بیروباوەڕێکی پەرگیری سەلەفی خۆکوژ و خەڵککوژ، بیروباوەڕێکی تریش کە دیموکراسییە و ئارام ئارام، هەنگاو بەهەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ دەچێتە پێشەوە. بیروباوەڕە پەڕگیرەکان، لە هەر ئایدۆلۆجیایەک بن، مەترسیدارە! بیروباوەڕی ئایینی، مەزهەبی، هیومانیستی، سۆسیالیستی، دیموکراسی، یا نەتەوەیی بێت، هەر مەترسیدارە و زیان دەگەیەنێت. لەڕووی نەتەوەییەوە ئەگەر توندڕەو و پەڕگیر بیت، رقت لەنەتەوەکانی تر بێت. لەرووی سۆسیالیستیشەوە، بەناوی کرێکارییەوە رقت لەچینەکانی تر دەبێت! لەڕووی دیموکراسیشەوە ئەگەر پەڕگیربیت، ئەوا ئازادی ئەو هێزانەی تر نابینیت، کە وەکو تۆ باوەڕ بەدیموکراسیی ناکەن! لەڕووی دینیشەوە ئەگەر پەڕگیر بیت، ئەوپەڕی هەوڵدەدەیت، هەموو ئەوانەی هاودینت نین، یان ئازادانە بیر لە دیین دەکەنەوە، یان باوەڕیان بەدین نییە، ئەوا توند دەبیت بەرامبەریان تا ئاستی کوشتنیان! ئەمە لەکاتێکدا لەناو کۆمەڵدا، ئیسلام و سوننە شیعە هەیە، کاکەیی، شەبەک، ئێزدی، هەروەها مەسیحی و جولەکەش هەیە، کە دینی ئاسمانین. لەکاتێکدا جولەکە یەکەم دیین و مەسیحی دووەم دیین و ئیسلام سێهەم دینی ئاسمانییە. لەناو ئەم دینانەشدا جۆرەها مەزهەب پەیدابووە، لەناو ئەو مەزهەبانەشدا، جۆرەها لق و پۆپ پەیدا بووەو عەقیدەی تریش هەیە! جگە لە عەقیدەی تری جۆراوجۆر، هەر لە کوردستاندا، ئێزیدی و کاکەیی وشەبەك هەن کاتێک تۆ سوننەیت، چی دەکەیت؟ ئایا شیعە هەموویان لەناو دەبەیت، کاکەیی، شەبەک و ئێزدییەکان هەموویان لەناو دەبەیت؟ کە ئەمە تاوانی گەورەی مرۆڤایەتییە و بەکردەوەیەکی لەم جۆرە دەبیت بە دڕندە لە مێژوودا! بەپێچەوانەشەوە، هەر عەقیدە و باوەڕێکت هەیە، دەتوانی بەئارامی لەناو باوەڕو مەزهەبەکانی تردا ئیش بکەیت. چونکە بەتوندوتیژیی و بە پەڕگیری هیچ ناکرێت.

ئایا داعش خزمەتی ئیسلامی کرد؟ یان زیانی گەورەی پێگەیاند، بەهۆی ئەو کوشت و کوشتارەی کە خەڵکی بێتاوانی کوشت. بە پێچەوانەوە زۆربەی زۆری مرۆڤایەتی، دەسەڵاتەکان، داوودەزگاکان، لەدوای سەرهەڵدانی داعش، زۆرتر رقەبەرایەتی ئەوجۆرە ئەقلیەتەی داعش دەکەن و مەترسییەکی زۆرتریش بەرامبەر دیینی ئیسلامی ئارام پەیدا بووە، بەتایبەت لەئەوروپا و وڵاتانی پێشکەتوو. بەپێچەوانەشەوە،

هەموو ئەوانەی ئیسلامی ئارامن لە ئەوروپا و پەڕگیرنین، کاریگەریان لەسەر ئەورووپاش هەیەو خەڵکی ئەورووپیشیان کردووە بە ئیسلام.

واتا: پێویست ناکات خەڵک بکوژیت، بتۆقێنی، سەربڕی و لەسەر شەقامەکان بە ئۆتۆمبیل خەڵک بشێلیت، گوایە بۆ پێغەمبەر و بۆ ئیسلامی دەکەن! ئەمە لەکوێدا هەبووە و هەیە؟!

چیرۆکی فەتحی مەککە و توندڕەویی و پەڕگیری خالیدی کوڕی وەلید، کە لەوکاتەدا هەشت نۆ کەسی کوشتووە! پێغەمبەر پێی ناخۆشبووە. ستالین، لەساڵی (١٩٢٤- ١٩٥٦) کە سەرۆکی یەکێتی سۆڤییەت بوو، بە پەڕگیری حکومەتی کرد، هەرکەسێک دژی خۆیی و حزبەکەی بوایە، یان دەیکوشت یان سەرەونگومی دەکرد! پۆل پۆت، کە یەکێک بوو لەسەرۆکەکانی حزبێکی چەپ، لە کەمبۆدیا یەک ملیۆن کەسی کوشت بەناوی پاراستنی بیروباوەڕی سۆسیالیستییەوە! ماوتسی تۆنگ، یەکێک لەرەمز و سەرکردە گەورەکانی ڕزگاری گەلی چین، کە چینی لەهەموو مەینەتییەکان ڕزگار کرد، کەچی کە هاتە سەر حوکم، بە پەڕگیری باشترین هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی خۆی کوشت. لەکاتێکدا ماوتسی تۆنگ، باشترین سەرکردەو ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی چین بوو، بەڵام ئێستا بە شەرمەزارییەوە چۆتە مێژووەوە! ستالین، پۆل پۆت هەروا! سەرۆکی ئێستای کۆریای باکور، باوکی لەپێش خۆیدا نەیهێشت هیچ کەسێک ئازادبێ! باپیریشی کە بەناوی سۆسیالیستییەوە هات، حکومەتی بە میرات بۆ کوڕەکەی بەجێهێشت، کوڕەکەشی بۆ کوڕەکەی، ئێ حکومەتی مەلەکیش هەروایە. لەکاتێکدا ئەمە نەریتی سۆسیالیزم نییە، چونکە باوەڕی یەکسانی هەیە و خزمەتی مرۆڤایەتی تێدایە و دەرفەت دەبەخشیت بەهەر کەسێک خەبات بکات و بیروباوڕی خۆی بڵێت و سەرهەڵبدات.

ناکرێ بەناوی بنەماڵەوە، کوڕو کوڕەزا حوکم بکات و دەسەڵاتەکەش ناوبنێیت سۆشیالیزم! یان دیموکراسی، هەموو جۆرە بنەماڵە پەرستییەک لەناو حزبەکانی سۆسیالیستی، لادانە لە سۆسیال و تێکدانێتی. هەربۆیە سەپاندنی بنەماڵە، بێگومان لەبیری سۆسیالیزمیدا جێگەی نابێتەوە. هەموو ئەوانەشی وایانکرد لە مێژوودا شکستیان خوارد!

کورتییەکەی هەموو پەڕگیرییەک، لەمێژوودا ئەنجامەکەی شکستە! نەک شکستێکی ئاسایی، چونکە هەموو پەڕگیرییەک دوای تاوانێکی زۆر، شکستە. دوای هەزاران کوشتن و گرتن! هەزار کەس نەفی کردن، هەزاران کەس برسیکردن، دوای ئەم هەموو تاوانە، ئەقڵی پەڕگیر لەلوتکەی دەسەڵاتدا بەرەو شکست دەڕوات. شکستێکی شەرمەزارانە لەمێژوودا. یەکەمین پەڕگیریش لەمێژووی ئیسلامدام خەواریجەکانن. چونکە ئەوەندە خۆیان بە دڵسۆزی ئیسلام دەزانی، لەئیمامی عەلی-ش هەڵگەڕانەوە، بەڵام دواتر بەکوشت و کوشتار بۆئەوەی بیروباوەڕی خۆیان بسەلمێنن، وەک تاوانبار چونە مێژووەوە.

لەدوای خەواریجەکانیش، ئومەوییەکان دروستبوون و ئەوانیش پەڕگیر بوون و بەشەرمەزاری چونە مێژووە، حەجاجی یوسفی کوڕی سەقەفی و معاویەی کوڕی یەزید، هەبوو، هەموو ئەمانە تاوانبار بوون لەمێژوودا، هەزاران هەزار خەڵکی بێتاوانیان کوشتووە.

ئەم داعشەی کە ئێستا دەیبینن، لەسەردەمی ئومەوییەکان، خەواریجەکان، عەباسییەکان و سەفەوییەکاندا هەبوون، واتە توندڕەو هەر هەبوون. بەڵام کوان؟ توندرەو و پەڕگیرەکانی زەمانی پێغەمبەر، خولەفای راشیدەین، ئومەوییەکان و عەباسییەکان کوان؟ هەموویان شکستیانخوارد و مێژوو بە بکوژ و خوێناوی ناوی تۆمار کردوون.

با بگەڕێینەوە سەر سۆسیالیستەکان، کوان بکوژەکانی سۆسیالیستەکان، هەموو بە شەرمەزاری چونە مێژووەوە! ناسیونالیست و نەتەوەپەرستەکانی وەکو مۆسۆلۆنی، هیتللەر، سەدام، بەشار ئەسەد و هەموو ئەوانەی سەرکردەی توندڕەو و نەتەوەپەرستن، یان بە شەرمەزاری چونەتە مێژووەوە یان دەچنە مێژووەوە!

کوان ئەوانەی بەناوی دیموکراسییەوە خەڵکیان سەرکوت دەکرد، هەموویان شەرمەزاربوون لەمێژوودا، کوان ئەوانەی بەناوی چینی کرێکارانەوە بەرامبەر بەچینەکانی تر توندڕەوبوون، هەموویان شەرمەزاربوون..

کەواتە چ بیروباوەڕێک باشە؟ بیروباوەڕی دیموکراسی واقیعی باشە. دیموکراسییەکی هاوسەنگ، واتا بیرکردنەوەی هاوسەنگ، چونکە هەموو ئێوە کە لێرە دانیشتوون، مەرج نییە وەکو من بیر بکەنەوە. وەکو من بیر بکەنەوە واتا خۆتان بیرکردنەوەی ترتان نییەو ئەگەر وابوو، واتا هەڵوێستی جیاوازتان، رەخنەی جیاوازتان نییە، واتا تێڕوانینی جیاوازتان نییە! بۆیە دیموکراسی هاوسەنگ، واتا کەسێک لەئێوە دەبێ مافی بدەمێ گفتوگۆم لەگەڵ بکات، رەخنەم لێبگرێت و جیاوازیش بیر بکاتەوە، چونکە ناکرێ تەنها لەبەرئەوەی وەکو من بیر ناکەیتەوە، رقم لێبێت! یان کە دەسەڵاتم هەیە لەناوی بەرم! چ گوناهێک لەوەدا هەیە کە وەکو من بیر ناکەیتەوە؟! یان وەکو حزبەکەم یان وەکو دونیابینی من دونیانابینێت! ئەمە چ گوناهێکی تێدایە؟ لەکاتێکدا ئەمە نەک گوناهی تێدانییە، بەڵکو مافە و زۆر ئاساییە. تەنانەت لەقورئانیشدا، تێکستی زۆر جوان هەیە، تەبشیری ئەو عەبدانەم دەکەم، کە گوێ لەهەموو قسەیەک دەگرن، بەڵام دوای باشەکەی دەکەون.. ئەمەش دەقێکی جوان و دیموکراسیانەیە. هەموشمان ئەمەمان قبوڵە.

بەلام دەبینی، کەسێک تاقەتی نوێژی نییە بەهەر هۆکارێک، بەڵام هەزار تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن! یان بوترێت باوەڕی بەخوا نییە، ئەوە ئیتر لەناو خەڵکدا هەر بەگەڕوگول ناوی دەبرێت و هەزار جنوێ پێدەدرێت!

بەڵام ئایا ئێوە لەخۆتان پرسیوە، ئایە لەسەردەمی پێغەمبەردا هەموو خەڵک بوون بە موسڵمان؟! نەک هەبوون نەبوون بە موسڵمان، تەنانەت لە عەشیرەتەکەی خۆیدا قورەیش هەبوو نەببون بە موسڵمان! ئایا کە نەبوون بە موسڵمان، دەبوو پێغەمبەر قەتلوعامی بکردنایە؟! نەخێر وای نەکرد، بەڵکو جۆرەها رێگەی دۆزییەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوانیشدا هەڵبکات و هەڵیکرد. چونکە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام هەرکاتێک رێگەی شەڕ گیرابێتەبەر، ئیسلام زەرەری کردووە. بەپێچەوانەشەوە، هەرکاتێک ئیسلام یان دەسەڵاتی ئیسلامی رێگەی تەبایی و پێکەوە هەڵکردن و دووربوون لەپەڕگیری گرتۆتەبەر، ئیسلام تیایدا گەشەی کردووە.

خۆ ئێستا ئیسلام لەمالیزیا، نە شمشیری و نەچەکی بەکارنەهێناوە، بەڵام ئەوەتا نەرم نەرم لەمالیزیا، ئەندەنوسیا و لەو ناوچەیە، ئیسلام زۆرتر بڵاوبۆتەوە، بەڵام داعش لەسلێمانی ئۆتۆمبیل بتەقێنێتەوە و بڵێ دەبیت بە داعش، یان هەمووتان کۆمەڵکوژ دەکەم؟! ئەمە نەک قبوڵ ناکرێت، بەڵکو بە ناچاری چەک هەڵدەگریت و دژایەتی دەکەیت. وەک چۆن چەکم هەڵگرتووە، دژایەتی دەکەم، دەمکوژێ دەیکوژم.. ئەو گفتوگۆم لەگەڵ بکات، منیش گفتوگۆی لەگەڵ دەکەم. ڕێگەکان ڕۆشنن، شمشێر بە شمشێر، ئەگەر چەکی هەڵگرت تۆش چەک هەڵدەگریت، گفتوگۆشی هەڵبژارد تۆش گفتوگۆ هەڵدەبژێریت. لەسەرت بنوسێت، لەسەری دەنوسیت.

لە دوو جیهانبینی، لەدوو تێڕوانین، پەڕگیری هەیە! هەم دونیایی هەم دینی، کە هەردووکیان زەرەریان گەیاندووە بەهەردوو جیهانبینییەکەوە، قازانجیان نەکردووەو زەرەری زۆریان کردووە. بۆیە هەموو ئەو کەس و حزبانەی بەناوی دینەوە توندڕەوی بڵاودەکەنەوە، ئەوانە خۆیان دژایەتی دینەکەیان دەکەن! نەک قازانجی پێبگەیەنن. کۆمەڵێک خەڵک هەڵدەخەڵەتێنن و دواتر شەڕ دەکەن و کۆمەڵە کەسێکیش دەکوژن و دەشکوژرێن، بەڵام سەرەنجام شکست ئەنجامیانە و ناگەنە ئەنجامێکی گەورە. چونکە لەمێژوودا هیچ پەڕگیرێک نەیتوانیوە خۆیی و تاسەریش دەسەڵاتەکەی بپارێزێت.

پرسیار ئەوەیە، کەواتە چ بیروباوەڕێک باشە، بۆ ئەوەی بەرامبەر بە پەڕگیر بوەستین؟ یەکەم هەموومان ئازادبین لە عەقیدە، لە ئایدۆلۆجییەت، لەحزبایەتی، کێ عەقیدەی هەیە، کێ حزبییە یان نا، یەکێ سۆسیالیستە، یەکیک دیموکراتە، یەکێک یا نەتەوەخوازە، یان ئێوە هەر بیروباوەڕێکتان هەبێت، ئازادبن، بەڵام ئەرکێکی هاوبەش هەیە کە دەبێ کۆمان بکاتەوە، کە ئەویش ڕۆشنگەرییە.

ڕۆشنگەری، چرایەکە هەموو ئەقڵە تاریکەکان ڕووناک دەکاتەوە! هەروەک لە ئەوروپا شوبهاندویانە بەلایت، هەروەکو چۆن کاتێک لایتەکەی دەستت دادەگیرسێنیت، شوێنە تاریکەکان روناک دەکەیتەوە. چونکە شوێنێک کە تاریکەو هەمیشە گاریگەرترین زیانی بۆ مرۆڤ هەیە، ئەقڵە! قاچت یان دەستت کە دادەپۆشی، ئەوە تەنها ئەو جێگەیە دادەپۆشیت، جلوبەرگیش تەنها جەستە دادەپۆشێت، سەر پۆش تەنها سەر دادەپۆشێت، بەڵام ئەقڵ ئەگەر تاریک بوو، ئەوا هەموو ژیانت تێکدەچێ. چونکە تەنیا مێشک دەتوانێ بڕیار بۆ هەموو جەستەی مرۆڤ بدات! تەنانەت بەرنامەکانت، بینینی چاوەکانت، جیاکردنەوەی ڕەنگەکان، هەموو ئەمانە مێشکی مرۆڤ بڕیاریان لێوەدەدات. بۆیە قبوڵمان بێ یان نا، زانست و زانیاری ڕۆژ بەرۆژ زۆرتر دەچنە پێشەوە و لەسەر هیچ کەسێک ناوەستێت. نەک یەک و دوان با سەد نەزان و پەڕگیر هەبێت. لەکاتێکدا لە ئەوروپاش سەدان بیروباوەڕو عەقیدەی جیاواز هەیە و هەموو پێکیشەوە هەڵدەکەن بەبێ کێشە و پێکیشەوە دەژین، دەشبینین لەسەدا (٩٩)ی زاناکانی دونیا لەهەموو بوارەکاندا، لە ئەوروپان نەک لە ڕۆژهەڵات. بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا دیین لەگەڵ ئەم زانایانە هەڵبکات باشە، یان دژایەتیان بکات؟! بێ ئەقڵی ئەوەیە خەڵک دژی زانست هەڵبخەڵەتێنیت، لەکاتێکدا دەتوانیت ئەو

زانستە بۆ بەرژەوەندی ئایینەکەت بەکاربهێنیت. ئەم جۆرە ئەقڵە چ کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر پەروەردەی مرۆڤ؟ ئەوەی کە دەهێڵێ هەمووماں ئارامبین، بە هاوسەنگی بیربکەینەوە، هەموو یەکێکمان پێگەی خۆمان بزانین و بشزانین چۆن ئەقڵی خۆمان دەخەینەکار، ئەقڵی تاریک ڕووناک بکەینەوە، ئەوەی کە وادەکای ئێمە بکات بە مرۆڤێکی ڕووناکبین، ڕۆشنگەرییە.

ڕۆشنگەری، گرنگترین فەلسەفەی ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی مرۆڤایەتی بووە، لە ئیتاڵیا، فەرەنسا و ئەمریکا، ئێستا کە (٢٨) وڵات لە یەکێتی ئەوروپان، هەر هەموویان بەفلتەری ڕۆشنگەریدا تێپەڕیون. چ ڕەوایە ڕۆشنگەری ئەو هەموو خزمەتەی ئەوانی کردبێت، لەتوندڕەوی ئارامی کردبنەوە، سەرەنجام ئێستا دینەکان، بیروباوەڕەکان، نەتەوەکان، دەوڵەتەکان، کەسەکان پێکەوە هەڵدەکەن و مرۆڤایەتیان لەدەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، هەر بەرۆشنگەری ئەم هەموو دەستکەوت و پێشکەوتنەیان بەدەستهێناوە. ئەم هەموو سەرکەوتن و سەربەرزییەیان بەدیهێنابێ، بەڵام هێشتا ئێمە بڵێین ئەوان خراپن! بۆ دەبێ خراپن؟! ئایا هەموو ئەوانەی دژایەتی زانست و زانیاریی و پێشکەوتن دەکەن، کە نەخۆش دەکەون نوشتە بۆ خۆیان دەکەن، یان دەچن بۆلای پزیشک؟! کەواتە رون و ئاشکرایە ئەرکی دین و ئەرکی دونیا جیاوازە. مرۆڤیش بۆ ئەوەی لەم هاوسەنگییە تێبگات، تەنها بەو ڕێگەیە دەتوانێت کە مێشکە تاریکەکەی ڕووناک بکاتەوە!

ئێوەش لەم جۆرە خولانەدا، ئەوەی کە پێیدەوترێت ڕۆشنگەری و ڕووناککردنەوەی ئەقڵ، بەشێکی لێرەوە فێربن و بەشەکانی تریشی خۆتان پەیگیری بکەن و دوایی بکەون، چونکە سەرەنجام لەم فێربوون و کۆششانەوە ئێوە دەبن بە کەسێکی تر، تێگەیشتوو.. بیرکردنەوە، تێڕوانینتان و هەڵسوکەوتتان بۆ دایک و باوک، خوشک و برا، بۆ هاوڕێ و کەسوکار، دەکاتە تێڕوانینێکی مرۆڤانەو ئارامتر دەبێت! بەپێچەوانەوە ڕقاوین، ئەوا بەرەو پەرگیری و دەچن! بەڵام ئارامبن، پەرگیریتان کەمدەبێتەوە و لینکەکانی پەیوەندیتان لەگەڵ دەوروبەر خۆشتر دەکات.

ئومێدەوارم ئێوەی کە بەشداری ئەم خولەتان کردووە، ئەم ڕۆژەو بەشداریکردنتان لەم خولەدا، بە ڕۆژێکی گرنی ژیانی خۆتان بزانن، بێگومان دەبێ بایەخ بەم بەشدارییەتان بدەن، نەک تەنها بە قسەکردن. بێگومان ئەگەر بایەخی بدەنێ و وەڵامی پرسیارەکان بنوسن و بیانکەن بە کۆد و کلیلی بیرکردنەوە لەمێشکی خۆتاندا، ئەوا دەتوانن ئارام ئارام پەنجەرەکانی ڕۆشنگەری و مەعریفەی پێ بکەنەوە، دەرگا داخراوەکانی پێبکەنەوەو هەر روناکییەک کەمە کەمە زۆرتر فێردەبیت و سەرەنجام بیرکردنەوەتان بەتەواوی دەگۆڕێت و دەبن بە کەسێکی تر، جیاواز لەئێستا. ئێوەش شەرم مەکەن لەپرسیار، ئەگەرچی پرسیارەکەتان لە جێگەی خۆیدا نەبێت و دڵنیاش نەبن، بەڵام سەرەنجام پرسیارکردن فێری بوێریتان دەکات! ئێوەش کردە پەشیمانبن نەک نەکردە پەشیمانبن.. مەبەستەکەش ئەوەیە، ئەوەی لەناخ و ویژدانتاندایە، بە ئارامی پرسیاری لەبارەوە بکەن و بڕیاری لەبارەوە بدەن.

هەروەک چۆن ئەم خولەو خولەکانی داهاتووش بۆ ئێوەو مانان، لەپێناو ئەوەدایە قەڵادزێ و ەوروبەری بکەن بەیەکێک لەنمونە جوانەکان، کە ئەوەش دەبێتە مایەی شانازی بۆ ئێوە و تەنها شانازیش ۆ ئێمە، فێربوونی ئێوەیە.

دۆخی ناوچەکەو
بزوتنەوەی دیموکراسی...

کۆبونەوەی ئامادەکاری ئەنجومەنی گشتی پلاتفۆڕمی دابڕان و فێمێنیزمی رۆشنگەری، بۆ حەوتەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دابڕان و پێنجەمین کۆنفرانسی فێمێنیزمی رۆشنگەری..
رۆژی (٢٠٢٢/٩/٣)سلێمانی..

خۆشحاڵم بەهاتنتان بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی دابڕان کە ئامادەسازییە بۆ کۆنفرانسی دابڕان و فیمێنیزمی رۆشنگەری، ئومێدەوارم ئەم کۆبوونەوەیە ، ئامانجەکانی خۆی بپیکێت و سەرەنجام بتوانێت لەڕووی فکرەوە، فەلسەفەوە، زهنەوە، باری دەروونی چۆنێتی بەرەنگاربونەوەی بیری دژە رۆشنگەری، دژە دیموکراسی، دژە سیکولاریزم و دژە مەدەنییەتەوە، ئامادەکارییەکی باش بکەین، کە هەلومەرجەکە لەبارە بۆ ئەوەی بتوانین سەرکەوتووبین و درێژە بەو ئەرکانە بدەین کە لەیەکەم رۆژەوە، دەتوانم بڵێم بۆ یەکەمینجاریش بوو لە هەر چوارپارچەی کوردستان، لە عیراق، ئیران و تورکیا، پلاتفۆرمێکی ئاوا دروست ببێت و ئەرکێکی مێژوویی ئاوا بخاتە ئەستۆی خۆیی و تێبکۆشێت بۆ بەدیهێنانی.

لە هەلومەرجێکدا ئەم کۆنفرانسە دەبەستین، کە دەبینین هەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێت، ململانێیەکی سەخت لەنێوان وڵاتانی رۆژئاوا، رۆژهەڵات و وڵاتانی کەنداو هەیە. ململانێیەکی سەخت لەپێناوی دەستبەسەرداگرتنی بەرژەوەندییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن وڵاتانی هەرێمایەتییەوە هەیە، هەروەها ململانێیەکی سەختیش لەنێوان هێزە سیاسییەکان، تائیفییەکان و مەزهەبییەکان لەعیراقدا هەیەو هەمووشی لەپێناو ئەوەدایە، دەسەڵاتی ئەم وڵاتانە بگرنە دەست و ئەوانەی هاوبۆچوون و هاو ئاراستەن، وابکەن رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو هاوکێشانەی کە ئەمڕۆ لەنێوان زلهێزەکانداو هێزەکانی هەرێمایەتی هەیە، هەژموونی خۆیان لەم ناوچانە بە تەواوی بسەپێنن و زاڵتری بکەن.

کوردستانیش بەدەر نییە لەو کێشمە کێشانەی کە پیایدا تێدەپەڕین، بەداخێکی زۆرەوە ئەوەی نەدەبوو رووبدات، رویدا! ئەویش ئەوەیە هیچ نەتەوەیەک، بەقەدەر کورد، ناکۆکی زەدە نییە لە

رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا! کەچی دەبینین لەناو ئەم هەموو ناکۆکیانەی کە باسمانکردن، جارێکی تر لەبری ئەوەی سەنگەرەکانی کوردایەتی یەکبخرێتەوە، بەداخەوە، بەچوار ئاراستەی جیاواز، هێزەکانی کوردست لەباشوری کوردستانەوە بۆ بەغداد دەڕۆن، لە بەغدادیش لەو دۆخە تێکچووەی کە ئێستا دەیبینین هەتا ئێستا هێزەکانی کوردستان نەیانتوانیوە لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش رێکبکەون و لەبەردەم ئە ناکۆکی تێکهەڵچوون و خۆپیشاندان و بەدبەختییانەی لەبەغداد و لەنێوان هێزە شیعەکاندا هەیە هێزە سونەکانیش ئەمجارە دووره پەرێزن و خۆیان پاراستووە! بەڵام هێزەکانی کوردستانی، بەشێکی دابەشبووین و بەشێکیشمان چاودێرن! بەڵام بەچوار ئەجێندەی جیاواز. ئەجێندەی یەکێتی، پارتی ئیسلامییەکان و نەوەی نوێ، چوار ئەجێندەی جیاواز چونەتە بەغداد!

ئەمە لەکاتێکدا ئەم سیاسەتەی ئێستا، کتومت پێچەوانەی ئەو سیاسەتەیە کە بەدرێژایی مێژوو، کورد لەکاتی میحنەتەکانیدا یەکیگرتووە، لەکاتی هەڵکەوتنی هەلومەرجە بابەتییەکاندا یەکیگرتووە. بۆ نمونە لەشۆڕشی نوێ، شەڕی ناوخۆ هەبوو ساڵەها، بەڵام کاتێک ئەنفالەکان، راگواستنەکان و مەترسییەکانی چارەسەرکردنی جەنگی عیراق ئێران هاتە کایەوە، یەکێتی و پارتی توانیان بەرەی کوردستانی دروست بکەن. کاتێکیش عیراق کوێتی داگیرکرد، نێوانی هێزەکانی کوردستان و ئەو هێزانەشی لەدەرەوەی هێزەکانی کوردستانی بوون، تارادەی لێبوردنی گشتیش دەرکرا بۆ ئەوەی تەواوی وزەکانی کورد کۆبکرێتەوە بە ئاراستەی بەدیهێنانی خواستەکانی کورد، لەو هەلومەرجە بابەتییەی هاتبووە پێشەوە.

پێشئەوەی صەدام بڕوخێت، دیسانەوە هەلومەرجەکە بابەتی بوو، دیسانەوە کورد یەکیگرتەوە بۆ ئەوەی لەبەغداد مافە دەستورییەکانی دابین بکات و جێبەجێی بکات. ئەمجارە بەپێچەوانەوە، هەلومەرجێکی بابەتی لەبەغداد و ناوچەکە لەئارادایە، کەچی هێزەکانی کوردستان ناکۆکین! ئەمە زەرەرێکی گەورەمان پێدەگەیەنێت. تەنانەت ئەگەر شەڕی ئەهلی لەعیراق دروستببێت و کە گەیشتە رۆخەکەی و بەفشاری ئەملاو ئەولا لەرۆخی شەڕ گەڕانەوە، کە ئێستا ناتوانم بڵێم بەتەواوی گەڕاونەتەوە، بەڵام ئەوەی لەبەغدا روویداو خەریکبوو هەڵدێرێ بۆ شەڕی ئەهلی، بەڵام کشانەوە! ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا دەرکی سەرکردایەتی سیاسی هێزەکانی کوردستان، لەئاستی چارەسەکردنی کێشەکاندا نییە!

لەئاستی خاوکردنەوەی دۆخەکە نییە، کە ئەم دۆخەش لەبەرژەوەندی بزوتنەوەی دیموکراسی نییە ئەم قسانەشم بۆ ئەوەبوو، بڵێم: ئەو دۆخەی لەناوچەکەو عیراق هەیە، لەبەرژەوەندی بزوتنەوەی دیموکراسی نییە، بەڵکو هێزە دیموکراسییەکان و هێزە مەدەنییەکان غائیبن و ئامادەنین لەعیراقدا. ناتوانن پێ لەسەر زەمینەیەکی نوێ، لە خەباتی مەدەنی، خەباتی دیموکراسی و ئازادی، یەکسانی ژن و پیا دابگرن و بەردەوامبن لەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆیان. ئەگەر شەڕی ئەهلیش ببێت (هەرگیز هیوای روودانی ناخوازم)، یان هەر شەڕێکی ناوخۆ رووبدات، ئەوا بێگومان لەشەڕدا لۆژیکی سیاسی نامێنێ و لۆژیکی عەسکەری و دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات زاڵدەبێت. لۆژیکی ئایدۆلۆجییەتی تەسک زاڵدەبێت

ئەو ئایدۆلۆجیەتە زاڵدەبێت، کە چۆن بەرامبەرەکەت لەناو دەبەیت! نەک چۆن لێبوردە دەبیت. چونکە شەڕی ئەهلیدا، ئایدۆلۆجییەتی لەناوبردنی بەرامبەر زاڵدەبێت. ئەمەش کێشەیەکی ئێجگار گەورەیە.

کاتی خۆی کە لەشەڕی ناوخۆدا، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژمان لەدوای (٣١) ئاب دروستکرد، وتمان: لەم تاریکستانەی شەڕی ناوخۆدا، تروسکاییەک، مۆمێک دادەگیرسێنین، وردە وردە، ڕووناکی دەکەینەوە و ئەو ئێستا گەلاوێژ توانی (٢٥) ساڵ تەمەنی تەواو بکات.

گەلاوێژ، هەتا تەمەنی (٢٥) ساڵەشی تەواوکرد و فێستیڤاڵیشی سازدا، دژایەتییەکی زۆر کرا! هەڕەشەی دەبرین و ئەم بەزمەش لەسەر گەلاوێژیش هەر هەبوو! بەڵام ئێمە بەردەوامبووین تا یوبێلی زیوینیشمان تەواوکرد. ئێستاش لەم دۆخەی کە هەیە و خۆشتان دەزانن، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بزوتنەوەی دیموکراسی چەند لاوازە، بزوتنەوەی مەدەنی چەند لاوازە، بزوتنەوەی سیکولاریزم چەند لاوازە! ئێمە لەو دۆخەدا، دیسانەوە لەیەکەم کۆنفرانسدا، بروسکەیەکمان لێداو وتمان: ئایندە دەبینین و ڕەهەندەکانی ڕووداوەکان بۆ دیموکراسی دەڕوات، بۆ ڕۆشنگەری، بۆ سیکولاریزم و مەدەنی دەڕوات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو هەموو توانایەی لەبەردەمیدایە، ناتوانێ بەدەربێ لەحکومی مێژوو، ناتوانێ بەدەربێ لە لۆژیکی مێژوو، ناکرێ بەدەربێ لە ئامانجە جوانەکانی مرۆڤایەتی..

ئەوروپا و ڕۆژئاوا، لای هەمووتان ئاشکرایە، ئەگەر ڕۆشنگەری، ڕێنیسانس، ئایینسازی و شۆڕشی پیشەسازی نەبوایە، هەرگیز ئەو دیموکراتییەش نەدەبوو کە ئێستا هەیە، هەرگیز نەدەبوو. سەرەڕای هەموو شەڕو شۆڕ و بەدبەختییەکان، ئەوەی ئەو دیموکراسییەی سەرخست، پاککردنەوەی زهنییەتی خەڵک بوو، ئامادەسازی ئەقڵ، هزر وفەلسەفەی خەڵک بوو، بۆ ئەوەی قبوڵی سیستەمێکی نوێ بکەن، کە سیستەمی دیموکراسی، فرەیی و ڕەخنەیە و قبوڵکردنی نەیارو ناکۆکەکانە بەرامبەر یەکتر. پاشان دەستاودەستکردنی دەسەڵات و وردە وردەش خەباتی مەدەنی و دیموکراسی پەرەیسەند، هەتا توانیان فەرامۆشکردنی مافی ژنان بۆ دەنگدان و بەخەباتی فیمێنیستەکان بگۆڕن وبیانهێننە مەیدان و سەرکەوتنیش بەدەستبهێنن و مافی یەکسانی دەنگدانی ژن و پیاویش بەخەباتی خودی ژنان و خەباتی مەدەنی و دیموکراتەکان هاتۆتەدی. لەکاتێکدا (٧٠ بۆ ٨٠) ساڵ دەبوو دیموکراسی سەرکەوتبوو بەڵام ڕێگەیان نەدەدا ژن وەکو پیاو مافی دەنگدانی هەبێت.

کەوابێ، بەردەوامی خەبات، ئامانجەکانی خەبات بەدیدەهێنێت. بە پێچەوانەشەوە سستی لەخەباتدا، دواکەتن لەخەباتدا، خۆدزینەوە لەخەباتدا، بێگومان بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەبات، کە دیموکراسی و دادپەروەریی و مافە مەدەنییەکانە، زۆر دوادەخات، کە لەناویاندا ڕۆشنگەری هەیە.

ئێمەش لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست کیشەی گەورەمان ئەوەیە، ئەقڵەکانی ئێمە، شادەمارەکانی بیرکەدنەوەمان، ئەم فلتەرانە پاک نەکراونەتەوەو ئەم خانانەی بیری تاریکی بیرکردنەوەی خەڵک و رایگشتی، کە هێشتا لای ئێمە روناکی نەخراوەتەسەر، روناک نەکراوەتەوە. بۆیە دەبێ وردە وردە ئیش

بکەین تا رایەکی گشتی رووناکبیر، رۆشنگەر، راستەقینە بەهزر لەدیموکراسی ئامادە بکەین و ئەمە ئەرکی ئێمەیە. ساڵەهایە لەسەردەمی شێخ مەحمودەوە، لەباشوری کوردستان خەبات دەکەین بۆ ئەوە مافی چارەنوس بەدیبێت، دواهەمین سەرداری کوردیش بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنوس و دەوڵە کوردستان، شێخ مەحمود بووەو لەدوای ئەوە بەرەو ئۆتۆنۆمی رۆیشتین و لەدوای ئەویش بەرەو فیدرا هاتووین، کە ئەمەش سێ قۆناغ دەکات. قۆناغی سەربەخۆیی چوینە دواوە بۆ قۆناغی ئۆتۆنۆمی و هاتینەو پێشەوە بۆ قۆناغی فیدراڵی، بەڵام ئایا هێشتا دەتوانین بڵێین لەم سێ قۆناغەدا، شتێک هەیە بەمانا چەمکی دیموکراسی بێت؟ نەخێر.. نییە! دەتوانین بڵێێن بەمانای چەمک، لەکوردستاندا، لەسەدا دە مافی ژن، لەڕووی دەستوریی و یاساییەوە جێبەجێ کرابێت؟ نەخێر شتی وانییە! دەتوانین بڵێێن: لەسە پێنجی دادپەروەری و هەلی یەکسانی کار لەم وڵاتانەی ئێمە بەدیهاتووە؟ نەخێر، بێگومان نییە. دەتوانی بڵێێن لەم وڵاتانەی ئێمە لەسەد ساڵی رابردوودا، مەدەنییەت، چۆتە پێشەوەو لەسەرەنجامی سیسەت و بیرکردنەوەی دیموکراسی؟ نەخێر شتی وانییە! بۆیە لەهەموو ئەم ئەرکانەدا ئێمە کەمتەرخەمین. دواکەتووین و هەموو ئەو ئەرکانەش بوونەتە ئەرکی ئەم قۆناغەو ئەم نەوەیەو نەوەی پێش ئەم نەوەیە تا شانی بدەینەبەرو خەبات لەپێناو بەدیهێنانیدا بکەین.

خۆتان دەزانن، دابڕان، ئەوانەی دامانمەزراندو کۆنفرانسی دامەزراندمان بەست، کەسمان سەرما نەئێشاوە تا پەڕۆی دابڕانی پێوە ببەستین! کەسمان کێشەیەکیشمان نەبووە تا بەهۆی دابڕانەوە بزانین کێشەکانمان پێ چارەسەر دەکرێت یاننا؟! نە کێشەی مادی، کۆمەڵایەتی، پلەو پایە، رێزو رێزداری مێژووی خەبات و قوربانیدانمان هەبوو لەوکاتەدا، بەڵکو هەموو ئەوانەمان زیاد لەوانە هەبوو، کە دژی دابڕانن! لەکاتێکدا ئەوانەی دژی دابڕانن بەراورد بە مێژووی خەبات، قوربانیدان و تێکۆشان و ئازایەتیش نەگونجاوە بە خۆمانیان بەراورد بکەین! هەموو ئەوانەمان هەبووە کە هاتووین کۆنفرانسی دابڕانمان بەستووە، چونکە کۆنفرانسی دابڕان لێپرسراوێتییەکی مێژووی بووەو هیچ کەسێکیشمان لەدوای ئەم کۆنفرانسە دەستکەوتی کەسێتیمان نەبووە! بەڵکو نەیارمان زیاتر بووە، نەیاری هزرمان، فەلسەفەو ئەو دیموکراسییەی باوەڕمان پێیەتی. پروپاگەندەی زۆرو زەبەندیش دژمان وروژێنراوەو پاشان لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامین و کۆڵمان نەداوە!

کۆڵمان نەداوە، بەدوو ئاراستە. ئاراستەی یەکەمیان ئەوەیە: ئەو رێبازەی بۆ خۆمانمان داناوە، هەر لەسەر ئەو رێبازە بەردەوامین. ئاراستەی تریش ئەوەیە: ئەو دژایەتییەی هەندێکجار تا سەر ئێسقانی دەبەن! وای لە ئێمە نەکردووە بە پەرچە کردار وەڵامیان بدەینەوە، بەڵکو ئارام ئارام سیاسەت دەکەین. تا ئەم چرکەساتەی لەگەڵتاندام، بەئارامی سیاسەت دەکەین و بە ئارامیش وەڵامیان دەدەینەوەو نەچوینەتە ناو موهاتەرارتی سیاسی و ململانێی سیاسی. چوننکە ئەوان دەیانەوێت رامانبکێشنە ناو ئەو ململانێ لاوەکی و بێ پێز و بێ هێزەی کە خۆیان لەسەری بەردەوامین و ئێمەش ئەمە ناکەین.

ئێمە، ستراتیجێکمان هەیە، فەلسەفەو روانگەیەکمان هەیە لەسەری دەڕۆین و بەردەوامیشین. بینیتان کە بڕیارێک دراوە وەکو رێسا، دوو موچەیی لەناو یەکێتی نەمێنێت. هیچ کێشەیەکمان نەبووە. بەڵام ێمان پیرۆزبایی دەستپێکرد و ئاغای سەلەفی کەوتە پیرۆزباییکردن و قسەی زل و دەستخۆشی، وەکو ەوەی فەتحی مەککەی کردبێت! ئەسڵەن لەم کوردستانە هیچ کەسێک بەقەدەر تۆ، زەرەری بەئیسلامی ئسولّی نەگەیاندووە، بەو ئەقڵیەتەی هەتە..! ئەوە تۆیت زەرەر بە ئیسلامی ئسولّی دەگەیەنیت، بە عیادەتی ئسولّی، بە قەناعەت و عەقیدەی ئازادی. ئەوە تۆیت زەرەری پێدەگەینیت و ریزی ئیسلامییەکانت تێکوپێکداوەو خۆشت نازانیت چ ئاراستەیەکی عەقیدەیی و سیاسیت هەیە. دوائەوەی تۆ پیاوێکی دینی، پیرۆزبایی لەنانبڕین دەکەیت؟! ئەمە چ مەهزەلەیەکە لەدنیای دیندا، لەدنیای مەزهەبدا، کە ئەمجۆرە پیاوە تەمسیلی بکات.

خۆشحاڵم بەسەدان مامۆستای دینی ئەم بابەتیان پێخۆش نەبووە، هیچ کام لە حزبە سیاسییەکانیش بە رەسمی هەڵوێستیان دەرنەبڕیوەو بڵێن: باشتان کردووە نانی دابڕانتان بڕیوە.

بۆ ئاگاداریتان هەموو دابڕان دە کەسن ئەوانەی کە مووچەیان بڕدراوە و لەوە زیاتر نییە و خۆشبەختانەش هەموو ئەو کەسانە دەڵێن: خۆبەخش کارەکانمان دەکەین. تەواو نوقتە سەری دێڕ و کێشەمان نەما!

بەڵام هەموو ئەوانەی شانازی بەنانبڕینی خەڵکەوە دەکەن، دەبێ بیر لەوە بکەنەوە، کە نانبڕین پەیوەندی بە دین و مەزهەبەوە نییە! فەیلەسوفێک دەڵێت: مرۆڤ پێشئەوەی بیر لەهەرشتێک، مەزهەب، عەقیدە، ئایدۆلۆجییەت و فەلسەفە بکاتەوە، بیر لەپێداویستییەکانی ژیان دەکاتەوە. نان، ئاو، خەوتن و جلوبەرگ زەرورەتی ژیانە. ئەمەش مافی مەدەنی هەموو مرۆڤێکە. حزب یان دەوڵەت بیدات یاننا، مرۆڤ ئەوەی ئەرکێتی جێبەجێی دەکات، ئیتر هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت، بەهەرزان یان بەبێگاری ئیش بکات، هەرچی بکات دەچێت پێداویستییەکانی خۆی دابین دەکات. جا مرۆڤ لەسەرەتایترین پێداویستی مرۆڤ، دژ بێت! ئیتر دەبێ ئەم ئەقڵییەتە چۆن بخوێندرێتەوە؟ ئینجا خۆشبەختیشم، چوننکە هەتا ئەو کاتەی ئەو زاتە، کە ناموێ هیچ تەوهینێکی پێبکەم، کۆمەڵێک لەوان قسەیان نەکرد، بەڕادەیە دڵنیا نەبووم، کە دابڕان ئەوەندە کاریگەری لەسەریان هەیە؟! خۆشحاڵم مادام ئەوەندە کاریگەریمان هەیەو خۆشحاڵتریشم ئەو جۆرە ئەقڵییەتە لەڕووی فکرەوە لەلایەن دابڕانەوە ترسێنراوە. تەواو، تۆ رێگەی خۆت و ئێمەش رێگەی خۆمان و بەردەوامدەبین بەهەموو ماناکانی بەردەوامبوون، هەر فشار و پروپاگەندەیەکیش هەبێ، دڵ لەدڵ نادەین.

کاتێکیش شەش ساڵ لەمەوبەر لەتیڤی وتم: سەرپشکم بکەن لەنێوان ئەوەی کە لێپرسراوی کارگێڕی یەکێتی بم، یان سەرپەرشتیاری دابڕان بم، ئەوا سەرپەرشتیاری دابڕان هەڵدەبژێرم..!

لەئێوە دەپرسم مامۆستا برایم ئەحمەد، چی بۆمایەوە؟ گۆڤاری گەلاوێژی بۆ مایەوە، یان حاکمێتییەکەی

بۆ مایەوە؟ کە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری گەلاوێژ بوو، دادگا فشاری بۆ مامۆستا بردبوو، کە دەبێ گەلاوێژ یان دادگا هەڵبژێریت؟ ئەویش گەلاوێژی هەڵبژاردبوو! بەڵام ئێستا خەڵک دەڵێت مامۆستا ئەحمەد، دادوەر و پارێزەرێکی باش بوو، یان بەگەلاوێژ بەنەمری چووە مێژووەوە؟! بۆیە بەشبە خۆمان بەردەوام دەبین و بێگومان دۆخی دارایش وانامێنێت، نە بۆ کوردستان و ئەو قەیرانان چارەسەردەبن، قەیرانی دارایی یەکێتیش چارەسەر دەبێت و ئاساییە. ئەوەندەی پێویستە بۆ ئیشوکارە دابڕانیش، ئیشوکارەکانمان دەکەین و ئەوەی لەلامان گرنگە بەردەوامییە! بەردەوامی ئەو ئامادەبوون ئێوەیە کە ئێستا لێرەن، ئەمەش بەشێکی ئەرکەکانتانە و بەشێکیشی بەرپەرچدانەوە و وەڵامدانەوەی هەڵمەتەبوو، کە هاتبووە سەرمان و ئەوەتا وەڵامیشتاندایەوەو هەمووشمان بەردەوامین.

هەر بەو ڕێگەیەشی کە هەمانە، بەڕونی وتومانەو دەیڵێین کە دژی ئیلحادین، هیچ قسە هەڵناگر و بە خەڵکیشمان لەڕیزی دابڕان وتووە کە: تۆ ئازادیت چی دەکەیت! بەڵام ناتوانی بە ناوی دابڕان ئیلحاد بکەیت! ئەگەر کەسێکیش بەهەڵە لەمە تێگەیشتبێ، ڕونمان کردۆتەوە، هەروەک چۆن تۆ ئازادیت ئەوانەشی عەقیدەو مەزهەبیان هەیە، ئازادن! چونکە تۆ ناتوانی ئازادی فەلسەفەی دنیایی بکەیت هۆکار بۆ زەوتکردنی فەلسەفەی دینی! ئەمە لەکوێ هەبووە؟ هەموو ئەو فەیلەسوفانەی وا سیاسەت کردووە، کە ئازادی دین و مەزهەب قەدەغە بکەن، یان نەیهێڵن، لەمێژوودا زۆر کەمن و سەر نەکەوتوون. نە لەدەسەڵاتدا سەرکەوتوون، نە لە گۆڕینی ڕایگشتیدا سەرکەوتوون.

فەرموو سەیر بکەن، کاتێک جەنگی سارد تەواو بوو، ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بە دەیان و سەدان ملیۆ بەرەو دینی مەسیحییەت، کاسۆلیک و پرۆتستانت ڕۆیشتنەوە، ئەمە عەقیدەیە. عەقیدەش لەهەر دینێک بەڕیکوپێکی جێبەجێ ببێت، دەبێتە مایەی ئارامی دەروونی مرۆڤ. ئارامی دەروونی مرۆڤیش ئارامی کۆمەڵایەتی دروستدەکات. بەڵام تۆبڵێی عەقیدە ئایدۆلۆجیەتە و ئایدۆلۆجیەتی منیش دەسەپێنین بەسە حزبەکاندا و هیچ حزبێکی تر ناتوانێ بەرامبەر بە ئێمە بوەستێ، جونکە ئێمە بەناوی خواو پێغەمبەرەو قسە دەکەین! ئەوا بێگومان ئەمە کێشە دورستدەکات. نەک هەر حزبی دینی، بەڵکو حزبی دنیایش ئەگە تۆتالیتاری بێت، کێشەی گەورە دروستدەکات. وەکو چۆن لەمێژوودا دروستیکردووەو ملیۆنەها قوربانی سەرەنجامی سەپاندنی ئایدۆلۆجیەت و حزب و دەسەڵاتی تۆتالیتاری دروستبووە.

خۆشحاڵم بەم کۆبونەوەیەو ئومێدەوارم لەسەر ئەم پرۆگرامە، مشتومالێکی کۆبوونەوەکە بکەین و سەرەنجامی کۆبوونەوەکەش ئەو بڕیارانەی پەسەند دەکرێن، هەوێنبن بۆ ئەوەی کۆنفرانسی مانگی (١١ ی ئەمساڵ سەرکەوتوویێت. دڵنیاشین ساڵ بەساڵ باشتر لەپار. بەپێچەوانەی پەندە کوردییەکە کە دەڵێت ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار.. بێگومان لەڕویی سایکۆلۆجییەوە، ئەم پەندە ئەوە دەگەیەنێت: ساڵ بەساڵ کورد لەمەینەتیدا بووە.

بەخێربێن و سەربەرزبن، هەمیشە بەچەکی ڕۆشنگەری، بەسیاسەتی ئەقڵانی بەردەوامبن..

کەمنین ئەوانەی
عەیبەی زۆریان هێناوەتە سەر یەکێتی

دیداری ژمارەیەک کارگێڕ و ئەندام و کادرانی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی:
(٢٠٢٢/١/١٢)

نە فایلم گیراوەو نە لەژێرەوە لەگەڵ ئەملا و ئەولا، خەریکی پارە وەرگرتن بووم! نە خەریکی دزی بووم و نە خەریکی خەڵک کوشتن بووم! بەڵام کاتێک مرۆڤ پەرێزی پاک دەبێت، پرسیارت سەبارەت بەو هەموو رقە، ئەو هەموو خەنجەرە لەلا دروست دەبێت؟! بۆ؟ بۆچی گەیشتینە ئەم ئاستە؟ جاران لە شاخ کە پێشمەرگەیەک لە هەولێر بریندار دەبوو، ئێمە لەهەورامان خەفەتمان دەخوارد و نیگەران دەبووین کە پێشمەرگەیەکمان شەهید بووە یان بریندار بووە!

ئێستا لە بیرمەساڵی (١٩٧٦) کاتێک (شەهید فاتح) لە دێی قاینجەی جاف شەهید بوو، سێ شەو خەفەتباربوین و خەوم لێنەدەکەوت کە فاتح شەهید بوو، کە یەکەم شەهید بوو! لەگەڵ هەموو ئەوانەشەدا، ئەمە دونیای سیاسەتە، خۆ لەسەر هێڵی شەمەندۆفێر ناڕۆیت بڕۆیت، هەتا پێچ و پەنای تێدا نەبێت! سیاسەت، ناو کەشتییەکە، شەپۆل و زریانی هەیە، هەڵچوون و داچوونی تێدایەو دەبێ بەرگەی بگریت! سیاسەت سەرکەوتنە بەسەر شاخێکی هەڵەمووتدا، پێچ و هەڵدێری تێدایە، کانیشی تێدایە، وشکانی، دڕک و تاشە بەردیشی تێدایەم هەتا سەردەکەویت!

بەدرێژایی مێژوو، هەموو ئەو حزبانەی فەلسەفەی سیاسیان نەبووە، زوو دەپوکێنەوە! لەگەڵ نەبوونی فەلسەفەیەکی سیاسی روونیش، کە مافی سروشتی مرۆڤ (مافی سروشتی، ئازادییە لە لەدایکبوونەوە تا مردن)، فەلسەفە سیاسییەکە دیاری دەکات. فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخیش، لە هەموو قۆناغێکدا، بەپێی قۆناغەکە و ئەرکەکانی، بەپێی دیاردەو دەرکەوتەکانی ئەو قۆناغە، دادەڕێژرێت و دەبێ بە ستراتیجی هەموو حزبێک، لە حزبەکانی دنیا، هەتا قۆناغە دەبڕیت. ئەمەش پرۆسەیە، پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژە.

هەم لە شۆڕشی گەورەی فەرەنساوە هەتا ئێستا، فەلسەفەی هاوچەرخ، دوو شتی کردووە، یەکەم

تێکەڵ بە زانست بووە. هەرچی زانست هەیە، زانستە سروشتییەکان، فەلسەفە تێکەڵی دەبێت. دووەمیش هەموو فەلسەفە دنیاییەکان- دانراوەکان، لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و دادپەروەرییە.

ئەم دوو کۆڵەگەیەش لە فەلسەفە، فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەی سیاسی قۆناغەکان لەیەک دانەبڕاون و پێکەوەن. لێرەوە ئەوەی مەبەستە بیڵێم:

کورد، بە درێژایی مێژوو دوو هەڵەی گەورەمان هەبووە! هەڵەی یەکەم، ئەوەبووە کە هەمیشە خەباتی چەکداریمان کردووە..! چونکە هەتا کوەیت داگیر کراوەو ڕاپەڕین بووە، هیچ کام لەو خەباتە چەکدارییەمان سەرکەوتوو نەبووە! هەموویان شکستیخواردووە! واتە: نەتەوەیەک (٢٥٠) ساڵ خەباتی چەکداری کردووە، بەڵام پەندی لەیەک خەباتی شکستخواردووی خۆی وەرنەگرتووە، بۆ؟ هۆکارەکەشی ئەوەیە فەلسەفەیەک ڕێنوێنی نەبووە! فەلسەفەش پێوەرە، هەڵسەنگاندنە، ڕەخنەیە! کوردیش هەچ فەلسەفەیەکمان لە مێژوودا نەبووە! بەڵکو ئاغا و کوێخا و شێخ هاتوون و چەکیان هەڵگرتووە عەشرەتەکەش هەمووی دوایکەوتوون و شۆڕشەکانیش هەموویان لۆکاڵی بوون. جگە لە یەک شۆڕشی سەرانسەری نەتەوەیی کە کورد هەیبووە، ئەویش شۆڕشی (عوبەیدوڵڵای نەهری- ١٨٨٠) بووە، ئەگەر شۆڕشی تری سەرانسەریمان نەبووە لەمێژوودا! لەوەش خراپتر، بەدرێژایی مێژووش بۆ زانیاریتان، هەر کات خەباتی چەکداری کراوە، خائینەکان زۆرتربووبن لە دڵسۆزەکان..! دواهەمین شۆڕشیش، کە شۆڕشی نوێ بوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیە، زۆرترین هێزی چەکدار کە هەمانبووە ئەویش لە دانوستاندنی ساڵی (١٩٨٤)دا بووە، (١١) هەزار پێشمەرگەمان هەبوو! بەڵام (٥٠٠) هەزار جاش لەکوردستاندا هەبوون! ئەمە بەراورد بکەن! ساڵی (١٩٧٦) کاتێک ئێمەی کۆمیتەی هەرێمەکان، کە کاک ئارام ڕابەرمان بوو، ڕاپۆرتێکمان لە مونەزەمەی حزبی بەعسەوە بۆ هات، کە ئەوکاتە (٦٠) هەزار بەعسی لە پارێزگای سلێمانی هەبوون واتە هەموو ئەو سنورەی تا هەڵەبجە و کەلاری دەگرتەوە! کە ئەوکاتە خەڵک هەرەسی هێنابوو، هەرەسی دەروونی، ئومێد نەمابوو! بەڵام خەڵکێک کە لەمە نازانێت، تێناگات چۆن ئێمە بەشۆڕش نەمانهێشت ئەم هەرەسەی ناخی خەڵک ببێت بە هەرەسی نەتەوەیی! بۆیە بەرپاکردنی شۆڕش، بە سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی، هەرەسەکەمان ڕاگرت، ئەگەرنا نەتەوەکەمان هەرەسی دەهێنا! زۆرجاریش لەمێژوودا ئەمە ڕویداوە، وەکو ئەرمەنییەکان کە لەساڵی (١٩١٥) هەرەسیانهێنا، تا ئێستاش نەیانتوانیوە هەڵبسنەوە نەیانتوانیوە لەسەر خاکی خۆشیان بگیرسێنەوە. کوردیش بەرەو ئەو حاڵەت و ڕووداوە دەڕۆشتین، ئەگەر کۆمەڵە و یەکێتی نەبوایە و مام جەلال-یش نەهاتایەتەوە. ئەوکاتە تراژیدیای ئەرمەنەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە دەکردەوە.

بۆیە بەدرێژایی مێژوو کورد، فەلسەفەیەکی ڕوونمان نەبووە، هەتا پارتی دیموکراتی کوردستان-یش لە ساڵی (١٩٤٦) دامەزراوە! بڕۆن پەیڕەو پرۆگرامەکەی بخوێننەوە هەتا سێهەمین کۆنگرە، مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) چاکسازیی کشتوکاڵی خستۆتە ناوە پەیڕەو و پرۆگرامەکەیانەوە، نەیبووە! تەنانەت

کۆماری مەهەبادیش نەیبووە! دۆکیومێنتەکانیش هەموویان ماون و بیانخوێننەوە. پرسیاریش ئەوەیە، چاکسازیی کشتوکاڵیت نەبێت و لە کۆمەڵێکی دەرەبەگایەتیش بیت، ئیتر حزبەکەت چ فەلسەفەیەکی هەیە! لەکاتێکدا جەوهەری خەباتی دیموکراسی و رزگاریی گەلان، لەسەردەمی کۆماری مەهاباد و بۆ شۆڕشی ئەیلولیش، هەتا دەستپێکردنی شۆڕشی نوێش، جەوهەری خەبات، مەسەلەی جوتیاران بووە! کە ئەمەش نە لەدامەزراندنی پارتی و نە لەکۆماری مەهاباددا باسنەکراوە، بەڵکو خوالێخۆشبوو (مەلا موستەفا)، لەشۆڕشی ئەیلولدا، ئاغا و کوێخاکانی لە کۆمیتەی ناوەندیدا سەپاند بەسەر مامۆستا ئیبراهم و هەڤاڵەکانی! کە ئەوکاتەش مامۆستا ئیبراهیم، لێپرسراوی لقی (ژێکاف) بوو، کە ژێکافیش بوو بەبنەما بۆ پارتی لەسەرانسەری کوردستاندا..! لەوکاتەشەوە بۆ ئێستا، پارتی هەروا بیردەکاتەوە سیاسەتیش دەکات..! رەچاوی پێکهاتەی عەشائیری کوردەواری دەکات. ئەوەی گۆڕاوە ئێمەی یەکێتییەکانین، چونکە پارتی لەدامەزراندنییەوە هەروا سیاسەت دەکات، ئەوە ئێمەین کە یەکێتییەکەی جاران نین! ئێمە خۆمان لە خۆماندا نەماوین و گللەیش لە پارتی دەکەین..! لە کاتێکدا لەدامەزراندنەوە قوتابخانەیەکمان هەبوو، قوتابخانەی جیاکردنەوەی سیاسەتێکی سەردەمیانە لەبەرامبەر بیرو حزبی بنەماڵە! ئەمە قوتابخانەی کۆمەڵەبووە کاتێک لە (١٩٧٠/٦/١٠) دامەزراوە، ئەویش لەسەر سێ بنەما، ئەوانیش:

١-پارتی و بنەماڵەی بارزانی قبوڵ نییە! ٢-جەلالی قبوڵ نەبوو! ٣-تەحریفییەتی قبوڵ نەبوو! ئەمە لەرووی ئایدۆلۆجیەتەوە. کۆمەڵە و خەت و رێبازێک بوو، بۆ ئەوەی جیاواز لە رەوتە سیاسییە مێژووییە دروست ببێت.

یەکێتیش کە دامەزراوە، خۆی جیاکردۆتەوە لە حزبی پارتی و لەسەر بنەمای ئەوەی حزبێکی هاوچەرخبین! حزبێکبین جیاواز، دیموکراسی، سۆسیالیستی و ..تد، ئەوەش هەموو ئەدەبیاتەکانمان، کە چیمان وتووەو چیشمان نەوتووە! هەروەک شەهامەتێکی گەورەشمان تۆمارکردووە، کە لەشۆڕشدا بووین. چونکە ئەوەی لە شۆڕشدا بەسەر یەکێتی هاتووە، یەک لەسەر سەدەی بەسەر پارتیدا نەهات لە شۆڕشی ئەیلولدا، کە بە رێککەوتننامەی جەزائیر کۆتاییپێهات. لە کاتێکدا ئەنفال، کیمیاباران، راگواستنی دێهاتەکان و تەهجیر، لەشۆڕشی ئەیلولدا نەبوو، بەڵام لەشۆڕشی نوێدا هەبوون! ئەو هەموو تاوانە پۆل پۆل لەسێدارەدانی تێکۆشەران هەر لەشۆڕشی نوێدا هەبوو! لە سێدارەدانی سەرکردەکانی شۆڕشی نوێ، بەڵام بەدرێژایی ساڵانی (١٩٦١- ١٩٧٤) هیچ سەرکردەیەکی شۆڕشی ئەیلول نە لە سەنگەردا کوژراوە و نە لەسیدارە دراوە! بەڵام شۆڕشی نوێ هەم لەسەنگەردا سەرکردەکانمان شەهید دەکران، هەم لەزیندان و ژوورەکانی ئەشکەنجەو بەدبەختییەکاندا، چەندین سەرکردەمان شەهیدبوون و لەسیدارە دراون، لەپێشی هەمووشیانەوە (شەهید شیهاب) کە بە کەم بژی و بەکەڵ بژی، رەچەی مێژووی شکاندو ئەو دروشمەش، چەکی ورەی هەزاران هەزار گەنجانی ساڵانی (١٩٧٦ بۆ ١٩٧٩ و ١٩٨٠) و دواتریش.

هەڵەی دووەمیش ئەوەیە کە: فەلسەفەی سیاسیمان بۆ قۆناغە جیاوازەکانی کوردایەتی نەبووە!

پرسیاریش ئەوەیە ئایا ئێستا فەلسەفەی سیاسیمان چییە؟!

لەکاتێکدا یەکێتی بە فەلسەفەیەکەوە هاتە پێشەوە و راستیشە فەکسەفەکە لەسەرەتادا کامڵ نەبوو! نەگەیشتە ئاستی خەملین، تا بڵێین هەموو لایەنەکانی گرتەوە، بەڵام یەکێتی وردە وردە گەیاندییە راپەڕین و گەیاندییە فیدراڵ، گەیشتە مافی چارەنوس و هەڵبژاردن و هەموو ئەمانەش دەستکەوتی گەورەن لەمێژوودا.

بۆیە دەبێ بەڕاستی شانازی بکەن و هەموو ئەو گللەییانەشی کە ئێستا هەیە، هی حکومەتە! نەک هی مێژوو، هی قوربانییەکانتان! هی بەرگە گرتنی رووداو و کارەساتەکانتان نییە، بەڵکو ئەو مێژووە هەمووی جێگەی شانازییە و ئێجگار جوانیشە. ناڵێم هەڵەی تیدا نەبووە، کەموکوڕی تێدا نەبووە، بەڵکو لە (کتێبی لەبری بیرەوەری) رەخنەم لە هەڵە و کەموکوڕییەکانیش گرتووەو نەسڵەمیومەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا خۆشم لەو مێژووەدام و لەدامەزێنەرانیشم.. مام جەلال و کاک نەوشیروانیش ساڵێک دوای ئێمە گەڕاونەتەوە، کە ئێمە ساڵێک بووە لەشاخ بوین.

بەڵام ئەوەی ئێستا گللەیی هەیە، نارەزایی هەیە، متمانە لاواز بووەو یەکێتیش لەدوا هەڵبژاردندا (١٧٠) هەزار دەنگ زیاتر دادەبەزێت، هۆکاری بنەڕەتی دەگەڕێتەوە بۆ حکومڕانییەکەمان..!

ناشڵێین لەو حومکڕانییە، وەکو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پشکمان بەر ناکەوێت! لەدوای راپەڕینەوە هەڵەی گەورە گەورە هەیە لەسیاسەتی یەکێتی، فەلسەفەی یەکێتی، لەکردەوەی یەکێتی هەیە و ناڵێم، نییە! بەڵام لەدوای کۆنگرەی چوارەوە، هەڵەکان زۆر زیادیکردووەو زۆرتر زەقبونەتەوە و خەڵک بێڕادە بێمتمانە بوون! حکومتەکەشمان حکومەتێکە نەیتوانیوە ئەو بەڵێنانەی بەخەڵکیدا، کوا ئارامی، کوا هەلی کار و کوا دروشمەکانی تر؟ هەلی کار هەیە، یان هەموو کارەکان داخراون؟! ئارامی هەیە؟ ئەی ئەم رووداوان چین و چۆن روودەدەن؟! سەرمایەدار لەخۆی دەترسێ، هاووڵاتی لەخۆی دەترسێ، ژن لەخۆی دەترسێ، مناڵ لەخۆی دەترسێ، بەدبەختییەکی گەورەیە و دوو ساڵە مانگ تێناپەڕێ، سلێمانی تاوانێکی تێدا روونەدات! بەشی زۆری تاوانەکانیش لێپرسراوەکان دەیکەن! نەک کەسوکاری شەهید و کادر، پێشمەرگەی دێرین نایکات، پێشمەرگەی کەمئەندام نایکات! ئەوەتا بەدبەختانە دانیشتوین وتەنها رەخنە کۆ دەکەنەوە! بێگەمان تاوان و کێشەو هەڵەکانی پێش کۆنگرە، بەر ئێمەش دەکەوێت و بێبەری نین، بەڵام ئێستا هەڵەکان زۆر زیاترە! ئێستا کەمنین ئەوانەی عەیبەی زۆریان هێناوەتە سەر یەکێتی، ئەو لێپرسراوانەی بەڕەفتاریان، عەیبەیان هێناوەتە سەر یەکێتی و بەهێزی چەکداری تایبەتی بۆ خۆیان و کوڕەکانیان و بۆ کەسوکاریان، کاری وادەکەن لەشارەکاندا، خەڵک بەڕاستی بەشەرمەزارییەوە ناومان دەهێنن و ئەمەش کێشەیەکی ئێجگار گەورەیە رووبەڕمان بۆتەوە! خۆ لەخۆیشیەوە نەبوو، کە (١٧٠) هەزار دەنگ دابەزیوین! کە دابەزینی دەنگەکانیش، مایەی عەیبەیەکی ئێجگار گەورەترە.

ئێستا، پارتی، یەکێتی و گۆڕان، سێ حزبی حاکمن لە کوردستاندا، بە هەرسێکیان (٧٠٠) هەزار دەنگ

بەزیون! ئەمەش کارەساتە، بەڵام هەرسێ حزبەکە نەک بە ئاسایی وەریانگرتووە. پارتی هەر زۆر بێباکەو بەغداد دەبینین! یەکێتی شێواوەو دەیبینین، گۆڕانیش کە قسە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی جڤاتەکەی کات، تا ئێستاش ئەوەتا خۆی مت کردووەو لەئاستی دۆخەکەی تێیکەوتووە، نییە!

پارتی و یەکتی پێکەوە دەچنە بەغداد و خەڵکی هەموو دڵخۆش دەبن، بەڵام کە دەگەنە بەغداد، ماوەی نیو سەعاتدا هەموو شتێک قلْپ دەبێتەوە! پارتی، دەڵێت: رێککەوتنم کردووە! یەکێتی رێکەوتنم گەڵ دەکەن، وەرن! نایەن؟ ئێمە کردوومانە..! یەکێتیش دەڵێن: ناڕۆین! حەقی خۆیەتی و هیچ قسەمان سەری نییە! پەرلەمان کۆدەبێتەوە بایکۆتی دەکەن! ئەمەش هەقی خۆتە و ئاساییە..! بەڵام رێز بریارەکەت بگرەو بۆچی لەدوای نیو سەعات پیرۆزبایی لە (محەمەد حەلبوسی) هەڵبژێردراوی سەرۆکی پەرلەمان دەکەیت..؟! لەکاتێکدا تۆ دەتویست دەرنەچێ! لەکاتێکدا دەبوو بە راگەیەندراو، بەشداری کردنەکەیان و تێڕوانین و سەرنجەکانیان رونبکردایەتەوە.. ئەی ئەم هەموو پیرۆزباییەت لە سەرۆک و جێگرەکانی بۆچی؟!

بەم هەنگاوەی نەچونە ژوورەوەیەش بمانەوێ یاننا، ئێمە چوینە بەرەی ئەو شیعانەی دۆستی ئێرانن و بەرەی ئێرانن. بەڵام تەنها ئاقڵییەک کە کراوە ئەوەیە، هێشتا برادەران پردی گفتوگۆیان لەگەڵ لایەنەکان نەروخاندووە!

ئەگەر لەخراپترین حاڵەتدا، پارتی کاندیدی یەکێتی قبوڵ نەکات، یەکێتی دەکەوێتە بەردەم دووڕیانێک! یان تێکدانی کوردستان، یان گۆڕینی کاندیدەکەی، کامیان هەڵدەبژێرێت..؟! چونکە لەسیاسەتدا قیروسیا نییە! ئەقڵ و لۆژیک و گونجان هەیە، خوێندنەوەی واقیع هەیەو دەبێ وەکو خۆیشی بیخوێنیتەوە.

وەکو مەلا بەختیاریش ئەوەی لام گرنگە، ئەوەیە حزبەکەم لە گرفت و ئاستەنگەکان رزگاری ببێت، چونکە یەکێتی گرنگترەو بەشبەحاڵی خۆم هیچ پۆستێک لە یەکێتی بۆ من گرنگتر نییە! بۆیە هیواداری ئەو نائومێدییە گشتییەی بڵاوبۆتەوە، کادرانی وەکو ئێوە نەگرێتەوە و نابێ بچینە ژێر هەرەسی نائومێدی، بەڵکو پێویستە خۆڕاگرتر و بەئومێدبین، چونکە کادری هۆشیار، ئەو کادرەیە لە مندالدانی نائومێدیدا، ئومێد دروستدەکات.

کێشەی هەڵبژاردن و نائومێدی لەچارەسەردا..!

بەشێک لە گفتوگۆیەکی بەڕێز مەلا بەختیار، لەگەڵ (ماتی لاسیلا) باڵیۆزی فینلەندا لەعیراق.. ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/٢٧) سلێمانی...

بەداخەوە کێشەکانی عیراق، ئێستا لەهەڵبژاردنی پێشوو قوڵترەو ئومێدی چارەسەرێکی دڵخۆشکەرەشـیە، تەنانەت ئەگەر سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانیش هەڵبژێردرێت! کوردستان و بەغدادیش، کێشەکانیان قوڵتر بووەو خاوتر نەبۆتەوە.

سەبارەت بەشەڕی ڕوسیا و ئۆکرایناش، باوەڕی خۆی نیشاندا:

پەلاماردانی ئۆکراینا، ئەنجامەکەی هەرچۆنێك بێت، بەشێوەیەك لەشێوەکان کاریگەرییەکی گشتی ـسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، بەتایبەتر کە ڕوسیا پەیوەندی بەئێران، تورکیا، سوریا، عیراق و وڵاتانی دیکەشەوە هەیە.

وڵاتان دەبێت خۆیان بۆ ئەوە حازر بکەن، شەڕی ئۆکراینا، نەخشەی سیاسی لەناوچەکە بەوشێوەیەی ئێستا ناهێڵێت و تێگەیشتنی زلهێزەکانیش بۆ چۆنێتی ئیدارەدانی دونیا لەدوای جەنگی ساردەوە، بەرەو گۆڕانکارییەکی تەوافوقی دەبات.

قورسە، دۆخەکە
لەقازانجی یەکێتی و پارتی بگۆڕدرێ

دیداری میکیهیرۆ ئەرکاوا، کونسوڵی ژاپۆن لەکوردستان و یوسوکی تیرادا، سکرتێری دووەم‌و لێپرسراوی مەلەفی سیاسی لەباڵیۆزخانەی ژاپۆن..

ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/٢٧) سلێمانی...

گەورەترین کێشەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی و بزوتنەوەیەکی دیموکراسییە. لەعیراقیشدا، کێشەی یەکەم و خاڵی یەکەم: بۆ نەبوونی دیموکراسی و ئەو ئەقڵییەتی تائیفییە دەگەڕێتەوە کە بەڕێوەیدەبات.

لەکاتێکدا چارەسەری کێشەی گەلان لەهەروڵاتێکدا بەدیموکراسی دەبێ‌و کاتێك دیموکراسی بوونی نابێ، تێکۆشان سەرهەڵدەدات، لەمێژووشدا هەر وابووە.

خاڵی دووەمی کێشەکانیش بۆ نەمانی متمانە لەعیراق و کوردستان دەگەڕێتەوە، کە لەسەدا (٧٠)ی خەڵکی عیراق، بەشداری هەڵبژاردنیان نەکردووەو دەنگیان بەهیچ کام لەحزبەکان نەداوە.

خاڵی سێهەمیش، بۆ کێشەی بودجەو موچە، غازو نەوت، جێبەجێنەکردنی دەستورو چەکدارنەکردنی هێزی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە!

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیش تا بەئێستا دەگات، کوردستان کەمتەرخەم بووە لەدانوستاندنەکان لەگەڵ عیراق‌و بە بەردەوامی کاتی لەدەستداوە، هەر بۆیە گرفتەکانیش بە بەردەوامی کەڵەکە بوون، ئەمەش بۆتە مایەی ئاڵۆزترکردنی کۆی دۆخەکە.

دروستبوونی دادگای فیدراڵیش، بۆ سەردەمی پۆل بریمەر، حاکمی ئەوکاتەی عیراق دەگەڕێتەوە. کە لەوکاتەدا هیچ دامەزراوەیەکی تەشریعی لەعیراقدا بوونی نەبوو، تەنانەت دادگاکە ڕەزامەندی ئەنجومەنی نوێنەرانی نییەو ئەندامەکانیشی لەلایەن هێزو لایەنە سیاسییەکانی عیراقەوە دانراون، کە بەسەر پێکهاتەکانی شیعەو سوننەو کوردو بەپێی زۆرینەو کەمینە دابەشبوون. بۆیە لەهەر پرس و بابەتێکیشدا، کاتێك هێزو لایەنە سیاسییەکان دەگەنە ڕێککەوتن، ئەوکاتە دادگای فیدراڵیش هەمان بڕیار دەدات! بۆیە ئەو سکاڵایەش سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، کە دە ساڵە تۆمارکراوە، لەکاتێکی

هەستیارو ئاڵۆزدا جوڵێنراو ئەمەش وایکرد، پرۆسەی ئاڵۆزی سیاسی لەعیراق و هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، بشێوێنێ.

چارەسەر نەبوونی کێشەکانی کەرکوکیش، لەبنچینەدا بۆ جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) دەگەڕێتەوەو ئەمەش گرنگترین خاڵی کێشەکانی نێوان کوردستان و عیراقە، کە (١٥) ساڵە دەسەڵاتدارانی عیراق، دەستی بەدەستی بە مادەکەو جێبەجێنەکردنی دەستور دەکات.

جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) لەماوەی (١٥) ساڵدا، دەیسەلمێنێ کە حکومەتی عیراق و دەسەڵاتدارەکانی، نیەتی جێبەجێکردنی دەستورو مادەی (١٤)یان نییە، بەڵکو بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن تەنانەت ماددەکەش هەڵبوەشێننەوە. هەروەک چۆن

ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی و پارتیش لەکەرکوك، زیانی گەورەی بەچارەسەری کێشەکانی کەرکوك و ناوچە دابڕێندراوەکان گەیاندووە..!

لەدوای (١٦) ئۆکتۆبەریشەوە، کێشەو گرفتەکانی کەرکوك و ناوچە دابڕێندراوەکان چوونەتە قۆناغێکی ترەوە، بەتایبەت کە دەسەڵاتی سەربازی لەشارەکەو تەواوی ناوچە جێناکۆکەکان سەپێندراوەو ئەمەش پەیوەستە بەو پلان و بەرنامە سیاسییەی دەسەڵاتدارانی عیراق، بۆ کەرکوك و ناوچە دابڕێندراوەکانی مادەی (١٤٠)یان هەیە.. بەبێ ڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی و گوتارێکی هاوبەش، ئاستەمە کێشەو گرفتەکانیش چارەسەر بێن.

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماریش، کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی قوڵتر کردەوەو ئەم کێشەو گرفتانەش تا دوای هەڵبژاردنی کوردستان لەمانگی (١٠)ی ئایندەدا ڕەنگە درێژە بکێشێ، کۆی کێشەکانیش پەیوەستن بەبوونی پرسە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ بەغداد و لەگەڵ وڵاتانی هەرێمایەتیش، چونکە دەستگرتنی هەرلایەك لەیەکێتی و پارتی بەسەر بەشێك لەسەرچاوەکانی ئابوری، وایکردووە کێشەو قەیرانەکان بەردەوام ئاڵۆزتربن و ببێتە مایەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان، لەهەڵبژاردنی ئایندەی کوردستانیشدا، ڕەخنەو ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان، زۆرتر لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، دەردەکەوێ.

باوەڕیشموایە، قورسە دۆخەکە بەوشێوەیە بگۆڕێ لەقازانجی یەکێتی و پارتی بێت، هەر بۆیە گۆڕانکاری گەورە روونادات، چونکە گۆڕانکاری بەچارەسەری کێشەکان روودەدات.

لەعیراقدا، نە مارتن لوسەرێك هەیەو نە زەمینەی ریفۆرمی ئایینی

لەدیداری کۆلۆنێل پیتەر لوشتاك، بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندییە سەربازییەکان لەکونسوڵگەری هەنگاریا، موقەدەم ژۆڵت لاوکۆ، بەڕێوەبەری ئۆفیسی پەیوەندییە سەربازییەکانو جێگری ئەفسەری سەرەکی فیرینس چیکیس، یاریدەدەری ئۆفیسی پەیوەندییە سەربازییەکانو جێگری ئەفسەر ئەتیلا گیرینجیر، لەئۆفیسی پەیوەندییە سەربازییەکان..

ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/٢٨) سلێمانی...

کێشەکان لەئێستادا چەندە ئاڵۆزبن، لەدوای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، قوڵتر دەبنەوە..!

یەکێتی کێشەی هەیە، یەکێتی و پارتی کێشەیان هەیە، کوردستان و عیراق کێشەیان هەیە، شیعە لەناو خۆیدا کێشەی هەیە، شیعەو سوننە کێشەیان هەیە، عیراق و وڵاتانی هەرێمایەتی کێشەیان هەیە، بۆیە زۆر قورسە مرۆڤ بتوانێ لێپرسراوێتی مێژووی ئەم هەموو کێشەیە لەئێستادا هەڵبگرێت..!

بەداخیشەوە کە هێشتا نەمانتوانیوە پەیوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دۆست، بۆ چارەسەرو سوڵحی کێشەکانی عیراق و کوردستان بەکاربهێنین. بەر لەکێشەی عیراق و کوردستانیش، دەبێ کێشەی عیراق و عیراق چارەسەر بکرێ. چونکە کێشەی شیعەو شیعە قوڵە، کێشەی شیعەو سوننە ئاڵۆزە، کێشە ناوخۆییەکان لەرومادییە تا بەصرە، هەروەها کێشەی عیراق و کوردستانیش قوڵترە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی بیر لەوە نەکەینەوە هەتا (٢٥) ساڵی تر شیعەو سوننە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، چونکە لەعیراقدا نە (مارتن لوسەر)ێك هەیەو نە زەمینەی ریفۆرمێکی ئایینی..!

بۆیە هێشتا هیچ زەمینەیەك بۆ چارەسەری کێشەکان و سوڵحی شیعەو سوننە لەعیراقدا بونی نییە.. ئەم کێشانەش بەتەنها لەعیراقدا نییە، بەڵکو لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کێشەی ئیتنیکی و مەزهەبی هەیەو ئەمەش بەڕێککەوت سەریانهەڵنەداوە.

ئێمە بەدرێژایی (١٥) ساڵ شەڕی حزبی بەعس و رژێمی صەدامامان کرد، کە یەکێك بوو لەبەهێزترین حکومەتە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بەچەکی کیمایییەوە خاوەنی هەموو جۆرە چەکێك بوو، بۆیە دەزانین کە وڵاتێکی شەڕکەر دێتە سەر میللەتێکی هەژار، چەند سەختە.

روسیاش بەکردنەوەی دەرگای شەڕ، ئومێدی بۆ چارەسەری کێشەکانو ئاشتی جیهانی کەمکردەوە..!
بۆیە بە باشی لەشەڕەکەو جەنگاوەرەکان، فیشەك بەفیشەك و ئازارەکانیش تێدەگەین، بەڵام ئەوەی ئۆکراینابیەکانیش دەیکەن، جێگەی شانازییەو بڕواشم وایە بەم چەشنەی ئێستا تا مانگی سێ خۆڕاگربن، ئەوا ئۆکرایننیەکان دەبنە جێگەی شانازی و سەرۆکەکەشیان دەبێتە ڕەمزی مێژووی ئەم سەردەمەو رایگەیاند:

مێژوو، سەرکردەی ئازاو گەلی ئازا دروستیدەکەن. ناشزانین کەی، بەڵام هیواخوازین ئەم جەنگە بەزوویی کۆتایی پێبێت.

سیاسەتی ناسروشتی ڕوسیا،
بەرامبەر بە گەلان و دەوڵەتانی ئازادیخواز

دیداری یەکەمی لوککاس گەسێر، باڵیۆزی سویسرا لە ئوردن و عیراق و ڕەشا عەککاش، ڕاوێژکاری سیاسی و دلێر قەرەداغی، ڕێکخەری کاروباری باڵیۆزخانەی سویسرا لەسلێمانی..

ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/٢٤) سلێمانی...

سیستەمی سویسرا بۆ هەموو جیهان گرنگە، خۆزگە هەموو جیهان نیوەی سویسرا دیموکراسی دەبوون. لەبەرامبەریشدا، شەڕی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکراینا، وەکو پرەنسیپ، بەمەترسیدار، نا سیاسی و نامرۆڤانە دەزانم..!

ڕوسیا، لەسەردەمی قەیسەردا، وڵاتانی داگیر دەکردو بەردەوام لەشەڕدابووا لەسەردەمی سۆڤییەتدا، لەجەنگی ساردا بە بەردەوامی لەناو شەڕو کێشەدابوو، نە سۆسیالیزمەکەیانو نە دیموکراسییەکەشیان سەرکەوت!

ئێستاش، لەسەردەمی پوتین و پێش ئەویش، ڕوسیا بەناوی دیموکراسییەوە، جۆرەها کێشەی گەورەیان لەدنیادا هەیە. لەسوریا، لەدەریای سپی ناوەڕاست، لەئۆکرانیا، بەهەماندەستور شەڕو ئاڵۆزی هەیە.

ڕوسیا، ترسەکەیان لەهەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و عەسکەری لەئۆکراینا، لەقەبارەی خۆی زۆر گەورەتر کرد، بۆیە شەڕیان هەڵگیرساند. ڕوسیا، بەرامبەر بەهچ گەلێك و دەوڵەتێکی ئازادیخواز، سیاسەتەکانی سروشتی نییە! بۆ نمونە، لەسوریا، کوردو هەموو نەتەوەکانی تر، داوای سیستەمێکی دیموکراسی دەکەن، بەڵام ڕوسیا پشتیوانی ڕژێمی بەشار دەکات!

ڕاستە لەم کێشەیەدا ڕوسیا کەوتە ناوی، بەڵام کیشەکە لەڕوسا گەورەترە! دوای تەواوبوونی جەنگی سارد، سیستەمی نوێی جیهان، لەسەردەمی جیهانگیریدا، هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی تێدا نییە!

دەزانین لەدوای جەنگی یەکەم، ڕێککەوتن هەبوو لەنێوان بەریتانیا، فەرەنسا و وڵاتانی تریش، کە عوصبەتولئومەمم دروستبوو. لەجەنگی دووەمیشدا، نەتەوە یەکگرتووەکان، ناتۆ، هاوپەیمانی وارشۆ دروستبوون و ئەمەش وایکرد جەنگی سارد لەگەڵ خۆی ببات. بەڵام لەدوای جەنگی سارد چی هەیە؟ تەنیا ناتۆ! بۆیە ڕوسیا زۆر لەخۆی دەترسێت، چین بەهەمانشێوە لەخۆی دەترسێت، زۆر وڵاتی تریش

لەدنیا لەخۆیان دەترسن!

ئەمەش واتا، دەوڵەتە گەورەکانی دونیا نەیانتوانیوە چارەسەرێك بۆ دنیای ئێستا و سەردەم بدۆزنەوە. روسیا، بەم شەڕە ریسکێکی گەورەی کردووە، بۆ ئەوەی دوای شەڕەکە، سەرلەنوێ، جارێکی تر دونیا دابنیشن و رێککەوتن لەسەر دنیا بکەن، بەڵام بەشەڕ.

هەڵەکەی روسیاش ئەوەیە کە بەشەڕ دەیەوێ ئەمکارە بکات! کە قوربانییەکەشی خەڵکی ئۆکرانیایە، ئەو هەموو کوژراو و بریندارو دەربەدەرە هەیە.

بۆیە هەڵەیە روسیا بخرێتە دەرەوەی رێککەوتن و هاوپەیمانێتییەکان، هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانیش لەلایەن ئەڵمانیاوە باشترین نمونەیە.

لەم شەڕەشدا هەموو جیهان زیانی پێدەگات، تەنها چین قازانج دەکات، چونکە چین زۆر ئامگرن لەسیاسەتدا.

ئەگەرچی سەرنجیش وابوو شەڕەکە تەنها (٧٢) سەعات بخایەنێت، بەڵام ئێستا مانگێکە شەڕەکە درێژەی هەیەو جەنگاوەرانی ئۆکرایناش، بەپێچەوانەوە هێرش دەکەن! ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئۆکراینا هێزو ورەی لەدەستنەداوە، بۆیە ئەگەر شەڕەکەو پشتیوانییەکانی ئۆکراینا، بەناردنی ئەو هەموو چەکە، بەوشێوەیە بەردەوامبێ، شەڕەکە بە نزیکەیی سێ مانگی دیکە دەخایەنێت.

سەبارەت بە دۆخی عیراق و کاریگەری سیاسەتی هەرێمایەتیو چۆنێتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەعیراق، لەرۆژانی ئاییندەو کۆبوونەوەی رۆژی (٢٦)ی مانگ، بەشێکی زۆر لەتەمومژەکان لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و دەوڵەتمەداری چوار ساڵی ئاییندەی عیراقیش روندەبێتەوە و باوەڕموایە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، ناگاتە ئەوەی خۆی هەڵبوەشێنێتەوەو بڕیاری هەڵبژاردنێکی دیکە بدات.

دیداری دووەم لەگەڵ لوککاس گەسێر باڵیۆزی سویسرا لە ئوردن و عیراق..

رۆژی (٢٠٢٢/٦/٢٣) سلێمانی...

لۆککاس گەسێر: شرۆڤە و خوێندنەوە دروستەکانت، بۆ ئێمە مایەی سەرسوڕمان بوو

مەلا بەختیار: هیچ ئومێدێکم نییە کێشە بنەڕەتییەکانی عیراق، لەم چەند ساڵانەدا چارەسەر بکرێت!

لۆککاس گەسێر...

خۆشحاڵم دووبارە بەدیداری بەڕیزتان دەگەمەوە. شرۆڤە و خوێندنەوە دروستەکانت بۆ رووداوەکانی ئۆکراینا و شەڕی رووسیا، بێ زیاد و کەم، وەکو خۆی هاتنەدی! ئەمەش بۆ ئێمە مایەی سەرسوڕمان و پێزانین بوو.

ئەم سەردانەشم بۆ لای بەڕێزتان، بەهۆی تەواوبوونی ئەرکەکەم، دوا سەردان دەبێت، بەڵام دەمەوێ رایبگەیەنم:

ئەوەی وایکرد کە بەر لەتەواوبوونی ئەرکەکانم ئەم دیدارو سەردانە ئەنجامبدەم، خوێندنەوە قوڵ و وردو دروستەکانی بەڕێزتان بوو لەدیدارەکەی رابردووماندا، بۆیە بڕیارمدا جارێکی تر بێمەوە سلێمانی و سەردانتان بکەم. چونکە لەدیداری رابردوومانەوە، بەباشی تێگەیشتن کە بەڕێزتان چەند بەقوڵی و وردبینییەوە لەدۆخە جیاوازەکان و هەلومەرجە سیاسییەکان دەڕوانن.

مەلا بەختیار...

سەرەتا سوپاس بۆ پێزانینەکانتان.. ئومێدی سەرکەوتنتان لە ئایندە و ئەرکی داهاتوودا بۆدەخوازم. بێگومان کاری دیپلۆماسی وایە، هەر ماوەیەک، ساڵێک یان دووان و زیاتر لەوڵاتێک دەبێت. هیوامایە باڵیۆزی نوێش بتوانێ لە ئەرکانیدا سەرکەوتووبێ.

هەر سەبارەت بە شەڕی روسیاو ئۆکراینا، وتارێکم لە رۆژی (٢٠٢٢/٤/٩) و بەناوی (چەکی تەکتیکی رۆژئاوا.. چەکی ستراتیژی روسیای شکاند!!) بڵاوبۆوە، دامەزراوەی میدیایی (International Policy

Digest) کە دامەزراوەیەکی ئەمریکییە و خوێنەرێکی بێشوماری هەیە، ئەم وتارەی وەرگێڕاوەیە سەر زمانی ئینگلیزیی و لەرۆژی (٢٠٢٢/٥/١) لەپێگەی سەرەکی خۆی، بڵاویکردەوە.

بەهۆیەوە، لەئێستادا لەسەر داواکاری (ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ئۆکراینا)، سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەکم سەبارەت بەتیرۆری نێودەوڵەتی.

سەبارەت بە دۆخی عیراقیش.. عیراق، هێڵ و پاکێجێکی پێکەوە بەستراوە! ئۆرۆپا و سویسراش، بەم هەڵبژاردنەو هەڵبژاردنەکانی رابردووش، هیچ باوەڕ مەکەن کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، شتێك هەبێ بەناوی دیموکراسی! ئەوەی هەیە تەنها تێستی دیموکراسییەو هێشتا زۆری ماوە، رەنگە (٢٥) ساڵی تری پێویستبێ! چونکە دیموکراسیی پرۆسێسێکی درو درێژە، بەهەڵبژاردنێك یان دووان و سیان، نایەتەدا!

ئەو شەڕانەی ئێستا لەعیراق، یەمەن، سوریا، لیبیا و جەزائیر، لەنێوان هێزە ئیسلامییەکان و هێزە مەدەنییەکاندا هەیە، تێکەڵ بەخەباتی سیاسی دیموکراسی بووەو جیاوازییەکەشی لەگەڵ رۆژئاوا ئەوەیە، لەرۆژئاوا شەڕ لەنێوان فێندەمەندتالیستەکان و هێزە ئەقلانییەکان و فەلسەفییەکان، پێش شۆڕشی دیموکراسی کران و کۆتایهات. ئەمەش زەمینەی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراسی لەڕووی فکرەوە، ئەقڵەوە، فەلسەفەو کۆمەڵایەتییەوە خۆشکردبوو.

بەڵام مەترسیدارترین بابەت بۆ سەر دیموکراسی، تێکەڵکردنی ئەقڵی تائیفییە بەدەسەڵاتی سیاسی. هەروەکو ئێستای عیراق، یەمەن، لیبیا، سوریا و لوبنان و تەنانەت میسریش وایە!

بۆیە هیچ ئومێدێکم نییە کێشە بنەڕەتییەکانی عیراق، کێشەی نێوان شیعە و سوننە، شیعەو شیعە لەنێوان خۆیاندا، کورد و شیعە و سوننە، لەم چەند ساڵانەدا چارەسەر بکرێت!

لەبەرئەوەی فاکتەری پاسیفیزم، زۆر زاڵترە بەسەر فاکتەری پۆزەتیزم لەسیاسەتدا. ئەمەش هەڕەشەو مەترسییە بەردەوامەکەیە. بۆیە تەنها چارەسەری کاتی لەعیراقدا بوونی هەیە، نەك چارەسەری بنەڕەتی!

پرسیارەکەش ئەوەیە لەسەر بنەمای ئەم چارەسەرە کاتییە، لەعیراقدا چی روودەدات؟ وەڵامەکەش ئەمەیە:

یەکەم، رۆڵی ئێران زۆر گرنگە! هەموو ئەو پرۆسەیەی لەدوای هەڵبژاردن و لەسەر پرسی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران گیریخواردووە، لەپشتی پەردە، کاریگەرترین هێز، ئێرانە! ئەمەش وایکردووە، ململانێیەکە بکەوێتە نێوان هێزەکانی پرۆ ئێران و هێزەکانی کە کەمتر لایەندار یان بیلایەنن و کەمێك سەربەخۆترن! لەکاتێکدا ئەو هێزانەی لەگەڵ ئێران نەبوون، زۆرینەی پەرلەمانیان هەبوو، بەڵام نەیانتوانی حکومەت پێکبهێنن (صەدرییەکان، سوننەکان، پارتییەکان). ئەمەش بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەم وڵاتە دیموکراسی نییەو بەزۆرینەو کەمینە نییە! بەڵکو کێ پشتیوانی هەرێمایەتی زۆرترە، ئەوا ئەوان دەتوانن دوا بڕیار بدەن. بەپێچەوانەی سیستمی دیموکراسییەوە. باشترین نمونەش دۆخی ئێستای ئیسرائیل و کێشەکەیانە لەسەر سەرۆك وەزیران، کە کنێست هەڵوەشێندراوەتەوەو بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختیانداوە، پاشان سەرۆك وەزیران هەڵدەبژێرن و بەو شێوەیەش کۆتایی بەکێشەکەیان دەهێنن.

لەبەرامبەردا دۆخی لوبنان هەیە، هەڵبژاردنی کردووە، بەڵام لەسەر سەرۆك وەزیران، چەندین مانگی ڕیش ناتوانن ڕێکبکەون! بۆ؟ لەبەرئەوەی حزبوڵڵا ئەگەرچی لە (١١٠) کورسی (١٣) کورسی هێناوە، بەڵام بەرئەوەی هێزی چەکداری هەیە، هەژمونی زۆری لەسەر دۆخەکە هەیە!

لەعیراقیشدا بەهەمانشێوە.. لەئێستادا یان دەبێ پارتی و سوننە، لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی ێکبکەون، کە ئەم ڕێککەوتنەش ڕوونادات ئەگەر یەکێتی سەرۆك کۆمار نەگۆڕێت. بەڵام ئەگەر سەرۆك کۆمار گۆڕا، ئەوا پارتی ڕێککدەکەوێت، کە پارتیش لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێککەوت، ئەوا سوننەکانیش ڕێکدەکەون. گەرچی هیچ زانیارییەکەم لەسەر گۆڕینی سەرۆك کۆمار نییە، بەڵام بارودۆخەکە دەخوێندرێتەوە.

بەپێچەوانەشەوە پرسیار ئەوەیە: ئەگەر پارتی و سوننەکان لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی ڕێکنەکەون سەرۆك کۆمار نەگۆڕدرێت، چی ڕوودەدات؟

ئەوا لەم ئەگەرەشدا، خۆپیشاندانی گەورە دەستپێدەکات! هەر کاتێکیش خۆپیشاندان دەستپێکرد، ئەوا ئەگەری شەڕی ئەهلیش دێتە پێشەوە! چونکە (سەرایا سەلام) کە هێزی چەکداری صەدرە، دەگوترێ (١٠٠) هەزار چەکداریان هەیە! ئەمەش کۆی تابلۆ گەورەکەیە لەبەرچاوماندا.

سەبارەت بە تەکتیکی کشانەوەی موقتەدا صەدر و کوتلەکەشی لەپەرلەمان، دەبێ بزانین کە موقتەدا صەدر، بە تەنها کێشەی سیاسی نییە، بەڵکو کێشەی ململانێ تەقلیدییەکەی مەرجەعیەتی بنەماڵەکەیو کۆنترۆڵی وڵاتەکەی هەیە.

دەشزانێت ئەگەر نەیارەکانی، وەکو مالیکی و عامری لاواز و بچوك نەکاتەوە، مەرجەعیەتەکەی دەستناکەوێت و بنەماڵەکەشی سەرناکەوێت. بۆیە هەموو ئەم یارییانەی دەیکات، لەدەوری ستراتیجی بنەماڵەکەیی و چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی سیستەمی عیراق دەسوڕێتەوە.

ئەگەرچی (٧٣) کورسی پەرلەمانی هێنا، بەڵام کاتێك نەیتوانی دەسەڵات کۆنترۆڵ بکات، نەشیویست لەناو دەسەڵاتێکی گەورەدا بەتەنیا هێزێك بێت! هەر ئەمەش وایکرد پاشەکشە بکاتو بێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی هەموو شەقامی سیاسی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیی. خوێندنەوەشم وایە ماوەیەك ئارامی دەبینم، بەڵام ئەمە ئارامی پێش زریانە!

دیداری ڕووناکبیری، ڕێکخراوەیی، کۆمەڵایەتی

خەڵك كردەوەی دەوێ..
نەك قسەی بریقەدار!

دیداری ناوەندی ڕێكخراوە دیموكراتییەكانی گەرمیان..
ڕۆژی (٢٠٢٢/١/٥) سلێمانی..

لەدوای ڕاپەڕینەوە، هەرچی دەستكەوتە لەگۆڕانكاریی و یاساكانداو لەقازانجی چین و توێژە جیاوازەكاندا، پشكی شێری بەر مەكتەبی ڕێكخراوەكان و سەندیكاكانی دەكەوێت و مێژووش ئەوەیە كە ڕویداوە، نەك ئێستا قسەی تیادا دەكەین.

دەستكەوتێكی زۆرمان بەدەستهێناوە، كەلتورێكی ئێجگار جوانمان لەسەر مەدەنییەت، مافی ژنوعەلمانییەت هەیەو لەو خەباتە مەدەنی، پیشەیی و عەلمانییەدا، هیچ حزبێك ناتوانێت شان لەشانی یەكێتی نیشتمانی بدات.

بۆیە، ئێوەی كادرانی ڕێكخراوە دیموكراتییەكان، ئەركتانە بتوانن ئەو كەلتورو نەریتە كە لەرابردووەوە كارمان لەسەركردووە، بەپێی گۆڕانكارییەكانی ئێستا، بیبوژێننەوە لەگەڵ ئێستادا بیگونجێنن.

ئەركی خۆشتان، تەنها لەئەركە حزبییەكەدا مەبیننەوە، چونكە ئەوكاتە ناوەندەكەتان لەگەڵ بارەگای هەر دەزگایەكی تر جیاوازییەكی نابێ، بەپێچەوانەوە، ئەركی ئێوە تەنها دەوامكردن نییە، بەڵكو دەتوانن لەهەر جێگەیەكبن ئەركە ڕێكخراوەیی، دیموكراسی، پیشەیی و مەدەنییەكان زۆرتر ڕابپەڕێنن..

چونكە كادر پێویستە لەسیاسەتی تازەی دونیا، لەگفتۆی نێوان زلهێزەكانی دنیا، ستراتیجە جیاوازەكان لەدنیا، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێبگەن، چونكە ناكرێ كادربیت و وەڵامی پرسیارەكان نەزانیت..!

بۆیە هەڤاڵان، ئەركتانە لەجەوهەرو ستراتیجی ئەم سەردەمە تێبگەن، لەناو ئەم سەردەمەشدا، گرنگتر ئەوەیە تێبگەن بزوتنەوەی مەدەنی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەعیراقدا گەیشتۆتە كوێ..!

ئێستا ڕێكخراوی دیموكراسی لەعیراقدا، ئەركە دیموكراسییەكەیی و پیشەییەكانی چییە، ئەركەكانی بەرامبەر مافەكانی ژن، خەباتی مەدەنی، خەبات لەبەرامبەر شیعە، سوننە، لەبەرامبەر پاشماوەكانی بیری نەتەوەیی عەرەبی، كە شۆڤێنییەت تا ئێستا بەسەریدا زاڵە، خەباتی مەدەنی لەبەرامبەر جێبەجێكردن و نەكردنی دەستورو مادەی (١٤٠)، هەموو ئەمانە ئەركێكی گرنگی خەباتی مەدەنی، كۆمەڵایەتی، سیاسی،

نەتەوەیی و کوردستانی ئێمەیە، کە بەشی زۆری دەکەوێتە ئەستۆو سەرشانی رێکخراوە دیموکراتییەکان.

لەبەر ئەمەشە ئێوەی کادران پێویستە لەگەڵ ئەم سەردەم و قۆناغە، تێگەیشتنێکی وردتان بۆ ساڵی نوێی (٢٠٢٢)و بۆ تێگەیشتن لەستراتیجی کۆمەڵایەتی و پیشەیی لەم ساڵەدا هەبێ، وەك سەردەمێکی نوێ. چونکە رێکخراوە دیموکراتییەکان دەتوانن، بەخەباتی پیشەیی، مەدەنی، دیموکراسی راستەقینە، دوور لەئەقڵی تەسکی حزبایەتی، تاڕادەیەکی بەرچاو قەرەبووی دابەزینی جەماوەری یەکێتی لەدوا هەڵبژاردندا بکەن.

چین و توێژەکانیش، هەڵوێستی چاکسازی پیشەییان دەوێ، نەك کاری تیۆری پەتی. بۆ نموونە: رێگەی کەلار- دەربەندیخان، (١١) ساڵە تەواو نەکراوە، لەزەمانی دەرەبەگایەتیدا، بەبڕیاری سەرۆك هۆزێك بە بێگاری بەچەند ساڵێك جادەی وا دەکرا، بۆیە خەڵك کردەوەی دەوێ.. نەك قسەی بریقەدار.

ڕەخنەکانمان لەکوردستان، سەرەنجامی دزیی و جەردەیی و هەڵسوکەوتی لێپرسراوەکانە!

وتاری، دیداری ژمارەیەك لەمامۆستایانی زانکۆ و کۆمەڵێک کادری گەرمیان..
ڕۆژی (٢٠٢٢/١/٨) سلێمانی..

دنیای چەوساندنەوە، چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، چینایەتی، نەبوونی ئازادی، شۆڤێنێتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و بەعسی، هەموو ئەمانە وایلێکردین خانەقین و لەمبەریشەوە گەرمیان، بە بڕوای من گەرمیان هەتا کفری، دوا سنوری مەترسیدار بوو لەبەرامبەر تەعریبدا، ئەگەر تا روخاندنی سەدام ئەو بەرگرییە نەکرایە کە هێزی پێشمەرگە سەرکەوتووانە لە کفری کردی، تەعریب دەگەیشتە کەلاریش.. تەعریب نەخۆشییەکی کوشندەی مەترسیدارە، کە کەوتە ناوچەیەک ناتوانی بەئاسانی پاکی بکەیتەوە، هەروەک دەیبینین.

ئێستاش، لەهەلومەرجێکداین، هێشتا ئاڵۆزی لەرووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە زۆرە و پرسیاریش زۆرە. لێرەدا حکومەتی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان جیادەکەمەوە. هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی نەتەوایەتییە دەبێ بپارێزرێت. حکومەتی کوردستان چاک بکات بەرگری لێبکرێ! خراپ بکات رەخنەی لێبگیرێت و بگۆڕدرێت! جونکە ئەگەر ئەم قەوارەیەمان نەمێنێ، هیچ شتێکمان نامێنێت و ئەوانەی باوەڕیانوایە دەبێ هەمووشتێک بڕوخێ، ئەمە لەسیاسەتدا نەهلستیەتە- پوچگەراییە.. پوچگەرایی لەسیاسەتدا کاتێک ئارەزووەکانت تێردەکات و رقەکانت دادەمرکێنێتەوە! بەڵام لەڕەهەندی سیاسیدا، مەترسییەکی ئێجگار گەورەیە و نابێ توخنی پوچگەرایی بکەوین لەسیاسەتدا، چونکە هیچی تر نابینیت تەنها رق رۆڵدەگێڕێت.. تا سەرەنجام رقت لەخۆشتدەبێت.

بۆیە باوەڕموایە کە دەبێ هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەک بمێنێ، بەڵام رەخنە لەحکومەتەکان دەگرین، گەندەڵن یانا، پاکن یانا، دەیانگۆڕین، ئەمەش لەدنیای سیاسەتدا هەیە!

بەپێی دواهەمین راپۆرتی نەزاهەی جیهانی، دەڵێت (٣٠٠) ملیار دۆلار لە عیراق دزراوە! وەزیری دارایی عیراقیش وتی (٢٨٥) ملیار دۆلار دزراوە! کاک بەرهەم ساڵح-یش وتی (١٥٠) ملیار دۆلار دزراوە! ئەوەتەی حکومەتی عیراق روخاوە، کۆی بکەیتەوە ئەوپەڕی ئەگەر (١٥٠) ملیار دۆلار وەک بودجە بۆ

کوردستان وەرگیرابێت. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە عیراق بەڕەوای دەزانێت، بیدزن! بودجە و موچە نەنێرن! هێز بنێرن! بەڵام لەڕاستیدا خۆیان ئەوەندە پاکنین تا بتوانن ڕەوایەتی تەواو بدەن بە بڕیارەکانیان بەرامبەر بەکوردستان، لە کاتێکدا عیراق، لەڕووی سیاسەتی دارایی، سیاسەتی ئەمنی، سیاسەتی ئیداری شکستیان خواردووە، بۆیە دەبێ لەدۆخێکی خراپی ئاوادا، بیر لەعیراق بکەینەوە، پاشان پەیوەندییەکانی عیراق و کوردستان بزانین.

ڕاستە ڕەخنەکانمان لەکوردستان و لەحکومەت، سەرەنجامی بوونی کەموکوڕییەکان، گەندەڵی و ئەو هەموو دزیی و جەردەییە لەکوردستاندا هەیە، کە سەرەنجامی هەڵسوکەوتی خراپی کاربەدەست و لێپرسراوەکانە، بەڵام دیسان هەموو ئەوانە نابێ بەرچاومان ڕەشبکات و وامانلێبکات سەراپای عیراق و پەیوەندییە ئۆرگانی و چارەنوسسازییەکەی نێوان کوردستان و بەغداد نەبینین و خوێندنەوەمان بۆ سیاسەتی ئێستای عیراق، بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی دەستور، بۆ چۆنێتی پێکهێنانەوەی حکومەتەکان، خوێندنەوەیەکی بابەتی و ئەقلانی نەبێت و ببێتە کاردانەوە، کاردانەوەش خوێندنەوەی زانستی نییە، خوێندنەوەی زانستی میتۆدە، میتۆدیش نە توڕەبوون نە کاردانەوە قبوڵ دەکات!

میتۆدی زانستی بۆ لێکدانەوەی عیراق ئەوە قبوڵ ناکات، لە کوردستاندا و بە دابڕاوی لە سیاسەتی عیراقدا، لە ناوەندێتی عیراق، لە پاشماوەی شۆڤێنێتی ئێستا و حومکڕانی تائیفی ئێستای عیراق، بیر لوکردستان و عیراقیش بکەیتەوە! بۆیە ناکرێت حوکم لەسەر عیراق بدەین، وەکو وڵاتێکی دیموکراتی عەیار (٢٤)..! کامە دیموکراسی؟ دیموکراسی ئەوە هەڵبژاردن دەکرێت؟ کام حکومەت لە دنیادا هەڵبژاردن ناکات، تەنانەت سعودییەکان، قەتەرییەکان، ئیماراتییەکانیش هەڵبژاردن دەکەن..

تازە بەتازەش هەڵبژاردنی عیراق تەواو بووەو (٩)ی مانگ کە سبەی دەکات، یەکەمین دانیشتی پەرلەمانی عیراقیش دەکرێت، مشتومڕەکانیش لەسەر چۆنێتی پێکهێنانی حکومەت بەردەوامە، لەکوردستان ڕێککەوتنێک هەیە و ئەمە دڵخۆشکەرەیە، لەمەش گرنگتر کە یەکێتی و پارتی پێکەوە دەڕۆنە بەغداد.. لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی وەفدی هاوبەشی یەکێتی و پارتی دەکەم کە پێکەوە دەچنە بەغداد، بەڵام گرنگتر ئەوەیە، هەم حزبەکانی تری کوردستان قەناعەت پێبکەن‌و هەم بۆ ئەوەی ڕایگشتی کوردستان تێکەڵ بەهەنگاوەکانیان و بۆچوونەکانیان‌و بڕیارەکانیان بێت، پێویستە ئەم وەفدی هاوبەشە، یەکەمین کاری ئەوەبێ ئەجێندا یان پرۆژەی سیاسی گفتوگۆی ئێستای بەغدادو کوردستان بڵاوبکاتەوە. تا هەموو کەسێک بیخوێنێتەوە و هۆشیارەکانیش تێبینی لەسەر بدەن! ڕەخنەی لێبگرن! ڕەوا نییە، دانوستاندن دەستپێبکەن، بەڵام وەکو دانوستاندنەکانی پێشوو، قەرەبووی ئەنفال، هەڵەبجە، پێنج هەزار گوندی ڕوخێندراو نەیاتە ئاراوە؟! یان باسی گۆڕینی حکومەتی عەسکەری بە حکومەتی مەدەنی لەناوچە کێشە لەسەرەکان نەکرێت! ئەمەش دەرفەتە..

چونکە، سەرکردەو سەرکردایەتی هۆشیاری هەموو گەل‌و نەتەوەیەك، کە خوێندنەوەی بۆ ڕەهەندی ستراتیجی هەبێ، دەرفەت دەقۆزێتەوە، نەك لەدەستیبدات! بەتایبەت دۆخی عیراق ئەو دۆخەیە

ـدەبینین، شیعە لەناو خۆیدا ناکۆکن، سوننە لەناوخۆیاندا ناکۆکن و ئەگەرچی رێککەوتنیشیان هەیە! ـڵام هەموو ئەوانە بەومانایە نییە، رێککەوتنەکان دەبێتە مایەی ئەوەی هیچ کەلێنێک، دەرەتانێک لەناو ـرەتان و کەلێنەکانی دۆخەکەدا، داخوازییە ستراتیجی و نەتەوەییەکانی کورد، کۆمەڵایەتییەکان، داخوازییە ـەدرلێکراوەکانی کورد لە پەنجا ساڵی رابردوودا، لەگفتوگۆدا باس بکەین! کە بروام وایە دەبێ دانوستاندنی ـەجارە پاکێجی بێت و کۆی داخوازییەکان، ئازارو ژانەکان، پێداویستییەکان و کۆی قەرەبووەکان لەخۆی ـگرێت. با هەموو نەیاتەدی و مەرج نییە هەمووی بێتەدی، بەڵام لەسەدا (٢٥)ی قەرەبووی ئەنفال، کیمیاباران، دێهات راگواستن و بەدبەختییەکان بێتەدی، سوپاسی دەوێت. لەکاتێکدا دەبینی ئەقڵیەتی حوکمڕانی لەبەغداد، لەو ئاستەدایە، ئامادەنەبێ دان بەپارێزگابوونی هەڵەبجەدا، وەك کارەساتبارترین ـاری کوردستاندا بنێ، ئایا ئەم ئەقڵییەتە باقی ئامانجەکانی تری ئێمە چۆن بەدیدەهێنێت؟

واتا: بەغداد ئامادەنییە برینەکانت سارێژ بکات، کە واتا: ئەوەی تا ئێستا هاتۆتەدی لەعیراق، بەهۆی هاوسەنگی هێزەوەیە..! نەک لەبەر دیموکراسی بونی عێراق.

رای گشتی دیموکراسی لەعیراق و کوردستانیشدا نییەو ناتوانرێ بیر لەئەلتەرناتیڤەکان بکرێتەوە، بۆیە وایدەبینم: دیسان هێزە بەهێزەکان حکومەت لەعیراق پێکدەهێننەوە، چ هێزی چەکدارو چ هێزی دەنگهێنەر، ئەم حکومەتەش دێتەوە سەر ئەوەی ئایا دەتوانێ دەستور وەکو خۆی جێبەجێ بکات؟ یان کێشە داراییەکان چارەسەر بکات، یان هێزی میلیشاکان بکات بەیەک هێز؟ یاسای نەوت و بودجە لەگەڵ کوردستان جێبەجێ بکات؟ بێگومان دژوارە کۆی ئەو کێشانەی نێوان هەرێم و بەغداد، چارەسەر بکرێ..!

ئەگەر حکومەتەکە، حکومەتێکی راستەقینەی دیموکراسی بێت و رایگشتی دیموکراسی راستەقینەبێت، هیچ حکومەتێک ناتوانێ لەدەستور، لە بودجە، لە قەرەبووکردنەوە لابدات! لەعیراق و کوردستانیشدا هەر لەبەر ئەوەی رای گشتی دیموکراسی نییە، بەپێچەوانەی حکومەتەکانی ئەوروپا کە حکومەتی هاووڵاتین، حکومەتی رایگشتین، حکومەتی زادەی دیموکراسین، بۆیە لەهەموو تەنگەژەکانی مێژوودا، ناتوانن لە ئیرادەی رایگشتی لابدەن! لەکوردستاندا لەبەر ئەوەی رای گشتی دیموکراسی نییە، هەرکات یەکێتی و پارتی بیانەوێت، پەرلەمان دادەخەن، کەی بیانەوێت حکومەت هەڵدەوەشێننەوە، کەی بیانەوێت بڕیاری وادەدەن، کە هیچ کەسێک مەزندەی ناکات بۆ؟ لەبەرئەوەی لەکاردانەوەی رایگشتی دیموکراسی ناترسن! خەڵکەکەش لەلای ئێمە هێشتا هۆشیاری دیموکراسی و بەرگری لەدیموکراسی لەئاستی پێویستدا نییە! هەربۆیە ناتوانین لە چارەنوسی مەدەنییەت و دیموکراسی و مافەکانی ژنانیش، دڵنیابین. ئەمە دەیسەلمێنێ پەیڕەوکردنی رای گشتی دیموکراسی، ئەرکێکی چارەنوسسازی قۆناغەکەیە!

لەگەڵ ئەوەشدا حزبەکانی کوردستان، لەلایەکەوە لەژێر ئاسەواری نێگەتیڤی ساڵانی رابردووی سیاسەتی حزبەکاندا دەناڵێنن! موزایەدەی سیاسی زۆربوو، جنێودان و بوختان زۆربوو، لەلایەکەوە سۆیسال میدیا قسەی دەکرد، لەلایەکەوە حزبەکان بەرامبەر بەیەک قسەیان دەکرد. لەلایەکی ترەوە، لەناو حزبەکاندا جۆرەها تەکەتول هەبوو قسەیان دەکرد، ئەمانە کەشی سیاسیان ئاڵۆزاندووە! پێوەرە

سیاسییەکانیان لە جێگەی خۆیدا نەهێشت، بەهای سیاسەتیان کەمکردەوە. خۆشتان دەزانن هەموو ڕەوتەکان هەبوون و هەمووشیان لەسۆسیال مێدیا و کەناڵەکان بەرامبەر بەیەک هەڵیانڕشت! ئەمەش گەیشتە ئەوەی رایگشتی لەهەڵبژاردنی عیراق و لەناوچە کێشە لەسەرەکاندا، لە حزبە کوردستانییەکان تەکینەوەو پاشەکشەیان کرد، بینیشمان (٧٠٠) هەزار دەنگ دابەزین!

دەبێ بزانین هەموو ئەو دەنگانە بەهەڵەی خۆمان، بە گەندەڵی، بە موزایەدات و بەجنێودان لەدەست دراوە! ئەگەر متمانەی خەڵک نەگێڕنەوە، ئەوا لە هەڵبژاردنی کوردستاندا، هەمان باجەکانی دەدەینەوە. بە پێچەوانەوە ئێستا بیزانین هەڵەکانمان لەساڵانی رابردوو چی بووە، رەخنەی لێبگرین، چارەسەریان بکەین، رەنگە لەهەڵبژاردنی کوردستاندا، قەرەبووی هەندێک لەهەڵەکان بکەینەوە. چونکە دەرکەوت ئاسەواری سیاسەتی حزبەکان، ئاسەوارێکی نێگەتیڤ بوو، خەڵک و کەسوکاری پێشمەرگەی لێتۆراندین و ریزی حزبایەتی، لەناو حزبەکان، تۆکمەی حزبەکانی ترازاندو هەڵیوەشاند. بۆیە دەبێ باش باش تێبگەین، ئاسەواری هەڵەکانی ساڵانی رابردوو، تائێستا حزبەکان باجە سایکۆلۆجییەکەی دەدەن..!

خاڵێکی تر ئەوەیە، باوەڕموایە خوێندنەوەیەکی ستراتیجی بۆ ئەرکە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانی کوردستان، لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی حزبەکانی کوردستانەوە، بەپێی خەسڵەتی سەردەمەکە نییە! بەڕەهەندی ستراتیجی بیر لەئەرکە ستراتیجییەکانی نەتەوەیی دیموکراسی سەردەم ناکەنەوە! لەئەوروپا ستراتیج، دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوە دیموکراتە. بەڵام لای ئێمە، کە نەتوانین ریفراندۆم سەربخەین و دەوڵەتی سەربەخۆ جێبەجێ بکەین، ئەرکی نەتەوەیی و دیموکراسیمان چییە لەکوردستاندا؟ یەکەمین ئەرکمان ئەوەیە، بازاڕی کوردستان، باج، یاسا، زمانی کوردی یەکبخەین و زمانێکی ستاندارد دروست بکەین، پاشان سیاسەتی کوردایەتی یەکبخەین. کە ئەمانەش هەمووی ئەرکی نەتەوەیە. تۆ کە ناتوانی دەوڵەت دروست بکەیت، بەڵام دەتوانی باقی ئەرکەکانی زەمینەسازی دەوڵەت جێبەجێ بکەیت.

سەبارەت بەیەکێتیش، باوەڕموایە یەکێتی هێزێکی گرنە بۆ ئەو هاوسەنگییەی لەکوردستاندا هەیە، تا ئێستا هیچ ئەلتەرناتیڤێکی یەکێتی نییە! بەڵام کام یەکێتی، ئەو یەکێتییەی (٢٠٠) هەزار دەنگی لەدەستدا؟ ئەو یەکێتییەی سەد جۆر رەخنەی لەسەرە؟ ئەو یەکێتییە کەسوکاری شەهیدەکانی، کەسوکاری پێشمەرگە رەخنەی لێدەگرن؟ ئەنفالستان کە گەرمیانە لێی تەکیوەتەوە؟! لە هەڵەبجە کەمترین دەنگ دەهێنین؟ لەرانیە و دەروازەی راپەڕین کە حەوت بۆ هەشت ساڵ سەرکردایەتی یەکێتی و جەنابی مام جەلال لەوێ بوین؟ ئەم یەکێتییەی لە هەولێر یەک کورسی دەبات؟! ئەم یەکێتییە کە کۆنگرە دەبەستێ و خۆی گەورەترین کێشە بۆ خۆی دروستدەکات! لەکاتێکدا هیچ بەرگرییەک لە کەموکوڕییەکانی سەرکردایەتی پێشوو ناکەم، چونکە ئێمەش کەموکوڕیمان هەبووە و لەناو ئێمەشدا گەندەڵ هەبووە، بەڵام کاتێک خەڵکی بەراوردی ئێستاو رابردوو دەکات، دەزانێ جیاوازییەکان چەندە زۆرە! هاتنەوە سەرخۆی یەکێتیش لە پاکسازیدا نابینم بەڵکو لەچاکسازیدا دەبینم! پاکسازیش لە پاکسازیی گەندەڵییەوە دەستپێدەکات. چونکە تا گەندەڵ لەکوردستان و لەناو یەکێتی سزا نەدرێت، گۆڕینی پۆست کێشەکانی یەکێتی چارەسەر

کت. پاشان یەکێتی پێویستی بە پرۆگرام و بەجیهانبینییەکی تازە هەیەو دەبێ جیهانبینییەکەی بگۆڕێت. نگەی بۆ سیاسەتی هەرێمایەتی، نێودەوڵەتی، سیاسەتی عیراقی و کوردستانی، روانگەی بۆ سیاسەتی حودی یەکێتیش بگۆڕێت! چونکە لەمێژوودا گۆڕانکارییەکان لەسەر هیچ حزبێک ناوەستن! دەگۆڕێیت چیتە پێشەوە، ناگۆڕێیت، بەجێدەمێنیت! هەروەک چۆن حزبی گەورە لەمێژوودا کۆتایی پێهاتووە، ەروەک حزبەکەی جەمال عەبدولناصر، جەوال لالنەهرۆ، هۆشی منە.. تد! یەکێتی راستە خاوەن بەرێکی گەورەی وەکو مام جەلالە، بەڵام لەدوای مام جەلال چی؟ ئایا دەتوانین لەسەر ئەو کەلتور و بردووە بمێنین؟! چونکە چێتر ناکرێ باس لەو رابردووە بکەین کە هەمانە و بەڵکو ئێستا بۆ باسکردن گرنگە! لەکاتێکدا بەشبەحاڵی خۆم، شانازی بەو رابردووەوە دەکەم و هیچ عەیبوعارێکم لەو رابردووەدا ییە، بەڵام ئاییندە گرنگە بۆ باسکردن، هەموو کەسێک دەتوانێ باسی رابردوو، بکات. رابردوو مێژووی ووداوەکانە، بەڵام گرنگ لێکدانەوەی ئێستایە، خوێندنەوەی ئەگەرەکان و پێشهاتەکانە! یەکێتیش پێویستی بە پەرۆشییەکی زۆر و بەدڵسۆزییەکی زۆرە، پێویستی بە بەرنامەی نوێ، بە خوێندنەوەی نوێ و بەتێگەیشتنی نوێ و رەخنەی نوێ لەم سەردەمەدا هەیە. بڕواشم وایە ئەگەر فریا نەکەوین، ئەوا نە دڵسۆزیی و نە رەخنەش کەڵکی نامێنێت..!

باجی قورس و
ئازاری دەروونی!

ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی سۆران و ژمارەیەک لە کادران..

ڕۆژی (٢٠٢٢/١/٩)

بەداخەوە لەدوای کارەساتی (٣١)ی ئابەوە، سۆران و ئەو دەڤەرە دووچاری دۆخێکی نەخوازراو بووە..! یەکێتی لەوێ دەسەڵاتی نییە و دەستکەوتی بۆ ئێوە نییە و خۆشتان دەزانن لەناو مەنگەنەکانی یەکێتی و پارتی، ئۆرگانەکان و کادرەکانی یەکێتی، لەو ناوچانە باجێکی زۆر دەدەن. بۆیە ئەرکێکی زۆر جوان و پیرۆزتان لەسەرشانە، باجی قورس دەدەن و لەڕووی دەرونیشەوە ئازارتان زۆرە لەو دەڤەرانە!

بەداخەوە دۆخی کوردستان، هەتا لەدوای ڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی، هەتا هاتووە، نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی بگاتە ئاستێک یان دۆخێک لەدۆخەکان، کە دوور لە هەستیاری حزبایەتی تەسک، ئیدارەی ناوچەکان بکرێت.

تا ئێستا ئیدارەی ناوچەکان، بەڕواڵەت یەک ئیدارەییە، بەڵام بە کردەوە دوو ئیدارەییە..! بە بەڵگەی ئەوەی پارتی لەدەڤەری سەوز و ناوچەکانی سلێمانی، ناتوانێ بەڕێوەبەری ناحیەیەک دابنێ و یەکێتیش لەدەڤەری زەرد، ناتوانێ فەرمانبەرێک دابنێ! ئەمە هەستی پێبکەین یاننا، لەڕووی نەتەوەییەوە، لەڕووی ئەزمونی کوردستانەوە، زیانێکی ئێجگار زۆری هەیە، لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، دەرونی و حزبایەتیشەوە، تەنانەت لەهەڵبژاردنیش ئەنجامەکەی دەرکەوت، کە یەکێتی لەو دەڤەرانە چیمان بەسەرهات و پارتیش لەم دەڤەرانە چی بەسەرهات؟ هەموو هەڵبژاردنێک ئەمانە تاقیدەکرێتەوە و دوای هەڵبژاردنیش هەموولایەکمان لەبیرمان دەچێتەوە، هۆکارەکانی ئەم ئەنجامە نالەبارەی هەڵبژاردن چارەسەر بکەین، بەڵام هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن، ئەو دۆخەی کە پاشماوەی شەڕی ناوخۆیە، درێژە دەکێشێت، باجەکانیشی هەموو لایەکمان و نەتەوەکەشمان داوێتی، لەوەش خراپتر ئەوەیە، هەتا دەوروبەرمان، دەوڵەتان و نەیارەکان، تەنانەت دوژمنەکانیشمان سوودی زۆر لەم ناکۆکیانە دەبینن.

ئێستا ئەرکمان ئەوەیە چۆن سەیری ئەم پۆلێنبەندی و خانەبەندیانەی سیاسەت، حزبایەتی و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بکەین؟ لەکاتیکدا هەمووومان ڕۆژانە سیاسەت دەکەین، بەبێئەوەی ئەگەر سیاسیش بین!

کاتێکیش سیاسی دەبیت، ئایدۆلۆجیەتت دەبێت، پەیڕەو پرۆگرامت دەبێت و بەرنامەی لەرێبازەکان پابەند دەبیت. سیاسەت بەگشتی و سیاسەت بەتایبەتی، قەدەری مرۆڤە.. بەڵام هێشتا لەکوردستان حزبایەتی، لە ئاستی پێویستی قۆناغ و سەردەمەکەدا نییە.

راستە دەوترێت یەکیتی بەدیلی نییەو بەدیلی یەکێتی هەر یەکێتییە! بەڵام ئایا یەکێتی بەپێی سەردەم ڕۆحی سەردەم، گۆڕانکارییەکان، دیاردەو دەرکەوتەکان، بە پێی دنیای جیهانگیری، سۆسیال مێدیا، ئابوری ئازاد و بازاڕی ئازادو دنیای ئازاد، لەبەرامبەر کۆی گۆڕانکارییەکان، خۆی کۆکردۆتەوە؟ خۆی ڕێکخستۆتەودو خۆی گونجاندۆتەوە؟ سەرەنجامی هەڵبژاردن پێماندەڵێت نەخێر..!

ئێستا لەدونیایەکی تر و سەردەمێکی تردایان، بۆیە پێویستە مێشکی خۆتان بگوشن و بیرکردنەوەتان رابچەڵەکێن! چونکە ئاییندەمان لە رابردوو زیاتر، پڕدەبێ لە گۆڕانکاری. بۆیە هەڤاڵان دەبێ بەئاگابن، لەوەی لێپرسراوێتییەکی گەورەتان لەسەرشانە، بەو دەسەڵاتە مەعریفی، مەدەنی، دیموکراسییەی هەتانە. کادری چالاکیش هەمیشە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەڕوات و کاریگەریشی لەسەر گۆڕانی دیاردە نێگەتیڤەکان دەبێ. بۆیە ئێوەی کادری ڕێکخراوەیی و دیموکراتی، پێویستە بەرنامەی پێویستان هەبێت و بە خەباتی ڕێکخراوەیی و مەدەنی، قەرەبووی دەسەڵاتی سیاسیش بکەنەوە. ئەوپەڕی ئازادی و سەربەخۆیی، لەکاری ڕێکخراوەیی و تێگەیاندنی ڕێکخراوەکان بەستراتیجی دیموکراسی و ئازادیی و مەدەنییەتی یەکێتی، یەکێتی باشتر لە لایەنەکانی تر بیر لەدیموکراسی و مەدەنی بکاتەوە، لەناو ڕێکخراوەکان، لەناو سەندیکاکان و سەرنجام کە پەروەردەی دەکەیت بە دیموکراسی و مەدەنی، ڕۆژێک لەرۆژان کە یەکێتی پێویستی بە دەنگدان بوو، جیاوازییەکانی یەکێتی بۆ دیموکراسی و مەدەنی وایلێدەکات کە دەنگ بەیەکێتی بدات بەبێئەوەی ئەندامی یەکێتیش بێت.

دەتوانن بە زۆری زۆرداری (١٠٠) کەس بکەن بە ئەندامی یەکێتی، هەڕەشەی لێبکەن، نانی ببڕن و پلەی بەرز نەکەنەوە، بەڵام یەکێتی ناتوانێ بە نانبڕێن وبەهەڕەشەکردن زۆرترین جەماوەری دیموکراسی و مەدەنی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە! ئەگەر سیاسەتی دیموکراسی و مەدەنیانەی نەبێت لەناو خەڵکدا. ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندی ئۆرگانیکی نێوان حزب و ڕێکخراوەکان، ئەو پەیوەندییەش فەلسەفەیە و خوێندنەوەو قوڵبونەوەی دەوێت.

رێکنەکەوتنی یەکێتی و پارتی، دەگەڕێتەوە بۆ قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان!

دیداری کۆمەڵەی گزنگی کوردستان، (٢٠٢٢/١/١٥)

هێشتا کە دەبینم رێکخراوەکەتان چالاکە،ساڵەهای ساڵە رۆڵێکی چالاکتان هەبووەو کۆبوونەوەی ئەو هەموو گەنج و لاوەش لەدەورتان، سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە گەنج و لاوی ئەم سەردەمە، ئەگەر رێکخراوێک هەبێت دەربڕی بیرو بۆچونەکانی و خولیاکانی بێت، دەتوانێ درێژە بەخەبات، بە چالاکی و تێکۆشانی دیموکراسی بدات.

زۆر گرنگیشە کە بزانین لەرابردوودا، چەقی خەبات و چالاکی لەشارە گەورەکاندا بوو، بەڵام لەدوای راپەڕینەوە، ساڵ لەدوای ساڵ، خەباتی دیموکراسی و مەدەنی لە شارە گەورەکانەوە، بۆ شارە بچوکەکان، قەزاو ناحییەکان پەرەیسەندووە، لەکاتێکدا پێشتر هەموو ئەو چالاکی و کاری رێکخراوەییانە بەمجۆرە نەبوون و حزب و حزبایەتی بوون، یان حزبی بوون، یان حزبی نەبوون! بەڵام ئێستا حزبیشی، رێکخراویت و سەندیکاشی، لەناو کرێکارانیش خەبات دەکەیت، لەناو خوێندکاران، لاوان، رێکخراوی مەدەنی خەبات دەکەیت، ئەمەش دیاردەیەکی تازەیە، لە دوای راپەڕینەوە هاتۆتە کوردستانەوە، کە هەر ئەمەشە وادەکات بونیادی بناغەی کۆمەڵێکی مەدەنی دابنرێت و وردە وردە جیاوازییەکانی شارو لادێ کەمبێتەوە، جیاوازییەکانی شاری گەورەو بچوک کەمببێتەوە، شارستانی بە ئاسۆیی بڵاوبێتەوە، نەک بە ستونی..!

واتە: لەسەرەوە پێشکەوتن هەبێت و لەخوارەوە دواکەوتوویی هەبێ، لە لوتکە پێشکەوتن و لەخوارەوە دواکەوتوویی، نەخێر! بەڵکو ئێستا چالاکی بڵاوبۆتەوە، پان بۆتەوە و رووبەری چالاکییەکان زیادیان کردووە، فراوان بووە، خۆشبەختانەش هاوشانی ئەوەی کە ڕاپەڕینی (١٩٩١) کە هەموو خەڵکی هێنایە جۆش و خرۆش، خەڵکی هێنایە کۆڕی خەبات و خەباتی دیموکراسی و مەدەنی، هاوزەمانی ئەوە، ساڵی (١٩٩٢-١٩٩٣- ١٩٩٤) کۆمپیوتەر، مۆبایل و ئینتەرنێتیش هاتنە کوردستان، بە هاتنی ئەم تەکنیک و تەکنەلۆجیایە، دنیای ئینتەرنێت و دیجیتاڵ، دنیای سۆشیال میدیا بەگشتی، هەموو ئەمانە پێکەوە بەڵگەی ئەوەن، لە سەردەمێکدا دەژین، کە گۆڕانکاری زۆر گەورەی بەسەردا هاتووە و لە چەند ساڵانی ئاییندەشدا، تەکنیک و تەکنەلۆجیا، بەڕادەیەکی زۆرتر گەشە دەکات. چونکە ئەگەر هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لەماوەی (١٠)

ساڵدا روویدابێت، کەواتە لە (١٠) ساڵی دواتردا دەبێ چی رووبدات؟! بێگومان تەکنیک و تەکنەلۆجیاش (پیشەسازی ورد)، بێئەندازە گەشە دەکات و داهێنراوی وا دێتە ئاراوە خەیاڵە! کە بە دڵنیاییەوە، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی رویانداوە و روودەدەن، لەخزمەتی ئێوەی گەنج و لاوانی سەردەمدا دەبێت.

بۆیە ئێوەی نەوەی سەردەم، خۆتان بۆ گۆڕانکاریی و پێشکەوتنی زۆر گەورە ئامادە بکەن، ئەوەی ئێستا سەختە لە (١٠) ساڵی ئاییندەدا تەخت دەبێت بۆتان! بۆیە نەوەی ئێوە، کە نەوەی تێگەیشتن و پێگەیشتنن، وردە وردە دەبنە خاوەنی ئەم وڵاتەو لەناو ئێوەشدا، ئاییندە دروستدەبێت.

بەشێکی ئەم قسانە بۆ ئەوەیە، ئێوەی نەوەی ئەم سەردەمە تێبگەن کە نەوەیەکی خۆشبەختن، نەک بەدبەخت! خۆشبەختن بەوەی ئازادی هەیە، گۆڕانکاری زۆر گەورەو فراوان لە دنیادا هەیە، خۆشبەختن بەوەی ئامێری زۆر جوان، پێویست و بەکەڵک لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە و دادەهێنرێ! ئەوەی دەمێنێتەوە باری ئابورییە..!

باری ئابوری، راستە ئێستا لە قەیراندایین، حکومەتی کوردستان لە قەیراندایە! بەڵام قەیران لەمێژوودا کاتییە! هەرێمی کوردستان بمێنێ، قەیرانەکان هەموویان چارەسەر دەبن. هەرێمی کوردستانیش نەمێنێ، هیچمان نامێنێ! دەگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئەنفال و نەهامەتییەکان! ئەوکات حزبی بەعس حوکمی دەکردین، ئێستا شیعە.

سەیری کەرکوک بکەن، شەنگال، دووز خورماتوو، خانەقین بکەن و بزانن لە چ دۆخێکدایە! سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە و قەزاکانی تری کوردستان، ناحیەو دێهاتەکان، بەراوردیان بکەن بەو ناوچانە، زەویی و ئاسمان جیاوازن!

هەر لە ئازادی، لە پێشکەوتن، لەشەقامەکان، هەمووی جیاوازن! راستە کە کەموکوڕیی و قەیرانیشمان هەیە! گەندەڵی هەیەو ناڵێین نییە، دزیی و بێ ویژدانی واش هەیە، مرۆڤ شەرمەزار دەکات! بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدام سەرمان بەرزبێت، ئەوە بۆ (٣١) ساڵی رەبەق دەچێت، خاوەن قەوارەیەکین بەناوی (کوردستان)، ئەم قەوارەیە کەوتۆتە سەردەمێک، پێشکەوتوو، پڕ لەگۆڕانکاریی و دنیاش هەمووی، لە بۆڕبۆڕێندایە، کە کۆمپانیا و دەوڵەتەکان بێنە کوردستان.

بۆیە، قەیرانەکانی ئێستا و پاشکەوتەکانی موچە، زۆر دڵتان نەکات و وا مەزانن کۆتایی مێژووە! ئەمە کۆتایی مێژوو نییە! بەڵکو ئەمە سەرەتای مێژووە. بۆ سەرەتای مێژووە؟

لەبەرئەوەی کە قەیرانەکان چارەسەرکران، دەرسی لی وەردەگیرێت و جارێکی تر هۆکارەکانی دروستبوونەوەی قەیران، لەکوردستان و لەناوماندا سەرهەڵنەداتەوە! حکومەتەکانیش هەر بەمشێوەیە سەرکەوتوودەبن لە ژیانی خۆیاندا. هەموو ئەمانەش وادەکەن پێویستبکات، ئێوەش لە گەشەکردنی ئاییندەوە سەیری خۆتان بکەن.

سەبارەت بە دۆخی عیراقیش، لە دۆخێکدایین، کە شەش مانگ پێش ئێستا وتم:

ئەگەر لە عیراق هەڵبژاردن بکرێت، ئەوا ئەو هێزانەی لە هەڵبژاردن نایبەنەوە، ئەگەر پێش هەڵبژاردن

کینەدەن! لەدوای هەڵبژاردن تێکیدەدەن! ئێستا دەبینین عیراق چی بەسەرهاتووە؟! حزب هەیە دەنگی
می هێناوەو هەشە دەنگی زۆری هێناوە. ئەم سروشتییە و دەبێ فێری بین، دەنگی زۆر و دەنگی کەم،
دەی گەلە. پەیوەندی بەوەو نییە کێ هێزی زۆرەو کێ هێزی کەمە، ئەگەرچی راستە هێزو چەکدار
یان زۆرەو کاریگەرییان هەیە، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەمەش تا سەر وانامێنێت!

ئەوەتا عیراق لە دۆخێکداین، دادگای فیدراڵی سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەڵپەساردووە، سەرۆک
مار و سەرۆک وەزیران لە کێشمەکێشێکی زۆردایە، شیعە تەواو لێکترازاون، سونە رێککەوتوون، بەڵام
داخەوە کورد ڕێکنەکەوتووە! باوەڕیشموایە رێکنەکەوتنی هێزە کوردییەکان، بەتایبەتی یەکێتی و پارتی،
ۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێک لەمەوبەر، ناکۆکییەکانیان ئەوەندە قوڵکردەوە، سەرەنجام
مانتوانی رێککەوتنێکی وا بکەین، کە لەبەغداد درێژەی بدەینێ و بەهەر هۆیەکبێ کۆبوونەوەکانی
کێتی و پارتی پەکی نەکەوێ!

ساڵانی رابردوو یەکێتی و پارتی زۆر دژایەتی یەکمانکرد، ئەمەش هەڵەبوو، چ پارتی و چ یەکێتی!
هەموو ئەو دژایەتییە لەپای چی و لەسایەی چی، هێشتا میللەتێکی بەدبەختین، نەتەوەیەکی پەنجا
لیۆنین و لەچوار بەشی کوردستان، تەنها ئەم بەشەی کوردستان و ئەم دەسەڵاتەمان هەیە، ئەم دەسەڵات
و هەرێمەش ئومێدی هەموو نەتەوەکەمانە، نەیپارێزین، گەشەی پێنەدەین، سەرینەخەین، نائومێدییەکی
گەورە لەسەرتاسەری کوردستان دروستدەبێت. لەکاتێکدا، سەربەرزی هەریەکەشمان بە نەتەوەکەمانە!

تێڕوانینیشم وایە، ئەم دۆخەی عیراق، دۆخێکە یان تا چەند مانگی داهاتوو چارەسەر دەکرێت، یان ئەم
کێشمە کێشە بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوامدەبێت. بەڵام شینی من، شینی کوردە! وەکو هێمن دەڵێت:
شینی من، شینی کوردی بێبەشە، ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە! ئەوەتا، تەنها لەسەر ئەوەی
منداڵانی کوردی فێری زمانی کوردی کردووە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان، کچە مامۆستا (زارا محەمەدی)
دادگایی دەکرێت! لەکاتێکدا ئەدەبی کوردی، گۆرانی کوردیی و زمانی کوردیش بە ئاشکرا هەیە! بەڵام لە
باکوری کوردستان، نەتەوەکەمان مافیان نییە بە کوردی بخوێنن! لە رۆژئاوای کوردستانیش، لە دۆخێکدان
هێشتا نازانن حکومەتی بەشار ئەسەدو بەعس دەگەڕێنەوە یاننا؟

خۆشمان لەعیراقدا، کە هێشتا نەبووە بە وڵاتێکی دیموکراسی راستەقینە، ئەگەرچی هەڵبژاردن هەیە،
بەڵام هەڵبژاردن پێوەر نییە بۆ دیموکراسی! چونکە هەموو شتێکی دیموکراسی هەڵبژاردن نییە! بەڵکو
کۆی ئامانجەکانی دیموکراسی هەڵبژاردنە، دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە، مافی ژن، کەمکردنەوەی
جیاوازییەکانی شارو لادێ، پەرەپێدانی پەروەردەیە، ئەقڵ و شارستانییەتە، قبوڵکردنی ئۆپۆزسیۆن و
قبوڵکردنی رەخنەو جیاوازییەکان و ..تد، هەموو ئەمانەش پێکەوە ئامانجەکانی دیموکراسییە. دیموکراسی
هەر ئەوەنییە چوا ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکرێت بزانرێت چ حزبێک بەهێزی چەکدارەوە دەردەچێت
یاننا! نەخێر..

راستە هێزی چەکدار گرنگە، بەڵام نابێ ئەمە تاسەر وابمێنێ، هێزی چەکداری کەسی و حزبی بمێنێ،

بەڵکو دەبێ وردە وردە، هێزی سوپای یەکگرتوو دروستببێت، یەکێکیش لەنهێنییەکانی سەرکەوتنی ئیسرائیل و سەرکەوتنەکانی لە جەنگەکاندا، ئەوەیە یەک سوپای هەیە. بۆیە ئێمەش تا سوپاکەمان رێکنەخەین و مەشقیان پێنەکەین و نەیکەین بەسوپایەکی هاوچەرخ، بەشێکی سوپاکە لە سیاسەت، دەسەڵات، لە حزبایەتی و ناوچەگەرێتی، پاشان لەدزی گەندەڵی و تاڵانیشدا رەنگدەداتەوە..!

ئەوەی تاڵانی دەکات بەهێزە چەکدارەکەی تاڵانی دەکات! هێزی چەکداری نەبێت ناتوانێ ئەوە بکات، بۆیە هەموو ئەو هێزانە دەبێ لە ئاییندەدا یەکبگرن و ئەمریکا و هاوپەیمانانیش خەریکی ئەوەن سوپای کوردستان، یەکبخەن.

ئومێدەواریشم، لەسنورەکەتاندا چالاکبن و رۆحیەت و ئەقڵی جوان پەروەردە بکەن و فیربن لەجوانی و پێشکەوتنەکانی ژیان کە لەبەردەستە. بە چەکی ئەقڵ ئێمەی کورد سەردەکەوین، نەک بەهێزی چەکدار! بەدرێژایی مێژوو کورد هێزی چەوکداری هەبووە، بەڵام هەمیشە شکستیخواردووە. بۆ زانیاریشتان ئەم شۆڕشە ئەگەر داگیرکردنی کوەیت و راپەڕین نەبوایە، شکستمان دەخوارد! بۆیە ئەوەی پێویستە دەبێ ئەقڵ پەروەردە بکەین و بەهێزی ئەقڵ بەگەری رووداوەکان بگرین. چونکە هەمیشە هێزی ئەقڵ لە هێزی تفەنگ کاریگەرتر وتەمەن درێژتر بووە.

(٧٠٠) هەزار هاووڵاتی، متمانەیان لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان وەرگرتۆتەوە!

دیداری ژمارەیەك کەسایەتی و پیاوماقوڵانی عەشرەتی نورەدین لەدەڤەری قەڵادزێو پشدەر.. (٢٠٢٢/١/١٦

دەبینی هەڵەو هەڵدێر زۆرە، گەندەڵی و کاری نابەجێ زۆرە، بەڵام خۆشبەختین ئەم ئەزمونەمان، سەرەڕای هەموو پیلانەکان و هەڵەکان و کێشەکان، لەشۆڕشی نوێوە تا ئێستا، بەرگەی هەموو ڕووداوەکانی گرتووەو سەرەنجام گەیشتوینەتە هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردن، پەرلەمان، حکومەت و بەردەوامیشین.

لەکاتێکدا لە شۆڕشەکانی دوو سەد ساڵەی ڕابردووی کوردەواری خۆماندا، ئەوە نەبووە بەرگەی ڕووداوەکان بگرن و درێژەی پێبدەن! پیلانگێڕی هەڵبوەشێننەوە، بەڵکو بەدرێژایی مێژوو لەناوچەیەک لەناوچەکان و لەناو هۆزێک لە هۆزەکان، لە مەڵبەندێک لە مەڵبەندەکان، ڕاپەڕینی چەکداری بووە بۆ ماوەیەک، درێژترین ڕاپەڕینی چەکدارییش لە کوردستاندا، لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا تا پێش شۆڕشی ئەیلول، هیچکامیان نەگەیشتونەتە دوو ساڵ و دامرکێندراونەتەوە! بە پیلان کۆتاییان پێهێناوەو دامرکێندراوەتەوە.

شۆڕشی ئەیلول (١٤) ساڵی خایاند، جیاواز لەهەموو شۆڕشەکانی تر، کە شۆڕشێکی باشتر بوو، بەڵام ئەویش بەرگەی ڕێککەوتننامەی جەزائیری نەگرت و کۆتاییان پێهێنا!

سەرەنجام شۆڕشی نوێ بەرپابوو، کە زۆرتر لە هەموو شۆڕشەکانی تری بەسەرداهات. زۆرترین کارەسات، زۆرترین مەرگەسات، زۆرترین دێهاتی ڕاگوێزران و شەش قەزا تەختی خاک کران، (٢٨) ناحییە نەماو (١٨٤) هەزار ئەنفال کراین و کیمیاباران کراین، هەڵەبجە، بالیسان، بازێی بادینان، سێوسێنان، گۆپتەپە و قەرەداخ و دەشتی کۆیە، واتا کوردستان کرایە دۆزەخ..!

ناوچەی گەرمیان و چەمچەماڵ کرانە ئەنفالستان و تەواوی کوردستان کرانە دۆزەخ! لە دۆزەخیشدا ژیان نامێنێ! کوردستانیش لەسەر دەستی فاشستەکانی عیراق کرایە دۆزەخ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڕابەرایەتی جەنابی مام جەلال، خۆی گرت و چۆکی دانەدا، هەرەسینەهێنا و ئاڵای سپی هەڵنەکرد. لەناو هاوکێشەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی مایەوە و مام جەلال هەتا لە شاخ بوو،

هەتا ئەنفالەکانیش هەر لەناو پێشمەرگەدا بوو.. ئەو مێژووەش ئێجگار جوانە.

ئێوەش خۆتان لە دەڤەرێکدان، لەدەڤەرەکانی تر زیاتر شاهێدی میژووی یەکێتین، شاهێدی مێژووی مەکتەبی سیاسی و عەسکەریی و جەنابی مام جەلال-یشن.. بۆ خۆشم لە سالی (١٩٧٨)ەوە هەتا (١٩٨٢) و تا ئەوکاتەی چووم بووم بە لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانی، هەر لەو دەڤەرە بوومو دەزانم قەڵادزێ و رانییە، دەزانم سەنگەسەر، دەزانم دێهات و عەشرەتەکانی، هەموو ئەو هۆزو کەسوکارەی ئەوێ، تەنانەت ئەوانەشی بەناچاری چەکیان بۆ حکومەت هەڵگرتبوو، ببونە پەناگای یەکێتی. دەڤەرەکەی ئێوە و ئێوەومانان، زۆرتر لەدەڤەرەکانی تر هەم یەکێتی و هەم سەرکردەکانی دەناسن، هەم قوربانیدان، سیاسەت و خەباتەکەشی باش باش دەناسن.

دەمەوێ بڵێم: ئێمە بۆ شۆڕش، هیچ کەموکوڕییەکمان لەخەباتو مقاوەمەتدا نییە، راستە هەڵەمان لەسیاسەتدا هەبووە، بەڵام ئەوەی لەسیاسەتدا مەحەك و پێوەر، ئەنجامە! ئەنجامی خەبات و سیاسەت و رێبازەکەیە.. ئەو ئەنجامەشی هەیە، دەیسەلمێنێ سەرکەوتووبوین و هەڵنەهاتین، چونکە هەڵهاتن لەجوامێری یەکێتی ناوەشێتەوە! هەربۆیە یەکێتی مایەوە، شۆڕشگێڕێتی و خەباتی سیاسی مایەوە، تا گەیشتە راپەڕین.

راپەڕین، وێستگەیەکی ترە لەمێژووی یەکێتی، کە بەوهەموو قوربانی و بەدبەختییە، شاخ رزگاری نەکردین، بەڵام راپەڕین رزگاری کردین و سەرکەوتین. لەمێژووشماندا یەک راپەڕینی تر هەیە، کە جێگەی شانازییە و ئەویش راپەڕینی رەشی (٦)ی ئەیلوولی (١٩٣٠) بەر دەرکی سەرای سلێمانی.

بەدرێژایی مێژوو هەڵەی ستراتیجی کورد ئەوەبووە، لە هەموو قۆناغێک و هەلومەرجێکدا، گۆڕابێت و نەگۆڕابێت، هەر هانامان بۆ شاخ بردووە، هەر وامانزانیوە بە شاخ و شۆڕشی چەکداری رزگارمان دەبێت..! کەچی هیچ جارێکیش رزگارمان نەبووە! ئەمجارەش لە شۆڕشی نوێ، بەو هەموو خۆڕاگریی، قوربانی، بەدبەختی، کارەسات و مەرگەساتەوە، شاخ رزگاری نەکردین..! بەڵکو داگیرکردنی کوەیت و پاشان راپەڕین رزگاری کردین!

ئەگەر داگیرکردنی کوەیت نەبوایە راپەڕین نەدەبوو، راپەڕینیش نەبوایە، بەو پارتیزانانەی لەشاخ مابونەوە، نەماندەتوانی صەدام بروخێنین! ئەگەرچی صەدام لەکوەیت بەتەواوی تێکشکێنراو دەرپەڕێندرا، کەچی بەو تێکشکاویی‌و سەرشۆڕییە لەکوەیت گەڕابۆوە، لەدوای راپەڕین هاتەوە کوردستان‌و ئێمەی شکاند و کۆڕەوە گەورەکەی توش کردین. واتا حکومەتی بەعس، بە شکاوی، بەسەرشۆڕی و بە زەلیلی، لەکاتێکدا بەشێک لە ئەفسەر و سەربازەکان لەکوەیت پۆستاڵی ئەمریکیان ماچ دەکرد، بەڵام بەو حاڵەشەوە کە هاتنەوە کوردستان، بە (١٠) کۆپتەر ئێمەیان تا سەرسنور، راونا..!

ئەو شکانەش لەکۆڕەودا، دوو هۆکاری هەیە، یەکەم: دڕندەیی حکومەتی بەعس بوو، کە خەڵك لەڕووی دەروونییەوە، باوەڕی وابوو ئەمجارەش کیمیایی بەکاردەهێنێت، بۆیە هانای بۆ سنورەکان برد..!

هۆکاری دووەهەمیش: بەرەی کوردستانی، خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی بۆ دۆخی دوای راپەڕین نەبوو..! بەرنامەیەکی عەسکەری رێکوپێکی بۆ مقاوەمەت نەبوو، سەنگەربەندی باش نەکرا لەکەرکوك و ناوچە جیاوازەکانو بەرگرییەکی لاوازمان کرد، بۆیە حکومەتی ئەوکاتی عیراقیش، بەو لاوازییەوە توانی بمانشکێنێ!

بەداخیشەوە، هەندێ رەفتاری ناشرین و فرکان فرکانی دزیش کرا، کە خەڵك و پێشمەرگەی بێتاقەت کرد. بەڵام کۆڕەوەکە، سەرەنجام رایگشتی دونیای هەژاندو ئەو شکانە بەخێرشکایەوەو ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری (٦٨٨) و پاراستنی ناوچەی ئازاد بۆ کوردستان دابین دەکرێت.

بەداخیشەوە، کاتێک لە کۆرەو گەڕاینەوە، بەرەی کوردستانی نەیتوانی حوکمێکی باش بکات..! هەتا گەیشتینە هەڵبژاردن و پەرلەمانو حکومەتی کوردستان هەڵبژێردرا، سەرەڕای هەموو کێشمەکێشەکانی هەر لەوکاتەوە لەسەر فیدراڵی یان حومکی زاتی، ئاڵای عیراق و وێنەی صەدام دابگرین یان داینەگرین! دروستبوون.. بەڵام خۆشبەختانە یەکێتی، بەگەرمی باسی فیدراڵی دەکرد و وڵاتانیش قبوڵیان کرد، فیدراڵی لە کوردستاندا هەبێت.

لەساڵی (١٩٩٢)ەوە هەتا ئێستا، کە هەشت کابینەی حکومەت گۆڕدراوە، بێ ویژدانییەکی گەورەیە بڵێین هیچ نەکراوە، لەکاتێکدا کوردستان لەهەموو بارێکەوە گەشەی کردووەو جیاوازییەکە زۆر زۆرە، بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەوەیە، ئایا لەمەی ئێستا باشتر دەکرا، یاننا؟

بێگومان دەکرا..! زۆر لەوەی ئێستا باشتر و زۆرتر پێشبخرایە.. سەنگافورەش باشترین نمونەیە کە بە(٣٠) ساڵ توانی لەوڵاتێکی دواکەوتووەوە، ببێتە یەکێك لەباشترین و خۆشگوزەرانترین وڵاتەکانی دونیا.. بانکی سەنگافورە، زیاتر لە(٨٠٠) ملیار دۆلاری تێدایەو بانکی کوردستانیش لەدوای (٣٠) ساڵ (٢٣ بۆ ٢٤) ملیار دۆلار قەرزارە! سەنگافورە، قەترەیەك نەوتی نییەو ئێمەش نەوت دەفرۆشین، سەنگافورە غازی نییەو ئێمە غازیشمان هەیە..!

سەنگافورە، تەنها یەك خەسڵەتی لەکوردستان باشترە، کە دەریای هەیەو کوردستان دەریای نییە! ئەگەرنا هەموو هۆکارەکانی پێشکەوتن بۆ کوردستان، زۆر لەسەنگافورە باشترە.

بەداخەوە، سەرەڕای دەستکەوتەکان کە کەمنین، بەڵام لەحوکمڕانی کوردستاندا کەوتوینەتە بەردەم نارەزایەتییەکی زۆری خەڵك، بەڵگەشم دوا ئەنجامی هەڵبژاردنە، کە هەرسێ حزبی ناو دەسەڵات (پارتی، یەکێتی، گۆڕان)، پێکەوە (٧٠٠) هەزار دەنگ دابەزیون!

واتە: (٧٠٠) هەزار هاووڵاتی ئامادەنەبوون دەنگمان بدەنێ..! ئەمەش بڕیاری میللەتە بەرامبەر بەدەسەڵات، نەك تەنها حزب، کە ئەم رێژە زۆرەی لەمتمانە لێوەرگیراوەتەوە!

بۆ گێڕانەوەی ئەو رێژەی دەنگو متمانەیەش بۆ شوێنی خۆی (١٠-١٥) ساڵ تێکۆشانی پێویستە! بۆیە ئەوەی رویداوە، کارەساتێکی جەماوەرییە..! ئەگەر ئەخلاقی سیاسی و ویژدانی سیاسیمان هەبێ و باوەڕمانوابێ میللەت سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە، دەبێ دابەزینی (٧٠٠) هەزار دەنگ،

بەکارەساتێکی جەماوەری بزانین، ئەگەرنا باوەڕمان هەروابێ دەنگ بهێنین یان نەیهێنین و گوێی نەدەینێ، ئەمە بابەتێکی ترەو ئەقڵییەتی دەسەڵاتێکە، کە نایەوێ بیر لەدیموکراسی بکاتەوە..!

پرسیارێکی تر ئەوەیە، ئێستا لە چ قۆناغێکداین..؟ بینیتان گەیشتینە بەغداد و دەشبینین گفتوگۆ لە بەغداد بۆ پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان و دەستنیشانکردنی سەرۆککۆمار، دەستپێکردووە.

باشبوو وەفدی هاوبەشی یەکێتی و پارتی پێکەوەچوونە بەغداد، خۆزگە هەموو حزبەکانی تریشی لەووەفدەکەدا بونایە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ، دیسانەوە لێك دەترازێین! بەداخەوە یەکێتی و پارتی و ئەم پەلەپەلەیان لەچییەو بۆ هەناسەیان درێژ ناکەن؟! ئاخر دوو ڕۆژ چییە بۆ مێژوو..؟! بۆ چارەنوسی میللەتێك، بۆ دان بەخۆدا ناگرن تا لێکنەترازێن..!

دەبوایە یەکێتی پێشتر بیزانیایە پارتی لەگەڵ صەدرو سوننەکان ڕێککەوتووەو چەندینجار وەفدی صەدرو سوننەکان هاتونەتە هەولێرو وەفدی پارتیش چۆتە بەغداد، ئەمەش مانای ئەوەیە پارتی لەگەڵ صەدرو سوننەکان زۆر چۆتە پێشەوە، بۆیە کاتێك وەفدی هاوبەشی یەکێتی و پارتی پێکهێنرا، دەبوایە یەکێتی بیوتایە، ئایە پارتی ئێوە لەگەڵ صەدرو سوننەکان ڕێککەوتوون یاننا؟! ئەگەر ڕێککەوتوون و کۆتاییتان پێهێناوە، ئەوا ئێمەی یەکێتی، وەکو وەفدی هاوبەش نایەین بۆ بەغداد..! ئەگەر ڕێکیش نەکەوتوون فەرموو با بەرنامەی هاوبەش دابنێین بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ صەدرو سوننەکانو لایەنەکانی تریشدا. هەربۆیە دوای دووسەعات، وەفدە هاوبەشەکە تێکدراو ئەمەش مایەی داخە چارەنوسی گەلێك و میللەتێك بەدوو سەعات تێکبچێت..!

ئێستاش، لەدوای هەڵپەساردنی سەرۆکایەتی نوێی پەرلەمان، لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە بە کاتی، دەرفەتێک کەوتۆتە دەست یەکێتی و پارتی و تروسکاییەکی چارەسەر دەبیندرێ. بۆیە تکا دەکەین لەمەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەم دوولایەنە، تکایە ئەو تروسکاییە مەکوژێننەوە و زیاتری بکەن نەك کەمتر. زووتر بکەونە گفتوگۆ و خاڵە هاوبەشەکان بەسەر خاڵە ناکۆکەکاندا زاڵ بکەن و پۆستێك ئەوە ناهێنێت، پارتی و یەکێتی ساڵەهای تر لەگەڵ یەکتر بیکێڵن!

کێشەی کورد ئەوە ناهێنێ بۆ پۆستێک گیربخۆین لەسەری، گەورەیش بۆ ئەوە کەسەیە دەست لەپۆست هەڵدەگرێت و یەکێتی ڕیزەکانی کورد دابین دەکات.. مێژووش ئەمە دەنوسێ نەک ئەوەی چەند پۆستت بەدەستەوەیە. مێژوو ئەوە دەنوسێت، کە چەند کێشەت چارەسەر کردووە.

ئایا ئێمە خەباتمانکرد بۆ ئەوەی پۆست بەدەستبهێنین، یان ئەوەی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان بەدەستبهێنین؟! هەمیشەش گەورەیی بۆ ئەو کەسەیە واز لەپۆست دەهێنێت و ڕیزەکانی کورد یەکدەخات، جا هەرکەسێک بێت، یەکێتی یان پارتی.

دیموکراسی بەکۆمەڵی مەدەنی دادەمەزرێ نەك بە دەسەڵات!

دیداری رێکخراوی سپارک-ی هۆڵەندی، (٢٠٢٢/١/١٨) سلێمانی...
رێکخراوی سپارک، رێکخراوێکی نێودەوڵەتییەو لە (١٧) وڵات نوسینگەی هەیە.

ئەم کار و پرۆژانە جێی خۆی دەگرێت و بەم پرۆژانەش دوای چەند ساڵێک گۆڕانکاری مەدەنی دێتەدی، چونکە دیموکراسی لەئۆرۆپا تەنها بە دەسەڵات دانەمەزراوە، بەڵکو بەکۆمەڵی مەدەنی دامەزراوە، واتا لەلوتکەوە دیموکراسی شۆڕنەبۆتەوە بۆ خوارەوە، بەڵکو لە دامێنەوە کارو خەباتی مەدەنی و سەندیکایی کراوە.

خەباتی مەدەنی، بە ئەرکێکی چارەنوسسازی مەدەنی دەزانم، باوەڕیشموایە هەتا دیموکراسی شۆڕ نەکەینەوە بۆ کۆمەڵ و کۆمەڵێکی دیموکرات دروست نەکەین، ناتوانین لە پرۆسەی دیموکراسی دڵنیابین کە تەواوی ئامانجەکانی بەدیبهێنێت. بەڵکو نەک ناتوانین بەبێ خەباتی مەدەنی تەواوی ئامانجەکانی دیموکراسی بەدەستبهێنین، بگرە هەڵگەڕانەوە لە دیموکراسی نەک بەدیهێنانی دیموکراسی، ئەگەرێکی بەهێزە. بۆیە بونی رێکخراوەکەی ئێوەو هاوشێوەکانی ئێوە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی گرنگە.

دزیی و گەندەڵی و مانەوەی تەعریب..!

دیداری مەکتەبی کۆمەڵایەتی خانەقین..
رۆژی (٢٠٢٢/٣/١٧) سلێمانی

کاکەییەکان، هەمیشە قازانجیان بۆ خانەقین هەبووە، نەك زیان.. هەربۆیە خانەقینییەکان، لەهەر نەتەوەو مەزهەبێکبن، لەهەر ئۆرگان و رێکخراوێکدابن، بۆ من مایەی شانازین، چونکە لەدوای راپەڕین سەلمێنرا، (٣٥) ساڵی دەسەڵاتی بەعس، تەعریب و تەرحیل، نەیتوانیوە کاریگەری لەسەریان هەبێت، هەست و نەستیان، ناسنامەو بیروباوەڕیان بەرامبەر کوردستانییەتی شارەکە بگۆڕێت.

ناخی هەموو خانەقینییەك، وەکو رەگ و ریشەی دار خورماکانی شارەکە، بەخاکی کوردستانێتی خانەقیندا رۆچووە، لەویژدان و لەمێژووی شارەکەدایە و ئەمەش شانازییەکی گەورەیەو ئێمەومانانیش توانیمان ئەم ئەم رەگو ریشەیە بپارێزین.

بێگومان ئەم رۆحییەتە خانەقین‌و خانەقینییەکان سەردەخات، چونکە بەعس بە(٣٥) ساڵ نەیتوانی کوردستانییەتی شارەکە بکات بەعەرەب، بێگومان ئەم حکومەتەی ئێستاش مەحاڵە بتوانێ!

چونکە باش دەزانن سەرەڕای هەر بارودۆخێکی ناهەموار، کە شارەکەی گرتبێتەوەو خەڵکەکەی نیگەران و تورەش کردبێ، بەڵام کوردایەتی و کوردستانییەتی خەڵکەکەو شارەکەی، هەمیشە گەشاوەبووە.

خۆزگە هەموو شارە تەعریبکراوەکانی کوردستان، وەکو خانەقین، تەعریبیان وەدەربنایە و ئێستا کێشەکانمان زۆر کەمتر دەبوو. بەڵام بەداخەوە لەهەندێك لەو شارو ناوچانە، لەبەر دزیی و گەندەڵی، نەتوانرا ئامانجەکان بۆ بەدەرنانی تەعریب، بێتەدی.

ئەگەرچی بەم دۆخەوە ماندووبوین، بەڵام توانیمان دەستکەوت و ئازادی بۆ خانەقین بەدیبهێنین‌و برایەتی پێکهاتەکانی شارەکەو ئەو کەلتورە جوانانەی خانەقینی پێدەناسرێتەوە، بپارێزین و گەشەشی پێبدەین.

هیواشموایە ئەو دۆخەی ئێستا هەیە، لەئێستا زۆرتر نەخایەنێت و بەنومێدیشم لەدوای هەڵبژاردنی هەردوو سەرۆکایەتی کۆمارو وەزیران، کوردستان وەکو رابردوو مامەڵە لەگەڵ بەغداد نەکات، بەڵکو

یەکێك لەگرنگترین داخوازییەکانی کوردستان لەگەڵ بەغداد دەبێ ماددەی (١٤٠) بێت چونکە نایشارمەوە لە دە ساڵی رابردوودا نەرمییەکی زیاد لەپێویست لەلایەن کوردستانەوە ب جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) هەبووە. ئەو نەرمییەش زیانی لێداوین. بەڵکو زۆرینەی هەمو ئەو وەفدانەی چوونەتە بەغداد بۆ موچەو چارەسەرکردنی کێشە داراییەکان بووە، نەك ب جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، کە دەستورییە.

ناکرێ بەیەك ئاراستە
بیر لەڕێکخراوی دیموکراتی بکرێتەوە!

دیداری ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی..
ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/٢٨) سلێمانی

وەکو کورد لەقۆناغی راگوزەری دیموکراسیداین، کە هێشتا دیموکراسی سەقامگیر نەبووە و ئۆرگانەکان و پایەکانی بۆ کامڵ بوونی پرۆسەکە زۆری ماوە! لەم قۆناغەدا کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کەلتوری، سایکۆلۆجی هەیە و ئەمەش دەخایەنێت هەتا بندەنێتەوە زۆری دەوێت.

ئەگەر مالیزیای لێدەربکەین، هیچ ئەزمونێکی دیموکراسی نییە بەم قۆناغەدا تێپەڕنەبووێت، ئەم قۆناغەش لەهەموو قۆناغەکانی دیکە، هیلاکی زۆرتری دەوێت و کەمتر لەشۆڕش ماندووبونو دەربەستی ناوێت، بۆ ئەوەی ئەرکەکان رابپەڕێنیت.

یەکێتی و پارتی لەشۆڕشدا هەرچییەکیان وتبێت، ئەوە بۆ شۆڕش بووە، چ راست و چ هەڵە! بەڵام ئێستا بە حکومەتەوە، بە یەکێتی و پارتی، بەگۆڕان و ئۆپۆزسیۆنەوە، بەزیاتر لەهەزاران رێکخراوی ئێنجی ئۆ، ئەم هەموو میدیاو سایت و پەیجە قسە دەکەن، بەڵام هێشتا خەڵکی هەر رەخنە دەگرن و بۆچوونی جیاواز هەیە، خەڵك باوەڕناکات و پەرچە کرداریش زۆرە!

ئەمەش مانای ئەوەیە هێشتا دۆخەکە بنی نەناوەتەوەو سەقامگیر نەبووە. سەقامگیرنەبوونی دۆخەکەش سەبارەت بەسیستەمەکە، حوکمڕانی، حزبە سیاسییەکان و ئۆپۆزسیۆنیش، هێشتا خانەبەندی نەکراوە. چونکە تێکەڵوپێکەڵی لەچەمکەکانو دەربەستییەکاندا هەیە..

لەناو ئەم دۆخەدا، بوونی رێکخراوی ئێنجی ئۆی دیموکراسی گرنگن، گرنگتر ئەوەیە ناکرێ بەیەك ئاراستە بیر لەرێکخراوی دیموکراتی بکرێتەوە، چونکە لەدنیای مەدەنییەتدا یەك ئاراستەو یەك فەلسەفەی دیموکراسی نییە، بەڵکو دەبێ هەمەچەشن بێ، بۆ ئەوەی ئەرکی جۆراوجۆر رابپەڕێنێ.

بوونی ئێوەش وەکو یەکێك لەو رێکخراوانەی ئەرك و ئامانجتان بۆ خۆتان دیاریکردووە، ئومێدەوارم سەرکەوتووبن و بۆشاییەك پڕ بکەنەوە. کە دەشڵێن رێکخراوی مەدەنین، دەبێ ئاشکرا و روونبێ لاتان کە مەدەنیی بون، واتا:

ئەرکەکانی مەدەنیی بون، زیاتر لەمافەکانی خۆت جێبەجێ بکەیت. بەرلەوەی بزانیت مافت چەنـ چییە؟ دەبێ بزانیت مەدەنییەت وەکو کەلتور، مێژوو، فەلسەفە چی لەتۆ دەوێت و بشزانیت چۆن دەتوانـ پەیوەستبیت بەم خەباتەوە، بۆ ئەوەی بەئەندازەی خۆت فاکتەری کاریگەربیت بۆ گۆڕانکارییەکـ ئەگەرنا حزبەکان جۆرەها رێکخراویان هەیە. ئەی بۆچی جگە لەو رێکخراوانەی لایەنەکان، ئێنجی ئۆ سەریانهەڵداوە؟ چونکە ژیان گۆڕاوەو ئەرکەکان جیاوازن.

بوونی رێکخراوەکانیش، بەجیاوازی ئاراستەکانیانەوە، بەپێویست دەزانم و وردە وردەش ژیـ سیاسەت و مەدەنییەت، فێرمان دەکات باشتر خەبات بکەین.

گرنگ ئەوەیە (کێ) لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت، نەك خودی (کورسی)یەکە!

دیداری ژمارەیەك کەسایەتی خانەقین..
ڕۆژی (٢٠٢٢/٦/٤) سلێمانی

خانەقین، ساڵەهایە بە بارودۆخێکی خراپدا تێدەپەڕێت و ئەمەش خەڵکی نیگەران کردووەو ئازاریداون.. هەروەک خەڵکی ناوچەکانی کەرکوك، دووز خورماتوو، سەعدیە، شەنگال و دەروبەریان، لەدوای روخانی بەعسەوە، تامی ئازادیان کردو ئێستاش لەهەست و ویژدانیاندا ئەو ئازادییەیان پاراستووە.

ئەم پاراستنی ئازادییەش لەویژداندا پاڵنەرێکە کە بەردەوام خەبات بکەن بۆ ئەوەی کوردستانییەتی خانەقین کەمنەبێتەوە و مادەی (١٤٠)یش جێبەجێ بکرێت. هەرکاتێکدا بارودۆخێك لەعیراق و دیالە بێتە پێشەوە، دیسان وەك رابردوو، ئازادی بۆ خانەقین بگەڕێتەوە. ئەو ئازادییەی بەتەواوی بەرکەماڵ ببوو.

خاڵێکیش کە جێگەی شانازییە و باشتر لەهەموو شارو ناوچەکانی تر، کە پێیاندەوترێت ناوچەکانی مادەی (١٤٠) لەخانەقین، کورد، عەرەب، تورکمان، شیعە و سوننەو کاکەیی، باشترین پەیوەندیمان هەیە.

زۆر گرنگ و جێگەی بایەخیشە ئەم پەیوەندییە بپارێزین و نەهێڵین هیچ دەسەڵاتێك لەعیراق، لەئێمە دڵسۆزتربێ بۆ تورکمان، بۆ عەرەبی رەسەن و ئازادییەکانی عەقیدە، چ شیعە و چ سوننە و چ کاکەیی و هی تریش. چونکە ناشرینترین و بێزراوترین سیاسەت، کۆتبەندکردنی عەقیدەی خەڵکەو ئەمەش بەرەو دیکتاتۆریەت و فاشیەتی دەبات.

بەهۆی ئەو دۆخە سیاسییەی لەدوای شانزەی ئۆکتۆبەریشەوە هاتۆتە ئارا، تا ئێستا کە چوارساڵ دەکات، نەتوانراوە وەك پێویست خزمەت بەقوربانیو تێکۆشانەکانی بەخانەقین بکرێت.. ئەگەرچی بەشبەحاڵی خۆم درێغیم نەکردووە، بەڵام هێشتا داوای لێبوردن لە خەڵکی خانەقین دەکەم، کە چوار ساڵمان لەدەستچوو بۆ ئەوەی تەواوی خزمەتەکانمان پێشکەش بەشارەکە بکەین، چونکە هیچ شانازییەك لەدونیادا، بەهێندەی شانازیکردن نییە لەخزمەتکردن بەخەڵکەکەی خۆت و رازیکردنیان.

بارودۆخێکیش هاتۆتە پێشەوە، لەوەناچێت عیراق بتوانێت نەك یەك کەس، بەڵکو سەرکردەیەکی

لێوەشاوەی مێژوویی خۆی دروستبکات. هەتا بتوانێت ئەم هەموو داهات و سامانە، بکاتە سەرچ خێرو مایەی بوژاندنەوەی عیراق. ئەمەش سەرەنجامی ئەوەیە یاسا لەعیراقدا جێبەجێ نابێت و م حوکم دەکات و گەندەڵیش پەرە دەسەنێ.

لەناو هەموو سەرۆك كۆمارەکاندشدا ڕێککەوت نییەو تواناو لێهاتوییە کە تەنیا جەنابی مام جە توانی ببێتە سەرۆك كۆمارێکی دیار و وەك جەنابی سیستانی ناوی ناوە (صەمامی ئەمان)ی عیراق بێ

چونکە مام سەلماندی: گرنگ ئەوەیە (کێ) لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت، نەك خودی (کورسی)یە پرسیارەکەش ئەوەیە شەش سەرۆك وەزیران دەسەڵاتیان وەرگرت، ئایا کێ ڕێگەی لێگرتبوون نە گەندەڵی لەعیراقدا بەم ئاستەی ئێستای بگات؟ یا هێز بەکاربهێنن و یاسا بچەسپێنن؟

ئەوەتا عیراق نەیتوانیوە دیاردەی گەندەڵی و دزی و هەژمونی میلیشیا چارەسەر بکات. یاسای نە و گاز پەسەند بکات.. کەچی ناکۆکییەکانی لەگەڵ هەرێم قوڵ دەکات..!

چوونە بەغدادی هێزە کوردستانییەکانیش بەگوتار و ئەجێندای جیاواز، زیانی گەورەی پێگەیاندو ئەگەر پارتی دڵنیایە لەڕێککەوتنەکەیی و دەزانێت بەدڵی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، بۆچی ڕێککە سێ قۆڵییەکەی بڵاوناکاتەوە؟ یا بەرەسمی بڵاویبکاتەوە!

ئەی یەکێتی چ ڕێککەوتنێکی کردووە؟ ئایا چۆن بەبێ ڕێککەوتن دەچێتە سەنگەرێکەوە بەرا بەسەنگەرێکی ترو دەشتەوێت، مەرجەکانت بهێنیتەدی! ئایا یەکێتی بەبێ مەرج دەتوانێ داخوازییەک بهێنێتەدی؟!

لەکاتێکدا لەسەردەمی (مام جەلال)دا، یەکێتی ڕێککەوتنیشی دەکرد، کەچی هێزە عیراقییەکان دە بەدەستیان بەکورد دەکرد..!

پرسیارێکی جەوهەریش کە هەیە، ئەوەیە: بۆ دەبێت لەدوای (٣١) ساڵ لەکوردستاندا گەندەڵی هە بۆچی دەبێ (٢٥) ملیار دۆلار و زیاتر قەرزاربین؟ پرسیارێکی تر ئەوەیە کوا کورد پرۆژەیەکی ستراتیج هاوبەشی هەیە، کاتێك دەچێتە بەغداد؟ چۆن دەبێت میللەتێك بچێت بۆ دانوستاندن، بەڵام پرۆ ستراتیجی هاوبەش و ڕێککەوتنی نەبێ و بەسەرکردایەتی جیاوازەوە بچێتە بەغداد؟ ئەمە لەکوێ هەبو نوێنەری نەتەوەیەك ئەمە حاڵیبێ! لەبیریان چووە ئەگەر کورد و کوردستان نەبێ، هیچیان لەپەرلە عیراق بونیان نابێ؟! ئەمەش هەڵەکانن و باجەکەیشمانداوەو دۆخی ئێستاش سەلمێنەرە.

شەڕو کوشتار، یان خۆپیشاندان، بەرۆکی عیراق دەگرن!

دیداری بازنەی دابڕانی مامۆستایانی زانکۆی چەرموو..
رۆژی (٢٠٢٢/٦/١٥) سلێمانی

دۆخی گشتی دونیا گرنگە، پەیوەندی دۆخی گشتی دونیا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە گرنگە، پەیوەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە عیراقەوە گرنگە، پەیوەندی عیراقیش بە کوردستانەوە گرنگە.

ئەم بازنانە، هەموویان پێکەوە بەستراون و هەر پێکیشەوە گرنگن و ناتوانین هیچ ئەڵقەیەک لەوەی تر داببڕین، بۆ ئەوەی بتوانین تابلۆکە وەک خۆی نیشان بدەین!

بۆیە باوەڕموایە لەدوای تەواوبوونی جەنگی ساردەوە، دونیا دووچاری گێژاوێکی سیاسی نێودەوڵەتی گەورە بۆتەوە. لەسەردەمی جەنگی یەکەم هەتا جەنگی دووەمی جیهان، کۆنترۆڵی سیاسی لەلایەن بەریتانیا و فەرەنساوە هەبوو، لە دوای جەنگی دووەمیشەوە هەتا کۆتایی جەنگی سارد، کۆنترۆڵی سیاسی لەنێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوو.

لەجەنگی ساردیش بەدواوە هەتا ئێستا، کۆنترۆڵی سیاسی لەسەر ئاستی دونیا نەماوەو ناوچەکانی دونیاش، بەهۆی نەمانی کۆنترۆڵی ستراتیجی زلهێزەکانی دونیاوە، ناوچەکانی دونیا پەرشوبڵاوبونەتەوەو سیاسەتی قارەیی، هەرێمایەتی، رۆژهەڵاتی، ئاسیایی، ئەمریکای لاتینی و ئەفریکایی، کە هەموو ئەم سیاسەتانە خەسڵەتی خۆی هەیە، هەریەکە تارادەیەک دابڕاوە لەوەی تر، هاوکات ململانێکانیش چڕبونەتەوە، هەندێکجار مەترسی لەسەرەو هەندێکجاریش زیان و کوشت و کوشتار دەگەیەنێت.

هەموو ئەم ململانێیانە لەماوەی (٣٠ بۆ ٣٥) ساڵی رابردوودا، زادەی نەبوونی جیهانبینیەکی نوێن لەدوای جەنگی سارد، بۆ ئەوەی چوارچێوەیەکی سیستماتیکی لەسەر ئاستی دونیا دابکوترێت، وڵاتەکان، گەلان، سیاستمەداران و کۆمپانیاکان لەناو ئەم چوارچێوەیەدا هەریەکە خانەی خۆی هەبێت و بزانێت بەرامبەر بەئەوانی تر، چۆن هەڵدەسوڕێت و چۆن چۆنی قازانج دەکات.

ئەمریکا و چین زاڵبن، ئۆرۆپاش پشکی خۆی هەبێت!

لەو ماوەیەدا ئەگەر دیقەت لە سیاسەتی زلهێزەکانی دونیا بدەین، ئەوا لەو ماوەیەدا دوو وڵات لە

دونیادا، وەکو وڵات لەڕووی ئابورییەوە، سیاسی، تەکنەلۆجی و جەنگیشەوە زۆر پێشکەوتن، ئەوانیـ ئەمریکا و چین..

یەکێتی ئۆرۆپا، بەیەکگرتوویی مایەوە، ئەگەرچی بەریتانیا لێیان جیابۆوە، روسیا، گەمارۆی لەسەر کێشەی زۆرە لەگەڵ ئەمریکاو رۆژئاواو هەستێکی ستراتیجیشی لەلا پەیدا بوو کە ئەگەر ئەم هاوکێشەیە هەیە نەگۆڕێت، رەنگە سەرەنجام روسیا زۆر بچوک ببێتەوە، ئەمریکا و چین زاڵبن و ئۆرۆپاش پشکی خۆ هەبێت! باقی وڵاتانیش، هەریەکەیان ببەسترێنەوە بە جەمسەرێک لەزلهێزەکانی دونیاوە! بۆیە روسـ پەلاماری ئۆکرایناى داو پاساوی زۆریشی بۆ هێناوەتەوە. دیقەت بدەن، لەدوای پەلامارو پێش پەلامارداني ئۆکراینا، دونیا چی بەسەر هاتووە!

یەکەم: ئۆرۆپا لەگەڵ ئەمریکا زۆر نزیک کەوتۆتەوە.

دووەم: روسیا و چین زۆر نزیک کەوتنەوە.

سێهەم: هیند، وردە وردە بەلای روسیادا دایشکاندۆتەوەو ئێستا دوو بەرامبەر جاران و زیاتریش نەوت لە روسیا دەکڕێت.

هیچیان ناتوانن چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنن!

(٨٨) وڵاتی دونیا، ئێستا پەیوەندی ئابووری و سیاسیان لەگەڵ روسیا ماوەو ئەم شەڕەش بێگوما بەلۆکاڵی نامێنێتەوە، بێگومان لە رەهەندی چارەسەردا، واتە شەڕەکە بەتەنها گیرناخوات لەنێوان روسیـ ئۆکراینا، ئایا رێکدەکەون یان رێکناکەون؟ نەخێر.. ئێستا هەموو دونیا لە ئۆکراینان، بەشەڕنا بەڵکو بەململانێی بەرژەوەندییەکان! بەتوانای ئابوریی و بەدابینکردنی کەرەستەکانی جەنگ لەئۆکراینایە. ئەوەش بەپێی ئەو دەرفەتانەی لەوڵاتان هەیە، کە چ جۆرە چەکێک بدەن بە ئۆکراینا و کەمیشیان پێنەداو تەنها ئەمریکا بە بەهای پێنج ملیار دۆلار چەکی داوەتێ. ئەمە لەکاتێکدا، وڵاتە بێلانەکانیش چەک و هاوکاریان داوەتێ. نەمسا، هۆڵەندا، دەوڵەتانی ئیسکەندەنافیا کە هەمیشە بێلایەن بوون، چەک و پارەیا داوەتێ. ئەمەش دنیای ئێستاو دوای جەنگی ئۆکراینایە.

هیچیان ناتوانن چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنن، کە لەئێستادا (٣٨٠٠) کڵاوەی ئەتۆمی لەئینزاردایە بەڵام هیچیان بەکاریناهێنن، تیۆروانینی کۆنی سەردەمی جەنگی سارد کە بیردۆزی (هاوسەنگی ترسناکی پیدەڵێن، ناهێڵێ هیچ لایەک بەرامبەر بەلاکەی تر چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنێت. نەئەمریکا، نە روسیا و نە هیچ وڵاتێکی تر دەتوانن چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنێت. تەنانەت لەناو ئۆکراینا ناتوانن چەکی کیمیایی بەکاربهێنن! کەوابێ هیچ کام لەم وڵاتانە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کە لەناو ئۆکراینا شەڕ دەکەن، ناشکێن چونکە بەو چەکەی شەڕ دەکەن، تا دەساڵی تر هیچ کام لەو وڵاتانە ناڕوخێن! بۆیە دەبێ بە جەنگی خوێن و وزە و توانا لەبەر رۆیشتن. بەڵام ئایا ئابوری و کۆمپانیاکانی جیهان، ئاسایش و سیاسەتی جیهانی و دۆخی کۆمەڵایەتی جیهانیش بەرگە دەگرێت ئەم شەڕە (١٠) ساڵی تر بەردەوام بێت؟ بێگومان بەرگەی ناگرێت. بۆیە سەرەنجام هەموو وڵاتەکان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئاشتی و ئاشتیش دەبێ بە بەرنامەی راستەقینە بۆ

سیاش نەک تەنها بۆ وڵاتەکانی تر.

جەنگی ئۆکراینا بەردەوام دەبێت، ئەلتەرناتیڤ نییە!

کەوابێ لەسەرەنجامی ئەم شەڕە، روسیا دەستکەوتی دەبێ، بەڵام جەنگەکە براوەی گەورەو خۆڕاوی گەورەی تێدا نابێت! ئەوپەڕی لەسەدا (٢٥)ی ئۆکراینا دەڕوات کە رەنگە ئەوەش بەکاتی بێت بارودۆخێکی تر بێتە پێشەوە، ئەوەش بۆ ئۆکراینا بگەڕێتەوە. بەڵام لەدوای ئۆکراینا چی دەبێت، ئەوا خوێندنەوەم وا دەبێت:

مادام زلهێزەکان ناتوانن یەکتر لەناوبەرن، مادام لەسەرەنجامدا هەموو دونیا، چاوەڕوان دەکات ئاشتی بێتە ئاراوە، بەرژەوەندییەکان رەچاو بکرێنەوە، ناوچەکانی نفوز دابەشدەکرێنەوە، رەچاوکردنی دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوزیش، بۆ زلهێزەکان و بۆ خوار زلهێزەکانیش دەکرێت، هەموو هەرێمەکانی دونیا ئەو چوارچێوەیە قبوڵ بکەن، چونکە ئەلتەرناتیڤ نییە! هەر بۆ نمونە ئەمڕۆ بایدن دەگاتە سعودیەو ئەم کاتەشدا ئەوە دەگەیەنێت، جەنگی ئۆکراینا بەردەوام دەبێت، هەرچی توانا هەیە دەیخەنە کار و لەگەڵ چین لە ململانێدا دەبن، کە گەورەترین کێشە لەنێوان چین و ئەمریکا لەسەر دوو پرسە، تایوان و دەریای باشوری چین! چونکە دەریای باشوری چین لەسەر ئاسایشی رێڕەوە دەریاییەکانی ئۆقیانوسی هادی و ئەتڵەسی زۆر زۆرە! ئەگەر ئەمریکا کۆنترۆڵی بکات چین دەخنکێنێت! چینیش نەهێڵێت ئەمریکا کۆنترۆڵی بکات، کەواتە دەروازەیەکی گەورەی ئۆقیانوسەکان بۆ چین دەکرێتەوە. کە ئێستا و بەهێزی نەرم، دونیای داگیرکردووە ئەوکات بەهێزی رەقیش دێتە پێشەوە، بە هەزاران ئەژدیهای چینی دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی تێکەڵاوی جیۆپۆڵەتیکی دونیا ببێت.

دەیانەوێت قەرەبووی ئەو هەموو زەرەرە بکەنەوە!

وای دەبینم لەدوای جەنگی ئۆکراینا، چەند دەخایەنێت فاڵی بۆ ناگرمەوە، بەڵام دەزانم کۆتایی دێت و بەکۆتایی هاتنیشی، رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی دێتەئاراوە. دەزانم بەرێککەوتێکی نێودەوڵەتی، دەوڵەتە گەورەکان و هەرێمایەتییەکانی دەوروبەری خۆشمان رێکدەکەون! ئەمەشم وەک ماتماتیک لەبەرچاوە. هەموو ئەو پێشەکییەشم بۆ ئەوەبوو بڵێم:

ئەگەر جەنگی ئۆکراینا وەستاو زلهێزەکان لەبەرژەوەندیان بوو کە رێککەوتن بکەن و ئەو رێککەوتنەش بەبێ رێککەوتنی هەرێمایەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە رێڕەوە ئاوییەکان، نەوتییەکان، گازییەکان و بازاڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتوانێ لەم سەردەمەدا زیندووبێ، چی روودەدات؟ ئەمەش پرسیاری بونیەوییە! ئەوکاتە لە رۆژهەڵات و لەناو رۆژهەڵاتیشدا، وڵاتەکانی وەکو کوردستان کە لەناویاندا دابەشکراوە چی روودەدات؟ بڕوام وایە:

مەحاڵە زلهێزەکان بتوانن تەواوی بەرژەوەندییەکانیان لەسەر ئاستی دونیاو بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابین بکەن، ئەگەر حکومەتەکانی دەوروبەرمان رازی نەکەن! چونکە بڕستی ئەوەیان نەما، وڵاتە گەورەکان لە ململانێ لەگەڵ ئێران بەردەوامبن! تورکیا، سوریا و لەناو عیراقیشدا. بۆیە کاتێک

ڕێککەوتن دەکەن لەدوای جەنگی ئۆکراینا بۆ ئەوەی ئارامییەک بێتەدی و هەموو ئەو زەرەرەی لەسی بۆ
چڵ ساڵی ڕابردوودا، لەئەنجامی قەیرانی ئابوری، نەوت، نەبوونی ئاسایش و سەرهەڵدانی داعش، کوشت
و کوشتار، ئۆکراینا و ئەو هەموو زەرەرە، کە بە تریلۆنەها دۆلار زیانیان بەرکەوتووە، دەیانەوێ دۆخێکی
ئارام بێتە پێشەوە، لەڕێگەی هەر دەوڵەتێکەوە بێ، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو هەموو زەرەرە بکەنەوە کە
کردویانە. دوێنێ ڕاپۆرتێک هەبوو، کە دەوڵەمەندەکانی جیهان پێنج تریلیۆن دۆلار زیانیان کردووە. ئێ
تێدەگەین ئابووری جیهان چی بەسەردا هاتووە!

هەلومەرجێکی ترسناک! لەدوای چارەسەر بۆ جەنگی ئۆکراینا

لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان، بەهەموو وڵاتانی دونیا پێنج تریلیۆن دۆلار زەرەریان نەبووە. بەڵا
ئێستا دەوڵەمەندەکان زەرەریان هەیە! دەوڵەمەندەکان، کۆمپانیاکان، دەوڵەتەکان و هەموویان پێویستیا
بە بازاڕە، بە سەقامگیرییە، بەدەستەبەری تازەی ئابوورییە، ئەمەش بەبێ دەوڵەتانی هەرێمایەتی ناکرێت

کاتێک بایدن هاتووە، هەموو تواناکانی خۆی لەگەڵ سعودییە و وڵاتانی عەرەبی دەخاتەکار، بۆ ئەوەی
فشار بخاتە سەر ئێران! ئێرانیش بەبۆچونی بەندە خۆی توشی شەڕ ناکات!! ئێران کە هەموو پەنجەکانی
ئیش دەکات، لەکوێ؟ لە یەمەن، لوبنان و عیراق و ڕۆژهەڵاتیشی بەهەموو ئەوانەوە سەرقاڵ کردووە
ئەگەرچی خاوەن تەکنەلۆجیایەکی زۆر بەهێزیشە، بەڵام تەکنەلۆجیاکەی لەمەیدانی شەڕ تاقینەکراوەتەوە
کە ئایا دەتوانێ سەرکەوتنی ستراتیژی بەدیبهێنێت؟ هەروەک بینیتان تەکنەلۆجیای ڕوسی لەمەیدانی شەڕی
ئۆکراینا تاقیکرایەوە، تەنها چەکی ئەتۆمی نەبێ، زۆربەی چەکەکانی بەکارهێناوە، بەڵام لەبەرامبەردا ناتۆ
باشترین چەکی تەکتیکی هێنایە مەیدانەوە و توانیان سنور بۆ توانای تەکنەلۆجیای شەڕی ڕوسیا دابنێن.

زلهێزێکی وەکو ڕوسیا، بەم هەموو توانا جەنگییەوە، بەڵام لەبەرامبەر هەندێک چەکی تەکنیکی
جەنگییەوە توانیان هاوکێشەی جەنگ لەناو ئۆکراینا بەجۆرێک بگۆڕن، ڕوسیا نەتوانێ کێیف بەتەواوەتی
کۆنترۆڵ بکات! ئەگەرچی لەسەرەتاوە ڕوسیا تەوژمەکەی بۆ ئەوەبوو. بەڵام گۆڕا بۆ ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینا
ناوچەی قرم و سەر ئاوی ئازۆف، هەتا کۆنترۆڵی بکات. پاشئەوەش ئەو ناوچەیە دەبەستێتەوە بە دەریای
ڕەش و لەوێشەوە کارەکانی خۆی و پلانەکانی خۆی مەیسەر دەکات! دوریش نییە لەدوای کۆنترۆڵکردنی
ئەوناوچانە، بەڕواڵەت ڕاپرسییەکیش بۆ خەڵکەکەی دەکات و زۆرینەش لەدوای جەنگ، هەمو
دەنگدەدەن بچنە ناو ڕوسیا و بەم ڕێگەیەش ڕوسیا خۆیی بە براوە بزانێت!

ئەگەرچی پوتین بۆ ئەوە نەڕۆیشت، گوتارەکەشی دوو ڕۆژ پێش شەڕەکە دەڵێت: هەموو ئۆکراین
ئێمە دروستمانکردووە و بە بەشێک لە خۆمانی دەزانین. بەڵام ئێستا چاوی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینایە.

لێرەوە دێمە سەر ئەنجامی خوێندنەوەکەم، ئەویش ئەوەیە:

ئەگەر زلهێزەکان، لەدوای چارەسەر بۆ جەنگی ئۆکراینا، بۆ وڵاتانی وەکو کوردستان و وڵاتانی تری
هەرێمایەتی، کاتێک ڕێکدەکەون، بڕوام وایە دۆخێکی وا دێتە پێشەوە، بەم هەلومەرجەی کە کوردستا

ێدا تێدەپەڕێت، هەلومەرجێکی ترسناکە!

ئاسان نییە ئەزمونی باشوور دووبارە ببێتەوە!

ڕێککەوتنی سیاسی لەنێوان حزبە سیاسییەکان نییە! متمانە لەنێوان حزبەکان نەماوە! تائێستا سێ بۆ چوار جار، پلاسخارت، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ئیزاری حزبەکانی کردووەو دەڵێت: بارودۆختان خراپ دەبێت! کێشەکانتان چارەسەر بکەن، لەکۆبونەوەی سەرکردایەتی هەموو حزبەکان ئەم قسانەی تەئکید کردۆتەوە! ئێمەش نێوانمان باش نەبێت! تەنانەت ئەگەر باشیش بێ، ئێران و تورکیا و سوریا، بمێننەوە و ڕێکبکەون لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان، ئەوا سێبەشی کوردستان قەدەرمان دیارە! کە باش نییە، چونکە تورکیا، تورکیایە و ئێرانیش، ئەمریکا خواخوایەتی لەگەڵی ڕێکبکەوێت! کاتێکیش لەگەڵی ڕێکدەکەوێت، دەستبەرداری نابێ و مەرجەکانیشی قبوڵ دەکات! سوریاش لە جەنگ ڕزگار دەکەن!

واتا: ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە هاتەپێشەوە بۆ ئێران و تورکیا، ئەوا سوریاش لەو بوحرانە ڕزگار دەکەن و کێشەی تیرۆریستەکان و دەرفەتی کێشەی گەورە ناهێڵن، ئەوکاتە بێگومان بە هێندەی مافی لامەرکەزی و تۆزێ زیاتر یان کەمتر، دەستکاری دەستوری سوریا بکەن و ڕەچاوی مافی کورد بکەن، ئەگەرنا ئەو ناوچەیەی پێیدەڵێن ناوچەی ڕۆژئاواو پەیدە، باوەڕم نییە بەم ئیدارەیەی ئێستا کە پەیەدەیە بەڕێوەی دەبات، وەکو ئێستا بمێنێ!

ئەگەرچی پڕ بەدڵ ئومێدەوارم بمێنێتەوە، بەڵام من باسی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان دەکەم، لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمایەتی، بۆیە زۆر بەگران و ئەستەمی دەبینم ئەو ئەزمونەی ئێستا ببێت بە ئەزمونی باشوری کوردستانیش! چونکە ئەزمونی باشور پێش ڕوخانی سەدام هەبوو، دواتر لەگەڵ ئەمریکا و ئۆپۆزسیۆنی عیراقی ڕێککەوتین و ئینجا فیدراڵمان سەپاند.

ئەگەر عیراق لەم میحنەتە ڕزگاری ببێت؟!

کەوابێ، دەبێ بزانین ئێمە لەبەردەم ئەزمونێکی نێونەتەوەیی گەورەداین، ناشڵێم هیچ ئومێدێکی تێدانییە بۆ کورد، بەڵام بەو شرۆڤەیەی ئێستا، بەرژەوەندی زلهێزەکان زیاتر لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتەکاندایە! بێگومان وەک ڕێککەوتنی جەزائیرمان لێناکەن! یان وەکو لۆزانمان لێناکەن، ئەمە وەکو باشور، بەڵام ئاگەر ئەو ڕێککەوتننانەی باسمان کردن بێنەدی، ئەوا ئەم دەرەتانەی بۆ باشور هەیە، ئەوا وەک ئێستا زەحمەت دەبێت بۆمان بمێنێتەوە! بۆیە ئەوکاتە، جۆرێک لە ڕێککەوتن لەنێوان باشورو بەغداد دێتەدی، کە بەغداد مەرج و مەرجکاری دەبێت!

لەکاتێکدا ئەوەتا دەبینین بەغداد شلۆقە، ڕێککەوتن نییە، بەڵام وەزارەتی نەوتی عیراق، شکاتی لەهەموو ئەو کۆمپانیایانە کردووە، کە نەوتی کوردستان دەکڕن و دەفرۆشن، ئینجا ئێستا بەم شلۆقییە وابێت، ئەی ئەگەر عیراق لەم میحنەتە ڕزگاری ببێت؟! یان لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان ڕێککەوتن بکات، سوپاکەی بەهێزببێت و حکومەتێکی سێنتراڵی بەهێزی هەبێت، ئەوکاتە لەگەڵ باشور چۆن دەبێت؟ ئایا لەئێستا خراپتر نابێت؟! بێگومان خراپتر دەبێت. بۆیە خۆشباوەڕی لەسیاسەتدا زۆر خراپە.

دۆخی عیراقیش ئەوەیە، دوو جەبهە دروستبووە، هەشت مانگە هەڵبژاردن کراوە، لەم ماوەیەشدا سـ
هەڵە دەبینم...

یەکەمیان: کورد جەبهەی نەبوو، وەکو هێزە کوردستانییەکان. ئەگەر ئێمە کوردایەتی و نەتەوایەـ
و ئایندەی کوردمان لەم بارودۆخەدا لا گرنگ بوایە، دەبوایە پێشئەوەی بچینە بەغداد خۆمان لەنێو
خۆماندا ڕێکبکەوتینایە. ئەمەش هیچ قسەیەکی تر قبوڵ ناکات. بەڵام کورد بەچوار ئەجندە چۆتە بەغد
یەکێتی، پارتی، نەوەی نوێ و ئیسلامییەکان. چیمان کردووە؟ جەبهەکەی خۆمان بەهێز نەکردووە، پارتـ
لەگەڵ سەدرییەکان و سوننەکان جەبهەیەکی گرتووە! یەکێتیش لەگەڵ زۆربەی شیعەکان و هەندێـ
سوننەی لاواز، جەبهەیەکی تری گرتووە!

باوەڕم وایە هەڵەی یەکەممان، دروست نەکردنی هاوپەیمانییە لە کوردستان.. هەڵەی دووەمـ
دابەشبوونمانە بەسەر دوو جەبهەدا لە عیراق. کە هەردوو جەبهەکە، لە ڕەهەندی ستراتیجیدا ناتوانێ مـ
دەستورییەکانی ئێمە بەدیبهێنێت! ناشتوانێ کێشەی نەوت و غازی کوردستان چارەسەر بکات. بۆ؟ پێـ
موقتەدا سەدر، بڕیارێکی دەرکرد کە لیستەکەی (٧٣) پەرلەمانتارن، لە پەرلەمان دەست بکشێننەوە
واشیانکرد. بەمشێوەیەش دەستێکی پارتی کەوت بەملادا و دەستەکەی حەلبوسی و خەنجەریش کەوتـ
بەلاکەی تردا! هەر دوێنێ شاخەوان عەبدوڵا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عیراق دەڵێت: هاوپەیمانی سـ
قۆڵی کۆتاییهات! دەبێ بگەڕێین بەدوای ئەلتەرناتیڤدا.

سەرایە سەلامیش دێتە مەیدانەکە!

ئەم هاوپەیمانێتییە تەواو بوو، ئەی هاوپەیمانێتییەکەی یەکێتی چی دەکات؟ کە بەڕێزان مالکـ
و عامری و ئەوانی ترن، گریمان جێگەکانی پەرلەمانتارەکانی سەدر پڕ دەکەنەوە، ئایا دەتوانن بەبـ
سەدرییەکان و پارتی و سوننەکان، حکومەت پێکبهێنن و (٢٢٠) پەرلەمانتارەکە مسۆگەر بکەن؟ نەخێـ
ناتوانن. ئەگەر بیانتوانیایە سەدر پێی دەکرا، هەر لەبەر ئەوەش وازی هێنا، چونکە پێی نەکرا!

ئەگەر پارتی و سوننەکان بەتەنها بمێننەوەو ڕازی نەبن بەپێشنیازەکانی چوارچێوەی هەماهەنگـ
ئەوا (٢٢٠)ەکە مسۆگەر نابێت. ئەم بارودۆخەش وەک ماتماتیک لەبەرچاوانە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەگـ
مسۆگەر نەبوو، دۆخەکە چی بەسەر دێت؟

یەکەم: دەبێ بزانین ئایە موقتەدا سەدر، تەنها بەکشانەوە وازدەهێنێت؟ یان ئەلتەرناتیڤی هەیـ
ئەگەر بەتەنها کشانەوەیەو دانیشتنە هەتا هەڵبژاردنێکی تر، ئەمە بابەتێکی ترەو مەیدانە بۆ چوارچێوەـ
هەماهەنگی.

دووەم: ئەگەر نەخێر لەهەفتەکانی ئایندە ئەلتەرناتیڤەکەی دێتە پێشەوە، کە ئەویش خۆپیشاندانـ
گەورەیە..! خۆپیشاندانیش کە دەستیپێکرد و دەستی لێکرایەوە، ئەوا (سەرایە سەلام)یش دێتە مەیدانەکەـ
وەکو دەشوترێت سەد هەزار چەکدارن و شەش مانگیشە خۆبەخش وەردەگرن. کەواتە لەبەردەم چەـ
ڕێیانکداین!

ڕێگەکانی ئاییندە بەرەو کوێ!

ڕێی یەکەم: ئەوەیە موقتەدا سەدر لەبەر هەر هۆیەک بێت، ماوەیەک زۆر بێدەنگ بێت، لەمکاتەشدا چوارچێوەی هەماهەنگی بتوانێت، دەنگی (٢٢٠) پەرلەمانتار دابین بکەن و حکومەت پێکبهێنن.

ڕێی دووەم: ئەگەر نەتوانن دەنگی پێویست بەدەستبهێنن، ئەوا فەراغێکی دەستوری دروست دەبێت. ئەوکاتە یان دەبێ بڕیار بدرێت هەڵبژاردنەوەیەکی پێشوەخت بکرێت، یان خۆپیشاندان لە عیراق دەستپێدەکاتەوە. واتا کایەکان هەمووی تێکەڵ و پێکەڵ دەبن لە عیراقدا.

بەشبەحاڵی خۆم ئاواتناخوازم جەنگی ئەهلی توشی عیراق ببێت، بەڵام توش ببێت تا ئەژنۆ خوێن بەرز دەبێتەوە، دۆخێکی زۆر مەترسیدار دروستدەبێت. کە هیچی لەقازانجی عیراق، کوردستان، دەستورو دیموکراسی نابێت. خۆم دۆخەکە بە گەشبینی نابینم. ئەگەرچی بەڕێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی دەبینم پێدەکەنن و تەوقە دەکەن و دڵخۆشن.

سەرەنجامی ئەم قسانەی منیش لەسەر ئاستی دونیا، ئەوپەڕی پێنج بۆ شەش مانگی تر دەخایەنێت. لەسەر ئاستی عیراقیش، هەر هەمووی مانگ یا مانگ و نیوێکی تر دەخایەنێت..

خەمێکی گەورە و
بەرگەی دژایەتیی...

دیداری ڕێکخراوی تیشکی ڕۆشنگەری لە کفری..
ڕۆژی (٢٠٢٢/٦/١٥) سلێمانی

خەمی بەردەوامی خەباتی دیموکراسی و ڕۆشنگەری، ئازادییەکانی تاک و یەکسانی ژن و پیاو، بەشێکی گەورەی خەمەکانمانە، لە دروستکردنی پلاتفۆرمی دابڕانەوە تا ئێستا بەتایبەت، بەبێئەوەی هیچ پشتیوانی و سەپۆرتێکی مادیم دیاریکراومان هەبێ، بەردەوامیشین، سەلمێنەری ڕاستیی ئەو پەرۆشییەیە، کە لەپێناو گەیشتن بەئامانجەکان، شانمان داوەتە بەر چ خەمێکی گەورە، کە خەمی هۆشیاری تاک و کۆی کۆمەڵە.

دروستکردنی دابڕان بۆ هیچ مەرام و مەبەستێک نەبووە، ئەگەرچی لەسەرەتاوە هەبوون بە مەرام تەفسیر و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ دەکرد، بەڵام دوای حەوت ساڵ خەباتی دیموکراسی و ڕۆشنگەری، هەموو ئەو فاڵانەمان بەتاڵکردەوە، سەلماندمان سەرەڕای جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان، دابڕان لەپێناو دابڕان و ڕۆشنگەرییەدایە و بەس!

ئەمەش داهێنراوی مەلا بەختیار نییە، بەڵکو ئەمە ڕاستییەکی مێژووییە کە دیموکراسی بەبێ ڕۆشنگەری بونیاد نانرێت! بەڵکو مەحاڵە بەبێ ڕۆشنگەری ئەقڵ ئازاد و ڕۆشنبێ! بیرو بۆچونەکانیش، لە سەدەکانی ناوەڕاست و چەقبەستن ئازادبێ!

ڕۆشنگەری و هۆشیاری ئەقڵ، بەکودەتا و بە زەبرو زەنگ نابێ، بەڵکو ئەمە پرۆسێسێکی مێژووییە، خوێندنەوەیە، ڕەخنەیە، ململانێیە، پەروەردەکردنە، ڕێکخراو دروستکردن و پشوودرێژییە، بەرگەگرتنی هەموو پەرچە کردارەکان! ئەگەرنا هەر لەسەرەتاوە هەوڵدرا دابڕان لە بێشکەدا بنێژن! ئەمە ئەگەر پرسێکی گەورە و خەمێکی گەورەی لەپشتی دابڕانەوە نەبێ، چۆن دەمانتوانی بەرگەی ئەم هەموو ململانێ و دژایەتییە بگرین؟

ئەوەی ئێستا روودەدات، جەنگی جیهانییە!

دیداری دەستەی نوێنەرایەتی مامۆستایانی وانەبێژ..
رۆژی (٢٠٢٢/٦/٢٦) سلێمانی

ئەم خەباتە مەدەنییەتان دەگونجێ لەگەڵ ئەم دۆخەی پیایدا تێدەپەڕین، کە دۆخی گوزەری دیموکراسییە و هێشتا ئەو سیستمەی بونیادمان ناوە، وەک دیموکراسی، مافە مەدەنییەکان، وەک پەیمان بەستنی هاووڵاتی و دەسەڵات، هێشتا زۆری ماوە سەقامگیرببێت، کە بۆ خۆم پێیدەڵێم: هێشتا دیموکراسی لە تێستدایە! چونکە ئاواتەکانی دیموکراسیمان بەدەستنەهێناوە، چونکە ئەم دۆخەی گوزەری دیموکراسی گیرمەوکێشەی زۆرە. کە یەکێکیان قەیرانی ئابورییە، کە توشی کوردستان. عیراق و هەموو دونیا بووە.

مەترسیش زۆرە، ئەو قەیرانە زۆر زیاتر دەبێت لەوەی کە ئێستا هەیە! بەڕادەیەک ئەو قەیرانەی ئێستا هەیە، لە جەنگی دووەمی جیهاندا روونەداوە.

ئەوەی ئێستا روودەدات، بەڵێ جەنگی جیهانییە، بەڵام بەمشێوەیەی خۆی کە ئێستا روودەدات! کە روسیا تەنیا چەکی ئەتۆمی ماوە بەکاریبهێنێت و شڵەژانێکی گەورە لە دنیادا دروستبووە.

بەشبەحاڵی خۆم ترسم هەیە، ئەم جەنگە ساڵێکی تر بخایەنێت! ئەگەر ئەمەش رووبدات، ئەوا دۆخی ئێستا پاشایەتی دەبێت لەچاو دۆخی ئەو ساڵەی جەنگەکەی تیایدا درێژە دەکێشێت! بەڵام جیاوازییەک کە هەیە، ئەوەیە وڵاتانی خاوەن نەوت دەتوانن قەرەبووی ئەو قەیرانە ئابوریی و خۆراکییە، بە نرخی نەوت بکەنەوە. سەرەڕای هەڵەی گرێبەستە نەوتییەکانی رابردوو، ئەم دۆخە بۆ کوردستان هەم نێگەتیڤە هەم پۆزەتیڤە!

دۆخی کوردستان گرێدراوی پەیوەندییەکانی عیراقە، ئەمە لەکاتێکدا عیراق ناتوانێ چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە. بۆیە هەمیشە چارەسەرە کاتییەکان ئەوپەڕی ساڵێک دەخایەنێت و پاشان وەکو خۆی لێدێتەوە و دۆخەکە دەتەقێتەوە، هەروەک یاری مارو پەیژە! چونکە ئەم وڵاتانە بێ کەلتوری دیموکراسی و بێ سیستەمی هاوچەرخ و بێ کەلتوری مۆدێرنەتەن، بێ کەلتوری مەدەنی و ئازادی و مافی ژنن. تەنانەت لە دەسەڵاتدارێتیدا، ئەم وڵاتە کە (١٠١) ساڵە دامەزراوە، کەلتوری چەندین

حکومەتی شکستخواردووی هەیە، هەر لە حکومەتی مەلیکییەوە تا حکومەتی ئێستا، بەتایبەتی دوای رووخانی بەعسەوە سەیر بکەین، کە ئایا تا ئێستا چیانکردووە؟ هەموو سێکتەرەکانی خزمەتگوز وێرانەیە و پڕە لە گەندەڵی! چونکە هیچ کام لەو حکومەتانە نەیانتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکەن. ئێوە چاوەڕێی ئەوە مەکەن ئەگەر حکومەتیش پێکبێت، مایەی چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکانی بێت. بەڵکو ئەوەش هەر چارەسەرێکی کاتییە، کە ناومناوە ئارامی پێش زریان!

هێزە بۆرژوازییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو لە بەدیهێنانی دیموکراسی شکستیانخواردووە، ئەمەش ئایدۆلۆجی منە.

ئێوەی مامۆستایانی وانەبێژیش ناتوانن تەحەدای دۆخی سیاسی بکەن، بۆیە دۆخە سیاسییەکە لەبە بگرن و ئەم جموجۆڵەی دەستتانداوەتێ زۆر باشە، هیچ کام لە حزبەکان مەبوێرن و سەردانی هەم بکەن و بە یاداشتێک داواکاریی و ئامانجەکانی خۆتان پێشکەش بەهەموو لایەنەکان بکەن. داواکار حکومەت بەزوترین کات دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ئێوەی نوێنەران و مامۆستایانی وانەبێژ بکاتەوە.

مەفرەزە خاسەکان و خائینەکانی ئێستا..!

دیداری سەرۆک عەشیرەت و ژمارەیەک کەسایەتییەکانی سنوری گەرمیان..
ڕۆژی (٢٠٢٢/٧/٥) سلێمانی

دۆخێکی سیاسی مەترسیدار لە عیراق و دۆخێکی سیاسی ناجێگیریش لە کوردستاندا هەیە، نارەزایەتی زۆرەو قەیرانی ئابوری هەیە، ئەگەرەکانی ڕوودانی ڕووداوی چاوەڕنەکراویش زۆرە!

هەموو ئەگەرێک لەبەردەممماندایە و هەموو ئەمانەش چەند لەڕووی سیاسی و ئابوری و ئاسایشەوە ترسیان هەیە، ئەوەندەش لەڕووی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتییەوە مەترسیان هەیە!

ئەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتییەی لەدوای ڕاپەڕینەوە دروستبووە، ئەگەر دۆخەکە لەگرێژنە دەربچێت، دەکەوێت و لێکەوتەو کاریگەرییەکی مەترسیداری تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەبێت.

هەروەک بینیتان چۆن لەکاتی ڕاگواستنی دێهاتەکان و ئەنفالدا، لە ڕاگواستنی سەدان هەزار کورد بۆ خوارووی عیراق، ئاشتی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا تێکچوو! بەڕادەیەک وایلێهات بەشێکی خەڵک شەرمی نەمێنێ! ئەمە لەکاتێکدا لەمێژووی باشوری کوردستاندا، قەت وەکو مێژووی (١٩٨٤-١٩٨٥) دەرگای لادان و هەڵدێران لەمێژووماندا نەکراوەتەوە.

حکومەتی بەعس، بەرنامەیەکی دانابوو، هەر ئەوەندە نەبوو ئەنفالمان بکات، بمانکوژێت و تەعریبمان بکات، بەڵکو بۆ ئەوەبوو ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییە بشێوێنێت کە لێیدەترسا! چونکە دەیزانی پەیوەندی کوردەواریی و خۆشەویستی کوردەواری بمێنێ، هەرچییەک بکات دەرەقەت نایات! بۆ لەناوبردن و هەڵتەکاندنی ئەو پەیوەندی و خۆشەویستییەی کوردەوارییەش، پارەیەکی زۆری ڕشت و پڕوپاگەندەیەکی زۆری لەناو خەڵکدا بڵاوکردەوەو هەندێکی لێرەو لەوێ، بەناوی دژایەتی ئێران و بەرگری لەنیشتمان چەکدار کردو وردە وردە ساڵێکی نەبرد، کوردەواری بوو بە کوردەوارییەکی تر!

ئێمەو مانانیش بەهەموو هێزەکانی بەرەی کوردستانی لەشاخدا، لەساڵی(١٩٨٩ بۆ ١٩٩٠) شەش (٦)

هەزار پێشمەرگە تێندەپەڕی! لەکاتێکدا سەرۆک عەشیرەت هەبوو (٢٠) هەزار چەکداری کۆکردبۆوە! ئەگەر پێشمەرگەشیان نەکوشتایە، بەڵام بەرامبەر بە ئەنفال بێدەنگ بوون! نەیاندەوێرا خزمەتی پێشمە بکەن، مەگەر بە تاک تاک و خێزانە و خێزان، بەدزییەوە! ئەمەش بۆ ئەوەنەبوو حکومەت پێویـ بەهێزی چەکداری کوردبێت، ئەوکاتە حکومەت ملیۆنێک چەکداری هەبوو، حەوتەمین وڵات بوو لەڕوو هێزی سەربازییەوە، بەڵکو ئامانجی حکومەت ئەوەبوو، کورد لە کوردایەتی دابڕێت و دووربخاتەوە.

بۆیە دەڵێم: یەکێک لەدەستکەوتە جوانەکانی ڕاپەڕین ئەوەبوو، ئەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتیی هێنایەوە. ئەگەرچی قسە زۆرە، بەڵام باوەڕموایە نەدەبوو بەرەی کوردستانی مەفرەزە خاسەکان ببوور ئەوانی تر قبووڵمەو دەرکەوت هەموو ئەوانی تر خائین نەبوون! بۆ؟

چونکە دیارە مەفرەزە خاسەکان چ تاوانێکیان کردبوو! بۆیە بەئاشکرا دەیڵێم: لەدوای ڕاپەڕین هە حزب و لایەک مەفرەزە خاسەکانی داڵدە دابێت، ئەوا تاوانی بەرامبەر بە شەهیدان کردووە! ئەو لێبوردنە زۆر پێوەر و خوڕەوشتی نەهێشت، ترسی لەخیانەتکردن نەهێشت! باجی ئەوەشمان زۆردا، بەتایبەت هەڵبژاردندا! یەکەمەین هەڵبژاردنیش بۆیە شێوا، چونکە جیاوازی تێکۆشەر و ناپاک، سنوری نێوانیان نە هەربۆیە ئەنجامی هەڵبژاردن بەشێوەیەک کەوتەوە تا ئێستاش باجەکەی دەدەین.

بەپێچەوانەوە دەکرا وانەبوایەو لەو سەردەمەوە، بناغەیەکی باشترمان بۆ دیموکراسی دابڕشتایە ئەو تێکەڵی و پێکەڵییە دروست نەبوایە. چونکە نەبوونی ئەو جیاوازییە، نەک نەیهێشت ئامانجەکانی هەڵبژاردن و دیموکراسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستی بۆ کورد بەدیبهێنێ، بەڵکو ساڵێکی نەخایانـ شەڕی ناوخۆ دروستبۆوە! ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژرادن تەواو بوو، ساڵی (١٩٩٣) کەوتینە تەقەکردن لەیەکتر ساڵی (١٩٩٤)یش بوو بە شەڕی بەرەیی لە سەرانسەری کوردستاندا.

ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە: ئەوانەی ئامانجیان بوو ئاشتی کۆمەڵایەتی بۆ کورد جێگیر نەبێ و کوردایەتیش نەتوانێ بۆ قۆناغێکی باڵای سیاسی دیموکراسی بگوازێتەوە، پیلانیان هەبوو تا بەناوی سیاسەت و هەڵبژاردن و بەهۆی ئابورییەوە، بەجۆرێکی تر لێمان تێکبدەن، کردیشیان. لەساڵی (١٩٩٣ هەتا ١٩٩٨) کە ڕێکەوتننامەی واشنتۆن ئیمزا کراوە، ئێمە یەکترمان کوشتووە. ئەمەش چ جەزرەبەیەکی کوشندەبوو لەخۆمانمان داوە!

دڵنیاشم ڕۆژێک، کە مێژووی ئەو ڕۆژگارانە دەنوسرێتەوە، چۆن خائینەکانی پێش ڕاپەڕین دەرکەوتن بەهەمانشێوە، دەسیسەکان و خائینەکانی ئەو ڕۆژگارەش دەردەکەون و بەڵگەنامەکانیش دەکەونە بەردەست، کە لەناو حزبەکان چۆن شەڕی ناوخۆیان دروستکردووەو لەناو حزبەکانیش چۆن کێشەی گەورەیان خوڵقاندووە.

بەشبەحاڵی خۆم هەندێکجار نەفرەتم دەکرد، کە دەمبینی سەرۆک جاشێک یا مەفرە خاسەیەک لەتەلەفزیۆن چاوپێکەوتنی سیاسی لەگەڵ دەکرێت! ئەمەش زۆر ستەم بوو، کە ئەو مەفرەزە خاسەیە

اخ راوی ناوین! زیاتر لە (٣٠-٤٠) پێشمەرگەی شەهید کردووە، بەڵام لە تەلەفزیۆن وەک سیاسییەک لە ە حزب، خۆی سیاسییەک و جوامێریش نیشاندەدا! هەموو ئەمانەش ئاماژەی ترسناک بوون، بۆ ئەوەی عە وا تێکبچین، کە تێکیشچووین!

ئێستاش ئەم قسانە بۆ هەڵدانەوەی قەتماغەکان نییە! بەڵکو رێزی هەموو کەسێک دەگرێت بێ لاونەولا، تازە ئەو قۆناغە تێپەڕیوەو دەرسەکانیشی وەرگیراوەو باجی خوێنیشمانداوە!

بەڵام ئێستا، ترسی ئەوەم هەیە ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەبن، ئەوا دیسانەوە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی کوردستان تێکبچێتەوە! جارێکی تر لێرەوە بۆ مێژوو دەیڵێم:

ئەگەر ئێستا، کێشەکان لەعیراق چارەسەر نەبن و عیراق سەقامگیر نەبێت، ئەگەر چارەسەری بنەڕەتی ۆ کێشەکانی نێوان بەغدادو هەولێر نەدۆزرێتەوە، ئەوا هەر کات بەغداد تێکبچێت، کوردستانیش تێکدەچێت! لانیکەم لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان، کەرکوک، خانەقین و..تد تێکدەچین! مەترسییەکانیش ەکوردستان بێگومان ئەوەندە زۆر دەبێ، کە هەموومان دەترسین بتەقێتەوە! هەر ئەمەشە وادەکات لە تێکچوونی ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییە بترسین، کە لەدوای راپەڕینەوە هاتۆتەدی.

لەعیراق، هەشت مانگە هەڵبژاردن تەواو بووە، کۆمەڵێک هۆکاریش بونەتە ئەوەی حکومەت پێکنەیات و عیراقیش بەهۆیانەوە گیربخوات. هۆکاری یەکەم: شیعەکان لەنێوان خۆیاندا تێکچوون. هۆکاری دووەم: کورد لەنێوان خۆیاند رێککەوتنیان نییە. هۆکاری سێهەم: دەستتێوەردانی هەرێمایەتی هەیە. هۆکاری چوارەم: کەموکوڕییەک لەدەستووری عیراقدا هەیە بۆ چۆنێتی هەڵبژاردنی لیستی براوە و ئەمەشیان کردووە بەمەرجی پێشوەختە کە دەبێت، لە کۆبوونەوەی یەکەمی پەرلەماندا، لیستی براوە (٢٢٠) کورسی مسۆگەر بکات، ئەمەش رێژەیەکی زۆرە لە (٣٢٠) کورسی. هەربۆیە ئەوەتا دەبینی عیراق گیریخواردووە.

هەم کەموکوڕییانە وایانکردووە، ئەو رێککەوتنانەشی هەیە، ئەوەندەی کێشە دروستدەکەن، ئەوەندە کێشە چارەسەر ناکەن! بۆ نموونە: رێککەوتنی سێ قۆڵی سەدر، پارتی و سوننەکان، کێشەی چارەسەرکرد یان کێشەی دروستکرد؟ سەرەنجام رێککەوتنەش خۆی هەڵوەشایەوە!

رێککەوتنێک، بەرگەی شەش مانگ نەگرێت ئایا ئەوە رێککەوتنە؟! بێگومان مانای ئەوەیە بناغەکەی لاوازە. پاشان یەکێتی لەگەڵ شیعەکان رێککەوتووە! بەڵام بۆچی رێککەوتنەکە ئیمزا نەکراوە؟! ئێستا بە یەکێتی بڵێن فەرموو بڕۆ دەرەوە، یەکێتی هیچ بەڵگەیەکی پێنییە تاکو بڵێ: ناتوانن لەو رێککەوتنە مکەنە دەرەوە! چونکە هیچ ئیمزایەک نییە ئیلتیزامی پێوەبکەن! بەڵکو ئەوەی هەیە لەسەر متمانەیە، لەسیاسەتیشدا متمانە نییە! لەکاتێکدا لەسیاسەتدا دوژمنایەتی و دۆستایەتی هەمیشەیی نییە، بەڵکو بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە.

جێبەجێنەکردنی دەستوریش باشترین نموونەی دەسەڵاتدارێتی عیراقە، ئەویش چڵێسی ئەو چینە مشەخۆرەیە کە هاتۆتە سەردەسەڵات و حوکم! کە هەموو شەڕێکی لەسەر زۆرترین قازانجە، نەک زۆرترین

خزمەت. هەر بۆیە باوەڕیشموایە لەدامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە، ئەم وڵاتە نەیتوانیوە سەرکرد هەڵکەوتوو (کاریزما) دروستبکات. بەڵام مام جەلال کاریزما بوو! چونکە بەخۆیی و گۆچانێکەوە لەسوریە گەڕایەوە کوردستان، ئەمەیە پێیدەوترێت فریادڕەسی سیاسی. بەڵام لەعیراقدا ئەمە بوونی نییەو هێن پاشایەکیش لەسعودییەوە بەڵگەیە.

بەڵگەیەکی تر، دۆخی عیراقە لەدوای روخانی بەعسەوە تا بەئێستا دەگات، بینیشمان هەر بە هۆکارانە لەم هەڵبژاردنەدا، گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی هاتە دەرەوە. بەڵام لەبیرتان نەچێت، ئ هاتنە دەرەوەیەو ئەم ئارامییە، ئارامی پێش زریانە! ئایا کێ گرەنتی دەدات کە بانگەوازەکەی موقت سەدر بۆ نوێژی هەینی لەڕۆژی (١٥) مانگدا لە مەدینە سەدر، کە دوێنێش لەگەڵ لیژنەی ئامادەک نوێژە بەکۆمەڵ کۆبۆتەوە! ئەم ئاماژانە دەبێ ورد بکرێنەوە، کە ئاماژەیەکی رۆشنن بۆ تەقینەوەیەک نوێ لەعیراقدا..! چ گرەنتییەک هەیە ئەمە نەبێتە مایەی خۆپیشاندان و خۆپێشاندانەکەش نەبێتە مای تەقینەوە!

کورتییەکەی ئەوەیە، هۆکارەکانی تێکدانی زیاتری عیراق، زاڵترو زۆرترە لەهۆکاری چارەسەری کێشەک بەڵام کوردستان و لایەنەکان، بۆچی دانیشتوون و چاوەڕێی چیدەکەن؟! کە تائێستا کۆبونەوەیەک راستگۆیانە لەنێوان لایەنەکان، یەکێتی و پارتی بۆ چارەسەری کێشەکان نەکراوە! نە رێککەوتن هەی نە چارەسەر، دڵنیایی بۆ خەڵک نییە! خۆشحاڵم کە سێ مانگە حکومەت دەتوانێ موچە بدات کەموکوڕیشەوە، ئەمە جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام بەتەنها مووچە بەس نییە! لەکاتێکداو لەسەردەم بەعسدا، هیچ مانگێک مووچە دوا نەدەکەوت، کارەبا بەوشێوەیە نەدەبڕا، کەچی هەموو ئومێدی خەڵ روخانی بەعس بوو! بەڵام ئێستا کە کارەبا نییە، مووچە ئەم ماوەیە نەبێ، خۆشبەختانە هەیە، پێش دواکەوتووەو هێشتا خەڵک چاوەڕێی دانەوەی پاشەکەوتی موچەیە، بەڵام هیچ کام لەمانە گرەنتی نی میللەتەکەمان تاسەر بێدەنگ بێ و تاسەر بەم دۆخە رازی بێت! چونکە مرۆڤ تەنها بە مووچە ناژ بۆیە هەتا موچەو ویژدان و متمانەو ئازادییەکان تێکەڵ بەیەکتر نەبن، ناتوانین دڵنیابین کە ئەم دۆخ بەرەو باشتر دەڕوات! وەک لەسەرەتاوە باسمکرد، هەموو ئەم قەیران و گرفت و کێشانە، مەترسیان لەس تێکچونی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە.

خزمانی گەرمیان، تا خزمایەتیتان لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز بکەن، لەگەڵ رێکخراوەک تەبابن و تا ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بپارێزین، ئەگەر دۆخەکە بەرەو تێکچوون چوو، تا ئاشتەوایی بەهێ بکەین، زۆرتر پیلانی دووژمنەکانمان پەکدەخەین، بە پێچەوانەشەوە! تا ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێکبچێت، دەرەتان دەڕەخسێنین، دوژمنەکانمان دەستبخەنە ناومانەوە. ئەگەر لە کەلار نەتوانن خۆ خانەقین دەتوانن! ئەگەر لەخانەقین. جەبارە، قەرەتەپە و دوزخورماتوو تێکبچێت، کەلار و کفری چۆ خۆیان دەپارێزن؟

تێکجوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری، وەکو ئاو و هەوا وایە، هەموو سنورەکان بێ جیاوازی دەگرێتەوە. لەشوێنێک تێکدەچێت، شوێنەکانی تریش تێکدەدات.

دەبێ بشزانین بە دەستی کەس نییە ئەم عەشیرەتانە ماون و هەن، ناڵێم وەکو سەردەمی مەلیک، بەڵام پێگەی کۆمەڵایەتیان ماوە و بەردەوامە. حزبە سیاسییەکان کە نەیانتوانی ئەرکە بنچینەیی و گەورەکانی خۆیان باش جێبەجێ بکەن، خەڵک گەڕاوەتەوە بۆ خزمایەتییەکە و پەیوەندییە عەشیرەتگەراییەکەی.

لە سی ساڵی رابردوودا، ئەگەر حکومەتی کوردستان خزمەتی ئابوری، خزمەتگوزارییەکانی تر، پەروەردە، فێرکردن، فەلسەفەی خوێندن و گۆڕانکاری ریشەیی بەدیبهێنایە، ئێستا سەرۆک عەشیرەتەکان و عەشرەتەکان ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی تازە بۆیان دروستبووە، نیوەی ئەمەشیان بۆ دروست نەدەبوو! بەپێچەوانەوە رەنگە منداڵەکانیشیان لە دونیایەکی تردا ژیانیان بکردایە! بەڵام بۆ وڵاتانی تر وابوون، لەوانە سەنگافورە، کە بە سی ساڵ بوو بە یەکێک لە پێشکەوتووترین وڵاتەکانی دونیا. لەکاتێکدا شەڕی عەشرەت، مەزهەب، چینایەتی، هەرێمایەتی لەناویاندا هەبوو، بەڵام سەرکردەیەک هات و بە سی ساڵ هەمووی گۆڕیی و ئێستا هیچ کەسێک لەو وڵاتە بیر لەعەشرەتگەرایی ناکاتەوە.

ئەمە جگە لەداهاتی تاک، کە هەر هاووڵاتییەکی سەنگافورە، ساڵی (٦٠) هەزار دۆلار داهاتێتی! ئەمە بەراورد بەکوردستان کە ساڵانە هەر زۆرینە ناگاتە (٣) هەزار دۆلار!

کەواتە بنەمای ئابورییە دۆخی کۆمەڵایەتی تێکدەدات، دەسەڵاتی حوکمڕانی تێکیدەدات، بەپێچەوانەشەوە، بنەمای ئابوری سەرکەوتوو، دەسەڵاتی حوکمرانی سەرکەوتوو، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بەدیدەهێنێت و بەرەو باشتر دەیگۆڕێت.

ئومێدەوارم لەکاتێکدا حزبە سیاسییەکان توشی لۆمەیەکی گەورەی خەڵک بوون، ئەمجارە عەشرەتەکانمان ئەوەندەی دەتوانن و وزەتان هەیە، ئەمجارەش حزبەکان قەرزاربار بکەن، بەحزبەکان بڵێین: ئێوە نەتانتوانی سەرکەوتن بە تەواوی بەدەستبهێنن، ئێمە بەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی نەتەوەکەمان دەپارێزین و ناوچەکەشمان دەپارێزین و ناشهێڵین ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێکبچێت و ئەمەش شەرەفێکی گەورەیە. بۆیە بیر لەهیچی تر مەکەنەوە، تەنها ئەوەنەبێ ئەم جوامێرییە بنوێنن.

گفتوگۆ

دیداری تەلەفزیۆنی

کەناڵی الشرقیه نیوز..

بەرنامەی (حوار)
گفتوگۆی زەینەب ڕەبیعی
(٢٠٢١/٨/٣١) سلێمانی

سەرنج...

ئەم گفتوگۆیەی کەناڵی شەرقییە نیوز، بەزمانی عەرەبی و لە مانگی (٨)ساڵی ڕابردوودا ئەنجامدراوە، بەهۆی گرنگی تەوەر و پرسیارو وەڵامەکان سەبارەت بە ڕووداوە جیاوازەکانی مێژوو، بەپێویستمانزانی وەریبگێڕینە سەر زمانی کوردیی و لێرەدا بیخەینە بەرچاوی تۆی خوێنەری بەڕێز..

شەرقییە نیوز: سڵاوتان لێبێت.. لە پرۆگرامێکی نوێی (گفتوگۆ)ی کەناڵی ئاسمانی (شەرقییە نیوز)، میوانداریی بەڕێز (مەلا بەختیار) دەکەین، کە ئەندامی ئەنجومەنی بەرزەوەندییە باڵاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان-ە، کاك بەختیار زۆر بەخێرهاتن بۆ پرۆگرامی (گفتوگۆ)..

مەلا بەختیار:
سڵاو لە ئێوەو سوپاستان دەکەم..

شەرقییە نیوز: با لەگەڵ جەنابتان بە مێژوو دەستپێبکەم، ڕەنگە لە هەمو زنجیرە پرۆگرامەکانی دیکەشمدا هەر بە گەڕانەوە بۆ مێژوو دەستمپێکردبێت! ..
جەنابتان چوار ساڵی تەمەنتان بەر پێڕۆی پاشایەتی کەوتووە لە عیراق، پاشئەوە ژیانی منداڵی و دواتر هەرزەکاریی و لاوی و پاشان تا دەگەیتە ئەم تەمەنەت، کە بەهیوام خودا لەشساغی و تەمەندرێژیتان پێبەخەشێت..
بەڵێ، ئەگەر هەڵە نەبم چوارساڵی تەمەنی ئێوە بەر پێڕۆی پاشایەتی کەوتووەو پاشان پێڕۆی کۆماریی،

که دواتر بۆ عیراق دەستپێیکرد.. چەند ڕۆژێکیش بەر لەئێستا یادی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق کرایەوە، ناکرێ کاك بەختیار بۆچوون و دونیابینی خۆی نەبێت، سەبارەت بە دەوڵەتی عیراق و ڕۆڵی پاشایەتی و پاشان دەستپێکردنی پێڕۆی کۆماری لە عیراق و بەراوردی پێڕۆی پاشایەتی و جمهوری و پرۆسەی دیموکراسی کە لەئێستادا تیایدش دەژین و پاشان کۆی کێشەی پرۆسە سیاسییەکان و ئەو چینەی کە ئێستا لەعیراق سیاسەت دەکەن..

مەلا بەختیار:

سوپاس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، دەمەوێت لەسەرەتادا ئەوە بڵێم، کە بۆچوونی ڕون و ئاشکرای من سەبارەت بە بەراورد و جیاوازی لەنێوان پێڕۆی پاشایەتی و کۆماریدا، نەك هەر لە عیراق، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بەگشتی، بۆچوون و باوەڕێك نییە کە پشتیوانی پەیڕەوی پاشایەتی بکات، من مرۆڤێکی چەپ و عەلمانی بووم لە رابردوودا، ئێستا مرۆڤێکی دیموکراسخواز و مەدەنییم، لەوباوەڕەدام کە زەمینەسازی ئەو گەشەکردنەی ئەوسا ڕویاندا لە عیراق و ئامادەسازیی بۆ پێشوازیکردن بۆ پێڕۆی کۆماری تێدا نەبوو، خواستی پێڕۆی پاشایەتی لەعیراقدا بروەی سەندو عیراقی کۆنترۆڵکرد، هەرچەند پێڕۆی پاشایەتی لەعیراقدا بەریتانیا پاڵپشتی بوو، بەڵام هەنگاو و گەشەسەندنەکەی لەعیراقدا خاو و خلیچك بوو! پێڕۆی کۆماری چی کرد بۆ عیراق؟! عەبدولکەریم قاسم لە راستیدا پیاوێکی بەڕێز بوو، لەنێوان سەرۆکەکانی عیراقی پێش روخانی رژێمی سەدام، باشترینیان بوو.. لە عەبدولڕەحمان عارف باشتر بوو، لە عەبدول سەلام عارف باشتر بوو، لە ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدامیش باشتر بوو..

شەرقییە نیوز: کەواتە لەروی سیاسی و ڕاگەیاندنیشەوە غەدری لێکراوە؟

مەلا بەختیار:

بەڵێ غەدری لێکراوە..

شەرقییە نیوز: ئەگەر ڕۆژانی شۆڕش بیربخەینەوە، هەمیشە بەشێوەکی خراپ باسی ئەم کەسایەتییە کراوە..

مەلا بەختیار:

ئەوە تێڕوانینی حزبەکان بووە بۆ عەبدولکەریم قاسم، بەڵام تێڕوانین و دیدو بۆچوونی مێژوو شتێکی ترە، بەپێچەوانەوە، ئەگەر بەراوورد بکەیت، قوربانییەکان لەسەروەختی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارفدا زۆر جیاوازن، کۆدێتای بەعسییەکان لە (١٩٦٨)ەوە بۆ روخانی رژێم.. هەموو ئەمانە جیاوازییەکی گەورەت بۆ دەخاتەڕوو، هەزاران هەزار قوربانی هەیە لەنێوانی (٨)ی شوبات و کودێتای بەعسییەکان، تا

ـگاتە روخانی سەدام و بەدواوە..

دەکرێ بڵێین دەیان هەزار قوربانی لەو سەروەختەدا هەبوون، دڕندەیی دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ـعس، توندوتیژیی، سەرکوتکاریی، گرتن، راوەدوونان و چۆڵپێکردنی دێهاتەکان .. تەنها ووردبینەوە و بە ـیژدانەوە بڕیار بدەین، بۆت دەردەکەوێت کە لە کوردستان جینۆساید ئەنجامدراوە، کۆکوژی سەپێنراوە.. ـەگەر ئەو بەراوورده بکرێ دەبینیت کە لەسەروەختی عەبدولکەریم قاسمدا ئەو ئەزمونە نەکراوەو ـەسەپاوە..

مەبەستە وورد و سەرەکییەکەم، کە دەمەوێت تیشکی بخەمە سەر و کەمێك لەسەری بووەستم، ئەوەیە پێڕۆی پاشایەتی بۆ ئەو کاتەی عیراق گونجاوتر بوو لەگەڵ کۆمەڵ و چین و توێژەکانی عیراقدا.. زیاتر لە پێڕۆی کۆماری سەروەختی عەبدولکەریم قاسم..

پێڕۆی کۆماری ئەو کاتە دەردەکەوێت لە رۆژئاوا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بەتایبەتی ناوەڕاستی رۆژئاوا (وڵاتانی ئەسکەندەنافیا) دەردەکەوێت، ئەمە بێگومان زەمینەسازیی هەبووە بۆ ئەو پێڕۆیە، پێشتر کاری بۆکراوە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ناوچەکە، پێشتر نە ئامادەسازیی بۆکراوەو نە زەمینەسازیشی بۆ رەخساوە..

شەرقییە نیوز: بەس کاك بەختیار بە قسەکانتدا و بەو باسەی سەروەختی عەبدولکەریم قاسم کە دەیکەیت، وا دەردەکەوێت کە لەگەڵ کۆدێتای بەعسییەکان نەبووبیت؟!

مەلا بەختیار:

ووشەی (کۆدێتا) بە واتا زانستییەکەی لەگەڵ پێڕۆی عەبدولکەریم قاسمدا ناگونجێت و دروست و وورد نییە، بۆچی؟ چونکە جەماوەر و خەڵك پشتیوانی عەبدولکەریم قاسم بوون، ئەمە بۆ راستی و بۆ مێژوو، زۆرینەی رەهای جەماوەر و خەڵکی عیراق پشتیوانی عەبدلکەریم قاسمیان دەکرد! پێڕۆی حوکمی قاسم، خاوەنی بنکەیەکەی جەماوەریی گەورەی کۆمەڵانی خەڵکی عیراق بوون، (١٩٥٨، ١٩٦٠، ١٩٦١)... بەڵام پاش (١٩٦١) پێڕۆکە لە ڕێڕەوی خۆی دەرچوو، لەڕێڕەو دەرچوونێکی گەورەن کە بەرەو ئەزمونکردنی دەسەڵاتی تاکەکسی هەنگاوی نا.. تا گەیشت بەرەو دیکتاتۆریی..

شەرقییە نیوز: زۆر باشە! لێرەو لەم بڕگەیەی مێژوودا، لەو پێنج شەش دەیەی رابردوودا، کە پێگەیشتن و هەڵزنانی سیاسیت لە خانەقین دەستپێکرد، دەمێنینەوە.. لانیکەم پێنج دەیەیەك پێش ئێستا کە گەنجێتی تێدابووە.. شوناسی ئەو ناوچانەی کە بە ناوچە جێناکۆکەکان ناودەبرێت.. دەپرسین بەئێستاشەوە هەر لەگێرەوکێشەی شوناسدایە ئەو ناوچانە؟!

مەلا بەختیار:

بەڵێ بێگومان.. کۆتایی ساڵی (١٩٧٦) پەیوەندییم کرد بە شۆڕشەوە، بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمـ کوردستان، بەڵام ساڵی (١٩٧٥) خانەقینم جێهێشت، پاشئەوەی ساڵی (١٩٧٥) فەرمانی دەستگیرکرد دەرچوو، بەدیاریکراوی لەڕۆژی (١٩٧٥/٩/٥) بە ناچاری خانەقینم جێهێشت و هەڵاتم، رامکرد بۆ سلێمـ و (٢٨) ساڵ لە خانەقین دابڕام، (٢٤) ساڵی تەواو دایك و باوك و حەوت لە خوشك و براکانم گواستیانە بۆ فەلوجە..

شەرقییە نیوز: ئەو دەمە تەمەنت بیست ساڵانێك دەبوو؟

مەلا بەختیار:

تەمەنم بیست و دوو ساڵ و بەرەو سەرەوە دەبوو..

شەرقییە نیوز: پێش یاخود پاشی ئەوکاتە بوو کە پەیوەندیت بە کۆمەڵەی مارکسی-لینینی-ەوە هەبوو؟!

مەلا بەختیار:

نەخێر، ساڵی (١٩٧٠) پەیوەندیم بە (کۆمەڵەی مارکسی لینینی)ەوە کرد، ساڵی (١٩٧٥) لەخانەقی هەڵاتم، واتا پاش پێنج ساڵ لە پەیوەندیکردنم بە ریزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی-ەوە.

شەرقییە نیوز: باسی ئەو پەیوەندییەم بۆ بکە بە ریزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی-ەوە؟ باوەڕ تێڕوانینە ئایدیۆلۆجییەکانت ئەوکاتە چۆن بوو؟

مەلابەختیار:

ئەوکات بیرو باوەڕی چەپڕەوی لەخانەقین زاڵ بوو، لەسییەکانی سەدەی رابردووە تا دامەزراندن حزبی شیوعی، بیروباوەڕی چەپ لەخانەقین زاڵ و کاریگەر بووە. بێگومان ئێمە وەك کۆمەڵێك لاو ئەوکات کاریگەرو پاسیڤ بووین بە هەژموونی بیری چەپڕەوی، سەیری فیلمەکانی گیڤاراو زێد و غاندی-مان دەکرد، ئەو فیلمانە لەعیراقدا نیشاندەدراو لە عیراق دەخرانە پێشچاو، لەخانەقینەوە دەچووینە بەغداد بۆ سەیرکردنی ئەو فیلمە سیاسییانە..

ئێمە لە خانەقین برەومان بە بیروباوەڕی چەپ دەدا، کاتێکیش چووینە نێو کۆمەڵەی مارکسی لینینییەوە، خۆمان چەپ بووین و بە باوەڕێکی چەپگەراوە چووینە نێو کۆمەڵەکە، پاشان تا ساڵی (١٩٨٤یش هەروا ماینەوە، ئیتر لەو مێژووەو لەساڵی (١٩٨٤)ەوە ریزەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینیم جێهێشت

شەرقییە نیوز: جێتهێشت؟ یاخود باوەڕت وابوو؟

مەلابەختیار:

بەڵێ بە باوەڕەوە جێمهێشت.. هەر بە چەپڕەویش مامەوە، بەڵام باوەڕم وابوو کە بیری ستالینی خۆی ـەسەر کۆمەڵەدا زاڵکرد، بۆیە هاتمە دەرەوە..

شەرقییە نیوز: ئەمە دەمباتە سەر پرسیارێك کە لە بیرەوەرییەکانتدا نوسیوتە..

مەلا بەختیار:

ناوی (لەبری بیرەوەری)یە، نەك بیرەوەریی..

شەرقییە نیوز: بەڵێ .. بەووردی وایە.. ساڵی (١٩٨٣) روداوێك رویدا بەناوی (پشت ئاشان)، بۆچوونی ـێوە لەسەر ئەو روداوە زۆر توند بوو! هەڵوێستیشتان لەسەری تووڕەبوو لەبەرامبەر سەرکردایەتی ئەو ـەردەمەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پەیوەست بەو روداوە.. هۆکار چی بوو؟!

مەلا بەختیار:

بەڵێ، بێگومان وابوو.. جارێ پێش هەموو شتێك ئێمە لەنێو کۆمەڵە ململانێمان هەبوو، لەنێوان چەپگەراکان و ئەوانەی چەپگەرا نیین.. لەساڵی (١٩٨١)ەوە تا (١٩٨٢) ململانێمان هەبوو، شەڕی پشتئاشان کە رویدا، پاشان ئەو شەڕانەی دیکە کە رویاندا، ئەوکاتە من بەرپرس بووم لە دەوروبەری سلێمانیو نزیك بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان..

بەداخەوە ئەو شەڕە لەنێوان ئێمەو هێزەکانی (جود) رویدا، سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەگەڵ حزبی شیوعیدا وا ڕێککەوتبوو کە خۆیان لەشەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و جوود هەڵنەقورتێنن، ئەوە بوو شەڕەکە رویدا و حزبی شیوعی-ش خۆی لە شەڕەکە هەڵنەقورتان، لەو شەڕەدا ئێمە وەك یەکێتیی نیشتمانی سەرکەوتین و چەکدارەکانی جوود بەرەو ئێران هەڵاتن! دوائەو سەرکەوتنەی ئەوکات، شەڕی (قڕناقە و پشتئاشان) لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و (جوود) دروستبوو، هەمانکات بڕیارێك دەرچوو کە ئێمە لەو کاتەدا هێرش بکەینە سەر حزبی شیوعی!

من کە رەتمکردەوە! بەهۆی ئەو رێکەوتنەوە رەتمکردەوە کە لەنێوانماندا هەبوو، رێکەوتنەکەش وابوو کە نە ئێمە هێرش بکەینە سەر شیوعییەکان و نە ئەوانیش هێرش بکەن و جوود سەربخەن..

شەرقییە نیوز: بەڵام لەبەرامبەردا بۆچوونێکی دژبەریی لەنێوخۆی یەکێتی نیشتمانیدا دروستبوو؟ بەرهەڵستییەکی گەورەش کرا!

مەلا بەختیار:

ئەوکات هێزی ئۆپۆزسیۆن و دژبەر دابەشبوو بوون بەسەر (جوود) و (بەرەی جەوقەد)دا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەندامی بەرەی جەوقەد بوو، کە بەرەیەکی فراوان بوو.. جوود-یش کە چوار حزب بوون، پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و سۆسیالیست و پاسۆك..

شەرقییە نیوز: ئەو مێژووە جێدەهێڵم و دێمە سەر مێژووی نوێ .. مام جەلال کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، کۆچی ڕەوانشادی ئەو، شڵەقانێکی لەنێو حزبەکەتاند! دروستکرد، پەرتبوون و کەرتبوونێکی ئاشکرا لە زاری سەرکردەکانی خۆتانەوە بیسترا و دەشبیسترێت، دۆخەکە گەیشت بەو دابەشبوونەی ئەمڕۆ کە دەبینرێت، بەشێکی دەیگێڕنەوە بۆ ئەو ڕوداوانەی پەیوەندی بە لاهور شێخ جەنگی-یەوە هەیە، بەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕەفتارێکی توندی بەرامبەر ئەنجامداوە؟!

مەلا بەختیار:

جارێ بەر لە هەر شتێك، مام جەلال سەرکردەیەکی بێ هاوتایە لە مێژووی ئێمەدا، مام جالال دووبارە نابێتەوە، سەرۆکێك هەیەو ناودەبرێت بە مام جەلال و لە مێژوودا هەر بە مام جەلال دەمێنێتەوە..

شەرقییە نیوز: کەس جێی ناگرێتەوە؟

مەلا بەختیار:

نەخێر.. جێگرەوەی نییەو ئەوە شتێکە مەحاڵە، کەسێك ببێتە ئەو!.. مێژوو بەهەمان ئاراستەو ڕێڕەودا دووبارە نابێتەوە! هەمان ئەو بارودۆخە مێژوویی و سیاسییە دووبارەناکاتەوە کە مام جەلال-ی تێدا هەڵکەوتووە..

زیرەکی مام جەلال شتێکی سەرسوڕهێنە! لە حەفتاکانەوە ئێمەومانان مام جەلال دەناسین!

شەرقییە نیوز: ئێ خۆ دەبوو ئەمە بۆ نەوەو پاش خۆی درێژەی بکێشایە؟!

مەلا بەختیار:

کاتێك مام جەلال بووە سەرۆك کۆماری عیراقی فیدراڵ، لە قۆناغی یەکەمدا، دەبێت باس لەوە بکرێت کە ئەوە وەدەستهێنی مێژوویی خۆی بوون، قۆناغی دووەم و خولی دووەم کە خۆزگەم دەخواست پاڵێوراوی ئەو پۆستە نەبوایە! دەبوو لەنێو حزبەکەی بووایە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)..

شەرقیيە نیوز: چارەسەری بارودۆخی ناوخۆیی حزبەکەی بکردایە؟!

مەلا بەختیار:

بەڵێ، بە دڵنیاییەوە. لەوکاتەدا چارەسەی هەندێك گیرەوکێشەی نێوخۆیی یەکێتی بکردایە، کە ئەو گیرەوکێشانە لەسەروەخت و بوونی مام جەلال خۆیدا سەریانهەڵدا.. ئەگەر مام جەلال لە کوردستان بمایەتەوە خۆی نەپاڵاوتایەوە بۆ خولی دووەمی سەرەککۆماری، دەکرا سەرجەم ئەو کێشانەی چارەسەر بکرادایەو دەشیکرد! کە هەتا ئەمڕۆ بێچارەسەر و وەك خۆیان ماونەتەوە..

شەرقیيە نیوز: ئەو پێشنیازانەی پێشەکشکراوە کە ئەوە بکات؟!

مەلا بەختیار:

بەڵێ، بەدڵنیاییەوە، ئەو پێشنیازانەی پێشکەشکراوە..

شەرقیيە نیوز: هۆکاری پشتگوێخستنی ئەو پێشنیازانەی چی بوو؟

مەلا بەختیار:

مام جەلال پیاوێك بوو کە بەرپرسیاریی مێژوویی، نیشتمانیی لە عیراق خستبووە سەرشانی خۆی، بەجدیش بیری لەهەموو ئەو کێشانە دەکردەوە کە لەسەروەختی خۆیدا روویان دەدا و هەوڵیدەدا چارەسەری هەموو ئەو کێشانە بەووردی بکات، کە عیراق رووبەرووی دەبۆوە.. نیشتمانپەروەریی مام جەلال، سووربوونی، دڵسۆزیی، پابەندیی بە دەستوری کۆماری عیراقی فیدراڵی، مەسەلەی (نیشتمانیی - عیراقیی) لەوکاتەدا زاڵو دڵخوازتربووە لای مام جەلال لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش زیاتر.

شەرقیيە نیوز: دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارێکی تر سەبارەت بە ئاستەنگ و پێشهاتەکان بۆ بەردەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بۆ نمونە بیرۆکەی (هاوسەرۆك) بۆ یەکێتیی..

مەلا بەختیار:

ئەمەم پێ هەڵە بوو، ئەوە چارەسەرێکی کاتی بوو بۆ کێشە ناوخۆییەکانی پاش کۆنگرە، ئەوە بڕیارێکی کۆنگرە نەبوو! هەندێك سەرکردەکانی دوای کۆنگرە خواستی ئەرێنی خۆیان بۆ ئەو بیرۆکەیە دەربڕی..

شەرقیيە نیوز: ئەی بۆچی تا ئەم قۆناغە بەردەوامی و درێژەی هەیە؟!

مەلا بەختیار:
لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێستای یەکێتی ئەوە دەخوازێت..

شەرقییە نیوز: ئەی پێویست دەکات لەسەر ئەو دۆخە بمێنێتەوە؟

مەلا بەختیار:
من لەم بارەگایەی کە ئێستا ئەم چاوپێکەوتنەی تێدا ئەنجامدەدرێت، ساڵێك پێش ئێستاو لەگەڵ کەناڵی (ڕوداو) و لەباخچەکە چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرا، وتم کە مەسەلەی هاوسەرۆکی یەکێتیی، تەمەنی درێژی ناگاتە ساڵێکی ترو کۆتایی پێدێت!

شەرقییە نیوز: ئەو پێشبینی و خوێندنەوانەت، دەبێتە هەوێنی تەوەرو پرسیاری دیکەی گفتوگۆکردنەکەمان!

مەلا بەختیار:
بەڵێ.. من هەر زوو پێشبینی ئەوەمکرد و هاتەدی!

شەرقییە نیوز: بێگومان بڕیارەکانی یەکێتیی نیشتمانی، پرسێکی تایبەت و نێوخۆیی حزبییە، بەڵام مەسەلەیەکی دیکەی دەرەکیی هەیە، بۆنمونە لە عیراقو هەر وڵاتێکی دیکەی دونیادا، دەوڵەت و پشتیوان و هاوڕێی دەرەکی هەن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ هەمیشە ناوی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ هاوسێکەمان (ئێران) دەبرێت؟! بەشێوەیەك دەوترێت تەنانەت لەنێو کێشەو پرسە نێو خۆییەکانی یەکێتیشدا، بڕیارەکە لە تارانەوە دەردەچێت!

مەلا بەختیار:
حزبێکی بەهێز لەعیراق و لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە کە پەیوەندی بە دەوڵەتێك و دووان و سیانەوە نەبێت؟.. نەخێر! بەهیچ شێوەیەك حزبی وا بوونی نییە!.. باسی حزبە بچوکەکان ناکەم، دەڵێم حزبی بەهێز و گەورە کە توانستی سەربازیی و چەکداریی لەبەردەست بێت، دامەزراوەو مێژوویەکی لەناوچەکەدا هەبێت، پەیوەستیی نیشتمانیی و کوردستانیی هەبێت.. بێگومانم کە هیچ حزبێکی سیاسی لە عیراق و هەرێمی کوردستان لەم چەشنە نادۆزیتەوە کە پەیوەندیی و وابەستەیی نەبێت بە دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی هاوسێ، یان نێودەوڵەتییەوە.. نەخێر.

دوپاتیدەکەمەوە نە لە عیراق و نە لە هەرێمی کوردستان حزبی لەو چەشنە نادۆزیتەوە..

شەرقییە نیوز: بەڵام دەتوانین بڵێین ئێران قوڵاییە بۆ یەکێتی؟

مەلا بەختیار:

سنوری ئێران بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، زیاتر و فراوانترە لە سنوری تورکیا بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. (٥٥٠) کیلۆمەتر لەخانەقینەوە تا حاجی ئۆمەران، یەکێتیی نیشتمانی سنوری بە خاکی ئێرانەوەیە.

شەرقییە نیوز: لەقەیرانی نێوخۆیی یەکێتییەوە دێمە دەرەوەو تەوەرێکی نوێ دەکەمەوە، ئەویش بریتییە قەیران و کێشە هەڵواسراوە هەمیشەییەکانی نێوان بەغدادو کوردستان، کە تائێستا چارەسەرەکان گرێ کوێرەن و نەکراونەتەوەو چارەسەریش نەکراون.. لێرەو لەوێ لەسەر ئاستی کەسایەتییەکان سەردان و دانوستان و دانیشتن هەیە، بەڵام دوایین پێشهات بەڕێز خالید شوانی ئاشکرای کردکە دوو یان سێ هەفتە بەر لەم چاوپێکەتنە، وتی: بەغداد ئامادەیی تێدانییە ئەو خاڵانە جێبەجێبکات کە پێشترو لە دوایین ڕێککەوتن و دانوستاندا ئەنجامدراوە؟!

مەلا بەختیار:

جارێ تێبینییەکم لەسەر ووشەی (کێشەی هەمیشەیی) هەیە کە ئاماژەتپێکرد.. کێشەکە هەمیشەیی نییەو دروستترە کە بڵێیت درێژخایەنە، تا ئێستاش درێژەی هەیەو بەردەوامە، بەڵام هەتا هەتایی و هەمیشەیی نییە وەك ئێوە باسی دەکەن.. ئەو کێشانە شایەنی چارەسەرکردنن و دەشبێت چارەسەر بکرێن..

شەرقییە نیوز: ئەو قسانەت گەشبینییە!

مەلا بەختیار:

بەڵێ بێگومان گەشبینییە، پێشموایە کاك خالید شوانی ڕاستی ووتووە بۆ مەسەلەی پەنجەخستنە سەر کرۆکی کێشەکە.. تۆ تەماشا بکە! لەو سەروەختەی کە ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکوەزیران بوو، دواتر بەڕێز نوری مالکی و دواتر بەڕێز عەببادی و کێ و کێی تر.. دەبینی لەسەروەختی هەموویاندا، کێشەکانی نێوان بەغداد و هەرێم بەپێی دەستوور چارەسەر نەکراون.. کە ئەوە جێی داخە! .. لێرە لەوێ خۆشاردنەوەو خۆدزینەوە هەبووە لە دەستوور و چارەسەری دەستووریی کێشەکانی کوردستان و بەغداد.. پێچە بەدەورە هەبووە بۆ چۆنێتی چارەسەری دەستووریی ئەو کێشانە و ماددە دەستورییەکانی ئەو کێشانە..

شەرقییە نیوز: لە هەردوو لاوە؟ واتا چ لای بەغداد و چ لای هەرێمیش؟

مەلا بەختیار:

نەخێر.. دەستبژێرکردنی مادە دەستوورییەکان بۆ جێبەجێکردن هەبووە، هەندێك ماددەی نێ جێبەجێکراوەو هەندێکی دیکەی فەراموٚشکراوە، لەنێو ئەوانەدا ئەو مادە بنچینەییانەی کە مافەکانی گەلی کورد و چارەنووسی گەلی کوردی تێداهاتووەو ئاماژەی پێکراوە.. ئێ بێگومان کەڵەکەبوونی هەموو ئەو کێشەو گیروگرفت و مەسەلە هەڵپەسێردراوانەی نێوان بەغداد و هەرێمی کوردستان، هەرچ کاتێ بێت، دەتەقێتەوە! ئیدی شەش مانگی دیکە بێت، یاخود ساڵێكو دووانی تر بێت، کەمتر یان زیاتر..

هەربۆیە لەو باوەڕەدام کە جێبەجێنەکردنی مادده بنچینەییەکانی دەستوور، بەتایبەت مادەی (١٤٠)، بودجەی ساڵانە، پڕچەککردنی هێزەچەکدارییەکانی هەرێم، یاساکانی نەوتو غاز.. کە هەموو ئەمانە کۆمەڵێك بابەتی بنچینەیین..

ئەگەر دەوڵەتی عیراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە سەروەختی پاشایەتییەوە، خولیاو ویستی ئەوە بووبێت کە دەست بەسەر کەرکودا بگرێت و کۆنترۆڵی بکات، رەنگە بۆ ئەوکات حەقیان بووبێت کارێکی لەوجۆرە بکەن، چونکە کەرکوك تاکە پارێزگایەك بووە لەوکاتەدا کە نەوتی لێ دۆزرابێتەوە نەوتی لێدەربهێنرێت و لێی بەرهەمبهێنرێت، بەڵام ئێستا کەرکوك تەنها یەکێکە لەو پارێزگاو شوێنانەی کە نەوتی لێدەردەهێنرێت و و نەوتی لێبەرهەمدەهێنرێت.. پارێزگای بەسرە خاوەنی نەوتێکی ئێجگا زۆر و بێشومارە.. کەواتە ئێستا دەکرێت بووترێت جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) بەهۆی کێشەو گرفتی ئابوورییەوەیە؟ یاخود بەهۆکاری نەتەوەیی و نەژاد و هەر هۆکارێکی ترەوە نابێت جێبەجێبکرێت؟

بۆیە ئەم سوور بوونە لەسەر جێبەجێنەکردنی ماددەی (١٤٠) هەڵەیەکی سیاسی کوشندەو هەڵەیەکی دەستووریی و یاسایی کوشندەیە لە عیراق و کێشە بەدوای کێشەی لەسەر بونیاد دەنرێت..

شەرقیە نیوز: ئەم پێکنەگەیشتن و لەیەکڕاکردنەی لە دانوستانەکاندا دەکرێتو بەردەوامیی هەیە چ لە کاتی توندبونی قەیرانەکان و چ ئێستاش، ئایا بەرەو ئەوەدەڕوات کە پێویست بکات لایەنی دەرەکی دەستوەردان بکات و بێتە نێو هاوکێشەکانەوە، تا لانیکەم ماددەیەکی دەستوری وەك ماددەی (١٤٠ یەکلابکاتەوە؟! لەکاتێکدا بۆ نمونە ئیرادەی ناوخۆیی بۆ تێپەڕبوونی یاسای نەوت و غازیش بوون و ئامادەیی نییە؟!

مەلا بەختیار:

دیقەت بدە! ساڵی (١٩٨٤) لە دانوستانێکدا بووین لەگەڵ رژێمی پێشوو، دوایین رۆژ چووینە نێو ئەنجومەنی نیشتمانی ئەوکاتەوە، کە سەرۆکی شاندەکەمان (مام جەلال) و سەرۆکی شاندی رژێمی بەعسی روخاویش (عیزەت ئیبراهیم دوری) بوو.. ئێمە بۆ ئیمزاکردنی رێکەوتننامەکە لەوێ بووین.. عیزەت ئیبراهیم دوری، کەمێك پێچو پەنای بە هەندێك قسە کرد:

«برایان هەندێك بارودۆخەكە قورسەو هەستیارەو كەمێك ئارامبگرن و كەمێك با ئیمزاكردنە دوابخەین و... لەمجۆرە قسانە»..

دەستوبرد جەنابی مام جەلال، بەزیرەكی و ووردبینی خۆی پێی ووت: «هاا! بەڕێز عیزەت! توركیا قبوڵ ناكات و فشارتان لێدەكات ئەم ڕێكەوتننامەیە نەكرێت؟!»..

كتوپڕ زانی كە توركیا هاتۆتە سەرخەت بۆ ئەنجامنەدانی ئەو ڕێكەتننامەیە.. هەموو دەوڵەتە هەرێمییەكان لەسەر هێڵی بەردەوام و راستەوخۆن لەگەڵ عیراق..

شەرقییە نیوز: ڕۆڵی ئێران چییە لەچارەسەر؟ كاك مەحمود عوسمان كە پێموابێت بۆچونی راشكاوانەی بۆ ئەوە دەرخست كە پێویستە ئێران ڕۆڵی یەكلاكەرەوە ببینێت بۆ چارەسەری ناكۆكییەكانی بەغداد و هەرێم و ڕۆڵی نزیكردنەوەو چارەسەری كێشەكان ببینێت؟!

مەلا بەختیار:

ئێمە وەك یەكێتیی نیشتمانی كوردستان لەگەڵ هیچ جۆرە دەستوەردانێكی دەرەكیدا نیین بۆ هیچ بارودۆخێكی عیراق.. بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە، ئایا بەریتانیا لەسەر هەندێك پرس و سیاسەت دەستوەردانی هەیە یان نا؟! ئەمەریكا لەسەر هەندێك پرسی تر هەمان كار دەكات یان نا؟! توركیا، سوریا.. ئێ بێگومان ئێرانیش خۆی دادەنێت بە یەكێك لە دەوڵەتە هەرە گرنگو كاریگەرەكان لەنێوان وڵاتانی دراوسێ و هاوكێشە نێودەوڵەتییەكانیشدا بۆ هەندێك كاروبار و پرسی سیاسی هەستیار! جگە لەوەی پەیوەندییەكی هاوبەش و چارەنووسسازیشی لەگەڵ عیراق هەیە لە زۆر ڕووی دیكەوە.. ئەگەر هەموو دەوڵەتان پاشەكشەبكەن لەدەستوەردان و ڕۆڵیان لە نەخشی سیاسی عیراقدا، ئەوە بێگومان پێویستە ئێرانیش هەمان كار بكات.

شەرقییە نیوز: لەتەوەری ناوخۆیی و دەرەكییەوە دەگوازینەوە سەر تەوەرێكی دیكە، كە هەڵبژاردنە پارلەمانییەكەی عیراقە.. پێدراوەكان ئەوە بەئێمە دەڵێن كە هەڵبژاردنەكە لەكاتی خۆیدا ئەنجامبدرێت كە بڕیارە (١٠/١٠)ی ئەمساڵ ئەنجامبدرێت..

چۆن دەڕوانیتە دۆخەكە؟ كە تێكەڵ كراوە بە چەك و پارەو دەرخستنی هێز، بۆ مەبەستی هەڵبژاردن، كە ڕەنگە كۆی ئەو دیاردانە لەگەڵ دیدگای هاوڵاتیانی عیراقدا یەكنەگرێتەوە؟!

مەلا بەختیار:

لە رابردودا هیچ هەڵبژاردنێكی پارلەمانی عیراق، بەبێ بەكارهێنانی كاریگەریی چەك و پارە ئەنجامنەدراوە..! هەر هەڵبژاردنێك لە عیراق ئەنجامدرابێت، فشاری سەربازی و هەڵڕشتنی پارەی تێدابووە!.. ڕەنگە ئەم هەڵبژاردنەی كە لەبەردەممماندایە، پاكتر و بێ فروفێڵتر بێت بەراوورد بە هەڵبژاردنەكانی تر!

چونکە چاودێری نێونەتەوەیی لەسەر دەبێت، چاودێرانی دیکەی دەزگاکانی هەڵبژاردن و فشاری حزب و لایەنەکانی دیکەو میدیاو ڕاگەیاندنەکان کە هەڵبژاردنێکی بێ فرتوفێڵ و پاك دەخوازن.. هەمووئەمانە بوونیان هەیەو دروستن، بەڵام هێزە خاوەن چەکەکان و خاوەن توانستە دارایی‌و پارەدارەکان کاریگەرییان دەبێت؟!

دەڵێم: بەڵێ بێ هیچ گومانێك کاریگەرییان دەبێت! وەکچۆن پێشتر کاریگەرییان لە هەڵبژاردنەکانی دیکەدا هەبووە.

شەرقییە نیوز: بۆچوونت چییە لەسەر کشانەوەو گەڕانەوەی هەندێك حزب و لایەن و ڕەوتی تر، بۆ نمونە، ڕەوتی سەدر بڕیاری پاشەکشە دەدات لە پرۆسەی سیاسی، هەر بە کاریگەری ئەو ڕەوتە، حزبی شیوعی و حزبی نیشتمانیش لەگەڵی پاشەکشە دەکەن.. پاشان بینرا دیسانەوە بەڕێز موقتەدا سەدر گەڕایەوە نێو گۆڕەپان و ململانێی هەڵبژاردنەکە؟!

مەلا بەختیار:

(٢٧) پارت و کیان و لایەنی سیاسی پاشەکشەیان کرد، بێگومان هەر حزب و لایەنێك پاساوی پاشەکشەی خۆی هەیە، نامەوێ بچمە نێو هەندێك ووردەکاری.. بەڵام ڕەوتی سەدر بەوە دەناسرێتەوە کە جیاوازەو توانایەکی گەورەو کاریگەرییەکی گەورەشیان لە گۆڕەپانەکەدا هەیە، قورساییان، کاریگەرییان، پەروەردەو ڕێچکەی ئاینییان، لەروی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە سیاسییەکانیان.. بێگومان هەموو ئەمانە وادەکات کە ڕەوتی سەدر قورسایی و کاریگەرییەکی رون و ئاشکرای لە سیاسەتی عیراقدا بەرجەستەبکات.. هەربۆیە پاشەکشەیان زەبرێکی بەئازار لە پرۆسەی سیاسی عیراق دەدات..

بەڵام مەرجەعییەتی باڵاو هاتنە سەرهێڵ بەشێوەیەکی بەردەوام، لەڕێگەی کۆبوونەوەی تایبەت و کۆبوونەوە داخراو و ئەودیوو پەردەکان.. پارت و لایەنە شیعییەکانی دیکەش، بە مەرج سەدریان قایل کردبێت بێتەوە نێو ململانێی هەڵبژارنەکان.. بۆیە لەوباوەڕەشدام کە ئەوان لە ئامادەسازیی ئەوەدابن پشکی سەرۆکوەزیران بۆ ئەوان بێت..

شەرقییە نیوز: واتا حکومەتێکی (سەدر)یی پێکدەهێنرێت؟!

مەلا بەختیار:

ئەگەر براوەی هەڵبژاردنەکان بن و زۆرینە پێکبهێنن.. هەردوێنێ لێدوانی ئەوەشیان دەدا کە پێویست بکات دەستوور بگۆڕن! ڕەنگە ئەمە مەرجێکی دیکەیان بێت و ڕانەگەیەنرابێت و دزەی کردبێت!

شەرقییە نیوز: پێش چەند ڕۆژێکی کەم، هۆشیار زێباری میوانی شەرقییە نیوز بوو بۆ پرۆگرامی

گفتوگۆ)، ئاماژەمان بۆ حکومەتی سەدرییەکان کرد، کە هەمیشە رەوتی سەدر باس و خواسی دەربارە ەکەن.. ئەو وتی: بەڵێ ئێمە رازین بەوەی کە حکومەتی پێکهاتوو حکومەتی سەدرییەکان بێت! و وەك رتی رەتیناکەینەوە، بەڵام بەو مەرجەی حکومەتێکی سەدڕی تۆخ! نەبێت وەك زێباری ئاوا وەسفی کرد!.. ەی یەکێتیی نیشتمانی بۆچونی چۆنە؟!

مەلا بەختیار:

ئێمە لەگەڵ حکومەتێکی کەللە سەریداین (بەپێکەنینەوە).. کەللەسەرێکی پێگەیشتوو..

با من شتێکت پێ بڵێم: سەدرییەکان ئەزموونێکیان هەیە، هەموو حکومەتەکانی رابردوو، ئەزموونەکانیان ئاشکراو روون بوو بەرامبەر سەرجەم لایەن و پێکهاتە سیاسییەکانی تر، بەتایبەت سەدرییەکان، لەبەرئەوەی لەسەرێکەوە شیعەن و لەسەرێکی تریشەوە بەهێزترینی پارت و لایەنە شیعەکانی دیکەشن.. بۆیە لەو باوەڕەدام ئەگەر پشکی ئەوان بێت و سەرۆکوەزیران دیاری بکەن، یەکێك دیاری دەکەن کە سەرکەوتوو بێت بۆ کارەکەی.. ئەمە باوەڕی من و بۆچوونی منە.. بەڵام وەك ئەوەی کە سەدرییەکان بەتەنها و بێ ئەوانی تر حکومەت پێکبهێنن، ئەوە شتێکی ئاستەمە! ئەمە لەعیراقدا بۆ ئێستا زەحمەتە و مەحاڵیشە، بۆیە پێویستەو وا پێویستیش دەکات کە پێکهێنانی حکومەت فراوانبێت و هەموو تێیدا بەشداربن.. وەك ئەوەبێت کە رەوانشاد مام جەلال ئاماژەی پێدەداو نمونەی پێدەهێنایەوە کە (چەپکەگوڵەکە)بێت.. «کە ئاماژەیە بۆ کۆکردنەوەی کۆی دەنگ و رەنگەکانو رەنگاڵەیی حزب و لایەن و کۆکردنەوەی بیروبۆچوون و ئایدیاو ئایدیۆلۆژییەکان لە پرۆسەی دیموکراسیی و ململانێی سیاسی عیراق دا»..

شەرقییە نیوز: بێ گومان هەموو بەهیواین چەپکە گوڵ بێت، لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بە راست و دروستی! نەك تەنها بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن بێت و تەواو..

کاك بەختیار! لەرێگەی بەدواداچوون و تێبینیکردنمانەوە، جەنابتان لەم هەڵمەتەی بانگەشەیەی هەڵبژاردن بۆ سەرخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لێدوانەکانت، گەشبینیت بەوەی کە چاوەڕوانن بۆ بەدەستهێنانی (٢٥) کورسی؟! ئایا ئەم گەشبینی و بەنیازبوونەتان لەسەر بنەمای جەماوەرەکەتان هەڵچنیوە؟! یاخود هاوبەشە سیاسیەکانتان، یان هاوپەیمانەکانتان لە داهاتوو، یاخود بەووردیی چییە ئەگەر پێمان بڵێیت؟!

مەلا بەختیار:

ئەگەر هیوا بێت، ئەوە بەهیوام زیاتر لە (٢٥) کورسیش بۆ یەکێتیی مسۆگەر بێت، بەڵام بارودخی ئێستا کە عیراقی تێکەوتووە، بارودۆخێکی قورسە و ئاسان نییە! لەو راستیدا، ئێمە لە عیراق و لە هەرێمی کوردستان روبەڕووی قەیرانێکی جیدیی ئابوری دەبینەوە، لێرەو لەوێش بێهودەیی خەڵك، رەخنە، گلەیی و

گازاندەی بێشوماری خەڵکی عیراق و هەرێمی کوردستان هەیە.. کە هەندێك لەو قەیران و خەمساردییانە رەنگە مەترسی گەورە دروستبکەن، لەنمونەی شڵەژان و تێکچونی ئارامی و بارگرژیی...!

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، یەکێتیی نیشتمانی زۆرترین هەوڵی خۆی دەدات بەوەی کە دەنگی (٢٥) کورسی و بەرەو سەرەوە بەدەستبهێنێت.

شەرقییە نیوز: لەسەر ئاستی سەرۆکایەتییەکان، رەنگە نوێکردنەوە روبداتەوە بۆ سەرۆکوزیران بێت یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆککۆمار، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئێستا پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری لایە، لەسەر نوێکردنەوەی ئەو پۆستە بۆچونی چۆن دەبێت کە حاڵی حازر بەڕێز بەرهەم ساڵح، لەسەر کورسی ئەو پۆستە دانیشتوە؟!

مەلا بەختیار:

لەو باوەڕەدام کە پۆستی سەرۆککۆماری عیراق، پەیوەندی بە رێژەی بەدەستهێنانی ئەو کورسیەوە هەبێت، کە یەکێتیی بەدەستی دەهێنێت، یاخود پارتی دیموکراتی کوردستان، یاخود هەر حزبێکی دیکە بەدەستی دەهێنێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، پشکی سەرۆکایەتی کۆمار، پشکی کوردە، لەنێو کوردیشدا پشکی ئەو حزب و پارتە سیاسیەیە کە دەبێتە دووەم گەورەترین هێزی سیاسی، ئێ بێگومان یەکێتی نیشتمانی لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستهێنەری (٢٥، ٢٤، ٢٣) کورسیش بێت، دەبێتە هێزی دووەم و شایان بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عیراقە.

شەرقییە نیوز: کاك بەختیار ناوی تۆ لە ساڵی (٢٠١٤ و ٢٠١٨)دا هاتبوو بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق.. ئایا لە (٢٠٢١)یش ناوت دێت بۆ ئەو پۆستە؟!

مەلا بەختیار:

بیرم لێنەکردۆتەوە..

شەرقییە نیوز: بیرت لێنەکردۆتەوە بەشێوەیەکی کەسیی، ئەی بەشدارە سیاسییەکانتان؟

مەلا بەختیار:

ناوی خۆم دەبیستمەوە (بە پێکەنینەوە) .. بەس تا ئێستا بیرم لێنەکردۆتەوە.. لەو باوەڕەشدام کاتێك جەختی لێدەکەمەوە و دەڵێم (بیرم لێنەکردۆتەوە) هاوڕێیانی دیکەم دڵخۆشدەکەم (بە قاقای پێکەنینەوە)..

شەرقییە نیوز: کەواتە تۆ هەلێکی تر دەدەیتە هاوڕێکانت؟!

مەلا بەختیار:

بەشێوەیەك..

شەرقییە نیوز: بەپێی ئەو گەڕانەی کە کردومن، گرتەیەکی ڤیدیۆیی تۆم بەرچاوکەوت، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا قسە دەکەیت..

«بێژەرەکە دەست دەبان بۆ مۆبایلەکەی و گرتە ڤیدیۆکە نیشانی مەلا بەختیار دەدات کە باس لە مەترسیەکانی سەرکەوتی چەکدارانی تاڵیبان و چەکدارە پاکستانییە جیهادیی، سەلەفیی، تەکفیرییەکان دەکات کە سەرکەوتن بەدەستبهێنن و چەکی ئەتۆمیان بکەوێتەدەست»..

بێژەرەکەی شەرقییە نیوز: جەنابتان پێشبینیکاری سیاسی بوون لەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیە؟!

مەلا بەختیار:

ئەوە سیمینارێك بوو لە شاری کەلار، سەروەختی بەڕێز ترامپ، ئەو پێشبینیانەم تێداکرد..

شەرقییە نیوز: تۆ یەکێکی لەو کەسە دەگمەنانەی ئەو پێشبینیانەت بۆ بارودۆخی ئەفغانستان کرد و پێشت کتوپڕ (موفاجەئە) نەبوو، سەبارەت بەو گۆڕانگارییە دراماتیکیانەی چەکدارانی تاڵیبان لە ئەفغانستان دروستیانکرد؟! لەسەر چ بنەمایەك ئەو خوێندنەوەو پێشبینیانەت هەبوو؟!

مەلا بەختیار:

لەسەر ئەو بنەمایەی کە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا (دۆناڵد ترامپ) بەردەوام بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر لەهەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا هەڵبژێردرێت، هێزە ئەمەریکییەکان لە ئەفغانستان دەکشێنێتەوە.. حکومەتی ئەفغانستانیش لەو سەروەختەدا بەهێز و دامەزراو نەبوو، من بەر لە (٧) ساڵ پێشبینی و تێبینی ئەوەمکرد.. بێگومان من پێشبینی ئەوەم کرد کە ئەگەر هاوپەیمانان لەئەفغانستان پاشەکشە بکەن، ئەوا بەربەستی تاڵیبان بۆ گەیشتن بە مرازی فەرمانڕەوایی و جڵەوگیری حوکمی ئەفغانستان دەڕووخێت و هەرەسدەهێنێت، حکومەتی ئەودەمەش بەهیچ شێوەیەك لەئاستی بەرەنگاری تاڵیباندا نەبوو، چەکدارانی تاڵیبان لەچەکدارە جیهادییەکانن و ئامادەییان تێدابوو کە لە هەر ساتێکدابێت، هێرشبکەنە سەر کابول و پایتەختی وڵات بگرن..

پاش (٧) حەوت ساڵ لە نوێکردنەوەی ڕژێم و بەهێزکردنەوەو چەکدارکرنەوەی سوپای ئەفغانستان و پشتیوانی و هاوکاریکردنیان، بە هەموو توانستێکی دارایی و سەربازیی، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی خۆیانڕاگرن و بەرگریی تاڵیبان بکەن و دواجار خۆیاندا بەدەستەوەو ئەفغانستانیان ڕادەستکرد.

شەرقییە نیوز: چاوەڕوان دەکرا هەر وا بەو سانایيە خۆیان رادەست بکەن؟!

مەلا بەختیار:
نەخێر، نە ئەمەریکاو نە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و نە تاڵیبان خۆشیان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە دەسەڵاتی ئەفغانستان بەو خێراییە ئاڵای سپی هەڵبکەن و خۆیان رادەستبکەن..

شەرقییە نیوز: ئەمە بەو واتایەدێت کە لەسەر ئاستی جیهاندا، بیری سەلەفی پەرەسەندووەو گەشەی سەندبێت! کاک بەختیار لەمەدا مەترسییەکان بخاتە روو؟!

مەلا بەختیار:
ئەفغانستان چەند تایبەتمەندییەکی زۆر جیاوازی هەیە، تایبەتمەندیی ئاینی، نەتەوەیی، مەزهەبی- تەماشا بکە! باشترین حکومەت کە ئەفغانستان هەیبووبێت، ئەو کاتانە بووە کە سۆڤییەت پشتیوانی حکومەتی دیموکراسی، جەماوەریی، سۆسیالیستیی کردووە.. حکومەتێکی زۆر بەهێزیان هەبووە.. لەژێر سایەو پێڕۆی پاشایەتی ئەفغانستاندا، لەنێو هەر سێ منداڵێك دانەیەکیان مردووە، (٩٠٪)ی خەڵکی ئەفغانستان نەخوێندەوار بوون.. بەڵام دواتر کە پێڕۆی حوکم گۆڕانکاری بەسەردا هات و پێڕۆی حوکمی دیکە جێگەی گرتەوە، بارودۆخەکە سەرلەبەری گۆڕا، زەمینەی دیموکراسی رەخسا.. تێبینی بکە، لە(٤٧٪ ی کەرتی خزمەتگوزاری (فەرمانبەران) کرانە ژن و ڕەگەزی مێ جێگەی گرتەوە.. زانکۆکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گۆڕانکاریی و چوونە پێشەوەیان بەخۆوە دی، لە(٧٠٪)ی مامۆستایانی زانکۆ لە ژنان پێکدەهات.. هەموو ئەمانە گۆڕان و گەشەسەندنێکی نەوعی بوون لە ئەفغانستان رویاندا.. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەتوانرا خۆیان بەرامبەر رەوتێکی سەلەفی ئەوکاتەی بزوتنەوەی تاڵیبان بگرن و بەسەریاندا زاڵبوو..

شەرقییە نیوز: کاك مەلا بەختیار، تۆ میوانێکی ئازیزی ئێمە بوویت، زۆر سوپاس بۆ میوانداریيەکەت-

مەلا بەختیار:
زۆر سوپاس بۆ ئێوەش و بەخێرهاتن..

شەرقییە نیوز: سوپاس بۆ بینەرانی ئازیزی پرۆگرامی (گفتوگۆ)..
من (زەینەب رەبیعی)م.. تا گفتوگۆیەکی تر بەنیازی دیدار..

هەڤپەیڤینی رووداو-ی عەرەبی

گفتوگۆی مەعد فەیاض
(٢٠٢٢/٤/٧) سلێمانی

حەوت مانگ بەسەر هەڵبژاردنە پێشوەختەکەدا تێپەڕی، دەبوایە چارەسەری کێشەکانی هاوڵاتیانی عیراق بکرێت و داواکاریی تشرینییەکان ئەنجامدرێت، بەڵام بەداخەوە ئەنجامەکانی پاش هەڵبژاردن، لەگەڵ خۆیدا کێشەی دیکەی وەك ناکۆکیی سیاسی لەنێوان پارتە سیاسییە عیراقییەکان و ماڵی شیعەو نێوخۆی ماڵی کورد و ماڵی سوننەی بەدوای خۆیدا هێنا.

روداو: زۆر بەخێرهاتی کاك مەلا بەختیار .

مەلا بەختیار:
سوپاس بۆ تۆ هاوڕێی ئازیز .

روداو: بەڕاست تۆ هونەرو رۆشنبیریی هەڵدەبژێریت یان سیاسی؟ چونکە یەکەمجارمە گفتوگۆیەکی سیاسی لە گەلەرییەکی هونەری شێوەکاریدا ئەنجام دەدەم؟!

مەلا بەختیار:
بەڵێ بەدڵنیاییەو من پشتیوانێکی بەهێزی هونەرمەندانی شێوەکاریم، چ لە عیراق و چ لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکەش بەگشتی..

روداو: کەواتە من لەگەڵ مەلا بەختیار دا، وەك روناکبیرێك گفتوگۆ دەکەم یاخود وەك سیاسییەك؟

مەلا بەختیار:
هەردوکیان پێکەوە!

روداو: مەلا بەختیار لە لوتکەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کە بەوە ناسراوە ناڕازیی و ڕەخنەگر بووە و بیروباوەڕی مارکسیزم بووە، لەئێستادا لەکوێی بارودۆخی هەنوکەیی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندایە؟

مەلا بەختیار:

سوپاست ئەکەم، پرسیارێکی زۆر باشە، دەکرێ ببێتە کلیلێکی باش بۆ خوێنەرانی ئازیز بۆ ئاشنابوونم.. بەو پێیەی کە بەفەرمی لەنێو ئەنجومەنێکی باڵادام لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، کە ئەنجومەنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بەڵام بابەتی گرنگ و بایەخدار لای من، بایەخە رۆشنگەریی، مەدەنیی، عەلمانییەکەیە، کە (٣٠) ساڵە سەرقاڵی ئەوەم، بە بەدواداچوون، دیبەیت، نوسین، سیمینار، کۆنفرانس و کۆنگرەکان، لە هەرێمی کوردستاندا بووبێت یاخود لە عیراق، یان لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی، بەنمونە وڵاتی فەرەنساو وڵاتانی دیکە.. پێشموایە زۆر زەحمەتە دیموکراسیی بونیاد بنرێت، بەبێ ئەوەی بە شەنوکەو (فلتەر)ی رۆشنگەریدا تێپەڕبووبێت، کاتێك شۆڕشی دیموکراسیش لە ئەوروپا بەرپا بوو، پێشینەی (٢٠٠) ساڵی لە فەلسەفەو و بیری چاکسازیی ئاینیی هەبووە، بەدڵنیاییەو ئەگەر ئەو بیرو ئەندێشەو فەلسەفەو رۆشنگەریی و چاکسازییەی ئاین نەبوایە، زۆر زەحمەت دەبوو دەوڵەت لەسەر بنەمای دیموکراسی بونیادبنرێت.

روداو: کەواتە عیراق پێویستی بە (٢٠٠) ساڵە بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی؟

مەلا بەختیار:

نەخێر.. سەردەمەکە جیاوازە، تەکنەلۆژیاو هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، رۆژ و قۆناغەکانی کورت کردۆتەوە، بەشێوەیەك کە ڕەنگە (٢٠٠) ساڵی کردبێت بە (٣٠ یان ٢٠) ساڵێك! .. چونکە ئامێرە پیشکەوتووەکان و تەکنەلۆژیاو سۆشیەڵ میدیا و تەلەفزیۆن و کەناڵەئاسمانییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتیی و هەرێمییەکان و توانستی ئابوری.. پاشان زانکۆکان و کارتێکەرە روناکبیرییەکان.. هەموو ئەمانە کاریگەریی راستەوخۆ و کارلێکی قوڵی لەسەر گۆڕانکارییە خێراو جۆراوجۆرەکان دروستکردووە.

روداو: باشە! ئەوەی ناونرا بە ئەنجومەنی بەرژەوەندییە باڵاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئایا هەڵقوڵاوی دوایین کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە؟ ئایا جەنابتان رازین لە بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە؟!

مەلا بەختیار:

راشکاوانە پێت بڵێم، من رازی نەبووم لە کۆنگرە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو ناویشی نانێم کۆنگرە، چ پێشتر و چ کاتی کۆنگرەو چ ئێستاش، وە ئەگەر بەندەو هاوڕێکانم سوور بوینایە لەسەر پرەنسیب و راو بۆچوونی

خۆمان، ئەوا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوچاری کەرتبوونێکی تر دەبووەوە.. پرەنسیب و راو بۆچونی خۆمان وەلانا بەرامبەر ئەوانەی لەرێگەی دەزگای زانیاریی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کۆنترۆڵی کۆنگرەیان کرد و روبەڕووبوونەوەی ئەوانەشمان وەلانا تا جارێکی تر یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوچاری کەرتبوونێکی تر نەبێتەوە.. بوارێکی مێژوویمان دانێ، ئێستاش کە سێ ساڵ تێپەڕ بووە بەسەر بەستنی کۆنگرەدا، ببینین و بزانین چی روو دەدات؟ ئایا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوای کۆنگرەی چوارەم، توانی رۆڵێکی کاریگەر و مێژوویی، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، ئابوریی، روناکبیریی ببینێت؟ و ئایا دڵنیایی و دەسەبەری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە رای گشتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە؟

رواداو: ئەی چیی دەربارەی جەماوەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەئێستادا؟

مەلا بەختیار:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان (١٧٠)هەزار دەنگدەری لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی عیراق کە (١٠)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢١) ئەنجامدرا، لەدەستدا.

رواداو: سوربونت لەسەر بەدیهێنانی بیرو بۆچون و پرەنسیبەکانت، هۆکاری ئەوەبوو کە هەوڵبدەن لەرێی ژەهرخواردکردنەوە بتکوژن؟

مەلا بەختیار:

بەڵێ.. هەوڵی تیرۆرکردن و ژەهرخواردکردنم، پەیوەندییەکی قوڵ و ریشەیی و مێژوویی من و یەکێتی نیشتمانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستانەوە هەیە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندیی بە ئایندەی گەشەسەندنی تێکراسیاسییەکەوە هەیە، ئەوانەی کە دەستیان برد بۆ جێبەجێکەیاندنی ئەو تاوانە، زانیویانە کە لەو کۆنگرەو پاشتردا شکست دێنن.. زانیشیان کە سەرکەوتوو نابن لە هەرچ روداو و پێشهاتێك لە نێوخۆی یەکێتی نیشتمانیدا کە ئەوان بەرپرسن لێی.. هەر بۆیە ترسیان هەبوو، ترس لە هەرچ کەسێك کە ئەزموونی هەبووەو هەنگاوە هەڵەکانیان، سیاسەتە هەڵەکانیانی دەزانی.

رواداو: سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە نێو یەکێتی نیشتمانیدا درکانی کە دوایین چاوپێکەوتنی ئەو لەگەڵ مام جەلال لە هەولێر ، پێش سەفەرکردنی بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، سوور بووە لەسەر گرنگی پاراستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتی دیموکرات کوردستان، کە مەسعود بارزانی سەرکردایەتی دەکات، وەك ئەوە باسیشی کرد کە ئەو پەیوەندییە گرەنتییە بۆ یەکێتی و بۆ گەلی کوردستانیش.. پێتان وایە ئەم وەسێتە جێبەجێکراوە؟ ناوی دەنێین وەسێت، چونکە دوایین چاوپێکەوتنی رەوانشاد بوو لەگەڵ

ئەو سەرچاوەیە.. دەپرسین ئێستا چی ماوەتەوە لەو میراتییە سیاسییەی ڕەوانشاد مام جەلال؟

مەلا بەختیار:

بەڵێ.. لە هەموو چاوپێکەوتن و کۆبونەوەکاندا، مام جەلال جەختی لەسەر ئەوخاڵە دەکردەوە، کە ئەوەش بریتی بوو لە هاوپەیمانی لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارت دیموکراتی کوردستان.. بەڵام ئەو جەخت کردنەوەیەش ئەوە ناگەیەنێت کە مام جەلال تێبینی و ڕەخنەی نەبووبێت لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام دەیخستنە ئەولاوەو فەرامۆشی دەکرد، گرنگترین شتێك لای رەوانشاد مام جەلال کە بیری لێدەکردەوە، بیرو سیاسەت و کۆششی بۆ هێشتنەوەی هاوپەیمانی ستراتیژی بوو لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان .. جەختی لەوە دەکردەوە کە پەیوەندی نێوان هەردوو حزب، چارەنوسساز و ستراتیژییەو ئەگەر ئەو پەیوەندییە داڕوخێت، ئەوا ئەزمونەکەی هەرێمە کوردستانیش دائەڕوخێت.. ئەوەش با ڕون و زانراوبێت کە خراپبوونی پەیوەندیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ حزب و پارتە سیاسییەکانی تردا، کاریگەریی قوڵی دروستنەکردووە لەسەر بەستەر و پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سۆنگەی باوەڕەوە بە ڕەهەندی ستراتیژیی ئەو پەیوەندییە.

روداو: کەواتە چی رویدا؟!

مەلا بەختیار:

پێچەوانەکەی رویدا.. موزایەدەکان لەناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دەرەوشیدا رویدا، پاشان بزووتنەوەی گۆڕان لە سەروەختێکدا دامەزرێنەری موزایەدە بوو، لە هەرێمی کوردستاندا دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان، کارێکی کرد کە فۆبیا بەرامبەر پارتی دروست بکات، کە ئەوە وایکرد لەژێر کاریگەریی ئەو سیاسەتەدا بەشێك لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاریگەربن بەو فۆبیایە.. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کاتێك مام جەلال رابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەکرد لە لوتکەی شکۆ و بڵندیدا بوو، ڕێگەی بە هیچ کەسێك نەدەدا کە بازرگانی و موزایەدە بەو بابەتەوە بکات (مەسەلەی هاوپەیمانی ستراتیژیی و پەیوەندی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات)، بەڵکو بەپێچەوانەوە چەندین جار کە خۆمی لەگەڵ بووم کاتێك کە چاوی کەوتووە بە نەوشیروان مستەفا جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتی زۆر باشەو ئامۆژگاریشی کردوون کە پەیوەندیان لەگەڵ پارتی دیموکرات باش بکەن و پێی دە ووتن «هەوڵدەدەین پەیوەندی ئێوەش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان باشتر بکەین».

پاشماوەی ئەو سیاسەتەی لەسەر دەستی بزوتنەوەی گۆڕان دامەزرا و بەشێکی یەکێتی نیشتمانیش پێی کاریگەر بوون، ئەوانە بوون کە درکیان بە گرنگی مانەوەی هاوپەیمانی ستراتیژی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەدەکرد، چونکە ئەو ئەزموونەیان نەبوو، وەك بەغدادییەکان

ڵێن (تاڵیان نەچەشتبوو)، ئێمە ئەزموونێکی دوورو درێژ و قوڵمان لەو بارەیەوە هەیە، ئەوانەی کە ئێستا ۆزایەدەچین، بەدرێژایی تەمەنیان بەرگرییان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەکردوە و لەو سەروەختەی ەرگریی مان و نەمان دەکرا لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا، فیشەکێکیان دژ بە پارتی دیموکراتی کوردستان ەتەقاندووە لەو شەڕە خوێناوییە ناوخۆییەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرگری دەکرد و پارتی یموکراتی کوردستان هاتبووە نێو شەڕی لەناوبردنییەوە.

روداو: بەڵام ئەمە دژ بە دۆزی کوردەو و دژ بە کورد و هەرێمی کوردستانیشە؟!

مەلا بەختیار:
بەڵێ بێگومان .. بەڵام تێپەڕی و ئەزمونەکەش دەریخست کە هەڵە بوو و هەڵەیەکی ستراتیژیش بوو کە وەك یەکێتی و پارتی تێی کەوتین.

روداو: پێتوایە بە کرداریی ئەو دووبەرەکییەی ئێستا کەوتۆتە نێوان هاوپەیمانی ستراتیژیی ئێوەو پارتییەوە، هۆکارەکەی پۆستی سەرۆککۆمارە؟!

مەلا بەختیار:
نەخێر ناکۆکییەکان بەر لەوە دەستی پێکردووە، ئەو کات بەرپرسی کادرە کاراکانی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووم، دوو رەوت لەونێو یەکێتیدا دروست بوون، رەوتێکیان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بپارێزرێت، لەنێویاندا هەڤاڵ کۆسرەت رەسوڵ و هەندێك ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی... رەوتێکی دیکە کە دەزگای زانیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاراستەی دەکرد و هەندێك لە ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئاوێتەی ببوون، کە دەیان ووت چەند دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین یەکێتی ئەوەندە بەهێز دەبێت.. ئێمەش پێمان دەووتن: ئێمە وەك یەکێتی و پارتی شەڕمان کرد، ململانێمان کرد، کەوتینە شەڕی ساردەوە وەك هەردوو حزب، هەمو ئەو شتانە سودێکی پێنەبەخشین زیان نەبێت، بەڵکو سودمان لە هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات بینیوە، بەڵام هەموو ئەو باس و خواسانە لای هەندێك سەرکردە گەنجەکانی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەندێك لە سەرکردە هەلپەرستەکان بێسوود بوو، سوور بوون لەسەر بیروڕاو بۆچوونی خۆیان، تا کار گەیشت بەوەی ئێستا باجەکەی دەدەین.

روداو: ئایا ئێوە ئێستا لەنێو ئەنجومەنی بەرژەوەندییە سیاسییە باڵاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کاریگەریتان هەیە؟

مەلا بەختیار:
نەخێر بەداخەوە!

روداو: کەواتە بونی ئێوە وەك دیکۆرێك وایە بۆ نمونە؟!

مەلا بەختیار:
نەخێر دیکۆر نییە، بەداخەوە هەندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنەکەو مەکتەبی سیاسی پێیانوایە ک ئەوان توانیویانە جڵەوی بارودۆخەکە بەزیادەوە بگرەنەوە دەست و پێویستیش ناکات رِێ بۆ کەسی دیک چۆڵبکرێت جگە لە خۆیان.. بەداخیشەوە نەخۆشکەوتنی هەڤاڵ کۆسرەت رەسوڵ کاری زۆر تێکردین و هەڵەیەکی گەورەش بوو بۆ ئەوان، بۆیە جەخت لەوە دەکەمەوە کە ئەوەی کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کردیان هەڵەیەکی کوشندە بوو.

روداو: هەروەك دەوترێت کورد پارسەنگی پرۆسەی سیاسییە، بەتایبەت هەردوو حزبی سەرەکی بەڵام ئێستا خۆیان خوڵقێنەری ئاریشە سیاسییەکەن کە دەکرا چارەسەربوایە ئەگەر رِێکبکەوتنایە و بچونایە بەغداد؟

مەلا بەختیار:
بە بەردەوامی و بۆماوەی سێ ساڵە من جەخت لە نزیکوونەوەو رێککەوتنی هەر دوو حزب دەکەمەوە. کە بە رێکەوتن و هاوپەیمانییەو بچینە بەغداد، سێ ساڵی تەواوە من ئەمەم ووتووەو لە سیمینار و دیبەیت و چاوپێکەوتن و نوسینەکانمدا بەئێستاشەوە دەیانڵێمەوە..

من وەك خۆم سور بووم لەسەر ئەم خاڵە بۆیە بەردەوام جەختم لێکردۆتەوە، لەنێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەئێستاشەوە باجی ئەم بیروبۆچونەشم داوە، بەداخەوە نە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەنجامی موزایەدەکانی ناو حزب درکیان بە گرنگی ئەو مەسەلەیە کرد و نە هەندێك هاورِێیانیش لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان لایان گرنگ بوو.. لە ئەنجامیشدا سووربوون لەسەر هێشتنەوەی ناکۆکییەکان و قوڵکردنەوەی و سیاسەتی قۆرخکاریی دەسەڵات تا کار گەیشتە ئەوەی چییان کرد؟

با من زۆر راشکاوانە بدوێم! پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا بەشێکی رِێکەوتنی سێقۆڵییە لەگەڵ سەدر و سوننەکان، هەتا ئێستا رای گشتی ناوەرِۆکی ئەو رِێکەوتنە نازانن چییە کە پارتی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا گرێیداوە، یەکێتیش چووە رِێکەوتنێك بەبێ واژۆکردنی هیچ رِێکەوتننامەیەك. رِێککەوتنەکان لەگەڵ سەدرییەکان لەلایەك و لەگەڵ هێزەشیعەکانی دیکەی وەك دەوڵەتی یاساو هادی عامری و قەیس خەزعەلی لەلایەکی دیکەوە، کە خۆیان لە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوریی دزییەوە دواتریش هێزی سەربازییان نارده سنورەکانی هەرێمی کوردستان و بەهیچ شێوەیەك ئامادەنەبوون لەگەڵ هەرێم

سەر یاسای نەوت و غاز ڕێکبکەون..

ڕوداو: هەندێك لەوانە شەڕی پێشمەرگەیان ئەنجامدا لە (١٦)ی ئۆکتۆبەردا؟

مەلا بەختیار:

دوای ڕاپرسییەکە شەڕی پێشمەرگەیان کرد، من بەر لە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە ئەدوێم، ئێمە ئەزمونێکی قوڵ و دەوڵەمەندمان لەگەڵیان هەیە، ڕەنگە خوێنەری جدیی لەسەر ئەم مەسەلەیە بپرسێت ئەی بۆچی ماددەی (١٤٠) تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە؟ کە بۆ کورد گرنگترین مەسەلە بوو کە هاوتای مەسەلەی نەوت و غازە.

ڕوداو: لەگەڵ ئەوەی مادەیەکی دەستوریشە؟

مەلا بەختیار:

بەڵێ مادەیەکی دەستوورییەو ئەوان خۆیان لە جێبەجێکردنی دزییەوە بۆ ئەوەی لەناوی ببەن. لەگەڵ ئەوەشدا و پاش (١٩) ساڵ لە ئەزموونکردن لەگەڵ ئەواندا، پارتی دیموکراتی کوردستان هاوپەیمانی لەگەڵ بەشێك ئەو حزبانە دەکات کە ڕاو بۆچوونێکی سلبییان لەسەر هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی.

یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بە هەمانشێوە لەگەڵ بەشێکی تری ئەو پارتانە هەوڵی هاوپەیمانی دەدات کە هەمان ڕاوبۆچوونی سلبیان بۆ جێبەجێکردنی مادده دەستووریەکان هەیە.

ڕوداو: بەڵام لایەنەکان لەنێو چوارچێوەی هەماهەنگیدا، توندترن لەسەر کورد لە بابەتی موچەو ڕوداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەرو بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەکانی دژ بە هەرێم و سیاسەتەکانی، هەتا دەگاتە میلیشیاو هێرشە موشەکییەکان بۆ سەر هەرێم.. لەو نێوەندەشدا، ڕەوتی سەدر لە زۆرینەی کاتەکاندا هاوپشتی بۆ کورد دەربڕیوە، ئەمە نەبێتە بەرگریکردن بۆ هیچ لایەنێك..

مەلا بەختیار:

تا ئەندازەیەك .. بەڵام ڕەوتی سەدر تا ئێستا هێزی پێشمەرگە بە میلیشیا ناودەبات، پشکیشیان لە چارەسەری کێشەی بوجەو موچەی هەرێمدا جدیی نەبوو.. سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕەوتە دان بە کوردستانیبوونی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکاندا نانێت.. هەموو ئەو مەسەلانە بە هەڵواسراوی و بێ چارەسەر ماونەتەوە لەنێو ڕەوتی سەدر و گەلی کورد و هەمو پارت و لایەنە سیاسییەکانی دیکە.

پاش ڕوخانی ڕژێمی پێشوو، سوننەکان ڕۆڵێکی زۆر نەرێنییان بینی، دوو ساڵ خۆیان بەدوورگرت لە بونیادنانەوەی عیراق و پاشتر تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسیی عیراق بوون و بەشداربوون لە پارلەمان و پێکهێنانی حکومەت..

ئەوەشمان بیرنەچێتەوە لە سەروەختی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، سوننەکان سەرۆکایەتی پارلەمانی عیراقیان دەکرد، (سەلیم ئەلجبوری) سەرۆکی بوو، لەماوەی تەنها یەك کاتژمێردا (١٢) بڕیاری دژ بە هەرێمی کوردستان دەرکرد، کە ئەوە ژمارەیەکی پێوانەیی بوو بۆ کاری پارلەمانیی لە سەرتاسەری جیهان! .. من خۆم ئەمەم ڕوو بەڕوو پێ ووت، پرسیارم لێکرد سەبارەت بە ئەندازەی ئەو پەلە پەلییە!

لێگەڕێ با هەڵسەنگاندن نەکەین لەنێوان باشترین و خراپترینیان، باشتر وایە هەڵسەنگاندن لەسەر دۆخی عیراق بەشێوەیەکی بابەتی بکەین..

بارودۆخی ئێستای عیراق ، دەوڵەتێکە بە قۆناغێکی تاریك و قورسدا تێپەڕدەبێت و لەلێواری هەندێك مەترسی جدیی نزیکدەبێتەوە، کە ئەوە بابەتە هەستیارەکەیە، نکوڵی کردن لەیەکدی و نەرمی نەنواندنی سیاسیی یەك بۆ یەك و لەنێو هەموو حزبە سیاسییەکان پیادە دەکرێت.

ڕوداو: ئێوە هاوڕان لەسەر ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بچێتە نێو چوارچێوەی هەماهەنگییەوە؟

مەلا بەختیار:

وەك پێشوو ئاماژەم پێدا، پێشینەی هەڵەکان دەگەڕێنەوە بەر لە دروستبوونی چوارچێوەی هەماهەنگی، کێشەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵانێکە بێ چارەسەر ماونەتەوە، لە ئاکامدا کێشەکان کەڵەکەبوون و لەژێر فشاری ئەو کێشانەشدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەجۆرێك لە جۆرەکان بڕیاری داوە، هەروەکچۆن پارتیش لەژێر هەمان فشاردا بەجۆرێکی تر بڕیاری داوە، لەکاتێکدا کە دەبوو لە یەك بەرەو بە یەك هەڵوێستی سیاسی بچوینایەتە بەغداد.. بۆیە بینیمان ئەوەی ڕویدا، ئاکامی کارو پەرچەکردار بوو.

ڕوداو: ئایا ئەو هەلە لەدەست چووە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکەوە بسازێنەوە؟

مەلا بەختیار:

نەخێر کۆتایی نەهاتووە، بەڵام پێویستە ئەم خولە سیاسییە خولی خۆی تەواو بکات، وەکچۆن دەووترێت قەیران توندبێت تا دەگات بە چارەسەر!

ڕوداو: چوارشەممەی ڕابردوو، کۆبوونەوەیکی چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەبوو لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەڕێز بافڵ تاڵەبانی، هیچ ئەنجامێکی ئەرێنیتان لەو کۆبوونەوە پێگەیشتووە؟!

مەلا بەختیار:

نەخێر هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆمان پێنەگەیشتوە، لەباوەڕەدام کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بزانێت

سەرکەوتن و بەدیهێنانی بڕیارەکانی قورسە، پێشموایە لە زەینی خۆیاندا بەخۆداچوونەوە هەیە، .. هەمانشێوە لەو باوەڕەشدام کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەوەی زانیوە کە بەدیهێنانی بڕیارەکانی وشێوەیەی کە دەیبینین و لێدوان دەدەن سەبارەت بە سەرکەوتنی پاڵێوراوەکەیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار زۆر قورسە.

روداو: لەو باوەڕەدایت کێ ببێتە سەرۆککۆمار؟ ئایا بەڕێزتان پاڵێوراون؟

مەلا بەختیار:

نەخێر بەهیچ شێوەیەك پاڵێوراو نیم بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عیراق، سوپاس بۆ هەرکەسێ لەوەدا ناوی منی بردووە، بەڵام پاڵێوراو نیم. هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە کە یەکێتی نیشتمانی کێشەیەکی هەیە، لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا هەمان کێشە هەیە، لەنێوان هەرێم و بەغداد-یش کێشە هەر هەمان کێشەیە، بۆکوێ بچین؟ و لەوێ چی بکەین؟

روداو: یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی عیراق ڕەوانشاد جەلال تاڵەبانی بوو، کە ئەوە بۆخۆی روداوێکی مێژوویی بوو کە سەرۆککۆماری عیراق وەك دەوڵەتێکی عەرەبی کوردێك بێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو نەریتە دەستوورییە دەپارێزرێت؟!

مەلا بەختیار:

زەحمەتە لەمێژوودا جەلال تاڵەبانی دووبارە ببێتەوە، لەگەڵ ئەوشدا کێشەکانی ناو عیراق ئەوەندە قورس بوون، کە بە مام جەلالیش زەحمەت بوو خاڵی وەرچەرخان لە عیراقدا دروست ببێت، دەیتوانی چی بکات لە دژبەرییکانی شیعە؟ چی بکات لە دژبەرییکانی سوننە؟ مام جەلال توانی نەهێڵێت شەڕی تایفیی و مەزهەبی دروست بێت، بەڵام ئێستا ریشەو رەگی کێشەکان لەنێوان شیعەو سوننە و کورد و بەغداد دا ماوەتەوە، تا ئێستاش کێشەو جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) هاوشانی کێشەی بوجەی گشتی و هێزی پێشمەرگەو یاسای نەوت و غازدا ماوەتەوە.

روداو: کێن ئەوانەی دژی کوردن؟ ڕێگە بدە ناویان نەنێین دوژمن، ناویان بنێین دژ، هەندێك لە شۆڤێنییەکان کورد لە جوداخواز ناودەبەن، بەشێوەیەکی تایبەت مەسعود بارزانی، ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسعود بارزانی و کورد، لەگەڵیان چوونەتە بەغداد تا بەشداربن لە بڕیارو پرۆسەی سیاسی و ئاوێتەبوونێکی عێراقییانەی زیاتر، ئەم وەستانەوەیە دژ بە هاوپەیمانی سەدرییەکان و سوننەکان لەپای چییە؟

مەلا بەختیار:

لێگەڕێ جارێ ووشەی جوداخوازی باس بکەم، ووشەی جیابوونەوە رەنگە بۆ پارێزگایەکی وەك بەسرە دروست بێت، یان سەماوە یان ئەنبار، بەڵام ووشەی جیابوونەوە (یاخود جوداخوازیی) بۆ هەرێمی کوردستان دروست نییە، بەڵکو باشترە لەجیاتی ئەو ووشەیە مافی چارەی خۆنووسین بەکار ببرێت.. ووشەی جوداخوازی ووشەیەکە ماف لەبار دەبات، نە لە فەرهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان و نە لە پرەنسیب و نە لە ئاینی ئیسلامدا مەسەلەی جیابوونەوەو جوداخوازی هەیە. لێرەدا گەلێك هەیە کە مافیشی هەیە، بەڵام ئەگەر بەسرە بیەوێت جیابێتەوە، ئەوە قبوڵ و رێگەپێدراو نییە.

دواتر ئایا عیراق دەوڵەتێکی دیموکراسییە؟ وەڵامەکە نەخێر، ئەی چۆن تەماشای چارەسەرە دیموکراسییەکان بکەین؟ ئەگەر کێشە دیموکراسییەکانی کورد لە عیراق، پاشان کێشەی ژنان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەبێ بوونی راستەقینەی دیموکراسی و روناکبیریی دیموکراسیی و روناکبیریی مەدەنیی و هاوڵاتیبوونی راستەقینە لە عیراق شتێکە زۆر زەحمەتە بەدیهاتنی. لەسەرەتاشدا ئاماژەم بۆ ئەوە کرد کە جێبەجێکردن و بەدیهێنانی دیموکراسی بەبێ ئەوەی بە فلتەرو شەن و کەوی رۆشنگەریدا تێپەڕبووبێت. کارێکی زەحمەتە. ئێستا ئێمە لە گوزەری دیموکراسیداین، لە هەوێنی دیموکراسیداین، کە هەر چرکە ساتێك بێت دەشێت بیری نادیموکراسی باڵی بەسەردابکێشێت، کە نمونەو ئەزموونی جۆراوجۆر لە دونیاد لەم چەشنە رویداوە.

روداو: لەکۆتایی تونێلەکەدا روناکییەك دەبینرێت؟ لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی سیاسی ئێستای عیراق ئاڵۆزەو هیچ سازشێك چ لەلایەم چوارچێوەی هەماهەنگیی چ لەلایەن هاوپەیمانی سێقۆڵییەوە بەدیناکرێت؟

مەلا بەختیار:

ئەگەر دوچاری کێشەی گەورە نەبین و بەتایبەت کێشەی سەربازیی، دەتوانیین لەو تونێلە تاریکە دەرچین.

روداو: کەواتە پێویستە رێکبکەون؟

مەلا بەختیار:

بەڵێ پێویستەو نامەحاڵە.

روداو: لەسەر چ بنەمایەك هاوپەیمانە سێقۆڵییەکە (رزگاریی نیشتمان) دەیەوێت حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی پێکبهێنێت و چوارچێوەی هەماهەنگیش دەیەوێت حکومەت بە سازان پێکبهێنێت.. ئایا حکومەتی سازان واتای گەڕانەوە بۆ سەرەتا؟!

مەلا بەختیار:

باشترین چارەسەر دۆزینەوەی دارشتەیەکی نوێیە لەنێو چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوپەیمانە سێقۆڵییەکە، ئەمە بەپێی خوێنندنەوەی من..

بۆنمونە پێویست دەکات لەسەر برایانی شیعە لە چوارچێوەی هەماهەنگی، کە کەمێك سازش لەسەر داواکارییەکانیان بکەن و بێنە خوارەوە.. لەسەر یەکێتی نیشتمانیش کەمێك سازش لەسەر بڕیارەکانی بکات، پاشان ڕەوتی سەدریش گۆڕانکاری لەسەر بیروڕاکانی ئەنجامدبدات، و پارتی دیموکراتی کوردستانیش نەرمی بنوێنێت، چونکە بەرپرسیارێتی پارتی و بەڕێز مەسعود بارزانی بەرپرسیارێتییەکی گەورەترە لەنێو هاوپەیمانی سێقۆڵیدا، ئەگەر خوانەخواست کێشەکە ئاڵۆز بوو لەنێوان هەولێر و بەغداد بەهۆکاری هاوپەیمانی سێقۆڵی یاخود بەهۆکاری چوارچێوەی هەماهەنگی، ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان پشکی شێری لەو بەرپرسیارێتییەبەردەکەوێت، چونکە زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمانی چ لە کوردستان و چ لە عیراقیش هەیە، هەر لەبەر ئەوە باوەڕموایە کە پیاوی گەورە، بیر لە چۆنێتی چارەسەری کێشەی گەورەش دەکاتەوە.

کێشە ووردەکان چارەسەریان ئاسانترە لە لە گەورەکان و گەورەی گەل چارەسەری دەکات.

ڕوداو : گەورەی گەل کێیە ئێستا؟

مەلا بەختیار:

ئێستا کاك مەسعودە، چونکە حزبەکەی پێکهێنەری زۆرترینە، چ لەسەر ئاستی عراق و چ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.. بۆیە گەورەترینیانە.

ڕوداو: بەڕێز مەسعود بارزانی بە دانایی و لەسەرخۆیی ناسراوە، کاتێك هۆشیار زێباری ڕەتکرایەوە بۆ پۆستی سەرۆککۆماری عیراق، پارتی دیموکراتی کوردستان بە پەرچەکردار مامەڵەی نەکرد، بەلۆجیکی دیموکراسیانە مامەڵەی کرد؟

مەلابەختیار:

بەباوەڕی من هۆشیار زێباری زۆرداریی لێکرا، پارتی دیموکراتی کوردستان دەبوو لە ڕووی یاساییەوە دڵنیابوایەتەوە لە تانەدان بەرامبەر بێبەشکردنی زێباری لە مافی خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆککۆمار، بەرچاوڕۆشنی ڕێکارو چۆنێتی بەربێژێربوونی ببوایە، بەر لەوەی خۆی بەربژێری ئەو پۆستە بکات.

ڕوداو: بەپێ زانیارییەکانمان دڵنیابوون هەبووە لە پرۆسە و ڕێکارە یاساییەکەدا..

مەلا بەختیار:

ئەنجامەکە هەرچۆنێك بووبێت دەرکەوت کە ئەوان دڵنیا نەبوون لە ڕێوشوێن و ڕێکارە یاساییەکە، پێویست بوو لە دادگای باڵا پرسیاریان بکردایە، ئەوان ئەندامیان لەو دادگایە هەیە، کە پێویست بوو دڵنیابن لەو مەسەلەیەو بەهەمان شێوە یەکێتیش ئەندامی لەو دادگایە هەبوو.

ڕوداو: مەودای کاریگەریی بڕیارەکانی ئێران بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بارودۆخەکەوە چەندە؟

مەلا بەختیار:

کاریگەریی گەورەی هەیە، لەسەر کۆی دیمەنە سیاسییەکانی عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیش.

ڕوداو: ئایا دەشێت ئەم کاریگەرییە هەبێت هەتا دەگاتە ئاکامی ڕوخانی پرۆسەی سیاسی؟

مەلا بەختیار:

بۆ ئەم کاریگەرییە کاریگەری هەیە!

ڕوداو: وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان و وەك کەسایەتییەکی دیاریی نیشتمانی و سیاسی، مامەڵەو هەڵوێستتان چۆن بوو سەبارەت بە هێرشە موشەکییەکەی ئێران و دانپێدانانی ئێران بۆ .کارەکە؟

مەلا بەختیار:

بەدڵنیایەوە ئەو کارە چ یاسایی و چ نێودەوڵەتی و چ وەك پێشێلکردنی سەروەری خاکی عیراق قبوڵکراو نەبوو، لە ڕوی ئەو پەیوەندییە مێژووییەکەشەوە کە کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیبوو هەر قبوڵنەکراو بوو. لەڕاستیدا چاوەڕێی ڕودانی کارێکی وا نەبووم و پێموانەبوو شتێکی وا ڕوویدات، ئێران دەوڵەتێکی گەورەیە لە ناوچەکەو وەك گەورە دەوڵەتێکی هەرێمیش وێنا دەکرێت، زۆر بەلامەوە سەیر بوو، چۆن بڕیارێکی لەو جۆرە بدات؟!

ڕوداو: چی دەربارەی ئەو هۆکارانەی خستنیە ڕوو؟

مەلا بەختیار:

هەرچ هۆکارێك بووبێت، هەموو ئەو هۆکارو پاڵنەرانەی ئێران و هەموو ڕەتکردنەوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەمووکێشەکان شایانی چارەسەر بوون، پەیوەندییەکی فەرمی هەیە لەنێوان

پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێران، هەروەکچۆن پەیوەندییەکی فەرمیش هەیە لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ئێران، لەنێوان حزبە ئیسلامییەکان و ئێران، کێشەی زۆر لەوە گەورەترمان لەگەڵ ئێران هەبوو و چارەسەریشمان کرد، روداوگەلێك و چەندین کێشەی تر لەنێو ئێمەو ئێراندا دروست بوو و چارەسەریشکران.. کاتەکە پەیوەندی بەوەوە نەبوو کە راگەیەنرا، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە لە عیراق چی گوزەرا، ئەوە نەژادی بابەتەکەبوو.

روداو: بیرتان لەوە کردۆتەوە کە راستەوخۆ بێنە نێو قەیرانە سیاسییەکەوە و بچنە بەغداد و بۆچونەکانتان بخەنە روو؟

مەلا بەختیار:

تا ئێستا نەخێر، ئێمە لە ئەنجومەنی باڵا، خۆم وەك مەلا بەختیار، ماوەی سێ ساڵە دەڵێم بوار بدەین و رێبکەینەوە بۆ سەرکردایەتییە گەنجەکانمان لەنێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بیانبینین، پاشان چاوەڕێی پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان بین و چاودێربین.

روداو: هەتا ئێستا؟

مەلا بەختیار:

تا ئێستاش و پێویستە چاوەڕوانبین، چاوڕێ بین و دیمەنی سیاسی عیراق بەشێوەیەکی بابەتیانە سەیر بکەین نەك بەشێوەیەکی تر و زاتی.. خوێندنەوەشم وایە، دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی پارلەمانی هەرێمی کوردستان، بارودۆخێکی بابەتی دێتە کایەوە چ لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و چ لەنێو یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش.

روداو: پێتانوایە کە لە هەرێمی کوردستان قەیرانێك رووبدات بەهۆکاری ئەو ناکۆکییە؟

مەلا بەختیار:

بەڵێ ئەگەر هەیە، ئەو ئەگەرەش لاواز نییە.. لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و حزبەکانی تر لە دەسەڵات، رەنگە لەگرێژنەش دەرچێ!

روداو: تا چ سنورێك؟

مەلا بەختیار:

تا ئەوەی خەڵك شۆڕش بکات، چونکە خەڵك برسییە، برسێتی رۆچۆتە نێو مۆخیان.

روداو: لە سلێمانی؟

مەلا بەختیار:

لەسلێمانی و لە هەموو کوردستان بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لەسلێمانی و دەوروبەری بەشێوەیەکی گەورەتر.

روداو: کێ هۆکارە؟

مەلا بەختیار:

ئیدارەی سلێمانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرپرسیارە، ئەوان (١٠٠٪)ی بەرپرسیارێتییەکەی هەڵدەگرن.

روداو: ئەی پێتوانییە کوردیش بەرپرسیارێتی قەیرانی سیاسی دەکەوێتە ئەستۆ لە بەغداد؟

مەلا بەختیار:

بەشێکی گەورە نا، بەڵکو لە (١٧٪).

روداو: پێشبینی دەکەیت دوای دەرچوون لەم بارودۆخەو پێکهێنانی حکومەتی عیراقی، بارودۆخەکە لەهەرێمی کوردستان بەرەو باشبوون بڕوات؟

مەلا بەختیار:

ئەگەر دەرچوون هەبێت لەو دۆخە کەوابوو رێکەوتن دروست بووە، بەڵام بەشێوەیەکی هەمیشەیی نا، تا کەناری ململانێی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بڕدەکات.

روداو: مەلا بەختیار تا هەڵبژاردنەکانی داهاتووش هەر بە هونەرو روناکبیرییەوە سەرقاڵ دەبێت؟

مەلا بەختیار:

بێگومان، چۆنم هەروا دەمێنمەوە، باوەڕی قوڵم بەوە هەیە کە هونەرو روناکبیریی، بەشێکی بزوتنەوەی رۆشنگەریی عیراق و هەرێمی کوردستانن، بەبێ ئەوان زەحمەتە بزوتنەوە دیموکراسی و مەدەنییەکان لە وڵات و هەرێم بەدیبێنن..

لێگەڕێ با هەموو دیموکراسخوازێکی عیراقی و هەموو مەدەنییەکی عیراقی ئەوە بزانێت کە گەورەترین کەموکوڕی لە زەینی خەڵك و روناکبیریی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیانی عیراق و هەرێمی کوردستان، نەبوونی بزوتنەوەو جموجۆڵی رۆشنگەرییە لەو وڵاتە.

روداو: ئەوە پێویستی بە خەوڵ و کۆشش هەیە کە لاوەکانمان ئاراستە بکەن لە بەسرەوە تا زاخۆ؟

مەلا بەختیار:

بەدڵنیاییەوە ئەوە پێویستی بە گۆڕانی فەلسەفەی پەروەردەیی هەیە، پێویستی بە راگەیاندنێکی گەورە هەیە، سایت و پێگەی ئەلیکترۆنی و بزوتنەوەی گەورەی سیاسی و مەدەنی هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە سەدان رێکخراو و رێکخراوە (ئێن جی ئۆ) کان پشتیوان و سەرخەری بن، پێویستی بە قەڵەمی بوێر و جوان هەیە کە بەها و گرنگیە مێژووییەکەی بزانێت.

ئێستا مامۆستایان و مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان رۆڵێکی گەورەی جموجۆڵی رۆشنگەری دەبینن، لە رۆژئاوا فەیلەسوفەکان ئەم رۆڵە دەبینن، من پێموایە کە مامۆستایانی زانکۆکان لێرە دەتوانن ئەو رۆڵەببینن.

روداو: سیاسییەکان نا؟

مەلا بەختیار:

سیاسییەکان.. ئەوانن جوڵەدەخەنە نێو سیاسەتەوە، بەڵام بزوتنەوەی رۆشنگەریی زۆر نەبووەتە کارێکی پێویست کە سیاسی بەگەڕی بخات! .. ڤۆڵتێر سیاسی نەبوو، جان جاك رۆسۆ، کانت، مارکس سیاسی بوون؟! مارکس رۆشنگەر بوو وەك باقی فەیلەسوفەکانی دیکەی دونیا، لەوانەی کە دەستگیرکران و بەندکران و لەوانەشی کە کوژران و سوتێنران رۆشنگەر بوون بەرلەوەی سیاسی بن، کەم لەوانە لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵ بوون.

هەڤپەیڤینی ڕووداو...

گفتوگۆی ڕۆژان ئەبوبەکر

(٢٠٢٢/٥/٣٠) هۆتێل رامادا، سلێمانی

سڵاوتان لێبێت بەڕێزان، لەم هەڤپەیڤینە تایبەتەی ڕووداو، میوانداری بەڕێز مەلا بەختیار، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-مان کردووە، بەخۆشحاڵییەوە، بەخێربێن..

ڕووداو: ئێمە لەبەرئەوەی کە لەجێگەیەکی ئەدەبی و لە بۆنەیەکی ئەدەبیداین، حەزدەکەم باسی فێستیڤاڵی گەلاوێژ بکەین.

لە کوردستان فێستیڤاڵەکان زۆر تەمەندرێژ نابن، بەڵام گەلاوێژ توانیی (٢٥)ساڵ بەردەوامبێت، چۆن ئەوەتانکردووە؟

مەلا بەختیار:

فێستیڤاڵەکانی دیکە هەڵقوڵاوی پێویستییەکانی گەشەکردنی ئەدەب و هونەر و داهێنان نین. یان بڕیاری حیزبی بەدواوەیە، یان حکومەت دەیەوێ ڕێوڕەسمەکان ڕێکبخات و خزمەت بکات.. بەڵام فێستیڤاڵی گەلاوێژ، لەناو منداڵدانی پێویستییەکانی گەشەکردنی ئەدەب و داهێنان و هونەرەوە لەدایکبووە و هەر لەسەرەتاوە بڕیار وابوو بەردەوامبێت. ساڵ بەساڵیش هەڵیدەسەنگێنین و کەموکوڕییەکانی خۆمان دەزانین دیاردە نوێیەکانی گەشەکردنی ئەدەب و هونەر و دنیای فێستیڤاڵ لەبەرچاو دەگرین و بەرنامەی بۆ دادەنێین.

ڕووداو: میدیا، وەک پێویست گرنگی بەفێستیڤاڵی گەلاوێژ دەدات؟

مەلا بەختیار:

مێدیا درێغی نەکردووە، سوپاسی هەموو کەناڵەکان، سایت و پەیج و ڕۆژنامەکان دەکەین. ئەمساڵ کوردستانی نوێ خۆیان دەستپێشخەرییان کردو پاشکۆیەکیان بۆ فیستیڤاڵی گەلاوێژ دەرکرد.

ڕووداو: ساڵانە لەگوتارەکانتدا لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ خەونی زیاترت هەیە بۆ ساڵی داهاتووی فیستیڤاڵ، ئەوەی خەونی تۆیە بۆ ساڵی داهاتوو بۆ فراوانترکردن و گەورەکردنی فیستیڤاڵ چییە؟

مەلا بەختیار:

پێشتر دانیشتین و قسەمانکرد، گوتمان پرۆگرامی یۆبیلی زێوینی فیستیڤاڵ، دەبێ زۆر جیاوازبێت لە خولی (٢٤)ی ساڵی رابردوو و پرۆگرامەکە وا لە ئێمە دەکات ئیدی لەخولی (٢٦)ەوە نەتوانین بگەڕێینەوە بۆ دواوە و دەبێ لە(٢٥) باشتربین، بۆیە هەر ئەمرۆ لەگوتارەکەمدا بەرەخنە لەسەر کەموکوڕییەکانی فیستیڤاڵ دەستمپێکرد، بۆ ئەوەی دووپات نەبنەوە. بێگومان دوای حەسانەوەیەکی کورت، دادەنیشین و بیروبۆچوونی کۆمەڵێک لەنووسەران، هونەرمەند و شارەزایان وەردەگرین، بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە بیر لەوە بکەینەوە (٢٦)ەمین فێستیڤاڵمان چۆن باشتربێت لە(٢٥)ەمین فێستیڤاڵ.

ڕووداو: هیچ کارێک بێ کەموکوڕی نییە، بەشێک لە ئەدیبی پارچەکانی دیکەی کوردستان کە لێرەبوون، گلەیی ئەوەیان هەبوو، بەتایبەتی ڕۆژئاوای کوردستان، ژمارەیەکی کەمیان بانگهێشتی فێستیڤاڵ کراون، بۆچی بەو شێوەیە بوو؟

مەلا بەختیار:

ئەوە پەیوەندیی بەخۆیانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی پێنج مانگ پێش دەستپێکردنی فێستیڤاڵ بانگەوازمان بڵاوکردووەتەوە، کێ بابەتی هەیە بینێرێت، ئادرێسی سایت و پەیج و ژمارە تەلەفۆنیشمان بڵاوکردووەتەوە.. ئەوەی بابەتی ناردووە، چووەتە ناو لیژنەکانی هەڵسەنگاندنەوە و ئەوەش کە نەیناردووە. خۆ ئێمە میوانخانەمان دانەناوە..! دەمانەوێ نووسەر بانگهێشت بکەین و بابەت هەڵسەنگێنین، دەمانەوێ بەهرەمەند بهێنین و دەرگەی بۆ بکەینەوە لە کێبڕکێکەدا بەشداری بکات. کە بەشداری ناکەن، خۆیان بێبەشدەکەن لە فێستیڤاڵەکە، ئەوە ئێمە نیین.. بەڵکو خۆیانن..!، من لە ئێستاوە بانگەوازیان بۆ دەکەم با نووسەر و ڕەخنەگر و شاعیر و هونەرمەندەکانیان بۆ (٢٦)ەمین فێستیڤاڵ بەرهەم ئامادە بکەن.

ڕووداو: ئێستا ئەوەی لە کوردستان دەبینرێت، دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆربوون، بەڵام وێژە و ئەدەب کەمبووە، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

مەلا بەختیار:
ئەوەی لە هۆڵەکە بوو، نیوەی زیاتری سەروکاریان لەگەڵ دنیای ئەدەب و وێژە و شیعر هەبوو.

ڕووداو: ئەگەر باسی دۆخی کوردستان بکەین، زۆرجار ڕەخنەکانت دەبنە جێی باس و گلەیی، بەڵام ئاییندەی کوردستان چۆن دەبینی؟

مەلا بەختیار:
ئەگەر هێزە کوردستانییەکان لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەشی نوێ یان ستراتیژییەکی نوێ، یان پڕۆژەیەکی سیاسی، ئابووری، دەسەڵاتدارێتیی نوێ ڕێکنەکەون، زۆر خراپی دەبینم.

ڕووداو: هۆکاری ئەم مەترسییە زۆرەت بۆچی دەگەڕێتەوە؟

مەلا بەختیار:
بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێستا حەوت مانگە هەڵبژاردنی عێراق تەواوبووە، کورد بە چوار ئەجێنداوە چووەتە بەغدا..! ئەجێندای یەکێتی، ئەجێندای پارتی، ئەجێندای نەوەی نوێ و ئەجێندای ئیسلامییەکان. بەڕاستی ئایا بگرین یان پێبکەنین؟ میللەتێکین هێشتا بە چواردەورمانەوە ئاسان نییە تا سەر قبووڵمان بکەن..!

لە بەغدا، کۆمەڵێک ڕەخنەگر و دژە هەرێم پەیدا بووە کە دەیانەوێ بەدەستووردا بچنەوەو گوشارمان دەخەنەسەر! چەند ساڵێکە ، یاسای نەوت و گاز جێبەجێناکەن، بودجە و مووچە جێبەجێناکەن، چەکدارکردنی پێشمەرگە جێبەجێناکەن، ئەی ئەمانە نابێ ئێمە بخاتە بەردەم دۆخێکی مەترسیداری ئاییندەوە؟ بۆ ماددەی (١٤٠)تائێستا جێبەجێنەکراوە؟ بۆ بودجە ناچەسپێنن؟ بۆ یاسای نەوت و گاز جێبەجێناکەن؟ بۆ؟ ئەمە خۆمەڵاسدانە بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکدا، ئەوەی لەژێر بەڕەیە، بۆمان بخەنە سەر بەڕە..! ئەی ئەمە دەبێ بخوێندرێتەوە لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردەوە، دەبێ رامانچڵەکێنێت..!

ڕووداو: پێتوایە ئەو مەترسییانە نەخوێندراونەتەوە؟

مەلا بەختیار: خوێندنەوەکە لە ئاستی ئەوەدا نییە پڕۆگرامێکی هاوبەش و بڕیارێکی هاوبەش دروستبێت، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییانەی شاردراونەتەوە و دڵنیام بۆمان دێنە سەر شانۆ!، لە پشتی پەردەکەوە دێتە پێشی پەردەکە بۆمان، دڵنیام. لە ساڵانی ئاییندە دووچاری کێشمەکێشێکی قووڵ دەبین و لەگەڵ ئەقڵییەتی تائیفەگەری و شۆڤێنی عەرەبی، ئەقڵییەتی دەسەڵاتی مەرکەزیی عێراقی ڕووبەڕووین. دڵنیام، تووشی ئەو کێشانە دەبین لەگەڵیاندا.

رووداو: چوونی ناکۆکییەکان، یەکنەگرتنەوەی پێشمەرگە و هەبوونی زۆنی زەرد و سەوز بۆنا ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، چۆن دەبینی؟ ئەو پرسە لەوێ تا چەند کاریگەریی لەسەر باشبوونی دۆخەکە دەبێت؟

مەلا بەختیار:

ئەمە یەکەمین زەنگ نییە پلاسخارت لێیدەدا، ساڵی رابردووش ئەو رەخنەیەی گرت و ئەو زەنگەی بۆ لێداین. هەندێک فەریکە سیاسی ئەمە قبووڵ ناکەن. فەریکە سیاسی! ئەمە ناخوێننەوە، گوێ لەم قسەیە ناگرن و پێیانوایە نەتەوە یەکگرتووەکان بیرۆکراسییە و پێیانوایە جێنین پلاسخارت هیچ دەسەڵاتێکی نییە. پلاسخارت، کە دەچێت بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش، نوێنەری زلهێزەکانی دنیا دەبینێت و لەبەردەم ئەوا گوتار دەخوێنێتەوە. ئەمجارەشیان بێهۆ نەبوو بەشێکی بەرچاوی گوتارەکەی لەسەر هەرێمی کوردستا بوو..

پێریش لێدوانێکی دیکەی داوە، دەڵێ من زەنگێکم لێدا، نەک گوێی لێ نەگیرا، بەڵکو ئێستا کێشەکا زیاتربوون لەکوردستاندا، ئەمەش زەنگێکە..! ئەگەر ئێمە وریای ئەم وریاکردنەوە و ئاماژانە نەبین، کاتێک دەزانین، لێمان دەقەومێت..! لەبەرئەوەی زلهێزەکان تا سەر دانبەخۆداگرتنیان لەبەردەم کێشەکاندا نییە. هەر ئەوەندە دەتوانن لەبەرامبەر کێشەکاندا دان بەخۆیاندا بگرن، کە پێتبڵێن کێشەکانت چارەسەر بکە بەرزببەوە بۆ ئاستی هاوکێشە عێراقی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

لە سەرکردایەتیی هەموو حیزبەکان دەپرسم، بەیانی، دوو بەیانی دەوڵەتی عێراق بڕیار بدات کۆمپانیاکان بە هیچ شێوەیەک نابێ هەڵسوکەوت لەگەڵ نەوتی هەرێمی کوردستان بکەن و لەگە تورکیا بیگەیەننە مریشکەڕەشە، کە نابێ نەوتی کوردستان لە رێگەی بەندەری جیهانەوە بگەیەنرێتە ئەو بازاڕانەی نەوتی کوردستانیان تێدا دەفرۆشرێت، وەڵامی تورکیا و کۆمپانیاکان چی دەبێت؟ ئەگەر عێراق بیگەیەنێتە هەڕەشەی بایکۆتکردنی ئەو کۆمپانیایانە یان دەوڵەتی تورکیا..! وەڵامیان چی دەبێت؟ بێگوما لەسەرمانی دادەخەن.

رووداو: دەگاتە ئەو ئاستەی کە عێراق ئەمە بکات؟

مەلا بەختیار:

دەگات..! هەڕەشەکان دیارن، هەڕەشەی وەزیری نەوت دیارە، هەڕەشەی بڕینی (٢٠٠)ملیارەکە دیارە. ئەو گفتوگۆیانەی وەفدەکانی کوردستان (هەرێمی کوردستان) دەچن بۆ بەغدا و دەیکەن، دیارە. پەیتا پەیتا وەزیری نەوتی عێراق دەڵێت:

هەرێمی کوردستان تائێستا هیچ نەوتێکی رادەستی ئێمە نەکردووە، هەرێمی کوردستان ئەمە ناکات، ئەوە ناکات... ئەمە زەمینەخۆشکردنە، واتا: وەزیری نەوت لەخۆیەوە ئەو قسەیە ناکات، وەزیری نەوت

دەسەڵاتی نییە لەخۆیەوە قسە بکات، ئەگەر لە ئەنجوومەنی وەزیران یان لەگەڵ سەرۆکوەزیران یان ناوەندەکانی دیکەی بڕیاردان لە عێراق، راوێژی نەکردبێت یان پێی نەگوترابێت.

رووداو: ئەو بڕیارانەی باسکرد کە لەلایەن دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراقیشەوە دراون بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، پێتوایە لەبەرئەوەی دادگەی باڵایە، بڕیارەکانی تانەی لێنادرێت، ئەمانە یاسایین بەرامبەر هەرێمی کوردستان؟ یاخود ئەو دادگایە خۆی سەروەر نییە و لایەنە سیاسییەکان بڕیاری بۆ دەدەن و گوشاری دەخەنەسەر؟

مەلا بەختیار:

لەکۆڕبەندی دەزگای نالی ئەو قسەیەم کردووە و ئێستەش دەیکەمەوە، پێموایە ئەو بڕیارانە دروست نەبوون..! کتومتیش یاسایی و دەستووری نەبوون. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و شارەزایانمان قسە لەسەر ئەمە بکەن کە ئایا لە دەستووری عێراقدا نەوتی دەرنەهێنراو مافی هەرێمەکانە یان مافی حکومەتی ناوەندییە بە تەنیا. دەبێ ئەوە بەدەقی دەستووری ساخبکرێتەوە.

هەر ئەم پرسیارەت واتای ئەوەیە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەندێک لە حیزبەکانی کوردستان ترس هەیە، کە حکومەتی فیدراڵی بڕیاری نادەستووری یان نایاسایی بدات، یانیش لەژێر گوشاردا بڕیاربدات. کەواتا: بڕیاری دیکەش لەلای هەمان دادگەوە، دژی هەرێمی کوردستان بەڕێوەیە.

یەکەم: بڕیارێکیان داوە سەبارەت بە رادەستکردنی نەوتەکە و حکومەتی هەرێمی کوردستان هێشتا لە مشتومڕی ئەوەدایە، ئەوە بیانوویەکی بەهێزە بۆ دادگەی فیدراڵیی عێراق کە لەسەری پێداگربێت.

دووەم: پێدانی (٢٠٠)ملیار دینارەکە، تا رادەیەکی زۆر بەندە بە چارەسەرکردنی کێشەی نەوت لەگەڵ بەغدا، ئەی ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئایا نابێت بە کۆسپ لەبەردەم دابینکردنی (٢٠٠) ملیارەکەش؟ بەڵکو نابێت بە کۆسپ لەبەردەم دابینکردنی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان؟ کێشەی تریشی بەدواوە دێت. کەواتا دەبێ بترسین، مەترسیمان لەسەرە..!

رووداو: ئەوانەی کە باسیدەکەین، تا چەند پەیوەندییان بە پێکهێنانی حکومەتی عێراقەوە هەیە؟ ئەگەر حکومەتی نوێی عێراق پێکبهێنرێت، ئەو گوشار و پاڵەپەستۆیانە لەسەر هەرێمی کوردستان کەمدەبێتەوە؟

مەلا بەختیار:

ئاوا وەڵامت دەدەمەوە: ئەگەر حکومەتیش پێکبێت کێشە لەناو هێزە شیعەکانی عێراقدا دەمێنێت و کێشەی نێوان شیعە و سوننە دەمێنێت! کێشە لەناو پەرلەمانی عێراقیش دەمێنێت! ئەو کێشانە لەناو حکومەتی پێکهاتووی ئایندەی عێراق رەنگدەداتەوەو لە پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەرێمی

کوردستاندا رەنگدانەوەی دەبێت و دەمێنێت.

ئێستا بەشێکی زۆری حیزبەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان خواخوایانە کێشەی سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران کۆتایی پێبێنن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە بنج و بناوانی کێشەکان هەرهەمووی کۆتایی پێدێت. بەشێکی کێشەکان دەمێنێت و دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران سەرهەڵدەداتەوە

رووداو: ئەوەی پەیوەندیی بەخۆمانەوە هەبێت، دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەفتەی رابردوو سەردانی لایەنە سیاسییەکانی کرد و باسی دروستکردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانی کرد پێتوایە چی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو هەوڵانە سەربگرێت؟

مەلا بەختیار:

سەبارەت بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، نامۆ نەبوو ئەو هەنگاوەی نا.. ئەو، هەر ئەمە سیاسەتەکەیتی. خۆشحاڵم بەوەی کە بەردەوامە لەسەر ئەو سیاسەتە، لە نووسینێکیشدا ئاماژەمپێداوە، خۆشحاڵتریشم کە جگە لە نەوەی نوێ، هەموو حیزبەکان بەتەنگییەوە چوون، ئەمە زۆر گرنگە. بەڵام نەگەنە رێککەوتن، ئەم هەوڵانەش وەک هەوڵەکانی دیکە بێهوودە دەبن..

رووداو: پێتوایە بگەنە رێککەوتن، دوای ئەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا کۆبوونەوە، بەڵام هێشتا وردەکاریی رێککەوتنی کۆبوونەوەکە ئاشکرا نەکراوە؟ ئەوەی کە بۆ ئەمڕۆ گرنگە، هەردوولا لەسەری رێکبکەون بابەتی سەرۆککۆمارە؟

مەلا بەختیار:

بۆ ئەمە یەکەم کۆبوونەوەیە لەنێوان یەکێتی و پارتی، ناتوانن بڵێن ئەرێوەڵڵا رێککەوتن! لە مشتەی ناو هەمانەکە بترسە، لە کێشەی گاز و نەوت بترسە، لە گومرگەکان بترسە، لە بودجە و پشکی حیزبەکان بترسە. ئەمانە کێشەکانن کە تا ئێستا کۆسپ بوون لەبەردەم رێککەوتن..!

یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی دیکە، دەبێ دانیشن لەسەر پلێت قسە بکەن، واتا لەسەر دوا کێشە قسە بکەن و کێشەکان بە هەڵپەسێراوی نەهێڵنەوە..

رووداو: ئەو کێشانە بۆچی هەر دێت و گەورەتر دەبن، لەکاتێکدا ئێران هێرشی مووشەکی کردە سەر هەولێر و تاوەکو دێ شەڕی تورکیا و پەکەکە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا زیاددەکات! ئەو کێشانە هەروا گەورەتر دەبن، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

مەلا بەختیار:

لەبەرئەوەی لە بنج و بنەوانەوە هیچ کێشەیەک لەو کێشانە چارەسەر نەکراوە، نە لە بەغدا و نە لە کوردستان. ئەگەر تۆ لە ریشەوە کێشەکان چارەسەر نەکەی و تەنیا پینەی بکەیت، بێگومان سەرهەڵدەداتەوە و پینەکە هەڵدەتەکێ..!

ڕووداو: ئەی چارەسەر چییە، ئەوەی ئێستا لەتۆوە گوێم لێبوو، ئەوەندە مەترسییەکان زیاترەو کێشەکان قووڵترن، ئەوەی کە کیانی سیاسی دەبێ بیکات چییە؟

مەلا بەختیار:

من دوو قسەم کرد، ئەگەر ڕێککەوتنێکی ستراتیژی یان پڕۆژەیەکی نوێ بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی و حیزبەکان نەبێت، مانای وایە کێشەکان دیسان سەرهەڵدەدەنەوە. ئەمە یەک.
دووەم: ئەوەی کە بنج و بنەوانی کێشەکان چارەسەر بکرێت.

ڕووداو: خۆ پێشتریش ڕێککەوتن لە نێوان پارتی و یەکێتی هەبووە.

مەلا بەختیار:

ئەو ڕێککەوتنە لە قۆناغێکی دیکە بووەو ئێستا قۆناغەکە تەواو بووە، هەموو قۆناغێک شایستەیی سیاسی و ئابووری و حیزبایەتی خۆی هەیە. ئێمە لە قۆناغی نوێداین، سێ هەڵبژاردن لەدوای ڕێککەوتنی ستراتیژی لەعێراقدا کراوە، کە یەکێتیی لەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە چووەتە دەرەوە، با بۆ مێژوو بیڵێم: یەکێتی لە ڕێککەوتنی ستراتیژیی پارتی چووەتە دەرەوە..! ئێستا یەکێتی خۆی ئامادەکردووە بۆ ڕێککەوتنێکی دیکە. فەرموون با دانیشن و لیژنە دابنێن بۆ ئەوەی یان ڕێککەوتنی ستراتیژی بکەنەوە، یان بەپێی پڕۆژەیەکی نوێ ڕێکبکەونەوە.

ڕووداو: ئاییندەی سیاسیی پارچەکانی دیکەی کوردستان چۆن دەبینیت؟ بەتایبەت ڕۆژئاوای کوردستان..

مەلا بەختیار:

ڕۆژئاوای کوردستان چارەنووسی لە چارەسەری کێشەکانی سەرانسەری سووریایە، هیچ چانسێکی دیکەی لەبەردەمدا نابینم و هیچ گرەنتییەکی دیکە لە هیچ دەوڵەتێکی دیکە، نە بەتایبەتی و نە بەفەرمی نەمبیستووە! بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە لە کۆنگرەی جنێڤدا هەرچۆنێک بێت بەشداربن، بەڵام وەک کۆنگرەی ئاشتی (١٩٢٠-١٩٢١) نەبێت، کە نوێنەری کورد چووبووە کۆنگرەی ئاشتی پاریس، هیچ بەشێکی کوردستان و بەتایبەتی لەباشوور، نە عەشیرەتەکان و نە سەردارانی کورد نامەیان نەنارد بڵێن ئەوە نوێنەری

ئێمەیە! نوێنەرەکە خۆی قسەی دەکرد لە کۆنگرەکە و نوێنەری ئینگلیزیش وەڵامی دەدایەوە کە نە بۆچوونی خۆتەو هی سەرکردەکانی کورد نییە..!

ئێستا، کوردی ڕۆژئاوا پێویستی بەوەیە لەنێوان ئەنەکەسە و پەیەدە ڕێککەوتن هەبێت و بە گوتار یەکگرتوو یاداشتنامە بڵاوبکەنەوەو لە دەرگای کۆنگرەی جنێڤ بدەن، بۆ ئەوەی مافی کورد داوا بکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و لەگەڵ حیزب و دەوڵەتەکان. ئەمریک لە ڕۆژئاوای کوردستانە و ئەنەکەسە و پەیەدە ڕقیان لەیەکە! ئەی باشە ئەمریکا چییان لێ بکات؟ کورد سووریا کە لەنێوان خۆتاندا ڕێکناکەون، یانی دوو خاڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان نییە پەیەدەو ئەنەکە لەسەری ڕێکبکەون؟ لەسەر چ مافێکی کورد ڕێکدەکەون با ڕێکبکەون. بەبێ ڕێککەوتنیان ڕەشبینم لە ئاییندەی ڕۆژئاوا.

ڕووداو: باسی دۆخی ناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بکەین، ئێستا دیداری یەکێتی بەڕێوەدەچێت ئەوە هەنگاوێکی باشە بۆ یەکێتی؟

مەلا بەختیار:

وەفدێکی ئامادەکاریی ئەو دیدارەکە هات بۆلای من و وتیان بۆچوونت چییە؟ گوتم ئەگەر (١٠٪ بۆ ٢٠٪) ریفۆرمتان پێبکرێت، مەمنوونتان دەبم!

وتیشم: ئەگەر نەتوانن ئەو گەندەڵییەی هەیە، بەشێکی چارەسەر بکەن، نەتوانن کۆنترۆڵی گومرگەکان بکەن، کێشەی بانک و مووچەی خەڵک چارەسەر بکەن، مانگێکی پێناچێت خەڵک دەکەوێتەو ڕەخنەلێگرتنتان و خراپتر قەرزاربار دەبن! من نازانم دیدارەکە کەی تەواو دەبێت، ئەگەر نەتوانن وەڵامی چۆنێتیی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هاووڵاتی کوردستانی پێوەی دەناڵێنن، چ سیاسی یان ئابووری و کۆمەڵایەتی بدەنەوەو ئەگەر وەڵامی کێشەکانی هەناوی یەکێتی خۆشی تێدانەبێت، دڵنیاتان دەکەمەو ئەوپەڕی مانگ و نیوێک نابات، بزانە چۆن ئەوەی لەبن بەڕەیە دێتە سەر بەڕە! هەر لە ڕەخنەوە هەت ناڕەزایی و پرسیارکردن.

ڕووداو: یەکێتی دەڵێت ئەوەی لە کۆنگرە نەمانتوانی بیکەین، ئێستا بەو دیدارە تەواوی دەکەین. پێتوایە ئەو دیدارەش هەر بە چارەنووسی کۆنگرەدا دەڕوا؟

مەلا بەختیار:

پێش چوارەمین کۆنگرە قسەی زیاتر گوترا، وتیان ئەو کۆنگرەیە مێژووی یەکێتی و ئاراستەکەی دەگۆڕێت و یەکێتی دەکەینەوە بەو یەکێتییەی مام جەلال دەیویست! ئێستا دەڵێن کۆنگرە خراپ بوو و کۆنگرە پلانی خراپی تێدابوو و کاری خراپی تێدا کرا و..تد. ڕەخنەکان زۆرن لەسەر کۆنگرە، ئێمەومانانیش

ێش کۆنگرە هەر وامان دەوت، دواییش هاتەوە سەر قسەی ئێمە، ئێستاش مانگێک و نیو بەینی من و هەموو ئەو هەڤاڵانە بێت، کە لەو دیدارە ئامادەکار یان سەرپەرشتیارن یان لە لیژنەکانن، نەتوانن لەسەر کۆمەڵێک پرس کە پەیوەندی بە چارەنووسی ئابووریی خەڵک و ژیانی حیزبایەتی یەکێتییەوە هەیە، چارەسەر بدۆزنەوە، چۆن ئێستا ناڕەزایەتییەکی بەربڵاویان لەسەرە، بە دڵنیاییەوە ناڕەزایەتییەکان زیاد دەکات و کەمی ناکات!

رووداو: پێت باشبوو کە بافڵ تاڵەبانی بووە سەرۆکی یەکێتی و لە دیدارەکە بە سەرۆکی ئەو حیزبە ناسێنرا؟

مەلا بەختیار:

جارێ ناتوانم قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەم، لەبەر ئەوەی هاوسەرۆکمان هەڵبژارد کە منی تێدانەبووم، وترا ئەو هاوسەرۆکە وەرچەرخانی گەورە لە مێژووی یەکێتی دروستدەکات! لە منیان پرسی بۆچوونت چییە لە بەرامبەر هاوسەرۆک؟

وتم: جارێ کاتم بدەنێ با بیری لێبکەمەوە و ببینم چی دەکەن! دوای ماوەیەک لێیانپرسیمەوە، وتم: ساڵێکی دیکە لەنێوان خۆیاندا تێکدەچن و تێکیشچوون!

ئێستاش، ناتوانم هەتا چارەسەری کێشەکان نەبینم، تا خوێندنەوە و گوتاری نوێ لە هەڤاڵ بافڵ و ئەوانەی لەگەڵی کاردەکەن نەبینم، بۆ چارەسەری کێشە حزبییەکان، کێشە ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییەکانی یەکێتی و لایەنە سیاسییەکان، لە ئێستاوە ناتوانم بڕیار بدەم، بەڵام پڕ بە دڵ هیوادارم سەرکەوتوو بێت، هەرچەند نەریتی سەرۆک، نەریتی مێژووی یەکێتی نەبووە، ئەوە نەریتێکی تازەیە و بەرپرسیارێتییەکی قورسە!

رووداو: قوباد تاڵەبانی لە گوتارەکەیدا وتی، یەکێتی دەکەینەوە ئەو یەکێتییەی جاران کە تەقڵە بە فیل لێدەدات؟

مەلا بەختیار:

بۆ تائێستا کێ دەستی گرتبوو؟ تائێستا کەس دەستی ئەو برادەرانەی مەکتەبی سیاسی و کاک قوباد و کاک بافڵی نەگرتووە! بۆ ئێستا حیزب لەلای ئەوان نییە؟ بڕیار، دەسەڵات، ڕاگەیاندن، هێزی پێشمەرگە و ئاسایش لای ئەوان نییە؟ ئەی لەسەر چی وەستاون؟

رووداو: نە خۆت و نە هیچ ئەندامێکی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی لە دیدارەکەدا بەشدار نەبوون، بۆچی؟

مەلا بەختیار:

هەر لە سەرەتاوە، دوای ئەوەی چوارەمین کۆنگرە تەواو بووە، لە ئەنجوومەنی باڵا کۆبووینەوەو وتمان، ئەگەر بەدڵی ئێمە دەسەڵات و ئۆرگانەکان دابەشنەکرێت و ئەنجوومەنی باڵا بەرپرسیارێتیی جێبەجێکاریی نەبێت، لێیدەگەڕێین برادەرانی مەکتەبی سیاسی و هاوسەرۆکی ئەوکات و برادەرانی کارگێڕ تا کۆنگرەی ئاییندە، با دوا تواناو چانسی خۆیان تاقیبکەنەوە. ئەگەر سەرکەوتوو بوون شانازییان پێوە دەکەین و سەرکەوتووش نەبوون، ئەوکاتە قسەی دیکە دێتە پێشەوە..!

ڕووداو: ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی ئێستا ماوە؟

مەلا بەختیار:

بەڵی بە فەرمی ماوە.

ڕووداو: دەمەوێ دوایین پرسیارم لەسەر تەندروستیت بێت، ئەوکات داواتان لە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد، لەسەر پرسی ژەهرخواردکردنتان لێکۆڵینەوەی زیاتر بکەن، بەڵام تائێستا وەڵامی ئەو داوایە نەدراوەتەوە، کە بووەتە جێی پرسیاری زۆر کەس؟

مەلا بەختیار:

حەزم دەکرد ئەو پرسیارە یەکەم کەس لە هەڤاڵ بافڵ بپرسی، دووەمیش لە کارگێڕ و مەکتەبی سیاسی. لەبەر ئەوەی من نامەکەم ئاراستەی ئەوانکردووە. بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و سیاسییان بوو کە وەڵامم بدەنەوە و من لە (٢٠٠٪) ژەهرخواردکراوم! نەک (٩٩٪)و زانیارییەکانیشم لایە کە چۆن ژەهرخواردکراوم..!

بە هەڤاڵ بافڵ-م وتووە! بە بەرپرسی زانیاریم وتووە! هەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی هاتووە بۆلام، باسم کردووە. بە ڕێڕەوی حیزبیی خۆم و بە ئەخلاقی حیزبیی خۆم، لەدوای ئەوەی هاتووم بە بەڵگەکانەوە لە باشترین نەخۆشخانەی ئەڵمانیا گەڕاومەتەوە، بە بەڵگەی پرۆفیسۆرەکەم کە سەرپەرشتی کردووم، ڕاپۆرتم بە ئەڵمانی، ئینگلیزی و کوردی بۆ ناردوون، هەمان ڕاپۆرتی پزیشکەکەم وەرگێڕاوەتەوە سەر ئینگلیزی و کوردی، تائێستا ئەوان بە فەرمی وەڵامیان نەداومەتەوە..!

هۆکارەکەش کێشەکانی نێوخۆیانە! نازانم، یان دەترسن ئەو کەیسە بگاتە ئەوەی یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی زانیاری ئاشکرابێت کە ئەو تاوانەی کردووە؟ نازانم.

بەڵام بەشبەحاڵی خۆم، تائێستاش ئەخلاقی حزبیم دەڵێت، دەبێ بوەستی تا ئەو برادەرانە بڕیار دەدەن. ئەگەر هەر بڕیاریان نەدا، ئەوکاتە خۆم بڕیار دەدەم..!

ڕووداو: بڕیارەکەت چی دەبێت؟

مەلا بەختیار:

دەچم بۆ دادگا.

ڕووداو: تائێستا نەچووی بۆ دادگە؟

مەلا بەختیار:

نەخێر، دادگای من حیزبەکەمە.

ڕووداو: تا کەی چاوەڕێ دەکەیت؟

مەلا بەختیار:

جا بۆ پشوودرێژی لە سیاسەتدا خراپە؟ تازە من ژەهرخواردکرام و چارەسەریش کراوم، پێمخۆش نەبوو و وتیشم لەناو دەزگای زانیاری ئەو کارە بەرامبەرم کراوە! ناوی کەس ناهێنم. زۆر زۆرم پێناخۆشبوو. بڕواتان هەبێ پێمخۆشبوو داعش و داگیرکەرانی کوردستان بمکوژن، نەک ئۆرگانێک لە ئۆرگانەکانی یەکێتی ژەهرخواردم بکات..!

لەبەر ئەوەی حەوت جار لە مێژووی سیاسیی خۆمدا، لەلایەن حیزبە کوردستانییەکان و دووژمنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هەوڵی کوشتنمدراوەو شانازیشی پێوە دەکەم..! بەڵام ئێستا بە پارێزەوە وەڵامت دەدەمەوە، چونکە حیزبەکەی خۆمە..!

ڕووداو: بەڕێز مەلا بەختیار، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی، هەرچەند ویستم وەک سیاسەتمەدار و ڕۆشنگەر ناوتان بهێنم.. سوپاستان دەکەم و خۆشحاڵبووم لەگەڵ بەڕێزتان ئەم دیدارەم ئەنجامدا.

مەلا بەختیار:

سوپاستان دەکەم...

دیداری NRT

بەرنامەی تاوتوێ-ی NRT
گفتوگۆی کارزان عوسمان
(٢٠٢٢/٧/٢٥\٢٤)

NRT: دەمەوێ زۆرتر لەسەر ئەو دۆخە چەقبەستووییە بۆستم کە لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا دروستبووە، هۆکارەکە چییە؟ چەند پەیوەندی بەو دۆخەوە هەیە کە ئێستا لە عیراق دەگوزەرێ بۆ پێکهێنانی حکومەت؟ هیچ پەیوەندییەک هەیە؟ چونکە بەڕاستی لە هەرێمی کوردستاندا جموجۆڵ و چالاکی زۆر دەکرێن و دەبینرێن. بۆتە پرسیار بۆ خەڵک، ئەمەی کە روودەدات هۆکارەکەی چییە؟ پرساری دیکە لەسەر نێوانی یەکێتی و پارتییە! بۆچی هەست بەنیگەرانی دەکرێت لەنێوان ئەم دوو هێزەدا؟ لە کاتێکدا پرسیاری ئەوەش دەکرێت، کە ئەم دوو هێزە ئەوەندەی لەیەک نیگەرانن، ئەوەندەش لە حومکڕانی و ئیدارەدانی حکومەتی کوردستاندا دۆستن! ئەمەش وایکردووە بۆ خەڵک روون نەبێت، هۆکارەکە چییەو گرێکە لەکوێدایە؟ بۆچی کەس ناتوانێ ئەم گرێکوێرەی لەنێوان ئەم دوو هێزەدا دروستبووە بکرێتەوە؟ لەسەر دۆخی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانیش پرسیار دەکەم، دەمەوێ بزانم ئەو جوڵانەی کە لەماوەی رابردوودا کران، پێکای؟ توانی یەکێتی بباتە قۆناغێکی تر؟ توانی یەکێتی ببێتە یەکێتییەکی تر، وەکو قیادەی یەکێتی ئەو ئیدیعایەی بۆ خۆی دەکرد کە دەیانوت یەکێتی دەکەنەوە بە یەکێتییەکی جاران؟ پرسیارەکانم هەر ئەوەندە نابن، زۆری پرسیاری تر هەن کە دەیکەم، بەسوپاسەوە وەڵامەکەی لە مەلا بەختیار، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی وەردەگرمەوە. زۆر سوپاستدەکەم، کاک بەختیار، کە میوانی تاوتوێ-یت. دەپرسم: بۆچی هەست بەجۆرێک لەچەقبەستووی دەکرێت لە دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستاندا؟ هۆکارەکە چییە؟ پەیوەندی بەو گرفتانەوە هەیە کە لەبەغداد دروست دەبن؟

مەلا بەختیار:

نازانم نهێنی باسدەکەم یان نا، بەڵام ئێوە ریکلامی ئەم بەرنامەیەتان واکردووە، کە گوایە من نهێنی زۆر باسدەکەم!

ئەگەر ڕێگەم بدەیت جارێ با لەکۆنگرەی لۆزان-ەوە دەستپێبکەم، کە ئەمڕۆ یادی (٩٩) ساڵەی کۆنگرەکەیە. هەندێک لە تێکۆشەرانی کورد و دڵسۆزان هەر لە لۆزان و لەو هۆڵەی کە ڕێککەوتنەکەی لۆزانی تێدا مۆرکراوە، چالاکی دەنوێنن و قسەی لەسەر دەکەن.

(٩٩) ساڵ لەمەوبەر، ئەگەر کۆنگرەی لۆزان نەبوایە، نیوەی بڕگەو خاڵەکانی سێڤر جێبەجێ بکرایە. ئێستا لەهەموو ناوچەکە، بەتایبەتی لەسێ بەشی کوردستان، باکور، ڕۆژئاوا و باشوری کوردستان، خوێنی سەدان هەزار کەس نەدەڕژا و سەدان ملیار دۆلار خەرجنەدەکراو ئەم هەموو ناکۆکییە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی تورک، کورد و عەرەب و خەڵکانی تریش، تائێستا درێژەی نەدەکێشا. ئەو توانا مرۆیی و مادییەش بەپێچەوانەوە هەمووی دەخرایە خزمەتی پێشکەوتن. تەنانەت تورکیای ئێستا چەندە پێشکەوتووە، دە بەرابەری ئێستا پێشدەکەوت!

هەرێمی کوردستان، چۆن لەدوای ڕاپەڕینەوە بەتایبەتی لەدوای ڕاگەیاندنی فێدراڵ، لەپێشکەوتندایە. بێگومان لەو (٩٩) ساڵەدا، لایەنیکەمی (٨٠) ساڵی پێش ڕاپەڕین ببینن و بزانن چ دۆخێکمان دەبوو؟!

لۆزان، لەدای سەرکەوتنی کەمالییەکان، سەپێنرایە سەر بەریتانیا، ئەگەرنا پێشتر بەریتانیا بەتایبەتی لەسەردەمی چەرچڵ و پێشنەوەی هەڵبژاردن بدۆڕێنێت، هەتا پێشنەوەی لە وەزیری موستەعمەرات دوور بکەوێتەوە و تەنانەت لەکۆنگرەی قاهیرەش، هەتا سەربەخۆیی لەگەڵ کوردستان بووە. هەتا کەمال ئەتاتورک، لەکۆنگرەی ئۆماسیا کە گوتار دەدات، باسی کورد و مافی کەمینەکانی تورکیا دەکات. بەڵام لەساڵی (١٩٢٢)ەوە هەمووی دەپێچێتەوە و ئیتر کورد دەبێت بەتورکی شاخاوی! لێرەوە بەردەوام کۆنگرەی لۆزان دەڕوات و لەژێر فشاری تورکیای کەمالیدا، بێگومان دۆخەکە سەراپا دەگۆڕێت و بەداخەوە بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن و چیکۆسلۆڤاکیا و ئەم وڵاتانە، هەموویان کۆنگرەی لۆزان قبوڵ دەکەن و تێدەپەڕێت و دۆخەکەشمان دی چی بەسەردا هات! هەمووی تێکوپێکچوو!

ئەو یادە، یادێکی تاڵە و ئومێدەوارین بەرەو یادێکی تاڵی ترمان نەبەن، نە دەوڵەتە زلهێزەکان و نە دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان.

چونکە نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکە داناکشێ، چۆکدانات! نەتەوەیەکە تا دەگات بەئازادی خەبات دەکاتو خوێنیش دەڕێژێت. ئەمەش مێژوو پێمان دەڵێت.

لێرەوە دێمە سەر پرسیارەکەی تۆ، لەڕاستیدا دەمەوێ ئاوا وەڵامت بدەمەوە، کە: عیراق لەرووی سیاسی، ئەمنی، عەسکەریی و ئابورییەوە خراپ بێت، ئەوا کوردستانیش خراپ دەبێت! ئەوانەشی لەم پەیوەندییە ئۆرگانیکییە لەم قۆناخ و هەلومەرجەدا لەنێوان کوردستان و دەوڵەتە مەرکەزییەکان تێناگەن، ئەو کەسانەن، کە بەڕاستی خەیاڵی ناسیۆنالیزمیان زۆر دەفڕێ! بەڵام واقیع قبووڵی ناکات.

بینیمان، (١٣) ساڵی ڕەبەق کوردستان لەبەغداد نەبوو، ئەوانەی پێیانوابوو هەر چوارپارچەکەی کوردستان تەقەڵ دەدەن لەیەکتری، بەڵام بۆ لەکوردستانی عیراق نەیانتوانی و حکومەتی عیراقیش لە کوردستان نەمابوو، ئەی بۆ نەیانتوانی سەربەخۆیی رابگەیەنن؟ بۆچی هەمیشە دەیانوت بەشێکین لەعیراق؟ بۆ هەمیشە دەیانوت ئامادەین لەگەڵ هەر حزبێک و ئۆپۆزسیۆنێکی رژێم ئامادەین رێکبکەوین؟ وەکو رێککەوتن! لەکۆنگرەی ڤییەننا کە خۆم ئەندامبووم، رێککەوتین! لەکۆنگرەی لەندەن کە هەر ئەندام بووم، رێککەوتین! لەکۆنگرەی نیویۆرکیش کە هەر ئەندام بووم، هەروا رێککەوتین! خۆ ئەوکاتە عیراق لەکوردستان بوونی نەمابوو! بەڵام رێکیش کەوتین، کە لەوکاتەدا بڕیاری ناوچەی ئارام و (٦٨٨)یشمان هەبوو، پارێزراوبووین، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا نەماندەتوانی لە عیراق جیاببینەوە! ئێستاش قۆناغێکی ترە.

NRT: ئەو قسەیە، قسەیەکی لۆجیکییە بۆ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و بۆ رابردووش، وانییە!

مەلا بەختیار:
بەڵێ بێگومان..

NRT: هەرچەند بابەتێکی مێژووییەو رەنگە زۆر قسەی لەسەر کرابێت، بەڵام ئێستا رەنگە بینەرەکانمان بڵێن: هەر خۆتان بەریفراندۆم تێکتاندا!

مەلا بەختیار:
ئێستا وەڵامی ئەوەش دەدەمەوە، بەڵام با قسەکەم تەواو بکەم.. ئێستا لەعیراقدا حزبە شیعەکان، لەنیوان خۆیاندا زۆر تێکچوون، صەدرییەکان پاشەکشەیان کردووە، چوارچێوەی هەماهەنگی هەیە و یەکێتیش لەگەڵ ئەوانە. لەولاوە پارتی هێشتا سیاسەتی خۆی پاراستووە، لەولاشەوە یەکێتی لەسەر سیاسەتی خۆی سوورە! هۆکارەکەی چییە؟ هۆکارەکە ئەوەیە کە ئەم بۆڕبۆڕێنە بۆ ئەوەیە لەبەغداد رێکبکەون! بەڵام نایەن لەکوردستان رێکبکەون! بۆ؟ چونکە مەحاڵە بەبێ بەغدادو بەبێئەوەی بتوانی لەبەغداد رێکبکەویت و مافەکانت دەستەبەر بکەیت، بەبێئەوەی بتوانیت لەکوردستاندا و ئەو خەیاڵەی هەمانە، نیوەی ئامانجەکانیشمان بەدیبهێنین.

NRT: کە ئەم تێگەیشتنە هەیە بۆ یەکێتی و پارتی، بۆ لە هەرێمی کوردستان ئیشناکات، چونکە ئەمە کاریگەرییەکی خراپی دروستکردووە، چونکە ئێستا خەڵکێک پێیوایە، مەسەلەی نەتەوەیی و پرسی کورد، یەکێتی وپارتی بازرگانی پێوەدەکەن! بەشێک لە سیاسییە ناڕازییەکان ناویان ناوە فشەی کوردایەتی! کە ئەم تێگەیشتنە قووڵە هەیە بۆ لەکوردستان ئیشناکات؟

مەلا بەختیار:

بەشبەحاڵی خۆم، پرسی کورد، بە پرسێکی زیندووی دەزانم، هەتا نەتەوەی کورد مافی چارەنووسی خۆی وەردەگرێت. ئەوانەشی پێیانوایە کوردایەتی، فشەی کوردایەتییە! ئەو قسە نابەجێیانە، هی ئەوانەن کە داماڵروان لە هەموو لێپرسراوێتییەک و دەیانەوێ ژیان وابەرنە سەر، کە هیچ جۆرە دەربەستێک نەبن بە کێشەی نەتەوەکەیان و مافە دیموکراسییەکانی، چونکە ئەمە ئەرکەو باجیشی دەوێت. هەموو کەسێکیش ناتوانێ باجی کوردایەتی بدات!

بەدرێژایی مێژوو، ئەوانەی دوور بوون لەکوردایەتی زۆرتربوون لەوانەی کوردایەتیان دەکرد، بەشێکی زۆریشی خیانەتیان دەکرد! بەئێستاشەوە بڕۆیت بۆ باکور، بەشی زۆری ئەوانەی چەکیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا هەڵگرتووە، زۆر زیاترن لەوانەی پەکەکە.. هەر زۆر زیاتریشن نەک کەمتر. دەستوری ئێستای تورکیا، کە بەڕێز سەرۆکی تورکیا تیایدا هەموو دەسەڵاتەکانی وەرگرت، ئەگەر بەزۆرینەی دەنگی ئامەد نەبوایە، ئەو دەستورە تێنەدەپەڕی! ئەگەر زۆرینەی دەنگی کورد نەبوایە، ئەوا لەسەر ئاستی تورکیا ئەو دەستورە تێنەدەپەڕی..! ئێستاش ئەوانەی لەدنیای سۆسیال مێدیا، گلوبال و هەموو ئەوانەی کە کەوتونەتە خەیاڵێکی تر لە دنیای کۆمەڵایەتی، لە دنیای ژیانی تایبەتی، پاساو دەهێننەوە بۆ ئەوەی کوردایەتی نەکەن! خۆشییەکانی ژیان زاڵە بەسەریاندا. چونکە نازانن کە نەتەوە رزگاری بوو، کە مافی دیموکراسی وەرگرت و ئازادییەکانی بەدیهات، چند خۆشتر دەژین!

NRT: ئەگەر بەڕاشکاوانە پێمبڵێیت هەر ئەمە هۆکارەکەیە، یان یەکێتی و پارتیش هۆکارن؟

مەلا بەختیار:

ئەمە هۆکاری بابەتییە، تۆ، من و منالەکانمان، هەموومان کەوتوینەتە دۆخێکی ئاواوە، ناتوانین بڵێین وانییە! فەیسبووک لەگیرفان و ماڵی کێدا نییە؟ هەژموونی لەکوێدانییە؟ لەکام دنیادا نییەو کام وڵات داخراوە، ئینجا فەیسبووک کردوویەتییەوە! چۆتە بنجی و بنەوانی و ئەقڵی نەوەیەکی کامڵ یان دوو نەوەی بە تەواوی گۆڕیوە، پێوەرەکان و تێگەیشتنەکانی گۆڕیوە! لەبەر ئەوە ئەمە دەبێ تێبیگەین و هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە، کە دەبێ بەزوترین کات بیر لەوە بکەینەوە، لەم قۆناغەدا.. دەبێ بزانیت خەت دەکێشم بەژێر قسەی ئەم قۆناغ و هەلومەرجە و مەبەستیشمە:

لەم قۆناغ و هەلومەرجەدا دەبێ بەزوویی لەگەڵ حکومەتی عیراق ڕێکبکەوین و کێشە ئابورییەکانیشمان بەزووی چارەسەر بکەین باشە. چونکە ئەوەی بێزاری دروست دەکات لای خەڵک، هەڵەی ئەم لێپرسراو و ئەو لێپرسراو زاڵنییە بەسەریدا و ئەمە بەجێگەی خۆی، کە ڕەخنەی لێدەگیرێت، هەڵەیە، هەڵەیە! بەڵام ئەوەی خەڵکی خستۆتە تەنگانەوە، کێشەی ئابورییە. قەیرانی ئابوری خەڵکە، گەندەڵییە لەکوردستاندا کە وایکردووە خەڵکی بێزاربێت! گەندەڵییە وایکردووە، خەڵکێکی ئەگەر کەمیشبێت هاوار بکات خۆزگە بەصەدام! خۆزگە بەصەدامیش بۆچی؟ لەبەرئەوەی موچەو کارەبا و ئاوی هەبووە! بەڵام هەموو ئەوەی

هەبووە بارتەقای ئەنفالکردنی یەک گوندی کوردستان دەبێ؟! کە ئێمەو مانان بەچاوی خۆمان ئەنفالمان دیوە! کیمابارن و ڕاگواستنی (٥٠٠٠) هەزار گوندمان بینیوە! بینینی هەموو ئەو کارەساتانەو ژیان لەناویاندا جیاوازە لەگەڵ کەسێک کە لەدوای ڕاپەڕین لەدایکبووە! هەستەکان جۆراوجۆرن و جیاوازن، هەڵوێستەکان جیاوازن..

NRT: بەڵام ئەویش لەسەر هەقەو پێویستی خۆی هەیە، زانکۆی تەواو کردووە؟ ئیشی نییە!

مەلا بەختیار:

تا ڕادەیەک، بۆ ئیشەکەی مافی خۆیەتی. بەڵام نەک لەسەر حسابی نەتەوەکەی و ئامانجەکانی نەتەوەکەی، نەک لەسەر حسابی ئەوەی ئاوات بە دڕندەترین دوژمن بخوازێت! ئەمە هەڵەیەو هەڵەیەکی کاتیشە نەک بەردەوام! بەدڵنیاییەوە پێتدەڵێم نەوەی ئێستا کە دێتەوە سەر خۆی، کە کێشەکانی چارەسەر دەبێت و کوردستانیش دەچێتە سەر ئاقارە مێژووییەکەی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی، خەڵکی ئێستا قەت کەمتر دڵسۆزنابن لە خەڵکی ڕابردوو!

بۆ؟ چونکە خەڵکی ڕابردوو بەهۆی دڕندەیی دوژمنەوە خیانەتیان دەکرد، بەڵام ئێستا دوژمنەکانمان یا نەیارەکانمان لە باشووری کوردستان، ئەو دڕندەیەی صەدام و پێش صەدام نییە! ئەو هەڕەشەیەی لەسە نییەو نابرێت بۆ سەربازی. ژیانی خۆشگوزەران بکە، تەندروست بیر دەکاتەوە.

NRT: لەسەر ریفراندۆم پرسیارم کرد، کە خەڵک دەڵێت: خۆتان تێکتاندا؟

مەلا بەختیار:

ریفراندۆم هەقی خۆمانە، ئەمە چییە ئەم هەموو ڕەخنەیە لەسەر ریفراندۆم! لەبەر ئەوەی سەری نەگرت؟ چەند شۆڕشمان لەمێژوودا سەری نەگرت؟ چەند دەسەڵاتی میرنشینمان و دەرەبەگمان لەمێژوودا شکا؟! چەند حزبی سیاسیمان لەمێژوودا هەڵوەشایەوە، زۆر. ریفراندۆمیش یەکێکە لە ئەزموونەکان. ئیجابیاتی ریفراندۆم، لە شکستی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی مێژوومان لە دووسەد ساڵی ڕابردووماندا، لە پاشەکشەی حزبەکان و هەڵوەشاندنەوەیان لەڕابردوودا، زۆرترە لە زەرەری.. بەڵێ گورزێکمان بەرکەوت، کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانمان لەدەستچووە بەکاتی، بەڵێ گەمارۆدراین بەوڵاتانی هەرێمایەتی، کە ئەوەش ڕایچەڵەکاندین، بەڵام ئەزمونێکی هێژای بۆ بەجێهێشتین.

بۆ زانیاریشتان (هێژا) هەڵەیە کە لەزمانی ئێمەدا بۆ بەڕێز بەکاردێت، لەڕاستیدا هێژا واتا بەنرخ. بۆ نمونە ریفراندۆم ئەزمونێکی هێژا بوو، کە دەبێ دەرسی لێوەربگرین. سەنەدێکیشمان هەیە، با بزانین ڕۆژگار چۆن دەبێت؟!

NRT: ئێستا ئەو سەنەدە ئیش دەکات؟

مەلا بەختیار:

وەکو بەڵگەی مێژووی ئیش دەکات، هەروەکو چۆن ئێستا ئێمە شانازی بە ڕێککەوتنی سێڤر دەکەین؟ ئێستاش کە قسەمان لەگەڵ دەکەن، دەڵێین: یەکەم ڕێککەوتن کە مافی کوردی سەلماند، سێڤر بوو.

NRT: بەڵام باجەکی لەدەستدانی لەسەدا پەنجای خاکی کوردستان بوو!

مەلا بەختیار:

بەڵێ باجماندا! بۆ لە (٣١)ی ئاب باجمان نەدا؟! بۆ لە (١٦) ئۆکتۆبەر باجمان نەدا؟! لەشتی تر باجمان نەداوە؟ بۆ لە کێشەکانی شەستەکاندا باجمان نەداوە؟ باجەکانی جەلالی و مەلایی زۆرترە یان باجەکانی ریفراندۆم. باجەکانی کۆتاییهاتن بە شۆڕشی چواردە ساڵەی ئەیلول زۆرە یان باجی ریفراندۆم.

NRT: ئەم قسەیە دەقیقە بەڵام تاکەی باج بدین؟

مەلا بەختیار:

تا ئەوکاتەی دەوروبەرمان دەبن بە دیموکراسی! خۆ ریفراندۆم، بەهۆی ئەوەوە نەشکا کە حەشدی شەعبی توانی کەرکوک داگیربکات، نەخێر! بەڵکو ریفراندۆم بەهۆی گەمارۆی ئێران و تورکیاوە شکا! ئەگەر تورکیا و ئێران سنوران دانەخستایە، دژایەتیان نەکردایە، ریفراندۆم بچەسپێ. بەڵام مەرج نییە دەوڵەتی سەربەخۆمان رابگەیاندایە! نەخێر.. بەڵکو وەکو دۆکیومێنتێک دەمایەوەو دواتر دەکەوتەوە گفتوگۆی سیاسی سەرکردایەتی کورد لەگەڵ حکومەتی عیراق.

NRT: زۆرباشە، کاک بەختیار، حەزمدەکرد سەرنجت لەسەرئەم سێ ساڵەی حکومەتی هەرێم بزانم. پێتوایە کابینەی نۆیەمی حکومەت سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، ئەدایەکی باشی کردووە؟

مەلا بەختیار:

باوەڕموایە ناتوانین ئەم سێ ساڵەی ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێم، دابڕیت لەکابینەکان تر! چونکە کابینەکانی پێشوو لە قۆناغی خۆیان، لە خانەی خۆیان، ئەرکیان راپەڕندووە، سلبیاتیان هەیەو ئیجابیاتیشیان هەیە. ئەم حکومەتەش کە هاتووە و دەسەڵاتی وەرگرتووە، با بەویژدانبین کە سێ کێشەی گەورەشی وەرگرتووە! یەکەم: قەیرانی ئابوری. دووەم: قەیرانی نێوان کوردستان و هەرێم، سێهەم: قەیرانی حزبە سیاسییەکانی کوردستان. ئەم کابینەیە لەنێوان ئەم سێ قەیراندا حکومەتی دروستکردووە. نرخی نەوت دابەزیبوو. کێشەی مووچە، پاشکەوتی مووچە و نەبوونی پرۆژەکان هەبوو، نێوان حکومەتی بەغداد و کوردستانیش هێشتا لەدوای ریفراندۆم نەچوبۆوە دۆخی سروشتی خۆی. ئەم حکومەتە کە

هات تووشی هەموو ئەم کێشانەبوو، پاشکەوت زیاتر بوو، کێشەکانیش زیاتر بوون، ئەمە هەتا ئەوکاتەی نرخی نەوت زیاتر بوو، بەشبەحاڵی خۆم ڕەخنەم زۆرە لە حکومەت، لەسیستەمی حکومڕانی، لە گەندەڵی و..تد، بۆیە بەڕاستی سەیرە میللەتێک سەدان ساڵە، لە ساڵی (١٥١٤)و لە ڕێککەوتننامەی چاڵدێرانەوە، داگیرو دابەشکراوە! سەیرە حکومەتێک تاقە حکومەتی نەتەوەبێ، ئەم هەموو هەڵەیە کرابێ لە سی ساڵی ڕابردوودا! بەڵام هیچکات لەگەڵ ڕوخانی حکومەت نیم، لەگەڵ ئەوەشنیم خەڵک ئاواتبخوازێت و ئەم حکومەتە وردوخاشببێ! لەم ڕۆژانەدا سەرۆکی حکومەت گوتارێکی هەبوو، قسەیەکی سەرنجی ڕاکێشام و پێمخۆشبوو، وتی: ملیارێک دۆلارمان قەرزداوەتەوە و یەک دۆلاریشمان قەرز نەکردووە. زۆرباشە، باقییەکەشی وابکە. کێشەکانی خەڵك و پاشکەوتیش چارەسەر بکەو بیدەنەوە. با پرۆژەکان ببوژێنەوە، ناکرێ (٦٧) پرۆژە لەسلێمانی چەند ساڵە هیچکامێکیان تەواو نەبوون. ناکرێ نیوەی گەڕەکەکانی هەولێر ئاوی نییە! ناکرێ ئەو هەموو گەندەڵی، ئەو هەموو کوشتارە هەیە، ئەو هەموو ژنە دەکوژرێن.

NRT: ئێستا ئەمە بۆتە بابەتی گفتوگۆ؟ قسەکان سەرۆکی حکومەت، وەزیرەکان، هەرکەسێک قسەی خۆی هەبووە لەسەر حکومەت. بەڵام لە پاڵیدا، لە بانکەکانی سلێمانیم پارە نامێنێت! دابەشکردنی موچە! لە هەولێر و لەم گەرمایەدا خەڵک ئاوی نییە! خەڵک ئەمەی دەوێت، بەڵام حکومەت کە دێت و دەڵێت: چاکسازیم کردووە، لە چیدا؟

مەلا بەختیار:

ئەوە هەر بۆخۆی چاکسازییە، کە ملیارێک دۆلار قەرز بدەیتەوە! وردەوردە وابکەیت هەموو مانگێکیش موچەکە بدەیت.

NRT: خۆ دەبێت بەژیانی خەڵکەوە دیاربێت!

مەلا بەختیار:

لەنیوە مووچەوە موچەی تەواوی دەدرێت. ئەمە کارێکی باشە. نەرمە نەرمەش هەندێ لەپرۆژەکان دەچنە پێشەوە، ئەمەش هەر کارێکی باشە. بەڵام ئەمە هێشتا نیوەی پێویست نییە! لەنیوەکەی تر خەڵکی ڕەخنەی هەیە، خەڵکیش هەقی خۆیەتی ڕەخنەی هەیە.

NRT: باشە ئەوەی لەسلێمانی دەگوزەرێت، دەبێ جیای بکەینەوە لە حکومەت، دەوترێت پارە لەبانک نامێنێت! پارە براوە! پارە نەگەیشتووە! داهاتی سلێمانی خەرجی خۆی پڕ ناکاتەوە! ئەمەی دەگوزەرێت چییە؟

مەلا بەختیار:

لەهەقیقەتدا ئەم قسانە زۆر دەبیستم! یان ئەم حکومەتە ناوێرێ هەموو هەقیقەتەکان وەکو خۆی باس بکات، یان ئەم قسانە راست نییە! ئەگەر پارەکان لەبانک دەبردرێت، کێ دەیبات با بیڵێن! بۆ سزای نادەن؟ بۆ دوا بڕیار لەسەر ئەوە نادەن؟ ئەمە چ حکومەتێکە پارەی بانک هەمووی دەبردرێت، بەڵا ناتوانێ بڕیار بدات؟ ناتوانێ یاسا بەکاربهێنێت و لە پەرلەمان بیخاتەڕوو! ئەمە چ حکومەتێکە و چۆ دەبێت وابێت! یان ئەم قسان راست نییە، یان ئەگەر راستە دەبێت ئەم حکومەتە، قبوڵی نەکات!

NRT: دڵنیام تۆ ئاگاداریت! ئەوەی دەگوزەرێت هەقیقەتەکەی چییە؟

مەلا بەختار: (پێکەنین)..!

NRT: ئەوە نهێنییەکەیە، کە دەمانەوێت ئاشکرای بکەیت؟

مەلا بەختیار: باسمکرد، قسە زۆر دەبیستم! بەڵام تا ئێستا نەمزانیوە چوبنە بانکەکان پارەیان بردبێت و ئەمە راستبێت!

دەزانم لەگومرگەکان چیدەکەن! بەڕاستی لەگومرگەکان گەندەڵی هەیە، بەڕاستیش لەبازاڕدا گەندەڵی هەیە! بەڵام راستی ئەوەم نەبیستووەو نەزانیوە چوبێتنە بانکەکان و پارە هاتبێت و خەڵکی تر بردبێتی. دەبیستمەوە، بەڵام زانیاری دروستم پێنەگەیشتووە. ئەگەر وایە، لەتۆ دەپرسم چۆن دەبێت سەرۆکی حکومەت و پەرلەمان ئەمە قبوڵ بکەن! لە هەولێر پارە بنێرن بۆ سلێمانی و کەچی لەسلێمانی، حزبێک لێپرسراوێک یان دووان بچن پارەکە بەرن! چۆن دەبێت ئەمو قبوڵ بکەن. بەشبەحاڵی خۆم، باوەڕموایە ئەگەر ئەمە راستبێت، عەیبەکە بۆ حکومەتە، نەک بۆ دزەکە!

NRT: باشە لەسەر دۆخی ناوخۆی یەکێتی، هەموو ئەو هەوڵانەی کە هەبوون، لەکێشە ناوخۆییەکانەوە. یەکێتی ئێستا چۆن دەبینیت؟ وتیان یەکێتی دەکەینەوە بە یەکێتییەکەی جاران! وایانکرد؟ یان بابڵێم واتانکرد؟

مەلا بەختیار: یەکێتیش وەکو حزبەکانی تر لەناو قەیرانەکاندا، کۆسپ هەیە لەبەردەمیاندا. باوەکو خۆی باسی بکەین. قەیران بەگشتی وایە، هاووڵاتی موچەی نەبێت بۆ یەکێتی زەرەری هەیە. بانک پارەی تێدا نەبێت، پرۆژە دەوەستێت، بۆ یەکێتی زەرەری هەیە! ئەم هەموو خەڵکە دەکوژرێت بۆ سومعەی یەکێتی زەرەری هەیە! ناوچەکە ئارام نابێت، فشاری ئێران و تورکیا لەناوچەکە هەیە، هەر بۆ یەکێتی زەرەری هەیە. کە فشاری ئێرانیش زۆرترە لەسەر یەکێتی! لەڕووی جوگرافیاو مەرزەکانەوە، بێگومان هەموو ئەمانە لەناو خەڵکدا کاریگەری لەسەر یەکێتی زۆرترە لەسەر پارتی. ئەمە یەک.

دووەم: ئایا یەکێتی، لەدوای کۆنگرەو لەدوای (٨)ی تەممووزەوە توانیوێتی یەکێتی بکات بە یەکێتییەکی نوێ؟ وەڵامم ئەمەیە.. ئەوە کۆنگرە نەبوو..!

NRT: بەڵام شەرعییەتی خۆی وەرگرت!

مەلا بەختیار:
کۆنگرە نەبوو، خۆم لە لێپرساوی گەورەم بیستووە، ئەوەی لەناو ئەو کۆنگرەیە کراوە، باس بکرێت خەڵک سەری سووڕ دەمێنێت!

NRT: وەکو چی؟

مەلا بەختیار:
نایڵێم، ئێستا کاتی وتنی نییە!

NRT: ئایا هەڕەشەکردن بووە؟ کڕین؟

مەلا بەختیار: هەڕەشەی تێدا بووە! چاودێری تێدا بووە! بەرتیلی تێدا بووە! پارەڕشتنی تیدا بووەو لیستی تێدا بووە! گۆڕینی ئەندامانی سەرکردایەتیشی تێدا بووە لەکاتی دەنگدانەکاندا!
ئیتر چیت دەوێت؟ ئەمە کەی کۆنگرەیە؟!

NRT: ئەی ئێوە بەشێک نین لەمێژووی یەکێتی؟ بۆ ئەمە قبووڵ دەکەن؟

مەلا بەختیار:
ئێمە بەشێکین لەمێژووی یەکێتی. دۆخێک هاتە پێشەوە، ئەنجومەنی باڵامان قبوڵکرد، بۆ ئەوەی لەناو ئەو دۆخە بچینەدەرەوە. ئەگەر بەڕاشکاویش بیڵێین: نە بەرنامەکەی کۆنگرەمان بەدڵبوو! دەمانزای دەگاتە کوێ! نە قبوڵیشمان بوو هەموو کەسێک لێپرساومان بێت! دەشمانزانی ڕەوتەکە لەناو کۆنگرە چۆن دەڕوات. لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەش لەسەدا هەشتای ئۆباڵی بەستنی کۆنگرەی بەوشێوەیە لەسەر شانە! بۆمێژوو ئەوانە زۆر بەرپرسیارن و ئۆباڵەکەیان لەسەر شانە.
زۆریشی نەخایاند، (٨)ی تەمموز روویدا! بەداخەوە ئەوەی چێنرا، هەر ئەوەشیان دوورییەوە!

NRT: ئەوە بەرهەمی کۆنگرە بوو؟

مەلا بەختیار:

بەڵێ بەشێکی بەرهەمی کۆنگرە بوو. بەشێکیشی بۆ پێش کۆنگرە دەگەڕێتەوە. خۆتان دەزانن، چاوپێکەوتنی رووداو وتم: دەیانبینم ساڵێکی تر چیان بەسەردێت؟ هات یان نەهات؟!

باشە ئێستا لەدوای (٨)ی تەمموز، کەس دەستی سەرۆکی ئێستای یەکێتی و مەکتەبی سیاسی کارگێڕەکانی نە گرتووە، دابنیشن! خۆ شکور یەکێتی ئێستا (١١٩) ئەندامی سەرکردایەتی هەیە (پێنجی دەرکراون)، ئایا لەو ژمارەیە تەنها (١٩)یان بەجدی بکەونەکار بۆ ئەوەی یەکێتی راست بکەنەوە، دەتوان زۆر بە باشی لایەنیکەم لەسەدا (٣٠ و ٤٠)ی کێشەکانی ئێستای یەکێتی چارەسەر بکەن.

NRT: ئەی بۆ نایکەن؟ لەئاست ئەوە بەر پرسیارێتییەدانین؟ مەسەلە تەکەتول و خەتخەتێنە؟

مەلا بەختیار:

ئەوە هیچ هەندێکیان لەئاست بەرپرسیارێتییەکەدانین، واز لەوە بێنە! بەڵام کە بۆ نایکەن بەشێکی پەیوەندی بەهەلومەرجەکە لەعیراق، هەم لەناوچەکە، هەم لەناو یەکێتی و هەم لە سلێمانی یارمەتیدەریان نییەو خۆشیان ئەو پرۆژەیەی کە پێویستە بۆ چاککردنی یەکێتی، واتە پرۆژەی نوسراو بڵاوبکرێتەوە. بەدیداری یەکێتیشەوە، تا ئێستا بڕیارەکان وردنەکراوەتەوە، بڵاونەکراوەتەوە، دڵنیاشم بەشی زۆری ئەندام و کادری ئۆرگانەکانی یەکێتی، دڵنیانین کە دەتوانرێ کۆی ئەم کێشانە چارەسەر بکرێت کە رووبەڕووی یەکێتی بۆتەوە. چ لەعیراق، چ لەکوردستان، چ لەنێوان یەکێتی و پارتی، چ لەناو یەکێتی خۆشیدا.

NRT: ئەوەی لەنێوان یەکێتی و پارتیدا دەگوزەرێ، هەر ئەو گرفتە کۆنەیە کە ئیش دەکات! یان پەیوەندی بە ئێستا و قیادەی ئێستاوە هەیە؟

مەلا بەختیار:

لەدوای راپەڕینەوە، شەڕی ناوخۆی لێدەربکەیت، هەرگیزئاستی بێمتمانەیی وەکو ئێستا نەبووە لەنێوان یەکێتی و پارتی! بێتمانەیی هەیە، لەنێوان سەرکردایەتی و سەرۆکی پارتی، لەگەڵ سەرکردایەتی و سەرۆکی ئێستای یەکێتی! دادەنیشن، پێدەکەنن، هەندێک راگەیندراوی هاوبەشیش دەردەکەن، بەڵام پێمبڵێ کام کێشەی بنەڕەتی نێوان یەکێتی و پارتی چارەسەر کراوە، یاخود چارەسەر بوون، ئەی بۆ یەکێتی بە ئەجێندەی خۆی دەچێتە بەغدادو پارتیش بە ئەجێندای خۆی؟! ئۆباڵەکەشی لەئەستۆی پارتییە! چونکە پارتی پێش یەکێتی چووە ناو بەرە سێ قۆڵییەکە. پارتی پێش یەکێتی چوو جومگەکانی دەسەڵات کۆنترۆڵ بکات لەسەرۆکۆمارەوە بۆ باقییەکەی! ئەی بۆ ئەوەی نوێ بەتەنها دەچێتە بەغداد؟ ئەی بۆ هێزە ئیسلامییەکان بەتەنها دەچن؟! کەی رەوایە نەتەوەیەکین بەچوار ئەجێندەی جیاواز دەچینە بەغداد،

لەکاتێکدا بەغداد خۆی پڕ لەکێشەیە. لەهەرێمایەتیش کێشەی هەیە و لەگەڵ هەرێمیش کێشەکانی چارەسەر نەکردووە. کێشەی نەوت و غاز چارەسەر نەکراوە، بودجەو مووچە چارەسەر نەکراوە، ماددەی (١٤٠) جێبەجێ نەکراوەو بارودۆخی ئەمنی زۆر خراپە. لەم دۆخە خراپە چوینە بەغداد، بینیمان چی بەسەردا هات.

ئەوەتا صەدرییەکان کشاونەتەوە، چوارچێوەی هەماهەنگی لەژێر فشاری ئەملاو ئەولایە، ئێستا دەرفەتێکی دەستکەوتووە حکومەت پێکبهێنێت. لەناوخۆیاندا ناکۆکن، هادی عامری دەڵێت: ناچمە حکومەت! وا مالیکی کشایەوە، عەممار حەکیم کشایەوە، عەبادی پێشتر کشایەوە، بەڵام وا ئێستا لەبەر ئەوەی مالیکی و عەممار کشاونەتەوە، ئەو هاتۆتەوە پێشەوە. بۆیە لەدۆخێکی ئاوادا دڵنیام دەرونشیکاری بۆ ئێستای چوارچێوەی هەماهەنگی بکەیت، نازانن ئەگەر حکومەتیان پێکهێنا چەند مانگ دەخایەنێت؟ رووبەڕووی چەند خۆپیشاندان و راپەڕینێک دەبنەوە لەم وڵاتەدا!!

هەمویان دەزانن سەماحەتی صەدر، ئەو مۆڵەتە نادات ئەمان چوار ساڵی حکومڕانی خۆیان تەواو بکەن.

پێش هەڵبژاردن قسەیەکم هەبوو، وتم: ئەگەر لەگەڵ صەدرییەکان رێکنەکەون، ئەگەر صەدرییەکان خۆپیشاندان بکەن و تەقە لەخۆپیشاندەران بکرێت، خوێن تا ئەژنۆ بەرز دەبێتەوە! وتومە ئەگەر ئەمە رووبدات.

NRT: واتا هێشتا نەگەیشتونەتە ئەم قۆناغە؟

مەلا بەختیار:

لەڕووی سیاسییەوە گەیشتونەتە بنبەست! تۆمارە دەنگییەکانی مالکی-ت گوێ لێبووە! هیچی تێدا هێشتۆتەوە؟ ئێ خۆ بەئاشکرا دەڵێت: هێز دەبەم و نەجەف دەگرم! قسە بە پارتی، بە صەدر دەڵێت! قسە بەڕادەیەک بەوانە دەڵێت کە دۆستی ئێرانن. ئیباشە شەڕ چییە؟ شەڕ هەر درێژەپێدانی بڕیاری سیاسییە! موقتەدا صەدریش دەڵێت: بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم پیاوە رێکناکەوم و ئامادەشنیم دابنیشم! چونکە پیاوێکە ویستویەتی خوێن بڕێژێت. ئەگەر کتێب بۆ ئەمە بخوێنیتەوە چۆن دەیخوێنیتەوە. ئایا کۆتری ئاشتی دەفڕێت یان لولەی تفەنگەکان پاک دەکرێتەوە؟!

NRT: یەکێتی و پارتی بۆ شەڕی سەرۆک کۆماری ئەم عیراقە دەکەن کە باستکرد؟

مەلا بەختیار:

بۆ خۆشم پێمسەیرە! سەیرە ئەم کێشەیە بۆ (٨ بۆ٩) مانگ دەچێت، گیریخواردووە! پارتی دەبوو پێشنەوەی بچێتە بەرە سێ قۆڵییەکە، ئەم بابەتەی لەگەڵ یەکێتی ببڕانەیەتەوە. یەکێتیش پێشئەوەی

بچێتە ناو چوارچێوەی هەماهەنگی، دەبوو ئەم بابەتەی لەگەڵ پارتی ببڕانەیەتەوە. ئێمە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە بەتایبەتی دکتۆر فوئاد پێشتر بوو بە سەرۆک کۆمارو، جاری پێشووش بەڕێز بەرهەم ساڵح بوو بە سەرۆک کۆمار، کێشەکە ئاوا گیری نەخواردبوو، وەکو ئەم گێژاوەی ئێستا هەیە. چارەسەر ئاسانتر دۆزرایەوە. پارتیش ئاوا نەچووە ناو گێژاوەکەوە! هەم دکتۆر فوئاد-یان قبوڵکرد هەم دکتۆر بەرهەم. پێشتر دکتۆر فوئاد و دکتۆر بەرهەم لەناو مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی رێکنەکەوتن، کە کامیان ببنە سەرۆک کۆمار، نەشتمانتوانی بریار بدەین! لەدواهەمین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پێشنیازێکم کردو قبوڵکرا ئەویش ئەوەبوو وتم بڕۆن: لە فراکسیۆنەکانی کوردستان لە بەغداد دەنگبدەن بزانین کامتان دەردەچن چارەسەرمان کردو تەواو، دکتۆر فوئاد دەرچوو، دکتۆر بەرهەمیش قبوڵی بوو. بابەتەکە کۆتایی پێهات.

جاری پێشوو ، پارتی دکتۆر فوئاد حسێن- یان هەڵبژارد، دەرنەچوو. بەوشێوەیەش دەرنەچوو، کە دەرنەچوو، رێزی زۆرم بۆ دکتۆر فوئاد هەیە، لە پۆلی یەکی ناوەندی مامۆستام بووە. بەڵام کە دەرنەچوو دەبوایە بکرایە بەدەرسێکی گەورە! جاری دووەم کاک هۆشیار زێباری کاندید دەکەن، کە بە پیاوێکی بەتوانای دەبینم، بەبێئەوەی کەیسی دادگاکەی ساغکرابێتەوە! ئایا دادگا ئەمە قبوڵ دەکات لە پەرلەمان؟ بڕیاری لابردنی دراوە لەوەزارەت یاننا! کە هەر کەسێک لە سیاسەت نەزانێ، ئەوە باش باش دەزانێت هۆشیار زێباری لەم دۆخەی عیراقدا توشی قۆرتی دادگا دەبۆوە!

ئێستاش کاک رێبەریان هەڵبژاردووە، ئەگەرچی پیاوێکی ئارامە، لەملاشەوە یەکێتی سوورە لەسەر کاک بەرهەم. ئەوە دۆخی چوارچێوەیە و ئەمەش دۆخی سوننەکان و ئەمەش دۆخی کوردە! ئەم گیرخواردنە لەم دۆخ و هەلومەرجەدا.

پێمەسیرە، نە لەناو یەکێتی، نە لەناو پارتی و نە لەناو کاندیدەکانی تری سەرۆک کۆماری، هیچ کامێکیان لەخۆبوردوو نەبوون!

NRT: وەکو مەزندەی خۆت، وەکو زانیاریش، دەتوانم بپرسم: سەرۆک کۆمار بۆ کێ یەکلایی دەبێتەوە؟ وەکو کەسایەتی و وەکو حزبیش؟

مەلا بەختیار: پێموایە چوارچێوەی هەماهەنگی بەهێزە و پشتیوانی یەکێتیش دەکات، ئێرانیش پشتیوانی چوارچێوەی هەماهەنگی دەکات!

NRT: کەواتە بۆ یەکێتی یەکلا دەبێتەوە؟!

مەلا بەختیار:

خۆت لێکدانەوە بۆ وەڵامەکە بکە!

NRT: کاندیدەکە دەبێ بگۆڕدرێت یان بەرهەم ساڵح دەتوانێ ببێتەوە بەسەرۆک کۆمار؟

مەلا بەختیار:

لەدواهەمین دانیشتن (بە پێکەنینەوە- با ئەمەش نهێنی بێت) لەنێوان جەنابی کاک مەسعود و جەنابی بافڵ باسی ئەو بابەتە نەکراوە!

NRT: باس نەکراوە!

مەلا بەختیار:

نەخێر.. کاک مەسعود وتویەتی: لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و کاک نێچیرەوان باسی بکە. بڕیارە هەردوو مەکتەبی سیاسی و کاک نێچیرەوان دابنیشن و وردەکاری ئەو بابەتە باس بکەن.

NRT: کاک بەرهەم لەدوای ئەو گفتوگۆیە دەمێنێتەوە؟

مەلا بەختیار:

پێموایە ئێستا لەجاری رابردوو چانسی زۆرترە!

NRT: لەبەردەم هەڵبژاردنداین، هەرچەندە لایەنەکان ناکۆکن، گرفتیان لەجۆری یاساکە هەیە! بەڵام باجارێ ئەم پرسیارە بکەم: یەکێک لەو مەتەڵانەی بۆ خەڵک دروستبووەو ناتوانێ وەڵامەکەی وەربگرێتەوە! بۆچی لە هەرێمی کوردستان لە کاتی خۆیدا ناتوانرێ هەڵبژاردن بکرێت؟ پەیوەندی بەترسەوە هەیە! هەروەکو ئەوەی خۆت وتت: کاتێک وڵاتانی دەوروبەرمان بێن بەدیموکراسی، ئەوکات ئێمە دەتوانین بگەین بە هەندێک ئامانج و ویستی خۆمان! بەڵام ئەوەتا خۆمان ناتوانین ئەو دیموکراسییەتە بسازێنین. بەو پێوەرەی هەڵبژاردن لەکاتی خۆی دوادەکەوێت و ئەنجام نادرێت. ئیراق بەشەڕییەوە، بە تەقینەوەیە، لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن ئەنجام دەدات!

مەلا بەختیار:

وەڵامەکەم زۆر روونە، لە هەڵبژاردنی رابردوودا لەئیراق، یەکێتی و پارتی و گۆڕان (۷۰۰) هەزار دەنگیان لەدەستچووە! ئێ بێگەمان ئەمە دەیانترسێنێ. چونکە ئەو رێژەیە گاڵتە نییە! ئەمە (۷) دەنگ و (۷۰۰۰) هەزار نییە! بەڵکو (۷۰۰) هەزار دەنگە. قەتەر ئەوەندە هاووڵاتی نییە، بەڵام ئەو وڵاتەشە، کە یاری لە ناو تەواوی کایە سایسییەکان دەکات. باوەڕموایە یەکێتی و پارتی باش لەخۆیان تێگەیشتوون، کە ئەو دەنگانەی جارانیان نەماوە بەهیچ شێوەیەک، هەروەها ترسیشیان هەیە ئەمجارە، پێشئەوەی قەیرانی ئابوری چارەسەر بکرێت، پێشئەوەی قەرزەکانی پاشەکەوتی موچە بدەنەوە بە فەرمانبەران و پێشئەوەی هەموو پرۆژەکان، یان لانیکەمی نیوەی تەواو بکرێت. پێشئەوەی ئاو بۆ خەڵک دابینبکرێت، پێشئەوەی

کارەبا دابین بکرێت، یان کێشەکانی بەغداد و کوردستان چارەسەر بکرێت، باوەڕموایە پێش چارەسەر هەموو ئەوکێشانە، یەکێتی و پارتی نیگەرانن لە هەڵبژاردن.

NRT: بەڵام دەتوانن ئەمانە چارەسەر بکەن و ئەوکات هەڵبژاردن بکەن؟

مەلا بەختیار:

تێڕوانینم وایە، هەڵبژاردن دەخرێتە دوای بەهاری ساڵی ئایندە. ئەو شەش مانگەش حکومەت هاتۆتەوە سەرخۆی، پارەی نەوتیش بەرمیلێکی لە (١٠٠) دۆلار کەمتر نییە یان زیاتر.. مەزندەش وایە بەرز بێتەوە! ئەمە ئەگەر دەست حکومەت بکەوێت. باوەڕموایە هەندێک لەو چاکسازییانە باش دەکەن.

NRT: ئەم ترسەیان دەڕەوێتەوە؟

مەلا بەختیار:

هەرچەند ئەمە بەو مانایە نییە، خەڵک ئازارەکانی لەبیر دەچێتەوە! ڕێژەیەکی زۆر ئەو ئازارە هەر لەبیر دەمێنێتەوە، ئەگەر هەموو کێشەکانی گیرفانیشی چارەسەر بکرێت! چونکە متمانە کە لەڕوو سایکۆلۆجییەوە، کاتێک خەڵک متمانەی بەدەسەڵات نەما، کێشەیەکی زۆر گەورەیە لەمێژوودا!

NRT: ئێستا لەو حاڵەتەداین؟

مەلا بەختیار: بەڵێ ئێستا لە حاڵەتەداین..!

NRT: کاک بەختیار، وێنەیەک بۆ خەڵک دروستبووە، کە ڕەنگە تۆش بەشداربیت لەدروستکردنی ئەو وێنەیەدا، ئەویش بەقسیەکت کە باست لەوەکرد؛ یەکێتی کورسییەکیش بهێنێت، هەر یەکێتییە!

مەلا بەختیار:

دوو، دوو کورسی..! (بەپێکەنینەوە) دانەیەکت خوارد..

NRT: واتا قسەکە لەوەیە، بۆ هەمیشە ئەمە تۆخ دەکەنەوە، کە هەڵبژاردن گۆڕانکاری دروست ناکات؟!

مەلا بەختیار:

ئافەرم پرسیارێکی جوانە..

NRT: هەر ئەم ترسەی یەکێتی و پارتیی کە باست کرد، بۆ خۆی مانای گرنگی هەڵبژاردن نییە؟

مەلا بەختیار:

نا.. نەخێرا با بێ پێچوپەنا وەڵامت بدەمەوە! ئێستاش وایە، یەکێتی دوو کورسی هەبێت، بەهێزەکەیەوە، هەمان حسابی بۆ دەکرێت، کە (٢٠) کورسی هەیە. پارتیش دوو کورسی هەبێت، بەهێزەکەیەوە هەمان حسابی بۆ دەکرێت کە (٣٥) کورسی هەیە! ئێستا قەیس خزعەلی چەند کورسی هەیە؟ بەڵام لەهاوکێشەکەدا چەند حسابی بۆ دەکەن؟! لەبەر هێزەکەیەتی. هاوکێشەی سیاسی بەشێکی زۆری بەستراوە بە توانای عەسکەرییەوە، بەشبەحاڵی خۆم، ئێستاش دەیڵێم و ئەوساش وتومە: هەتا یەکێتی و پارتی و هێزەکانی شیعە خاوەن هێزی چەکداربن، ئەنجامی هەڵبژاردن بۆ دەستاودەستپێکردنی دەسەڵات، ئەو ئەنجامەی نابێت کە خەونی پێوە دەبینین!

NRT: بەڵام کاریگەری خۆی دادەنێت، قۆناغێک دەمانباتە پێشەوە بۆ دروستکردنی جیاوازی هێز.. واتا دروستبوونی هێزی نوێ.. گۆڕان ڕۆژگارێک کە هات، زۆر بەجیاوازی هاتە پێشەوە!

مەلا بەختیار:

دەڵێم ئەو ئەنجامەی نابێت! واتا دەستاودەستکردنی دەسەڵات وەکو خۆی نابێت! پێش هەڵبژاردنی عیراق بەساڵێک، دوای ئەوەش چەندجارێک دووبارەم کردۆتەوە و بەتۆمارکراوی ماوە و وتومە: ئەم هەڵبژاردنە لەئیراق دێتە پێشەوە، ئەو هێزانەی کە هێزی چەکداریان هەیە، یان پێش هەڵبژاردن تێکیدەدەن، یان دوای هەڵبژاردن تێکیدەدەن! کاتێک لە ئەنجامەکەی دڵنیا نەبن! واش دەرچوو. ئێستا وادەڵێم: هەر هەڵبژاردنێکی تر بێتە پێشەوە لەکوردستاندا، ئەوە ڕۆژێکەو یادی (٩٩) ساڵەی لۆزانە و قسە دەکەین. ئەم هەڵبژاردنەی کوردستان دێتە پێشەوە، یەکێتی و پارتی، یەکێکیان زۆر زۆر بهێنێت و ئەوەی تریشیان زۆر کەم بهێنێت، بەڵام کە حکومەتیان پێکهێنا، هەروەکو ئێستا پێکیدەهێننەوە..!

NRT: من ئەم قسەیە لەسەر ئومێدی خەڵک دەکەم، چونکە پێموایە لەسەدا (٧٠)ی خەڵک، ناچێت بۆ هەڵبژاردن، بەشێکی گوێ لەم قسانە دەگرێت! دەنا هەڵبژاردن دەبێ گۆڕانکاری دروست بکات! ئەگەر بۆ ئەم قۆناغەش نەبێت، بۆ قۆناغی داهاتوو. دوایئەوەش بۆچی کاریگەری نییە، خۆ بزوتنەوەی گۆڕان کاتی خۆی کە هات، هێزێکی چەکداری نەبوو؟ وانییە! بەڵام کارگەری دروستکرد لەسەر چاکسازی. جوڵانەوەی نەوەی نوێ، لەم ماوەی کۆتاییدا کە بە (٩) کورسییەوە جۆتە بەغداد، کاریگەری تر دروست دەکات. خەڵکی ترو هێزی تریش بێن، ناتوانن جوڵەیەک دروست بکەن لەناو پرۆسەی چاکردنی جۆری ئیدارەداندا؟

مەلا بەختیار:

گۆڕان هەتا لەسەر شەقام خۆپیشاندانی دەکرد، سڵەمینەوەیەکی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا دروستد بەڵام کە چووە ناو حکومەتەوە، تەواو! کە بوو بە بەشێک لە حکومەت، شەقامیشی لەدەستدا..! نە نوێ، هێشتا ڕێژەی کورسیەکانی و سەرکەوتنەکانی لەکوردستاندا بای ئەوەندە نییە هاوکێشەکان بگۆڕ کە ناشتوانی هاوکێشەکە بگۆڕێ چیدەکات؟ هاتووە خزمەتگوزاری لەناو خەڵکدا زیاد دەکات و قەرد ئەوە دەکاتەوە کە لەناو پەرلەمان و حکومەتدا ناتوانێ بڕیار بدات و هیچ بگۆڕێت! بۆیە بەم ڕێگە ئێستا ئیش دەکات. جەند جارێکیش خۆپیشاندانیان کرد لەپارکی ئازادی، بەڵام بەداخەوە بە ئسلوب ناشارستانی ڕووبەڕووی کاک شاسوار و ئەوان بوونەوە، بە بوتڵە ئاو و ئەو شتانە! دیارە کە ئەوە دەسیسە بوو، کە ڕەفتارێکی ناشارستانی بوو. ئێستا خۆپیشاندانەکانیان کەمکردۆتەوە و خزمەگوزار زیاد کردووە. ئاو دەبەن بۆ هەولێر و شوێنەکانی تر، بەنزین دابەشدەکەن، هەندێک شوێن خراپە چ دەکەن، بەمەش خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هەڵبژاردنی کوردستان.

NRT: بەڕاستی نییەتی پرسیارەکەی من، حزب لایەنێکی دیاریکراو نییە، بەقەدەر ئەوەی هەڵبژاردن، بۆ ناتوانێ گۆڕانکاری دروست بکات؟ بۆ یەم مەزندەیە تۆخ دەکرێتەوە؟

مەلا بەختیار:

ڕونمکردەوە، بینەرو بیسەریش گوێی لەقسەکانمە! لەبەرئەوەی هێزی چەکدار هەژموونی هەیەو لەسەر هاوکێشەکان دەکات.. هێزی چەکدار! هێزی ئەمنی! ئەمە باتییبگەین. فەرموو ئەوە لوبنان.

NRT: بەشێکی کەمکردنی دەنگەکانی یەکێتی و پارتی، لەناو هێزە چەکدارەکاندایە!

مەلا بەختیار:

با کەمیش بکات، بەڵام هەر پارتی و یەکێتی بەهۆی هێزەکانیانەوە، کۆنتڕۆڵی بارودۆخەکە دەکەن لە لوبنان حزبوڵڵا لەو (١١١) کورسییە، چەند کورسی هەیە؟ (١٣) کورسی هەیە، کە دەکاتە یەک لەس (١٠)ی کورسییەکان.

NRT: کە پاشەکشەیەکی گەورەیە سەبارەت بە ئەوان!

مەلا بەختیار:

بەڵام کێ کۆنتڕۆڵی بارودۆخەکەی کردووە و هەڵیدەسوڕێنێ؟ بەبێ حزبوڵڵا بڕیار دەدرێت؟ بەبێ حزبوڵڵا سەرۆک وەزیران دادەنرێت؟ بەبێ حزبوڵڵا سەرۆک کۆمار دادەنرێت؟ یان سەرۆکی پەرلەما دادەنرێت؟ لوبنان بەبێ حزبوڵڵا دەتوانێت لەگەڵ هیچ دەوڵەتێک ڕێکبکەوێت، کە (١٣) کورسیش

هەیە؟! ئەوەیە هێزی چەکدار..!

NRT: کاتم زۆر کەم ماوە، بەڵام کاتی خۆی قسەیەکت کرد، دەنگدانەوەی زۆری هەبوو! پارەی ژێر زەمینەکان بهێننە دەرەوە! NRT کاتی خۆی پرسیارێکی لە بافڵ تاڵەبانی کرد، لەپاش ڕووداوەکانی (٨)ی تەمموز، ئەو وەڵامی ئەوەبوو: کێ دەڵێت ژێر زەمینەکان پارەی تێدایە، بابێ ژێر زەمینەکانمان پیشان بدات تا بچین پارەکان دەربهێنین! ئەوەش وەڵام بوو بۆ ئێوە! ئێستا سوورن لەسەر ئەو قسەیەتان؟

مەلا بەختیار:
جارێکی تریش وەڵامی ئەو پرسیارەم داوەتەوە.. لەگەڵ خۆشیدا باسمکردووەو هەندێک ژێرزەمینیشم پێوت!

NRT: هیچی دەرهات لەو پارەیە؟

مەلا بەختیار:
نەخێر هیچی دەنەهات، چونکە هەڵیانگرتبوو، تەواو ببوو!

NRT: تەواو ببوو؟!

مەلا بەختیار:
(بەپێکەنینەوە) بەڵێ..!

NRT: ئیجرائاتیش لەگەڵ کەس نەکرا؟!

مەلا بەختیار:
نەکرا..! ئەوەی خورا، خورا..! ئەوەی نەخوراوە ئاگامان لێبێت!

NRT: ئەمڕۆ شتێکت نوسیوە لەسەر ئەو هاووڵاتییە کاکەییەی کە سەرو سمێڵیان داشیوە. هەندێک ڕەخنەت لێگیراوە، ئێستاش لە لایڤەکدا سەیری هەندێک لەکۆمێنتەکانم کرد، بەشێک دەڵێن: بەڵام هەر لەناو یەکێتیدا، سەرو سمێڵی خەڵک تاشرا، بەڵام کاک بەختیار بۆ قسەی نەکرد لەسەر ئەو بابەتە. مەبەستەکەش ئەو ناکۆکییانەیە کە هەبوو!

مەلا بەختیار:

بەڵێ.. بەڵام نازانم ئەو کاتە لەوڵات بووم یاننا! بەڵام بەشبەحاڵی خۆم، هەموو جۆرە ئەتککردنی مرۆڤ بە تاوانێکی گەورە دەزانم، جا یەکێتی بیکات! پارتی بێت، حەشدی شەعبی بیکات، هەر هێز فەرماندەو کەسێک ئەوکارە بکات، چونکە ئەتک کردنی مرۆڤ ڕەگەزەکانی فاشییەتی تێدایە و ئەمڕۆش ئەوەم نوسیوە!

NRT: زۆر سوپاست دەکەم، ئەگەر پەیامێک، یان قسیەکت هەیە؟

مەلا بەختیار:

سوپاستدان دەکەم.. ئەم قسانەش، قسەی خۆمن، وەکو خودی مەلا بەختیار، نە قسەی ئەنجومەنی باڵایە و نە قسەی فەرمی هیچ ئۆرگانێکی یەکێتییە. پەرۆشیشم بۆ میللەتەکەم، بۆ دیموکراسی و بێ ڕەهایش باوەڕم بە دەستاوەدەستکردنی دەسەڵات هەیە، بەرەهایی باوەڕم بە ئاییندەی باشتری دیموکراسی هەیە.

NRT: بێ ئومێد نیت لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان گۆڕنکاری گەورە لەدەسەڵات ڕوودات؟

مەلا بەختیار:

نەخێر.. هیچ بێ ئومێد نیم، ئەگەر چەندجارێکیش شکست بەدیموکراسی بهێنن، هەر دەبێ بە ئەزموون بۆ دیموکراسی..

NRT: زۆر سوپاس کاک بەختیار، کە میوانی تاوتوێ بوون..

کتێب خوێندنەوە

ئەگەرچی سەرتاپای بابەتەکانی ئەم کتێبە (کاتژمێری ڕووداوەکان)، پەیوەستە بەکۆی هەڵوێست و هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی ئەم ساڵی (٢٠٢٢)، هاوکات جێکردنەوەی ئەم پاشەنگە، کە خوێندنەوەیەکی (٥٣) ئەڵقەییە بۆ کتێبی (من العالم الثالث الی الاول)ی ڕابەری کاریزمای سەنگاپور (لی کوان یو) و لە ساڵی (٢٠٢٠)دا نوسراون، بەپێویستمانزانی لەبەر گرنگی و لێکچونی ڕەوتی مێژوویی و ڕووداوەکان، وەک پاشەنگی سەربەخۆ، لەم کتێبەدا جێگەیان بکەینەوە..

ئامادەکار

کتێبی (من العالم الثالث الى الاول) دەخوێنمەوە

دوێنێ جومعە (٢٠٢٠/٢/٨) دەستمکرد بەخوێندنەوەی کتێبە (٨٣٩) لاپەڕەییەکەی رابەری کاریزمای سەنگاپور (لی کوان یو)...

جارێ (٧٣) لاپەڕەم تەواو کردووە. کتێبێکی دانسقەیە. رەنگە هەتا تەواوی دەکەم، هەشت هەڵسەنگاندنی لەڕوانگەی خۆمەوە، لە پەیجەکەمدا، لەسەر بنوسم.

سەرکردە بەناوبانگەکانی جیهان، لە پێشەکی کتێبەکەدا، پوختەی بۆچونیان لەسەر ئەم سەرکردەیە نووسیوە، تەنها ئاماژە بە بۆچوونی "بیرسی کرادوك" راوێژکاری حکومەتی بەریتانیا ساڵانی (١٩٨٤-١٩٩٢) دەکەم، دەڵێ:

"بیرەوەرییەکانی رامانێکە لەسەر دیمەنی جیهان، لەلایەن خاوەن پاکژترین و رۆشنترین ئەقڵە سیاسیەکانی سەردەمەکەوە".

بەهیوام بتوانم، لەسەر هەر (١٠٠) لاپەڕەیەکی کتێبەکە، ئەوەی لە پەرێزو پەراوێزی کتێبەکەدا، دەیان نوسم، بڵاوی بکەمەوەو ئەم رابەرەی یەکێك لە دواکەوتوترین وڵاتانی جیهان، بەخوێنەری کورد بناسێنم!

بابەتی (١)

پێشەکی، دانی پیادەنێم، هەڵەم کردووە، کە تا ئێستا کتێبی (من العالم الثالث الى الاول)ی (لی کوان یو)م نەخوێندۆتەوە، کە سەرگوزشتەی سەنگاپورە لەساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٠) بەوردی باسدەکات.

هەروەکو لە پێناسەی کتێبەکەدا، دوێنێ لەم پەیجەدا وتومە، کە هەشت بابەتی لەسەر دەنوسم. بەڵام تائێستا (١١٤) لاپەڕەم لە (٨٣٩) لاپەڕە تەواو کردووەو پەراوێزگەلێکی زۆرم لەسەر لاپەڕەکانی نووسیوە، پێ دەچێ بابەتی زۆرتر لەسەر بۆچونە ریالیستیەکانی ئەم سەرکردە ناوازەیە بنوسم.

لەپێشەکییەکەیدا (٣٣) سەرکردەو بیرمەندی جیهان، لەسەر بابەتەکانی کتێبەکەیان بەنایابی نووسیوە، لەپەراوێزی دوای ئەوَ بیرمەندانە دەڵێم: ئەم چەپکە قسانەی سەرانی جیهان، بەسن بۆئەوەی گەورەیی (لی کوان یو) بزانرێ.

لەلاپەڕە (٢٠)دا، کیسنجەر لەپێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ: هەموو وڵاتان، کە دوای قۆناغی کۆڵۆنیالیزم دەرکەوتن، مێژوویەکی بەراوردکاریان نییە. ئەوەی لەرۆژئاوادا لە چەندین سەدەدا ئەنجامدرا، پێویست بوو لەدەهە یان دوو دەهەدا، لەهەلومەرجێکی زۆر ئاڵۆزدا، لەوڵاتانی کۆڵۆنیاڵدا بەتەواوەتی ئەنجام بدرێ.

لەدرێژەی بۆچونەکانیدا، کیسنجەر لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێ: سەنگاپورە لەسەر ئەو راستییە، نمونەیەکە. لەبەرئەوەی لەرۆژهەڵاتی دوردا بنکەیەکی دەریایی بەریتانیا بوو. لەهیچ ئەگەرێکدا خەونی دامەزراندن و سەرخستنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەبوو، تەنها دوای هەرەسی وڵاتانی ئۆروپا دوای جەنگی دووەمی جیهان نەبێ، کە بووە مایەی داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا.

ئەم بۆچونە، نەك دەستنیشانکردنێکی قوڵی قۆناغەکەو دۆخی دامەزراندنی سەنگاپورەیە، بەڵکو هەمەلایەنە قۆستنەوەی هەلی سیاسی دۆخی دوای جەنگی دووەمیشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی گەلێکی ژێردەستەی وزە لێبڕاوی، گەمارۆدراوی چەندین دوژمنی کەتە کەتە.

کیسنجەر، لێرەدا، قسەیەکی زۆر جوان دەکات و بەدیقەتەوە دەنوسێ: بەڵام مێژوو دەری دەخات کە حساباتی هاوکێشە بەڵگەنەویستەکان، دەتوانرێ بەدانایی و پەرۆشی کەسایەتیە ناوەزەکان هەڵبگێردرێتەوە.. تاد

بۆئەوەی باشتر لەو سەردەمەدا بزانرێ کیسنجەر بۆ وای نوسیوەو سەرۆکی سەنگاپورەش چۆن توانیویەتی وڵاتێکی لاوازی بەلەنگازی پەروپوت، بکاتە وڵاتی پێشکەوتوو، فەرمون بزانن ئەوکاتە سەنگاپورە چەند بوەو چۆن بووە؟. کیسنجەر، لەهەمان لاپەڕە (٢٠) دا دەنوسێ:

سەنگاپورە، کە لەسەر دورگەیەی لماوی هەڵکەوتووە، سامانی سروشتی نەبووە. لەپەنجاکاندا لەنێو ملیۆن سەرژمێری کەمتر بووە (ئێستا سێ ملیۆنن)، (٧٤،٤٪) چینی و (١٣،٦٪) لاوسی و (٨،٦٪) هندێ بوون. لەباشورەوە ئەندونوسیا بە(١٠٠) ملیۆنەوە، لەباکورەوە مالیزیا بە (٦،٢٨) ملیۆن دراوسێیان بون. بەگشتی سەنگاپورە بچوکترین وڵاتی گەمارۆدراوی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا بووە.

ئەم سەنگاپورەی ئەو سەردەمە کە (لی کوان یو) رابەرابەتییەکەی گرتۆتەدەست. ئیتر لەو هەلومەرجەو لەناو ئەو کێشمە کێشانەدا، سەرۆکی وڵاتەکەو هاوڕێکانی بەنەخشەیەکی ستراتیژی، پشت ئەستور بەگەلەکەیان و پەروەردەکردنی ئەقڵ بەزانست و زانیاری، بەسیاسەتی دوور لە دروشمبازی و شەڕی لاوەکی ناوخۆیی، بەگیانی لێبوردەیی و دوورکەوتنەوە لەپیلانگێڕی دەوروبەرو ناوخۆ، توانییان، یەکێك لەباشترین وڵاتانی جیهان، لەسەر سەرزەمینێکی بچوك و خەڵکێکی هەژارو بێدەرامەت، بێسامان، بێ نەوت، بێ پشت و پەنا.. دابمەزرێنن. ئەمە لە کاتێکدا ئەو هەلومەرجە لە دوای جەنگی یەکەم، بۆ باشوری کوردستان هەڵکەوت، کەچی بەفیڕۆدرا.

لەبابەتەکانی لەمەودوا، وردەکاری ئەو راستیانە دەنوسین.

بابەتی (٢)

ئەم کتێبە ئەوەنە راستیو ئامارو رووداوی تیایە، هێندە بە زانستیانە نووسراوەو راستیەکانی سەلمێندراوە، چەندی لەسەر بنوسرێ کەمە. بە داخەوە لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردستاندا، کەمترین بابەتیان لەسەر هەیە.وەکو..

سەرۆکی ئەم وڵاتە هەژارە، بە ئامار بۆ پشکی ساڵانەی تاك، لەلاپەڕە (٢٥)دا، راستیەکی باوەڕپێنەکراو دەڵێ: کە ساڵی ١٩٥٩ سەرۆك وەزیرانم گرتە دەست داهاتی تاك (٤٠٠) دۆلار بوو. ساڵی ١٩٩٠ گەیاندویەتیە(١٢,٢٠٠) دۆلارو کە ساڵی ١٩٩٩ وازی هێناوە، گەیشتووەتە (٢٢,٠٠٠) هەزار دۆلار.

دەك خەرمانبەرەکەت، ئەمەیە سەرۆكو نەخشەی ئابووری هاوچەرخ، ئەمەیە تێگەیشتن لە بازاڕی ئازادو تەکنیکو لە پێگەیاندنی عەقڵ، ئەمەشە ژێرخانی ئابووری،بە چل ساڵی حوکمڕانی ئاستی ژیانی هاوڵاتی وڵاتی هەرە دواکەوتووی گەیاندووەتە ئاستێکی ستانداردی وڵاتانی یەکەمی جیهان.

ئەم پێشکەوتنەی چۆن بەدیهێناوە؟ دیارە، بە گەندەڵی، مشەخۆری، ستەمکاری، پیلانگێڕانو شەڕی ناوخۆ بەدی نەهێناوە، بە پێچەوانەی هەموو ئەو دیاردە دزێوانە، توانیویەتی سەربکەوێ،دیقەت بدەن، کاتێك وڵاتەکەلەو پەڕی نەهامەتیدا بووە، ئەم سەرۆکە خانوویەکی نەبووە هەتا وەکو سەرۆك بیپارێزن، کە چی سوور بووە لەسەر پرنسیپو پاکێتی خۆی. لە لاپەڕە (٣٢)دا ئاوا باسی ئاسایشی وڵاتەکەیو خانووەکەی خۆی دەکات:هەتا شوشەی گولەبەند پەیدا دەکرێ، بە شێوەیەکی کاتی، بە پلێتی پۆڵایین پەنجەرەکانیان داپۆشین ژوورەکانمان هەروەکو زیندانی لێهات.

لەو دۆخەدا کە ئاسایشی وڵاتەکە زۆر خراپ بووە، دەڵێ: تەنها دوو بەتالیۆن سەربازمان هەبووە، ژمارەیان دوو هەزار سەرباز بوونو عەمیدێکی مالیزی فەرماندەیان بووە. ئەمیش ئەوەندەی بە قسەی مالیزیای کردووە بە قسەی سەنگاپورەی نەکردووە.

کاتێك، دەستیان کردووە بە پەیوەندی دیبلۆماسیو جێ بەجێکردنی ستراتیژی ئابووریو بازاڕی ئازاد.. لە لاپەڕە (٣٥)دا دەڵێ: کۆمۆنیستەکان هێرشی توندیان کردە سەرمانو بە خۆفرۆشیو بە کرێگیراوی ئیمپریالیزمو دەرەبەگایەتیان لەقەڵەم داین. هەر لەوکاتەدا، کودەتا لە ئەندەنوسیا روودەداتو من لە پەرێزی لاپەڕە (٣٣)دا دەنووسم: رۆژگارێکی ترسناك بووە. ئەندەنوسیا کەتوەتە ناو شەڕی ئەهلیەوەو نیو ملیون کۆمۆنیست کوژراون. ئەندەنوسیاش دراوسێی سەنگاپوورەیەو هەموو (٦) ساڵیش بووە رزگاریان

بووە، سوپاشیان نەبووە، کۆمۆنیستەکانی سەنگاپورەش لەشەڕدا پاشکۆی کۆمۆنیستەکانی ئەندەنوسیابوون

ئەم ڕووداوانە، ترساندوونی‌و زووتر ویستویەتی سوپایەکی سەربەخۆی بەهێز درووست بکات. داوی لی هندستان‌و میسر کردووە هاوکاری بکەن. بەڵام (نەهرۆ) و (جەمال عبدالناسر)لەترسی ئەندەنوسیە ئیسلامیەکان ئامادە نەبوون یارمەتیان بدەن. ئەمیش ناچار هانای بۆ ئیسرائیل بردووە، بڕوانە لاپەڕە (٤٢ ی کتێبەکە. بەڵێ ئیسرائیل. ئەمە لەکاتێکدا هەم ئیسلامیەکان‌و هەم کۆمۆنیستەکان دژی ئیسرائیل بوون بەڵام ئەم سەرۆکە، دورتری بینیوە، ئیسرائیل رازی بوون‌و بە نهێنی،بەناوی مەکسیکەوە پسپۆریان ناردووە چۆنیەتی دامەزراندنی سوپای سەگاپورەوچۆن چۆنی دەرباز بوون لە کێشە تایەفیەگەریەکان‌و شەڕی ناوخۆ، ئەزموونێکی گرنگیان هەیە، بە هیوام لە بابەتەکانی ئاینده باسیان بکەم.

بابەتی (٣)

دامەزراندنی سوپا، لەوڵاتانی تازە ئازادکراو، یان کۆلۆنیالیستیی، یاخود دواکەوتوو، پرۆسەیەکی زۆر زۆر قورسو ئاڵۆزە. بەتایبەتی لەوڵاتانی فرە پێکهاتەو چواردەورگیراو بە دوژمنی جۆراوجۆر. سەرەڕای ئەو راستییە، سەنگاپورە، وردە وردە متمانەی رای گشتی بۆ پێکەوەنانی سوپا، سازدراوە. دەرگاکانی پشتیوانیەکانیشی، بێ سڵەمینەوە، کردۆتەوە. سوپاکەیان لەسەر مۆدێلی ئیسرائیل دامەزراندووەو تەنانەت ناوەکەشی.

سوپای ئیسرائیل ناوی (سوپای بەرگری ئیسرائیل)ە. هی سەنگاپورەش ناوی (هێزی بەرگری گەل). سوپای ئیسرائیل، کەمترین سەربازی رەسمیو زۆرترین هێزی یەدەکی مەشقپێکراویان هەیە، سەنگاپورەش وای کردووە. بەمەش، سوپایان لە بیروکراسی دوورخستووە. بودجەیەکی کەمیشیان بۆ تەرخان کردووە. واتا بە نەهاتون، دەیان هەزار سەرباز بە موچەو چەکی زۆرەوە بودجەیەکی زۆریشی تێ بچێ، پێکبهێنن.

لە لاپەڕە (٥٥)دا سەرۆکی وڵاتەکە دەڵێ: بەریتانیا ئەوپەڕی بایەخ بە پاکیو خاوێنیو جلوبەرگی رێكوپێكو دیسپلینی سەربازیو ملکەچکردنی بۆ سەروی خۆیان دەدات. بەڵام ئیسرائیل کارامەیی سەربازیو هاندەری خۆبەخشی دەدەن. سوپای سەنگاپورە، بۆیە فێری ئیستعرازی عەسکەری نەبوون.

سەنگاپورەو سەرۆکەکەیان، پشتیان بە پسپۆڕەکانی ئیسرائیل بەستووە. بەقسەیان کردوون بۆ رێکخستنی سوپا. بەڵام لەبەرامبەردا، فشاری ئیسرائیلیان قبوڵ نەکردووە کە سەنگاپورە دان بە ئیسرائیل بنێو سەفارەت لەوکاتەدا لەوڵاتەکەیان بکەنەوە.

ئەم سەرۆکە، لەگەرمەی بوژاندنەوەی وڵاتەکەیو گەلەکەیو ژێرخانی ئابوریيان بووە، بەڵام لوتبەرز نەبووە. کەسوکاری خۆیان پێشنەخستووە. چاوی لە هیچ کەموکوڕییەك نەپۆشیووە. ماندوو نەبووە. تەنانەت قبوڵی نەکردووە، بە شانو باڵیدا هەڵبدەن. دژی ئەوەش بووە وێنەی هەڵبواسرێو پەیکەری بۆ داتاشرێ. (بڕوانە لاپەڕە -٨١-)

کاتێك سوپای بەریتانیاش (١٩٧١) ئۆردوگا سەربازییەکانی جێهێشتووەو بایی سەدان ملیۆن دۆلار کەلوپەلی سەربازیو ئیداریی تیا بووە. شوێنەکانیشیان (١٥ هەزار) هێکتار زەوی بووە. تێکڕا (١١٪)ی سەرزەمینی وڵاتەکەیان لەژێر دەستدا بووە. کەچی نەك رێگەی نەداوە تاڵان بکرێ، بەڵکو بە پرۆژەیەك کردویەتیە شوێنی بەرهەمهێنانو وەبەرهێنان. بەندە لەپەراوێزی لاپەڕە (٨٥)دا لەسەر ئەم بڕیارە نوسیومە:

"ئەمەیە پەرۆشیی بۆ وڵات. شوێنەواری داگیرکاری دەکەنە بنەماو سەرچاوەی ئابوری".

لەکوردستانیشدا، کوتومت پێچەوانەکەی کراو لەدوای راپەڕین، نەك سەربازگەو کەلوپەلی سەربازی بەڵکو ئامێرو کەرەسەو شۆڤڵو بلدۆزەرو سەیارەو تەنانەت مەوادی خامی یەدەکیش، تاڵان کرانی کەرەسەی سەدان ملیۆن دۆلار هەرزانفرۆش کران لەسەر دەستی قارەمانەکانی بەرەی کوردستانی!!

بابەتی (٤)

سەرۆکی سەنگاپورە، بەو هەموو تواناو لێهاتوییەی هەیبووە، کەچی لە لاپەڕە (٨٧-٨٨)دا دەڵێ:

"دوای ئەوەی سیاسەتی گونجاوم بۆ روبەڕووبونەوەی زەرەرەکانی تێچوی سەربازیی بەریتانیا دانا، پاییزی (١٩٦٨) بە مۆڵەت چومە زانکۆی (هارفارد) چونکە دوای (٩) ساڵ لە دەسەڵات، هەستم کرد کە باتری مێشکم پێویستی بە شەحنی نوێ هەیە، هەتا بیروباوەڕی تازە فێر بمو باشتر بیر لە پاشەڕۆژ بکەمەوە. خوێندنگای (کەنەدی) نازناوی هاوڕێی شەرەفی پێبەخشیم".

من لەپەراوێزی هەمان لاپەڕەدا، ئەمەم نوسیووە:

"سەرۆك بووە، کەچی هۆگری فێربونی زیاتر بووە. فێربونی کردۆتە سەرچاوەی پێشکەوتن. نەك گەندەڵیو تاکڕەوی.." تاد.

ئەشڵێ.. چاووم بە زاناو پسپۆڕی زۆر کەوت، لەڕێی گۆڕینەوەی بۆچونەکانمانەوە، زۆر شت لەسەر کۆمەڵو ئابوری ئەمریکا فێر بوم.. لەدرێژەی ئەم قسانەدا، بەجوانیی، رونیدەکاتەوە کەوا:

"لەسەردانی رەسمیی یەکەممدا (١٩٦٧) لەگەڵ (٥٠) سەرمایەداردا لە شیکاگۆ دانیشتمو بۆم رونکردنەوە کە سەنگاپورە چۆن لە گوندێکی بچوکەوە کە تەنها (١٢٠) ماسیگری ساڵی (١٨١٩) تیا بووە، بۆتە وڵاتێکی مترۆپۆڵ. کە دوو ملیۆن هاوڵاتی هەیە. ئەمەش بەهۆی فەلسەفەی (شمەكو خزمەتگوزاری باش، بەڵام هەرزان) بەدیهاتووە".

دەڵێ:

"بەو قسانەم کاریگەریم لەسەر ئامادەبوان هەبوو، چونکە داوای هاوکاریم لێنەکردن، چونکە ئەوانەی هاتبون، خەڵکی وڵاتانی تازە رزگارکراو، داوای هاوکارییان لێبکات".

ئەم بۆچونانەی سەرۆکی سەنگاپورە، قوڵ کاریگەری لەسەر سەرمایەدارانی ئەمریکا داناوە. بۆ ساڵێك دوای ئەوە، کە سەردانی نیویۆرکی کردووەو لەگەڵ باشترین (٨٠٠) بڕیارسازانی یانەی ئابوری کۆبۆتەوە. بۆچونەکانی لەسەر ئابوریو سیاسەتو جەنگی ئەمریکا لە ڤێتنامدا، بەچاکیی گوێی لێگیراوە.

لە بۆچونە گوێ لێگیراوەکانی، وایلێکردون، وڵاتەکەی کەرەسەی خاوی نەبووە، هەتا کۆمپانیاکان بەهەرزان بیکڕن، بەڵام دەستی هەرزانی کاری هەبووە. بۆیە، گوێیان لەو کەسانە نەگرتووە کە هەر خەریکی هەڵوێست فرۆشتن بونو بە دروشم دژی کۆمپانیا فرە ناسنامەکان بون. دەرگایان بۆ کردونەتەوەو

هانیان داوون وەبەرهێنان بکەن. بەمە، ژێرخانیان بەهێز کردووەو بێکارییان کەمکردۆتەوەو بەم سیاسەتەش، توانیویەتی، مەڵبەندێك لەناوچەی جیهانی سێهەمدا بکاتە جیهانی یەکەم. دەڵێ:

"ئەگەر سەنگاپورە، لە مەیدانەکانی ئاسایشی گشتیو تایبەتی، تەندروستی، فێربون، پەیوەندیەکان، هاتوچۆ، خزمەتگوزاری، سەرکەوتو بێ، دەبێتە بنەمای دەستبەکاربونی سەرمایەدارو خاوەنی پرۆژە بازرگانیەکان".

بەم سیاسەتە ئابوریو بەرهەمهێنانو متمانە خوڵقاندنە، ئەم سەرکردەیە توانیویەتی، وڵاتەکەی بکاتە نمونەیەکی کەموێنە لە پێشکەوتن.

بابەتی (٥)

هەتا قوڵبیتەوە لەناوەڕۆکی کتێبەکەی (لیی کوان یو) (من العالم الثالث الی الأول- قصة سنغافورة ١٩٦٥-٢٠٠٠) ڕاستی ئەوتۆت بۆ دەردەکەوێ، شانازی بە سەرکردەی هەڵکەوتوو بکەیت‌و تێش بگەیت، سەرکەوتنە مێژوییەکان، پەیوەندی بە وڵاتی دواکەوتوو، یان پێشکەوتوەوە نییە. بەڵکو بە توانای سەرکردەکان‌و پەروەردەکردنی ئەقڵ، لەپێناوی داڕشتنی ستراتیژی ئابوری‌و زانستی‌و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیەوە هەیە. نوسەر دەڵێ:

"کاتێك سەردانی کۆمپانیا گەورەکانمان دەکرد، بەڕێوەبەرەکانیان نەیاندەزانی سەنگاپورە دەکەوێتە کوێ! دەبوایە لەسەر نەخشە ئاماژە بەشوێنەکەی بکرێ، کە خاڵێکی بچوکی سەر ڕێگەی دورگەی مەلایۆ بووە. جاری وا بووە بەڕێوەبەرەکانمان سەردانی چل یان پەنجا کۆمپانیایان دەکرد، پێش ئەوەی قەناعەت بە یەکێکیان بکەن، سەردانی سەنگاپورە بکەن".

بڕوانە لاپەڕە (٩٣).. من لەپەراوێزی هەمان لاپەڕەدا نوسیومە:

"وڵاتێکی نەناسراو، پێشنەخراو، دان پێنەنراو، بە پرۆژەو پەروەردەی ئەقڵ‌و پەرۆشی‌و پاکیی، دەکرێتە وڵاتێکی نمونەیی".

لەو هەلومەرجەدا، چین، سەرگەرمی هەڵدێرترین بەناو شۆڕشی ڕۆشنبیری بووە. کە من لە کتێبی (شۆڕشی کوردستان‌و گۆڕانکاریەکانی سەردەم-١٩٨٩)دا ناووم ناوە (شۆڕشی ڕەشبیری).

شۆڕشی ڕۆشنبیری بەسەرۆکایەتی ماوتسیتۆنگ، گوایە بۆ پاراستنی شۆڕشی سۆسیالیستی بوو لە سەرهەڵدانی بۆرژواو لادەرەکانی ئایدیۆلۆژی (ریڤیژنیزم). ساڵی (١٩٦٦-١٩٦٧) ماو دەستپێکرد، هەتا ناوەڕاستی حەفتاکان درێژەی کێشاو بووە مایەی لەناوچونی زیاتر لە (٢٥) ملیۆن هاوڵاتی، بەزۆری جوتیاران. هەروا، سەری سەدان سەرکردەو هەزاران کادری پارتی کۆمۆنیستی چینی خوارد. گوایە سۆسیالیزم دەپارێزن‌و دەشسەپێنن. لەگەرمەی ئەو ڕوداوانەدا کە چین بەرەو کارەسات هەڵدەدێرا، دروشمە بریق‌و باقەکانی شۆڕشی ڕۆشنبیری‌و پروپاگەندە ئایدیۆلۆژیەکانی ماوتسیتۆنگ، دەیان هەزار شۆڕشگێڕی خستە ژێر هەژمونگەری خۆیەوە، بەرەو شۆڕشی درێژخایەتی چەکداری. (کۆمەڵەی مارکسی-لینینی-ئەندێشەی سەرۆك ماوتسیتۆنگ) کوت‌ومت لەو هەلومەرجەدا (١٩٧٠/٦/١٠) دامەزرا. هەروەها قیادەی مەرکەزی حیزبی شیوعیش پێشتر (١٩٦٧) جیابونەوەو هەمان ڕێبازیان گرتە بەر. چەندین ڕێکخراوی فەلەستینی

لێکترازان. هەروەکو سەدان ڕێکخراوی چەپو خەباتی چەکداری دیکە. بەڵام مێژوو دەریخست، ئەو ڕێبازە هەڵدێر بوو. وڵاتی چینیش لێی پاشگەزبویەوەو گەڕانەوە بۆ بازاڕی ئازاد. دوای ماوتسیتۆنگ (تینگ سیاو پنگ) کرایە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستو دەوڵەتی چین، کە یەکێك بوو لەو کەسانەی لەکاتی شۆڕشی ڕۆشنبیریدا، دادگاییان کردو لەسەر شەقامەکان، ڕسوایان دەکرد. کە شۆڕشە ڕۆشنبیریەکە شکستی خوارد. هەتا ماوتسیتۆنگ مابوو، لەترسی ئایدیۆلۆژیەتی تۆتالیتاری، هیچ کەسێك نەیدەوێرا ڕەخنەش بگرێ لە شکستو کارەساتەکانیان. بەڵام دوای مردنی ماو، چین ناچار بوو تینك سیاو پنگی ڕسواکراوی دەستبەسەر. بکاتەوە سەرۆکی وڵات. لەو هەلومەرجەدا، کە دەیان هەزار چەپ لەخشتەی شۆڕشی ڕۆشنبیری بران. سەرۆکی سەنگاپورە دەڵێ:

"لەو ماوەیەدا چین دوچاری ئازارو ژانی شۆڕشی شێتانەی ڕۆشنبیری ماو کرابوو. وەبەرهێنەکان تایوانو هۆن کۆنکیان نزیك لە چین دەزانیو ڕویان کردە سەنگاپورەو پیشوازیمان لێکردن".

بڕوانە لاپەڕە (٩٦). لەپەراوێزی لاپەڕەکەدا دەنوسم:

"شۆڕشی ڕۆشنبیری سودی گەیاندۆتە سەنگاپورە. ئەمەیە جیاوازی سەرکردەیەکی دیموکراتو سەرکردەیەکی تۆتالیتار. تێگەیشتن لە بازاڕی ئازادو سەپاندنی بازاڕی داخراو، دوو ڕوانگەی زۆر جیاوازن بۆ دەوڵەمەنداری".

ئەم سەرکردەیە، وڵاتەکەی نزیکی چین بووە. لەهەمان ژینگەی سیاسیو ڕوداوەکاندا بووە. ڕەوتێکی توندڕەوی کۆمۆنیستی پەیڕەو چینیش لەناویاندا هەبووە، کەچی (لیی کوان یو) دوای شەوارەی تیۆری نەکەوتووەو خەمی ئابوریو دیموکراسیو گۆڕانکاری ڕیالیستی خواردووە. لێرەدا دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە:

ئایدیۆلۆژەت، هی دونیایی یان دینی، کاتێك بڤە بێ ڕەخنەی لێبگیرێ. یان سەرۆکی حیزبو دەوڵەتێك، بکرێتە کاریزمای ڕەهاو چواردەوری بە هەلپەرستو سوپاو موخابەرات بتەنرێو پیاهەڵدان بکرێتە خووی حیزبایەتی، دیارە، ئەنجامەکەی، بە کارەسات دەشکێتەوە!! ئێستا لەکۆریای باکور هەمان پەروەردەی قێزەون دەبینرێ!!

بابەتی (٦)

وەرچەرخانی ئابوری، لە ئابورییەکی دواکەوتووەوە بۆ هەرە پێشکەوتوو، لەمێژووی وڵاتاندا گرنگترین‌و کاریگەرترین سەرکەوتنە. تەنانەت، هەرچی سەرکەوتنی سیاسی، شۆڕشگێڕانە، فەلسەفەو تیۆریش هەیە، لە دوائەنجامدا، لەمەحەکی ئابوری دەدرێن. زۆرن ئەو سەرکردانەی لافی شۆڕشگێڕانەو فەلسەفەیان لێدەدا، بەڵام پرۆژەی ئابوریان نەبوو، شکستیان خوارد. ئەو سەرکردانەی توخنی دروشم‌و تیۆری بریقەداریش نەکەوتن، بەڵام ستراتیژی بوژانەوەی ژێرخانی ئابوریان چەسپاند، سەرکەوتن.

هەر ئەزمونێك، سەرۆکێك، رابەرێك، لەشۆڕشدا، لەسیاسەتدا، لەفەلسەفەدا، چەند بلیمەت بوبێ، ئەگەر لەبواری ئابوری سەرکەوتنی بۆ گەلەکەی‌و دەوڵەتەکەی بەدینەهێنابێ، سەرەنجام بە شکستخواردوو چونەتە مێژوو. نمونەکانی ماوتسیتۆنگ، کاسترۆ، کیم ئیل سۆنگ، پۆل پۆت، جەمال عەبدولناسر، نۆردۆم سیهانۆك، جەواهیر لال نەهرۆ، یاسر عەرەفات..تاد. باشترین بەڵگەن. تەنانەت لینین، کە نەیتوانی ئابورییەکی باش پێشبخات، شکستی خوارد.

سەرۆکی سەنگاپورە، بەشی زۆری کتێبەکەی، لەدەوری بەرنامەو پرۆژە ئابوریەکانی نوسراوون. کەمتر باسی شانازی سیاسی‌و باسی فەلسەفە دەکات. توخنی ئایدیۆلۆژیەت ناکەوێ. سەریش کەوتووە.

ئەم سەرۆکە دەڵێ:

"ساڵی (١٩٧٥) کە ئابوری بوژایەوە. لەبەرێوبەرێکم پرسی: تا کەی پارێزبەندیی پێناسەی گومرگی کۆمپانیای سەیارەی مارسیدیس بهێڵینەوە؟ بەرێوبەری دارایی کۆمپانیاکە وتویەتی: هەتا هەتایە. چونکە کرێکارەکانمان لەڕووی تەکنیکیەوە، لەئاستی کرێکارانی ئەڵمانیا نین".

ئەم سەرۆکە، تێگەیشتووە، کۆمپانیاکان دەیانەوێ درێژە بە زۆرترین قازانجی خۆیان لەسەر حسابی گەل‌و کرێکارانی سەنگاپورە بدەن. بۆیە، گوێی نەداوەتە ئەو بۆچونەی کۆمپانیاکان‌و دەستبەجێ، دەستەبەری لەسەر کۆمپانیاکان لابردووەو پشتی بەخۆیان بەستووە.

سەرەنجام دەڵێ:

"لەکۆتایی حەفتاکاندا. واتا: دوای (١٤) ساڵ لە بڕیاری سەربەخۆیی ئابوری، بیکاریی‌و بێتوانایی وەبەرهێنانمان پشت سەرخست. دوای ئەمە، چڕمان کردە سەر چۆنایەتی وەبەهێنانی نوێ، هاوکات ئاستی فێربون‌و کارامەیی کرێکاران. پەیوەندیشمان لەگەڵ ئەمریکاو ئۆروپاو ژاپۆن، پەرەپێدا.."تاد. لەدرێژەی

قسەکانیدا دەڵێ:

"ساڵی ١٩٩٧ (٢٠٠) کۆمپانیای ئەمریکامان لا بووە، کە (١٥ ملیار دۆلار) وەبەرهێنان کردووە. بەرهەم تەکنیکیان بەردەوام پێشدەخست، سەرەنجام تێچووی یەکێتی کاریان کەمکردەوەو کرێی بەرزیش دابین دەکرد". لەپەراوێزی ئەو بابەتەدا لەلاپەڕە (٩٨) نوسیومە:

"١٩٥٩ بۆ ١٩٩٧ دوای (٣٨) ساڵ، وڵاتەکە کراوەتە پیشەنگ. کێشەیان کەمبۆتەوە. بونەتە بازاڕ پیشکەوتوی کۆمپانیا زەبەلاحەکان. هەموشی خراوەتە خزمەتی خەڵكو وڵاتەوە".

لەم کێبەرکێ ئابورییەدا، بەریتانیا (١٥٠) ساڵ سەنگاپورەی داگیرکردووە، کەچی بەهۆی کێشە مانگرتنی کرێکارانی بەریتانیاوەو ناکۆکی پارتی کرێکاران‌و پارێزگارانەوە، بەریتانیا لە وەبەرهێنان سەنگاپورە دواکەوتووە. هەروا هۆڵەنداش. لە پەراوێزی لاپەڕە (٩٩)دا، لەسەر ئەم وڵاتانە دەنوسم:

"ئەمریکا پیش ژاپۆن کەوتووە. چین دوای هەمویان بووە. وڵاتێکی بچوکی وەکو سەنگاپورە، سیاسەتی ئابوری ئەمریکاو ژاپۆنی لەباشوری رۆژهەڵاتی ئاسیادا دەگۆڕێ. کەوابێ، وڵاتی گەورەو بچوك نییە، بەڵک ئەقڵو ستراتیژو نەخشەی بازاری ئازاد.. رۆڵ دەگێڕێ.

لەبەرامبەر رەخنەی توندڕەوەکان، لەوکاتەدا، کە دژی هێنانی کۆمپانیاو وڵاتانی وەبەرهێن بون بۆ سەنگاپورە، سەرۆکی وڵاتەکە پێیان دەڵێ (سەخیف) بون. منیش لەپەراوێزی لاپەڕە (١٠٢)دا دەنوسم:

"رەخنەی توندڕەوانە هیچی لێ سەوز نابێ، ئەگەر نەخشەی ستراتیژی ئابوری هەبێ‌و ڕێگەی گەندەڵی‌و مشەخۆریی نەدرێ. سەرکردەی پاكو بێباك لە بڕیارو بەرنامەکەیدا سەردەکەوێ".

بەدڵنیاییەوە، هەرێمی کوردستان، لە (٢٩) ساڵی رابردودا، پێشکەوتنی بەرچاوی تیادا بەدیهاتووە لەگەڵ سەردەمی داگیرکاری گوناحە بەراوردیش بکرێ. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا، سەنگاپورە، کە سامانی سروشتییان نەبووە، هەژارترین ناوچەی ئەو جوگرافیا-سیاسیە بووە، توانیویانە ئاوها پێشبکەون ئەی کوردستان، بەم هەموو سامانە سروشتیەو ئەم ژینگە لەبارە، ئایا، ئەگەر گەندەڵی‌و مشەخۆری ئەقڵیەتی تەسکی حیزبایەتی-حوکمڕانی نەبوایە.. شەڕی ناوخۆ نەکرایە، موزایەدەی سیاسی واز لێ بهێنرایە.. ئایا، لەئێستا پێشکەوتوتر نەدەبوو؟ ئایا ئێستا پشکی تاك لەکوردستاندا، (٢٥ هەزار دۆلار)ی تێنەدەپەڕاند؟ ئایا بێکاری‌و هەژاری کۆتایی نەدەهات؟!!

بابەتی (٧)

کاتێك وڵات پێشدەکەوێ، سەرۆکی سەنگاپورە، ئاسۆی پێشکەوتنی فراوانتر دەبێ، ئەویش لەڕێی فێربونی زیاترو پێگەیاندنی زاناو پسپۆڕەوە. لەلاپەڕە (١٠٣)دا دەڵێ:

"پێویست بوو متمانە بە بەرپرسانو فەرمانبەرە لاوەکانمان بکەین کە دەستپاكو راستگۆ، زیرەك، خاوەن وزە، هاندەرو توانای جێبەجێکردنیان هەبوو، گەرچی کەموکوڕییان لە ئەزموندا هەبوو. هەڵبژاردەی باشترین زاناکانمان لەناو خوێندکارەکانمان بۆ بەناوبانگترین زانکۆکانی بەریتانیا، کەنەدا، ئوستراليا، نیوزلەندا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیاو ژاپۆن، نارد. پاشان کە توانیمان بۆ ئەمریکاشمان ناردن. لەڕێی ئەمانەوە کۆمپانیاکانیان دامەزراندوەو هێڵی ئاسمانی سەنگاپورەیان پێشخستووە".

دەشڵێ:

"کاتێك زانیمان پرۆژەو کۆمپانیاکانمان سەرکەوتون، ئازادی زیاترمان دانێو لە کۆتی وەزارەتەکانمان دورخستنەوەو گرنگترین کۆمپانیاو بوارەکانی ئابورییان سەربەخۆ کردووە. سەرەنجام، بەم سیاسەتە، پرۆژەو کۆمپانیاکانیان توانای زیاترو سودی پترو کێبەرکێی زۆرتریان کردووە".

لەپەراوێزی هەمان لاپەڕەدا نوسیومە:

"پشت بەخۆبەستن، ژێرخانی ئابوری هاوچەرخ، بازاڕی ئازادی راستەقینە، پێگەیاندنی تواناو ئەقڵ، دروستکردنی کادری کارامەو فێربونی بەردەوام، هاوکات چاودێری پاکیو هەستی نیشتمانپەروەری.. ئەمە ئەنجامە کاریگەرەکەیەتی".

لە لاپەڕە (١٠٤)دا، زۆر بەجوانیی بەدوای نهێنی سەرکەوتنەکانیان گەڕاوە، سەرەنجام گەیشتۆتە ئەوباوەڕە کە (متمانە) وای کردووە، وەبەرهێنەرانی بێگانە بڕوایان پێ بکەنو لە ریزی سەنگافورەدا بوەستن بۆ دروستکردنی کۆمپانیاو پرۆژەکانو پاڵاوگە نەوتیەکان.

دەشڵێ:

"کاتێك، قەیرانی نەوت ساڵی (١٩٧٣) سەریهەڵدا، بڕیارمدا کە لە خستنە بازاڕی نەوتی پاشەکەوتکراو درێغی نەکەین. ئەگەر واشمان بکردایە، دوو ساڵ کیشەی پاشەکەوتی نەوتمان لەوکاتەدا نەدەبوو، بەڵام لەگەرمەی قەیرانەکەشدا، رێگەم نەدا (متمانە) بدۆڕێنینو سیاسەتی ئابوری نەوت، وەکو خۆی بەردەوام بوو".

دیقەت بدەن، لەئاکامی متمانە لەدەستنەدانی لەکاتی قەیران، بۆ قازانجی کاتیی، دەڵێ:

"پیشەسازی نەوتمان بەوپەڕی متمانەوە پەرەیسەندو گەیەندرایە پترۆکیمیاویی لەکۆتایی حەفتاکان. لەنەوەدەکانیشدا، سەنگافورە پاڵاوتنی نەوتی گەیاندە (٢ , ١ ملیۆن بەرمیل) لەرۆژێکدا. دوای هیوستن (ئەمریکا)و رۆستردام (هۆڵەندا) سەنگاپورە بۆتە سێهەم ناوەندی پاڵاوتنی نەوتی جیهان. هەروا بۆتە سێهەم زەبەلاحترین بازرگانی نەوت دوای نیویۆرك‌و لەندەن".

منیش لە پەراوێزی کۆتایی لاپەڕەی (١٠٥)دا، لەسەر ئەو سیاسەتە نوسیومە:

"متمانە.. ناونیشانی نهێنییەکانی سەرکەوتنی سەنگاپورە بووە. وەکو سەرۆکەکەیان دەڵێ. متمانەش لەناو بازاڕی ئازاد، دەوڵەت‌و سیستەم‌و چاودێری دەوێ. دیارە بەرتیلخواردن‌و سەرانە سەندن‌و هەڵپەی کاربەدەستەکانیشیان بۆ شەریکی کۆمپانیاکانیان، رێنەدراوەو گەندەڵیی نەبووە. خزمەتی نیشتمان‌و خەڵك، بەتایبەتی کرێکاران‌و پێگەیاندنی زانستییانەی کرێکاری تەکنیکی، بەردەوام هەبووە. بۆیە وڵاتەکە گەیەندراوەتە لوتکەی پێشکەوتن".

ئەو ئەزمونە لە متمانەو پاکێتی، لە گەرمەی قەیرانی سوتەمەنیدا، بەراورد بکرێ بە بازاڕی کوردستان. پێچەوانەی سەنگاپورەیە، کە یەك دڵۆپ نەوتیشیان نییە. بەداخەوە، کۆمپانیا نەوت فرۆشەکان‌و ویستگەکانی سوتەمەنی- بەنزین، لەکوردستاندا، هەمیشە پاشەکەوتیان هەیە، هەتا لەکاتی قەیراندا، یان کاتێك حکومەتی عێراق سوتەمەنی لەکوردستان دەبڕێ.. بازرگانەکانی سوتەمەنی لەکوردستاندا، رێك لەوکاتانەدا، نەوت‌و بەنزین‌و گازۆیلی پاشەکەوتکراویان، دادەبەزێننە بازاڕ و بەنرخێکی گران دەیفرۆشنە خەڵکە هەژارەکە.

کوردستان.. بە خەبات‌و قوربانیدان، بە ئەنفال‌و کیمیاباران، بە راگواستن‌و تەعریب، رزگاری بووە. سەنگاپورە لەدۆخێکی سیاسی تایبەتیدا سەربەخۆیی وەرگرتووە، قوربانییەکی زۆر زۆر کەمی داوە، کەچی بەهۆی "متمانە"وە، خەڵك‌و کۆمپانیاو بازاڕیان.. ئاوها رێك‌وپێك بووە. گرانفرۆشی نەبووە!! لەکوردستانیشدا، ئەوەتا مانگی رێبەندانە، کەچی خەڵك نەوتی نییە.. رێگە لە تەنکەرە گاز دەگیرێ.. بۆئەوەی سەرانەی زیاتر بچێتە گیرفانی باندەکان!!

بابەتی (٨)

هەر وڵاتێك، سیاسەتی باش، متمانەی کۆمەڵ، ژێرخانی پێشکەوتوی نەبێ، بێگومان لەناو بازنەی دروشمو، ململانێی بێهودەو بەڵێنی زەردو سەوزدا، دەسوڕێتەوە.....

سەنگاپورە، سیاسەتی باشو متمانەی خەڵكو ژێرخانی پێشکەوتوی ئابوری، لەوڵاتێکی جیهانی سێهەمەوە، گۆڕیویانە بۆ ریزی وڵاتە یەکەمەکان.

سەلماندیان هەر وڵاتێك، سیاسەتی باش، متمانەی کۆمەڵ، ژێرخانی پێشکەوتوی نەبێ، بێگومان لەناو بازنەی دروشمو، ململانێی بێهودەو بەڵێنی زەردو سەوزدا، دەسوڕێتەوە. سەرەنجام، دەشتەپێ!

بڕوانن سەرۆکی سەنگاپورە، دوای سیاسەتی باشو چەسپاندنی متمانە، لەسەر ئابوری دەڵێ چی؟

"دوای جیابونەوەمان ساڵی (١٩٦٥) لە مالیزیا، هەر کەسێك بیری لەوە بکردایەتەوە کە سەنگاپورە بکرێتە ناوەندێکی دارایی‌و دراو، بە شێتیان دەزانی".

دوای (١٠) ساڵ، سەراپا ئەم هاوکێشەیە گۆڕدراوەو سەنگاپورەیان کردۆتە یەکێك لە باشترین ناوەندەکانی دارایی‌و دراوی جیهان. پسپۆڕێکیان ناردۆتە لەندەن. لەوێ بردویانە بۆ ژورێك نەخشەی دارایی گۆی زەوی تیا بووەو پێی وتووە:

سەیر بکە، ئەمە نەخشەی دارایی دراوی جیهانە. لە (زیوریخ)وە سەعات ٩/ی بەیانی دەرگای بۆرسەی جیهانی دەکرێتەوە. دوای ئەوە هی فرانکفۆرت، ئینجا لەندەن. عەسر دەرگای زیوریخ دادەخرێ، دوای ئەوە هی لەندەن‌و فرانکفۆرت. لەوکاتەدا (نیویۆرك) بانکەکانی دەکاتەوە. دەستبەجێ جموجوڵی دراو دەدرێتە دەستی نیویۆرك. دوای نیوەڕۆ دادەخرێ. نیویۆرکیش کاری دراو دەداتە (سان فرانسیسکۆ) دوای ئەوەی (سان فرانسیسکۆ)ش دەرگای ئاڵوێڵی دراو دادەخات، هەتا ٩/ی بەیانی بانەکانی سویسرا جارێکی تر، دەستپێدەکەنەوە.

لەسەر کۆی ئەم جموجۆڵە داراییەو سیستەمی بانکییە، منیش لە لاپەڕە (١٠٦)دا دەڵێم:

"ئەمەیە سیستەمی بانکی‌و دارایی، تەواوی سامانی جیهان بەڕێوەدەبات. لەدەرەوەی ئەم سیستەمە، تەنها پاشکۆیەتیەکی لاوازو پارە قەرزکردن، یان دورەپەرێزییە لە بازاڕی بۆرسە، کە خەتەرە لەسەر کۆمەڵ‌و داهات!".

ساڵی (١٩٩٧) متمانەی دارایی لە بازنەی بۆرسەی سەنگاپورەدا (٥٠٠ ملیار دۆلار)ی تێپەڕاندووە.

ئەم دۆخە ئابوریەو پێشکەوتنەی بازاڕی دۆلار و دراو، لەبەرامبەردا، لەلایەن توندرەوەکانەوە [illegible] کرێکاران، دژایەتی کراوە. لێرەشدا، سەرۆکی سەنگاپورە (لی کوان یو) زیرەکیەکی بێڕادەی بەکارهێناوە [illegible] بابەتی (نۆهەم)دا باسی دەکەین.

بابەتی (٩)

خەباتی چینایەتی دابڕاو لە خەباتی سیاسی-کۆمەڵایەتی، هەرگیز سۆسیالیزم بەدیناهێنێ!! سۆسیالیزمیش، بەبێ بەدیهێنانی تەواوی ئەرکە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو یەکسانیەکانی ژنو پیاویش، لەناو پرۆسەی دیموکراسیدا، لە پرشنگی شەوارەی تیۆری بەولاوە چیکە نەبوەو نابێ!!

لە بەشی هەشتەمدا، باسی ئابوریو داراییو دراوی سەنگاپورەمان کرد. وتیشمان، لەم بەشەدا، باسی خەباتی توندڕەوانەی کرێکاران لەو سەردەمەدا دەکەین. هەتا بزانرێ کە پێشکەوتنی وڵاتو مافە پیشەییەکان، بە خەباتی توندڕەوایەتی ئایدیۆلۆژیو چینایەتی نایەتەدی. با بزانرێ کە سەرۆکی سەنگاپورە، تێکۆشانی وەکو راوێژکار (نەك کاوێژکار)ی سیاسیو دانوسانکاری رەسمی سەندیکای کرێکاران دەستپێکردووە. خۆی لە لاپەڕە (١٢٢)دا دەڵێ:

"لەناوەڕاستی پەنجاکاندا کۆمۆنیستەکان توانییان بەسەر زۆربەی سەندیکاکاندا زاڵبن" دەشڵێ: "بەوهۆیەوە کە کۆمۆنیستەکان زاڵبون، خۆپیشاندانی بێسنورو سستی لە کارکردنو ئاژاوەی بەردەوام لە چلەکانەوە هەتا شەستەکان دوچارمان دەبوو." ئەڵێ: "لە تەمموزەوە هەتا ئەیلولی (١٩٦١-١٩٦٢) (١٥٣) مانگرتن رویدا." وەکو تر دەڵێ: "ساڵی (١٩٦٩) هیچ مانگرتنو کار ڕاگیرانمان توش نەبوو. چۆن ئەم ئەنجامەمان هێنایەدی؟"

دەڵێ: "کردەوەی سەندیکاکانی کرێکارانی سەنگاپورە، لەسەر رەوتی سەندیکاکانی بەریتانیا، وەکو نەهامەتیەك بووە لەسەر بزوتنەوەی کرێکاران."

رونیدەکاتەوە کە: "لە چلەکاندا بۆ رووبەڕووبونەوەی کاریگەریەکانی کۆمۆنیستەکان، حکومەتی ئیستعماری هانای بۆ راوێژکارەکانی سەندیکاکانی کرێکارانی بەریتانیا بردووە." دەشڵێ: "ساڵی (١٩٦٦) لەگەڵ سەندیکای خزمەتگوزاری لەسوپادا دانیشتمو پێمگوتن: واز لە رەوشی سەندیکاکانی بەریتانیا بێنن، کە ئابوری بەریتانیای تێكوپێك دا."

سەرۆکی ئەم وڵاتە، چەند باسی گرنگی ئابوریو متمانە و سیاسەتی دروستی کردووە، ئەوەندەش بە هەستی دادپەروەری، باسی کێشەی کرێکارانو خۆشگوزەرانی کردوون. بەڵام هەڵە و توندڕەوایەتیەکەشیان رەخنە لێدەگرێ. لەمبارەوە دەڵێ:

"لەگەڵ رابەرێکی سەندیکایی سەرلێشێواوی نەفام کە دۆخی گۆڕدراوی نەدەزانی سەرۆکی سەندیکای (میاوی)ەکان بووە، دانیشتومو دەڵێ: هەمیشە فشاری نابەجێی دەبردو داخوازی ناڕەوای داوا دەکرد."

دەشڵێ: "رابەرێکی داکۆکیکارو کەللەڕەق بووەو تێنەدەگەیشت کە دۆخی پەنجاکانو خۆپیشاندان کۆتایی هاتووە. بەڵام (رابەرە کەللەڕەقەکە) هەر سوور بووە لەسەر بڕیارەکانی. مانگرتنی راگەیاندووە بەڵام.. سەرۆك دەڵێ: شکستی خوارد. ئەم شکستە، بەهۆی بەرنامەی خزمەتگوزاری حکومەتەوە بۆ کرێکاران، بۆتە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی کرێکارانی سەنگاپورە. من لە پەراوێزی لاپەڕە (١٢٦)دا نوسیومە: "گۆڕینی زهنیەتی خەباتیو سەندیکاکانی کرێکاران زۆر گرنگە. سەندیکا پێویستە دۆخی وڵاتو کۆمپانیاکانو ئەرکە هاوبەشەکان باش تێبگات." لە لاپەڕە (١٢٦)یشدا نوسیومە: "لەبری قوڵکردنی گیانی یاخیبونو بێباکی لە کارو بەرهەمهێنان، تێگەیشتنی هاوبەشو باشترکردنی گوزەرانی کرێکاران بکرێتە بنەمای ژینگەی کارگەکانو دادپەروەری

کۆمەڵایەتی-چینایەتی.

لێرەشدا دەڵێم:

هەلومەرجی ئابوریو دۆخی سیاسیو باری کۆمەڵایەتی، دەبێ لەلایەن سەندیکاکانی کرێکارانو رەنجدەرانەوە بەقوڵیی لێکبدرێتەوە، ئینجا بەرنامەی خەباتی چینایەتی-پیشەیی دابڕێژێو لەپێناو هەنگاو بنرێ. نەك تەنها داخوازی دوور لە هاوکێشەکان بەرزبکرێتەوە.

کاتێك وڵات، لە هەموو بارێکەوە، لە پێشکەوتندایە، پێویستە ئەرکی پیشەیی-چینایەتیەکانیش، لە چوارچێوەیەدا، هاوئاهەنگ بکرێ. کاتێك چەوساندنەوەی چینایەتیو کۆمەڵایەتیش، دەبێتە دیاردە بابەتیی لە چارەسەرکردن نەهاتوو، ئیتر دەبێ خەباتی چینایەتی هاوکاتی خەباتی چینەکانی تر، قوڵتر بکرێ!

بابەتی (١٠)

ئەم بەشەش، هەر بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کرێکاران‌و متمانەی سەندیکاکانە بە حکومەتەکەیان، کە دوور لە بەرزکردنەوەی دروشمی زەردوسور، توانیویانە بە لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەرنامەی ئابوری حکومەتەکەیان‌و پابەندبون بە یاساکان، بەرە بەرە خۆشگوزەرانی کرێکاران، زۆر پێشبخەن. سەرۆکی سەنگاپورە لەمبارەوە ئارام ئارام سەرکەوتووە. دیقەت بدەن لە لاپەڕە (١٢٨)دا چی دەڵێ:

"هانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانم دا ئەرکە نوێکانیان کە چۆنیەتی دابینکردنی متمانەی کرێکارانە، راپەڕێنن. کە بەبێ ئەم متمانەیە، هەرگیز بەرهەمهێنان پەرەناسەنێ. مەحاڵە یاسای توند و پەیڤی زبر ئەو ئامانجە بەدیبهێنێ. سیاستی گشتیمان ئەوەبوو بڕوا بە کرێکاران‌و رابەرەکانیان بهێنین پشتیوانی ئامانجە بنچینەییەکانمان بکەن. متمانەی جیهانیی بە سەنگاپورە بەهێز بکەین‌و، وەبەرهێنەران رابکێشین‌و هەلی کار برەخسێنین. بەڵام لە دوائەنجامدا، ئەو متمانەیەی کە بەدرێژایی ساڵان لە هاوکاری‌و پەیوەندی بە کرێکارانەوە بەدەستم هێنابوو، ئەمە یارمەتی داین پەیوەندی پیشەسازی لە توندوتیژیەوە بۆ هاوکاری‌و هاوبەشی بگۆڕین". بڕواننە لاپەڕە (١٢٨-١٢٩).

بە دە ساڵی حوکمڕانی، ئەم سەرۆکەو هاوڕێکانی، لەبری گەندەڵی‌و مشەخۆری، خەباتێکی سەختیان کردووە کە لەناو وڵاتەکەیاندا ژێرخانی ئابوری پتەو بکەن، سیستەمی سیاسی پێشبخەن، متمانەی گەل وەربگرن. لەوکاتەدا، هێزی چینایەتی کرێکاران کاریگەر بون، بەڵام سەرلێشێواو بون. ئەم سەرۆکە، لەبری قسەی بریقەدار، سیستەمی خەباتی سەندیکایی گۆڕیون‌و گوزەرانی چاك کردون. بەمەش متمانەی وەرگرتوون. بەهۆی ئەم متمانەیەوە، ساڵی (١٩٦٩) واتا: دە ساڵ دوای حوکم گرتنەدەست، هاوڕێیەکی خۆی بەناوی (دیفان نایر) دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی سەندیکاکانی کرێکاران. ئەم رابەرە، توانیویەتی متمانەیەکی بێڕادە لەنێوان کرێکارو خاوەن کاردا دروست بکات. بەرهەم زیادی کردووە، بژێوی کرێکارانی زۆر باش بووە. تەنها ژمارەی تاکسیەکان بەسن بزانرێ چییان دروست کردووە. لەماوەی چوار ساڵدا ژمارەی تەکسی بێمۆڵەتی کۆن (٢٠٠) دانە بووە، گەیشتۆتە (١٠ هەزار) تاکسی پێشکەوتوو. (٢٠٠) پاسی جوانیشیان بۆ خوێندنگاکان دابین کردووە. ئەم هیمەت‌و هەڵمەتە، وای کردووە، کە (دیفان) لە سەرۆکی ئەنجومەنی سەندیکاکانەوە، ساڵی (١٩٨١) هەڵبژێردرێ بۆ سەرۆکی سەنگاپورە. بەمەش،

رابەرێکی کرێکاری، لەوڵاتێکی دیموکراسی تازە رزگارکراوی بازاڕ ئازاددا، متمانەی کرێکارو فەرمانبەر وەردەگرێو بەرزدەکرێتەوە بۆ لوتکە.

لەکوردستاندا، سەرەڕای ئەوەی یاسای کاری نوێ پەسەندکراوەو لەچاو یاسا فاشیانەکەی بەعس زۆر باشترە. بەڵام، هێشتا، نە سەندیکای کرێکاران سەندیکایەکی راستەقینەی ناو کرێکارانەو نە رێگەش دەدرێ رابەرایەتی راستەقینەی خەباتی پیشەیی کرێکاران بکەن.. نە چاکسازی لە ژینگەی کارو خۆشگوزەرانی کرێکارانیش لەئاستێکدایە، کریکاران لایەنی کەمی متمانەیان هەبێ، هێزی کاریان بخەنەکارو دڵیان بە هاوکاریو هاوبەشی لەگەڵ خاوەن کارو کارگەکانو بەرێوەبەرایەتیەکان خۆشبێ!

بابەتی (١١)

لەبەرئەوەی سەنگاپورە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کرێکاران ئەزمونێکی هێژای هەیە (هێژا، واتا: شتێکی بەنرخ) هەڵەیە لەبری (بەڕێز) یان (ڕێزدار) بەکاربێ! بۆیە، لەسەر هەمان بابەتی کرێکاران بەردەوام بوین.

لەپێش شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، تێڕوانین بۆ کرێکاران، جیاواز بووە. ئەو سەرکردانەی لەمێژوودا بەناوی سۆسیالیزمی کرێکارییەوە نەفرەتیان لێکرا (ئێمەش دوای ئەو نەفرەتە کەوتین) دەیانوت: کرێکار کاتێك دەتوانێ رابەرایەتی وڵاتو سیستەمی سۆسیالیستی بکات، ئاستێکی بەرزی هۆشیاریو تەکنیکیو سیاسەتی دەسەڵاتدارێتی هەبێ. کۆمۆنیستە توندڕەوەکان، بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەرو زوو سەپاندنی سیستەمی سۆسیالیستی پێش شۆڕشی دیموکراسی، ئەو بۆچونەیان رەتدەکردەوەو جەختیان دەکرد کە پارتی کۆمۆنیست دەتوانێ لەبری کرێکاران، رۆڵی وشیاری چینایەتیو دەسەڵاتی سۆسیالیستی بگێڕێ. شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لەسەردەمی لینینەوە، بەتایبەتی لەدوای مەرگی لینینەوە، لەهەردوو جەژنەکە بون. گوایە دەیانویست کرێکاران لە دەسەڵاتدابهێڵنەوەو پارتی کۆمۆنیست (بۆلشەویکەکان) رۆڵی وشیاری چینایەتی-دەسەڵاتی سۆسیالیستی بگێڕن، بەڵا ئەزمون دەریخست، ئەو تێزە بێ پێزە، سەرینەگرت!! (بەندە لەساڵی ١٩٨٩وە، ئەم رەخنانەم نوسیووە. نەك تازە بۆم دەرکەوتبێ).

سەرۆکی سەنگاپورە، نەك کۆمۆنیست نەبوو، بەڵکو کۆمۆنیستەکان دژیشی بون. بڕوانن بۆ کرێکاران جگە لە دەستکەوتو خۆشگوزەانی چی کردووە، دەڵێ:

"ساڵەها بەردەوام ئەنجومەنم هاندەدا کۆلێژی کرێکاری دروستبکرێ. ساڵی ١٩٩٠ بەهاوکاری بەڕێوبەری کۆلێژ سکین، پەیمانگای کرێکاران بۆ خوێندنی پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەریو کرێکارانو نشونمای لێهاتویی بۆ رابەرایەتی دروستکرا".

ئەشڵێ: "لە ژاپۆنیەکانەوە زانییمان کە کرێکارانیان زۆرتر پیشەگەر، فرە لێوەشاوە، نەرمونیان، توانای خۆگونجاندن، کەمتر لە کار دوادەکەوونو کەمتریش لە کۆمپانیاکەوە بۆ هی تر دەگوازنەوە..".

لەمەوە بەراوردەکە وا دەرکەوت کە کرێکارانی سەنگاپورە، خۆیانو رابەرەکانیان نەیاندەویست لەو پیشانە کار بکەن کە دەستیان پیس دەکات. ژاپۆنیەکانیش، بە کرێکارو فەرمانبەرەوە ئامادە بون خۆیان ئامێرەکان بپارێزنو کاریشیان پێ بکەن.

دیقەت بدرێ، کرێکاری پەروەردەکراو، راهێنراو لەگەڵ سەروی خۆی، چۆن دەتوانێ کرێکارێکی بەرهەمدار، لەهەمانکاتدا، کۆمپانیاپارێز بێ. سەرەنجام، بەمەش نەوەستاوون، پارتی کاری میللی دەسەڵاتدارو ئەنجومەنی نیشتمانی سەندیکاکانی کرێکاران، هاندەر بون چەند ئەندامێکی پەرلەمان بچنە ریزی سەندیکاکانو هەندێکیشیان بکرێنە راوێژکاری سەندیکا. ئەمانیش پرسی کرێکارانیان لەپەرلەماندا دەخستەڕوو. سەرۆکی سەنگاپورە لەسەر کۆی ئەو بۆچونانە ئەم رستە جوانە لە لاپەڕە (١٣٤)دا دەنوسێ:

"کلیلی ئاسایشو ئاشتەوایيو هاوئاهەنگی لەناو کۆمەڵدا، هەستکردنە بە دادپەروەریو هەموو یەکێك پشکی لەو دەستکەوتانە هەبێ کە بەدیمان هێناوە".

دەك.. ئافەرین. کرێکار، کاتێك گوزەرانی باش دەکرێ. پەروەردە دەکرێ. کۆلێژی وەکو هەموو دەرچویەك بۆ دادەنرێ.. پەیوەندی شیاو لەگەڵ خاوەن کار بۆ دادەمەزرێ.. دیارە، تەواوی تواناى دەخاتە کار بۆ خزمەتو بەرهەم.. کوتومت هەروەکو کوردستان دوای (٢٩) ساڵ لە سەرکەوتن.. کە مەخابن، پێچەوانەکەی راستە!

بابەتی (١٢)

سۆسیالیزم‌و سیستەمی سۆسیالیستی، دوو سەدەیە، بگرەو بەردەی فەلسەفی‌و ئایدیۆلۆژی لەسەرە. سەدەیەکیش تێپەڕی بەسەر یەکەمین ئەزمونی سۆسیالیستی (با واز لە کۆمەڵەی پاریس١٨٧١ بێنین) لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە-١٩١٧، سیستەمی سۆسیالیستی بە ڕێبازی جیاوازی رابەرەکان، تاقی دەکرێتەوە (شورەوی، رۆژهەڵاتی ئۆروپا، چین، کوبا، کۆریا) بەڵام یەك سیستەم نەیتوانیوە بیسەلمێنێ، دوای سەد ساڵ، لە بونیاتنانی سیستەمی سۆسیالیستی سەرکەوتوو بوبێ. کە ئەمەیان جێی داخە. بەڵام دەستەواژەی داخ، یەك دونیا دیالۆگ‌و رەخنە هەڵدەگرێ. ئێرە جێی نییە! دیقەوت بدەین (لیو کوان یو)ی بونیاتنەری سەنگاپورەی مۆدێرن، لەمەڕ سۆسیالیزم دەڵێ چی: "باوەڕمان بە سۆسیالیزم وەکو میتۆد کرد کە هەموو کەسێك پشکی لە سەروەت‌و سامان هەبێ. بەڵام لەئاکامدا تێگەیشتین کە هاندەری خۆیی (ذاتی)و خەڵاتی تاك بۆ ئابوری بەرهەمهێن زۆر گرنگە. چونکە تواناو لێهاتویی ئادەمیزاد وەکو سروشت چونیەك نییە. هەروەها تێگەیشتین کە ئەگەر سەربەستی تەنها بە بازاڕی ئابوری بدرێ بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتەکان‌و بەرەنجامەکانی، سەرەنجام کەمایەتیەکی کەمی سودوەرگرمان دەبێ. کەمێکیش سودوەرگری ناوەنجی‌و ژمارەیەکی زۆریش زەرەرمەند. ئەمەش هەستی دڕدۆنگی‌و پەژارەی کۆمەڵایەتی، ئاکامی نەبونی دادپەروەری دەخوڵقێنێ". بڕوانە لاپەڕە (١٣٦).

چەند بلیمەتیە، تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ‌و ناخ‌و ئارەزووە خەفەکراوەکانی مرۆڤ. هەر سەرکردەو فەلسەفەو سیاسیەك، لەم راستییە دەرونیانەی مرۆڤ، تێنەگات، لەدەسەڵاتدا شکست دەخوات، تەنانەت ئەگەر فەلسەفەی وەکو مارکسیزمیش بێ. لەم راستییە بەڵگەنەویستانەی سروشت‌و ناخی مرۆڤەوە، سەرۆکی سەنگاپورە، بیری لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی (سۆسیالیزم) کردۆتەوە، نەك تەنها لە تێزی پەتیی فەلسەفیەکانەوە. لەم تێگەیشتنە دەرون شیکارییەی مرۆڤەوە، سەرۆکی وڵاتەکە دەڵێ:

"خولیای سەرەکیم لە پلەی یەکەمدا ئەوە بووە، هەموو هاوڵاتییەك لە نیشتمان‌و لە پاشەڕۆژ، پشکی هەبێ. کۆمەڵێکم دەویست هەموو کەسێك خانوی خۆی هەبێ. دەمبینی جیاوازیی گەورە لەنێوان نهۆمە هەرزان‌و بێفەڕو بێخزمەتەکان‌و کۆشکە باشەکان هەبوو، کە خاوەنەکانیان لافی پێوە لێدەدەن. باوەڕم وابوو ئەگەر هەموو هاوڵاتییەك خانوی خۆی هەبێ سەنگاپورە زیاتر سەقامگیر دەبێ. بۆیە دوای سەرکەوتنمان لە هەڵبژاردنی ١٩٦٣ کە هێشتا سەنگاپورە بەشێك بوو لە مالیزیا (وەکو ئێستای

هەرێمی باشورو عێراق) لە هەیئەتی نیشتەجێبونو پەرەپێدان داوام کرد بەرنامەی موڵکدارێتی شوقەکانی نیشتەجێبون رابگەیەنن".

ئەو بەرنامەیە، لەڕوی تاکو خێزانو کۆمەڵایەتیەوە، سەرەتای وەرچەرخانێکی سیاسی گەورە بووە بۆ وەرگرتنی رای گشتیو متمانەی کۆمەڵایەتی. چۆن؟

با وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ بەشی سیانزەهەم هەڵبگرین.

بابەتی (١٣)

نەخشەی ستراتیژی بۆ گۆڕانکاری، لە وڵاتی هەرە دواکەوتوشدا، ئەگەر ئەستۆپاکی هەبێ، سەردەکەوێ.

سەنگاپورە، کاتێك دەستیان پێ کردووە، بەراورد لەگەڵ راپەڕینی ١٩٩١، کوردستان لەوێ پێشکەوتوتر بووە. ژینگە و سامانە سروشتیەکەشی لە سەنگاپورە زۆر باشتر بووە. بۆئەوەی بەراوردەکە جوانتر دەربخەین، فەرموون بزانن ئەوان چۆن بوون. سەرۆکی ئەم وڵاتە دواکەوتووە، کە کراوەتە پێشکەوتوو، ئاوایان باس دەکات:

"نوسینی دەستکەوتەکانی (٣٠) ساڵ لە چەند لاپەڕەیەکدا، ئاسانو ئاسایی دیارە. وەلێ کێشەگەلی زۆرمان رووبەڕووبۆتەوە. بەتایبەتی لەقۆناغی یەکەمی نیشتەجێکردنی جوتیارو خەڵکی تر کە لە ساباتە دارینە هەرزانەکان، کارەباو ئاو، ئاوەڕۆ، نەبووەو راشنەهاتبون پارەی خزمەتگوزاری بدەن. لەپڕ بۆ شوقەی نوێو بەرز بەرزمان گواستنەوە، کە هەموو چەشنە پێداویستیەکی تیابوو، دەشبوو لەبەرامبەر خزمەتگوزاریەکاندا پارە بدەن". بڕواننە لاپەڕە(١٤٠)

دیقەت بدرێ، جوتیارو هەژار، لە ژیانی کولەمەرگیەوە، بۆ ژیانێکی خۆشگوزەرانی گوازراونەتەوە. تەنانەت نەیانزانیووە سواری ئەسانسۆر بن. لەمبارەوە زۆر بەجوانیی سەرگوزشتەی دواکەوتنو راهاتن لەگەڵ پێشکەوتن، ئاوها دەگێڕێتەوە:

"راهاتن لەگەڵ گوزەرانی نوێ قورسە، بەڵام ناشکرێ ئەنجام نەدرێ. لەم گواستنەوەیەدا روداوی پێکەنیناویو پوچ رویدا. خاوەن بەرازەکان نەیاندەتوانی لە ئاژەڵەکانیان جیاببنەوەو لەگەڵ خۆیاندا دەیانگواستنەوە بۆ شوقەکانیان لە نهۆمە بەرزەکان. زۆریان لێ دەبینرا هەوڵیان دەدا قەناعەت بە بەرازەکانیان بکەن سواری ئەسانسۆر (مصعد)ەکان بن. خێزانی ژنو مێردو (١٢) مناڵ، پۆلە مریشكو قازیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا هەتا لە موبەقی شوقەکاندا لەشەقامی فرۆکەخانەی کۆن بەخێویان بکەن".

سەیرە، ئەو خەڵکە، بەو ئاستە کولتوورییە کشتوکاڵییە، دوای (٣٠) ساڵ، کوتومت بەئەندازەی ساڵانی دوای راپەڕینی خۆمان، بەشێوەیەك نیشتەجێ کراونو گرفتەکانیان چارەسەر بووە، سەراپا ژیانیان گۆڕیون.

من دەزانم، کوردستان، جیاوازی زۆری لەگەڵ سەنگاپورە هەبووە. بەڵام، پرسیاری من ئەوەیە، سەرەڕای کێشەکان، سەرەڕای شەڕی ناوخۆ، دەڵێم:

ئەگەر گەندەڵی، مشەخۆری، سەرانەسەندن، دەوڵەمەندبونی سەرکردەو بنکردەکان نەبوایە، ئای
ئێستا، لایەنی کەم کێشەی نیشتەجێبونو کارەبا و ئاو، کێشەی تەندروستیو پەروەردەو خوێندنی باڵامان
زۆر باشتر چارەسەر نەدەکرا؟!

بابەتی (١٤)

بەخوێندنەوەی من، سەرۆکی سەنگاپورە، جگە لە تێگەیشتنی ستراتیژی بۆ چارەسەری کێشە ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان، تێگەیشتنێکی قوڵیشی بۆ خودی مرۆڤ هەبووە. خودی مرۆڤ، لەڕووی دەرونیەوە، تێگەیشتنی لە تێگەیشتنی کێشە گشتیەکانی کۆمەڵو ژیانی کۆمەڵایەتی قورسترە. زۆر درەنگ، هێزە چەپەکان، لە سەدەی رابوردودا، لە دڕدۆنگی دەرونی مرۆڤ وردبونەوە. ئەویش لەسەردەمی ستالیندا، شیکاریی سایکۆلۆژی تا ساڵەها، بە پروپاگەندەی سەرمایەداری دەزانرا. هەتا (پاڤلۆڤ) لەبەرامبەر (فرۆید) دا، تیۆری دەرونی مەتریالیستی ساغکردەوە، ئیدی، وردە وردە، پەسەند کرا! ئەمە لەکاتێکدا، لە سەدەکانی حەڤدەوە، لە دونیای سەرمایەداریدا، لە باری دەروونی مرۆڤ و کێشەکانی لێکۆڵینەوەیان کردووەو لەباشترین زانکۆکانیشدا، خوێندراوەتەوە. دەمێکە، سایکۆلۆژیەت، تەنانەت پاراسایکۆلۆژیش، زانستێکی سەربەخۆیە.

سەرۆکی سەنگاپورە، وەکو کۆمەڵناس بووە، مرۆڤ شوناسیش بووە. سەیر بکەن چۆنی مرۆڤ ناسیووە:

"دوای ئەوەی تێبینیم کرد کە هاوڵاتیماڵو موڵکی خۆیان بەراورد بە ماڵی کرێ، باشتر دەپارێزنو پێشدەخەن، گەیشتمە ئەو باوەڕە کە خۆشویستنی موڵکدارێتی لای مرۆڤ، غەریزەیەکی رەسەنی ناخی مرۆڤە. لەکاتی خۆپیشاندانەکانی سەنگاپورە لە پەنجاکانو سەرەتای شەستەکاندا، خەڵك بەردی دەگرتە شوشەی سەیارەکانو وەریاندەگێڕانو دەیانسوتاندن، بەڵام دوای ئەوەی بوون بە خاوەن موڵكو ماڵی خۆیان، هەڵسوکەوتو هەڵوێستیان لە خۆپیشاندانەکانی ناوەڕاستی شەستەکاندا گۆڕدرا. لەمەوە، کە بینیم خەڵك چۆن موڵکەکانیان دەپارێزن، سورتر بوم لەسەرئەوەی هەموو خێزانێك موڵكو ماڵی خۆی هەبێ..تاد". بڕواننە ل(١٤٧).

بەندە لەپەراوێزی هەمان لاپەڕەدا، ئەمەم نوسییوە:

"غەریزەی شەخسیو ئارەزووی موڵکدارێتی، خاڵێکی گەوهەریی گەوهەری مرۆڤە.. دەبێ تێبیگەین".

بەڵێ.. سەرەنجامی ئەو تێگەیشتنە لە ناخی مرۆڤ و ئارەزووەکانی لە موڵکدارێتی، متمانەیەکی فراوانیان لەناو خەڵکدا دروستکردووە. سەرەنجام، ساڵی (١٩٦٥) تەنها (٤٢٠ هەزار) کەس بەشداری سندوقی پاشەکەوتیان کردووە، کەچی بەهۆی متمانەوە ساڵی (١٩٨٠) بەشداران گەیشتۆتە (٢ ملیۆنو ٨٠٠ هەزار) کەس، سەرمایەکەشیان گەیشتۆتە (٨٥ ملیار) دۆلاری سەنگاپورە.

ئەم سیاسەتە، جگەلەوەی دەوڵەتو سیستەمی دارایی بەهێزدەکاتو لە قەیرانەکان دوریاندەخاتەوە، کێشەی گوزەرانی خەڵکیش چارەسەر دەکاتو دەستەبەر دەهێنێتە دی.

لەکوردستاندا، نەك هاوڵاتی، تەنانەت سەرمایەدارانیش متمانەیان بە سیستەمی دارایی‌و بانکەکان نییە. حکومەتیش، کێشەی دارایی زیادکردووە، کەمی نەکردووە.

بابەتی (١٥)

"تێکشکانی کۆمۆنیستەکان‌و سەرکەوتنی دیموکراتەکان"

با پێشەکی بڵێم: من نەك دژی کۆمۆنیزم نیم، بەڵکو ئێستاش دژی دژەکانی کۆمۆنیستەکانم. ناکرێ -کۆنەپەرستەکان ئازاد بن‌و کۆمۆنیستەکان سەرکوێر بکرێن. بەڵام جیهانبینی بەندە، لەسەر کۆی کۆمۆنیزم، لەدوای جەنگی ساردەوە، گۆڕدراوە. گەرچی ئێستاش، میتۆدی فەلسەفیم دیالیکتیکەو ئامانجی دوریشم، دوای دیموکراسی، سۆسیالیزمە.

پێشتریش، ئاماژەم بە کۆمۆنیستەکانی سەنگاپورە داوەو بەستومنەتەوە بە شکستیان بەرامبەر دیموکراتەکان.. ئەمەیانم لا گرنگە، چونکە، یەکەمین چەپم ڕەخنەم لە لینین گرتووەو ساڵی (١٩٩٠) نامیلکەی "شۆڕشی ئۆکتۆبەرو زووە سەپاندنی سۆسیالیزم)م نووسیوە. کە ئەوکاتە، شۆڕشی کوردستان تێکشکابوو، خۆشم دەسەڵاتم نەبوو. دوای ڕاپەڕین "حیزبی شیوعی‌و زەحمەتکێشان"یش سەرقاڵی پشکی گومرگ وەرگرتن بوون، من هەر نامیلکەم دەنوسی‌و کۆڕم لەسەر دیموکراسی‌و شکستی "بەرەی کوردستانی" دەگرت. بابەتەکانیشم ماوون‌و چاپیشیان دەکەمەوە. بەهەرحاڵ..

سەرۆکی سەنگاپورە لە بەشی (٨)و لەژێر ناونیشانی (الشیوعیون یدمرون ذاتهم) ڕاستیگەلی جوانی نوسیووە:

"کۆمۆنیستەکان لەناو زینداندا شڵەژابون‌و لەناو خۆیاندا سەرەنجامی شکستەکانیان دابەش بوبوون. یەکەمین شکست ئەیلولی ١٩٦٢ کە لە ڕاپرسیدا سەبارەت بە مانەوە لەگەڵ مالیزیا، دژی سەربەخۆیی بون. دوەمین شکستیشیان لە هەڵبژاردنی ئەیلولی ١٩٦٣ کە پارتەکەیان "بەرەی سۆسیالیستی" تەنها (١٣) کورسییان لە (٥١) کورسی هێنا. هەنگینێ دووەم گەورەترین پارت بوو. دوای جیابونەوەش دکتۆر "لی سیو تشوە" ڕابەری بەرەی سۆسیالیستی دژی جیابونەوەکە وتی (مزیفە- ساختەیە) بەمەش لەهەڵبژاردنی ١٩٦٣دا کورسی پەرلەمانی لەدەستدا". بڕواننە لاپەڕە (١٥٤-١٥٥).

با ئێمەش قسەی خۆمان بکەین. پاشان دێینەوە سەر قسەکانی سەرۆکی سەنگاپورە.

ئەدەبیاتی مارکسیزم‌و پاشان لینینیزمیش، لەگەڵ مافی چارەی خۆنوسیندا بووە. لینین بە ڕەهایی دەڵێ: ئەگەر (٩٩٪) جیابونەوەی گەلێك هەڵە بێ، دەبێ کۆمۆنیستەکان پشتیوانی سەربەخۆیی بکەن. کەچی

دوای سەدەیەك لە تێزی مارکس-ئینگلسو (٧٠) ساڵیش لە بۆچونی لینین، کۆمۆنیستەکانی سەنگاپور دژی ڕاپرسیو مافی جیابونەوە بون. دیارە سیاسەتی ئاوها، سەری پارتەکە دەخوات.

سەرەنجامی ئەو سیاسەتە، با بزانین پارتی ناوبراو بەرەو چ هەڵدێرێکی سیاسی خلۆر بونەتەو سەرۆکەکە دەڵێ:

"سەرۆکی بەرەی سۆسیالیستەکان (کۆمۆنیستەکان) کانونی یەکەمی (١٩٦٥) واتا سێ ساڵ دو سیاسەتە هەڵەکانیان، ڕایگەیاندووە کە بایکۆتی دانیشتەکانی پەرلەمان دەکەنو شەڕەکە بۆ شەقامەک دەگوازرێتەوە. بەمەش هاوئاهەنگی شێتگیری شۆڕشی ڕۆشنبیری چین بووە، کە لە ئیزگەی پەکینەو ئاماژەکانی وەردەگرت. چۆن سوپای سوری چین دابەزینە شەقامەکان (لی سیو تشوە)ش لایەنگر سۆسیالیستەکانی هاندا بە خۆپیشاندان بڕژێنە ناو دەستگیرەکانو بازاڕەکانی شەوان.. تاد. وەکو سوپ سور، ئاڵاو دروشمیان بەرزکردەوەو لەگەڵ پۆلیسدا تێهەڵدەچوون".

لە پەراگرافێکی دیکەدا، ئەنجامی ئەو سیاسەتانە، شکستی "بەرەی سۆسیالیستی" دەبێ. بۆیە، سەرۆکی ئەو بەرەیە ساڵی (١٩٦٦) دەست لە پەرلەمان دەکێشێتەوە. دان بە هەڵەکانیدا دەنێو دەڵێ:

"سەنگاپورە، بەڕاستی سەربەخۆیەو سیاسەتی (بەرەی سۆسیالیستی) لە ڕێڕەوی نیشتمان لایداو تەنها خزمەتی بەرژەوەندی کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتی دەکات، نەك گەلی سەنگاپورە".

ڕۆژی دوایی سەرکردایەتی "بەرە"کە دەریدەکەن، وەڵامی سەرکردایەتیەکە ئاوەها دەداتەوە:

"بەرەی سۆسیالیستی نەك پەیمانی سەردەمی سیستەمی دیموکراسی پێشێلکردووە، بەڵکو غەدری گەلەکەشی کرد کە دەنگی پێدا".

دوابەدوای ئەم ڕوداوە (بەرەی سۆسیالیستی) تێکچوو، وازهێنان دەستپێکردەوەو کۆمۆنیستەکا کەوتونەتە ئاژاوەی گشتیەوە.

منیش دەڵێم: کۆمۆنیزم بە نوسینی تێزی بێ پێزی تیۆری، قەت سەرینەگرتووە. بەڵکو سیاسەتی دیموکراسی سەردەگرێ.. دادپەروەریو خۆشگوزەرانی موتوربەی پرۆسەی دیموکراسی بکرێ ئینج سۆسیالیزم سەردەخرێ.. ئەویش لەئایندەی دووردا. سۆسیالیزمی کلاسیکیش نە.. بەڵکو سۆسیالیزمێك پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئایندە بیخوازێ.

لەکوردستاندا.. هێشتا پرۆسەی دیموکراسی زۆر زۆری ماوە. ڕای گشتی، متمانەیان تا دێت بە حکومەتو حیزبەکان لاواز دەبێ. تەواوی لایەنە سیاسیەکان، لەناو کێشەو بێشەکاندا دەسوڕێنەو بەبێئەوەی ستراتیژێکی دوورنمای متمانەبەخش، لەئارادا هەبێ!! چەپەکانیش جێی داخە، بە یەکێتی سۆسیال-دیموکراتەکەشمانەوە، نەیتوانیووە، جیاوازیە فەلسەفیو کۆمەڵایەتیو دیموکراسیەکانی، گەش بکاتو ململانێی ئەقڵانی لەپێناویدا بکات.

بابەتی (١٦)

"دژایەتی گەندەڵیو.. سەرکەوتنی ڕێبازی ناڤین، نە ڕاسترەو، نە توندڕەو"

لە سەنگافورەدا (٤٠) ساڵی ڕەبەق کێشمەکێش هەبووە لەسەر هەڵبژاردنی ڕێبازی سیاسی دروست. ئایە، کۆمۆنیستی، یان دیموکراسی، یان ناسیۆنالیستیو راستڕەو؟ هەموو ئەو ڕێبازانە لەو وڵاتەدا هەبونو ململانێی توندیان کردووە. سەرۆکی سەنگاپورە، هێڵی ناڤین (وسط)ی هەڵبژاردووە. لەو ساڵانەدا دەڵێ:

"لەگەڵ کۆمۆنیستەکان ململانێی خەتەرناکمان تووش بوو. هەروەها لەگەڵ سۆسیالیستە مەلاویەکان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٥. دوای سەربەخۆییش، ئەندەنوسیاو مالیزیا کەوتنە پەراوێزخستنو دژایەتیمان". بڕواننە لاپەڕە (١٦٦).

ئەم سەرۆکە دەڵێ: "نەیارەکانمان پێیانوایە لەبەرئەوەی لەگەڵ دژەکانمان توند بوین. بەڵام ئەوە سادەکردنو شێواندنی ڕاستیەکانە. ئەگەر خیانەتمان لەو متمانەیە کردبا کە گەل پێی بەخشین، ئاسان بوو دەنگدەران ڕەتمانبکەنەوەو لەدەسەڵاتیش لامان بدەن. ڕاستیەکەی ئەوەیە توانیمان ڕابەرایەتی گەلی سەنگاپورە دوور لە هەرەسی نائومێدی لە شەستەکان بکەینو بگەینە سەردەمێکی بێوێنە لە نشونماو پەرەسەندن. هەروەها توانیمان کەشی پەرەسەندنی جیهانی لەبوارەکانی بازرگانیو وەبەرهێنان بقۆزینەوە هەتا لەناو یەك نەوەدا سەنگافورە لە جیهانی سێهەمەوە بۆ جیهانی یەکەم بگوازینەوە". هەمان لاپەڕەی پێشوو.

ئەم ڕێبازە سیاسیەو بەرنامە ئابورییە، لەبەرامبەر ئەو هەمگە دوژمنو کێشانە، لە وڵاتێکی تازە ئازادکراودا، تەنها بە سیاسەتێکی ریالیستی سەردەخرێ. نەك خەیاڵ پڵاویی تیۆریو ئەقڵیەتی ناسیۆنالیستی تەسك. ڕێبازی ڕاست سەرکەوتن دەستەبەر دەکات. ڕێبازی ناڕاستیش هەڵدێرانە!! با دیقەت بدەین لەمبارەوە لەسەر نەیارەکانی چی دەنوسێ:

"پەندی زۆر لە کۆمۆنیستەکان، دوژمنە سەرسەختەکانمان، فێر بوین. ڕابەرانی ئۆپۆزسیۆن بە پانیو درێژیی وڵاتدا تەراتێن دەکەن. بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا دەگەڕێن کە ڕەنگە لەناویاندا سەریش بکەوون. چونکە خەڵکی سادە بەدەنگ بەیاننامەکانیان دەچن".

لێرەدا، سەرنجمان بۆ خاڵێکی زۆر زۆر گرنگ رادەکێشێو دەنوسێ:

"بەداخەوە کاتێك کە بەرهەڵستی کۆمۆنیستە نەیارەکانم لە جۆرەها رووبەڕووبونەوەی رابوردود دەکرد، لێیانەوە فێر بووم کە هەستو ژینگەی گشتی بایەخێکی بێڕادەی هەیە. بەڵام هۆکاری یەکلاکەرەو لە دەزگای سیستەماتیكو تۆڕی رێکخستندایە بۆ هەڵخراندنی (تعبئة)ی گەل".

ئەم سەرۆکە ئەستۆپاکە، لەسەر پاکێتی خۆی لە کۆی ئەو روداوانەدا، بێباکەو رونیدەکاتەوە:

"بنەمایەکی بنەڕەتی کە ژیانی سیاسی خۆمم لەسەر بونیات نا، لەوەدایە کە هەرکەسێك بە گەندە یان بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات تومەتباری کردم، رووبەڕووی بومەتەوە. ئەمەش بەپێچەوانەی مەسەلە باوەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم، کە لەکاتی هەڵبژاردندا تومەت هەڵبەستن بە گەندەڵی زۆرە، بەبێئەوەی سیاسیەکان بوێرن رووبەڕووی ببنەوە، نەکا زیانی زۆرتر بکەن، من هەمیشە بەرامبەر تومەتەکان بەئاشکراو بێ دواکەوتن دەوەستامەوە". بڕواننە لاپەڕە (١٧٤-١٧٥).

ئەم سەرۆکە، کۆمۆنیست نەبووە. چەپیش بە پێوەری چەپە توندڕەوەکانیش نەبووە. بەڵام وڵاتی خۆی زۆر زۆر خۆشویستووەو دیموکراتێکی میانەڕەو بووە. بەوپەڕی بێباکی خۆی بەئەستۆپاك زانیووە. بۆیە. بەرامبەر هەر تومەتێك وەستاوەتەوە.

بەداخەوە، بەپێچەوانەوە، لەکوردستاندا، رۆژانە رۆژنامەو سایتو پەیجەکات، گەندەڵباران کراوون. بەبێ ئەوەی نە حیزبەکانو نە حکومەتەکەمانو نە دادگاکانیش، یەك لەسەر هەزاری ئەو گەندەڵانە سزا بدەن. بەڵکو هەتا دێت، دیاردەی دزێوی گەندەڵی تەشەنە دەسەنێ!! ئیتر کەیو چۆن دەگەینە سەنگاپورە؟!

بابەتی (١٧)

"ئەستۆپاکیو بێباکی لە دادگا و سکاڵا"

سەرۆکی سەنگاپورە، لەناو هەموو هەڵبژاردنێکدا، چ لەناو وڵاتەکەیانو چ لەدەرەوە، لەلایەن نەیارەکانیو نوسەرە لیبراڵەکانی رۆژئاواوە، تومەتی بۆ هەڵبەستراوە. ئەمیش دژی هەمویان، سکاڵای کردووەو ئەنجامی سکاڵاکانیشی بردۆتەوە.. چونکە پاك بووە. لەمبارەوە سکاڵاکانی ئاوها ریزکردووە:

"- ١٩٦٥ سکاڵام دژی شکاندنو تومەت هەڵبەستن دژی کەسایەتیو پێگەی سەرەك وەزیران، لەسەر (جەعفەر البار) کرد، کە ئەمینداری گشتی رێکخراوی نیشتمانی مەلایۆی یەکگرتوو بووە. سکاڵاکەشم بردۆتەوە.

- ١٩٧٢ سکاڵام دژی کاندیدە نەیارەکان تۆمار کرد کە بە گەندەڵییان تاوانبار دەکردم. بردمەوە.

- ١٩٧٦ جی.بی. جیارتنام، تاوانباری کردم کە دەستکەوتی زیاتر بە بنەماڵەکەم دەدەم. دادگا لەبەرژەوەندی من بڕیاری دا و سزای ناوبراو درا.

- هەمان ساڵ.. دژی گۆڤارێکی ئەمریکی کە لە هۆن کۆنگ دەردەچێ، کە ئاواختنی قەشەیەکی جیابووەوەی بەبێ بناغە بڵاوکردبووەوە، دادوەر لەبەرژەوەندی من بڕیاری دا.

- سکاڵام دژی رۆژنامەی (هیرالد تریبەیون ئینتەرناشوناڵ) تۆمارکرد، کە لە ژمارە(١٩٩٤/٨/٢) وتارێکی تانەو تەشەری دژم بڵاوکردبووەوە. رۆژنامەکە دانی پیادا نا کە ئەو وتانەی بڵاوی کردۆتەوە، تانەو تەشەر بووەو پۆزشی هێنایەوەو هەموو قەرەبووەکانیشی پێشکەش کرد". بڕواننە لاپەڕەکانی (١٧٦-١٧٩).

لەوبارەوە، سەرۆکی ئەم وڵاتە دەنوسێ: "گرنگترین هۆکاری ئەم سکاڵایانە ئەوەیە کە ژینگەیەکی سیاسیمان لەپەنجاکانەوە خولقاندووە هەموو ئەوانەی لەحکومەتدا بەشدارن ناچارن دژی تومەتەکان سکاڵا بکەن".

ئەشڵێ: "وەزیرەکانی پارتی کاری میللی (پارتی حوکمڕان) نەیاندەتوانی ریزی خەڵك بپارێزن ئەگەر ئامادەی لێکۆڵینەوەو سکاڵا لە دادگاکان نەبنو تومەتەکان رەتنەکەنەوە".

لە بەشێکی دیکەی ئەم بابەتە لەسەر گەندەڵی، بەجوانی وەڵامی رۆژنامە لیبراڵەکانی رۆژئاوا دەداتەوە، بەمشێوەیە:

"بەپێچەوانەی رەخنەگرانی لیبراڵەکانی رۆژئاواوە، گوایە ناو و ناوبانگم هەرگیز لەکەدار ناکرێ ناشکرێ دەستدرێژی بکرێتە سەر کەسایەتیم، چونکە کەس بەو پروپاگەندانەی دژم دەکرێن، باوەڕ ناکات

دیقەت بدرێ، ئەم بۆچونانەی رۆژنامە لیبراڵەکان لەسەر سەرۆکی سەنگاپورە هەیانبووە، دەیسەلمێنێ کە ئەم سەرۆکە پاك‌و راستگۆ بووە. خۆشەویستی ناو گەلەکەشی بووە. بەڵام ئەم سوور بووە لەسەر سکاڵاکردن لەسەر هەموو ئەو کەسانەی تومەتیان بۆ هەڵبەستووە.. یان ئەو رۆژنامانەی تانەو تەشەریان لێداوە.

دەپرسین.. کام کاربەدەست‌و بەرپرس.. لەکوردستاندا ئاوها بێباکەو ئەستۆپاکە؟ هەقوایە، لەبەرامبەر ئەو هەموو تومەتانە، کە لەسەر دزینی نەوت‌و قاچاغ و سەرانە سەندن هەیە.. ئەگەر پاکن، با ئەمانیش سکاڵا تۆمار بکەن. نەك هەڕەشەو گوڕەشە بکەن!!

بابەتی (١٨)

"ژنانی خوێنەوار.. ناکرێنە هاوسەر"

لە بەشی (١٠)ی کتێبەکەدا، نوسەر دێتە سەر چۆنیەتی پێگەیاندنی بەهرەکان.. تایبەت هی ژنان. دەنوسێ:

"لە ١٤/ی ئابی ١٩٨٣ لە جەژنی سەربەخۆییدا، سترێسێکی چاوەڕواننەکراوم وژوراند. لەوتارەکەمدا، کە راستەوخۆ پەخش دەکراو (بێڕادە گوێگری هەبوو) گوتم: گێلییە دەرچووەکان ئەگەر بیانەوێ کاری باش بکەن، هەروەکو باوکیان، هاوسەری نارۆشنبیر هەڵبژێرن؛ رۆژنامەکان وتارەکەیان ناونا: (دیالۆگی مەزن لەمەڕ هاوسەرێتی). هەروەکو چاوەڕوانم کرد، وتارەکە لانەی رقاویەکانی وروژاند. هاوسەرەکەم وریای کردمەوە کە ئەو ژنانەی ئامادەییان تەواوکردووە. زۆر زیاترن لە ژنە دەرچووەکان. ئەم کێشەیە لەهەڵبژاردندا (١٢٪)ی رێژەی دەنگەکانی دابەزاندین". (بڕواننە لاپەڕە ١٨٣).

لەسەر هەمان بابەت، بەقوڵیی توێژینەوەی کردووەو بەهۆی دابەزینی دەنگی حیزبەکەی، دەستبەرداری بۆچونەکانی نەبووە.. نەبۆتە هەلپەرستو پۆپۆلیست! دەڵێ:

"دوای ساڵەها لە حوکمڕانی، هەرچەند بەهرە زۆرتر بکرێ کە وەزارەتەکانو بەرێوەبەرو پیشەگەرەکان دەیانخەنەگەڕ، هەر بەوچەشنەش تواناى سیاسیەکانو تواناکانی تریش زیاد دەکات".

کە توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی-رەگەزی ژنانی کردووە، ئەمەی خوارەوەی بۆ دەرکەوتووە:

"لە راپۆرتێکدا، دوای ئەو وتارەم، لەئامارەکانی ساڵی ١٩٨٠ دەرکەوت کە باشترینو دیارترین ژنان، لەوانە نەبوون کە شویان کردووە، ئەمەش ترسناك بووە. ئەم ژنانە مناڵی زیرەکیان نەدەبو. سەرپەرشتیاریشیان نەدەبوو. چونکە پیاوە رۆشنبیرەکان نایانکەنە هاوسەر. سێ بەشیان رەبەنن (بێ شوو)ن. پیاوەکانی ئاسیای رۆژهەڵات، چینی، یان هیندیو مەلاوی.. هاوسەرگیرییان لەگەڵدا ناکەن. رێژەی ژنە دەرچووە شوکردووەکان تا ساڵی ١٩٨٣ (٣٨٪) تێناپەڕێ..".

دیقەت بدرێ کە کارکردن لەسەر توێژینەوەی سۆسیۆلۆژی، بە وردەکاریەوە، چەند گرنگە، هەربۆیە ئاماری گشتی، لەسەر کۆی کۆمەڵو ئابوری، تاقە سەرچاوەی پلانی زانستی حکومەتە پێشکەوتوەکانە. ئەو ئامارە، سەرۆکی وڵاتەکەی گەیاندۆتە ئەو باوەڕە کە:

"مەحاڵە ڕێگە بدرێ بەرامبەر ئەم هاوسەرگیریە نایەکسانەو شێوەی مناڵبونە، بێدەنگ بین‌و نەتوانین زاڵبین بەسەریدا. بڕیارمدا لاوان رابچڵەکێنم‌و سەرفرازیان بکەم لە هەموو چەشنە بڕیارێکی پێشوەختی بەهەڵە بڕیارلێدراو، بەهەموو گێلی‌و زیانەکانییەوە". (بڕواننە ل١٨٥).

سەرەتا، کە سەرۆکی سەنگاپورە، وتارەکەی داوەو کاردانەوە دژی هەبووە، لەهەڵبژاردنێکدا ڕێژەی دەنگی حیزبەکەی (١٢٪) دابەزیووە. بەڵام، ئەم سەرۆکە دووربینە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی-هاوسەرگیری نە هەلپەرست‌و نە پۆپۆلیست بووە. ڤیروسیای لەو دەنگانە کردووە، لەپێناوی چارەسەرکردنی زانستیانەی کێشەی کۆمەڵایەتی، لە هاوسەرگیری دەمارگیری دواکەوتوەوە بۆ پێشکەوتوو.

بەرپرسیارێتی ئاوها دەبێ. نەك لەپێناوی ڕێژەیەکی کەمی کورسی پەرلەمان، یان پاراستنی دەسەڵات. چاو لە تەنگوچەڵەکە کۆمەڵایەتیەکان بپۆشرێ‌و ئەم چاوپۆشینەش لەسەر حسابی بەهرەمەندان‌و خاوەن بڕوانامە بێ. لە دوائەنجامیشدا، کادری جۆراوجۆری پەروەردەکراوی زانستی، کەم دەبێ‌و سیستەم بە دواکەوتویی دەمێنێتەوە. ئەقڵەکانیش کەمتر دەگەشێنەوە.

لەکوردستاندا.. پێویستە ئەوانەی دەرچوی کۆمەڵناسی‌و دەروونناسی، یان زانکۆو کۆلێژەکان، بایەخی زیاتریان پێ بدرێ، هەتا بتوانن، بە میتۆدی زانستیانە، کەموکوڕییە کۆمەڵایەتیەکان دیاری بکەن.. ئینجا حکومەتیش بە هەند وەریان بگرێ‌و بیانخاتە چوارچێوەی بڕیارسازیەوە. چونکە هەرگیز ناشێ، فەلسەفەی سیاسی‌و حوکمڕانی، بە دابڕاوی لە زانستی کۆمەڵایەتی، بسەپێنرێ.

بابەتی (١٩)

"دایكو باوكی خوێنەوار، باشترن بۆ پەروەردەی خوێندكار"

ئەو كێشانەی لە بابەتی پێشوودا باسمكرد، بۆ سەرۆكی سەنگاپورە ئاسان قوت نەدراوە. بەڵكو دژایەتی زۆریش كراوە. بزانن چی دەنوسێ:

"ژنە دەرچووەكان هەستیان بە بێزاری كرد، چونكە تیشكم خستە سەر ئاستەنگەكەیان. بەڵام ژنە دەرنەچووەكان (لەتەك باوكو دایكیانەوە) هەڵچون، چونكە ئامۆژگاریم كردووە كە هاوسەرگیرییان لەگەڵدا نەكرێ. دوچاری پەلامارو تانە و ڕەخنە بومەوەو پێیاندەگوتم: دەستەبژێرییە". (بڕوانە ل١٨٥).

لەسەر ئەم بابەتە، سەرۆكی وڵات، هەڵنەچووە. كەسیشی سزا نەداوە. ئارام ئارام، لەسەر توێژینەوە بەردەوام بووەو بە ئامار وەڵامی داونەتەوە. لەمبارەوە دەڵێ: "بۆچونەكانم بەلێكدانەوەی هەندێك ئامار دەسەلماند، كە لە ساڵانی ڕابوردودا ئەنجامدراوە، كە دەریدەخات، پێشینەی باوكو دایكی فێركار (١٠٪) باشترە لە خوێندكارانی لەكاتی تاقیكردنەوەدا، لەتەمەنی (١٢-١٦-١٨) ساڵیدا. ئەم ئامارانە بواری گومانیان نەهێشتەوە كە دایكو باوكی پەروەردەكراو، ڕۆڵی چارەنوسساز دەگێڕن". دەشڵێ: "ساڵانی (١٩٦٠-١٩٧٠) كە زۆربەی دەرچوەكانمان لە زانكۆكانی بێگانە لە بنەماڵە نەخوێنەوارەكان بون. بەڵام ساڵانی (١٩٨٠-١٩٩٠) (٥٠٪) لەوانەی دەرچون لە هەرە باشەكان بون، ئەمانە لە دایكو باوكی خوێنەوارەوە پەروەردە كرابون".

لێرەدا، گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی، بەپێی پلانی زانستی، لەسەرەتاوە، كیشەی دواكەوتن، دەوروژێنێ، بەڵام سوربون لەسەر بنەما زانستیەكان، لە دوائاكامدا، هەر سەردەكەوێ. سەرۆكی سەنگاپورە هەتا لاپەڕە (١٩٤) باسی ئەو كێشانەو چۆنیەتی چارەسەركردنیان دەكات..

مەخابن، لەكوردستاندا، ئەم كێشە سۆسیۆلۆژی-زانستییە سەبارەت بە تەمەنەكان، هاوسەرگیری، فێرخوازو پەروەردەی بەهرە، نەك چارەسەر نەكراوون، بەڵكو ئێستاش زۆربەی ژنانی كوردستان، لەلایەك نەخوێنەوارنو لەلایەكی ترەوە، ژێردەستەی كولتوری ڕزیوی باوكسالارین. سەرەنجام، توندوتیژیش دژی ژنان بەردەوامە.. هەتا ڕادەی تاوان.

بابەتی (٢٠)

(هەڵگەڕانەوەی شۆڕشگێڕان بۆ گەندەڵی)

سەنگاپورە جگە لە پرۆژەی ستراتیژی و ژێرخانی ئابوری هاوچەرخ، هەروا پرۆگرامی خوێندن و فەلسەفەی پەروەردەی زانستی؛ جگە لە سیستەمی دیموکراسی و گرتنەبەری ڕێبازی نافینی سیاسی و دژایەتی توندڕەوایەتی چەپ و ڕاست، جگە لە هەموو ئەمانە، خۆپاراستنیش لە گەندەڵی و سزادانی گەندەڵکارانیش پەرژینی پاراستنی دەسەڵاتەکەیان بوو. لەم بارەوە نەک باسی سەنگاپورە، بەڵکو باسی ڕابەرانی ئازادیخوازی ئاسیاش، کە تێوەگلاونەتە گەندەڵی بەم شێوە جوانە لەلایەن سەرۆکی وڵاتەکەوە باس دەکرێ:

کاتێک پارتی کاری میللی ساڵی ١٩٥٩ هاتە سەرکار، کارەکانمان بە چەشنێک ڕێکخست کە ئیدارەیەکی خاوێنمان هەبێ. چاوچنۆکی و گەندەڵی و لێکترازانی زۆرێک لە سەرکردەکانی ئاسیا، ئازاری داین. (ل:٢٠٩)

جەنگاوەرە تێکۆشەرەکانی پێناوی ئازادی و ڕزگاری گەلانی ستەمدیدە، هەڵگەڕانەوە بۆ تاقمێکی گەندەڵی تەخشان و پەخشانکەری سامانی وڵاتەکانایان.

بەڕاستی ئەو قسانە، هەر دەڵێی نەخشی هەڵکۆڵدراوی سەر تابلۆی ڕاستیەکانن. سەیرە، ڕوداوەکانی شۆڕشگێڕانی مێژوو، بەشێکیان مێژووی خۆیان شێواندوە. لە قۆناغی خەباتدا سەربەرز و قارەمان، لە بونیاتنانی سیستەمی دیموکراسی و دادپەروەریدا سەرشۆڕن.

خوێندنەوەی من وایە، کێشەیەکی گەورە لە نێوان ئایدیۆلۆژیەت و بونیاتی دەسەڵاتدا هەیە. دەرکەوت، بەپێوەری ئایدیۆلۆژی، سیستەمی دیموکراسی و دادپەروەری بونیات نانرێت. باشترین سیستەمی دیموکراسی و چاکترین حکومەتی دادپەروەری خۆشگوزەران، بەبێ سەروەری یاسا و سەربەخۆیی ڕاستەقینەی دادوەری، مەحاڵە.

با دیقەت بدەین، سەرۆکی دوژمنی گەندەڵی کە شۆڕشگێڕ و جەنگاوەریش نەبووە، لافی مارکسیەت و سۆسیالیستی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاشی لێ نەداوە، چی بەو شۆڕشگێڕانە دەڵێ لاف لێدانیان لە کاتی شۆڕشدا زۆر بووە و لەکاتی بونیاتنانی حکومەتیشدا، گەندەڵ بون. پێیان دەڵێ:

کۆمەڵەکانیان دواکەوتوو گوزەرانیان نالەبار بوو، شەپۆلی شۆڕش لە ئاسیادا، دایگرتین، سوربوین کە لە کۆڵۆنیالیزم رزگارمان بێ، وەلێ، هەستمان بە نائومێدی و شەرمەزاری لەو سەرکردە نیشتمانپەروەرە ئاسیاویانە دەکرد کە لە جێبەجێکردنی نمونەی بەرزدا شکستیان خوارد و نەیانتوانی ئەو گومڕاییەی بەرچاومان بڕەوێننەوە. بڕوانە لاپەڕەی (٢٠٩)

مەبەستی گومڕایی لە لاف لێدانی شۆڕشگێڕانەیە، کە لە بونیاتنانی دەسەڵاتدا چۆن شکستیان خواردوە.

بۆ کوردستان و لەولاشەوە فەلەستین، کە دوو نیشتمانی هاوئازار و هاوپێناوین، پێویستمان بە لێکدانەوە نییە. چونکە بۆچونی سەرۆکی سەنگاپورە، بە داخەوە، هەردولامان دەگرێتەوە.

بابەتی (٢١)

(دژایەتی گەندەڵی، ژن و منداڵ و سەرکارەکانیشیان دەگرێتەوە)

لەبەرئەوەی سەرۆکی سەنگاپورە، بەشێکی گرنگی ئەزمونی خۆی لە حوکمڕانیدا؛ بۆ چۆنیەتی ریشەکێشکردنی گەندەڵی تەرخان کردووە، بەپێویستی دەزانین لەم بابەتانەی دەینوسین، ئەم ئەزمونە هێژایە، بەرامبەر کێشەی ترسناکی گەندەڵی، زیاتری لەسەر بنوسین. لەمبارووەوە بۆچونی زۆر زۆر گرنگ باسدەکات، وردە وردە باسیان لێوە دەکەین. دەڵێ:

"پێش هەڵبژاردنی گشتی مانگەکانی ئایار و تەموزی ١٩٥٩، تیشکمان خستە سەر هەڵوێستمان دژی گەندەڵی، کە حکومەتی (لیم هیو هۆک ١٩٥٦-١٩٥٩)ی دادەوەشاند". (ل٢٠٩)

لەسەر ئەم بنەمایە، سەرۆک و حکومەتی هەڵبژێردراوی سەنگاپورە، ئەم بریارانەی بە یاسا سەپاندوەو گوێی نەداوەتە، هاورێ و کەسوکاری خۆی. دەنوسێ:

"دەم چەورکردن لە هەمو لایەکەوە تەنگی پێ هەڵچنیبوین. نەک تەنها لە سەنگاپورە، بەڵکو لە فرۆکەخانەکانی ئاسیاشەوە"

لە درێژەی ئەو باسانەدا ڕونیدکاتەوە کە: "هەستێکی قوڵی دامەزراندنی حکومەتێکی پاکی بەتوانامان هەبوو. کاتێک لە هۆڵی ئەنجومەنی شاردا (حوزەیرانی ١٩٥٩) سوێندمان خوارد. هەمومان کراسی سوکەڵە وپانتۆڵی سپیمان لەبەر کرد، وەکو ئاماژەیاک بۆ پاکژیی و بێگەردی و ئەمانەتی هەڵسوکەوت و ژیانی گشتیمان. خەڵکیش هەر ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکردین وسوریش بوین بەزربینەوە بۆ ئاستی ئامانج و چاوەڕوانیەکان". (ل ٢٢٠)

ئەم بۆچونە پشت ئەستورە بەو ئەزمونە سەرکەوتوەی لە سەنگاپورەدا بونیاتنراوە، وای لەم سەرۆکە کردوە، بێمنەت بێ و بێباک دەنوسێ:

"لە ڕۆژی یەکەمەوە کە لە حوزەیرانی ١٩٥٩ دەسەڵاتمان گرتە دەست، دڵنیابوین کە هەر دۆلارێک لە داهات تۆمار دەکرێ و هەموشی دەگاتە دەستی ئەو خەڵکەی پێویستیان پێی هەیە". (ل ٢١٠-٢١١)

ئەم سیاسەتە لە دژایەتی گەندەڵی، لە گەندەڵە بچوکەکانەوە لە پۆلیس و ناو بازاڕەوە، هەتا دەگاتە گەندەڵە کەتە کەتەکانی گرتۆتەوە. بەمشێوەیە باسیدەکات:

"بڕیارمان دا چڕبینەوە بۆ حوتە کەتەکان و دزە گەورەکان. مەکتەبی لێکۆڵینەوەمان بەپێی ئەرکەکانی لەپێشینەمان، راسپارد. هەروەها بەرنامەشمان بۆ (ماسییە بچوکەکان)یش دانا و رێنوێنی رۆشن و یەکلاکەرەوەمان بڕیار لێدا".

ئەو بەرنامە و بڕیارە، لە هەمو بارێکەوەو بەرامبەر هەموو کەسێک، بێ جیاوازی، سەپێنراوە، بۆیە جەخت دەکاتەوە کەوا:

"یاسای دژایەتی گەندەڵیمان کە ساڵی ١٩٣٧ پەسەندکراوە گۆڕی بۆ یاسایەکی هاوچەرخ. دەسەڵاتی فراوان درایە لێکۆڵەرەوەکان، لەوانە گرتن و پشکنین و پیاچونەوە بە حساباتی بانک بۆ گومانلێکراوان. تەنانەت ژنەکانیان، یان منداڵەکانیان و سەرکارەکانیشیان".

لە درێژەی ئەو باسەدا دەنوسێ: "١٩٦٣ بانگکردنی شایەتەکانمان بۆ لێکۆڵینەوە، کردە بڕیاری ناچاری. ١٩٨٩ لایەنی کەمی سزای بەرتیلمان لە (١٠ هەزار)ەوە بۆ (١٠٠ هەزار) دۆلار 'گۆڕی". (ل٢١٢)

لێرەدا کۆتایی بەم بەشە دەهێنین و دەڵێین: چەند ساڵە لیژنەی باڵای بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی لە کوردستاندا هەیە، تا ئێستا داوا دەکەن دادگایەکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێ بۆ سزادانی گەندەڵی، کەچی هەر دەستی بە دەستییان پێ دەکرێ. هەتا دێت گەندەڵییش پەرەی سەندوەو کەمترینیان سزا دراوون!

بابەتی (٢٢)

(ئەمەت لەکوێ بوو؟ پرسیاری سزادانی گەندەڵە)

لە بابەتی پێشودا نوسیم کە چەندین بابەت لەسەر گەندەڵی و چۆنیەتی ڕیشەکێشکردنی لە سەنگاپورە دەنوسم. بەڕاستی ئەزمونێکی هێژایە بۆ وڵاتانی تازە بونیاتنراو، کە گەندەڵی چەشنی "گەنە" دەنوسێت بە خوێنی سامانی وڵاتانەوە. سەرۆکی سەنگاپورە، لە هیچ بڕیارێک سڵی نەکردۆتەوە. تەنانەت لە گرتنی هاوڕێ نزیکەکانیشی. با دیقەت بدەین:

"گرنگترین کاریگەری گۆڕانکاری ساڵی ١٩٦٠ لەژێر پرنسیپی "ئەمەت لەکوێ بوو؟" بەرجەستە کرا. واتا: ڕێ درا دادگاکان لەسەر ئەو زانیاریانە بڕیار بدەن کە گومانبار لە سنوری توانای مادی خۆی بترازێ. یان بینایەکی هەبێ موچەکەی بەشی کڕینی بینایەی وا نەکات. ئەمەش بەڵگەی یەکلاکەرەوەیە کە بەرتیلی وەرگرتووە. وردبینی لە لێکۆڵینەوە لە وەزیر یان بەرپرسی گەورە دەکرا. بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لە ئەنجومەنی وەزیران دەوامی دەکرد و ناوبانگێکی ترسێنەری لە ئاشکراکردنی ئەوانەدا هەبوو کە خیانەتیان لە نەتەوە دەکرد". (ل٢١٢)

حکومەتێک بیەوێ گەندەڵی ڕیشەکێش بکات، سەرۆک وەزیرانەکەی ئاوها دەسەڵات دەداتە بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی. نەک بۆیان داپۆشێ. لە درێژەی نوسینەکەدا دەڵێ:

"گەندەڵی پرۆسەیەکی ڕێکخراوی تەشەنەسەندوی هەندێک بوار بوو. ١٩٧١ مەکتەبی لێکۆڵینەوە تاقمێکیان گرت بریتیبوون لە (٢٥٠) پۆلیس زیاتر کە ئەرکیان گەڕان بووە لە (٥-١٠) هەزار دۆلاریان مانگانە لە خاوەن لۆریەکان وەردەگرت.."

دەشڵێ: "هەندێک بەرپرسی گومرگ، بەهۆی خێرا پشکنینی بارهەڵگرەکانەوە کە باری قاچاخیان دەبرد، بەرتیلیان وەردەگرت" (ل٢١٣)

سەرچاوەی گەندەڵی، لە گومرگەکاندایە. کوت و مت وەکو کوردستان. کە من پێمولیە، ئەو زانیاریانەی لە گومرگەکانی کوردستانەوە، بە بەڵگەوە بڵاودەبنەوە، سەرەنجام، سەری زۆر سەرکردەو کاربەدەست شۆڕ دەکەن. مێژوو دادگای خۆی، لە دوائەنجامدا بۆ هیچ کەسێک داناخات.. هەرکەسێک بێ!!

لە درێژەی ئەو قسانەدا، دێتە سەر بابەتێکی گرنگ، ئەویش هەلپەرستی یە.. لەمبارەشەوە دەنوسێ:

"پاک کردنی وڵات لە گەندەڵی و ڕێگرتن لە دادۆشینی دارایی ڕێکخراو، پرۆسەیەکی سەخت بوو، بەڵام هەڵسوکەوتی هەلپەرست ئاشکراکردن، کارێکی سەختتر بوو. بەڵام کە ئاشکرا بوون، پێویست بوو سەرکوت بکرێن" (ل٢١٣)

ئەی هاوار.. هەلپەرست، لە گەندەڵ سزادان و سەرکوت کردنیان، کارێکی زۆر سەختتر بوو. ئەمەش زۆر ڕاستە.. هەلپەرستەکان، وەکو "جیوە" وان، خۆیان لەگەڵ هەموو حاڵەتێکدا ڕێکدەخەن. شەرم و شکۆیان نییە. هەمیشە دەزانن، با لەکوێوە هەڵدەکات، بۆیە، شەنی پلە و پارەیان بەردەوام هەڵگرتووەو بەئاسانی بای دەدەنەوەو کای بەرژەوەندییان بەو بایەدا دەکەن، کە مەترسی بۆ بێویژدانیان نییە. ویژدان هەرگیز بەلای هەلپەرستدا گوزەری نەکردووە!!

بابەتی (٢٣)

(گەندەڵەکانی کوردستان.. ویژدانیان بریندار نەبووە!)

سەرۆکی سەنگاپورە، هێندە لە خۆی دڵنیا بووە، لە سزادانی هاوڕێکانیشی نەپرینگاوەتەوە. چاوی لە هیچ پلەو پۆستێك نەپۆشیووە. لەمبارەوە دەنووسێ:

"هەواڵە بەناوبانگەکان کە تایتڵی ڕۆژنامەکانی داگیرکردووە، تاوانبارکردنی چەندین وەزیرە بە گەندەڵی. (تان کیا غان) کە لە شەستەکان و هەشتاکاندا وەزیر بوو، یەکێکە لەوانە. لەسەرەتای پەنجاکانەوە هاوڕێم بووە کە سەرۆکی سەندیکای ئەندازیارانی هێڵی ئاسمانی مەلاوی بوو. منیش ڕاوێژکاری یاسایی بوم".

لەدرێژەی ئەم باسەدا دەڵێ:

"لە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی ١٩٦٦ (تان کیا غان) دژی کڕینی فڕۆکەی بوینگ بوو. دوای چەند ڕۆژێك پەیوەندییان پێوە کردم، کە هاوڕێیەکی (تان کیا غان) بوو. دەیانزانی حکومەت بەتوندی دژی گەندەڵییەو باسی گەندەڵی کرد لەو کێشەیەدا. بەڵام (تان کیا غان) دژی ئەو زانیاریە بوو. من گومانم لێ پەیدا کرد.. لاشم برد لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی. هەروا لە هەموو پۆستێکی تریش".

لێرەدا زۆر گرنگە دیقەت بدرێ لەوە کە ئەم سەرۆکە، حکومەت‌و بەرنامەو یاسای پاکسازی، زۆر لە هاوڕێ نزیکەکانی لا گرنگتر بووە. بۆیە، هەر لەمبارەوە جەخت دەکاتەوە کەوا:

"ئاگاداریان کردم کە (تان کیا غان) بێزارە و بایەخ بە خۆی نادا، چونکە لەناو کۆمەڵدا نەفرەتی لێدەکرێ. بەزەییم پێدا هاتەوە بەڵام چارەسەریشم پێ نەبوو!".

لەسەر ئەو بابەتە دەنووسێ:

"سەرۆکی ئەنجومەنی سەندیکای نیشتمانی کرێکاران، (٨٣ هەزار دۆلار)ی بە گەندەڵی سەندوەو (١٨ هەزار دۆلار)یشی لە پارەی سەندیکا سەرفکردووە. ئەمەشیان دەرکردووەو سزای توندیان داوە".

لەمبارەوە ڕوداوێکی خەمهەژێن باس دەکات:

"هەواڵی درامی لەمبارەوە ئەوەیە کەوا، (تیە تشانغ وان) وەزیری نە شوێنای نیشتمانی، ساڵی ١٩٨٦ یاریدەدەرێکی دانی پیا نا کەوا دوو بلۆك چوارسەد هەزار دۆلاری پێ داوە. نکولی لەو تومەتانە کردو

هەوڵی دا لەگەڵ گەورە یاریدەدەری رێك بکەوێ بۆ راگیرانی سزادانی. وتم: پێش تەواوبونی لێکۆڵینەوە هەرگیز قبوڵی ناکەم‌و ئامادەش نەبوم ببینم. دوای هەفتەیەك لە بەیانیەکی ١٥/ی کانونی یەکەمی ١٩٨٦ دا (تیە تشانغ وان) مرد و ئەم نامەیەی جێهێشتبوو:

سەرۆك وەزیران

لە دوو هەفتەی رابوردودا، خەمۆکی‌و بێتاقەتیەکی بێڕادە دایگرتوم. هەستم کرد کە بەرپرسیارم بەرامبەر ئەم روداوە رەشبینەو دەشبێ تەواوی بەرپرسیاریەتیەکە هەڵبگرم. لەبەرئەوەی پیاوێکی جوامێری رۆژهەڵاتیم، پێویستە لەسەر ئەم خەتایە، توندترین سزای خۆم بدەم:

دڵسۆزتان

تیە تشانغ وان" (ل٢١٣-٢١٦)

سەرۆکی سەنگاپورە، کە نامەکەی خوێندۆتەوە، سەردانی هاوسەرەکەی کردووەو دوای پشکنین دەرکەوتووە کە خۆی ژەهر خوارد کردووە.

ئەمەش، سەرگوزشتەیەکی خەمباری چۆنیەتی دژایەتی گەندەڵیە.. کە هاوڕێی نزیکی سەرۆك، بەو رسواییە، خۆی دەکوژێ!! بەڵام ئەزمونەکە، بە سەرکەوتویی چۆتە مێژوو!

دڵنیام، نە حکومەتی کودستان لەو ئاستەدایە کە ئەم کەسانە سزا بدات. نە لە کوردستانیشدا، گەندەڵە بێویژدانەکان، هەستی تاوان ویژدانی بریندار کردوون!!

بابەتی (٢٤)

(روخسارە راستەقینەکان دزێو لەکوردستاندا دەرکەوتن)

سیاسەتی ریشەکێشکردنی گەندەڵی، نەك هەر رای گشتی رازیو متمانەی حیزبی دەسەڵاتدار، پتەو دەکات، بەڵکو وڵاتەکەش دەوڵەمەند و خەڵکیش خۆشگوزەران دەبن. ئاکام، تاوان کەمو ئاسودەیی کۆمەڵایەتیش فراوان دەبێ. کۆی ئەو سیاسەتو دەستکەوتانەش، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، وڵات دەگەیەننە لوتکەی پێشکەوتن. لەمبارەوە، سەرۆکی سەنگاپورە، دەڵێ:

"لەڕووی -تیۆریەوە- ئاسانە دەست بکرێ بە باسکردنی ئاکاری بەرز و بڕوای بەهێز بۆ شیلگیری ریشەکێشکردنی گەندەڵی. وەلێ، ئاستی نیەتی پاك سەختە بپارێزرێ، تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە رابەرەکان بێ جیاوازی لێبڕاو بن بۆ هەڵسوکەوت لەتەك پێشێلکەرانی یاسادا؛ دەشبێ پشتیوانی مەکتەبی لێکۆڵینەوە بکرێ، هەتا بێ سڵەمینەوە لە خزمایەتی، رێسا و سیستەم بچەسپێندرێ".(ل٢١٦)

ئەو سیاسەتە، سەنگاپورەی گەیاندۆتە ئەم ئاستە بەرزەی، سەرۆکەکەیان دەیژێ:

"کتابی ساڵانە کە پەیمانگای بەڕێوەبردنی نشونما بۆ کێبەرکێی جیهانی دەریدەکات، ساڵی ١٩٩٧ وڵاتانی کەمترین گەندەڵی ریزبەند کردووەو (١٠) پلەی بۆدەوڵەتە نمونەییەکان داناوە. سەنگاپورە، (٩,١٨) پلەی وەکو وڵاتێك کە کەمترین گەندەڵی لە کۆڕبەندی دەوڵەتانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیادا هەیە، داناوە. ئەمیش پێش: هۆن کۆنگ، ژاپۆن، تایوان. دەزگای شەفافیەتی نێودەوڵەتیش کە بارەگاکەی لە (بەرلین)ە، سەنگاپورەی لە حەوتەمین پلەی سەر ئاستی جیهاندا ساڵی ١٩٩٨ دانا، کە گەندەڵی لە دەزگا و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانیدا نییە".(ل٢١٦-٢١٧)

گەلێك مایەی شانازییە، وڵاتێکی بە کولەمەرگی ژیاوی جیهانی سێهەم، بە شیلگیری رابەرانی، بگەیەندرێتە ئاستێك، لە دژایەتیکردنی گەندەڵیدا، پێش ژاپۆنیش بکەوێ.

خۆم پێموایە، ئەم سیاسەتە لە قۆناغی گوزەری دیموکراسیدا، بۆ ژێرخانی ئابوری پتەو، بۆ خۆشگوزەرانی، بۆ لانەدان بەلای راستی خۆپارێزو توندڕەوی خۆنەپارێز، زۆر زۆر دەستکەوتی زیاترە، لە هەر چەشنە لافلێدانی تیۆری زەردو سورو سەوزی تر، کە لە رووی تیۆریو بەرزکردنەوەی دروشمی فریودەرانەوە، قۆناغەکانی مێژوو جێدێڵن. بەڵام ناتوانن یەك کێشەی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکەنو تەواوی بەها

جوانەکانیش، بە پەلاماری ئاژاوەگێڕی، بەشێوەیەکی کاتیی لەبەرچاو دەخەن.

هێزی توندڕەو، یان پۆپۆلیستی، یاخود کۆنەپەرستی، هەمیشە لەمێژوودا، مەترسی هەڵگەڕانەوەیان هەیە، یان ببنە راسترەوی بێلەزەت، یاخود هەڵبدێرێن بەرەو فاشیەت‌و تۆتالیتاری.

لەکوردستاندا.. کە جارێ سەربەخۆش نییە لەسەر شانۆی سیاسی، لەم شانۆگەرییەمان، بە ئەکتەری ئارایشتکراوی جیاوازەوە بینی، بەڵام مێژوو، دەمامکەکانی دڕی‌و روخسارە راستەقینەکانی دزێو دزێو دەرخست!!

لە بەشی (بیست‌و پێنجەم)دا، باسی هەڵدێری کۆمۆنیستەکانی چین‌و بەرتیل دان بۆ دابینکردنی پۆست، دەکەین.

بابەتی (٢٥)

(شادڕەوان نەوشیروان‌و شەهید ئارام‌و دامەزراندنی کۆمەڵە)

لە ململانێی ئایدیۆلۆژیدا، دوای سەرکەوتنیش، پەندە سیاسیەکانی هەمیشە سوود دەگەیەنن. سەنگاپورە، مەترسیی لە کۆمۆنیستە پرۆ چینیەکان نەماوە، بەڵام وەکو بەراوردی راستیەکان، سەرۆکی سەنگاپورە، ناو بەناو دێتەوە باسکردنیان. لەمبارەوە جوان هەڵیدەهێنجێ‌و دەیکاتە نمونە.. وەکو:

"کاتێك کۆمۆنیستە چینیەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، دەستپاکی‌و ئەمانەت‌و دڵسۆزییان دەنواند. لە پەنجاکان‌و شەستەکاندا، کارگوزارو چاودێری ژوری ئوتێلەکان، هەموو شمەکێکی جێماوی میوانەکانیان دەگێڕایەوە. ئەمەشیان وەکو بەڵگەی دابڕان لە هەموو چەشنە دەستکەوتێکی مادی، پیشاندەدا".

ئەو نمونانەی وەکو سەرەتای رەونەقی سەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان، هێناوەتەوە. بەڵام ئەم رەوت‌و رەونەقە، بە ئاژاوەی شۆڕشی بەناو رۆشنبیری تێك‌و پێك دەدرێ. بۆیە دەنوسێ:

"لە کاتی شۆڕشی رۆشنبیریدا (١٩٦٦-١٩٦٧) کە کلکگرێدان‌و کەسگاریی (المحسوبیة)و گەندەڵی‌و هەڵپەی پلەوپایە، تەشەنەیان سەند. سەراپا کۆمەڵ بەرەو داڕزان هەڵدێرا. ئیدی بە بەرگی شۆڕشگێڕانەوە هەلپەرستەکان، لە رێگەی خیانەت‌و غەدرکردن لە هاوڕێکانیان‌و راپۆرت لەسەر نوسینیان، پۆستیان بەخێرایی موشەك، دەستدەکەوت".(ل٢١٧)

سەیرە لە چیندا..!!

پارتی کۆمۆنیست‌و (ئەندێشەی سەرۆك ماو) کە هیچ سەرۆکێکی بە هاوتای خۆی نەدەزانی، شۆڕشی رۆشنبیری بە پاساوی ریشەکێشکردنی بیروکراسیەت‌و لادەران کردووە، بەڵام لەڕاستیدا وڵاتەکە نابوت کراوە. زیاتر لە (٢٥) ملیۆن جوتیار لەبرسا مردون. سەدان سەرکردەی هەرە قارەمان‌و بەناوبانگ، کە هاوڕێی (ماو) بون‌و رۆژگاری سەختی خەباتیان لەگەڵدا بردۆتەسەرو شۆڕشی چینیان گەیاندە سەرکەوتن، بە ئەقڵیەتی تاکڕەوایەتی (ماو) سەرکردەو رابەرانی پارتی کۆمۆنیست‌و هاوڕێی سەرۆکەکەیان، دادگایی‌و لەسەر شەقامەکان‌و لەناو هەڵچونی سەدان هەزار لاودا، هێلکەباران‌و رسوا کراوون. بەڵام کاتێك ئەم شۆڕشە رۆشنبیرییە شکست دەخوات، بەشێکی ئەو سەرکردانە دەکرێنەوە سەرکردە، لەناویاندا (تینگ سیاو پینگ) دوای مردنی (ماو) دەبێتەوە سەرۆکی چین‌و چینیش دەکاتە چینی ئەمڕۆ!

کەچی بەداخەوە، شۆڕشگێڕانی وڵاتانی دواخراو، بە پروپاگەندە فریوی ئایدیۆلۆژی درابوین. باجەکەشی سەنگین سەنگین بوو.

با بۆ مێژوو بیڵێم: لەکاتی دامەزراندنی کۆمەڵەدا، شادڕەوان نەوشیروان درکی بە هەڵەی ڕێبازی (ماویزم) کردبوو. بەڵام دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بەقسەیان نەکردبوو.

شەهید ئارام، ئەوکاتە، دژی (ماو) نەبوو، بەڵام دژی پاشکۆیەتی ڕێبازی چینچێتی بوو. بەقسەی ئەمیش نەکرا. بەڵام..

شەهید ئارام، کاتێك لە کۆمیتەی هەرێمەکانو بەرپابونی شۆڕشی نوێدا، رابەرایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی گرتەدەست، پاشگری (ئەندیشەی سەرۆك ماوتسیتۆنگ)و پاشکۆیەتی چینی لە کۆمەڵە دوورخستەوە. لەناو ڕێبازەکانی مارکسیزمی ئەو سەردەمەشدا، کۆمەڵەی بێلایەن کرد.

لە بەشی ئایندەدا، باسی دیاردەی بەرتیل لەکاتی هەڵبژاردنەکانی تایوان، ئەندەنوسیا، ژاپۆنو مالیزیا دەکەین.

بابەتی (٢٦)

(سەرۆك..لە رووبەڕووبونەوەی رەخنەگران نەترساوە!)

بەشێکی کتێبی سەرۆکی سەنگاپورە، لەسەر سیاسەتو بڕیارەکانێتی دەربارەی رۆژنامەو ئازادی میدیایی. نمونەی جۆراوجۆری هێناوەتەوە کە باسی ئازادی نوسینو تومەت هەڵبەستنو بازگانی بە میدیاکردن دەکات. رۆژنامەی: چینی، مەلاوی، بریتانیو ئەمریکی، لە مەیدانەکەدا هەبونو بەئاڕاستەی جیاواز، کەوتونەتە نوسین. سەرۆکی سەنگاپورە، جڵەوی بۆ بەرەڵڵا نەکردون. زۆرتر مەبەستی بووە، وڵاتەکە دوای سەربەخۆیی بونیات بنێ، نەك دۆخێکی پڕ لە ئاژاوەی میدیایی ئازاد بکات. لە لاپەڕە (٢٤٢-٢٥٦) کە هەموو نمونەی جیاواز جیاوازن، لەسەر ئازادی رۆژنامەگەریو هەڵوێستی سەنگاپورە. دەنوسێ:

"تەمموزی ١٩٩٣ گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)ی بریتانی، رەخنەیان گرتبوو لەسەر سکاڵای یاسایم لە بەرپرسێکی حکومەتو سەرنوسەری رۆژنامەیەکمان لەسەر بڵاوکردنەوەی نهێنی رەسمی حکومەت، نامەمان بۆ گۆڤارەکە نوسی، زانیاریەکەیان راست بکەنەوە. بەپاساوی ئەوەی بڕوایان بە رونکردنەوەکە نەهێناوە، بەشێکی روکردنەوەکەیان قرتاندبوین. نامەی ترمان نارد کە ئەو بەشە قرتاوەی نامەکەش بڵاوبکەنەوە. بەڵام دیسان رونکردنەوەکەیان بڵاونەکردەوە. بۆیە بڕیارمان دا پەخشکردنی گۆڤارەکە سنوردار بکەین بە (٧٥٠٠) ژمارە. گۆڤارەکە ناچار بوو تەواوی رونکردنەوەکەمان بڵاوبکاتەوە، ئێمەش رێگەمان دا ئازاد بن". (ل٢٥٤-٢٥٥)

لەمبارەوە، ئەم سەرۆکە بێباکە. بەم چەشنە درێژەی پێدەدات:

"سەرەڕای هێرشەکانی میدیاکان، ئامادە بوم روبەڕوو لەتەك رەخنەگرەکاندا کۆبمەوە. ساڵی ١٩٩٠ لە رۆژنامەی (تایمز)ی لەندەنی (برنارد لڤین) لە وتارێکدا هێرشێکی توندی کردە سەرمو سیستەمی دادوەریشی داشۆری. زانیم کە سکاڵاکردن لە ئینگلتەرا لەسەر ناوبراو، کە من ناسراو نیم لەوێ، سودی نییە. لەبری سکاڵا نامەم بۆ نوسیو داوام لێکرد دیبەیتێکی تەلەفزیۆنی بکەین. جێگرەکەی وەڵامی دامەوە کە هیچ کەناڵێك بایەخ بەم کێشەیە نادات. بۆ (مارمدۆك هسیی)ی سەرۆکی (بی.بی.سی)ی کە هاورێم بوو، نوسی. بۆ نیو سەعات رازی بوو، کە بێژەرێکی بێلایەنیش دیاری بکات.. کاتێك رۆژنامەکە بە بڕیارەکەی زانی، داوای لێبوردنیان کرد رووبەڕووم ببنەوە".(ل٢٥٥)

ئەمەیە سەرۆكو ئەمەشە لەخۆڕادیتن بەرامبەر رۆژنامەو تەلەفزیۆن. نەك خۆدزینەوە بەبیانوی ناو و ناوبانگو پلەو پایە، لەم جۆرە دیبەیتانە.

لە درێژەی ئەم باسەدا، باسی رەخنەگرێكی توندڕەو دەكات كە ناوی (ولیام سافیر)ەو دەڵێ: ساڵەھ تاوانباری دەكردم كە وەكو سەدام حسێن دیكتاتۆرم. دەڵێ..

"ساڵی ۱۹۹۹ هەردوكمان لە (دافۆس) ئامادە بوینو بۆ ماوەی سەعاتێك، لێپێچینەوەی لەگەڵ كردم. پاشان لەبەر رۆشنایی ئەو چاوپێكەوتنە، دوو وتاری لە نیۆیورك تایمزدا بڵاوكردەوە. رۆژنامەكانی سەنگاپورەش دەقی وتارەكانیان بڵاوكردەوە. دەركەوت لەو دیالۆگەدا من براوە بوم".(ل۲٥٦)

كۆتایی بەم بەشە بەمشێوەیە دەهێنێ: "ئەگەر لە رووبەڕووبونەوەی رەخنەگراندا بوێر نەبوینایە، سەنگاپوریەكان وایان دەزانی لە دیبەیت دەترسینو رێزو سەنگمان دەدۆڕاند".

ئەی سەد ئافەرین.. لەم تێگەیشتنە هاوچەرخە!

تێبینی..

لە بەشی (بیستوحەوتەم)دا باسی گەندەڵی لە هەڵبژاردندا دەكەین..

بابەتی (٢٧)

(پەرلەمان دەکرێتە چەتری گەندەڵی‌و دژی دیموکراسی)

ئەم سەرۆکە، لە باسی هەر بابەتێکدا، بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێ. لە گەندەڵیەوە، بۆ دیالۆگ لەگەڵ میدیاکان، تا هەڵەی ئایدیۆلۆژی لایەنەکان. کە دێتە سەر هەڵبژاردن، پارتەکەی (پارتی گەل) دوای کەمتر لە دەهەیەك لە دامەزراندن، سەرکەوتون؛ هەر لە دامەزراندنەوە، بناغەیەکی تۆکمەیان بۆ نمونەی بەرزی بەرپرسیارێتی سەرکردەکانیان داڕشتووە. ڕێگەیان نەداوە، لە خەباتدا پاك بن‌و لەکاتی حوکمڕانیدا ناپاك دەرچن! نمونەی دەوروبەریشیان لە چینەوە بۆ مالیزیا و ئەندەنوسیاو ژاپۆن‌و...تاد، بەوردی لێکداوەتەوە. لەمبارەوە دەڵێ:

"ئەندەنوسیا نمونەیەکی بەناوبانگی تەشەنەسەندنی گەندەڵی بووەو ڕاگەیاندنەکان بە سێگۆشەی (تواطؤ- رشوة- محسوبية)یان باسدەکرد. کوڕەکانی سەرۆك (سوهارتۆ)و هاوڕێ‌و دەست‌و پەیوەندیەکانی کرابونە نمونەی چاولێکەری بۆ گەندەڵی‌و دەسیسەو دەم چەورکردن. میدیای ئەمریکا سامانی (سوهارتۆ) یان بە (٤٢ ملیار دۆلار) دەخەملاند. دوای سوهارتۆش، وەزیرو بەرپرسەکان دوا هەوڵیان دا ئەو ماوەیەی لەبەردەمیاندا ماوە، بۆ تالانی بقۆزنەوە. بە پارەی دزراوی بێ ڕادە، هاوکارانی سەرۆکی نوێ (حبیبی)، دەنگی ئەنجومەنی ڕاوێژکارییان بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن دەکڕی. نرخی هەردەنگێکیش (روبعە ملیۆنێك دۆلار) بووە".

ئەمەیە، کردنەوەی بۆگەنترین سەرقاپی گەندەڵیی؛ دەنگی پەرلەمانتارو کاربەدەست بە پارەو دەسەڵات بکڕدرێ، هەموو بەهاکان لەدەستدەدرێ! نە یاساو، نە ویژدان‌و، نە دیموکراسی، نرخیان نامێنێ. لەم بابەتە دەنوسێ:

"گرانترین سیستەمی پەرلەمانی، سیستەمی پەرلەمانی ژاپۆنە. وەزیرو ئەندام پەرلەمانی ژاپۆنی (دایت) موچەو بودجەی کەمیان هەیە. بەڵام ئەندام پەرلەمان ساڵانە (ملیۆنێك دۆلار)ی پێویستە بۆ خزمەتکردنی هاوکارو کادرەکانیان لە تۆکیۆ. جگە لە بەخششی تایبەتی بۆ ئەوانەی دەنگیان دەدەنێ‌و لە جەژنی لەدایکبون، ژنهێنان، منداڵبون‌و مردندا هاوکارییان دەکەن. لەکاتی هەڵبژاردنیشدا کاندید (٥ ملیۆن دۆلار) ی گەرەکە. ئەمەش لە ڕێگەی سەرکردەکانیانەوە دابین دەکرێ‌و سەرکردەکانیش دەبێ سەروەتێکی زۆر بە

سەرانە بسەنن هەتا بتوانن هاوكاری تەكەتولەكەیان بكەن.

سەنگاپورە خۆی لە پارە بەخشینی هەڵبژاردن پاراست. وەكو سەرۆكی ئۆپۆزسیۆن قەناعەتم بە سەرۆكی دادوەری كرد، دەنگدان بكاتە فەرمیو ڕێ لە بردنی سەیارەش بگرێ بۆ گواستنەوەی دەنگدەران. دوای هاتنە سەر كار، سیاسەتمان لە سێگۆشەی گەندەڵی (دەسیسە، دەم چەوركردن، كەسگەرایی) پاك كردەوە. تەنها كۆمۆنیستەكان كە بەهێزترین ئۆپۆزسیۆنمان بون، پارەیان بۆ هەڵبژاردن بەكارنەدەهێنا. دوای هەڵبژاردن پێویستی نەدەكرد حیزبەكەمان هەڵپەی كۆكردنەوەی سامانی بێ. لەڕێگەی هەلی كارو بونیاتنانی خوێندنگاو نەخۆشخانەو ناوەندی كۆمەڵایەتی، گرنگتریش لەوانە، نیشتەجێبون، متمانەی دەنگدەرمان وەردەگرت، چونكە ژیانیان دەگۆڕدرا".(ل٢١٨-٢١٩)

كڕینی ویژدانی دەنگدەرو بردنەوەی كاندید بە زەبری بەرتیلو سەرانە سەندن، یان گزی كردن، شەرمەزارترین جۆری پرۆسەی هەڵبژاردنو دامەزراندنی پەرلەمانە. كە دوا ئەنجامەكەی، نەك كاندیدی ماستاوچیو بێتوانا دەبنە پەرلەمانتار، بەڵكو پەرلەمانیش دەبێتە دەسەڵاتی بێگیانی یاساڕێژیو چاودێری حكومەت. پەرلەمانی واش چەتری حكومەتی دژە دیموكراسیو سەرپۆشی گەندەڵستانە!

بابەتی (٢٨)

(پەیوەندی تایبەتی، گەندەڵی و هەلپەرستی، مۆرانەی تێکدانی هاوڕێیەتین)

سەرۆکی سەنگاپورە، بە تاقی تەنها ئەم سەرکەوتنانەی بەدەست نەهێناوە. هاوڕێی راستگۆو پاکی هەبووە. پێکەوە پەیمانیان بردۆتە سەرو لە (٣٠-٤٠) ساڵدا، وڵاتێکی هەرە پێشکەوتویان بونیات ناوە. خیانەتیان لە یەکدی نەکردووە. گەندەڵ نەبون‌و گەندەڵیشیان سزا داوە. خەم‌و خەباتیان خزمەتی گەلەکەیان بووە. لەمبارەوە بەجوانی دەنوسێ:

"بەدڵنیاییەوە -من‌و هەڤاڵەکانم- برادەرو هەڤاڵی سیاسی (٣٠-٤٠) ساڵە بوین. بەشێکمان لە ئینگلتەرا بوین، وەکو خوێندکار، بیرمان لە سەنگاپورەو مەلایۆ دەکردەوە. پاشان گەڕاینەوە نیشتمان‌و تێکۆشاین متمانەی جەماوەر لەناو سەندیکای کرێکاران‌و پارتی گەل وەدەست بێنین. پابەندیمان بە پرسە هاوبەشەکانمان‌و لەنێوان خۆشماندا، قوڵ‌و پتەو بو".(ل٢٥٧)

ئەم پرسە هاوبەشەو پەیوەندیە هاوڕێیەتیە پتەوە، کێو لەبن دێنێ. هیچ هێزێك ناتوانێ تێکی بشکێنێ. کوت‌ومت وەکو سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەو هەتا کۆتایی حەفتاکانی شۆڕشی نوێ دێتەوە بیرم. کە تەنها بە پرسی هاوبەش‌و بیروباوەڕو هاوڕێیەتی راستەقینە، توانرا، ڕەوتی مێژوو بگۆڕین.

لە درێژەی ئەو باسانەدا، لەسەر هێزو لاوازی خۆیان دەڵێ:

"هێزو لاوازی خۆمان دەزانی، وەکو تیپێکی رێك‌وپێك کاری سەرکەوتومان دەکرد. کاتێك، (پاسەوانە کۆنەکان) رێکدەکەوون، وەزیرەکانی تریش بەقسەیان دەکەن. پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێ وەزیرەکانمدا بەهێز بوو، دەمتوانی بێ دوودڵی بۆچونی خۆم لەسەر وەزارەتەکانیان دەرببڕم".

لە درێژەی قسەکانیدا روونیدەکاتەوە کە:

"بەڕێوەبردنی حکومەت دوور نییە لە رابەرایەتی ئۆرکسترا. هەرگیز سەرۆك وەزیران بەبێ تیپێکی کاری کارامە، ناتوانێ سەرکەوتنی زۆر بەدەست بهێنێ. ئەمە لەکاتێکدا رابەری ئۆرکسترا (پێیدەوترێ مایسترۆ-نوسەر) پێویست ناکات ژەنیارێکی مەزنیش بێ. بەڵام دەشبێ زانیاری لەسەر ئامێرە سەرەکیەکان

هەبێ. ئامێرە سەرەکیەکان، سەرەتا وەکو کەمانچە، پاشان شیلۆ، ئینجا کلارنێت‌و کەرەنای.. پێویستە بزانێ چییان لێ چاوەڕوان دەکات. هەوڵم دەدا باشترین وەزیر دیاری بکەم بۆ وەزارەتەکان، تایبەت وەزارەتی دارایی. دەست تێوەردانی من لە وەزارەتەکان تەنها لە کاروباری سیاسیدا بوو".(ل٢٥٨)

کرۆکی ئەم بابەتە، پرسی هاوبەش‌و هاوڕێی گیانی بەگیانییە. رابەری گەورە، دەتوانێ مایسترۆی سەرکەتوی تیپەکەی بێ‌و لە هەورازو نشێودا، رابەرایەتی بکات. هەر کاتێک، هاوڕێ راستەقینەکانی ئەرکە سەختەکان، تێک بچن، یان بەرژەوەندی تایبەتی بەسەر خۆیاندا زاڵبکەن، هیچ بەربەستێک لەبەردەم تێکچونیان نامێنێ. بەرژەوەندی‌و گەندەڵی‌و هەلپەرستی، ترسناکترین مۆرانەی تێک‌وپێکدانی هاوڕێیەتی‌و حیزبایەتی‌و شۆڕشگێڕێتییە. زوو یان درەنگ، بەرژەوەندی تایبەتی زاڵبێ، تێکچونەکە روودەدات.. تەنانەت لەنێوان براکانیشدا!

بابەتی (٢٩)

(چارەسەرکردنی کێشەی پێکهاتەکان.. به خزمەت نەك به چەوساندنەوە)

وڵاتانی فرە پێکهاتەی ناکۆك، بە درێژایی مێژوو، کێشەیان هەبووەو هەیە. چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانیان، ئەرکێکی بنچینەیی حکومەتو هێزە سیاسیەکانە. ئاشکراشە، کێشەی زۆری نەتەوەکانیش هەیە، ئێستاش چارەسەر ناکرێ. بەڵکو تاوانیشیان بەرامبەر دەکرێ. لەوانە: کورد، بلوچ، ئازەری، ئەمازیغی، تامیلی، ئەرمەنی، چەرکەسی..تاد.

لە سەنگاپورەدا، بە سیستەمی کارای دیموکراسیو نیشتەجێکردنو خوێندن، زۆربەی ئەو کێشانەیان چارەسەر کردووە. هەر کە (پارتی گەل) هاتۆتە سەر کار، کێشە دوای کێشەی چارەسەر کردووە. لەناو ئەماندا: مەلاوی، چینی، سەنگاپوری، ئیسلامی، مەسیحیو بوزی هەبوون. بۆ چۆنیەتی چارەسەر، ئەمانەی خوارەوەیان کردووە، وەکو سەرۆکەکەیان دەنوسێ:

"هەندێك کاروباری هەستیار هەن، ناکرێ ئاشکرا مشتومڕیان لەسەر بکرێ. وەکو کۆبونەوەی مەلاویەکان لەشوێنی نەشیاوی بێ خزمەتگوزاری لەدەرەوەو ناوەوەی ئەو ناوچانەی کۆلۆنیالیزم ناویان لێنان (ئۆردوگای مەلاویەکان). دوای سەربەخۆیی ١٩٦٥ ویسترا ناوچەیەکیان بۆ تەرخان بکرێ بەخۆڕایی، کەچی کەمترینیان قبوڵیان دەکرد. هەرچەندە ناوچەکەشیان قوڕاویو کوخی لە دار دروستکراو بون. کارەباو ئاویان نەبوو".(ل٢٦٦-٢٦٧)

کێشەی گەورەی ئەم جۆرە پێکهاتانە ئەوەیە کە دەیان ساڵ لەشوێنێکدا کۆدەبنەوە، داب‌ونەریتی پێکەوەژیان، سۆزی نەتەوەیی، کەلەپوریو کۆمەڵایەتی بەهێزیان دەبێ. بڕوانن چییان بۆ کردون هەتا قایلیان بکەن:

"بەپێی پلانی درێژخایەنمان بۆ بونیاتنانەوەی سەنگاپورەو دابینکردنی خانوو بۆ هاوڵاتی، بڕیارمان دا مەلاوییەکان دابەشو تێکەڵاویان بکەین لەگەڵ چینیو هیندیو خەڵکانی دیکەش. لەکاتی دابەشکردندا، پێویست بوو شێروخەتیان بۆ بکەین بۆ دابەشکردنی شوقەکان".(ل٢٦٧)

گرفتی گەورەیان، لەو ئاوەدانکردنەوەدا، روخاندنی مزگەوتێکی لە تەختە دروستکراو بووە. دەڵێ:

"کاتێك ویسترا مزگەوتەکە بڕوخێندرێ، موسڵمان کۆبونەوەو دەیانگوت: ئەم کارە دژایەتی ئیسلامە. دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر، چەندین مزگەوتیان بۆ دروست کرا، ئینجا رازی کران"(ل٢٦٧)

سەرەڕای ئەو هەوڵانە، پاشماوەی کێشەکان چارەسەر نەکراوە. دەڵێ:

"هەرچەندە رەگەزەکانمان تێکەڵ کرد، بەڵام هەر لەشوێنی تایبەتی کۆدەبونەوەو ئاڵوگۆڕیان بە شوقەکانیان دەکرد، هەتا پێکهاتەکان لەیەك نزیك ببنەوە. ساڵی ١٩٨٩ ناچار بوین رێژەی رەگەزەکانمان لەسەر کۆمەڵە خانوەکان دیاری کرد. بۆ مەلاویەکان (٢٥٪)و بۆ هیندیەکان (١٣٪)و...هەروا بۆ رەگەزەکانی تریش.

ئەم دیاریکراویە، رەگەزەکان، بۆڕبۆڕێنی رەگەزایەتی لەسەر کڕینی شوقەکان کەمکردەوەو نرخیشی دابەزاند".(ل٢٦٩)

لەپێشەوە، بە خزمەتگوزاری دەستیان پێ کردووە. پاشان، بە رێکخستنەوەی شارستانیو کۆمەڵایەتی. بە زۆرە ملێ، کارەکەیان، تەنانەت لەگەڵ مزگەوتو موسڵمانەکانیش نەکردووە. کە بنەمای ژیانو گوزەران گۆڕدرا، بیرکردنەوەش دەگۆڕدرێ. رقو کینەی رەگەزو پێکهاتەش کەم دەبێتەوە.. ئیتر وزەکان بۆ فەرمانگەو خوێندنو پێشکەوتن تەرخان دەکرێ.

لە بەشی ئایندەدا، بۆ پشکی هەڵبژاردنو خوێندنی زانستی پێکهاتەکان، دەنوسین. نمونەی جوانن.

بابەتی (٣٠)

(دیباجەی دەستوری عێراق، فڕی بەسەر دیموکراسییەوە نییە)

هەڵبژاردن، گەورەترین کێشەی تەواوی وڵاتانە کە تازە دەست بە پرۆسەی دیموکراسی دەکەن. تەنانەت لەو وڵاتانەی دوای شۆڕشی پیشەسازیو ڕۆشنگەریو ریفۆرمی ئایینیش دەستپێدەکەن. لە بەریتانیا، کە یەکەمین وڵاتە پرۆسەی هەڵبژاردنی کردووە، سەرەتا تەنها بۆ ئورستوکراتەکان، پاشان بۆ خاوەن بڕوانامەکان (بێ دەنگدانی ژن) ئینجا تەواوی خوێنەران، لە دوا ئاکامدا سەرجەم پیاوانو لەکۆتاییشدا تێکڕای ژنان، مافی دەنگدانی گشتییان هەبووە. واتا: خەباتی مەدەنیو دەستەبەری فیمینیستی، کەوتۆتە دەیان ساڵ دوای شۆڕشی پیشەسازی-دیموکراسیەوە. هەتا دەهەیەك لەمەوبەریش، کێشەی نەتەوایەتی لە بەریتانیادا چارەسەر نەکرابو، هەرچەندە مافە مەدەنیەکانیش دابین کرابوون. تا ئێستاش، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا، یەکسانی ژنو پیاو لەناو پەرلەمانەکاندا دابین نەکراوە. لەوانە، فەرەنسا، ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا..تاد.

سەرۆکی سەنگاپورە، دەرکی ئەم کێشەیە کردووە، سەبارەت بە پێکهاتە جیاوازەکان. بۆیە دەنوسێ:

"کاتێك لەسەرەتای هەشتاکاندا ئەرکەکانمان جێبەجێ کرد، بڕیارم دا کە گرنگە یاسای هەڵبژاردن بەجۆرێ بگۆڕین کە بوار بدات کە دوو یان زیاتر لە کاندیدێك لە بازنەکانی هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. دوای مشتومڕێکی گەرم، لەپەرلەماندا پەسەند کرا کەوا لە هەر بازنەیەکی هەڵبژاردندا سێ-چوار کەس کێبەرکێ بکەن، بەمەرجێ، کاندیدێکی کەمینەکان (هیندی، مەلاوی) تیا بێ. گەر وامان ڕێکنەخستایە، زۆرینەی چینیەکان لە بازنەکانی هەڵبژاردندا، چونکە زۆرینەن، دەیانبردەوە. لە پەنجاکانو شەستەکاندا، دەنگ بە ڕەمزی حیزب دەدرا. بەبێ گوێ پێدانە پێکهاتە جیاوازەکان. بەڵام دوای ئەوەی پارتەکەمان بنەماکانی حوکمڕانیان چەسپاند، لە هەشتاکانداو دەرکەوت لە دەسەڵاتیشدا دەمێنێتەوە، خەڵك دەنگی بە ئەندامی پەرلەمان دەدا، نەك زۆرینەی حیزب".(ل٢٧٠)

ئەم چارەسەرکردنە، دەستەبەری مافی کەمینەکانو ڕێ گرتنە لە باڵادەستی زۆرینەی چینیەکان. دەشڵێ:

"ئەرکمان بوو ڕێسا و یاساکانی هەڵبژاردن بگۆڕین. لایەنی چاکەی ئەم هەڵبژاردنەی نوێنەرایەتیەکان ئەوەیە کە کاندیدە چینیەکان نەیاندەتوانی داخوازی شۆڤێنی چینی پێشکەش بکەن، بەبێ ئەوەی (٢٥٪-٣٠٪)ی دەنگی ناچینیەکان لەدەست بدەن، ئەمانیش پێویستیان بە دەنگی هیندیو مەلاوی دەبوو، هەت بتوانن لە هەڵبژاردن دەربچن".(هەمان لاپەڕە)

ئەم یاسایە، کۆتا نییە. بەڵکو دەستەبەری دیموکراسیو پابەندکردنە بە مافی نوێنەرایەتی کەمینەکان بەمەش، کاندیدی کەمینە بە دەنگی کۆتای کەمی کەمینەکەی دەرناچێ، بەڵکو بە دەنگی یەکسانی لیستەکەیو بازنەی هەڵبژاردنەکەی لەگەڵ کاندیدی زۆرینە دەردەچێ.. لەچوارچێوەی ڕێژەی خۆیاندا.

کاتێك چارەسەر دەبێتە یاساییو دەستەبەریش دەکرێتە نیشتمانی، ململانێی کەمینەو زۆرینە کەم دەبێتەوە. بەڵکو شوناسی نیشتمانی هاوبەش لە ئەرکو مافدا، لە خەباتی مەدەنیو کۆمەڵایەتیدا، لە سەروەری یاسادا، لە خزمەتگوزاریو هەلی کاردا. تەواوی ئەرکو مافەکان یەکسان دەبن. هەستی نیشتمانی هاوبەش، هەرگیز بە سەپاندنی یاسای نەخوازراو، یان ڕێسای تەنهای ئەرکەکان، دروست نابێ.

وڵاتانی نادیموکرات، لەپێشەوەدا عێراق، تا ئێستاش نەیتوانیووە، ئەو هەستە نیشتمانییە هاوبەشە لای تێکڕای پێکهاتەکانی عێراقی عەرەبیو کوردستان بخوڵقێنێ. بۆیە یان شیعە، خۆی دەسەپێنێ (وەکو ئێستا) یان پێشتر سوننە خۆی دەسەپاند. کوردو تورکمانو کەمینەکانی تر، لە پەراوێزدا بون. تەنانەت دەستوری ئێستای عێراقیش، بە جۆرەها کۆتو بەندی وڵاتی نێوان دوو ڕوبار (بلاد مابین النهرین)و هەژمونگەری تایفەگەری-شیعە، وزەی دیموکراسی ڕاستەقینەی لێبڕاوە. دیباجەی دەستورە هەمیشەییەکە، فڕی بەسەر دیموکراسی-مەدەنیەوە نییە!

بابەتی (٣١)

(پەروەردەو زانکۆ و پەیمانگاکان هێشتا لەئاستی زانستی نین)

زانستو ماتماتیكو فێربونی کۆمپیوتەر، بێ جیاوازی پێکهاتەکان، خەمێکی گەورەی سەرۆکی سەنگاپورە بووە. بەڵکو ئەم وڵاتەی لەجیهانی سێهەمەوە، بۆ جیهانی یەکەم، تەنها بە زانستو بیرکردنەوەی ستراتیژی دونیاگەرایی، پێگەیاندووە، ئەرکە دونیاییەکانی وەکو خۆیو ئەرکە ئاینیەکانیشی وەکو خۆی راپەڕاندووە. ئەو سەرۆکی دونیایی بووە، بۆیە، زانستی کردۆتە بناغەی بیرکردنەوەی. لەم رووەوە دەرکی بە مەترسی دواکەوتنی خوێندکارانی (مەلاوی) لەڕووی زانیاریو ماتماتیك کردووە، بۆیە دەنوسێ:

"گرفتێکی دیکەی رەگەزەکان، خستمیەوە پەژارەوە، ئەویش دواکەوتنی شورەیییانەی خوێندکارە (مەلاویەکان) بوو، لە زانیاریو ماتماتیکدا. بڕیارمدا، ئەم جیاوازییە بۆ ماوەیەکی درێژ لە تاقیکردنەوەکاندا نەشارمەوە. ساڵی ١٩٨١ لە ئۆفیسی خۆمدا بە نهێنی لەگەڵ سەرانی تایفەی مەلاویەکان، بە راشکاوی لەسەر ئەو خوێندکارە مەلاویانە قسەم کرد، کە ئاستی زانستییان ناگاتە پلەی پێویستو بەبێ هەست بریندارکردن، قسەم لە چارەسەرکردن بۆ کردن".(ل٢٧١)

لەم دانیشتنەدا، بە ئامار سەلماندویەتی خوێندکارانی مەلاوی، لەچاو خوێندکارانی نەتەوەکانی تردا، دواکەوتون. سەرەنجام ئەمەی خوارەوەی لێکەوتۆتەوە:

"ساڵی ١٩٨٢ سەرانی مەلاویەکان، بە پشتیوانی حکومەت، ئەنجومەنی فێرکاری خوێندکارە مەلاویە موسڵمانەکانیان پێکەوە نا. هەروەکو چۆن مزگەوتەکانمان بەکۆمەڵ بونیات نا بۆیان، حکومەت شوێنی بۆ ئەنجومەنەکە تەرخان کرد. نوێنەرانی پەرلەمانو حیزبی گەلو ئەدیبو نوسەر لەناویاندا کەوتنە کار. لە هەر کرێکارێکی مەلاوی (٥٠ سەنت)مان مانگانە کۆمەك وەردەگرت بۆ چالاکیەکانی ئەنجومەنەکە. حکومەتیش بەرامبەر هەر دۆلارێك، دۆلارێکی کۆمەك دەکرد".(هەمان لاپەڕە)

لەمبارەوە دەڵێ:

"هاوڕێکانم ئەم سیاسەتەی منیان بەدڵ نەبوو. بەڵام من دەمزانی بەرپرسەکانی چینیو هیندی وەکو سەرانی مەلاوی ناتوانن بگەنە خوێندکارەکانیان".

بەجوانی رونیدەکاتەوە کە:

"بیروکراسیەکان ناتوانن بەهەمان ئاستی دڵسۆزیو پەیوەندی پتەوی باوكو دایكانی مەلاویەوە، كاریگەریان هەبێ. ئەم كێشە شەخسی-ویژدانیە، كە كاریگەری هەیە لەسەر ڕەگەزو خێزان، تەنها سەرانی بنەماڵەكانیان پێیان دەكرێ".(ل٢٧٢)

ئەمەیە قوڵبونەوە لە ناخو، ویژدانی پێكهاتەی جیاواز. هەر ئەم قوڵ تێگەیشتنە لەڕووی سایكۆلۆژیو كۆمەڵایەتیو دابو نەریتەوە، دەتوانێ بەرنامەی سەركەوتوو، بۆ گۆڕانكاری سەربخات. نەك پەراوێزخستنی ڕەگەزە جیاوازەكان. دیقەت بدرێ لەمبارەوە چی لێهاتووە:

"بەگوێرەی خوێندنی باڵای سێهەمەوە بۆ ماتماتیكو زانیاری (١٩٩٥) خوێندكارە مەلاوییەكان پلەی بەرزتریان لە تێكڕایی نمرەی مامناوەنجی جیهانی هێنا. كچە مەلاویەك بەپلەی نایاب لە زانكۆی بیركلی-كالیفۆرنیا، لە ئەدەبی ئینگلیزیدا هێنا. مەلاویەكی دیكە پلەی یەكەمی لە زانكۆی سەنگاپورە هێناو میدالیای ئاڵتونی پێبەخشرا. هەروا.. ژمارەیەكی زۆرمان لە بەڕێوبەرانی كۆمپانیا فرە ناسنامەكان. ڕاوێژكارانی تەكنەلۆژیاییو زانیاری، بەڕێوەبەری بانك، ئەندازیاران، پارێزەران، پزیشكان..تاد، ئەمانە لە چینی ناڤینی پەرەسەندوی وڵاتن".

ئەمەیە، پێشكەوتنو ئەمەشە دووربینی سەركردەو سەرۆك.

هەزار دروشمو گوتاری بریقوباق، بەرنامەیەكی بچوكی زانستیو زانیاری ناهێنێ..

ئاسانە، ڕوحی مرۆڤ لێوان لێو بكرێ، لە تایفەگەریو دابونەریتی دواكەوتوو، یان ئەندێشەی كۆنەپەرستی، چونكە، هیچی ئەوانە خوێنەواریەكی ئەوتۆیان ناوێ. كۆلكە خوێنەواری تایفەگەر، دەتوانێ مێتكلی كۆمەڵایەتی-تایفەگەری دروست بكاتو بیری سەدەكانی ناوەڕاست بپارێزێ.. بەڵام زانستو زانیاریو ماتماتیك، تەنها بە گۆڕینی فەلسەفەی پەروەردەو پسپۆڕو پەیمانگاو زانكۆی پێشكەوتوو دەكرێ.. ئەویش بناغەكەی دەبێ زانستە سروشتیەكان بێ.. نەك زاڵكردنی زانستی مرۆیی بەسەر زانستی سروشتی، مەخابن، لەكوردستاندا، تا ئێستا وایە. كەمترین بڕوانامەی زانستیو زۆرترین بڕوانامەی مرۆیی هەیە. خۆشبەختانە (ئای.تی) خەریكە، لە هەندێك ڕووەوە قەرەبوی ئەو هەڵدێرە پەروەردە كۆمەڵایەتییەو پەروەردە دەكاتەوە!

بابەتی (٣٢)

(سەرکردەی ڕەمزی گەورە، مێژوو دروستدەکات‌و بە ڕق‌و کینەش ناشکێندرێت)

سەرۆکی سەنگاپورە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بە زانست‌و زانیاری وڵاتەکەی گەیاندۆتە لوتکە. نەك بە (سەبەتەو قن بادان) کە دێتە سەر شۆڕشی زانیاری‌و کۆمپیوتەر، بناغەی بۆ داناوە. دەڵێ:

"شۆڕشی ژمارە (زانیاری) ژیانمانو کارکردنمان دەگۆڕێ. ئەنتەرنێت‌و تۆڕەکانی جۆراوجۆری، دەخوازێ لە هەموو ئەوانەی لە بواری ئابوریدا کاردەکەن، شارەزای کۆمپیوتەرو بەکارهێنەریشی بن.

لە یەکەم پەرۆشەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بوم، کە بوو بە هۆکارێکی گرنگی زیادبونی بەرهەمهێنانمان. ساڵی ١٩٧٣ کە کوڕەکەم بە پلەی شەرەف لە زانکۆی کامبرج دەرچوو، هانم دا لەبواری کۆمپیوتەردا خوێندنی باڵا بخوێنێ. چونکە دەمزانی کۆمپیوتەر ئامرازێکی بەنرخی کۆکردنەوەی زانیاری‌و تەتەڵەکردن‌و بەرەنجامیشە. داواشم کرد خولی فێربونی کۆمپیوتەر بۆ خوێندکارە زیرەکەکان ساز بدرێ؛ خول بۆ مامۆستاکان کرایەوەو هەریەکێکیشیان کۆمپیوتەرێکی بۆ دابینکرا".(ل٢٧٧)

ئەمە، بناغەی زانستییە بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەك ئەکی بونیاتنانی دەوڵەتی مۆدێرنی هەبێ. لەم باسەوە دێتە سەر باسێکی تر، بەمشێوەیە:

"ساڵی ١٩٨٤ بڕیارمدا حکومەت موچەی تەواوی فەرمانبەران لەڕێی (جیرۆ-ئەلکترۆنی)یەوە، بدرێ. وەلێ، بەشێکی فەرمانبەرو کرێکارانی پیشەیی، دەیانویست بە نەقدی موچە وەربگرن. بیانوشیان ئەوە بوو کە نایانەوێ ژنەکانیان بزانن چەند موچە وەردەگرن! ئەمەشم بە کردنەوەی سندوقی پاشەکەوتی پۆست چارەسەر کرد کە بتوانن لە ئامێری راکێشان پارە وەربگرن. زۆری نەخایاند، کەرتی تایبەتیش هەمان بەرنامەی پەیڕەو کرد".(ل٢٧٧)

کۆمەڵی دواکەوتوو، تەنانەت بیانووی هاوسەر بۆ دواکەوتوو دەهێننەوە. ئەمە لەکاتێکدا، ژنی بێکار، لەماڵدا، کەمترین کێشەی ئابوری هەیە.. هەر بێکارییش وا دەکات، ژن بە ژێردەستەیی پیاو بمێنێتەوە.

دێتەوە سەر کۆمپیوتەرو باسی خۆی، بەجوانی ئاوها دەگێڕێتەوە:

"گەرچی خۆم سەری رمی هەڵمەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو پارە وەرگرتن بەئامێری ئەلکترۆنی بوم، کەچی، سەرەڕای بڵاوبونەوەی کۆمپیوتەر، خۆم بەکارم نەدەهێنا. کاتێکیش وەزیرە لاوەکان، نامەی ئەلکترۆنییان لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا دەگۆڕیەوە، من نامەو ناردنی وەڵامی نامەم بە فاکس دەنارد. کاتێك زانیم لەمبارەوە کوێرەوەرم، بڕیارم دا لە (٧٢)ساڵیدا فێری کۆمپیوتەر بم. بۆ کەسێك لە نەوەی مندا ئاسان نەبوو، چەندین مانگی ویست، هەتا توانیم بەبێ هاوکاری سکرتاریەتەکەم، کارەکانم بکەم، تەنانەت دوای قۆناغێکیش زۆرجار دۆسیەکانم لە (کونە رەشەکە)دا لەبەر بەهەڵە هەڵگرتنی، وون دەکرد. کۆمپیوتەرەکەش تاوانباری دەکردم کە پرۆسەکەم بەهەڵە کردووەو هەڕەشەی دەکرد دۆسیەکەم لێ دابخات. سکرتاریەتەکەم هاوکارییان دەکردمو لەماڵیشەوە کوڕەکەشم بە تەلەفۆن ڕێنوێنی دەکردم دۆسیەکەم پەیدا بکەم.."۔(هەمان لاپەڕە)

پیاوی گەورە، بەبێ ئەقڵی گەورەو بەبێ تێگەیشتنی گەورەتر لە ژیان، هەرگیز سەرناکەوێ. ئەم وڵاتە، تەنها بە زانستو پرۆگرام سەرنەکەوتووە، بە رەمزێکی گەورەی وەکو سەرۆك (لیو کوان یو)ش سەرکەوتووە.

رەمزی گەورە، بە ئارەزوو، یان بە پلەوپایە، دروستنابێ، بەڵکو بە مێژوو، توانا، روداوەکان، سەرکەوتن، لەخۆبوردەییو دڵفراوانی، رەمزی گەورە دروست دەبێ. گوناحیشە رەمزە گەورەکان، بە رقو کینەو پروپاگەندەی نەیارانی سیاسی، بشکێندرێن!

بابەتی (٣٣)

(کەسانی شیاو بۆ شوێنی شیاو دانەنرێن کارەساتی لێدەکەوێتەوە)

دیاریکردنی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، یەکێکە لە بنچینەی بیرکردنەوەی سەرۆکی سەنگاپورە. بە خزمگەرایی، یان دەستەبازی، یان پیلانگێری، هیچ پۆستێکی نەداوەتە هیچ کەسێك.. چەندیش لێی نزیك بوبن. تەنها توانا، ئەزمون، بڕوانامەو لێوەشاوەیی کردۆتە پێوەر. کێ کوڕی کام بنەماڵەیەو کێ کچی کام بەرپرسە، نرخی نەبووە لای.

لەمبارەوە دەنوسێ:

"دیاریکردنی پیاوی شیاو بۆ پۆستە دەستوریە گرنگەکان. وەکو سەرۆکی دادگای باڵاو سەرۆکی کۆمار، مەسەلەیەکی زیندووی بنچینەییە. بەهەڵە دەستنیشانکردن، واتا ساڵەها شڵەژانو شەرمەزاری بەرامبەر رای گشتیو کێشەگەلی بێڕادەش".(ل٢٧٨)

دیقەت بدرێ، چۆن چۆنی سەرەنجامی بەهەڵە دیاریکردنی پۆستی باڵا، بۆ کەسانی نەشیاو لەشوێنی شیاودا، وڵات دوچاری چ نەهامەتیەك دەکات، وردتر دەڵێ:

"زۆر ئاسانە بڕیار بدرێ کێ بەتواناترین کەسە، بەراورد بەوە پێشبینی بکرێ کە کێ خاوەنی کەسایەتیەکە کە توانای ئەوەی هەیە لە بەرزترین پۆست دا بێ".(هەمان لاپەڕە)

بە سەرپێیی بڕیاردان لەسەر کەسایەتیەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی توانای کەسەکانو ئەگەری سەرکەوتنو سەرنەکەوتنیان. یەکێکە لە گەورەترین نەخۆشیەکانی وڵاتانی دواکەوتوو. لەمبارەوە دوو نمونە دەهێنێتەوە، بەم شێوەیە:

"سەرۆکی داد و سەرۆکی دەوڵەتم، ساڵەها پێش ئەوەی دابمەزرێن، دەناسی. یەکەمیان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناو دووەمیشیان شکستێکی خراپی توش بوو. دانانی بە روداوێکی خەمبار لەقەڵەم دا، کە لەتواناماندا بوو، خۆمانی لێ لابدەین".(هەمان لاپەڕە)

ئەم راستییە، لە دیاریکردنی باڵاترین پۆست، کە بە هەڵە دیاریکراوە، کوتومت دەیسەلمێنێ،

تویژینەوە بۆ دیاریکردنی هەموو پۆستەکان، بەپێی سیڤی خزمەت‌و بڕوانامەو لێوەشاوەیی (سیاسی. تەکنۆکراتی‌و خاوەن بڕوانامە) یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی کاندیدکردنی کەسایەتیەکان، بۆ پۆستەکان. هەموو بڕیارێکی سەرپێیی، یان بەهۆی هۆکاری لاوەکیەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەو پۆست، بۆ کەسانی نەشیاو لەشوێنی شیاودا، لایەنی کەم شکست دەخوات، ئەگەر کارەساتی لێ نەکەوێتەوە. باجەکەشی، پرۆسەی سیاسی‌و ئابوری‌و رای گشتی دەیدات.

زۆر بە دیقەت، فەلسەفەی دادگاو فەلسەفەی سیاسەتی حوکمڕانی باسکردووە، کە دەبێ چۆن تەواوکەری یەکدی بن. لەمبارەوە ئەمە دەنوسێ‌و دەشگێڕێتەوە:

"بۆ ئەم پۆستە (سەرۆکی دادگا-نوسەر) بۆ کەسێك دەگەڕام فەلسەفەکەی لەسەر کۆمەڵ، ناکۆکیەکی زەقی لەگەڵ فەلسەفەی مندا نەبێ. ئەگەرە لۆژیکیە سەرەکیەکانی کە سەرۆکی دادگای باڵا دەریشی نابڕێ‌و تێگەیشتنی بۆ ئامانجەکانی حکومەتی باش، بایەخێکی زیندوی گەورەی هەیە".(ل٢٧٩)

نمونەیەکی جوان، کە شایەنی نوسینە، باس دەکات‌و دەڵێ، کاتێك دادگاکانمان خۆیان بۆ دادگاییکردنی ژمارەیەك کۆمۆنیست ئامادە دەکرد کە ئاژاوەیان لە شەستەکاندا نابوەوە، ترسام کێشەکەیان بخرێتە بەردەم قازیەکی بەریتانی (هاتوو) رەنگە هەست‌و بیرکردنەوەی هەستیاری بەرامبەر هەستە سیاسیەکانی باوی ئەوکاتە نەبێ. داوام کرد سەرۆکی دادگا ببینم‌و کێشەکەم بۆ رونکردەوە کە رەنگە حکومەت تومەتبار بکرێ بەوەی بۆتە گەمەی دەستی حکومەتی بەریتانیا. بە سەرسوڕومانەوە سەیری کردم‌و گوتی: جەنابی سەرۆك وەزیران پێویست ناکات لە شڵەژان بترسی.. تێگەیشتبوو کە هەستیاری سیاسی چەندە".(ل٢٧٩)

ئەمەیە تێگەیشتن لە هەستیاری خەڵك‌و دۆخی سیاسی‌و چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی یاسایی لە کێشەی کۆمۆنیستەکان، چونکە پەیوەستە بە هەستی دژایەتی داگیرکاری..و رای گشتیەوە.. دادگاش، بە دابڕاوی لە راستیە سیاسیەکان، ناکرێ حوکمی رەها بدات لەسەر کێشە سیاسیەکان!!

بابەتی (٣٤)

(بێ توانا و بەدمەستو نەشیاوەکان، دەشکێن)

چاوپۆشین، لە هاوڕێ، یان قوڵ نەبونەوە لە کەسایەتی هاوڕێ، بۆ پۆستی باڵا، سەرەنجام بە خراپ دەشکێتەوە. هیچ پاساوێك بۆ چەواشەکردنی راستیەکان، کە راستیەکان دەرکەوتن، ئیتر ناخوات.

خراپترین بەرپرسی باڵا، ئەو بەرپرسانەن، تێنەگەن، بەرپرسیارێتی ئۆباڵێکی سەختە. سەختتر لەوە دیاریکردنی بەرپرسیارێتییە بۆ پۆستە باڵاکان.. چ حکومەتیو چ حیزبایەتی.

سەرۆك وەزیرانی سەنگاپورە، لە دیاریکردنی سەرۆکی وڵاتەکەدا دەنوسێ:

"لە هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵاتدا، سەرکەوتوو نەبوم لەگەڵ (دیڤان نایر) (کە هاوڕێی بووە- کردویەتیە سەرۆکی وڵات- نوسەر) لەساڵی ١٩٥٤ کارم کردووەو هەر ئەمەش فاکتەری سەرەکی بوو کاتی خۆی کردمانە سەرۆکی پەرلەمانیش. لە ئازاری ١٩٨٥ دوچاری راچڵەکین بوم کە پێیان ووتم، دیڤان لەکاتی سەردانی (کوتشیغ) لە (ساراواك)ی (ولایەتی رۆژهەڵاتی مالیزیا)دا، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەڵسوکەوتی کردووە. پەیوەندیان کردو داوایان کردبوو کە سەرۆك بۆ وڵاتی خۆی بگێڕنەوە. دیڤان بەشێوەیەکی بێ ئەدەبی لەگەڵ ژناندا رەفتاری نواندووە. لەوانە، هاوسەری یاریدەدەری وەزیرێك کە هاوڕێیەتی لەناو سەیارە کردووە، هەروەها لەگەڵ ئەو خانمانەدا کە بۆ خوانی ئێوارە داوەت کرابوون. لەگەڵ کارمەندانی تەندروستیش کە خزمەتیان دەکرد. دەستبازی لەتەك کردونو گێچەڵی پێکردوون. کە سەریان دابوو، بینیبویان فول سەرخۆشەو خۆی رانەگرتووە. دەستبەجێ گێڕایانەوە بۆ وڵات. هەمان شەو چاوم بە هاوسەری (دیڤان) کەوتو دەرکەوت کە بێزارەو نەیتوانی توڕەیی خۆی لە هەڵسوکەوتی (دیڤان) بشارێتەوە.

پێشتریش بە قژی باروکەوە، بەبێ حەرەس، سەیارەی لێخوڕیوەو چۆتە لای ژنێکی ئەڵمانیو لەقافیشدا گیراوە".(بڕوانەل٢٨٣-٢٨٤)

بەپێی دەستور، نەیانتوانیووە لە سەرۆکایەتی بخەن، چونکە بڕگەی وای تیا نەبووە، کە سەرۆکی سەرخۆش، لاببرێ. پێش دەرچونی لە نەخۆشخانە کە حەوت باشترین پزیشك بەدمەستیەکانیان دەستنیشان کردووە، بڕیاریان داوە ناچاری بکەن، دەست لە سەرۆکایەتی بکێشێتەوە. یان پەرلەمان لە سەرۆکایەتی

دەخەن. رازی بووە دەست لە سەرۆکایەتی بکێشێتەوە. بۆ رۆژی دوایی لە نامەیەکدا بۆ سەرۆك وەزیران دەنوسێ:

"پێش ساڵێك، زانیم کە توشی بەدمەستی بوم. ئا لەو کاتەدا خۆم فریو دەدا. بیرم کردەوە ئاگادارت بکەمەوە، ترسنۆکی هانی دەدام بابەتەکە دوا بخەم.. تاد".(ل٢٨٥)

ئەمە ئەنجامی، قوڵ نەبونە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی هاوڕێیەکی نزیك، بۆ پۆستێکی باڵا.

بە دڵنیاییەوە، لە کوردستانو لەناو هەموو وڵاتانی تردا، دیاریکردنی پۆست، بۆ کەسە نەشیاوەکان، یان بۆ بەدمەستەکان، یاخود بێتواناکان، جگەلەوەی بەردەوام زیان دەگەیەنێ لەو پۆستە.. هەندێکیان، رەنگە بە کارەساتو روداوی نەخوازراویش، لە سەکۆی پۆست داگیرێن!

بابەتی (٣٥)

(تەنها فەلسەفەی دانراوی یاسایی، کێشەکانی دادگا چارەسەر دەکەن)

دامەزراندنی سەرۆکی دادگا، لای سەرۆکی سەنگاپورە، بایەخی زۆری هەبووە. بۆیە، پێش وازهێنانی لە پۆستەکەی، بیری لە سەرۆکێکی لێوەشاوەی دادگا کردووە. هاوڕێیەکی هەبووە، سەرۆکی دەزگای بانکی چینیو پشتی دەریاکانیش بووە، کە گەورەترین بانکی وڵاتەکە بووە. یاسای تەواو کردووە، لە زانکۆی کامبرج هاوڕێی بووە. دواى پشکنینی لیستی پارێزەرەکان، ئەم هاوڕێیەی پێ شیاوترینیان بووە کە ناوی (بونج هاو) بووە. سەرەتا کە پێی وتووە، جێگری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بووە. قبوڵی نەکردووەو داوای کردووە ماوەیەکی بداتێ بیری لێبکاتەوە. سەرەنجام رازی بووەو لەمبارەوە دەڵێ:

"شێوازی ژیانی دەگۆڕدرا و لە رووی داراییشەوە ساڵانە یەك ملیۆن دۆلاری لە بانك وەردەگرت، بەڵام وەکو قازی تەنها (٣٠٠) هەزار دۆلار موچەکەیەتی، واتا یەك لەسەر حەوتی موچەکەی لە بانك. دوای مانگێك بەهۆی ئەوەوە هەستی بە لێپرسراوی نیشتمانی کرد، رازی بوو ببێتە قازی".(ل٢٩٩)

لەدوای ماوەیەك، لەسەری دەنوسێ کە:

"سەلماندی کە قازیەکی دەرکەوتوی گەورەیە. قازیەکانی پێش خستو ئاستێکی باڵای دادیە پارێزەرەکان. دوای چەندین ساڵ، چاکسازیو نوێکاری لە دادگاکاندا، بەدیهێنا. کەڵەکەبونی کێشەگەلی کەمکردەوەو چاوەڕوانیەکانی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، کەمکردەوە.

تەکنەلۆژیای زانیاری خستە ناو دادگاکان هەتا خێراتر ئەرکەکان رایی بکەن.

دەزگای هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتی، باڵاترین پلەی پێشکەش بە سیستەمی دادوەری سەنگاپورە کرد. لە نەوەدەکاندا، لە کتابی ساڵانەی کێبەرکێی دەوڵەتاندا، کە پەیمانگای نشونماو بارەگاکەی لە سویسرایە، بڵاوی دەکاتەوە، سەنگاپورە لە پێشەنگی وڵاتانی ئاسیادایە بەهۆی (متمانەی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵ لەسەر بنەمای راستو دروست) ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨ سەنگاپورە خرایە لیستی دە یەکەمەکانی جیهان، لەسەرویاندا ئەمریکاو بەریتانیاو ژاپۆنو سەرجەم دەوڵەتانی هاوکاریو نشونمای ئابوری".(ل٣٠٠)

دادگاو دادوەرەکان، یەکێکن لە دەسەڵاتە هەرە گرنگەکانی سێ دەسەڵاتی وڵاتان تێکڕا (ڕاگەیاندنیش دەسەڵاتی چوارەمە و سۆسیال-میدیاش کراونەتە دەسەڵاتی پێنجەم!).

تا ئێستا، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیانتوانیووە ئەم دەسەڵاتە، بکەنە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی دادوەری، هەروەکو وڵاتانی دیموکراسی. هۆیەکەشی ڕۆشن‌و ئاشکرایە کە، سیستەمی حوکمڕانی ئەم وڵاتانە، هەڵقوڵاوی ئاستی دواکەوتوی کۆمەڵایەتی‌و تێگەیشتنی مەدەنی دواکەوتوتری، سەردەمەکەیە. هەژمونگەری ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەربەستێکی کۆنکریتی سەربەخۆیی دادگایە، لە فەلسەفەی یاسایی دونیایی. هەتا، لێبڕاوانە ڕوانگە فەلسەفیەکانی پشتی سروشت‌و یاساکانی مەزهەبگەرایی، نەگۆڕدرێ بە یاسا دانراوەکانی لەناو پێویستیە دونیاییەکانی ژیانەوە، فەلسەفەی یاسایی دانراوی سەردەم، نەکرێتە بنەمای یاسایی دادگاکان، مەحاڵە، کێشەکانی دادگاو کێشە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵایەتیش، تایبەتی کێشەی ژنان‌و توندوتیژی، چارەسەر بکرێ.

بابەتی (٣٦)

ئاسەوارە ناڵەبارەکانی دوای سەربەخۆیی (سیاسەتمەداری ڕق هەڵگرتوو، هەرگیز سەرناکەوێ)

سەنگاپورە، دوای سەدەیەك لە ژێردەستەیی بەریتانیاو لکاندنی بە مالیزیا، کێشە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەکانی چینیو مالاویو ئیسلامیو بوزی.. تاد، لە مالیزیادا بەچەشنێ پەنگی خواردبوو، چیکە نەیانتوانی کێشەکانی سەنگاپورەی ئەوسای دواکەوتوو، تەحەمول بکەن، بۆیە، لە مالیزیایان دورخستنەوەو لەساڵی (١٩٦٥)وە سەربەخۆییان وەرگرت. سەربەخۆییەکی دەگمەن بوو. کە تا ئێستاش لە سریلانکاو پاکستانو هیندستان، کیشەی زیاتر لە (١٥٠ ملیۆن) تامیلیو دەیان ملیۆن کشمیری، خوێنی لێ دادەچۆڕێ.

سەنگاپورە، لە ساماندا هەژار بون، بەڵام لە ڕوانینی ستراتیژی سەرکردەکانیان بۆ ئایندەیان، دەوڵەمەند بون. هەتا چەند ساڵێکیش مالیزیەکان بەچاوی وڵاتۆکەیەکی بچوکی بێ پاشەڕۆژ لێیان دەڕوانین. بەتایبەتی سەربازانی مالیزی لە سەنگاپورە دەیانپاراستن!

دوای (مانگ لە سەربەخۆیی، سەرۆك وەزیرانی مالیزیا (تانکۆ عەبدولرەحمان) سەردانی سەنگاپورەی کردووە. لەسەر خوان دا، هەوڵی داوە، ئارامیەك بخاتە نێوان هەردوو وڵاتەکە. داوەتی وەزیرەکانی سەنگاپورەی کردووە، لە مانگی ئایاردا سەردانی مالیزیا بکەن. سەرۆکی سەنگاپورە وتویەتی:

"لە مانگی ئایاردا من سەفەرم دەکەم، وا باشترە لە مانگی تەممووزدا، سەردانەکە ڕێکبخەین".(بڕوانە ل٣٠٩)

دیقەت بدرێ، وڵاتی گەورە بەرامبەر وڵاتانی بچوك، تایبەت تازە سەربەخۆیی لە وڵاتی دایك وەرگرتبێ، تەنها لە دیاریکردنی وادەی سەردانی ڕەسمیدا چۆن نیگەران دەبن. لەمبارەوە، لەسەر هەمان بابەت دەڵێ:

"لەکاتی خوانی شەودا، هەستم کرد ناڕاستەوخۆ هەڕەشەم لێدەکاتو تێمدەگەیەنێ کە خەمساردی خراپە و پەتی ژیانی سەنگاپورە لەدەست مالیزیایە. سەنگاپورەش ناچارە لەنزیکەوە کاریان لەگەڵدا بکات".(هەمان لاپەڕە)

مرۆڤ کە ئەم سەرگوزشتانە لەسەر مێژووی سەرۆکی وڵاتان دەخوێنێتەوە، ئینجا وردتر تێدەگات

که خەیاڵدانی نەتەوەی سەردەستە و سەرۆکی نادیموکراسی، چۆن بڕیار لە پەیوەندی دیپلۆماسیو دراوسێیەتی دەدەن. پەیوەندی نەتەوە گەورە و برا گەورە، لەگەڵ نەتەوەی بچوكو برا بچوك.

بەڵام، هاوکێشە سیاسیەکان، سەبارەت بە گەلانی بچووكو بەرامبەر گەلانی سەردەستەی گەورە، هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە. ئەم سەرۆکە خۆ بەزلزانە، ڕۆژان تێدەپەڕێو هەمان ئەو کێشە ڕەگەزایەتیەی بۆ سەنگاپورەیان دروست دەکرد، لەناو مالیزیاشدا دەقەومێ! نیمچە شەڕی ئەهلی دروست دەبێ. پاشا، حکومەتو پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە. سەرۆك وەزیران (تانکۆ) کە هەڕەشەی دەکرد، لێدەخرێو هانا بۆ سەنگاپورە دەبات. سەرۆك وەزیرانی سەنگاپورە، هەڕەشەکەی لە دڵ نەگرتبوو. وەکو پیاوێکی دڵگەورە، ڕێز لە (تانکۆ)ی لێکەوتوو دەگرێو سەردانیشی دەکات. ئەمجارە، ئەم سەرۆکە دورخراوە، داوا لە سەرۆکی سەنگاپورە دەکات، نەك لە سەنگاپورە، بەڵکو لەناو چینیەکانی مالیزیاش، هاوکاریان بکەن.. تاد.(ل٣١٨)

ئەمەیە ڕۆژگاری سیاسەت. من ئەم دڵگەورەییەم لە مام جەلال، بەرامبەر سەرۆك وەزیرانو سەرۆکی دۆڕاوی حیزبەکانو سیاسەتمەداران دیووە. نەك جارێ، بەڵکو دەیان جاریش. بەڵکو مام: هاوکاری دارایی کەسوکاری عەبدولکەریم قاسم، عەبدولرەحمان عارف، تەنانەت هی سەباح میرزا و گەلێ سیاسەتمەداری لێقەوماوی تری دەکرد.

هەمیشە.. سیاسەتمەداری لێبوردە.. دڵگەورە.. دووربین.. ڕق هەڵنەگرتوو سەردەکەوێ..نەك پێچەوانەکەی!!

بابەتی (٣٧)

(نوسینی بیرەوەریی و ئاسەواری سەربەخۆیی)

سەنگاپورە لە ٩/ی ئابی ١٩٦٥ لە مالیزیا جیابۆتەوە. بەڵام دوای چارەکە سەدەیەکیش ئاسەواری جیابونەوە لە بیرکردنەوەی سەرکردەکاندا ماوەتەوەو بابەتی یەکتریان بە هەستیاری وەرگرتووە. لەمبارەوە سەرۆکی سەنگاپورە، دەنوسێ:

"لە گەرمەی لێك هەڵبەزینی بۆچونەکان، یەکەمین بەرگی بیرەوەریەکانم لە ١٦/ی سپتامبەری ١٩٨٩ کە جەژنی (٧٥) ساڵەی لەدایکبونمە، نوسی. پێش دوو هەفتە لە بڵاوکردنەوەی، رۆژنامەکانی سەنگاپورە کۆپلە کۆپلەیان لێ بڵاودەکردەوە، بریتی بوون لە باسکردنی روداوەکانی جیابونەوەمان لە مالیزیا. ئەمەش سەرۆکەکانی مالیزیای تورە کرد. لەلایەن خۆیانو راگەیاندنەکانیانەوە شۆرشێك لە رەخنەو هێرش دەستپێکرد کە گوایە "تەقدیر"ی تەنگژەی ئابوریم نەکردونو لەکاتی ئاستەنگی ئابوری مالیزیادا بیرەوەریەکەمم بڵاوکردۆتەوە. هەروا هەستی کارەکتەرە سەرەکیەکانی هەشتاکانم بریندار کردون..تاد.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا لێیان پرسیم: وتم، بە بیرەوەریەکەمدا چومەتووە لە راستیەکانیشم کۆڵیوەتەوە، وشەکانیشم بەدیقەت هەڵبژاردووەو گرەویشم لەسەر ناوبانگی خۆم لە راستگۆیەتی نوسینەکانم کردووە. دوای دوو رۆژ وەزیری بەرگریيان قەدەغەی کرد فرۆکە جەنگیەکانمان بە ئاسمانی مالیزیادا بسورێتەوە".(ل٣٣٩)

سەیرە! جیابونەوەی دوو گەل، کە بە رێکەوتنیش، رویداوە. مالیزیەکان زۆرترین بڕیاریان داوە، کەچی دوای چارەکە سەدەیەکیش هەر هەستیار بون بەرامبەر سەنگاپورە، بەتایبەتی سەرۆکەکەیان، چونکە لەخۆیان سەرکەوتوتر بووە.

لێرەدا.. سەرنج لەوە دەدەم، کە مەرج نییە، بە سەرکەوتنی ئابوریو تەکنەلۆژیو گوزەرانی خەڵکیش، رقی نەتەوایەتی لەناو بچێ. تەنها رقەکە کەمدەبێتەوە. بۆی هەیە، لە دۆخی سیاسی نەخوازراویشدا، بتەقێتەوە.

سەرۆکی سەنگاپورە، دەڵێ:

"کێشەی ئێمە ئەوەیە کە کاتی خۆی، پێش سەربەخۆیی، داوامان دەکرد مالیزیا مالیزیە بێ. واتا: مالیزیا نیشتمانی هەموو پێکهاتەکان بێ نەك تەنها هی مەلاویەکان".(ل٣٣٩)

لەسەر ئەم کێشەیە، کە مالیزیەکان بە لوتبەرزی، سەیری گەلانی تریان دەکردو زۆرتر پشتگیری مەلاویەکانیان لە هەموو بارێکەوە دەکرد، لە دوا ئەنجامدا بەخراپی لەناو خۆیاندا رەنگیدایەوەو دوچاری تەنگوچەڵەمەی ئابوری کردن. لەمبارەوە دەڵێ:

"مەهاتیر سەرۆکی مالیزیا سەرکردەی ئازا بوو دانی بە هەڵەکانی نا و گوتی:

لە رابوردودا، بەهۆی ئەوەوە کەسانی ناشایستەمان رادەهێنا، وڵات داهاتێکی زۆری بەفیڕۆ چوو. توانای ئەوانەی کە هەلی خۆپێگەیاندنو پەروەردەیان هەبووە، لەبەرچاو نەدەگرت..".(ل٣٤٠)

ئەمەیە، سیاسەتی هەڵە، بەرنامەی هەڵە، بەناوی نەتەوەی باڵادەستەوە، هەرچی پارەی بۆ تەرخان بکرێ، لەبەرئەوەی لەسەر بنچینەی نایەکسانیو نادادپەروەری سیاسەتەکە دانراوە، شکست دەخوات. دەرکەوت، ئەم سیاسەتە ئابوریە نەتەوایەتیە گۆشەگیرە، ئابوری مالیزیای دوچاری شکستی گەورە کرد. ساڵی ١٩٩٩ سەرۆکی مالیزیا بەتەواوی دانی بە هەڵەی سیاسەتی گۆشەگیری نەتەوەیی رابوردودا ناوەو بواری کردۆتەوە بۆ چینیو هیندیو پێکهاتەکانی تریش، سود لە سامانی وڵاتەکە بۆ پرۆژەی جۆراوجۆر وەربگرن.

تا ئێستاش، لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو ئازایەتیەی سەرۆکی مالیزیایان نییە. تا ئێستا، تورکو عەرەبو فارس.. نەتەوەی سەردەستەی سیاسی، ئابوری، یاساییو کولتوریشن!

بابەتی (۳۸)

سەرکەوتنی ئابوریی و ئامادەکاری عەسکەری "نەتەوە باڵادەستەکان کارەسات بە کارەسات دەسپێرن"

دوای سەربەخۆیی، جگە لە رقەبەرایەتیی و پاشماوەکانی دەمارگیری نەتەوایەتی، نەتەوەی سەردەست، چەکی جۆراوجۆری مەترسیداریش بۆ شکستپێهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی سەنگاپورە، بەکارهاتووە. بەڵام لەبەرامبەر هەموو چەکێکدا، سەنگاپورە چەکی بەهێزتری بەرەنگاری هەبووە. با لێگەڕێین سەرۆکی سەنگاپورە بەمشێوەیە رونیبکاتەوە:

"دوای جیابونەوەمان، مالیزیا لەو باوەڕەدا نەبون سەربکەوین. سێ شێوازی بۆ سەپاندنی ویستی مالیزیا دژمان بەکارهێنا؛ ١-فشاری عەسکەری. ٢-ئابوری. ٣-ئاو. بەرامبەر فشاری عەسکەری، هێزی ئاسمانی سەنگاپورەمان دروستکرد. لەبەرامبەر فشاری ئابوریشدا، لەڕێی پەیوەندیمان بە دەوڵەتە پیشەسازییەکان بەسەریاندا سەرکەوتین. وەلێ بۆ ئاو، بەرنامەی ترمان هەبوو، وەکو: عەمبارەکانی ئاومان ٤٠٪ لە ئاوەڕۆ پڕدەکردەوەو لەڕێی تەکنەلۆژیای نوێوە پاکمان دەکردەوەو سەرلەنوێ بەکارمان دەهێنایەوە".(ل٣٤١)

ئەگەر سەرنجی کێشەکانی مالیزیا و سەنگاپورە بدرێ، بەئاسانی دەردەکەوێ، ئەگەر ئەقڵی گەورەو پلانی ستراتیژیی و سەرکردایەتی لێوەشاوە هەبێ، دەتوانرێ پیلانەکانی دژەکان تێکبشکێندرێ. بەڵام ئەگەر، سەرکردایەتی دووربین نەبوو، پلانی ستراتیژی دانەڕێژرا، سەرکردایەتی لایەنەکان، لەبەر کێشەی کۆنو نوێو بەرژەوەندی تەسکی بنەماڵەو حیزبو دەستەگەری، پاساو بۆ هێزی جیاوازو ناوچەی جوداو دەروازە سنوریەکان بۆ گەندەڵی بهێننەوە، بێگومان، نەك حکومەتی ئازاد کراو، ناتوانێ بەرگەی پیلانەکان بگرێ، بەڵکو لەپڕ دوچاری هەرەس دەبێو ناچاری "پاشەکەوتی موچە"ش دەکرێ!

سەرۆکی سەنگاپورە، قامك دەخاتە سەر گەوهەری کێشەکان دوای کارو کاردانەوە، یان کای کۆن بە با کردن نەکەوتوە. رێكو رەوان دێژێ:

"هۆی بنەڕەتی کێشەکانمان کە دوبارە دەبونەوە، بۆچونە جیاوازەکانمانو جیهانبینی ناکۆکمان بوو بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵە فرە پێکهێتەکانمان".(٣٤١)

ئەوەتەی بەشەریەت هەیە، سێ کێشە، هەمیشە چارەسەرکردنیان، بە پاساوی بێبنەما، دواخراودو کارەساتیان لێکەوتۆتەوە:

یەکەمیان: کێشەی ئایینی، دووەمیان، کێشەی نەتەوایەتیو سێهەمیشیان: کێشەی چینایەتی-کۆمەڵایەتی. تا ئێستاش ئەم سێ کێشەیە، دوای زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، لەمو لەو وڵات، سەدان بارە دەبنەوەو کارەسات بە کارەسات دەسپێرن.

ئەم سەرۆکە، لەم وڵاتە دواکەوتوەی گەمارۆدراوەی بە داگیرکەرانی لە مێژوودا، وڵاتێکی سەرۆکایەتی کردووە کە لێوان لێو بووە لە کێشەی ئابوری، پێکهاتەی جیاوازو چەوسانەوەی چینایەتی. بە دیدی ستراتیژی دیموکراسی، هەموو کێشەکانی: ئایینی، سیاسیو کۆمەڵایەتی-چینایەتی چارەسەر کردووە. دیقەت بدەین چەند ڕێگایەکی نایابی دادپەروەری گرتۆتە بەر:

"لە سەنگاپورەدا کە دەستمان پێکرد، هەوڵماندا وڵاتەکەمان کۆمەڵێکی فرە ڕەگەزی پێکهاتوو بێ لە هاوڵاتی خاوەن مافی یەکسانیو هەلی ڕەخساوی چونیەكو دان بەوەشدا بنرێ کە بەشداری تاكو پاداشت کردنی لەسەر بنەمای توانامەندی بێ، بێ جیاوازی زمانو کولتورو ئایین. سەرەڕای کەمی سامانە سروشتیەکانمان، سەرکەوتینو هەموو هاوڵاتیەك سودی لە سیاسەتەکەمان وەرگرت. لەوانە مەلاوییەکانیش (مەلاوی نەتەوەی مالیزی باڵادەستن.. کە دژایەتی سەنگاپورەیان کردووە-نوسەر)".

لەکۆتاییشدا، لەم پەرەگرافەدا، دەڵێ:

"ئەم سەرکەوتنە سەنگاپوریەکان بیری لێدەکەنەوە کە کۆمەڵێکی گونجاوی یەکگرتووی دامەزراو لەسەر بنەمای توانامەندیو فرە ڕەگەزی، چۆن سەردەکەوێ، ئەمەش باشتر بوو لەوەی چینیەکان (چینی نەتەوەی سەرۆکەکان-نوسەر) باڵادەست بنو هاوئاهەنگیمان نەبێ".(ل٣٤٢)

ئەم سیاسەتە، لە سەنگاپورەدا، گومان لای مرۆڤی وشیار ناهێڵێ.. حکومەتەکانی ناوچەکە، چەند ستەمکارنو چۆنیش بە پاساوی نەژادی باڵادەستی تورکو فارسو عەرەب.. ئاینو مەزهەبو دەسەڵاتیان، بەدرێژایی مێژوو، کردۆتە دەمامکی ستەم لێکردنی پێکهاتەکانی تر. سەرەنجام، مێژوویەکی سیخناخیان لە تاوان کردۆتە میراتی وەچەکان.. تائێستاش!

بابەتی (٣٩)

"ئایدیۆلۆژییەت‌و سیاسەت، زۆرجار ناکۆکن"

کێشەیەکی گەورەی تری سەنگاپورە، ئەندەنوسیا بووە. ئەم وڵاتە (١٠٠ ملیۆن) سەرژمێریتی. هەمیشە لەناو خۆیدا، یاخیبونی چەکداری‌و ململانێی توند لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا هەبووە. بۆیە، پەیوەندی ئەندەنوسیاو سەنگاپورە، ماوەیەکی زۆر لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی بووە. قاچاخچیەکان، لە سەنگاپورەوە چەکیان بە قاچاخ گەیاندۆتە هێزە چەکدارەکانی (سومترەو سولاویسی). کاتێك سەرۆکی سەنگاپورە رابەری ئۆپۆزسیۆن بووە، بەڵێنی داوە ئەگەر لە هەڵبژاردندا حیزبەکەی بیباتەوە، سنور لە قاچاخچیەکان دادەخات. هەر واشی کردووە. پاشان داوەت کراوە سەردانی رەسمی جاکارتا-پایتەختی ئەندەنوسیا بکات، ساڵی ١٩٦٠ چووە، لەوێ چاوی بە سوکارنۆ-سەرۆکی ئەندەنوسیا کەوتووەو دیمەنێکی سەیر دەگێڕێتەوەو دەنوسێ:

"چاوم بە سوکارنۆ کەوت. جلێکی بێجی لەبەردا بوو، بە جۆرەها زمزیر رازێندرابوو. گۆچانی ماریشاڵی بەدەستەوە بوو. ئەو بەیانیە کەشی جاکارتا، گەرم‌و شێدار بوو. بەڵام سکارنۆ رازی نەدەبوو پانکە یان ساردکەرەوەی بۆ دابنێن. ئارەقی لەژێر کراسەکەوە دادەدا بۆ سەر چاکەتەکەی. منیش جلێکی ئاسایم لەبەردا بوو، نیشتبوومە سەر ئارەق".(ل٣٤٥)

لە دانیشتنەکەدا سوکارنۆ بۆی رونکردۆتەوە کە: سیستەمە سیاسیەکەیان دیموکراسی ئاڕاستەکراوە. بەڵام گەلی ئەندەنوسیا دەیانەوێ لەهەموو روویەکەوە شۆڕش بکرێ. لە ئابوری‌و روناکبیریشدا. دیموکراسی رۆژئاوا بەهیچ شێوەیەك بۆ ئەندەنوسیا ناگونجێ. ئەم قسەیەی لە وتارەکانی رابوردویدا هەمیشە دووبارە دەکردەوە. لە قسەکردنی سوکارنۆ نائومێد بوم‌و تۆکمەیی‌و هێزی ئاخاوتنی نەبوو.(ل٣٤٦)

سەرگوزشتەیەکی سەیری تر لە ئوتێل دەگێڕێتەوەو دەنوسێ:

"لە هوتێل دیزاند لە جاکارتا دابەزین. بەداخەوە کە شەو باران باری لە بنمیچەکەوە دڵۆپەی دەکرد. دەستبەجێ، کارگوزارەکان کە بەو دیمەنە راهاتبون، قاپیان هێنا بۆ دڵۆپەکان. کاتێك دەرگاکەم کردەوە، چوارچێوەو دەرگاکە کەوت".(ل٣٤٦)

لەوەش سەیرتر، دەڵێ:

"بە فڕۆکەکەی سەرۆك، سەفەرمان بۆ شارێکی تر کرد. فڕۆکەکە دیاری شورەوی بوو. سەعاتی ڕێڕەوی فڕۆکەکە تێکچووبوو. ئەمەش، متمانەی منی بە تەکنەلۆژیای روسیاو توانای چاکسازی ئەندەنوسیا لەقاند". (ل٣٤٧)

لەم سەفەرەدا لەگەڵ (دجواندا)ی سەرەکوەزیرانی ئەندەنوسیا قسەیان زۆر کردووە. دەڵێ پێم وت:

"خوا ئەندەنوسیای خۆشویستووە کە سەرزەمینێکی بەپیتو فەرو کەشێکی سازو سامانێکی زۆری پێبەخشیوە. بە ماتیەکەوە سەیری کردمو گوتی: خودا لەگەڵمانایە.. بەڵام خۆمان دژی خۆمانین.

ئەم وڵاتە کە سەرزەمینی دەوڵەمەندو (١٠٠ ملیۆن) هاوڵاتی هەبووە بۆ هێزی بەرهەمهێنان.. بەڵام حکومەتی خراپی هەبووە. هەمیشە لە کێشەو شەڕو بەدبەختیدا ژیاوە. بۆیە، کۆمۆنیستەکان ویستویانە حکومەت بگرنە دەستو بە تومەتی کودەتا، سوپاکەیان هێرشی کردۆتە سەر کۆمۆنیستەکانو بەشێوەیەکی دڕندانە، ئەفسەرە ئازادیخوازەکانیان کوشتووەو (٥٠٠ هەزار)یشیان لەناوبردون".(ل٣٤٩.

ململانێ لەنێوان سەنگاپورە، ئەندەنوسیاو گەلی وڵاتی تری باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، دژی پارتی کۆمۆنیستەکان بەردەوام بووە. ئەمان دژی چینو پارتەکانی ڕێبازی چین بون. تەنانەت لەگەڵ ڤێتنامو لاوسیش نەبون کە پارتی کۆمۆنیست رابەرایەتی دەکرد. بەڵام کاتێك (تەیموری رۆژهەڵات) لە ئەندەنوسیا جیاکرایەوە، سەنگاپورە لایەنگری جیابونەوەیان بوو، گەرچی ئەندەنوسیا زۆریش لەم هەڵوێستە توڕە بون. واتا: سیاسەتو هاوکێشەی ئیقلیمی تێکەڵاوی ئایدیۆلۆژیا نەکراوە. ئەمەش سیاسەتێکی دروست بووە. ناکرێ هەموو پێوەرەکان لە روانگەی ئایدیۆلۆژیەوە سەیر بکرێن.. ئایدیۆلۆژیەت، زۆر جار، لەگەڵ رووداوە سیاسیەکاندا، ڕێك نایەتەوە!

بابەتی (٤٠)

"ئابوری سەرکەوتوو، کێشە سیاسییەکان چارەسەر دەکات"

پەیوەندی سەنگاپورە و ئەندەنوسیا، هەمیشە لە هەڵبەز و دابەزدا بووە. هێندە هەستیار بووە، تەنانەت لە یاریەکی تێنسی سەر مێزیشدا، نێوانیان ئاڵۆزاوە. سەرۆکی سەنگاپورە بە پشویەکی دیموکراسیەوە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کاربەدەستو سەرۆکی ئەندەنوسیادا کردووە. بەڵام بنەمای ئەم پشووە دیموکراسییە، ئابوری هاوچەرخ بووە. لەمبارەوە نمونەیەك بەمشێوەیە دەهێنێتەوە:

"سوهارنۆ (سەرۆکی ئەندەنوسیا دوای سوکارنۆ-نوسەر) دەیویست دورگەی (باتام) پەرە پێ بدات. دورگەیەك بوو (٢٠-کم) لە باشوری سەنگاپورە دوور بوو. ساڵی ١٩٧٦ پێشنیازی کرد هاوکاری ئەندەنوسیا بکەین. ژێرخانی دورگەکە لاواز بوەو تەنها خەڵکێکی کەمی ماسیگر تیایدا دەژیان. راوێژارەکەی ناردە لام بۆ پەرەپێدانی دورگەکە. هانم دا سەنگاپورە وەکو بزوێنەر بەکاربهێنێ. بەڵام رونیشم کردەوە کە (باتام) ژێرخانی بنەڕەتی پێویستە وەکو: رێگاوبان، ئاو، هێزی کار، پەیوەندی بێسیمو لاسلکی.. هەروا کۆسپەکانی بەڕێوەبەرایەتی لاببرێ.

چەند ساڵێکی ویست.. هەتا وەبەرهێنەران تێگەیشتن لە (باتام) چ پرۆژەیەکی سودمەند پێویستە. سوهارنۆم رازی کرد کە وەبەرهێنەرانی بێگانە سەد دەر سەد پێویستە ببنە خاوەنی موڵكو وەبەرهێنان، بەڵام تەنها بۆ (٥ ساڵ)، دوای ئەوە ئەندەنوسیەکان بکەنە هاوبەشیان".(ل٣٦١)

ئەو سیاسەتە ئابورییە، تەنها لە کۆمپانیاکانی هاوبەشی سەنگاپورە-ئەندەنوسیادا، بووە بە خاوەن (١,٥ ملیار دۆلار)و (٧٤ هەزار) کەسی خستۆتە کار.

لێرەدا ، وردە وردە، ئەندەنوسیەکان تێگەیشتون، سەنگاپورە، ستراتیژەکەی پەرەسەندنی ئابوریە.. نەك جەمسەرگیری ئایدیۆلۆژیو لایەنگری چین دژیان. ئیتر ئەندەنوسیا، تەواوی بەندەرەکانی بۆ پاپۆڕەکانی سەنگاپورە کردۆتەوەو رێسای هەناردەو هاوردەشی ئاسان کردۆتەوە. ئەم سیاسەتە، سەهۆڵبەندانی نێوان چینو ئەندەنوسیاشی تواندۆتەوە، ١٩٨٩ پەیوەندی دیپلۆماسی هەردوو دەوڵەتەکە ئاسایی بۆتەوە. سەنگاپورەش هەروەها.

ئەمەیە، کاریگەریو پەرەسەندنی ژێرخانی ئابوری.. کە زۆر زیاتر لە سیاسەتو ئایدیۆلۆژیا ئابوری دەتوانێ کێشەی گەلانو دەوڵەتان چارەسەر بکات. سەرۆکی سەنگاپورە، پەرەگرافێکی جوان دەنوسێو دەڵێ:

"چەند رۆژێك پێش وازهێنانم، چاوم بە سوهارتۆ کەوت کە هاتبوو بۆ بەشداری مەراسیمی لەسەر تەخت نشتنی ئیمپراتۆریەتی ژاپۆن لە نۆڤەمبەری ١٩٩٠. هاوسەرەکەی باوەڕی نەدەکرد کە لەکاتێکدا سێ ساڵ لە مێردەکەی بچوکترمو تواناشم زۆرە، کەچی دەست لە سەرۆك وەزیران بەردەدەم. بۆم رونکردەوە کە: سەنگاپورە قەت گۆڕینی سەرۆك وەزیرانی نەدیووە. باشتر وایە، بە سەربەستی خۆم، لەکاتێکدا دۆخەکە تەواو لەبارە، واز بهێنم".(ل٣٦٣)

ئا ئەمەیە تێگەیشتن لە دیموکراسیو قوڵبونەوە لە تەواوبونی ئەرکی رابەری هەڵکەوتوو.. نەك، پیلانگێڕانو مل شکاندنی یەکتر بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتی سەرۆکایەتیو حوکمڕانی.. هەتا هەتایە.. وەکو هەندێك سەرۆکی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی پەیڕەوی دەکەن.

بابەتی (٤١)

"گەندەڵی سەرۆك‌و کوڕەکانیان، سەریان دەخوات"

ئەندەنوسیا، وڵاتێك نەبووە، لە هیچ بارێکەوە سەقامگیر بێ. مەترسیدارترین دیاردەش، عەسکەریەکان‌و گەندەڵی بووە، لەو وڵاتەدا.

کاتێك، وڵاتێك، قەیرانی ئابوری هەبێ‌و لەناو روداوی نەخوازراوی ناوچەییدا، پێگەیەکی مەترسیداری هەبێ، هەمیشە، هەڵبژاردنی پۆستە هەستیارەکان مەترسیدارن. لەمبارەوە سەرۆکی سەنگاپورە دەنوسێ:

"بڕیارەکانی ئەم دواییە بۆ پلە عەسکەریەکان‌و پۆستە وەزاریە سەرەکیەکان کەسوهارنۆ لە شوبات‌و ئازاری ١٩٩٨ پەسەندی کردن، مەترسیدارترین بڕیاری کارەساتباری سوهارنۆ بوو، دەریخست هەڵە لە دۆخەکەو روداوەکان تێگەیشتووە. (بی.جی. حەبیبی) کردە جێگری سەرۆك‌و سوهارنۆ لەو باوەڕەدا بوو کەس لە ئەندەنوسیا پیلان ناگێڕێ. وەزارەتەکانی تر لەنزیکەکانی خۆی‌و مناڵەکانی بون. مەترسیدارترین هەڵە دانانی جەنەراڵ (ویرانکۆ) بە سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان بوو".(ل٣٥٢)

ئەو بڕیارانە، باری ئابوری ئەندەنوسیای تێکدا و دۆخی سیاسی شڵەژاند، راپەڕین دەستیپێکردوە، سەرەنجام، ئەو سەرۆکەی پێی وا بوو، کەس جێگرەوەی نییە و پیلانی لێ ناگێڕن، بەڵام یەکە یەکە هاوڕێکانی وازیان لێهێناو داوایان کرد سەرۆکەکەیان کە دانیابون لە پۆستەکاندا، واز لە سەرۆکایەتی بێنێ. سەرەنجام ئەو سەرۆکەی ئەندەنوسیای لە وڵاتێکی هەژارەوە کردە پڵنگی ئاسیا، ناچار بوو واز بێنێ.

ئینجا، ئەم سەرۆکانە، کە لێیان دەقەومێ، دڵیان نایەت وڵاتەکەیان لەبەر سامانەکانیان جێبێڵن. پارەی نەخدینەو موڵکیان بە (٤٠ ملیار) دۆلار دانراوە. بەڵام دوای داشکانی دراوی ئەندەنوسیا لە قەیراندا، ئەو سەروەتە بۆتە (٤ ملیار) دۆلار. سەرۆکی سەنگاپورە لەسەر تێکشکاندنی سوهارنۆ دەنوسێ:

"دوای (٣٢) ساڵ لە سەرۆکایەتی، هەڵنەهات، تێنەگەیشتم مناڵەکانی ئەم هەموو سەروەتەیان بۆچی بوو؟ ئەگەر ئەم تالآنەیان نەکردایە، سوهارنۆ شوێنێکی شیاوی لە مێژووی ئەندەنوسیادا دەبوو".(ل٣٥٥)

ئەم سەرۆکە، کە گەندەڵی مناڵەکانی سەریان پێ شۆڕ کرد، زۆرجار لەلایەن دۆستەکانیەوە پێی وتراوە، ئاگای لە هەڵپەی کوڕو کچەکانی بێ کە تێرناخۆن لە داهات‌و دەستکەوت. بەڵام گوێی نەگرتبوو.

ئەمە مێژووە. ئەمەش دادگای مێژووە. بەدڵنیاییەوە، (٣٠) ساڵ لەمەوبەر سەرۆکێك ئاوها رسوا بوبێ،

لەم سەردەمی سۆسیال-میدیادا، گەندەڵکاران زوتریش رسوا دەبن. مێژوو هەمیشە دادگای کراوەیە.. هەمیشە سزای دادگا ئامادەیە!

بابەتی (٤٢)

"گەندەڵیو تەزویری هەڵبژاردنو شکستی سەرۆکی فلیپین"

فلیپین، بەهۆی (مارکوس)ی سەرۆکی وڵاتەکەو ژنو منالەکانیەوە، نوقمی گەندەڵی کرابوو. خەڵك لە حکومەتەکەو سەرۆکەکەی ئەتەکیەوە؛ ئۆپۆزسیۆن دژی گەندەڵیو حکومەتی بنەماڵەی ستەمکار، بەهێز بوبوو. "ئەکینۆ" وەکو کاریزمای دژایەتی حکومەت دەرکەوتبوو. مارکوس، ئەکینۆی گرتبوو. لەژێر فشاری خەڵکدا ئازادی کردبوو. رێیان داوە بچێتە ئەمریکا. کاتێك باری ئابوری فلیپین تێکچووبوو، ئەکینۆ بڕیای گەڕانەوەی داوە. ژنەکەی (مارکوس) هەڕەشەی لێکردبوو. کاتێك فڕۆکەی ئەکینۆ لە فڕۆکەخانە دابەزیبوو، تەقەی لێکراوەو کوژراوە. سەرەنجام، سەرۆکی سەنگاپورە دەڵێ:

"شەپۆلی ناڕەزایی لەسەر کوشتنی ئەکینۆ، گەیشتە ئەوەی تەواوی بانکەکان قەرزیان لە فلیپین راگرت. لەوکاتەدا قەرزی وڵاتەکەی گەیشتبووە (٢٥ ملیار) دۆلار. مارکۆس گەیشتە رۆخی موفلیسی".

هەروەها دەڵێ:

"دوای ماوەیەکی کەم مارکوسم بینی. تەواو دیمەنی گۆڕدرابوو. رەنگی هەڵبزرکابوو. بە دژواری هەناسەی دەدا. دەنگی کز. چاوی دەرپەڕیبوو. قژی هەڵوەریبوو. ئەمبولانسێکی تایبەتی لەگەڵیا بوو، بە تیمێکی پزیشکی چارەسەریان دەکرد".(ل٣٧٥-٣٧٦)

هەڵبژاردنێك کراوەو راگەیەندراوە کە مارکوس بردویەتیەوە. بەڵام کوڕی ئەکینۆ (هاوسەری ئەکینۆی کوژراو-نوسەر) گومانی خستە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنو یاخیبونی مەدەنی راگەیاند. وەزیری بەرگری دەستی لە سەرۆکەکەی هەڵگرتووەو دانی پیادا ناوە کە تەزویر کراوە. سەرکردەی پۆلیسیش هەمان هەڵوێستی وەرگرت. خۆپیشاندانی گەورەی خەڵك، دیکتاتۆریەتی روخاند.

لە درێژەی ئەم قسانەدا، سەرۆکی سەنگاپورە دەنوسێ:

"لە شوباتی ١٩٨٦ مارکوسو هاوسەرەکەی بە کۆپتەرێکی ئەمریکی هەڵهاتن بۆ بنکەیەکی ئاسمانیو لەوێوە بۆ هاوای. ئەم میلودراما هۆلیودیە تەنها لە فلیپیندا رودەدات".(ل٣٧٧)

کێشەی فلیپین، دوای ئەو روداوانەش، بەتایبەتی قەرزو قەیران، هەر ماونەتەوە. کاتێك سەرۆکی تر سەردەکەوێ، سەرۆکی سەنگاپورە لە کۆنگرەیەکدا وتویەتی:

"لەو باوەڕەدا نیم، دیموکراسی بە زەرورەت دەبێتە مایەی نشونما. پێموایە هەموو وڵاتێك ئەوەی پێویستێتی بۆ گەشەپێدان، دیسپلینە نەك دیموکراسی".(ل٣٧٩)

گەندەڵی، ئەنجامەکەی قەیرانە. قەیرانیش کە چارەسەر نەکرا، ئەنجامەکەی خۆپیشاندانو ڕاپەڕینە. کە ڕاپەڕینیش سەرکەوت، سەرۆکی گەندەڵو هاوسەرو دەستوپێوەندەکانی سەرشۆڕانە هەڵدێن. ئەوەتەی دەسەڵات هەیە، گەندەڵی وەکو دزێوترین ڕوداوی ئابوری، دوبارە دەبێتەوەو سەرۆکە گەندەڵەکانیش سەرشۆڕ دەبنو هەڵدێن. کەچی، نە گەندەڵی تا ئێستا کۆتایی هاتوەو نە سەرۆکە گەندەڵەکانیش دەرس لە سەرۆکە سەر شۆڕشەکانی پێشویان وەردەگرن.

هەتا وڵاتانی گوزەری دیموکراسی، پێشنەکەون بۆ قۆناغی باڵای دیموکراسیو سەروەری یاساو ژیانی کۆمەڵایەتی مەدەنی خاوەن ڕای گشتی وشیار، ئەو بەسەرهاتانە سەبارەت بە گەندەڵیو سەرۆکی هەڵهاتوو، بەردەوام دەبێ. دوا نمونەشمان، سەرۆکەکانی سودانو جەزائیرو یەمەنو پێشتریش میسرو لیبیایە.. کاروانیش بەردەوامە!!

بابەتی (٤٣)

"فڕاندنی فڕۆکەیەکی ڤێتنامیو تەسلیم نەکردنی ڕفێنەرەکان"

سەنگاپورە، وڵاتێکی دیموکراسی ئارام بووە. چەند دژی کۆلۆنیالیزم بون، بەو ئەندازەیەش، دژی کۆمۆنیستە پەیڕەو چینەکان، هەڵوێستیان هەبووە. واتا: ڕێگەیان نەداوە، پرۆسەی بونیاتنانی دیموکراسی، بە پاساوی پێشوەخت سەپاندنی سۆسیالیزم، بشێوێندرێ.

دوای ڕزگارکردنی ڤێتنام بە دوو ساڵ، فڕۆکەیەکی کۆنی ڤێتنامی دەڕفێندرێو ناچار دەکرێ لە سەنگاپورە بنیشێتەوە. سەرۆکی سەنگاپورە لەمبارەوە ئاوهای چارەسەر کردووە:

"نەمانتوانی ڕێگەی پێ نەدەین لە بنکەی (سیلیتار)ی ئاسمانی نەنیشێتەوە. ڕێگەشمان دا ڤێتنامیەکان دەستەیەکی نوێی فڕۆکەوان بنێرنو دەستە فڕۆکەوانە کۆنەکانو سەرنشینەکانیش، دوای سوتەمەنی پێدانو پشکنینی تەکنیکی فڕۆکەکە، بگەڕێنەوە. فڕێنەرەکانیشمان دوای دادگایکردنو ساغکردنەوەی تومەتەکانیان، لە دادگادا (١٤) ساڵ زیندانیان بەسەردا بڕا.

ڤێتنام، هیچ تێچوونێکی گرفتەکەی نەدا. بەڵکو زنجیرەیەك هەڕەشەی بۆ ناردین کە ئەگەر فڕێنەرانیان تەسلیم نەکەینەوە، خراپ دەشکێتەوە سەرمان. پێویست بوو سور بین لەسەر هەڵوێستەکانمانو تەسلیمی هەڕەشە و ترساندنیان نەبین، چونکە کێشەکانمان بەوشێوەیە چارەسەر ناکرێ".(بڕوانە ل٣٨٥)

سەرۆکی سەنگاپورە، لەو کەسانە نەبووە، ملکەچ بکات بۆ هەڕەشە. خۆڕاگرو پشوو درێژ بووە. کاتێکی باشی داوە بە کێشە سیاسیەکان، هەتا ڕێگەی چارەسەر دۆزراوەتەوە. پەلەپەلکەر نەبووە. بە قسەی خۆش فریو نەدراوە و بە هەڕەشەیەکیش، هەڵنەچووە. ئارام ئارام، بەرنامەو بڕیارەکانی جێبەجێ کردووە. با دیقەت بدەین ئەو قسانەمان چۆن دەسەلمێنین؛ سەرۆکی ئەم وڵاتە لەسەر خۆبەگەورەزانینی ڤێتنام دەنوسێ:

"ڤێتنامیەکان بە زۆرزانیەوە، مەترسیەکانی وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ئارەزووی دۆستایەتیان، قۆزتەوە. تانەو تەشەریان لە میدیاکانیاندا، بریندارکەرو ڕوشکێن بوو. بەش بەحاڵی خۆم هەستم کرد قورسە سەرکردەکانیان تەحەمول بکرێ. بە خۆیان دەنازی کە ڤێتنام (بروسیا)ی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە".(هەمان لاپەڕە)

ئەم خوێندنەوەیە، دەرونشیکاریەکی قوڵە، بۆ سیاسەتی دوای سەرکەوتنی قارەمانانەی ڤێتنام. بەڵام قارەمانێتی، تەنانەت سەرکەوتن بەسەر ئەمریکاو فەرەنساش، ناکرێ پاساو بێ لە پەیوەندی دیپلۆماسیدا، سیاسەتی خۆ بەزلزانین زاڵبکرێ. دیپلۆماسیەت، لەسەر بنەمای رێسای شارستانیو ئەتەکێتی سیاسی دادەنرێ، نەك بەهۆی قارەمانێتیەوە. ئەم ئەقڵیەتەی ڤێتنام، لە یەکەمین سەرداندا ئەوها زەق دەبێ:

"سەرەنجامی ناکۆکیان لەگەڵ چیندا، نێردەی دیپلۆماسیان بۆ کۆڕبەندی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا نارد. جێگری وەزیری دەرەوەیان نامەی ئاشتی هێنابوو، کە سەردانی ناوچەکەی کرد. سەرەتا نەیدەویست سەردانی سەنگاپورە بکات. بەڵام لە تەموزی ١٩٧٦ رای گۆڕیو گوتی: ڤێتنام دەست وەرناداتە کاروباری وڵاتانی ترەوە. هێڵێکی یەکلاکەرەوەشی لەنێوان گەلو حکومەتی کۆماری ڤێتنامی سۆسیالیستیدا کێشا. گوتی: گەلی ڤێتنام پشتیوانی کێشەی رەوای گەلانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا لەپێناوی سەربەخۆیاندا دەکات. بەمەش مەبەستی کۆمۆنیستە یاخیەکان بوو. بەڵام حکومەت دەیەوێ پەیوەندی لەگەڵ ئەم حکومەتانەدا ببەستێ. تێمگەیاند کە ئەم دیپلۆماسیەتە ئەڵەقو مەڵەقە، پرسیارەکانمان لە مێشکدا ناسڕێتەوەو ئەم راڕەوە دووفاقیە جگە لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی هیچی دیکە نییە".(ل٣٨٦)

ئەمەیە زیرەکیو ئەمەشە چۆکد دانەدان بەرامبەر فشاری وڵاتێکی گەورە. هەروەها، وشیاری سیاسیشە کە سیاسەتی دووفاقی بەسەر سەرۆکی سەنگاپورەدا تێنەپەڕیوە. حکومەتو گەل، لە رێسای دیپلۆماسیدا لێك جوێ ناکرێنەوە. نە ئەم فێڵە سەریگرتوەو نە هەڕەشەی وڵاتێکی گەورەی وەکو ڤێتنام بۆ رادەستکردنی فڕۆکەوانەکان.. یاسای نێودەوڵەتی رێگە نادات، پەنابەر رادەست بکرێتەوە. چونکە بە تاوان ئەژمار دەکرێ.

بابەتی (٤٤)

"ڤێتنام.. بە غرورەوە داوای هاوکاری دەکات!"

سەرکەوتنی عەسکەری، غروری سیاسی بەدواوەیە. ئەگەر هەر دەوڵەتێك کە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە ڕزگاری دەبێ، دەستبەرداری غروری سیاسیو شانازیکردن بە قارەمانێتی نەبێ، ناتوانێ پەیوەندی ئابوریو سیاسیو دیپلۆماسی، بە زۆرەملێ، ببەستێ. تەنانەت لەگەڵ دەوڵەتی بچوکی وەکو سەنگاپورەش. با دیقەت بدەین، سەرۆك وەزیرانی ڤێتنامو سەرۆکی سەنگاپورە، چۆن لەمبارەوە، گفتوگۆیان کردووە. دەنووسێ:

"سەرۆك وەزیرانی ڤێتنام، وتی: لە توانای سەنگاپورەدایە لە بونیاتنانەوەی ڤێتنامدا بەشداری بکات. کاتێك بە نوازشەوە ڕەتمکردەوەو ئاماژەم بەوەدا کە دەبێ لەبەرامبەر شمەكو خزمەتەکانمان، دەستکەوتمان هەبێ، بە ڕاشکراویو توندی وتی: ئابوری ڤێتنام پەرەی نەسەندوەو بواری بازرگانیش دیاریکراوە. وتیشی: سەنگاپورە لە جەنگی ڤێتنام سودی وەرگرتووە، کاڵای جەنگی فرۆشتووە بە ئەمریکا، بۆیە ئەرکێتی یارمەتیمان بدا. بێزم لەم هەڵوێستە لوتبەرزییە هاتەوە کە هاندەری جەنگیشە".(ل٣٨٨)

ئەم لوتبەرزییە، هەتا سەر بۆ ڤێتنام نەچۆتە سەر. بۆیە ساڵی ١٩٩١ سەرۆك وەزیرانیان (کیت) سەردانی سەنگاپورەی کردووەو لە خوانێکی ئێوارەدا، سەرۆکی سەنگاپورە، سەرەڕای ئەوەی وازی لە پۆستەکەی هێنابوو، ئامادە بووە. دەڵێ:

"هەڵسا و بەرەو لام هاتو دەستی گرتم، هەروەکو دەست لەملکردنی کۆمۆنیستانە بوو. گوتی: دەتوانی هاوکاری ڤێتنام بکەی. وتم: چۆن؟ وتی: ببیتە ڕاوێژکاری ئابوریمان. یەك وشەم نەگوت. هەمیشە لەکاتی داگیرکردنی کەمبۆدیادا، هێرشی توندیان دەکردە سەرم. کاتێك هۆشم هێنایەوە سەرخۆم، پێمگوت: ئەزمونی من لە شار-دەوڵەتدا چڕبۆتەوە تاقیکردنەوەم سەبارەت بە وڵاتێکی گەورەی پەنجا ملیۆنی وەکو ڤێتنام کەمە، کە ساڵەها جەنگ دایڕزاندووەو سیستەمێکی کۆمۆنیستیشی هەڵبژاردووە کە پێویستە وەربگێڕدرێتە سەر بازاڕی ئازاد. سور بو لەسەر داواکەیو دوو نامەشی لەمبارەوە بۆ ناردم".(ل٣٨٩)

ئەمەیە، سیاسەتو ئەمەشە حوکمی ئابوری. دەسەڵات بە ڕۆمانسیەتی کۆمۆنیستی بەڕێوەناچێ. ڤێتنام، ئەو وڵاتە ئەفسانە ئاسای قارەمانێتی، دوای غروری سەرکەوتن، ئاڵای سپی بۆ ئابوری ئازاد بەرزدەکاتەوەو ئەو سەرۆکەی سەنگاپورە، کە هەمیشە، میدیای ڤێتنامی بە کۆنەپەرستو بەکرێگیراوی

ئەمریکایان لەقەڵەم داوە، سەرۆك وەزیرانی ڤیێتنام، هانای بۆدێنێ، وەکو راوێژکار هاوکارییان بکات، بەڵکو ئابوری ڤیێتنام لە داتەپین بەرەو ئابوری ئازادی بازاڕ، رزگار بکات.

دەرکەوتووە، خەباتی شۆرشگێڕانە، راستە شەرەفێکی گەورەیە، بەڵام ستراتیژی خەباتی چەکداری، زۆر زۆر جیاوازە لە ستراتیژی خەباتی شارستانیو بونیاتنانی ژێرخانی ئابوریو سیستەمی دیموکراسی. ژێرخانی ئابوری ئازاد، هەرگیز بە حکومەتی کۆمۆنیستی نایەتەدی.. بۆیە چین، رێگەی دا سەدان هەزار کۆمپانیای سەرمایەداری بڕژێنە بازاڕەکانی چین.

لە بەشی ئایندەشدا دێینەوە سەر هەمان بابەت.

بابەتی (٤٥)

"سەرکردە ڤێتنامییەکان، قسە ناسکو ژاراویین!"

دوای ١٩٧٥، دۆخی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، هەتا هاتووە گۆڕدراوە. ڤێتنامو لاوسو کەمبۆدیا، سەرکەوتون. شۆڕشی بەناو ڕۆشنبیری چین، شکستی خواردووە. وڵاتانی تازە بونیاتنەری دیموکراسی (تایوان، سەنگاپورە، مالیزیا، هۆن کۆنگ) توانیبویان تواناکانیان بخەنە چوارچێوەی پرۆژەی ستراتیژی بوژانەوە.

لەبەرامبەریاندا، کاریگەری هەژمونگەری چینو دەوڵەتانی شۆڕشگێڕ، لە حوکمڕانیدا، دەگۆڕدرا. لەکاتی خەباتدا، کاریگەری ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕانەیان لەسەر، وڵاتە پەرەسەندوەکانی دیموکراسی، زۆر بووە، بەڵام کە هاتونەتە سەر حوکمڕانی، بەرە بەرە، ئەو هەژمونگەرییە سست بووە. سەنگاپورە، یەکێك بووە لەو وڵاتانەی نەك بەرامبەر چینو ڤێتنامو ماننەدەکانیان، بەڵکو بەرامبەر ئەندەنوسیاو مالیزیاو وڵاتانی تریش، سەربەخۆییەکی ژیرانەی هەبووە. سەرەنجام، هەر وڵاتێك هەڵەی بەرامبەریان کردبێ، بەخۆیدا چۆتەوەو داوای پەیوەندی باشی لەگەڵدا کردوون. ڤێتنام یەکێکە لەو وڵاتانە. بەڵام بە قۆناغ نێوانیان ئاسایی بۆتەوە. لەمبارەوە، سەرۆکی سەنگاپورە، گەرچی دەستیشی بە دڵخواز لە سەرۆکایەتی کێشابوەوە، دوای سەردانی بۆ ڤێتنام لەسەر داوای خۆیان، ئاوا دەنوسێ:

"لە بیرخەرەوەکەم بۆ حکومەت، پێناسەی ڤێتنامم بە داڕزاو کرد. شاری هۆشی مینە دەیتوانی کێبەرکێ لەگەڵ بانکۆکدا بکات؛ بەڵام ئێستا ١٩٩٩ بیست ساڵ لەوان دواکەوتوترن. هەستم کرد خەڵك لەم دۆخەدا متمانەیان بە سەرکردەکانیان نەماوە. سەرکردەکانیشیان متمانەیان بە سیستەمەکەیان نەماوە. بەڵام ڤێتنامیەکان گەلێکی چالاکی زیندووی زیرەکن (لەبنەڕەتدا کۆنفوشیوسین) واشم بینی (٢٠-٣٠) ساڵیان گەرەکە سەرلەنوێ هەڵبسن".(ل٣٩١)

ئەو قسانە، بۆ هەموو شۆڕشگێڕێکی سەردەمی خەباتی چەکداری، کە قۆناغ بۆ بونیاتنانی دیموکراسی، دەگۆڕدرێ، هەقە، لە بارەگای حیزبە شۆڕشگێڕەکاندا، کە هێشتا ناتوانن جیاوازی خەباتی شاخو شار بکەن، هەڵبواسرێ. بۆئەوەی جیاوازی ئەو دوو خەباتەو دەربەستی ئایدیۆلۆژی بزانرێ لە ژیانی حیزبایەتیو بونیاتنانی دیموکراسیدا، فەرموون بزانن چی تر دەنوسێ:

"چاووم بە کیتو ئەمینداری گشتی پارتی کۆمۆنیست (نیغوین فان لنیە) لە شاری هوشی مینەدا بە وردی کەوت. هەردوکیان جەختیان کردەوە کە خەریکن کادرەکان بۆ ئابوری بازاڕ و دەربازبون لە بیروباوەڕی هەڵەی مارکسیزم رادێنن".(ل٣٩١)

ئەم پەرەگرافە، قسە زۆر هەڵدەگرێ. پوختەکەی ئەوەیە کە بەستەڵەکی ئایدیۆلۆژی لە بونیاتنانی دیموکراسیدا هەڵەیە. تا ئێرە باوەڕم بەو بۆچونە هەیە. بەڵام مارکسیزم هەمووی هەڵە بوبێ، یان هەڵە دەرچوبێ، ئەمەیان مشتومڕ زۆر زۆر هەڵدەگرێ.

فەلسەفەیەك، ئابوریە سیاسیەکەی ئێستاش لە زانکۆکانی جیهاندا، بەرامبەر ئابوریزانە گەورەکانی جیهان بخوێنرێتەوە؛ بەشە دیالکتیکیەکەی، میتۆدی زانستی زۆرترین نوسەری جیهان بێ.. بنچینەکانی مانیفێستی کۆمۆنیستی لەسەر کارو سەرمایە، لەسەر سەرمایەداریو پێشبینی بۆ دۆخی جیهانگیری، لەسەر بنەمای ئابوری، دروستبوبن، لەسەر میتافیزیکیزم، رەخنەی قوڵ گیرابێ.. ئیتر چۆن سەراپای فەلسەفەکە، هەڵە بووە. بەڵێ..

مەتریالیزمی مێژوویی، بنچینەی هەموو چەشنە خەباتو روداوە کۆمەڵایەتیەکان دەرنەچوو. بەڵێ.. دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، راست نەبوو.. بەڵێ سۆسیالیزم پێش بونیاتنانی دیموکراسی لە هەمو بارێکەوە مەحاڵە.. بەڵام ئەو رەخنانە، لە لایەنە نەگەتیفەکانی مارکسیزم (لینینیزم زیاتریش رەخنە هەڵدەگرێ) لایەنە پۆزەتیفەکانی ناکرێ بکرێنە قوربانی رقی ئایدیۆلۆژی، تەنانەت لەم قۆناغە سەرکەوتوەی دیموکراسیشدا.. چونکە، ئاسۆی روداوەکان، راستیگەلی چینایەتیو گۆڕانکاری دادپەروەری زۆری تریان، بەبەرەوەیە. بەتایبەتی لەدوای پەتای کۆرۆناوە، رێبازی دادپەروەری چەپەکان بەرەوی زیاتر پەیدا دەکەن.. راسیزمەکان لە پاشەکشەدا دەبن.. هەروا، پۆپۆلیستەکانیش!

بابەتی (٤٦)

"ئابوری: سەرێکی زانستە و سەرێکی مافیایە!"

لەسەر ڤێتنام، سەنگاپورە، سیاسەتێکی نەرمو بەرنامەی درێژخایەنیان هەبووە. ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستی، بەربەستی دروستکردنی پەیوەندیەکی باش نەبووە لەنێوانیان. لەمبارەوە، لەدرێژەی پەیوەندیەکانیاندا، بۆ پەرەپێدانی ئابوری ڤێتنام، دەنوسێ:

"ویستیان داوودەزگاکانیان بفرۆشنە کرێکاران، یان کەرتی تایبەتی؛ بۆم رونکردنەوە کە ئەم رێگایە یەکلاکەرەوە نابێ بۆ: لێوەشاوەیی بەڕێوەبردن. هێڵی ئاسمانی سەنگاپورە سەد دەرسەد موڵکی دەوڵەتە، کەچی سەرکەوتوەو بەتوانایە و سودبەخشیشە. چونکە کۆمپانیاکانی جیهان کێبەرکێی لەگەڵدا دەکەن. ئێمە هیچ کۆمەکێکی حکومەتی ناکەین؛ ئەگەر سودی نەبێ دایدەخەین. ئامۆژگاریم کردن کەرتە تایبەتیەکانیان لە رێگەی راکێشانی کۆمپانیاکانی بێگانەوە بەهێز بکەن، هەتا توانای ئیداریو سەرمایەی دەرەکی دەستبخەن".

دەڵێ:

"لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٣ (دوموی) سەردانی سەنگاپورەی کردو تەلارو ژێرخانی سەنگاپورە ئابڵەقیان کردبوو، کاتێك سەردانی فرۆشگا-سوپەرمارکێتەکانی کرد کە موڵکی کۆنگرەی نیشتمانی سەندیکای کرێکارانە، سەری سوڕما لەو هەموو کاڵا چەشناوچەشنەی بۆ کرێکاران دابین کراوە (کوتومت هەروەکو سەرۆك وەزیرانی روسیا ریجکۆف ١٩٩٠) کاتێك دوای مانگێك سەردانم کردن، زانیم کە رێنوێنی دەرکردووە بۆ فەرمانبەرەکانی کە لە سەنگاپورە فێر بن. بەڵام، سەرەڕای چەندین رێکەوتن، کەچی بەرپرسەکانی خوارەوە نەیاندەهێشت جێبەجێ بکرێ".

دەڵێ:

"لێی پرسیم چۆن وەبەرهێنان پەیتا پەیتا دێتە وڵات؟ پێشنیازم بۆ کرد ئەو نەریتەی لە پارتیزانیدا فێری بون، وازی لێ بێنن".(ل٣٩٢-٣٩٣)

ئەم پەرەگرافانە، لەلایەن سەرۆکێکەوە نوسراوە کە هەرگیز، تفەنگی نەکردۆتە شانی؛ بەرامبەر وڵاتێکیشو رووبەڕووی ئەو سەرکردانەش دەیکات، کە تەمەنی خەباتیانو مێژوویان لە شەڕ و پارتیزانی

بەرامبەر فەرەنسا، ئەمریکا، ژاپۆن‌و چین بردۆتە سەر. سەنگاپورە وڵاتێکی بچوك‌و ڤێتنامیش وڵاتێکی گەورەیە. کەچی، زەبری پێویستیە ئابوریەکان وای لە ڤێتنام کردووە، هانا بۆ سەنگاپورە بەرن‌و چەکەکانی سەرشانیان بخەنە دەبۆی زەمانەو ئاڵای ئاشتی لەگەڵ سەنگاپورەو سەرۆکە بەئەزمونەکەیان بەرزبکەنەوە.

ئابوری.. بنەمای ژیانەو لە ژیانیشدا، بنەمای کۆمەڵ‌و سیستەمی حوکمڕانی‌و هاوکێشە جیهانی‌و ناوخۆییەکانیشە. بەڵام ئابوری، چەکێکی دوو سەرەیە..

سەرێکی، پرۆژەی زانستی‌و بەرنامەی پەرەسەندنی تواناکان‌و پەروەردەکردنی ئەقڵەکانە..

سەرێکی تریشی، چاوچنۆکی‌و گەندەڵی‌و سیاسەتی تەسکی سەرمایەداری دەوڵەت‌و حیزب‌و مافیاکانە..

بابەتی (٤٧)

"کەمبۆدیا.. لە شۆڕشگێڕییەوە بۆ تاوان"

کەمبۆدیا، ئەو وڵاتەیە کە چەپەکانی جیهان، هاوتای ڤێتنام پشتیوانییان دەکرد بۆ رزگاری. بەڵام زۆری نەخایاند، هەتا دەمامکی شۆڕشگێڕیەکەیان دڕا و رووی راستەقینەی دڕندایەتیان دەرکەوت.

کە یەکەمین جار سەرۆکی سەنگاپورە، سەردانی پایتەختی کەمبۆدیا دەکات، ئاوای باسدەکات:

"ڤنوم بنە، وەکو شارێکی لادێی فەرەنسایە، لە هێمنیو ئەمانەکەی، شەقامە پانەکانی بیر ناکەمەوە کە وەکو شەقامی شانزلیزەی پاریس وابوو.

میر سیهانۆك کەسایەتیەکی تایبەتمەند بوو. بیر تیژ، پڕ بوو لە وزە و جوڵە و ئاشقی خۆشیەکانی ژیان بوو. دیمەنێکی سۆزداری رێکوپێکی شازادە تێگەیشتوەکانی فەرەنسای هەبوو، کە هەڵسوکەوتو جوڵەی پەیوەستی ئەتەکیەتی بوو.

میر، راڕا و بەرامبەر رەخنە هەستیار بوو. وەڵامی هەموو رەخنەیەکی لە وتاری رۆژنامەکاندا دەدایەوە. سیاسەت لای ئەو رۆژنامەو پروپاگەندە بوو. کودەتایان کردە سەریو هانای بۆ پەکین برد. لەوکاتەدا کەمبۆدیا لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە تێك درا".(ل٤٠٤)

لە درێژەی ئەو یادەوەریانەدا، لەسەر کەمبۆدیا، دەڵێ:

"خەمیرە سورەکان، ملیۆنێك بۆ دوو ملیۆن کەمبۆدییان لەنێو (٧ ملیۆن) کەمبۆدی، کوشت، لەو کوشتارە کەس رزگاری نەبوو، تەنانەت باشترین هاوڵاتی، کە زۆرترین ئاستی روناکبیریو زاناکانیش.

پۆل پۆت ٩٠٪ی روناکبیرانو کادرە راهێنراوەکانی کەمبۆدیای کوشت. وڵاتەکە دەبێ رێکبخرێتەوە. خەڵکەکەی لەسەر بێیاسایی راهاتنو ئاژاوە بڵاوە، تەنها لە تفەنگ دەترسن.

گەلی کەمبۆدیا زەرەرمەندی یەکەمن. وڵاتەکە تێك درا. ئابوریەکەی روخا. زۆربەی خوێنەوارانی داڕزان. سەرۆکەکانی کەمبۆدیا دڕندەنو بەزەییان نییەو هەستی مرۆییش نەچۆتە ناخیان. مێژوو بەرامبەر کەمبۆدیا توند بوو".(ل٤٠٧)

ئەمە ئەو وڵاتەیە، کە شانازی پێوە دەکرا. کەچی، کاتێك، بەناوی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕەوە سەردەکەوون، میللەتەکەیان قڕ دەکەن.

مێژوو، ژێرزەمینێکی سەیروسەمەرەیە. هەتا بنکۆڵ بکرێ، نهێنییە نەزانراوەکانی دەردەخرێن. زۆرن ئەوانەی لە ژێرزەمینی مێژوودا، خۆڵی رۆژگار کراوەتە سەر تاوانەکانیان. بەڵام بەدڵنیاییەوە رووە راستەقینەکەیان هەر دەردەکەوێ!!

بابەتی (٤٨)

"ئازادیخوازان هەڵدەگەڕێنەوە بۆ داگیرکەران"

کێشەی گەورەی وڵاتانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، دوای ئەوەی لە خەباتی ئازادیخوازیدا سەرکەوتوو بون، هەڵگەڕانەوەیان بووە بۆ دوژمنایەتیو داگیرکردنی وڵاتی یەکتر. لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، رۆمانسیەتی خەباتی شۆڕشگێڕانە، لەو دەڤەرەدا، هەروەکو خەزان هەڵدەوەرێ:

- ڤێتنام؛ دەبێتە داگیرکەری کەمبۆدیا.
- چین؛ پشتیوانی خەمیرە سورە فاشیەکان دەکات.
- شورەوی؛ ئەفغانستان داگیر دەکات.
- چین؛ ڤێتنام داگیر دەکات..تاد.

لەمبارەوە سەرۆکی سەنگاپورە، جگە لەوەی سیاسەتی سەنگینی وڵاتەکەی دەپارێزێ، بەڵام ئاسایشی ئیقلیمیش هەراسانیان دەکات. دەڵێ:

"لە کانونی دووەمی ١٩٧٨ ڤێتنام کەمبۆدیا داگیر دەکاتو دەوڵەتانی کۆڕبەندی بانکۆك، لە کانونی دووەمی ١٩٧٩ کۆبوەوەو لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، داوای کشانەوەی هێزی بێگانە کرا. کاتێکیش ڤێتنام بەرەو سنوری تایلەند پێشدەکەوتن دۆخەکە مەترسیدار بوو. بەڵام هەڵمەتی سزادانی چین بۆ ڤێتنام لە شوباتی ١٩٧٩ دۆخەکەی سەقامگیر کرد".(ل٤١٣)

دیقەت بدرێ، ئاڵوگۆڕی سیاسیو مەترسی لەسەر بەرژەوەندی، چۆن ئاراستەی سوپاکان لە هاوپەیمانەوە بۆ دوژمنایەتی هەڵدەگێڕێ. ڤێتنام کەمبۆدیا داگیر دەکات. چین ڤێتنام داگیر دەکات. لەوەش خراپتر لەو دۆخەدا، ئەمەی خوارەوەیە:

"تاوانی قەڵاچۆکردن کە خەمیرە سورەکان دژی گەلەکەی خۆیان ئەنجامیان دەدا، بووە مایەی بێزاریو نەفرەتی تەواوی دونیا دژیان. بەڵام ئەگەر بشمانەوێ ڤێتنام لە دانپیانان بە حکومەتە بەکرێگیراوەکەیان لە کەمبۆدیا بێبەش بکەین، چارمان نەبوو پشتیوانی خەمیرە سورەکان نەبێ".(هەمان لاپەڕە)

لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێ:

"لە کانونی یەکەمی ١٩٧٩ شورەوی ئەفغانستانی لەناکاو داگیر کرد. ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخانی

گرنگ بوو. ئەمریکا بوو بە توندترین دوژمنی شورەویو ڤێتنام".(ل٤١٤)

ئەمەش، دونیای گۆڕانکاری هاوکێشەکانە. هەمیشە ئەمریکا، لەو دەوڵەتانەیە کە لەکۆتاییدا بەشداری جەنگ دەکات. لە جەنگی یەکەمو دووەمدا وای کرد. لە جەنگی ڤێتنامدا دوای فەرەنسا، داگیری کرد. لە فەلەستینیش، دوای بەریتانیاو فەرەنسا هاتە مەیدان. ئەوەتا لە کەمبۆدیاو ئەفغانستانیش هەروا. لەو دۆخەشدا، سەردارانی کەمبۆدیا، ناکۆك بون. بەڵکو خوێنی یەکتریشیان ڕشتبوو (هەروەکو کوردستان لەکاتی ئەنفالەکان) هەرچی چۆنێك بووە، ڕێکیان خستوونو نۆردۆم سیهانۆك ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، ئەمجارەش.

لەمبارەوە دەنوسێ:

"قەڵای سیهانۆك بەهێز لە پروپاگەندەو لە دیپلۆماسیەت بەهێز بوو، بەڵام هێزی سەرەکی لەدەست سەرکردەکانی خەمیرە سورەکان بوو، دوای ڕێکەوتن لەگەڵ سیهانۆكو سوناساندا، خۆیان لەو گەمارۆیە دەرباز کرد کە نەفرەتیان لێدەکراو لەڕێی هاوپەیمانێکانەوە پشتیوانی کران. چینیەکان چەكو پارەیان دەدانێ.

ڤێتنامیەکان هاوپەیمانێتیەکەیان ناونا (حکومەتی مەسخی لەدایکبووی سیاسەتی داگیرکاری چینو ئەمریکا)".(ل٤١٥-٤١٦)

ئای ڕۆژگاری سیاسەت؛ ڤێتنام دەکاتە داگیرکەر، چینو ئەمریکا دەخاتە یەك بەرەوە، خەمیرە سورە فاشیەکانو پۆلپۆت دەکاتە هاوپەیمانی سیهانۆك.. ئا ئەمەیە حوکمی نەزانراوی هاوکێشەی سیاسیو بەرژەوەندی جوگرافی-سیاسی.

ئایدیۆلۆژیەت.. ناکۆکی.. سۆسیالیزم.. سەرمایەداری.. شەڕو کوشتار.. فاشیەتو دیموکراسی.. هەموو دەگۆڕدرێو دوژمنی دوێنێ دەبێتە دۆستی ئەمڕۆ!

بابەتی (٤٩)

"ئایا.. بێ یارمەتیو راپەڕین، شۆڕش سەردەگرێ؟"

لە کتێبی "شۆڕشی کوردستانو گۆڕانکاریەکانی سەردەم"دا، لەو نوسەرانەم، کە ئەو رێسایەم رەتکردۆتەوە گوایە، شۆڕشی چەکداری، بەبێ هاوکاریو پشتیوانی سەردەخرێ. لە لاپەڕە (٢١٥)ی کتێبی ناوبراودا، نوسیومە:

"ئایا بێ پشتیوانی، بێ یارمەتی دەرەکی، بێ چەك، پارە، تفەنگ، دەرمانو هاتوچۆکردن بۆ دەرەوە، شۆڕشی درێژخایەن سەردەخرێ، یان نا؟ ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی ئەوەتەی جەنگی یەکەمی ئیمپریالیستیانە رویداوە، مشتومڕی لەسەرە".

هەر لەو کتێبەدا، نمونەی شۆڕشەکانی جیهانم هێناوەتەوە، لە شۆڕشی چینەوە بۆ ڤێتنام، کۆریا، لاوس، کوبا.. کە چۆن بەبێ هاوکاری دەرەکی سەرنەدەکەوتن. ئەمە لەکاتێکدا، چەپەکان لەحەفتاکاندا، لەو باوەڕەدا بوین، تەنها پشت بەخۆبەستن بۆ سەرخستنی شۆڕش بەسە. کەچی مێژوو دەریخست، ئەو باوەڕە چەپگەرا رۆمانسیە، لەسەر ئەرزی واقیعدا، لەناو هیچ شۆڕشێکدا، بە شۆڕشەکانی کوردستانیشەوە، ناتوانێ ئامانجەکان بەدی بێنێ!

کەمبۆدیا، کە لە خەباتدا بوو، چینو شورەوی تەواو دژی ئەمریکا پشتیوانییان دەکرد. کاتێك، ڤێتنامی داگیر کرد، ئەمجارە هاوکێشە نێودەوڵەتیو ئیقلیمیەکان، سەبارەت بە خەمیرە سورەکانو تێکۆشەرانی تری رزگاریخواز، دەگۆڕدرێ. ئەمریکای داگیرکەری پێشووی کەمبۆدیا، دەبێتە پشتیوانیان دژی ڤێتنام. چینو ئەمریکای دوژمنی یەکتری جاران، دەبنە هاوپەیمان بۆ پشتیوانی کەمبۆدیا.. لەمبارەوە سەرۆکی سەنگاپورە دەڵێ:

"ئەمریکیەکان سەرەتا نەیاندەویست جارێکی تر بکەونەوە ناو زەلکاوی پارتیزانی لە وشکانی ئاسیادا. توانیمان قەناعەتیان پێ بکەین، هاوکاریەکی کەمی ناجەنگییان لەسەرەتاوە بکەن، پاشان جەنگیش، بەڵام بۆ دوو لایەنی غەیرە کۆمۆنیستەکان، کە بەرەنگارییان دەکرد".(ل٤١٦-٤١٧)

ئەوە ئەمریکا، بەڵام سەبارەت بە چین، لە هەمان دۆخی سیاسیداو لەسەردەمی (تینگ شیاو پینگ) دا کە سیاسەتی چینی لە فەلسەفەی ماوتسیتۆنگەوە، لە تۆتالیتاریزمەوە بۆ کرانەوەی ئابوریو سیاسی گۆڕی، ئاوا دەنوسێ:

"تینگ شیاو پینگ، توانی پەلاماردانی تایلەند، بە هێرشکردنە سەر ڤێتنام لە شوباتی ١٩٧٩ ڕەتبکاتەوەو بەخوێنی چینیەکان نرخەکەی دا. بەو هێرشە چەواشەیەی پەکین ١٩٨٠ بەرگری لەخۆی کرد دژی ڤێتنامو ناچار بوو ٦٠٪ی هێزەکەی لە سنوری چینو ڤێتنامدا بڵاوبکاتەوە".(ل٤١٧)

من، لە (١٩٨٩)وە، گوتومەو دوپاتیشم کردۆتەوە، کە نە خەباتی چەکداری بەبێ پشتیوانی گەورە سەردەگرێو نە خەباتی چەکداریش بە دابڕاوی لە ڕاپەڕین، ئەنجامی دەبێ. واتا:

کە خەباتی چەکداری هەبوو، دەبێ پشتیوانی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی بۆ دابین بکرێ.. جاری واش هەیە، لە دوژمنی چینایەتیو ئایدیۆلۆژیو سیاسی ڕێبازی شۆڕشەکەش، ناچاری وەرگرتنی هاوکاری دەکرێی!! ئەگینا، لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوەو یەك (کم٢) ڕزگار ناکرێ. تەنها، دەکرێ، خەباتی چەکداری وەکو شێوازێکی خەبات بخرێتە خزمەتی ستراتیژی ڕاپەڕینو خەباتی مەدەنی-پەرلەمانی، ئینجا، دەگاتە ئامانج.

ئەو بۆچونەم، لە "شۆڕشی کوردستانو گۆڕانکاریەکانی سەردەم-١٩٨٩"دا نوسیوەو لە دەیان وتارو کۆڕیشدا، دوپاتم کردۆتەوە. ئەوەتا، زیاتر لە (٣٠) ساڵ بەسەر ئەو بۆچونانەم تێدەپەڕێ، دۆخی بەشەکانی کوردستان لەبەرچاوماندایە.. کە بە خەباتی چەکداری نەتوانراوە، گوندێکی بەشەکانی کوردستان ئازاد بکرێ. بەڵام ڕۆژئاوای کوردستان، لەبەرئەوەی هاوزای ڕابونی سەرانسەری سوریا، ڕاپەڕین، توانییان هانا بۆ چەکیش ببەنو ئاوێتەی هاوکێشە ئیقلیمیو نێودەوڵەتیەکەش بون. سەرەڕاش، ئەگەر ئەمریکاو سنوری باشوری کوردستان نەبوایە، بەدڵنیاییەوە، دۆخی ڕۆژئاوا، شپرزە دەکرا. بۆیە، هاوکاری ستراتیژیو ڕاپەڕین، بۆ خەباتی چەکداری، چارەنوسسازن.

بابەتی (٥٠)

"شکستی هێز و دۆخی داڕوخاوی ئابوری"

سەرەتای حەفتاکان بۆ کۆتایی هەشتاکان، دۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی‌و باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، بێڕادە شێواو بوە. زلهێزەکان ناکۆکی نێوانیان، کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی کۆتایی جەنگی سارد بوو، زاڵکردبووە سەر هەموو پرنسیپێکی تر. لە بەشەکانی تردا باسی چین، لاوس، کەمبۆدیا، ڤێتنام‌و شورەویمان کردووە. لەم بەشەدا، دێینە سەر ئەوەی ئەو سیاسەتەی دژی لۆژیکی سیاسی‌و بنەمای ئابوری ڤێتنام، چ ئاکامێکی هەبووە. لەمبارەوە سەرۆکی سەنگاپورە دەنوسێ:

"شورەوی لە جەنگی ئەفغانستان خوێنی لەبەر دەڕۆیی. سەرباری هاوکارییە زەبەللاحەکانی بۆ ڤێتنام، ئەسیوبیا، ئەنغۆلاو کوبا. لە کۆتایی هەشتاکاندا (واتا: کۆتایی جەنگی سارد-نوسەر) هاوکاری شورەوی راگیراو ڤێتنام توشی ئاستەنگی ئابوری سەخت بوو. ساڵی ١٩٨٨ تێکڕای هەڵاوسان گەیشتە (١٠٠٠٪)، لە خواردەمەنیش دوچاری قەیران هات. دەبوایە لە کەمبۆدیا بکشێتەوەو سەرکردە نوێکان ئامادەی چارەسەری کێشەکانیان بون لەگەڵ چین. سیاسەتی کرانەوەیان گرتەبەر بۆ رێگریی لە داڕوخانی ئابوری. یەکلایەنە (٥٠) هەزار سەربازیان کشاندەوە لەکەمبۆدیا".(ل٤١٩)

ئەم بەشە.. لای من، زۆر زۆر گرنگە. سەیری ئەو روداوانە بکرێ.. و هەڵبسەنگێندرێن، هێژاترین پەندی سیاسی تێدایە، کە ئەویش ئەمەی خوارەوەیە:

شۆڕشگێڕێتی، لە سەردەمی شاخدا، شوناسنامەی هەمیشەیی‌و بێباکی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕان ناگەیەنێ. شۆڕشگێڕێتی، رێبازێکی خەباتە، تەنها بۆ دژایەتی داگیرکەران دەشێ. نەك بۆ پاساوی داگیرکاری.. یان، وا بزانرێ، بە هێزی چەکدارو پشتیوانی ئەم‌و ئەو دەوڵەت، لایەنی هێزی چەکدار، هەر بڕیارێك بدات، بۆی دەچێتە سەر. وا نییە.

شۆڕش نییە، لە ڤێتنام قارەمانتر. سەرکردەش نییە لە هۆشی مینە زیاتر خاوەن کاریزما بێ.. و سەرکردەی عەسکەریش هەڵنەکەوتووە، وەکو ژەنەراڵ جیاب سەرکەوتن بەسەر زلهێزی وەکو ئەمریکا، لەڕووی عەسکەریەوە بێنێتە دی. کەچی، ڤێتنام، دوای سەرکەوتن بەحوکمی پستبەستنی بە شۆڕشی شاخ‌و فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی شار، نەك لە داگیرکردنی کەمبۆدیادا سەرنەکەوت، بەڵکو ئابوری ڤێتنامیشی نابوت کرد.

تەنها پشتبەستن بە خەباتی شۆڕشگێڕانەو تەنها لە بونی هێزی چەکداردا، ئەگەر سەیری روداوەکانو هاوکێشەکان بکرێ.. بیگومان، چارەنوسی هیچ لایەك لە ڤێتنام باشتر نابێ. دوای ڤێتنام، ئەزمونی هێزە سیاسیە-چەکدارەکانی فەلەستینو ئەفریقیاش، دەریانخست، ئەگەر تەنها لە لولەی تفەنگی هێزەکانەوە، روداوەکان بخوێندرێتەوە، چ کارەساتێك چاوەڕوانە!

ئەو راستیانە، لەسەردەمی جەنگی سارددا، ئەنجامەکەی کارەسات بوبێ، بێگومان، لەم سەردەمەدا، کە سەردەمی سۆسیال-میدیاو بازاڕی فراوانی ئازادە، خەڵك، زۆر زۆر هەستیارتر لەسەردەمی جەنگی سارد. ئەوەی لای خەڵك گرنگە، چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی ئابوریو دابینکردنی ئاسایشو خۆشگوزەرانییە، نەك چەکدارتر کردنی هێزی چەکداری تایبەتیو کۆنترۆڵکردنی بازاڕو ترساندنی خەڵك. لەکاتێکدا، وەکو ڤێتنام، قەیرانی ئابوری، بیناقاقای فەلەستینو کوردستانو عێراقی گرتووە. با.. دەرس لە دەرسە گەورەکانی مێژوو وەربگرین.. تا کار لە کار نەترازاوە!

بابەتی (٥١)

"سەرکەوتنی دوای پیلانگێڕی سیهانۆك"

پیلانگێڕی، هەمیشە روبەرێکی فراوانی مێژووی روداوەکانی داگیرکردووە. هەندێك لەو پیلانگێڕییانە، بە هێزی عەسکەریو هەندێکیشی بە هێزی هەلپەرستی ئەنجامدراوون. واتا: هێزی عەسکەری، بە چەكو تفاقەوە، هاوتای هێزی هەلپەرستی لەناو کۆمەڵدا، دەتوانن کەتنی مێژوویی بدەن.

کەمبۆدیا، ڤێتنام داگیری کرد. پۆل پۆت لەناویا قەتڵوعامی کرد، سیهانۆك بەهاوکاری هەلپەرستان لە سەرۆکایەتی دەرپەڕێندرا. بەڵام تا سەر بە پیلانگێڕانو داگیرکەران روداوەکانی مێژوو، قفڵ نەدران. نەتەوە یەکگرتوەکان هێزو توانایەکی زۆریان بۆ هەڵبژاردن لە کەمبۆدیا تەرخان کرد. (١٩٩١) سیهانۆکی لێخراو دەگەڕێتەوە. لە ئایاری (١٩٩٣) هەڵبژاردن بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان سازد دەدرێ. حیزبەکەی سیهانۆك زۆرینەی دەنگەکانو کورسیەکانی بردەوە. لێرەدا، چین وەکو زلهێزێك، کاریگەری کەم دەبێو سەرۆکی سەنگاپورە لەمبارەوە دەنوسێ:

"سەرۆك وەزیرانی چین (١٩٩٠) پێیگوتم: خەمیرە سورەکان سەرەڕای هەڵەکانی رابوردویان، بەشداریەکی باشیان لە روداوەکاندا گێڕا. واتا: شایەنی پێگەیەکی شیاون لە حکومەتدا. بەڵام شورەوی کە لەگەڵ ئەمریکا رێکەوت بۆ کۆتاییهاتنی جەنگ لە ڤێتنام لەڕێی راگیرانی هاوکاری عەسکەریەوە، تایبەت هەناردەی نەوت، کاریگەری چین لە دوائەنجامدا، کەمبۆتەوە".(ل٤٢٠)

ئەمەیە گۆڕانکاری هاوکێشەکان. ئەمریکاو شورەوی رێکدەکەون، چین پاشەکشە دەکات. ڤێتنام دەشکێ. سیهانۆك هەڵبژاردن دەباتەوە.

خوێندنەوەی هەمەلایەنەی روداوەکانو پێکەوەبەستنەوەیان هەتا بەرەنجامی بابەتیان لێهەڵبهێنجێندرێ، زۆر زۆر گرنگە. چونکە سیاسەتی حکومەتەکان، دابڕاو نییە لە هاوکێشە ئیقلیمیو نێودەوڵەتیەکان.

دوای ئەو هەموو کێشانە.. پیلانگێڕیو هێرشی سوپاکانیان.. وڵاتانی باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیا، لەناو خۆیاندا رێکەوتن. چینو ڤێتنامو کەمبۆدیاش لەناو رێکەوتنەکەدا دوای ١٩٩٥، شوێنی خۆیان دۆزیەوەو دەستبەرداری سیاسەتی رابوردویان بون.

مێژوو وایە.. دەوڵەتانو لایەنەکان، جاروبار ئاڕاستەی روداوەکان دەگۆڕن.. بەڵام لەدوائاکامدا، کام بڕیارو رێباز، لەگەڵ راستییە بابەتیەکاندا بگونجێ، ئەوەیان سەردەگرێ. نەك ئەقڵیەتی عەسکەرتاریو پیلانگێڕی!

بابەتی (٥٢)

"مێژووی خەبات‌و شکستی ئابوری!"

مێژوو، خەبات، سەروەری، کەسایەتی، ئازایەتی، شەهیدان‌و شانازیەکان، وەکو رابوردوو مایەی سەربەرزین. بەڵام هەموو ئەو دەستەواژانە، لە بونیاتنانی سیستەمی حوکمڕانیدا، لە مەحەك دەدرێن. سیستەمی حوکمڕانی باش‌و دادپەروەر، نەك سیستەمێك، دەستەواژەکانی مێژووش بخاتە ژێر پرسیارەوە.

سیستەمی دادپەروەریش، بەبێ ژێرخانی ئابوری هاوچەرخ، کە سیاسەتە ئابوریەکەی، زادەی سەردەمەکە بێ، هەرگیز نایەتە دی. تەنانەت، ئەگەر لە بونیاتنانی سیستەم‌و ژێرخانی ئابوریدا، سەرکەوتن بەدەست نەیەت، هەموو سەروەری‌و دەستکەوتە مێژوویەکان، لەدەست دەدرێ.

سەرۆکی سەنگاپورە، دیدێکی فراوانی هەیەو هەمەلایەنەش دەڕوانێتە وڵاتەکەی‌و دەوروبەری. بە چاوی رەخنەشەوە روداوەکان هەڵدەسەنگێنێ. دەڵێ:

"کاتێك روداوەکانی رابوردوو دێنمەوە یاد، دەپرسم، ئەو هەڵانە چین کردوومانن؟ لەسەرەتای حەفتاکاندا، ئابوری تایلەندو کۆریاو ئەندەنوسیا، بەتەواوی وزە کاریان دەکرد. چەندین وەبەرهێنان گۆڕدرا بۆ پرۆژەی گومان لێکراو. هاوکات چالاکی‌و جموجۆڵ بەردەوام بوو. هەموشیان سەرچاوەی لاوازی دەزگاکان‌و بونیادیان لەم ئابوریەدا فەرامۆش دەکرد".(ل٤٢٧)

دیقەت لەو پەرەگرافە بدرێ، بەئاسانی دەزانرێ کەوا، تەنانەت لە کاتی پێشکەوتنی ئابوریشدا، پێویستە بەردەوام چاو لە کەموکوڕیەکان نەپۆشرێ. نەك بە رادەیەك سەرکەوتن، هەڵەکان فەرامۆش بکرێن‌و سەرەنجام کارەسات بقەومێ. بۆئەوەی سەرچاوەی شکستەکان دەستنیشان بکات، دەنوسێ:

"دۆخی ئەم وڵاتانە، باشتر دەبوو، ئەگەر وردەکاری سەرمایەیان بە شێنەیی رزگار بکردایەو کاتی پێویستیان بۆ بونیاتنانی چاودێری، توێژینەوە، بەکاربهێنایەو باڵادەست بونایە بەسەر سەرمایەی وەبەرهێنی بێگانەدا، بۆ دەستەبەری هاتنەژورەوەی لە وەبەرهێنانی بەرهەمهێنەردا".(٤٢٧)

ئابوری زانستە. پێویستە زۆر بە وردیی جومگەکانی سیستەمی ئابوری‌و سیاسەتی دارایی، چاودێری بکرێ. نەك بە رادەیەك بوژانەوە، یان رێژەیەك وەبەرهێنان، یاخود، کەمێك کەڵەکەبونی سەرمایە، چاو لە پرۆسەی ئابوری بپۆشرێ. چاوپۆشین لە کەموکوڕی ئابوری، وەکو نەخۆشی شێرپەنجە وایە، لەپڕ، پەیکەرەی

ئابوری دادەتەپێنێ. وردتر لەمبارەوە، سەرۆکی سەنگاپورە ئاوا هەڵەکان دیاریدەکات:

"وەزارەتی دارایی گەورە وڵاتانی (GV) فشاریان خستە سەر دەوڵەتانی کۆبەند بازاڕی دارایی‌و بزاوتی گواستنەوەی سەرمایە ئازاد بکەن. بەڵام بۆ بەرپرسانی بانکە مەرکەزیەکان‌و وەزارەتی داراییەکان، لە دەوڵەتانی پەرەسەندودا، مەترسیەکانی بازاڕی جیهانگیریان بۆ بونیات نەنان، بۆ دیاری نەکردن کە ڕەنگە هاتنی پارەیەکی بێشومار بۆ وڵاتان یان ناردنی لە خودی وڵاتەکەوە، تەنها بە کلیك کردنێکی کۆمپیوتەر بگات‌و بڕوات".(هەمان لاپەڕە)

ئەو باسانە، کوت‌ومت پەیوەستی زانستی ئابورین. بەڵام، سیاسەتی دارایی، چارەنوسی ئابوری دەنوسێ. لە هەر بوارێکدا هەڵە بکرێ، لە سیاسەتی ئابوری‌و داراییدا، نابێ هەڵەی زەق بکرێ. بەتایبەتی بۆ ئەو وڵاتانەی یەدەکیان نییە. وەکو کوردستان. وا دەزانرا، بوژانەوەی بازاڕ، موچە، سولفە بەخشین، دامەزراندن، تەخشان‌و پەخشان، کوردستانی گەیاندۆتە لوتکەی پێشکەوتنی ئابوری.. بەڵام دەرکەوت، بوژانەوەی بێ بناغەی زانستی ئابوری، چ کارەساتێك دەخوڵقێنێ.. ئەوەتا دەبینین، کوردستان، چۆن وەکو وڵاتانی پڵنگی ئاسیای بەسەرهات.. ئەوەتا دامەزراندن، سلفەکان، تەخشان‌و پەخشانەکان..تاد، بونەتە بارگرانیەکی کەمەرشکێنی حکومەتی هەرێم!

بابەتی (٥٣)

"گەندەڵی.. ترسناکترین دیاردەیە لەسەر دەسەڵات!"

هیچ مەترسییەك، لەسەر سیستەمو دەسەڵاتو کەسایەتیەکان، بەڵکو لەسەر مێژووی خەباتیش، وەکو گەندەڵی نییە. چۆن رەنوو بەفر لەکاتی زریاندا هەرەس دێنێو هەرچییەکی لەبەردەمدا بێ، رایدەماڵێ.. گەندەڵییش سەبارەت بە حیزبو دەسەڵاتو سەرکردەکان، کوتومت وایە. کاتێك ئیتر جەماوەر دڵنیا دەبێ لە گەندەڵکاران، وردە وردە، متمانەی جەماوەر هەرەس دێنیو هەموو بەربەستە سیاسیو مەعنەویەکان دادەڕوخێنێ.

وڵاتانی ئاسیا، کە وەکو پڵنگی ئابوری سەیر دەکران، بە گەندەڵی، هەرەسیان هێنا. بزانن سەرۆکی سەنگاپورە چۆن باسی کۆریای باشوردەکات:

"لە کانونی دووەمی ١٩٩٧ دوای رسوایی گەورەی کوڕی سەرۆك (کیم یونگ سام) کۆمپانیای (تشایبول) مایەپوچ دەرچوو. باوەڕ وا هەبوو کە بانكو تۆڕی کۆمپانیاکانی تریش دوچاری هەمان کێشە بن. بەهای دراوی کۆریا دابەزی. بانکی مەرکەزی دەستی خستە ناو قەیرانەکە بۆ بەرگری لە دراوەکەی کە یەدەکیان لە تشرینی دوەمدا تەواو بوو. داوای یارمەتی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کرد. لە چەند هەفتەیەکی کەمدا، شەپۆلی هەرەسی دارایی تەواوی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیای گرتەوە. هۆنگ کۆنگو سەنگاپورەو تایوانیش".(ل٤٢٨)

ئەمەیە، کوڕی سەرۆك، دزیو گەندەڵی لێ ئاشکرا دەبێ، تەواوی پرسی سیاسی، هەرەس پێ دێنێ. هەرەسی گەندەڵی، کاتێك روو دەکاتە سیستەم، حوکمڕانەکان پێی نازانن، هەتا لێیان دەقەومێ. کە قەوما، وەکو شێرە بەفرینە دەتوێنەوە. سەیر بکەن ئەم سەرۆکە چۆن پێناسەی گەندەڵەکانی ئاسیا دەکات:

"رەخنەگرەکانی رۆژئاوا، ئەم هەرەسەیان بۆ (نەریتی ئاسیایی) گێڕایەوە. خزمایەتیو دۆستایەتی، مەحسوبیەت، گەندەڵی، بازرگانیکردن لە (دەرگاکانی پشتەوە) یان لە "ژێر مێزەوە" گومانی تیادا نییە کە ئەو هۆکارانە کاریگەر بون بۆ تەقاندنەوەی قەیرانەکەو زیانەکانیشیان پتر کرد کە دوچاری دەوڵەتانی ئاسیا بوون".(ل٤٢٩)

لە درێژەی ئەو باسەدا دەڵێ:

"ئەم دیاردانە، لەبنچینەدا رۆچوبونە جومگەکانەوە، لەسەرەتای رابونی موعجیزەی ئاسیادا، لە شەستەکاندا".

دەشڵێ: "تەنانەت قەرزی زۆریش هەرەسی وای لێ ناکەوێتەوە،ئەگەر سیستەمەکانیان بەشێوەیەکی کارەساتاوی توانامەندیان لەدەست نەدابایە".

با دیقەت بدەین، جیاوازی نێوان سیستەمو دەسەڵاتی خز خزمێنەو گەندەڵ، لەگەڵ، سیستەمی یاسا سەروەرو چاودێر بەسەردەسەڵاتەکان چییە؟:

بەزۆری دەسەڵات بۆ بەخشینی پلەی رەسمیو دەستکەوت بە بنەماڵەو هاوڕێ بەکاردێ. ئەمەش ئەمانەتو راستگۆیی حکومەت بنکۆڵو لاواز دەکات. کاتێك شەفافیەت لە سیستەمەکاندا بۆ ئاشکراکردنو سەرکوتکردنی ئەوانە هەبێ کە دەسەڵات خراپ بەکاردێن، هەروەکو سەنگاپورەو هۆنگ کۆنگ (هەردووکیان کۆلۆنیاڵی بەریتانی بون) بە دەگمەن دەسەڵات خراپ بەکار دێ. سەنگاپورە، لەبەرئەوەی کارو کردەوەی خراپی تێپەڕاند، توانی قەیرانەکەش تێبپەڕێنێ.(ل٤٣٠)

ئەم باسانە، چەند نزیکن لە حوکمڕانی عیراقو کوردستان؟! بەداخەوە!!

چاپکردنی ئەم کتێبە، بە لەبەرچاوگرتنی رەوتی مێژوو، وەك رووداوێك، بۆمن یەکەمین هەنگاوی کردارییانەیە بۆ تەرجەمەکردنی کۆی ئەو تیۆرو هۆشمەندییەی کە ساڵانێکە لەنزیکەوە، لەم مامۆستایەمەوە گوێبیستی دەبم.. هاوکات ئاگادارکردنەوەی خوێنەری هۆشیارو ئەقڵزەدەشە، کە (من) تەنها وەك فرزەندی ئەو باوکە نەبینێت، کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ شۆڕش، خەباتی مەدەنی و ڕێکخراوەیی بەخشی و بەبونی منیش، پێیبڵێن: (وەچاخت رۆشن)..! کە بێگومان ئەمەیان گەلێك شانازییە.. وەلێ شانازی گەورەتر، بەڕێداچوونی ئەم مامۆستایەیەو دڵنییاشم لەگەڵ بەندەدا، هاوڕێیانی ئەقڵ و ئازادیی و ئەم کاروانەی خراوەتەڕوو، کەمنین و زۆرین، ئاسۆش ڕوونە!

مازانی مەلا بەختیار

٢٠٢٢

پرۆژەی ساڵ، کتێبی یەکەم

٢٠٢٢